# له ژێکافەوە بۆ کۆمار

# مێژوونووسیی حیزبی له ژێر تیشکی رەخنەدا



**نووسینی : ئەیوب ئەیوب زادە**

10.10.2008

# له ژێکافەوە بۆ کۆمار

## مێژوونووسیی حیزبی له ژێر تیشکی رەخنەدا



**نووسینی : ئەیوب ئەیوب زادە**

10.10.2008

2708 ی کوردی

# له "ژ.ک."وه بۆ کۆمار

## مێژوو نووسیی حیزبی له ژێر تیشکی ڕەخنەدا



سوپاس‌و پێزانین بۆ دۆستی دڵسۆزو خۆشەویست کاک خەلیلی خەزەلی کە لە باری بژارو هەڵەبڕ کردنی ڕێنووسەوە یارمەتیی بەو بەرهەمە داوە.

**نێوەرۆک:** لاپەڕە


پێشەکی 6

**فەسڵی یەکەم:** ئێرانو زلهێزەکان 10
**فەسڵی دوهەم:** ئێرانی فرەنەتەوە لەسەردەمی رەزاشادا 22
- رۆژهەڵاتی کوردستان جۆرێکی تایبەت لە کۆلۆنی 28

**فەسڵی سێهەم:** بیرۆکەی دامەزرانی دەوڵەتی تاک نەتەوە لەئێراندا 34
- لە دوای "کاوە". 40

**فەسڵی چوارەم:** دەمو کاتی دامەزرانو گەشە کردنی ژێکاف 52
- دامەزرێنەرانی ژێ.کاف 55
- زێدی ژێ کاف 57
- ئەندامەتی لە ژێ ـ کاف 59
- چەک کردنی شارەوانیی مەهاباد 62
- بناغەو ئاسۆی بیری ژێکاف 64
- زمانی حاڵی ژێکاف 72

**فەسڵی پێنجەم:** دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان 88
- هەوەڵ کۆنگرەی حیزبی دیمۆکرات 92

**فەسڵی شەشەم:** وێستگەی دوو روانگەی دژ بەیەک 98
- مێژوونووسییی حیزبی 104
- ژێکافـو مەسەلەی لێک گرێ دان 108
- ژێکافـو "داخراوبوون" 109
- ژێکافـو نەتەوەخوازی 110
- مەسەلەی چاولێکەریو گوێڕایەڵی 113

**فەسڵی حەوتەم:** بنەمای فیکریی مێژوونووسیی حیزبی 126
- لە کۆنفرانسی سێهەمەوە تا رووخانی رژیمی پاشایەتی 131
- لە کۆنگرەی چوارەمەوە تا کورتە باس 146
- د. قاسملوو رێئاڵ پۆلیتیکی کورد 156

**فەسڵی هەشتەم:** دۆزی کورد لە تەرازووی بەرژەوەندیی زلهێزەکان دا 170
**فەسڵی نۆهەم:** سیاسەتی کوردی لەبەردەم چواررێیانێکدا 182
- حیزبی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی 186

- حیزبی بڕیاری گەورە 191

**فەسڵی دەهەم:** رۆژی بەدەوڵەت بوونی کورد 194

**فەسڵی یازدەهەم:** دوورگەی بەختەوریی مرۆڤی کورد 208

**فەسڵی دوازدەهەم:** ژیان و روانگەی پێشەوا 232

- قازی محەممەد (پێشەوا) لە سەردەمی منالّیو لاوەتی دا 233
- ئەندامەتی لە ژێکاف 246
- بەدەوڵەت بوونی کورد لە بیری پێشەوادا 253
- پێشەواو ریالیزمی تاڵی کورد 256
- راپۆرت بە بیرورای گشتی 259
- دەسەڵات و جۆرەکانی 260
- جۆری دەسەڵاتەکەی پێشەوا 268
- کاریزما بوونی پێشەوا 273
- شەرعییەتی دەسەڵاتی پێشەوا 277

**فەسڵی سێزدەهەم:** پێشەواو مەسەلەی گرینگی خاک 286

- سەفەویو گۆڕینی هەلومەرجی دیموگرافی 288
- هێنانی ئێلی ئەفشار بۆ ورمێ 290

**فەسڵی چواردەهەم:** هەرەسی کۆمار لە ئاوێنەی مێژوونووسیی حیزبی 304

- "سیمبولو کاریزمای نەتەوەخوازیی کورد لە گوتاری مێژوونووسی حیزبی دا" 310

بارو دۆخی ئێران لە دوای داگیرکردنیدا 315

- قەوام کێ بوو؟ 318
- سیاسەتی قەوام 323
- دەس پێکردنەوەی سەرلەنوێی وتووێژەکان 327
- وەرچەرخان لە سیاسەتی مۆسکۆدا 328
- نامەی ستالین بۆ پیشەوەری 331
- لە خولی دووهەمی وتووێژەوە بۆ دانی فەرمانی داگیرکردنەوە 337
- کەشو هەوای سیاسی دوای دامەزرانی کۆمار 347
- کۆماری کەم خایەن 355

دوایین وتەی نووسەر 365

# پێشەکییەکی کورت  بۆ ناساندنی ئەم کتێبە

باس کردن لە کۆمەڵەی ژ.ک( ژیانەوەی کورد) و توێژینەوەی هێڵی فکریی، ئامانج، پرەنسیپ و گرینگییەکەی  لە مێژووی خەباتی گەلی کورد بۆ شارەزا بوون لە روانگەی سیاسیی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان، پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

لە مەر تایبەتمەندییەکانی ئەو رێکخراوەیە و زەوینەی پێکهاتن و ئاڵوگۆڕەکانی و خۆدەرخستنی بە ناوی حیزبیدێموکراتی کوردستان بە گشتی دوو روانگەی جیاواز هەیە. یەکەم لێکدانەوە و ڕوانگەی مێژوو نووسانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان( دواتر وشەی ئێرانی پێوە لکێندراوە). دووهەم روانگەی نووسەرانی سەربەخۆیە  کە چوارچێوە و سنوری لێکدانەوەی حیزبی دەبەزێنن و بە پێی فاکت، کۆکردنەوەی زانیاریی دۆکیی ( مێژووی دۆکیی) و لەبەریەکدانانی زانیارییەکان بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن.

ناوەرۆکی  ئەو کتێبە نیشانی دەدا کە نووسەر بە وردی بۆ ناسین و ناساندنی  ئەو رێکخراوەیە و تایبەتمەندییەکانی لە روانگەی بەشێکی زۆر لە نووسەرانی هەردوو بەش کاری کردووە. بۆ ئەو مەبەستەش دەقی فاکت، بەڵگە، بۆچوون و زانیاریی نووسەرانی راگواستووە و لەسەریان دوواوە. تایبەتمەندیی کارەکەی لەوەدایە کە وێڕای راگواستنی زانیاریی بڵاوکراوەی نووسەرانی کورد لەسەر کۆمەڵەی ژ.ک و کۆماری کوردستان، بەوردیی و رەخنەگرانەوە  لێکدانەوەی خۆی بۆ هەرکام لەو بابەتانەی کە باسی کردوون دەربڕیوە. نووسەری ئەم کتێبە خۆی  لە چوارچێوە سنوری خوێندنەوەی کلیشەیی حیزبییدا قەتیس نەکردووە و هەوڵیداوە بە پێی فاکت بیسەلمێنی کە مێژوونووسی حیزبیی واقعییەتی وجودیی ئەو رێکخراوەیە و کۆماری کوردستانی لە چوارچێوەی سیاسەت و بەرنامە سیاسییەکەی حیزبەکەیدا پێناسە کردووە.

لەم پێشەکییەکورتەدا دەکرێ قامک بۆ ئەو تایبەتمەندییانە درێژ بکەین کە بەرچاون:

ا. هەڵوێست و خوێندنەوەی نووسەری ئەم کتێبە،لەمەر بۆچوون و خوێندنەوەی نووسەری حیزبی ئۆگرانە و رەخنەکانی سەرنجراکێشن.

ب. نووسەر پەیامێکی بۆ خوێنەری کتێبەکەی پێیە و دەڵی: مێژوونووسانی حیزبی نووسینەکانیان لەسەر ژ. ک و دواتر لەسەر کۆماری کوردستان بە سیاسەت و بۆچوون و هەڵوێستی رێبەرانی حیزبەوە گرێدەدەن کە لە راستی بەدوورە.

ج. نووسەر بە پێی ئەو فاکتانەی کە لەبەردەستدان هەوڵی داوە لە واقعییەتی کۆماری کوردستان بدوێ و دوور لە خوێندنەوەی مەسڵەحەتیی سیاسەتڤانە حیزبییەکان، واقعییەتی کۆماری کوردستان پێناسەبکا.

د. نووسەر بەوردی باس لە بەرنامەی سیاسیی پەسندکراوی حیزبی دێموکرات دەکا کە کراوە بە بنەمای پێناسەکردنی کۆماری کوردستان.

هـ . نووسەر بە وەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسیی گونجاو بۆ کورد لەو بروایە دایە کە، رێبەرانی کورد لە دەرفەتێکی مێژوویی‌دا بڕیاری مێژوویی خۆیان‌داوە و دەڵێ:

" کۆماری سەربەخۆی کوردستان" لە رەوتی بەرزیی و نزمیی خەباتدا راگەیەندراوە.

و. نووسەر هەوڵی‌داوە کە پروپاگەندەی پانئێرانیست و ئێرانڤیچەکان دژ بە کۆماری کوردستان لەقاو بداو ئەو بۆچوونەی رێبەرانی حیزبی تودەی ئێران رەتبکاتەوە کە کۆماری کوردستان بە حکومەتی خودموختاری کوردستان لە چەشنی ناوچە خودموختارەکانی سۆڤییەتی پێناسە دەکا.

ز. باس کردن لە کەسایەتی کاریزماتیکی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان، بەشێکی گرنگ لەو لێکۆلینەوە پێک دێنی.

ئەم کتێبە لە کتێبخانەی کوردییدا جێ و شوێن و کارتێکەریی خۆیدەبێ.
زەحمەتی نووسەر بۆ ئامادەکردنی ئەو بەرهەمە جێی رێزو پێزانینە.

حەسەن ئەیوبزادە 11.11.2008

## ئێران و زلهێزەکان

لەگەڵ دەسپێکی شەڕی دووهەمی جیهانی، بارودۆخی جیهانییش بەخێرایی هاتە گۆڕاندن. تیۆەگلانو خۆدیتنەوەی بەشێکی گەورەی دەوڵەتانی سەر شانۆی سیاسەتی جیهانی لەو شەڕەدا، یەکێک لە نیشانەکانی بەئاشکرای ئەو دۆخە نوێیە بوو. بەڵام لەو نێوەدا ئێران یەکێک لەو وڵاتانە بوو لە جێگای تێوەگلان لە شەڕ بەدژی بەرەیەکو خۆ دیتنەوە لەگەڵ بەرەیەکی تر، راگەیاندنی بێلایەنیی گرتە بەر. رۆژێک بەر لە هەڵگیرسانی شەڕ واتە لە رۆژی چواردەهەمی سیپتامبری 1939 "مەحموود جەم" سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی ئێران رایگەیاند: "ئێران لەو شەڕەدا بێلایەنە و بێلایەنیی خۆی درێژە پێدەدا".[1]

"هاوکات لەگەڵ ئەوە "عەلی ئەزغەر حێکمەت"یش وەرزیری ئەو کاتەی ئێران لە راگەیەندراوێک دا داوای لە خەڵکانی بێگانەی دانیشتووی ئەو وڵاتە کرد لە دەربڕینی هەر چەشنە کردەوەیەک کە بێلایەنیی ئێران بخاتە مەترسیەوە خۆ بپارێزن".[2]

هەر بۆیە لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی شەڕدا، بارودۆخی ئێران هێدیو ئارام مایەوەو ئەم وڵاتە توانی خۆی لە پریشکی ئاوری شەڕ دوور رابگرێ. ئەو کەشو هەوایە تا هێرشی ئاڵمان بۆ سەر خاکی روسیە درێژەی هەبوو. "سەرکەوتنی خێراو چاوەڕوان نەکراوی ئاڵمان لە بەرەکانی شەڕ بە دژی فەرانسە، تێک شکانی ئەو وڵاتە لە ژوئەنی 1940ی زایینی (جۆزەردانی 1319ی هەتاوی) لە هەموو کاتێک زیاتر ئەو بیرەی لای هیتلێر بەهێزتر کرد. کە ئینگلیستان یا ناچار دەبێ پەیمانی ئاشتیی لەگەڵ مۆر دەکات یاخود بە هۆی شەڕێکی کورتخایانەوە بەتەواوی بەچۆکی دادێنێ".[3]

بەڵام ئەو چاوەڕوانییەی هیتلێر لە کردەوەدا نەهاتە دی. ئینگلیستان بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوەدا نەبوو ئۆرووپا بە تەواوی بە ئاڵمانی نازی بسپێرێ. چرچیل سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە لەم بارەوە دەڵێ: "ئێمە لە خاکی دورگەی خۆمان بە تەواوی پارێزگاری دەکەینو لەگەڵ وڵاتانی

دیکەی ئیمپراتۆریی ئینگلستان بۆ خاشەبڕ کردنی شوێنەواری هیتلێر تا سەر درێژە بەشەڕو بەربەرەکانیی خۆمان دەدەین". [4]

بڕیاری راوەستانی ئینگلیستان لە بەرامبەر فراوانخوازییەکانی ئاڵمانی هیتلێری، بۆ دەست بەسەر داگرتنی ئۆرووپا نەیدەتوانی بەخێرایی دژکردەوەی ئاڵمانی بەدوا دا نەیە. ئەم کەش‌و هەوایە هیتلێر دێنێتە سەر دانی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بە دژی بریتانیا. هەر بۆیە لە ماوەیەکی کورت پێویستی‌یەکانی فەرمانی هێرشی هیتلێر بۆسەر ئینگلیستان ئامادەکاریی بۆ کرا. بەڵام بۆ دابەزاندنی هێزی ئاڵمانی نازی لە ئینگلیستان، بەدەستەوە گرتنی فەزای ئاسمانیی ئینگلیس بەر لە ئەنجام دانی هەر کارێکی تر گرینگیی هەبوو. هەڵاییسانی شەڕی ئاسمانی لە نێوان هەر دوو وڵات لە ژووئییەی 1940 هەر بەو مەبەستە بوو. هێزەکانی ئاڵمان لایان وا بوو لە دوای بڕینی ئەو هەنگاوە هەلی لەباریان بۆ دابەزاندنی هێز لە ئینگلیستان بەئاسانی بۆ دەرەخسێ. لە خوێندنەوەی هیتلێردا بڕوایەکی گەورە بە هێزی ئاسمانیی وڵاتەکەی جێی پێدرابوو. ئەو لای وابوو هەر چۆن لە ماوەیەکی کەم‌و کوتوپڕدا سەرکەوتنی لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ چیکوسلاواکی، لەهێستان‌و فەرانسە بەدەست هێنابوو، هەر بە هەمان شێوەش دەتوانێ هیزەکانی ئینگلیستان لە ماوەیەکی کورتی بروسکەئاسا دا بەچۆک دابێنێ.

بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانی‌یەکانی هیتلێر، لە جێگای سەرکەوتنێکی خێراو بروسکەئاسادا شەری نێوان ئەو دوو وڵاتە درێژەی کێشا. "لە پاییزی 1940 بە وەدی نەهاتنی سەرکەوتنێکی خێرا و دەسبەجێ لە هەموو کاتێک زیاتر هیتلێری لەسەر دوو ڕێیانێکی سەخت و ئاستەم دا دانابوو. ئەو یا دەبوو کار بۆ ئەوە بکات بۆ دابەزاندنی هێز لە ئینگلیستان رێگاخۆش بکاو کەندو کۆسپەکانی سەر رێگای ئەو مەبەستەی وەلا بنێ یا خود دەبوایە خۆی لە قەرەی گەلاڵەی هێرش بۆ سەر رووسیە بدا. سەرنەکەوتنەوکانی هێزی ئاسمانیی ئاڵمان لە حاند بریتانیا ئەوی تووشی جۆرێک لە گومان و دوودڵی کردبوو. لەو بڕگەیە لە مێژووی شەڕدا هەر چەشنە شکستێک لە حاند ئینگلیستان کاریگەری‌یەکی گەورەو قەرەبوو

نەکراوی لەسەر پرستیژی نیزامیی ئاڵمان لە هەموو شوێنەکانی تر دادەنا". [5]

"لەونێوەدا هەڵسوکەوتی یەکیەتیی سۆڤیەتییش بۆ ئاڵمانی هیتلێری کۆمەڵێک مەترسی و دڵەڕاوکێی هێنابووە ئاراوە. لەو ماوەدا موسکۆش بەبێ‌هیچ رێککەوتنێک لەگەڵ ئاڵمان، بە مەبەستی دروست کردنی پشتێنەیەکی ئەمنییەتی بۆ وڵاتەکەی کۆمەڵێک پێگەی سەربازی لە وڵاتانی باڵکان دامەزراند. لەوانە دەست بەسەرداگرتنی وڵاتی "فینلاند، لیتوانی و ئوستونی" هێندەی دیکە رق و قینی لە دڵی هیتلێردا بەرامبەر بە یەکیەتیی سۆڤیەتی بەرهەم هێنابوو. ئەو هەنگاوانەی موسکۆ هیتلێری هێنایە سەر ئەو باوەڕە، دۆستایەتیی ئەو وڵاتە تەنیا رواڵەتێکی فریودەرانەیە و لەدوای تێپەڕ کردنی قۆناغەکانی خۆپڕچەک کردن هێرش دەکاتە سەر ئاڵمان". [6]

گرفت و ئاستەنگەکانی دابەزاندنی هێز لە خاکی بریتانیا هیتلێر بەو ئاکامە دەگەیەنێ بیر لە داڕشتنی پلان‌و ئیستراتیژی‌یەکی تر بکاتەوە. بە بڕوای هیتلێر هیوای هەرە گەورەی بریتانیا لە ئۆروپا بریتی بوو لە موسکۆ. هەر بۆیە تەفروتونا کردنی موسکۆ دەتوانێ بە مانای رووخانی دوایین قەڵای هیوای بریتانیا بێتە نرخاندن. لە خوێندنەوەی نازی‌یەکان دا هێرش‌و لێدانی موسکۆ، لێدان‌و هێرش بۆسەر بریتانیا دێتە هەژماردن. "نازی‌یەکان لایان وابوو سەرکەوتنی هێزەکانیان لەشەڕ لەگەڵ ئەرتەشی سوور مەسەلەیەکی مسۆگەرەو ئەوان دەتوانن لە ماوەی کەمتر لە هەشت حەوتوودا سەرکەوتنی یەکجارەکی وەدەست بێنن". [7]

لەم بارەیەوە لە کتێبی چرچیل دا هاتووە: "ئەرتەشی ئاڵمان لەو کاتەدا هێندە بەهێز دەهاتە بەرچاو کە دەتوانێ لە چەند مانگی داهاتوودا هەم هێرش بکاتە سەر خاکی ئینگلستان‌و هەم بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە ناو قووڵایی خاکی سۆڤیەت دا درێژە بە سەرکەوتنەکانی خۆی بدا. بەرەبەرە هەموو کارناسانی سەربازی دەهاتنە سەر ئەو باوەڕە کە ئەرتەشی سوور لە ماوەیەکی کەمی تردا بەتەواوی لە بەرامبەر هێزی ئاڵمانی‌یەکان تێک دەشکێ". [8]

لە 22ی ژوئەنی 1941ی زایینی هێرشی ئاڵمان بە دژی رووسیە دەستی پێکرد و بەڕواڵەت ئاگری شەڕ لە بریتانیا دوور کەوتەوە. بەڵام بۆ بریتانیا

ئەوە تەنیا رواڵەتی مەسەلەکە بوو. بە سەرکەوتنی ئاڵمان لە بەرەکانی شەڕ بە دژی ئەرتەشی سوور، بریتانیاش لە هەموو کاتێ زیاتر خۆی لەبەردەم مەترسیی گەورەدا دەدیتەوە. بەر لە هەموو شتێ دەست بەسەرداگرتنی ئۆکراینو قەفقاز لەلایەن ئاڵمانەوە، بە مانای دەست پێڕاگەیشتن بە سەرچاوەگەلێکی بێئەژماری نەوتیی هەرە گرینگ بوو. لە لایەکی تریشەوە سەرکەوتن لە شەڕ بە دژی رووسیەدا ئاڵمانی نازی چ دڵەڕاوکێو مەترسییەکی لە پشت سەری خۆی نەدەماو ئۆرووپا بەتەواوی دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەوەوە. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر بە شکانی سۆڤیەت، درەنگ یان زوو شەڕ ئاوقای وڵاتانی رۆژهەڵاتی نیوەڕاستیش دەبوو. "ئاڵمان ئەو هەلەی بۆ دەڕەخسا لە رێگای تورکیەوە، هێرشەکانی خۆی بۆ وڵاتەکانی سوریەو فەلەستینو میسرو تەنانەت هیندوستانیش دەست پێ بکاو بەهۆی قەفقازیشەوە خۆ لە ئێرانو کەنداو دا ببینێتەوەو دەست بەسەر هەموو سەرچاوە نەوتییەکانی ئێرانو عێراقیش دا بگرێ". 9

لەو رۆژگارەدا بڕبڕەی پشتی ئیمپراتۆریی ئینگلیستان، رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتیو هیندوستان بەتایبەتی بوو. چۆنیەتیی هەڵکەوتنی جوغرافیای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە چەند لاوە دەربڕی ئەو گرینگییە بوو: لە لایەکەوە پردی نێوان دەریای مەدیترانەو ئۆقیانووسی هیندو ناوچەگەلێکی گرینگی وەک کاناڵی سوئێز، دەریای سوورو کەنداوی فارس لەوێدا هەڵکەوتوون. جگە لەوەش رێگای راستەوخۆی رووسیەش بۆ ئوقیانووسی هیندو مەدیترانە بوو. لەوانەش بترازێ، رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەشێک لە رێگای ئۆرووپای بۆ هیندوستانو ئاسیای جنوبی شەرقیو ئاسیای دووری لێک گرێ دەدا.

کۆتایی شەڕی جیهانیی یەکەم لە چۆنیەتیی پارسەنگی هێزی نێوان روسیەو ئینگلیستان بە نوختە وەرچەرخانێکی گرینگ دێتە هەژماردن. بریتانیا لە دوای برانەوەی شەڕ، سەرەڕای گشت ئەو زەرەرو زیانانەی لە ماوەی شەڕدا لێی کەوتبوو، توانی بە شێوەیەکی خێرا دەسەڵاتی خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهێز بکاتەوە. لەو کاتەدا ئاڵمان لە باری سەربازیو ئابوورییەوە بەتەواوی چۆکی دادابوو. ئیمپراتوریی

عوسمانییش بە خێرایی لە قەیرانو لێکترازانی دەسەڵاتی نیزیک دەبۆوە. رووسیەش سەرقاڵی سەرکەوتنی شۆڕشی بولشویکیی خۆی بوو. هەموو ئەوانە بوون بە هۆی ئەوەی کە ئینگلیستان بتوانێ بە سانایی دەست بەسەر ولاتەکانی عێراقو فەلەستین دابگرێ و بە گوێرەی گرێبەستێک لە ساڵی 1919 لە بوارەکانی ئابووری و سیاسیو نیزامییەوە ئێرانیش بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. تا کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی، ئیمپراتۆریی ئینگلستان دەستێکی باڵای لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا هەبوو. بەشێکی بەرچاوی وڵاتانی ئەو ناوچەیە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن ئەوەوە ئیدارە دەکران. ژمارەیەکیش لە ژێر چاوەدێریی ئەو دابوونو هێندێکیشیان لە باری سیاسییەوە گرێدراوی بریتانیا بوون. لە زنجیرە وڵاتانێک کە نێوان دورگەکانی بریتانیا تاسەنگاپوور هەڵکەوتبوونو لەو دوڕگانە ئیمپراتۆریی موستەعمەرەکانی بریتانیایان پێک دێنا، ئێران هەڵگری بایەخێکی تایبەتی بوو. ئێران پردی نێوان ئاسیای ناوەندیو هیندوستان بوو، هەر بەهەمان شێوە پشتێنێکی پارێزگارانەش بوو بۆ سنوورەکانی هیندوستان لە بلووچستانەوە تا کەنداوی فارس.

چرچیل لەم پێوەندییە دا دەنووسێ: "ئاسۆی کرانەوەی بەرەیەکی شەڕی تر لە رۆژهەڵاتی نێوەراست، جێگای نیگەرانیی لەڕادە بەدەری من بوو. بەڵام ئەو هۆیانەی کە بۆ کرانەوەی بەرەیەکی شەڕی تر دەهێنرانەوە منیشی بەخێرایی دەهێنایە سەر باوەڕە. پێوسیتیی ئێمە بە بیرە نەوتییەکانی ئێران لەشەڕدا، لە سەرووی هەموو شتێکی ترەوە بوو. ئەگەر رووسیە لە شەڕدا بەچۆک داهاتبایە، ئێمە دەبوو خێرا بۆ دەست بەسەر داگرتنی ئەم بیرە نەوتییانە ئامادە بین. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە دەبێ مەترسیی دەستدرێژی بۆ سەر هیندوستانیشی لێ زیاد بکەم". [10]

لە دوای ئەوەی کە نەوت لەمەوبەر تەنیا بۆ رووناکایی بەکار دەهێنرا، بۆ وەجووڵە خستنی کەرەسەی ماشینیش کەڵکی لێ وەرگیرا ئیتر ئەو کەرەسەیەش لە ئابووریی جیهانی دا گرینگترین رۆڵی پەیدا کرد. جێگۆڕکێی خەڵووز بە نەوت بۆ پاپۆڕوکانی ئینگلیسی کە لە راستیدا گەورەترین هێزی نیزامیو تیجاری و دەریایی ئەو سەردەمە بوو، مەسەلەی گرینگیی نەوتی بۆ ئەو ولاتەو پاراستنی ئیمپراتۆرییەکەی بە

پلەی هەرە بەرزی خۆی گەیاند. هەر لەو کاتەوە ئێران بوو بە یەکێک لە گرینگترینی ئەو وڵاتانەی کە دەیتوانی گەورەترین قازانجو دەسکەوتی ئابووری بۆ بریتانیا دەستەبەر بکا.
لە شەڕی دووهەمی جیهانیش دا گرینگیو بایەخی هەڵکەوتەی ستراتیژیکیی ئێران لە دوو لاوە شیاوی بەهێند گرتن بوو. لە لایەکەوە ئەو وڵاتە، دەروازەیەک بوو بۆ گەیشتن بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو هیندوستان، لە لایەکی تریشەوە پردێکی پێوەندییش بوو لە نێوان سۆڤیەتو هاوپەیمانان. تا ئەو جێگایەی بۆ جۆری ستراتیژیی بریتانیا دەگەڕایەوە، هەر ئەندازە هێزەکانی ئاڵمان لە ناو قووڵایی خاکی سۆڤیەت سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا، بە هەمان ئەندازەش بریتانیا هەستی بە مەترسیی لە کیس چوونی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکردو پتر لە هەمیشە بۆ پێداچوونەوەیەکی دووبارەی بریتانیا بە ستراتیژیی شەڕی وڵاتەکەیو بیری هاوپەیمانێتیی لەگەڵ رووسیەی لا گەڵاڵە دەبوو.
پێشهاتی سەرکەوتنی ئاڵمانی نازی لە بەرەکانی شەڕ بە دژی سۆڤیەت لە دوو جەمسەرەوە کاری دەکردە سەر بارودۆخی ئینگلیستان. لەلایەک بە مانای شەڕێکی دەسبەجێ بوو بە دژی بەرژەوەندیو هێزی ئینگلیستان لە ناوچەکەدا، لە لایەکی تریش بیرە نەوتییەکانی ئێران لە کۆنترۆلی بریتانیا دەهاتنە دەرێو کاردانەوەی ئەمەش بۆ هێزەکانی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە مانای زیانێکی قەرەبوو نەکراو بوو بۆ هەموو هێزی دەریایی ئینگلیستان لە ئۆقیانوسی هیندو لە کەنداودا.
بە لەبەرچاو گرتنی سەرجەمی ئەو فاکتۆرانە کە هەر کامێکیان بە جۆرێکی توندو تۆڵ پێوەندیی بە بەرژەوەندیی بریتانیا لە ناوچەکەدا هەبوو، لە هاوینی ساڵی 1941ەوە سیاسەتی بریتانیا بۆ بەرگری لە شکستی ئەرتەشی سوور لە بەرامبەر هێزەکانی ئاڵمانی نازی پێداچوونەوەیەکی دیکەی بەخۆیەوە بینیو رێگای هاوپەیمانەتی بۆ هەر دوو وڵات ئامادە کرا. "لە ژوئیەی 1941 مۆلۆتۆف وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتو سەفیری ئینگلیستان "کریس" رێککەوتنامەیەکی هاوبەشان مۆر دەکەن. بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە هەر دوو وڵات کۆک دەبن لەسەر ئەوەی کە یەکەم: لەشەڕ بە دژی ئاڵمان یارمەتی بە یەکتر بگەیەنن.

دووهەم: لە ماوەی ئەم شەڕەدا خۆ لە هیچ وتوێژێک لەگەڵ ئاڵمان نەدەن، هیچ جۆرە ئاگربەستێک ئاژۆ نەکەنو پەیمانی ئاشتی تەنیا وێکڕا لەگەڵ لایەنی بەرامبەر ببەستن". [11]

لە درێژەی ئەو لێک نزیک بوونەوەیە، یەکێک لەو بوارانەی کە بە خێرایی دەیانتوانی لەسەری ڕێک بکەون پاراستنی ئاسایشی بیرە نەوتییەکانی ئێران بوو. هەر بۆیە: "دەوڵەتی بریتانیاو یەکیەتیی سۆڤیەت بڕیاریان دا هاوکاریی یەکتر بکەن بۆ ئەوەی مەیدانە نەوتییەکانو پاڵاوگەکانی بپارێزن. ئەم هاوکارییە هەڵبەت دەبوو سەقامگیرییش لە ئێراندا لەخۆ بگرێ". [12]

بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش گەیاندنی یارمەتی بە یەکیەتیی سۆڤیەتو بەرەکانی شەڕی ئەو وڵاتە بە دژی ئاڵمان دیوێکی دیکەی نزیکبوونەوەی ئەو ئامانجە بوو. یەکیەتیی سۆڤیەت لەگەڵ ئەوەی هەر لە سەرەتای شەڕەوە هەوڵێکی زۆری دا لەو شەڕدا تێوەنەگلێ، بەڵام لە دوای ئەوەی کە لە لایەن ئاڵمانەوە خاکی وڵاتەکەی کەوتە بەر هێرش بە کردەوە باری قورسو گرانی شەڕی کەوتبووە ئەستۆو پێویستیی بە یارمەتیی فرەچەشنو هەمە جۆر بوو. لەو نێوەدا "قەتاری ئاسنی ئێران ئاڵقەیەکی پێوەندیی گونجاو بۆ یەکیەتیی سۆڤیەتی بوو، کە کەلوپەلی شەڕی بۆ ئەو وڵاتە پێ ڕاگوێزێ. چونکە ئەو مەودایە لەلایەن ژاپۆنو ئاڵمانەوە نەکەوتبوە ژێر مەترسییەوە". [13]

"لەلایەکی تریشەوە بە هۆی ئەم ڕێگایە، قەتاری هێنانو بردنی کەلوپەل هەم لە هێرشی ئاسمانیو دەریایی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانەوە دوور دەکەوتەوە، هەم دەکرا هێمانیەتییەکەی باشتر بپارێزرێ". [14]

"شتێکی دیکە کە گرینگ بوو ڕێگاوبانەکانی ئێران لە چوار وەرزی ساڵ دا بێ گرفت کراوە بوون بۆ ناردنی یارمەتیو کەرەسەی شەڕ بۆ یەکیەتیی سۆڤیەتی". [15]

لە بەرەبەری هەڵێنانەوەی هەنگاوێکی وا مەسەلەی بوونی ژمارەیەک مەئموری ئاڵمانی لە ئێران دا لە هەموو کاتێک زیاتر سەرنجی کاربەدەستانی موسکۆی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو وەک مەترسیو هەڕەشەیەک لە حاند گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەژمێردرا. بەگوێرەی

جۆری سەرچاوەکان رادەو ریژەی مەئموورینی ئالمانی لە ئێراندا فەرق‌و جیاوازیی تێدا دەبینیدرێ‌و بە هەمان شێوەش بە شێوەی جۆراوجۆر قسە لە ئاستی گرینگیی بەرپرسایەتی‌یەکانیان دەکردرێ. "یەکیەتیی سۆڤیەتی ئیددیعای دەکرد رێژەی مەئموورانی ئالمانی لە ئێران خۆ لە قەرەی 5 تا 10 هەزار کەس دەدا". [16]

"لە نێو ئەو ڕێژەیەش بەشێکی بەرچاویان بۆ کارو چالاکیی چەکـو تەقەمەنی خۆ رێک دەخەن‌و بە خاوەنی 11هەزار تۆن چەکـو تەقەمەنی دەزانران". [17]

"هەر بۆیە بە دیتنی کاربەدەستانی موسکۆ، دەوڵەتی ئێران بە دانستە رێگای داوە ئەو ژمارەیە بخزێنە نێو بەشە سیاسی‌یەکانی دەرەوەو نێوخۆی وڵات‌و ئالمانی بەوە تاوانبار دەکرد لە هەوڵی دروست کردنی ستونی پێنجەمە لە ئێراندا". [18]

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو ڕێژەیەی لەلایەن کاربەدەستانی موسکۆوە ئاماژەی پێکرا، "رۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێران لە 9ی7ی 1941 رێژەی مەئمورینی ئالمانی بە 690 کەس ناو دەبات‌و ئالمانی‌یەکان بۆخۆشیان قسەیان لە بوونی 1052 نەفەر لە ئێران دا دەکرد کە لە نێویاندا 567 پیاو و 304 ژن‌و 181 منداڵیان لەخۆ دەگرت". [19]

جگە لەو مەسەلەیە ئالمان‌و ئێران لەو کاتەدا رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر پێوەندی‌یەکانیان بۆ ئاستێکی گەرموگوڕتردەچووو. لە کردەوەدا ئالمان ببوو بە گرینگترین سەرچاوەی کڕینی چەکـو چۆڵ‌و خۆ پرچەک کردنی دەوڵەتی ئێران. لەو رووەوەو بە لەبەر چاو گرتنی گشت ئەو هۆکارانەی تا ئێرە خرانە روو "بۆ بریتانیای مەزن‌و یەکیەتیی سۆڤیەتی کۆنترول بەسەر ئێران دا بوو بە یەکێک لە سەرەکی‌ترین خاڵی هاوبەشیان. چونکە لەلایەکەوە بەگوێرەی دیتنی ئەوان دەسەڵاتی ئالمانی‌یەکان رۆژ بەرۆژ لە ئێراندا پەرەی دەستاندو لە لایەکی دیکەشەوە کەشتی‌یە شەڕکەرەکانی ئالمان لە لەنگەرگاکانی ئێران گەورەترین مەترسی‌یان نابۆوە لەسەر وەدیهێنانی ئامانجەکانیان. بەو هۆیانەوەو بەپێی لێکدانەوەی سۆڤیەت‌و بریتانیا ئەو وڵاتە واتە ئێران تا دەهات پتر دەچووە ژێر دەسەڵاتی ئالمانی‌یەکانەوە". [20]

بە مەبەستی ڕەوینەوەی ئەم مەترسی‌یانە لە ساڵی 1320ی هەتاوی هەردووک سەفیری وڵاتەکانی سۆڤیەت‌و ئینگلیستان نارەزایەتیی خۆیان لە هەمبەر بوونی ئەم ژمارەیە لە مەئموورینی ئاڵمانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران هێنایانە گۆڕێ‌و داوایان کرد چی تر دەوڵەتی ئێران ئیزنی مانەوەیان لە وڵاتەکەی پێ نەدا. ئەو داواکاری‌یە، رەزا شای لەسەر دووڕێیانێکی سەخت‌و دژوار دا دانابوو. لە لایەک ترسی ئەوەی ڕێنیشتبوو لەگەڵ دژکردەوەی توندی سۆڤیەت‌و ئینگلیس بەرەروو ببێ‌و لەلایەکی تریش نەیدەویست بەهۆی ترس لەو دوو دەوڵەتە خۆی لە خانەی دژبەری ئاڵمانی‌یەکان دا ببینێتەوە. لە هاوینی 1941ی زایینی بەرابەر لەگەڵ 1320 هەتاوی، هەموو دیاردەکان لەوە دەدوان ئاڵمان تا سێ مانگی تر بەتەواوی دەتوانێ هێزەکانی ئەرتەشی سوور بەچۆک دابێنێ. لەناو هەناوی و دیمەن و بەراوردێکی وا دا بوو رەزا شاش دێتە سەر ئەو باوەڕە پارسەنگی هێزەکان بە دایم بە قازانجی ئاڵمانی‌یەکان دەچێتە پێش‌و ئاکامەکانی شەڕ لە ماوەیەکی کەمدا بە سەرکەوتنی ئاڵمان کۆتایی پێ دێ. هەر بۆیە سیاسەتی کات کوشتن و دەستاودەست کردنی گرتە بەرو بە کردەوە داواکاری‌یەکانی لەندەن‌و موسکۆی دەدایە دواوە.

لە ئاکامی ئەو ئاڵوگۆرانەدا دوو دەووڵەتی سوڤییەت و ئینگلستان وێکراو سەرەرای رکەبەرییەکی لە مێژینە که بۆ دەست پێڕاگەیشتن بە کەنداوو گەیشتن بە ئاوەگەرمەکان لە نێوانیان دا بوو، بریاری داگیرکردنی ئێرانیان دا. بۆ ئەو کارە بە رەزاشایان دەستوردا ئیران بە جێ بێڵێ و لە ئەفریقای جنوبی و لە ژوهانسبورک نیشتە جێ بێ. رەزاشا و ئەرتەشە کەی بە بێ هەرچەشنە بەبەرەکانییەک خۆیان بە دەستەوە دا. بەمجۆرە باکور و باشوری ئێران لە نێوان بریتانایا وروسەکانەوە داگیر کرا.

سەرچاوەکانی فەسڵی یەکەم:

1. صفاالدین تبرنیان، ایران در اشغال متفقین، تهران، رسا 1371 ص 13

2. صفاالدین تبرنیان، ایران در اشغال متفقین، تهران، رسا 1371 ص 13

3. Churchill, W.S. : Der Zweite Weltkrieg. Bern 1954.S.388-389

4. Parker, R.A.C.: Das Zwanzigste Jahrhundert 1918-1945 Fischer Weltgeschichte Band 34. Frankfurt am Main 1972, S. 336

5. Buchheim, Hans: Das Dritte Reich, Grundlage und Politische Entwicklung. München 1961. S.66

6. vergleich Buchheit, Gert: Hitler: Der Feldherr: Die Zerstörung einer Legende. Rastatt 1958. S.1790

7. Hillgruber, A.: Hitlers Strategie, Politik und Kriegesführung 1940-1941, Frankfurt am Main 1957, S.269 / Raeder, E.: Mein Leben Band 2, S.176. Tubingen 1957

8. Churchill, W.S. :Der Zweite Weltkrieg. S. 529 (Anmerkung 30)

9. Foreign Office 371: Zentrale: Deutsche Kriegspläne: 26519: C4669/19/18. von Berne (Mr. Kelly) an das Foreign Office. No. 946. 4.5.1941. Geheim.

10. Churchill, W.S. : Der Zweite Weltkrieg. Bern 1954, S. 551

11. Jahrbuch der Weltpolitik 1942. S. 180-181

12. Quelle : Die britsche Iranpolitik im zweiten Wektkrieg und der Ausbruch des Kalten Krieges von wolfram Schneider, Teil 1, Dr. Kova´c Verlag, Seite 153 Ursprungsquelle: War Cabinet. Middle East

Ministerial Committee, Meeting with Eden, 11.07.1941, E3780/933/34
-

13. Die britische Iranpolitik im Zweiten Weltkrieg und der Ausbruch des Kalten Krieges von Wolfram Schneider, Teil 1. Dr. Kova`c Verlag, Seite 152

14. Quelle : Die britsche Iranpolitik im zweiten Wektkrieg und der Ausbruch des Kalten Krieges von wolfram Schneider, Teil 1, Dr. Kova´c Verlag, Seite 152. Ursprungsquelle : vergleiche Hamzavi, Abdul Hussein, Persia and the Powers, London etc. oJ, Seite 15

15. Quelle : Die britsche Iranpolitik im zweiten Wektkrieg und der Ausbruch des Kalten Krieges von wolfram Schneider, Teil 1, Dr. Kova´c Verlag, Seite 152. Ursprungsquelle : vergleiche Hamzavi, Abdul Hussein, Persia and the Powers, London etc. oJ, Seite 15

16. Quelle : Die britsche Iranpolitik im zweiten Wektkrieg und der Ausbruch des Kalten Krieges von wolfram Schneider, Teil 1, Dr. Kova´c Verlag, Seite 144. .Ursprungsquelle: vergleiche Eden/ Cripps, 10.07.1941, E 3751/3444/34, Memorandum von Alling, 29.07.1941, FRUS 1941, III, S. 386

17. Quelle : Die britsche Iranpolitik im zweiten Wektkrieg und der Ausbruch des Kalten Krieges von wolfram Schneider, Teil 1, Dr. Kova´c Verlag, Seite 144. Ursprungsquelle: Sowjetdiplomatie, Seite 273

18. Schneider, Wolfram. „Die britische Iranpolitik im Zweiten Weltkrieg und der Ausbruch des Kalten Krieges“ Teil 1. S. 144

19. General Walther K. Nehring, Die Geschichte der detuschen Panzerwaffe 1916 – 1945, Motorbuch Verlag, Seite 144 – 145

20. Die britsche Iranpolitik im zweiten Wektkrieg und der Ausbruch des Kalten Krieges von wolfram Schneider, Teil 1, Dr. Kova´c Verlag, Seite 155

## ئێرانی فرەنەتەوە لەسەردەمی رەزاشادا

یەکێک لە ئاکامەکانی داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە، لەسەر کار لابردنی رەزاشا لە دەسەڵات بوو. کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی رەزا شا، کرانەوەی دەلاقەیەکی گەورە بوو بۆ هەموو ئازادیخوازان لە ئێران بە گشتیو بۆ نەتەوە ژێردەستەکان بەتایبەتی. بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی نیشتەجێی ئێران، سەردەمی دەسەڵاتدارێتی رەزا شا بەندیخانە بە مانای پڕبەپێستی وشە بوو. هیچ کام لە نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران، نەیتوانی بوو لە زەبرو زەنگو جەورو ستەمی بێسنووری دەسەڵاتی رەزاشا بەهاسانی قوتاری بێ.

لە راستیدا دەسەڵاتی رەزاشا، تەنیا دەسەڵاتێکی سەرەڕۆیانەی دیکتاتۆرێکی تاکەکەس نەبوو. بەڵکوو دەسەڵاتی نوێنەرایەتی کردنو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەخوازیی فارس بوو. هەموو سیاسەتو کردەوەکانی رەزا شا لەدەلاقەی قازانجو بەرژەوەندیی نەتەوەخوازیی فارسەوە بۆ توانەوەی ناسنامەی نەتەوەکانی تر سەرچاوەی دەگرت.

ئەم نەتەوەخوازییە پشتی بە سێ کۆڵەکە ئەسپاردبوو: سەپاندنی دەسەڵاتی رەهاو سەرەڕۆیانەو سانترالیزەکردنی دەوڵەت بە مەبەستی سەپاندنی هوییەی ئیتنیکیی نەتەوەیەکی دیاریکراوو بەناو مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگا بە چاولێکەری لە تورکیەی کەمالی.

بۆ جێبەجێ کردنو پراکتیزەکردنی ئەو مەبەستانەش بە تەواوی پشتی بە ئەرتەشو دامودەزگای سەرکوتو داپڵۆسین بەستبوو. بەکەڵک وەرگرتن لە زەبروزەنگو سیاسەتی سانترالیزەکردنی دەوڵەتو دروست کردنی دەوڵەتی تاک نەتەوە لەسەر حیسابی نکۆڵی کردن لە ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەکانی دیکەی ئێران شۆوینیسمی نەتەوەخوازیی فارس بە پلەی هەرە بەرزی خۆی گەیشت.

"بەڵام ئێران موزائیکێکی نەتەوەییو مەزهەبیو هەروەها وڵاتێکی فرەنیشتمانی‌یە، واتا گەلەکانی دیکە لەسەر خاکی فارس ناژین، بەڵکوو خاکو وڵاتی خۆیان هەیە. لەوەش زیاتر ئەم وڵاتو گەلانە (ئازەری، کورد، بلووچو عەرەب) بەشێکن لە خاکو گەلێکی گەورەتر کە هاوسنوورنو، رووداوەکانی ئەو بەشانەی دی راستەوخۆ کاریان تێدەکەن. بۆیە مۆدێلی دروستکردنی وڵاتێکی خاوەن یەک ناسنامەی نەتەوەیی (فارس) بە هۆی دەوڵەتەوە کارێکی مەحاڵ بوو".[1]

ئەگەر بەر لەوە زمانی فارسی تەنیا زمانی ئیتنیکی فارسو زمانی ئیداریو دیوانی دەربار بوو، لەسەردەمی رەزاشا سەپاندنی ئەو زمانە سەری بە هەموو کەلێنو قوژبنێکی ئەو وڵاتەدا دەکرد. منداڵانی دوورترین شوێنو مەڵبەندەکانی ئێران هەر لە یەکەم رۆژی چوونە قوتابخانەوە دەبوایە فێری "بابا نان داد"ی زمانی فارسی ببوایەن.

هاوتەریب لەگەڵ ئەوە هەموو راگەیەنە گشتی‌یەکانی ئەو وڵاتە کەوتنە هەوڵی ئەوەی زمانی فارسی لە رێگای شەپۆلەکانی‌یانەوە بۆ دوورترین ناوچەکانی ئیران بگوێزننەوەو خەڵک فێری ئەو زمانە بکەن.

لەم پرۆسەیەدا،ناسنامەی نەتەوەکانی تر لە سنووری بە پەراوێزکردندا نەگیرسایەوەو تەنیا بە سەردەست کردنی ئیتنیسیتەی فارس لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیو دامودەزگای دەوڵەتی کۆتایی پێنەهات. بەڵکوو بەفارس کردنو تێکدانی ژیانی روحیو کۆمەڵایەتیی نەتەوەکانی تر خرانە دەستووری کارەوە. لەم پرۆسەی بەناو نەتەوە سازیەدا، فرەچەشنی و بوونی جیاوازی‌یە نەتەوەیی‌یەکان، دەبوایە بە زۆرو بە تۆپزی، جێگای خۆی بدا بە نەتەوەیەکی هاوئاهەنگو هاوزمان واتە لە بری ئەوەی کە زمانو ناسنامەی هەر کام لە نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران بکرێتە بنەما بۆ دروست کردنی ناسنامەی نەتەوەیی، راست بە پێچەوانە هۆویەتی میللیی یەکێک لە نەتەوەکان لە ئێران کرایە ناسنامەی زاڵو تاقانە.

لەنێوان زمانی "رەسمی"و زمانی "هاوبەش" فەرق و جیاوازیی و تەنانەت دەتوانین بڵێین دژایەتییەکی گەورە لە ئارا دایە. زمانی هاوبەش زمانێکی ئیختیاری‌یەو دەتوانێ لە ئاکامی راپرسی لە وڵاتێکی فرە نەتەوە لەلایەن گشت نەتەوەکانی ئەو وڵاتەوە دەنگو بڕیاری بۆ بدرێ. واتە لێرەدا زمانی هاوبەش ئامرازێک دەبێ بۆ لێک تێگەیشتن‌و دامەزراندنی پێوەندی لە نێوان مرۆڤەکانی کۆمەڵگایەک.

کەچی بەپێچەوانە زمانی فارسی بەهۆی وەدەستهێنانی دەزگای دەوڵەت، بە نواندنی سیاسەتی زەبروزەنگ بەسەر نەتەوەکانی غەیرە فارس دا سەپێندرا.لەونێوەدا بچووکترین رادەو ویستی خوازیارانەی نەتەوە ژێردەستەکانی نیشتەجێی ئێران بۆ فێربوونی ئەو زمانەو بڵاو بوونەوەی بە هەموو ئێراندا لە ئارادا نەبوو.ئەم زمانە،زمانی نەتەوەخوازێکی بەدەسەڵات گەیشتوو بوو. دەسەڵاتی سیاسی لێرەدا، ئامرازێک بوو بۆ سەپاندنی ئیتنیسیتەی فارس بەسەر ناسنامەی گشت نەتەوەکانی دانیشتووی ئێراندا.

بەسەردەست کردنی ئیتنیسیتەی نەتەوەی فارس بە هۆویەی دەسەڵاتی سیاسی ئێرانەوە، ریگا لەبەردەم هەموو جۆرە پێوەندی‌یەکی ئارەزوومەندانەی نێوان نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران‌و نەتەوەی فەرمانڕەوا بەربەست کرا. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە گشت مافخوازێک خرایە خانەی ئەمنییەتی‌یەوە، کە دەبوایە بە شێوەی عەسکەری وەڵام بدرێتەوە، بۆیە زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین پێکهاتەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی ئەم مۆدێلە لەسەر نایەکسانیی گەورە دروست ببوو. چ لە رووی دەسەڵاتەوە چ لە رووی باری ژیانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەوە. تەکنیکی ئەم مۆدێلە تەنیا کوشتن‌و بڕین‌و بەکارهێنانی توندوتیژی نەبوو، بەڵکو فەلسەفەکەی لەسەر دانانی یەک زمان‌و یەک کولتوورو سڕینەوەی هەر چەشنە جیاوازی‌یەکی نەتەوەیی‌و پلۆرالیزمی کولتوری بوو، بە مەبەستی بان دەست کردنی نەتەوەی فارس.

"به واتایەکی تر جوری نەتەوەخوازییو مودیلی دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس دەکرێت به متۆربه کردنی مودیلی فەرانسەیی_ئامریکایی دابندرێت، فەرانسەیی به هوی سەپاندنی زمانو کولتووریی نەتەوەیی سەردەست و ئەسیملیەکردنی (تواندنەوە)ی گرووپی ئیتنکی دیکه، ئامریکایی له رێگەی لەناوبردنی به کۆمەڵی دانیشتوانی ناوچەیەکی فراوانەوە، ئەرمەنو کورد، یان راگویزانیانو نیشتەجێکردنی تورک له ناوچەکانیان". [2]

ئیتر لێرەوە بۆ نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران قۆناغێکی تر له ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو نەتەوەییان دەست پێدەکا. تایبەتمەندیی ئەم قۆناغه تەنیا رووبەڕوو بوون له حاند دەسەڵاتێکی سەرەڕۆیانەو ملهوڕانه نیه، بەڵکوو نکۆڵی کردن له ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانو بەفارس کردن دەبێته بنەمایەکی سەرەکی بۆ ناسنامەی نەتەوەیی له ئێراندا. ئەگەر تا پێش له هاتنه سەر کاری رەزاشا ئێران وەک یەکەیەکی سیاسی به مانای بوونی کۆمەڵه دانیشتوانێک بوو له نەتەوەو ئیتنیکی جۆراوجۆر، بەڵام لێرەوە تەنیا دەکرێ قسه له بوونو پێوەندیی دەسەڵاتێکی داگیرکەرانه بێته ئاراوه که هەموو هەوڵی خۆی خستۆته گەڕ بۆ بەفارس کردنی نەتەوەکانی تری دانیشتووی ئێران. ئیتر لەو قۆناغەوە تا رۆژگاری ئێستا لەو وڵاته ئێرانی بوون، تەنیا دەتوانێ مانای فارس بوون بگەیەنێو بەس.

"دوای کودیتای رەشی رەزاخان، ئێران به کردەوە کرا به زیندان و قەسابخانەی گەلانی غەیره فارس. به بیانووی چەک داماڵینی گشتیو نەهێشتنی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و بەمەبەستی کۆکردنەوەی دەسەڵاتی تەواو له دەست حکوومەتی ناوەندی عەجەمدا راپەڕینو سەرهەڵدانی عێلو عەشیرەتەکانی سەرکوت کرد. رەزاخان دەیویست تەواوی دەسەڵات و قودرەت له ناوەندو له ژێر دەستی ئەودا کۆ بێتەوە. بەرهەمی رەنجو کوێرەوەری خەڵکی ناوچەکانی تر، بۆ تاران بەرنو تارانی پێ برازێننەوەو". [3]

"لەسەردەمی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی رەزاشادا زۆرداریی نەتەوەیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. شۆوینیزمی ئێرانی بو بە سیاسەتی رەسمیی رێژیمی پەهلەوی و گەلانی غەیری فارسی ئێران خرانە ژێر توندو تیژترین ستەمی نەتەوەیی. بۆ لەنێو بردنی شوێنەواری نەتەوەییو مێژوو و فەرهەنگی ئەم گەلانە بەرنامەیەکی دارِێژراو و درێژخایەن بەرِێوە دەچوو، کە مەبەستی تواندنەوەی گەلانی غەیری فارس بوو. دەست تێوەردانی مێژووی کۆنو نوێ، گۆڕینی ناوی شارو گوندەکانی، قەدەغە کردنی گەلێک رێورەسمی نەتەوەیی، تەنانەت جەلبەرگی نەتەوەیی، هەموو بۆ ئەوە بوو کە نیشان بدرێ لە ئێران دا تەنیا تاقە نەتەوەیەک هەیە، ئەویش نەتەوەی فارسە. شیعرەکانی باباتاهیر شاعیری بەناوبانگ کە بە زاراوەی کۆنی لوڕی نووسراون، لەلایەن بە ناو زانایانی ئەودەمەوە دەست تێوەردرانو کران بە فارسی، رەشیدی یاسەمی بە ئەمری وەزارەتی فەرهەنگ کتێبێکی نوسی بە ناوی "کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او" بۆ ئەوە ئیسبات بکا کورد نەتەوەیەکی جیاواز نین و فارسن. لە بەر دەرگای هەموو کلاسی قوتابخانەکان و ژوری ئیدارەکان نووسرابوو : "فارسی سخن بگوئید" واتە "بە فارسی قسە بکەن". [4]

بە واتایەکی تر: "رەزاخان دەیەویست یەکبوونی خاکی ئێران، وەک جوغرافیا بە هۆی یەکبوونی "نەتەوی ئێران" وەک زمان و کولتووری هاوبەش، قایم بکات. ئەمەش لە پراکتیکدا تەنیا یەکماناو ناوەرۆکی هەبوو: سەپاندنو سەردار کردنی زمانی فارسیو نەتەوەی فارس بەسەر زمان و نەتەوکانی دیکەی ئێراندا، وەک سەرەتایەک بۆ تواندنەوەی نەتەوەییان. هەر بۆیە دەوڵەت بە توندی کەوتە پەلاماردانی کولتوری گەلانی غەیرەفارس و پێشێلکردنی مافی نەتەوەییان. بۆ نموونە لە کوردستاندا نەک هەر زمانی کوردی بەڵکە تەنانەت جلوبەرگی کوردیش یاساخ کرا". [5]

لەو قۆناغەدا پتر لە هەموو کاتێ زیاتر پێوەندییەکانی نێوان دوو نەتەوەی کوردو فارس، پێی نایە خانەی پێوەندییەکی پڕ ململانێی دژبەرانەوە. ململانێی نێوان حاکمو مەحکووم، داگیرکەرو کۆیلەکراو،

زالمو مەزلوم. جۆرو نێوەرۆکی ئەو ململانێیە پێناسە دەکەن. نەتەوەخوازیی فارس ئیتر لەو قۆناغەوە تەنیا نەیدەتوانی بە داگیرکراوی کوردستانو بێبەش بوونی کورد لە گشت مافێکی نەتەوەیی، سووکنایی بینێ، بەڵکوو سەردەمی توانەوەو بە فارس کردنی نەتەوەی کوردی خستە ناو پڕۆژەی پلان دارێژراویی دەوڵەتییەوە.

لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی رەزاشادا هەموو مافخوازایەکی کورد بە شێوەی بێبەزەییانە سەرکوت کرا. سەرکوتکردنی راپەڕینی سمکۆ، داپڵۆسینی راپەڕینی جافرسان، کوردەکانی جەلالیو مەلا خەلیلی گۆڕئومەر، دور خستنەوەی گەڵباخیەکان... نموونە گەلێکن لە سیاسەتی شۆوینیستی نەتەوەخوازیی فارس لە حاند داخوازە رەواکانی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان.

لەو لاشەوە "زوڵمو زۆری ژاندارم کە ئەو کات "ئەمنییە"یان پێ دەگوت کۆمەڵانی خەڵکی گوندەکانی کوردستانی هەراسان کردبوو. ئەمنییەکان بە دزی لە ماڵی جووتیارانی کورد فیشەکو ماڵی قاچاغیان دەشاردەوەو پاش پشکنینو "دیتنەوەیان" بەرتیلو جەریمەیان لێ دەستاندن. زەمانی رەزاشا، ئەمنییە لە گوندەکانی کوردستان حاکمی موتڵەق بوو. خۆی بە خاوەنی گیانو ماڵو نامووسی خەڵک دەزانی. قانون ئەوە بوو کە ئەمنییە دیاریی دەکرد". [6]

هەر لەو بارەوە مامۆستا هەژاریش لە بیرەوەرییەکانی دا دەڵێ: "زوڵمو زۆرو راوڕوتی کاربەدەستانی دەوڵەتیش تا سەر ئێسقان خەڵکی وەزاڵە هێنابوو. بەڕاستی رزگاربوون لەو جەهەننەمەی پەهلەوی بۆ خەڵکی موکوریانی نێڵ دابوو، هیچ خۆشیەکی نەدەگەیشتێ. ئەمنییە دەهاتنە دێ هەر قەبرێکی تازەیان بدیبا، خەڵکیان دەخستە داری سەماواتی: "ئەو کابرایەتان بۆ کوشتووە؟"، جا وەرە لێدان بەرتیل وەرگرتن کار بکا. لەبیرمە شەوێکی مانگە شەو درەنگێک لەماڵ دەرکەوتم کە تۆزێک بچمە دەشت. روانیم کەلاکێک لەبەر دیوانی مزگەوتە، خنەخنی دێت، پیرەمێردێک بوو خەریک بوو دەمرد. چووم کوێخای دێم خەبەر کردەوە.

ئەسپی هێناو کەلاکی نەناسی برد و لە پەنا نزیکترین گوند فڕیی دا کە نەوەک ئەمنییە بزانن‌و ماڵ وێرانمان کەن. هەر ئەو شەوە کەلاک دێ بە دێ رۆیبو تا گەیبوە (دەروێشان) کە ماڵی کچی کابرای لێ بوو. خوا نەخواستە مەئموورێکی دەوڵەت لە گوندێک یان لە مەزرای گوندێک بە سەکتە بمردایە: ئیتر واوەیلە بوو. سەتان کەس دەکەوتنە بەڵاوە و لە سووچی رەشچاڵان توند دەکران. ئەگەر تەنیا ئەو دەردەی کە گوندێک لە موکریان لەدەست پیاوی دەوڵەتی رەزاخانیەوە دیوە کۆ بکرایەتەوە کتێبێکی گەورەی دەویست". [7]

## رۆژهەڵاتی کوردستان جۆرێکی تایبەت لە کۆلۆنی

رێبازو سیاسەتێکی بەم چەشنەو لەم جۆرە لە کوێ‌و چۆن رەچاوکراوە؟ داخوا ئەو کاتەی وڵاتانی ئیستیعماریی خاوەن دەیان کۆلۆنی نزیک‌و دوور بوون، هەر بە هەمان شێوەی نەتەوەخوازیی فارس‌و دەسەڵاتەکەی لەگەڵ نەتەوە کۆلۆنی کراوەکان هەڵس‌و کەوتیان کردوە؟

هەڵسەنگانێکی خێرایی رۆڵی کۆلۆنیالیزمی ئۆرووپایی لە وڵاتە کۆلۆنیا کراوەکان لە تەک نەتەوەخوازیی دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس بەرانبەر بە کورد، بە روونی ئەو راستی‌یەمان بۆ دەردەخات، ناسیونالیسمی فارس چەند قات دڕندانەترو بێبەزییانەتر بووە.

زۆرداری‌و ستەم و بێمافیکی کە لەو وڵاتە بە دژی کورد بەکار هێنراوە، لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیست چەند قات بێبەزییانترە، کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بەروبووی وڵاتەکەی بەتاڵان نابردرێ‌و بە کوشتن‌و راونان‌و چەوسانەوەی لێی خۆش نابن. کورد بۆ

ئەوەی هەبێ، دەبێ بەر لە هەر شتێ نکۆڵی لە بوونی نەتەوەیی خۆی بکا. ئەو نکۆڵی لێکردنەش تەنیا بوارگەلێکی زمانیو کولتووری ناگرێتەوە، بەڵکوو هەموو ئەو بوارانەی بەجۆرێک لە جۆرەکانی پێوەندیی بە ژیانو چارەنووسی نەتەوەیەک پەیدا دەکا، کورد وەک نەتەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ نکولی لە بوونی نەتەوەیی خۆی بکات.

لەنێو ئەو کەسانەی تا ئێستا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی دۆزی نەتەوەیی کورد بوون، بەرهەمەکانی "بێشکچی" تاقە بەرهەمێکن کە توانیویەتی باری چەوسانەوەی نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی راستەقینە نیشان بدا. بێشکچی دەنووسێ:

"کۆلۆنی لە روانگەی پەیوەندیـیە سیاسیەکانیەوە، ستاتویەکی سیاسیی خۆی هەیە ئەگەر نزمیش بێت. چونکە بەر لە هەر شتێک وڵاتێکی سنور دیاریکراو لە ناوەندەکە هەیەو لە رووی زمانو کەلتووریشەوە ئەگەر وەکوو گەلانی میترۆپۆلەکان نەبن، بەڵام میللەتێکی قەبوڵکراو لەوێیە. کاتێک دەوترێ هیندوستان کۆلۆنیی ئینگلتەرەو جەزائیر کۆلۆنی فەرانسەو کۆنگۆ کۆلۆنیی بلژیک و موزامبیک کۆلۆنیی پورتوگالە هیندوستانو جەزائیرو کۆنگۆو موزمابیک بە ناسنامەی وڵاتەکانیانەوە دەناسرێنو قبووڵ دەکرێن". [8]

"بەڵام کوردو کوردستان هیچ ستاتویەکیان نیە. کەچی هەرکام لە وڵاتانی کۆلۆنی خاوەنی ستاتویەکی تایبەت بەخۆ بوون. لە کۆلۆنیـیە کلاسیکەکاندا ئامانج لەناوبردنی زمانو کولتووری وڵاتی کۆلۆنی نەبوو، بەڵام سەبارەت بە کوردستان لەناوبردنی زمانو کولتوور تێکدانی ناسنامەی نەتەوەیی کورد ئامانجە. تەمەنی دەسەڵاتی وڵاتانی داگیرکەر بۆ ماوەیەکی کاتی بوو، دوای ماوەیەکی دیاریکراو وڵاتە کۆلۆنیەکە سەربەخۆیی بەو وڵاتە دەدایەوە، بەڵام بۆ داگیرکەرانی کوردستان، کوردو کوردستان بە نەبوو و نەبینراو و نەبیستراو دانراوەو بەدانانی تێلی دڕکاوی لە نێوان بەشەکانی کوردستانو ئازارەکانی دیکەی تواندنەوەوە، دابڕانی کوردەکان لە یەکتر وەک یەک نەتەوە قووڵو فراوانتر کرد". [9]

"ئەگەر چاوێک بە پەیوندییەکانی بریتانیا و ئۆگاندادا بخشێنینەوە وڵاتێک دەبینین پێی دەوترێ ئۆگاندا کە وڵاتێکی کۆلۆنیەوە، ئەم وڵاتە سنوورێکی زانراو و دیاریکراوی هەیە، لەم وڵاتە میللەتێک دەژیت ئینگلیز نیە، و ئۆگانداش نابێتە بەشێک لە بەریتانیا، هەروەها هیچ هەوڵێک بۆ بەئینگلیزکردنی ئەم میللەتە نادرێ. ئەم کارە ئینگلیزو ئۆگاندایەکان بەباشی لێی تێدەگەن. کاتێک ئۆگاندا لە کۆتایی شەستەکان لە ڕێگەی گفتوگۆی دەستوورییەوە سەربەخۆیی بەدەست هێنا سنوورەکەی نەگۆڕا هەر بەو سنوورەشەوە سەربەخۆیی وەرگرت. پەیوەندیی نێوان بەریتانیاو هەر یەکێک لە هیندو نیوزلەندا کینیاو سۆماڵ هەمان شتی لەسەر جێبەجێ دەبێت. هەروەها هەمان هێڵی سووریش لەنێوان پەیوەندییەکانی فەرانسەو تونسو جەزائیرو مەغریب بەدی دەکرێت. کۆلۆنیەکانی مەغریبو جەزائیرو تونس نە فەرانسەیی بوونو نە هەوڵی بەفەرانسەیی کردنیان دەدرا". [10]

"لە کۆلۆنیەیە کلاسیکەکاندا کەسێتیی ناوچەو نەتەوەی کۆلۆنی کراو ڕەت نەکراونەتەوە، لە کاتێکدا لە کوردستان هەموو کردەوەیەک لە پێناوی سڕینەوەی ناوی کوردوکوردستان لە زەمانو مێژوودا بەشیاو حیساب دەکرێن". [11]

"هەموو ئەو سیاسەتانە تاکە یەک ئامانجی نەگۆڕیان هەیە: کۆیلەکردنی تەواوەتیی نەتەوەی کورد، لەناوبردنی کەسێتی کوردو سڕینەوەی ناوی کوردو ناوی کوردستان لە زەمانو مێژوودا". [12]

"ئا ئەمەیە کە لە ئەفریقادا، واتە لە کۆلۆنیالیزمی کلاسیکدا نییە. لە هیندوستانو خۆرهەڵاتیشدا نییە. ئەوە جۆرێکە لە پەیوەندی کە تەنها لە کوردستان دا پەیڕەوی لێ دەکرێ. ئەنجامی ئەوەش کە کۆلۆنییەکی کلاسیک نیەو، ڕووبەڕووی گوشارێک بۆتەوە زۆر سەختترە لەوەی لە کۆلۆنیە کلاسیکەکاندا هەیە...". [13]

نەگۆڕبوونی روانینی نەتەوەخوازیی فارس بەدرێژایی دەمو کاتی سەرهەڵدانی بەرانبەر بە مەسەلەی کورد یەکێکی تر لەو بابەتانەیە کە کوردستان لە کۆلۆنیە کلاسیکەکان جیا دەکاتەوە.

"بۆ نموونە با ئافریقا وەرگرین: لە سەدەی حەڤدەهەمدا، خەڵکی رەسەنی ئافریقا بە لای ئۆرووپای‌یەکانەوە کیوی‌و وەحشین، لەسەدەی هەژدەهەمدا ئەم تێڕوانینە بڕێک گۆڕدراوە پێیان وتراوە (کێوی‌یە ئازیزەکە). تەنانەت هەدێ لە بیریارە ئۆرووپاییەکان شەرمەزاریی خۆیان دەربڕیوە لەو سیاسەتە کۆلۆنیالی‌یەوە دەوڵەتەکانیان لە ئەفریقادا پەیرەوی دەکەن. لە سەدەی نۆزدەهەمیشدا ئۆرووپاییەکان، ئەفریقاییەکانیان تەنها بە "سەرەتایی" وەسف کردووە، واتە لەلایەن ئۆرووپاییە (شارستانی)یەکانەوە وەکو مرۆڤگەلێک وەرگیراون کە پێویستە بە شارستانی بژین و بکرێنە خاوەنی کولتورو شارستانێتی. ئافریقای سەدەی بیستەمیش یەکیکە لە گرنگترین ئەندامەکانی جیهانی سێهەم. وەکوو بینرا، تێڕوانینی دەوڵەتە کۆلۆنیا ئۆرووپاییەکان بۆ گەلانی ئەفریقا لەناو پروسەیەکی مێژوویی‌دا بەردەوام لەگۆڕاندابووە. بەم شێوەیە گەلانی ئافریقا یەک لە دوای یەک سەربەخۆییان بەدەست هێناوەو دەوڵەتی خۆیان دامەزراندووە...". [14]

بەڵام روانگەی نەتەوەخوازیی فارس لە حاند مافخوازیی کورد بە درێژایی مێژووی تەمەنی گۆڕان هەڵنەگر بووە، بەکۆیلەکردن‌و بەفارس کردن‌و تواندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بەبێ‌نیوەبر بەشێکی جیانەکراوە لە بنچینە فیکری‌یەکانی ئەو نەتەوەخوازی‌یە بووە و تێپەڕبوونی کات‌و سەردەم چ گۆڕانێکی لە روانینی ئەو نەتەوەخوازی‌یە پێک نەهێناوە. شەڕخوازی‌و مەزنیخوازی‌و هاوکات لەگەڵ دەمارگرژی‌یەکی لوتبەرزانە، هەوڵدان بۆ تواندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی، کولتوری داگیرکاری‌و نکولی کردن، کۆمەڵێک لە بنەماکانی ئەو نەتەوەخوازی‌یە پێک دێنن. بە واتەیەکی تر دەتوانین بڵێین نەتەوەخوازیی فارس هێندەی لە حاند نەتەوە ژێردەستەکان، ناسیۆنالیزمێکی شەڕخوازو بەرزەفڕو توناکەرە، کە چی دە هێندە بۆ دەوڵەتەکانی دەرەکی ملکەچ‌و خۆبەدەستەوە

دەرە. سەردارەتیی چەندین ساڵەی ئەو نەتەوەخوازی‌یە لەدەسەڵات دا، جۆرە کولتورێکی تایبەتی بۆ بەرهەم هێناوە کە لە چەوسانەوەو بەکۆیلەکردنی نەتەوەکانی تر چێژ وەربگرێو هەست بە بەختەوەری بکا. بە زمانێکی راشکاوانەتر دەتوانین بڵێین نەتەەخوازیی فارس تا سەر ئێسقان نەتەوەخوازی‌یەکی نەخۆشە. پەتای مەزنیخوازی‌و سروشتی سەرکوتکردن‌و داپلۆسین، نکولی کردنی لە مافـو ئازادییەکانی بەرانبەرەکانی، کولتوورێکی نەخۆشی بۆ بەرهەم هێناوە کە تا رۆژگاری ئەورۆ نەیتوانیوە خۆی لەدەستی رزگار بکا.

سەرچاوەکانی فەسڵی دووهەم:

1. ئیمپراتۆریای لم. رەفیق سابیر. سوید 1998. لاپەرەکانی 122و121.

2. ئیمپراتۆریی لم لە نوسینی رەفیق سابیر. لاپەری 82.

3. پێداچوونەوە: گەشتێک بەنێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ئێران. کەریم حیسامی لاپەری 43.

4. چل سال خەبات لە پێناوی ئازادی. کورتە مێژووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. بە پێنووسی: د. عبدلرحمن قاسملو لاپەری 12.

5. ئیمپراتوریای لم. دەربارەی ئیسلام، خێڵ‌و ناسیۆنالیزم. رەفیق سابیر. سوید 1998. لاپەری 121.

6. چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی. دوکتور قاسملوو. لاپەڕی 13.

7. چێشتی مجێور لە نووسینی مامۆستا هەژار لاپەرە 59.

8. ئیسماعیل بێشکچی له چاوپێکەوتنێکی "دۆسێی تورکیە"دا ژمارە1 مایسی 2005 سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی لە کوردستان دەری دەکاتو گۆڤارێکی وەرزیی تایبەت بە کاروباری تورکیایە.

9. لە وتوویژێکی بێشکچی وەرگیراوە بڕوانە "دۆسێی تورکیا"، گۆڤارێکی وەرزی تایبەت بە کاروباری تورکیایەو سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان دەریدەکات بڕوانە لاپەڕەکانی 102و 103.

10. ئیسماعیل بێشکچی_ کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی. وەرگێرانی لە عەرەبییەوە حەمەرەشید. بڕوانە لاپەڕەکانی 32و 31.

11. سیوسێ گوڵە_ ئیسماعیل بێشکچی. وەرگێڕانی لە تورکییەوە ئاسۆس هەردی. زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم ژمارە 26 لاپەڕی 309.

12. سیوسێ گوڵە. بێشکچی لاپەرەی 308).

13. سیوسێ گوڵە. بێشکچی لاپەرەی 308.

14. ئیسماعیل بێشکچی ، سیسێ گوڵە لاپەڕی 307.

## بیرۆکەی دامەزرانی دەوڵەتی تاک نەتەوە لەئێراندا

بیرۆکەی داهێنانی ئەو سیستەمە سیاسی‌یە کە رەزاشا دایمەزراند، شتێک نەبوو کە لە لایەن ئەوەوە تیئۆریزە کرابێ. رەهەندە فیکری‌یەکانی دەوڵەتێکی بەهێزو سەرەرۆ کە نکۆڵی لە هەموو ناسنامە نەتەوەیی‌یەکانی تر لە ئێران دا بکا، بۆ خاوەنانێکی تر دەگەڕایەوە. رووناکبیرانو بیرمەندانی نەتەوەخوازیی فارس داهێنەرو گەڵاڵەدارێژەری ئەو مودیلە لە دەوڵەت بوون کە بە مودیلی دەوڵەت- نەتەوە ناسراوە.

ئەو نوخبەیە چەندین ساڵ پێش لە هاتنە سەر کاری رەزاشا، بناغەو بنچینە فیکری‌یەکانی جۆر و چەشنی ئەو نەتەوەخوازی‌یەیان تێئۆریزە کردبوو. لەونێوەدا تەنیا کارێکی کە رەزاشا بە ئەستۆی گرت ئەوە بوو، هاوکات لەگەڵ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بنەماکانی ئەو نەتەوەخوازی‌یەی لە ئاستی گوتارەوە بۆ مەیدانی کردەوە گواستەوە. یاخۆ بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین دەوڵەتی ناسیۆناڵی فارس کە لە لایەن رەزاشاوە نوێنەرایەتی دەکرا، هەر هەمان ئەو خەونو بیر و ئیدەئالانە بوون کە نوخبەکانی نەتەوەخوازیی فارس لەمێژ ساڵ بوو خەویان پێوە دەدی و لەمێژساڵ بوو بنچینەکانی فیکریی ئەو نەتەوخوازی‌یەیان لە قالبی گوتاری رۆشنبیری بەرهەم هێنابوو.

بۆ ناسینی روحو سروشت و تایبەتمەندی‌یەکانی نەتەوەخوازیی فارس گەڕان بە دوای بیری نوخبەی ئەو نەتەوەخوازی‌یە لە سەردەمی "مەشروتە"و "رەزاشا"دا گرینگی‌یەکی تایبەتیی هەیە. لەونێوەدا پشکنینی پەرتووک و گۆڤارو بڵاوکراوەکانی ئەم دوو قۆناغە یارمەتیدەرێکی گرینگ دەبن بۆ ناسینی جۆری نەتەوەخوازیی فارس و بۆ تێگەیشتن لە بیری ئێلیتی ئەو نەتەوەخوازی‌یە. بە واتایەکی تر دەمانهەوێ بڵێین بیرۆکەی بونیاتنانی دەوڵەتی تاک نەتەوە، بەر لەوەی بەرهەمی دەزگای فیکری‌و ئیدئۆلۆژیکی دەوڵەتی رەزاشا بێ، خوڵقاوی هزری نوخبەی ئەو نەتەوەخوازی‌یە بوو.

پێکهێنانی ناوەندێکی بەهێزی سانترالیستی کە بەهۆی ئەوەوە سەردارەتیی نەتەوەی فارس بە هوویەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا

بلکێنیٚ، بەردی بناغەی بیری نوخبەی خوێندەواری نەتەوەی فارسی لەسەر هەڵچنرابوو. بەگوێرەی ئەو بیرە بۆ ئەوەی ئیران چیتر لە کاروانی پێشکەوتنی دنیا جیٚ نەمێنیٚ و "شکۆو عەزەمەتی ئێرانی باستان" جارێکی تر بژێندرێتەوە، کۆتایی هێنان و خاشەبڕکردنی گشت جۆرە دەسەڵاتێکی ناوچەییو بەهێز کردنی ناوەندێکی دەسڕۆیو و سەرەڕۆ، بە یەکەم هەنگاو دەژمێردرا. هەموو فەزای رووناکبیری لە نێوان "مەشروتە"و "سەردەمی هاتنە سەر کاری رەزاشا" لە چوارچێوەی ئەم بازنە فیکرییە دا دەخولایەوە.

کاتیٚ بەشێکی بەرچاو لە توێژی خوێندەواری نەتەوەی فارس هەلی ئەوەیان بۆ دەرەخسیٚ بۆ خوێندن پیٚ بنێنە وڵاتانی ئوروپاییو لە نزیکەوە لەگەڵ کولتورو شارستانییەتو پێشکەوتنەکانی جیهانی رۆژئاوادا ئاشنا بن، دواکەوتوویی ئێران یەکەم مەسەلەیەک دەبیٚ کە سەرنجی ئەوان بۆ لای خۆی رادەکێشیٚ.

لەونێوەدا هەر ئەندازە پتر لەم پرسە رادەمێنین، بە هەمان ئەندازەش دەسکەوتەکانی کولتوریی رۆژئاوا وەک: حکومەتی قانون، پارلمان و مۆدێرنیزە کردنی کۆمەڵگای رۆژئاواییيان پتر بۆ دەبێتە ئۆلگوویەکی فیکری.

زمانی حاڵی ئەو نوخبەیەش کە هەموو سەرقاڵیيەکانی چیٚ کردنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی فارس لە ئێراندا بوو، خاوەنی کۆمەڵێک گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەت بەم بوارە بوون. ئەو بڵاوکراوانەش لە پرۆسەیەکی کاریدا هەم توانیان هەموو کەشو هەوای فیکریی توێژی رووناکبیری نەتەوەخوازیی فارس بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوەو هەم بنچینەکانی نەتەوەخوازیی فارسیان بۆ دەسەڵاتدارەتی لە ئێران تئۆریزە کرد.

هەر بۆیە گەڕان بە دوای بیری کەسایەتیەکانو باقی بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمە بە مانای خۆسەرقاڵ کردن بە پۆزیسیۆنی فیکریی کۆمەڵە کەسانێکی ئاسایی نیە. دواتر هەر کام لەوانە بوون بە یەکێک لە کاربەدەستانی پایەبەرزی دەسەڵاتدارێتی لە حکوومەتی رەزاشا دا. بۆ وێنە "تقیزادە" وەک سەردەبیری بڵاوکراوەی "کاوە" جگە لەوەی کە یەکێک لە رێبەرانی ناسراوی مەشرووتە بوو، دواتر لە زەمانی رەزاشادا هەر لە

وەزارەتەوە بگرە تا سەفارەت و سەرۆکی مەجلیسی سەنا، پلەوپایەی دەوڵەتیی پێئەسپێردرا. "علی دشتی" بۆ چەند دەورە بوو بە نوێنەری مەجلیسی سەنا و شورای میللی. "داوری"ش هەر بە هەمان شێوە بە درێژایی چەندین ساڵ نوێنەری مەجلیسو بەرپرسایەتیی دەوڵەتیی هەبوو.

یەکێک لەو بڵاوکراوانە، گۆڤاری "کاوە" بوو. کاوە لە بێرلین دەردەچوو و "سید حەسەن تقیزادە" سەردەبیری بوو. ئەم بڵاوکراوەیە لە ماوەی ژیانی دا بە دوو قۆناغ دا تێپەڕی. لە قۆناغی یەکەمیدا بەشی هەرە زۆری بابەتەکانی بۆ دیفاع و پشتیوانی لە ئاڵمان بەرانبەر بە روسیەو ئینگلستان تەرخان کرابوو(شەڕی یەکەمی جیهانی). لە قۆناغی دووهەمیش کە لە ساڵی 1920ی زایینی ڕا دەست پێ دەکات، بەشی هەرە زۆری تەوەری باسەکانی بۆ تەبلیغ و چەسپاندنی بیرو کولتوری رۆژئاوایی تەرخان دەکرێ.

بەگوێرەی روانینی "کاوە" نزیک بوونەوەو قۆستنەوەی بیرو کولتوری رۆژئاوایی تەنیا رێگای پێشکەوتنی ئێرانە. "کاوە" لای وابوو بەر لە هەرتشتێ ئێران پێویستی بە ریفۆرمێکی سیاسیو کولتووری ناوخۆیی هەیە. بۆ ئەو ریفۆرمەش تەنیا بە پشت ئەستووری بە بیرو کولتوری رۆژئاوایی ئەم ئامانجە دەتوانێ بێتەدی. یەکەم ژمارەی خولی دوهەمی کاوە، یەکێک لە بەناوبانگترین وتارەکانی "تقیزادە" لەخۆ دەگرێ و تێدا هاتووە:

"ئێران دەبێ لە رواڵەتو نێوررۆک، بە لەشو بە روح وەکوو وڵاتێکی فەرەنگیی لێ بێ. ئەگەر زاناکانی ئێرانی ئەو رێگایە هەڵبژێرنو کاری بۆ بکەن، نەک هەر ئێران ئاوەدانو بەختەوەر دەبێ بەڵکوو لە مەترسیيەکانی ئێستاو دادێ رزگاری دەبێ."[1]

بەڵام کاتێ "تقیزادە" باس لەوە دەکا "ئێران دەبێ لە رواڵەتو لە نێوەرۆکو بە روحو بە لەش "فەرەنگی" بێ، مەبەستی لەنێو بردنی هەموو بایەخەکانی ئەو وڵاتە نیە. زمان یەکێک لەوانەیەو مەبەستی لە زمانیش دیارە هەر زمانی فارسیيە کە دەبێ نەتەنیا بپارێزرێ، بەڵکوو بۆ گەشە کردن و سەردەست کردنیشی هەوڵ بدرێ. هەر بۆیە لە وتارەکەی دا خێرا وەبیر خوێنەری دەخاتەوەو دەنووسێ:

"دەبێ شارستانی‌یەتی ئۆرووپاو کولتوورو داب‌و نەریت‌و زانست‌و ڕاهێنان‌و پیشەسازی‌و ژیان‌و هەموو دەرفەتەکانی ئۆرووپایی بەبێ هیچ هەڵاواردنێک قەبوڵ بکەین، هەڵبەت لێرەدا بەبێ لەبیر کردنی مەسەلەی زمان...."[2]

بەڵام تەوەرەکانی لاپەرەکانی "کاوە" تەنیا بۆ باس لە گرینگیی کولتورو بیری ڕۆژئاوایی‌و بۆ کۆتایی هێنان بە دواکەوتوویی ئێران تەرخان نەکراوە، بەڵکوو لە ئامرازو کەرەسەیەکیش گەڕاوە کە پرۆژەی ئەم ریفۆرمەی لە کردەوەدا بۆ بێنێتە دی. دەوڵەتێکی سەرەڕۆی تاک نەتەوە کە نوێنەرایەتیی سەردارەتی ئیتنیسیتەی فارس بگرێتە ئەستۆ، وەڵامی ئەو پرسە بوو. "کاوە" لەم پێوەندی‌یەدا دێتە قسەو دەڵێ:

"لە هەل‌مەرجێکی قەیراناوی ناکرێ ڕێفۆرمی بنەڕەتی بکرێ. هەر بە هەمان شێوە ناشکرێ پەروەردەی گشتی پەرە پێ بدرێ. بۆ ڕێفۆرمی خێرا، زەمینەیەکی لەبار پێویستە بۆ هەر چەشنە ئیسلاحێکی بەلەز. سەرەتا پێویستە بۆ هەر چەشنە ڕێفۆرمێکی بنەڕەتی بۆ بەهێز کردنی دەوڵەتی ناوەندی‌و پێک هێنانی سەقامگرتوویی بەردەوام لە ولات دا هەنگاوی جیددی بنرێ."[3]

"سەرهەڵدانی مرۆڤێک کە بە شێوەی پاشایەتی "پوتر"ی مەزن لە روسیە و"میکادۆ"ی ژاپۆن و دوور لە بازرگانانی تێک شکاو و دۆعاخوێنەکانی سیاسیکاری بازاری بتوانێ پرەنسیپەکانی شارستانیەت بۆ هەموو کەلێن‌و قوژبنێکی وڵات بگەیەنێ‌و ریفۆرمی پێویست بکات، لە زمرەی گرینگترینی ئەو هەنگاوانەیە."[4]

ئەرکی گەورەپیاوێکی لە چەشنی "پوتری مەزن" لەو نێوەدا رۆڵێکی رزگارکەریی پێ دەسپێردرێ، بۆ ئەوەی بێ هیچ سڵەمینەوەیەک و بە هێزی زۆرو داپڵۆسین ئێران بەرە پێشکەوتن بەرێ. زمانی نەتەوەکانی غەیری فارس بتوێنێتەوەو گشت تایبەتمەندی‌یەکانی نەتەوە ژێر دەستەکانی دانیشتووی ئێران، بەرەو فەوتان‌و نەمان بەرێ. دەس بخاتە جوغرافیای ئەو نەتەوانەوەو وەک تووی هەرزن هەر جارێک بە بیانوویەک لە زێدی باب‌و باپیرانیان دووریان بخاتەوەو تووشی ڕاگوێستنیان بکات. هەموو

ئەوانەش بەبێ بوونی سەرەڕۆیەکی شوینیستمەسلەک نەیاندەتوانی بە کردەوە بێنە دی. هەر بۆیە ئەگەر لەو روانگەیەوە لە تێئۆریی "ئیستیبدادی منور" (سەرەڕۆی پرشنگدار) بڕوانین، هێنانە ئارای ئەو بیرە، وڵامێکی پڕبە پێست بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەخوازیی فارس لە ئێراندا. حەزو خولیای "کاوە" کە لە راستیدا زمانی حاڵی دیسکۆرسی نەتەوەخوازیی فارس بوو، هەر لە ئاستی گوتارو نووسین نەمایەوە. بە هاتنە سەر تەختی رەزاشا ئەو گوتارە بوو بە بیرو فەلسەفەیەکی دەوڵەتی. "سەرەڕۆی پرشنگدار" لە قالبی کەسایەتێکی "ناجی"و "رزگاریکەر" کە رەزاشا بێ، سەری لە ناو سەران دا دەرهێنا.

بەڵام هەوڵ دان بۆ هێنانە سەر کاری دەسەڵاتێکی رەهای تاک نەتەوە، دوایین وێستگەی گیرسانەوەی گۆڤاری "کاوە" نەبوو."کاوە" لە درێژەی پێوانی ئەو رەوتەی کە دەستی پێکردبوو، دەستی دایە بەرهەمهێنانی دوایین بیرۆکەی خۆی واتە: "سەرەڕۆی پرشنگدار" یاخۆ "ئیستبدادی مونەوەر"یشی بۆ کامل کردنی دەوڵەتێکی سەرەڕۆ هێنایە ئاراوە.

"هەروەکوو دیتراش رزگاریکەرێکی لەم چەشنەش لە بیچمی رەزاخان دا بەدەسەڵات گەیەنراو رۆڵی خۆی بە وێنەی رزگاریدەرو پارێزرەی سەربەخۆییو تەواویەتی ئەرزی دەبوایە بەجێ گەیاندبایە."[5]

ئەگەر گوتاری نەتەوەخوازیی فارس تا پێش لە هاتنە سەر کاری رەزاشا هۆکاری پێویستی "سەرەڕۆی پرشنگدار" بۆ کۆتایی هێنان بە دواکەوتوویی‌و قۆزتنەوەی کولتوری رۆژئاوایی بۆ مۆدێرن کردنی ئێران دەبەستەوە، لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی رەزاشا ئەو گوتارە گەلێک لایەنی تریشی بۆ زیاد کرا.

مێژوونووسان و بیرمەندانی نەتەوەخوازیی فارس لەو قۆناغەدا هەوڵیان دا بنەمایەکی فەلسەفی و مێژوویی بۆ تاج و تەختی رەزاشاش بەرهەم بێنن. گەڕانەوە بۆ ئێرانی باستان‌و وەرێخستنی تەبلیغاتێکی پڕ لە درۆ و ئەفسانە لە مێژووی پاشاکانی تری ئێران بەشێک لەو لایەنە بوو کە تێکەڵاوی بیری نەتەوەخوازیی فارس کرا، بە واتایەکی تر لەو قۆناغەدا "پان فارسیسم"و "شاپەرستی" لە گوتاری نەتەوەخوازیی فارس‌دا لێک گرێ دەدرێن‌و دەبنە تەواوکەری یەکتری.

لەم شانۆسازیەشدا تاجو تەختی رەزاشا بە درێژەی تاجو تەختی "کورشی مەزن"و پاشاکانی تری ئێران لە قەڵەم دراو پاشایەتیی رەزاشا بە وێنەی ئاڵقەی پێوەندیی نێوان ئێستا و ئێرانی باستان سەیر کرا. ئێرانی باستانیش تا ئەو جێگایەی بۆ مێژوونوسانی نەتەوەخوازیی فارس کرا، عەزەمەتو شکۆو گەورەیی ساختەی بۆ چێکرا. هەموو ئەو هەوڵانەش بۆ ئەوە بوو شکۆیەکی ئەفسانەییو هەیمەنەیەکی خۆفهێنەر بە تاجو تەختی "کۆنە مەیتەری ئینگلیستان واتە رەزاشا ببەخشرێ". [6]

"موحەمەد عەلی فرووغی" کە یەکەم سەرۆک وەزیری دەسەڵاتەکەی رەزاشای پێسپێردراو یەکێک لەو کەسانە بوو کە نەخشی فیرکاری رەزاشا و ئیدەئۆلۆگی ئەو سیستەمەی بە ئەستۆوە بوو، لە رۆژی تاج لەسەرنانی رەزاشا، ئەوی بە "پادشای پاکزاد" و "ئێران زاد"و "رزگارکەری ئێران"و "بووژێنەرەوەی پاشایەتیی ئێرانی باستان"ی ناساند. بۆ فرووغی هەر کام لەو تایبەتمەندییانە بە دانستە هەڵبژێردرابوون، ئەو وەک تاکەکەس چ پێویستییەکی بەو پەسەندبێژانە بۆ رەزاشا نەبوو. ئەو بەو وتانە لەو رۆژەدا لە هەوڵی ئەوە دابوو بە تیرێک دوو نیشان بەجارێک بپێکێ.

لە لایەک روو بە دەرەوە دەیهەویست ئەو پەیامە بگەیەنێ کە لەمەولا دەبێ چۆن لە عەزەمەتو شکۆی رەزاشا بڕواندرێ. لەلایەکی دیکەشەوە رەزاخانیش دەبێ لەو رۆوە فێر بکرێ، ئەو چیتر "رەزاخانی قەزاق"و "میرپێنج"و تەنانەت "سەردار سپا"ی جارانیش نەماوە، بەڵکوو شای شاهانە، خاوەن تاجو تەختی بەمیرات پێگەیشتووی پاشاکانی ئێرانی باستانە. وەک کوروشو داریوشو ئەنەوشیروان. ئەو لە دۆزێکی ئاڵۆزدا بە وێنەی سەربازێکی فیداکار (بەبێ ئەوەی بۆخۆی ویستبێتی)! بۆ نەجاتی ئێرانو گەڕاندنەوەی شکۆی لە دەسچووی ئێرانی باستان، مێژوو ئەو ئەرکەی خستۆتە سەر شانی و لە کەشکەلانی ئاسمانەوە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ریسالەتە مێژوویییە بۆ خەڵکی ئەو ئاو و خاکە بە دیاری هاتووە!!!

بەڵام تایبەتمەندیی نەتەوەخوازیی فارس بە مەبەستی دانی شکۆو هەیمەنەی دەسەڵاتی رەزاشا تەنیا گەڕانەوە بۆ ئێران باستان و مەزنیی کورش کەبیرو داریوشو کەلاوەکانی تەختی جەمشید نەبوو، بەڵکوو لاسایی کردنەوەو وێنە هەڵگرتنەوەیەکیش بوو لە مودێلی نەتەوەسازی

فەرانسەیی کە لەودا بەسەردەست کردنی گرووپێکی ئیتنیکی بە هۆویەتی دەسەڵاتی سیاسیەوە، کۆتایی بە فرەچەشنیو فرە نەتەوەیی بوونی ئێران بێنێ.

## لە دوای ''کاوە''

"کاوە" لە خولی دووهەمی کارو تێکۆشانی هزریی خۆیدا توانی 12 ژمارە چاپو بڵاو بکاتەوە و لە 30 مارسی 1922 لە چالاکیی خۆی وەستان. بەڵام دوو ساڵ دوایە لە ساڵی 1924 بڵاوکراوەیەکی تر بە ناوی "نامەی فەرەنگستان" دەستی بە کار کرد. "فەرەنگستان"یش هەوڵێکی تری بە کۆمەڵی رووناکبیرانی خوێندکاری فارس بوو کە بۆ خوێندن لە بێرلینی ئاڵمان لە دەوری یەک گیرسابوونەوە. "غولامحوسین فروهەر، حەسەن نەفیسی، موشفق کازمی، توقی ئەرانی، عەلی ئەردەلان، برایم مەهدەوی" لە کەسایەتیە ناسراوەکانی ئەم پێکهاتەیە بوون و "حەسەن موقەدەم"یش سەرنووسەری بڵاوکراوەکە بوو.

تا ئەو جێگایەی بۆ جۆری ئامانج و رێبازی "نامەی فەرەنگستان" دەگەڕێتەوە،دەبێ بڵێین "فەرەنگستان"یش هەر هەڵگری هەمان رێبازی "کاوە" بوو. لەو بارەیەوە لە یەکەم ژمارەی "نامەی فەرەنگستان"دا هاتووە: "ئەم بڵاوکراوەیە خۆزیاو بریای کۆمەڵێک لاوی ئێرانیە کە دەیانهەوێ بەهۆی دەربڕینی بیرو روانگەکانیان بە دژی "جەهلو خورافات" ئێران لە خەوی نووستووی چەند سەت ساڵە رزگار بکەن. هەوڵێک کە بتوانێ ئێران لەسەدەکانی نێوەڕاستەوە بەرەو سەدەی پێشکەوتنو نوێخوازیی سەدەی بیستەم بەرێو ژیانێکی نوێی کە لەودا هەموو شتێکی نوێ بێ، دەستەبەر بکرێ، واتە ئێرانێکی نوێ، بیری نوێ، کەڵەپیاوێکی نوێ." [7]

" فەرەنگستان"یش وەک "کاوە" لەسەر ئەو باوەڕە بوو و دەیگوت:

"ئێمە دەمانەوێ ئێران وەکوو ئۆرووپا لێ بکەین. ئێمە دەمانەوێ سێڵاوی شارستانییەتی ئۆرووپا بەرەوە ئێران داشکێنین. ئێمە دەمانەوێ بە پاراستنی جەوهەری ئەخلاقیی تایبەت بە ئێران ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنین‌و ئێران لە رواڵەت‌و بە ناوەرۆک‌و بە لەش‌و بەگیان بگەیەنینە ئاستی وڵاتێکی ئۆرووپایی."[8]

" فەرەنگستان"یش بە وێنەی "کاوە" زۆر خێرا هاتە سەر ئەو باوەڕە کە بڵێ: "مێژوی 18ساڵەی شۆڕشی مەشرووتەخوازی لە ئێران حوکمرانی زۆرایەتی‌یەکی نەزان بوو کە بوو بە هۆی دواکەوتوویی پتری ئێران. هەر بۆیە گەڕانەوە بۆ زۆرایەتیی جەماوەرو حکومەتی قانوون لە ژینگەیەک کە زۆربەی خەڵکەکەی مانای پارلمان‌و مەشرووتە تێناگەن، شتێکی بێ‌ئاکامە. [9]

ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لە رۆڵی جەماوەر لە بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگا، خێرا " فەرەنگستان" بەو ئاکامە دەگەیەنێ جێ‌پێی بیری "کاوە" هەڵبگرێتەوە. واتە "ئیستبدادی مونەوەر"ی "کاوە" جێی خۆی دەدا بە "کەڵەپیاوێکی سەرەڕۆ" بەگوێرەی ئەو روانگەیە، هەر تەنیا بە پشت بەستن بە بیرێکی تاکەکەسی‌و کردەوەکانی ئەو بە تەنیایی دەتوانن گۆڕانکاری لە کۆمەڵگا بەدی بێنن. "فەرەنگستان" لەو بارەیەوە دەنووسێ: "هەر تەنیا بە پشت بەستن بە کەڵەپیاوێکی مەزن‌و بیرو کردەوەکانی ئەوە کە دەتوانێ سەردەمێکی نوێ بۆ خەڵکی وڵاتی ئێرانی بێنێتە دی". [10]

بە باوەڕی " فەرەنگستان" ئەو "کەڵەپیاوەش" دەبێ لە کەسایەتی‌دا دوو تایبەتمەندی لە خۆیدا کۆ کردبێتەوە: یەکەمیان جیددی بونەو دووهەمیشیان بوونی زانستە. [11]

ئەم دوو تایبەتمەندیەش بۆیە بە لای "فرنگستان"ەوە گرینگە چونکە: کاتێ دیکتاتۆرێک کە تەنیا جیددیەتی هەبێ‌و زانستی نەبێ، کردەوەگەلێکی چەوتی لێدەکەوێتەوەو بە پێچەوانەش کاتێکیش هەر تەنیا تێگەیشتویی هەبێ، بەڵام جیددی نەبێ، کارەکانی ناتوانێ چ ئاکامێکی بەکەڵکی لێ بکەوێتەوە. [12]

دوای ئەو هەموو هێنانو بەردەیە، ئۆلگووی کەسایەتیی (نامەی فەرەنگستان) سەر لە "موسولینی" وە دەردێنێ کە توانیویەتی ئیتالیا بەرەو پێشکەوتن بەرێ. هۆی ئەو سەرکەوتنەی موسولینیش لەوەدا دەبینێ کە:

"موسولینی هەڵگری هەر دوو تایبەتمەندی بوو، واتە هەم تێگەیشتوویی‌و هەم جیددییەت". [13]

" فەرەنگستان" لای وابوو دیکتاتور کەسایەتی‌یەکی خاوەن ئیدەئالەو لەگەڵ هەر هەنگاوێکی، چەندین ساڵ کۆمەڵگا بەرەوپێشەوە دەبا. هەر لەو رووەوە لە راوێژو ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیدا "بەدیکتاتۆری شۆڕشگێڕ" ناوی دەبرد.

بەڵام خەونو سەرقاڵی‌یەکانی " فەرەنگستان" هەر تەنیا گەڕان بە دوای دۆزینەوەی سەرەڕۆیەکی داپڵۆسێنەر نەبوو، بۆ ئەوەی بە زۆرو توندو تیژی‌و لەسەرەوە چەرخی کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە ببا، بەڵکوو سەردەست کردنی ئێتنیسیتەی فارسیش بە هەویەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بوو. واتە نوێخوازیی نوخبەی نەتەوەخوازیی فارس بە مانای سەروەریی عەقڵێکی رەخنەگرانەو قەبوولی فرەچەشنی و ریزدان بۆ جیاوازیی ئێتنو-کولتوری لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دا نەبوو.

ئەو نوێخوازی‌یە، تا سەر ئێسقان رواڵەتی و دەربڕی عەقڵێکی ئامرازی بوو و چ جۆرە خزمایەتێکی لەگەڵ عەقڵێک کە لە تەک ئازادی دا پیوەندیی هەبێ، نەیبوو. دیارە هۆکاری ئەوەش بۆ تێگەیشتنێکی سەقەت لە واتاکانی نوێخوازی‌و سەروەری عەقڵی ئازاد نەدەگەڕایەوە، بەڵکوو بەرژەوەندیی نەتەوەخوازیی فارس هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەو خوێندنەوە لە نوێخوازیی کە خزمەت بە باندەستیی نەتەوەی فارس لە ئێراندا بکات.

" فەرەنگستان"ی ژمارە سێ بەروونی لەبەر دەرگای ئەم باسە دەداو دەنووسێ:

"ئێرانی بێ قوتابخانە چیتر ناتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بدا. نەخوێندەواریی خەڵک، هەڕەشە لە سەربەخۆیی نێوخۆیی‌و دەرەکی ئێران دەکات. نەبوونی قوتابخانە بۆتە هۆی ئەوەی کە زمانی رەسمی‌و میللی لە هەموو ئێران دا نەزاندرێ. ئازەربایجانی خۆی بە ئێرانی دەزانێ، بۆ

بەختەوەریی ئێران تێدەکۆشێ، له کەمترین کارتێکەریی بێگانه را دەکا، له قسه کردن به زمانی تورکی بێزی هەڵدەستێ. بەڵام نەبونی قوتابخانه ئەوی ناچار کردووه ئەو ژیانه تاڵه قەبووڵ بکا. دەبێ ئێرانیيه تورک زمانەکان، لەو نەگبەتیيه رزگار بکرێن. رۆحی کوژراوانو کاولگەی شوێنەواره مێژوویيەکانی ئێرانی باستان، پاک کردنەوەی نیشتمان له شوێنەواری بەربەرەکان داوا دەکا. بەڵام گرفت ئەوەيه ئێستاش هەموو ئێرانیيەکان نازانن له زۆربەی دەڤەرەکانی ئێران، شوێنەواری هێرشی وەحشیانەی ترکان هەر وا ماوە. بۆ لەنێو بردنی شوێنەواری چەپەڵی زمانی تورکی جیا له پەرەپێدانی زانستو دامەزراندنی قوتابخانەی نوێ چارەيەکی تر نيه. بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ پڕوپاگەندەی بێنێوەرۆکی ترکان جیا له کردنەوەی قوتابخانەی نوێ تشتێکی دیکه ناتوانێ بەربەرەکانیی زمانی ترکان بکات."[14]

له دوای "کاوە و نامەی فەرهەنگستان" بڵاوکراوەيەکی تری نوخبەی نەتەوەخوازیی فارس لەو ساڵانه "شەفەق سورخ"(گزینگی سوور) بوو. هێڵ و رێبازی "شەفەق سورخ"یش درێژەی هەر هەمان خەتو رێبازی "کاوە" و "نامەی فەرهەنگستان" بوو. بونیاتنانی دەوڵەتێکی بەهێزو سەرەڕۆی تاک نەتەوە، بەردی بناغەی روانگەکانی ئەم بڵاوکراوەيەشی لەخۆ دەگرت.

لێرەش پێ و شوێنی لایەنگری له دەسەڵاتێکی بەهێزی ناوەندی تاکنەتەوە له وتارو بابەتەکانی بڵاوکراوەی "گزینگی سوور"یش به ئاشکرا دەبیندرێ. بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوەيەش هەر به هەمان شێوە کاری بۆ ئەوە دەکرد به باندەست کردنی ئیتنیسیتەی فارس، گشت شوێنەوارێکی نەتەوەیی نەتەوەکانی تر له ئێران خاشەبڕ بکرێن. بۆ وێنه له يەکێک له بابەتەکانی ئەو بڵاو کراوەيەش دا هاتوە: "کاتێک وڵاتێک مەزنو خاوەن شکۆيه که خاوەنی ناوەندێکی بەهێزو يەکگرتوو بێ. ئیتر لێرەدا هیچ گرینگ نيه که ئەو وڵاته له ژێر دەسەڵاتی پادشايەکی دیکتاتۆڕ دابێ یاخود له ژێر چاوەدێریی قانوونیو پارلمان، حکومەت بەڕێوە ببردرێ... لوئی چواردەهەم، بناپارد، بیسمارک، نادر شای ئەفشار، ئاغا محەمەد خانی قاجار هەموو کەسانێک بوون که بۆ ناوەندی کردنی

دەسەڵات خوێنیان رشتووە و هەر چەشنە سەربزێوییەکیان لە گۆشەو کەناری وڵات تەفرو تونا کردووە. لە ناوەندی وڵات ئەگەر پادشایەکی بەدەسەڵات هەبووبێ، بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی ناوچەییو بچووکی لە گۆشەو قەراغی وڵات خاشەبڕ کردووە. بۆیە لە ئاکامدا ئەگەر هەموو دەسەڵاتەکان لە یەک جێدا کۆببێتەوە ئەو وڵاتە مەزن دەبێو شکۆی پێوە دیارە.[15]

لە دوای "کاوە و نامەی فەرەنگستان و شەفەق سورخ" نۆرە دەگاتە بڵاوکراوەیەکی تر بەناوی "ئایەندە". سەردەبیری "ئایەندە" "دوکتور موحەمەد ئەفشار" بوو. ئەم گۆڤارە یەکەم ژمارەی لە پوشپەڕی ساڵی 1309 هەتاوی بڵاو کرایەوە. "ئەفشار" لە ئۆروپا لە بواری زانستی سیاسەت دا خوێندنەکەی تەواو دەکات. دوای تەواو بوونی خوێندنەکەیو گەڕانەوەی بۆ ئێران دەبێتە دامەزرێنەری بڵاوکراوەی "ئایەندە". بەشی هەر زۆری بابەتەکانی "ئایەندە" بە پێنووسی "ئەفشار" دێنە بەرهەم. بەڵام کەسگەلێکی تری وەک: "سەید ئەحمەدئاغای تەورێزی، تەقیزادە، ئەحمەد کەسرەوی و رەشید یاسەمی" بە هۆی بابەتەکانیانەوە هاوکارییەکی توندو تۆڵ لەگەڵ "ئایەندە" دەکەن.

بڵاوکراوەی "ئایەندە" هەڵگری هێندێک تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆی بووە، گۆڤارەکە لە بنەڕەتدا بۆ چێ کردنی "هۆیەتی میللی" لە ئێران پێ دەنێتە گۆڕپانی ژین. هەر بەو پێیەش بەشی هەرە زۆری تەوەرەکانی بۆ ئەوە تەرخان کراوە خۆ لە قەرەی رەهەندەکانی ئەم چەمکە بدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەش "ئایەندە" تەنیا بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری نەبوو کە تەنیا خۆ بە باسی تیئۆریکییەوە سەرقاڵ بکات، بەڵکوو کاتێ لە کاکڵی بابەتەکان دەڕوانی، مرۆڤ بەخێرایی هەست بەوە دەکات بڵاوکراوەکە هەوڵی داوە لەو قۆناغە ستراتیژیک بۆ دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس دیاری بکات کە بۆ هەمیشە کۆتایی بە فرەچەشنی نەتەوەیی لەو وڵاتە بهێنرێ. بە واتایەکی روونتر بڵێین "ئایەندە" بڵاوکراوەیەکی خەتدەرو رێ نیشاندەریش بووە، بۆ دەوڵەتی رەزاشا کە چۆنو بەکەڵک وەرگرتن لە چ مکانیزمگەلێک، بناغەکانی وڵاتێکی تاک نەتەوە لە ئێران دا بونیات بنرێ. چون بتواندرێ نەتەوەیەکی یەکدەستو یەک زمان و هاوئینتمای هاوبەش دروست بکرێ.

مەبەستیش لە دروست کردنی نەتەوەی یەکدەستیش تەنیا خۆی لە بەفارس کردنی نەتەوەکانی تری غەیرە فارس دا دەدۆزیەوە.

بەباوەڕی ئەفشار گەورەترین گرفتێکی کە ڕووبەرووی ئێران بووتەوە، "کامڵ نەبوونی یەکیەتیی نەتەوەیی لە ئێرانە". [16]

لەو ڕووەوە "پاراستنو کامڵ کردنی" یەکیەتیی نەتەوەیی لە ئێران بە ئیدەئالێکی هەرە گەورەی خۆیو بڵاوکراوەکەی دەزانی. ئەفشار بۆ نیشاندانی گرینگیی یەکیەتیی نەتەوەیی لە ژیانی نەتەوەکاندا هێما بۆ چەند فاکتی مێژوویی دەکات و دەنووسێ: ئەوە ئیدئالی یەکیەتیی نەتەوەیی بوو کە بوو بە هۆی دامەزراندنی ئیمپراتۆریی نەتەوەی گەورەی ئالمان. هەر بە هەمان شێوە ئەوە ئیدئالی یەکیەتیی نەتەوەیی بوو بۆ بونیات نانی سەڵتەنەتێکی نوێ لە ئیتالیا... یاخۆ لەهستانی 3 پارچەی خستە سەریەک و کردی بە وڵاتێکی سەربەخۆ ... [17]

ئەفشار لە دوای نیشاندانی گرینگیی بوونی "ئیدئالی یەکیەتیی نەتەوەیی" لە چارەنووسی نەتەوەکاندا، هەوڵ دەدا بێتە سەر پێناسە کردنی مانای یەکیەتیی نەتەوەیی لە ئێرانو دەنووسێ: "مەبەستی ئێمە لە یەکیەتیی میللی لە ئێران بونیاتنانی یەکیەتیەکی سیاسی، ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی، کۆمەڵە خەڵکێکە کە لە چوارچێوەی سنووری ئەوڕۆیی ئێراندا نیشتەجێن". بەڵام ئەم دەربڕینە دوو واتای تری دیکەش دەگرێتە خۆ کە بریتیین لە: پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیو تەواویەتی ئەرزی لە ئێراندا". [18]

ئەفشار وەک بیرمەندێکی نەتەوەخوازی فارس لە کارەکەی دا هەوڵ دەدا بچێتە ناو وردترین پرسو گرفتەکانی سەر ڕێگای ئەو ئامانجەو لە بیری ئەوە دایە هیچ پرسیارێک بێ وەڵام نەهێڵێتەوە. هەر بۆیە بە خێرایی لە خۆی دەپرسێو دەڵێ داخوا دەبێ مەبەست لە چێ کردنو کامڵ کردنی یەکیەتیی نەتەوەیی چ بێ؟ ئەفشار لە وەڵام دا دەنووسێ: "مەبەست لە کامڵ کردنی یەکیەتیی میللی ئەوەیە کە لە تەواوی وڵاتدا زمانی فارسی زاڵ بکرێ، ناکۆکییە ناوچەییەکان لە بواری "جلوبەرگ و ئەخلاق"و شتی تر خاشەبڕ بکرێ. هیچ چەشنە دەسەڵاتێکی خۆجێیی لەئارادا نەمێنێ، کوردو لورو قەشقاییو عەرەبو تورک و تورکمەن... چ فەرقو

جیاوازی‌یەکیان نیە، هەر بۆیە چ پێویستی‌یەک ناکات بە جلوبەرگو زمانێکی تایبەتی بدوێن... بە باوەڕی ئێمە تا لە ئێران یەکیەتیی میللی لە بوارەکانی زمان، ئەخلاق، جلبەرگو... نەیەتە دی، هەموو کاتی بۆ سەربەخۆیی سیاسیو تەواویەتی ئەرزی جێگای هەڕەشەو مەترسیمان هێشتۆتەوە. ئەگەر ئێمە نەتوانین گشت ناوچەو تیرە جۆراوجۆرەکانی کە نیشتەجێی ئێرانن، وەک یەک لێ بکەین، واتا هەموویان بە مانای راستەقینەی وشە "ئێرانی بکەین" دەبێ بسەلمێنین داهاتوویەکی تاریک و تنۆکمان لەسەر ڕێیە. ئەوانەی کە بە مێژووی ئێران عەلاقەیان هەیە، ئەوانەی کە زمانو ئەدەبیاتی فارسی‌یان بەلاوە گرنگەو ئەوانەی کە باوەڕیان بە مەزهەبی شیعە هەیە، دەبێ بزانن ئەگەر یەکیەتیی ئەو وڵاتە لە گرێژنە بچێ، هەموو شتێ لەناو دەچێ. هەر لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ هەموو یەک دڵو یەک رەنگ هەوڵ بدەین زمانی فارسی بۆ هەموو ناوچەو مەڵبەندەکانی ئێران زاڵ بکرێتو بەرەبەرە جێگای زمانە بێگانەکان بگرێتەوە."[19]

بەڵام سیاسەتی "بەفارس کردن" کە رەزاشا بە ئیلهام وەرگرتن لە تیئۆریسیەنەکانی نەتەوەخوازیی فارس وەک مەحمودی ئەفشار بە توندترین شێوە کەوتە هەوڵی پراکتیزە کردنی، دەبێ چۆن و لە چ رێگایەکەوە جێبەجێ بکرێت؟ بۆ وێنە کوردێک چۆن دەتوانێ زمانی نەتەوەی خۆی کە لە راستیدا گرنگترین بەشی ناسنامەیەتی بۆ خۆ جیا کردنەوە لەوی تر، ناسنامەی نەتەوەیەکەی لێ بستێندرێتەوەو بە خشکەیی ناسنامەیەکی ساختەی تری دەبەر بکرێ؟

لە پرۆژەی بەفارس کردنی بیرمەندانی نەتەوەخوازیی فارس، ئەم بوارگەلەش بێ وەڵام نامێنێتەوە. ئەفشار بۆ ئەوەش چەند رێنوێنیی بەرواڵەت مودێرنو خێرخوازانە دێنێتە گۆڕێ!!! کە سەرخەتە ئەسڵی‌یەکانی ئەمانەن:

یەکەم: دەس بکرێ بە دروست کردنی قوتابخانەی سەرەتایی لە هەموو شوێنێک.

دووهەم: یاسای پەروەردەو فێرکردن ئیجباری بکرێ.

سێهەم: گشت کەرەسەکانی ئەو بوارە بە خۆڕایی لە داهاتی دەوڵەت بۆی تەرخان بکرێ.

چوارەم: مێژووی ئێرانو زمانی فارسی لە قوتابخانەکاندا بە وانە بگوترێتەوە.

پێنجەم: بەلێشاو هەزاران کتیبو نامیلکە بە زمانی فارسی لە تەواوی وڵات چاپو بڵاو بکرێتەوە.

لە بەندی شەشەم دا ئەفشار داوا دەکات بەخێرایی دەس بکرێ بە کێشانی رێگای ئاسنو وەرێ خستنی شەمەندەفەر بۆ هەموو ناوچەو مەڵبەندەکانی ئێران. بەڵام نەک بۆ ئەوەی خەڵکی هەژاری ناوچەو مەڵبەندەکان لە کەرەسەگەلێکی مودێرن کەڵک وەرگرن، بەڵکوو بۆ ئەوەی ئینتما بە ناسنامەی ئێرانی بوون (کە لە راستیدا مەبەستی فارس بوون بوو) دروست بکرێ و لە لایەکی تریشەوە لە کاتی پێویست دا بۆ مەبەستی عەسکەری کەڵکی لێ وەربگیردرێ.

بەندی حەوتەمیش بریتیيە لە سیاسەتی راگواستنی زۆرەملی. بۆ ئەو مەبەستەش ئەفشار داوا دەکات خەڵکی ئەو ناوچانەی کە نامۆ بە زمانی فارسین، بۆ ناوچە فارسنشینەکان راپێچەک بدرێنو لە بەرانبەریش دا بۆ شوێنی ئەوان ئێلاتی فارسیان بۆ رەوانە بکرێ.[20]

دوایین داواکاریی ئەفشار بۆ بەفارس کردنی نەتەوەکانی غەیرە فارس لە ئێران بەوە کۆتایی پێ دێ کە سەر لەنوێ جارێکی تر بە چاو بە چۆنیەتی "تەقسیماتی کێشوەری"(دابەشکردنی جوگرافی)دا بخشێننەوەو ناوگەلێکی وەک: ئازەربایجان، کوردستان و کرمان، عەرەبستان لەسەر ناوی ئەیالاتەکان کە دواتر بوون بە "ئۆستان" بە تەواوی هەڵبگیردرێن.[21]

ئەم داواکارییانەی ئەفشارو نوخبەی بیرکەرەوەی نەتەوخوازیی فارس هەر بە تەنیا لەسەر لاپەڕی بڵاوکراوەکاندا نەمایەوەو چەرخی رۆژگار نەیخستە ناو هەمبانەی فەرامۆشییەوە. ئەم داواکارییانە زۆر زوو بوون بە پرۆژەیەکی دەوڵەتیو خرانە قۆناغی پراکتیزەکردنەوەو بە توندترین شێوەی مومکین هەوڵی پیادەکردنی درا.

ئەم تێگەیشتنەی روناکبیرانی نەتەوەی فەرمانڕەوا خستیانە روو، بە هیچ جۆرێک لە ئاکامی هەڵەیەکی تئۆریکییەوە نەهاتە ئاراوە. پاراستنی

بەرژەوەندی‌یەکانی نەتەوەی فارس‌و هەوڵ دان بۆ سەردەست کردنی لە ئێران هۆکاری سەرەکی‌و راستەقینەی سەرهەڵدان‌و لەدایک بوونی ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە چەمکی نەتەوەخوازی بوو.

ئەو نەتەوەخوازی‌یە بە گشت تەیارە فیکری‌یەکانی نوخبە سیاسی‌یەکەیەوە لە هەر کەوڵێک دا بووبێ، پاراستنی تەواویەتیی ئەرزیی ئێران‌و هەوڵ دان بۆ هێشتنەوەی باندەستیی تاقانەی ئیتنیسیتەی فارس بە هەویەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا، بەشێکی جیانەکراو لە هوویەتی فیکری و ئیدئۆلۆژیکی ئەوی لەخۆ گرتەوە.

ئەگەر دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس بە زەبری چەک و توندوتیژی گشت مافخوازی‌یەکی نەتەوە زۆرلێکراوەکانی وەڵام داوەتەوە، ئیلیتی ئەو نەتەوەخوازی‌یەش بە بەرهەمهێنای بیرو پرۆژەی سەرکوت کردن بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە بێ نێوەبڕ بە هانایەوە هاتووەو بە هۆی تیئۆریەکانیەوە لە هەوڵی ئەوە دابووە شەرعیەت بە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی فارس بدات. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین: نەتەوە زۆرلێکراوەکانی ئەو وڵاتە، ئەوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی دژبەری‌و گرفتیان هەیە بە هەمان ئەندازەش بگرە پتریش لەتەک توێژی روناکبیرو ئیلیتی ئەو نەتەوەخوازیە خۆ لە خانەی دژایەتیی یەکتردا دەبیننەوە.

بە درێژایی هەمو ئەو ساڵانە گەلێک تەیاری جۆراوجۆری فیکری لەناو رووناکبیرانی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە بیچمی رێکخراوی جۆراوجۆردا هاتن‌و رۆیین. لە حیزبی توودەوە بۆ سازمانی ئینقلابی، لە مائۆئیسمەوە بۆ مارکسیم، لە تروتسکیسمەوە بۆ نزیک بوونەوە لە ئیدەی سوسیال دێمۆکراسی... لە هەموو ئەو گۆڕانکاری‌یانەدا بەدایم گوتارێک لە کولتوری رووناکبیریی نەتەوەی فەرمانڕەوا بەبێ دەسکاری مایەوە، ئەویش ڕوانینی نەگۆڕی ئەوان بوو لە حاند پرسەکانی پێوەندیدار بە دۆزی نەتەویی، نەتەوە زۆرلێکراوەکانی غەیرە فارس لە ئێراندا.

ئەم میراتە لە پڕۆسەیەکدا بووە بە بەشێک لە کولتوری نوخبەو ئیلیتی رووناکبیرانی فارس بۆ روانین لە دۆزی نەتەوە زۆرلێکراوەکان لە ئێراندا. بەجۆرێک هیچ تەیارێکی فیکری لە مێژووی رووناکبیریی ئەو وڵاتە دا ناتوانی بەدی بکەی کە بەجۆرێک لە جۆرەکانی توانیبێتی خۆی لە

کولتوری داگیرکاریو حاشاکردن لە ناسنامەی نەتەوەکانی تر قوتار کردبێ. تەنانەت هەڵگرانی گوتاری مارکسیست_ لنینیستی روناکبیرانی فارسیش نەیانویست خۆ لەو بازنەیە دەربهاوێژن. دیسکۆرسی ئەوانیش بە جۆرێک لە جۆرەکان، لە قالبی تیئۆرییەکانی م.لدا دیفاع لە ئیتنیسیتەی تاقانەی فارس لە دەسەڵاتی سیاسیو پاراستنی تەواویەتیی ئەرزیی ئێران بوو.

ئەگەر ئیلیتو نوخبەی شەپۆلی بیری نەتەوەخوازی لە وڵاتەکانی سویسو بلژیک، فرە نەتەوەیی بوونی وڵاتەکەیانو دان نان بە قەبولی فرەچەشنی وڵاتەکەیان کردە بنەمایەک بۆ دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، نوخبەی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە ئێران مودیلی دەولەت- نەتەوەی فەڕانسەیان وەک ئۆلگوو هەڵگرتەوە، مۆدێلێک کە لەودا جگە لە فەرانسەیی بوون و پێوانی رەوتی توانەوە لە بەردەم نەتەوەکانی تر رێگایەکی تری نەهێشتەوە.

سەرچاوەکانی فەسڵی سێهەم:

1. سید حسن تقی‌زاده، "کاوه" دور جدید سال پنجم شماره 1 سال 1338 ص2
2. سید حسن تقی‌زاده، "کاوه" دور جدید سال اول شماره 1، 22 ژانویه 1920
3. "کاوه" سال دوم. شماره 12 ص4
4. تقی‌زاده "بی قیدان و سیاست چیان" کاوه، دوره جدید شماره 9 سال دوم 4 سپتامبر 1921 ص3.
5. حسین فردوست، ظهور و سقوط سلطنت پهلوی. جلد دوم تهران 1370 ص 160-161
6. بڕوانە : گفتگوی عبدالله شهبازی با محمدقلی مجد. تحت عنوان اسناد علنی شده دولت آمریکا تاریخ پهلوی و لابی سانسور در تاریخ نگاری معاصر ایران.
7. ما چه میخواهیم. نامه فرنگستان شماره 1 سال اول 1924.ص2
8. ماچه میخواهیم_ نامه فرنگستان شمارەی 1. سال اول اول مه1924 ص2
9. نامه فرنگستان شماره1 سال اول. اول مه 1924، ص8. مشفق کاظمی.
10. نامەی فرنگستان شماره 1. مشفق کاظمی سال اول. ص.11
11. نامەی فرنگستان شماره1 ص7
12. نامەی فرنگستان شماره1 "نقل به معنی" ص7
13. هەمان سەرچاوە ل .7
14. ابراهیم مهدوی: مدارس قدیمه را باید بست. نامه فرنگستان شماره 3 سال اول . اول ژوئیەی 1324، ص136
15. شفق سرخ، سال دوم شماره 31، 27 ذیقعده 1341ص 1. "پادشاهان کوچک".
16. محمود افشار، آینده، شماره اول 1304
17. محمود افشار، آینده. شماره1
18. افشار. آینده. شماره اول 1304
19. محمود افشار، بڵاوکراوەی ئاینده ژمارەی یەکەم

20. محمود افشار. نخستین آرزوی ما وحدت ملی ایران. آینده شماره1 خرداد 1304.

21. بڕوانە وتاری محمود افشار بە ناوی "نخستین آرزوی ما" وحدت ملی ایران. آینده شماره 1 خرداد 1304

## دەم و کاتی دامەزران و گەشەکردنی ژێکاف

"هێرشی هاوبەشی بەریتانیا و سۆڤیەت بووە هۆی کەم یا زۆر هەڵوەشانەوەی لەشکری ئێران و لەکارخستنی رەزاشا و زۆر لێکردنی کە وەڵات بەجێ بهێڵێ و کەم بوونەوەی کۆنترۆلی دەوڵەت بەتایبەت لە ناوچەکانی دوور لە پایتەخت. ئەم بارودۆخە بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی کورد هەست بە ئازادی بکەن و بگرە هیوای دوارۆژێکی باشتریش لایان سەرهەڵبدات. چەکێکی زۆر کەوتە دەست خەڵکی کوردەوە بەتایبەتی خێڵەکان کە لەو کاتەدا هێزێکی گرینگی سۆسیۆ- سیاسی نێو کۆمەڵگای کوردەواری بوون. جووڵانەوەیەکی هاتوچۆ و ئاخافتنی ئازاد دوور لە کۆنترۆلی کاربەدەستانی ئێران کەوتە ناو خەڵکەوە".[1]

"لە مانگی سپتامبری 1941 لە رۆژێکی هەتاوی هاوین دا چەند فڕۆکەی سۆڤێتی سنووری ئێرانیان پەڕاند و لە ئاسمانی شین و ساوی کوردستان وەدەرکەوتن‌و هەوەڵین بەیاننامەی ئازادیان بە زمانی کوردی و ترکی بە وڵات دا بڵاو کردەوە. هەر بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو بەیاننامەدا "ئەرتەشی شاهەنشاهی" کە ماوەی 20 ساڵی رەبەق بوو بۆ لێدان‌و کوشتنی خەڵک و راو و ڕووت پەروەردە کرابوو، چەکی فڕێ داو ئاداری بەسەر پادارەوە نەما".[2]

"من تا ئەو ساڵە لە بارەی ئاڵۆز بوونی وڵاتەوە هەر ئەوەندەم دەزانی کە رۆژێک تەیارەیەک بەسەر گوندەکەماندا فڕی‌و کاغەزی لێ بەربوونەوە. دوو بەیان بون روسان بڵاویان کردبوونەوە کە: خەڵکی ئێران خاترجەم بن، ئێمە لە گورگانی هیتلێری رزگارمان کردون، دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران کە هەواڵی نازی بوون، لەبەریەک هەڵوەشاوە، و سەربازەکانی تەسلیم بوون". بوو بە خۆشی خۆشیمان کە خوا شوکور لە چنگ ئەمنییە و شڵتاغی مەئمور رزگار بووین، سەر و بنی قسەمان سڵاوەت لە دیداری عروس و تەیارە رەش بوو. هەرکەس لە شارەوە دەهات دەنگ و باسمان دەپرسی... کویخا سجیلێکمان هەبوو دەترسا بەراتەکەی نەدەینێ، لە شار هاتەوەو گوتی: درۆیە، دەوڵەت هەر وەک خۆیەو کاربەدەستانی ئەمنیەم دیون زۆر بەکەیفن."[3]

"لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە دەسەڵاتی لەمێژساڵەی حکومەتی تاران لە کوردستان کۆکرابۆوە لەشکری روسو ئینگلیز هاتبوونە دە ئێران، کوردستانیش لەم هەرایە دا هەر بەشەی کەوتبوە بەردەسەڵاتی ئۆردووی یەکێک لەم دوو دەوڵەتانە. خواروی کوردستان لە سەقزەوە بۆ کرماشان ئۆردووی ئینگلیزی تێدا بوو، لەشکرو دەسەڵاتی ئێرانیشی تێدا مابو رێگای تێکۆشانو جموجۆڵێ سیاسی لە کوردەکان گیرابوو. لەشکری ئینگلیس بە تەواوی پشتی دەسەڵاتی ئێرانی دەگرت. شیمالو ناوەندی کوردستانیش کەوتبووە بەر بەشی سۆویەتو دەرەتانی سیاسیو رزگاری بۆ کورد پێک هاتبوو. لەشکری سۆوێتی لەم ناوچەیە دەستی لەکاروباری نێوخۆی وڵات وەرنەدەدا، بەڵام رێگایشی نەدەدا کە حکومەتی تاران جووڵانەوەی خەڵک سەرکوت بکا."[4]

"پاش رووخانی رێژیمی رەزاشاو پاک کردنەوەی کوردستان لە لەشکرو ژاندارمی ئێران، سنووری دەستکردی ئەم دیوو ئەو دیوەی کوردستانیش کەندوکۆسپی نەما و رێگا بۆ هاتوچۆی هەر دوو بەشی کوردستان کرایەوە. لەنێوان گەرمێن و کوێستان هاتووچۆ دەست پێکرا. بێجگە لە پیوەندیی ئابوری، پێوەندیی مەعنەویو فەرهەنگی و گۆڕینەوەی بیروباوەڕ لەنێو خەڵکدا پەرەی دەگرتو بەتین دەبوو. کتێبو رۆژنامەو گۆڤاری کوردی لە کوردستانی گەرمێنەوە دەهاتن و هەر لە حەوا دەقۆزرانەوە. پیاوە سیاسی و تێکۆشەرانی ئەو دیو دەهاتنە ئەم دیوەو لەگەڵ رووناکبیرانی ناوچەی موکریان پێوەندیان دەگرت."[5]

"ئەگەرچی هەستی ناسیۆنالیستی لە شوێنی دیکەی سەرووی کورستانی ئێرانیش هەبوو، لەبەر چەند هۆیان لە مهاباد کۆ ببۆوە. مهاباد گەورەترین شارۆچکە بوو کە زۆربەی دانیشتووانی کورد بوون و لە دەرەوەی کۆنترۆلی ئێرانییەکاندابوو". لەوەش زیاتر لەبەرئەوەی ئەو شارە لەلایەن سەربازانی شوورەوی را داگیرنەکرابوو، ئەو ناسیونالیستانەی کە لەوێ دەژیان لەلایەن سیاسەتی شووەروی ڕا کەمتر دەستیان وەبەر دەهات."[6]

ئەم کەش و هەوایە، واتە نەبوونی لەشکری داگیرکەری تاران و دەوڵەتانی هاوپەیمان لە ناوچەی مەهاباد، بارودۆخێکی لەباری

ڕەخساندبوو بۆ تێکۆشانی سیاسی و لەدایک بوونی ڕێکخراوەیەکی نەتەوەیی. کۆمەڵێک لە ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی شاری مەهاباد توانیان زۆر بەباشی لەو بارودۆخە کەڵکی پێویست وەربگرن و بیرۆکەی پێک هێنانی ڕێکخراوێکی سیاسییان لا گەڵاڵە ببێ.

مامۆستا هەژار کە ئەندامی ژمارە 20ی کۆمەڵە بووە لەم بارەیەوە دەنووسێ:

"یازدە کەس لە باغی سیسەی سابڵاخ، دەگەڵ میرحاج کۆ دەبنەوە. لەسەر ئامۆژگاری ئەو، حیزبی ژ.ک دادەمەزرێنن. سوێندنامەکەی دەنووسنەوە، پرۆگرامی حیزبی هیوا بە تۆزێک دەسکارییەوە دەکەنە پرۆگرامی "ژ.ک".[7]

لە هەمبەر ڕۆژی لەدایک بوونی "ژێکاف"یش "نیشتمان" وەرامی ڕاستەقینەی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە کەی "کۆمەڵەی ژێکاڤ" دامەزراوە. لە لاپەرە 2ی "نیشتمان"دا هەواڵێک نووسراوە کە جەژنی سەر ساڵی کۆمەڵە لە 25ی گەلاوێژ گیراوە".[8]

لەم بارەیەوە لە "نیشتمان" دا هاتووە:

"ڕۆژی 25ی گەلاوێژ جێژنی ساڵانەی کۆمەڵە بەشکۆ و خۆشێکی زۆرەوە گیرا و گەلێ لە ئەندامەکان مقالەی باشیان نووسیبوو، خوێندیانەوە کە لە پاشان چاپیان ئەکەین."[9]

مامۆستا هێمنیش هەر لەم پێوەندییەدا دەنووسێ:

"ڕۆژی 25ی گەلاوێژی 1321 کۆمەڵەی ژ.ک دامەزرا. ئەوانی ئەو کۆمەڵەیان دامەزراند دۆستانی پێشووی من بوون، من لەو سەروبەندەی دا لە تەورێز بووم و لە ڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەدا حوزورم نەبوو، کە هاتمەوە بەهۆی زەبیحی کە لەمێژ ساڵ بوو دۆست بووین بە کۆمەڵە ناسێندرام، لە مەهاباد یەکێک لە دۆستەکانی خۆم کە پاشان زانیم ئەندامی ژمارە "یەکی" کۆمەڵەیە بە قورئان و ئاڵای کوردستان و بە شەرەفی خۆم و بە شمشیر سوێندیان دام بە زمانو بە قەڵەمو بە ئیشارەت خەیانەت بە نەتەوەی کوردو ئەندامی کۆمەڵە نەکەم".[10]

هەر بەم بۆنەیەوە مامۆستا هەژار بۆ جێژنی سەری ساڵی کۆمەلە ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە و دەنووسێ:

گەلاوێژەکەی بەختت لە ئاسۆ
دەرکەوت چابوو نەبووی رەنجەڕۆ
نرخی ئەم مانگە پارەی گیانە
جێژنی سەرساڵی کۆمەڵەی ژیانە[11]

## دامەزرێنەرانی ژێ.کاف

نهێنی بوونی ژێکاف و گەڕانەوەی سەر لە نوێی دەسەلاتی داگیرکەرانەی تاران لە دوای نەمانی کۆمار بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، بوونەتە هۆکارگەلێک بۆ ئەوەی ناوی دەستەی دامەزرێنەری ژێکاف لە بەرهەمی لێکۆڵەرانی ئەم بوارە بە جۆرێکی جیاواز لەویتر خۆ دەربخات. لەو رووەوە دەس نیشان کردنی سەرجەمی دەستەی دامەزرێنەری ژێکاف رەنگە کارێکی هاسان نەبێ. بۆ وێنە مامۆستا هەژار ناوی ئەو یازدە کەسەی خوارەوە بە بناغەدانەرانی ژێکاف دادەنێ:

"حوسێن فروهر، زەبیحی، تەوحیدی، مەلا ئەحمەد ئیمامی، محەمەدی نانەوزادە، قادر مودەرەسی، محەمەدی یاهو، شاپەسەندی، محەمەد سەلیمی، قاسم قادری، خالە مەلای داودی یازدە کەسی بناغەدانەر بوون. جا کە زەبیحی منی بردە سوێندان بەمنەوە بوینە بیست ئەندام. حوسین ئەندامی ژمارە "یەک" و زەبیحی ژمارە "دوو" بوو و حوسین سەرۆکی کۆمەڵەی "ژ.ک" بوو".[12]

کە چی مامۆستا مەلا قادری مودەرەسی ئەو پێک هاتەی خوارەوە بە دەستەی دامەزرێنەری ژێکاف لە قەڵەم دەدا:

"محەمەد نانەوازادە، رەحمان زەبیحی، حوسێن فروهەر، عبدلرەحمان ئیمامی، قاسم قادری، مەلا عەبدوڵای داودی مەشهور بە مەلای حەجۆکی، موحەمەد یاهوو، بۆخۆم (مەبەست مەلا قادرە)، سەدیق حەیدەری، عەبدورەحمان کەیانی، میرحەجی عێراقیش لە پێک هاتنی توخم (نوتفە)ی ژی.کاف دا لەوێ بوو وە رابیتی ژێ.کاف لەگەڵ حیزبی هیوای عێراق، سەعیدی حەمە قالەی بێستانچی بوو... ماوەی دوو ساڵان حوسێن فروهەر (حوسێن زێڕینگەران) رەئیسی کۆمەڵەی ژی.کاف بوو". [13]

"ویلیام ئیگلتن"یش ئەم کەسایەتی‌یانەی خوارەوە بە دەستەی دامەزرێنەری ژێکاف دەزانی:

1_رەحمان حەلەوی 2_ محەمەدئەمین شەرەفی 3_ محەممەد نانەوازادە 4_ عەبدولرەحمان زەبیحی 5_ حوسێن فروهەر 6_ عەبدولرەحمان ئیمامی 7_ قاسم قادری 8_ مەلا عەبدولا داودی 9_ قادر مودەرەسی 10_ ئەحمەد عیلمی 11_ عەزیز زەندی 12_ محەممەد یاهو 13 میرحاج

ناوی کۆمەڵەش هەر بە هەمان شێوە جێگای مشتومڕە. لەبەر ئەوەی لە هیچ کام لە بەڵگەو چاپەمەنی‌یەکانی کۆمەڵەدا ئەم دوو پیتە [ژ.ک] روون نەکراوەتەوە، هەر کام لە مێژوونووسان و توێژەرەوەکانی ئەم بوارە، بە جۆرێکی جیاواز لەوی تر دوو پیتی [ژ.ک] هەڵدەسنگێنن.

"کومەڵەی ژیانەوەی کورد"، "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان". "کۆمەڵەی ژیانی کورد" ئەو ناوگەلەن کە لەنێو مێژوونووسانی خۆماڵی و بێگانە بۆ دوو پیتی [ژ.ک] دێنە ئاراوە. بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە کورد لە سەردەمی رەزاشا بە پشت بەستن بە پرۆژەیەکی سازمان دراوی دەوڵەتی، کار بۆ توانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد کراوە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" ناوێکی پڕبەپێست بووە بۆ هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵە.

## زێدی ژێ کاف

زێدی لەدایک بوونی کۆمەڵەی ژێ کاف شاری مەهاباد بوو. "ئەو کات مەهاباد شارێکی چکۆڵەی بێرەونەق بوو. سێ مەیدانی حەمەخرچە و گەڕەکی سەربەرداش و مەیدانی مەنگوڕانی لێبوو. خەڵک لەو مەیدانانەدا کۆ دەبوونەوەو بەکڕینو فرۆشتن، پێداویستیەکانی ژیانیان دابین دەکرد. دیارە تاریکە بازاڕێکیشی هەبوو کە دواتر سووتا و دووبارە دروست کرایەوە". [14]

مەهابادی ئەو سەردەمە لە چەند گەڕەکێک پێک هاتبوو کە بریتی بوون لە "گەرەکی شوانان،گەڕەکی سەرخڕێ، گەڕەکی رەزگەیان، گەڕەکی قووڵەقبران و گەڕەکی ئەرمەنیان". [15]

"ئەو شارە تەنیا چەند خانووبەرەی گەورە وەک ماڵەکانی ئێمە و کاروانسەرای سەیید عەلی و خانووی ئاغاکانی قەمتەرێ کە دوایە دوکتور بەهمەنی و ماڵە مەحمودیانی تێدا بوو، دەنا زۆربەی خانووەکان خشتی کاڵ بوون."[16]

"لەبیرمە ئەو کات بەرق و چرای ئەوتۆ نەبوو. رووناکی ماڵان زۆرتر فتیلە بوو کە تەنەکەیەک بوو نەفتیان تێدەکرد و بەنێکیان تێدەنا و هەڵیاندەکرد. فتیلەی بێحەد پیس بوو هەموو ژووری دەبوو بە قورم و زۆرتر لە کورسی یان لە کۆڵەکەی بەقوڕ جێگایەکیان وەک تاق بۆ دروست دەکردو دایاندەنا. دوایە دەوڵەت پولی لە خەڵکی کۆ کردەوەو ماتۆرێکی بەرقیان بۆ شاری کڕی. خەڵک بەتایبەتی خەڵکی دێهاتێ دەستە دەستە لە ئێواران دا دەچوون و چاویان لێدەکرد و پێیان سەیر بوو کە چۆن دەکرێ چرا بەبێ شەمچە هەڵبێ". [17]

"شاری سابڵاخ لەو سەردەمەدا شارۆچکەیەک بوو کە ژمارەی دانیشتوانی دەگەیشتە بیست سی هەزار کەس و لە نیشانەکانی شارستانەتی تازە جگە لە کارخانەیەکی بچووکی کارەبا (بەرق) و چەند خانووبەرەیەکی ساکاری دووقات،شتێکی دیکەی تێدا بەدی نەدەکرا". [18]

بەڵام بازنەی کاروتێکۆشانی ژی-کاف هەر لە مەهاباد قەتیس نەمایەوە و لە ماوەیەکی کورتدا،لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی نهێنی لە هەوڵی بەرینتر کردنی پانتایی کاروتێکۆشانی بوو، کەچی بەخێرایی سنووری مەهاباد و موکوریانی بەزاندو:

"بەرە و کرماشان و هەرێمی کەڵهوڕ و پشتکۆ و هەتا لورستانی هەموار کرد و لقوپۆی ژ.ک لەو ناوچانەش دامەزرا. یەکێک لە تێکۆشەرانی ژ.ک لەو هەرێمانەدا میرزا عەوڵای مودەبیر مەشهور بە ئاغا گەورە بوو... ئاغا گەورە سەرۆکی شاخەو رێکخراوی ژ.ک لە سنەو کرماشان و کەلهوڕو لوڕستان بووە. رێکخراوی کرماشان، لەلایەن چەند نووسەری خاوەن قەڵەم و سیاسەتمەدارەوە بەڕێوە چووە. یەکێک لە سیما نەناسراوەکانی کارگێری رێکخراوەکە، میرزا برایمخانی نادری بووە کە دەبیر و سکرتێری کۆمەڵەی ژ.ک لە لوڕستانو کرماشان، پشتکۆ [ئیلامی ئێستا]و کەلهوڕ بووە. خوالێخۆشبوو مامۆستا سەید محەمەد تاهیری هاشمی، سەرۆکی لقی ژ.ک لە ئۆستانی کرماشان بووە و قازییەکی دادگوستەریش لەم کارەدا راوێژکاری بووە. جگە لەوانە رەشیدخانی باجەلان، وەکیلی پایە یەکی دادگوستەری لە عێراق کە لە ناوچەکەدا بەناوبانگ و جگە لەوەی مەسئولی هەموو لقو رێکخراوەکان بووە، سەرۆکی ژ.ک لە خانەقین بووە و رێکخراوەکەی هەتا بەغدا پەرەپێدابوو و بەرپرسی هەموو شاخە و رێکخراوەکانی لەگەڵ دەفتەری ناوەندیی ژ.کـیشی لەسەرشان بووە". [19]

لە ریزەکانی ژی کاف دا بۆ دەمارگرژیی ناوچەیی، جێگایەکی بۆ نەبوو. ژێکاف خۆی بە حیزبی هەموو نەتەوەی کورد دەزانیو کێشەی کوردی لە گشت پارچەکانی کوردستان بە یەک مەسەلەی لێک جیانەکراوە لە قەڵەم دەدا. بوونی ئەم ژێرخانە فیکرییە بزوێنەرێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا سنووری رۆژهەڵاتی کوردستان ببەزێنێ و لە باشوری کوردستانیش رێکخستن دابمەزرێنێ.

## ئەندامەتی لە ژێ ـ کاف

بۆ مەسەلەی ئەندامەتی، ژێکاف خاوەنی هێندێک مەرج و بەجێگەیاندنی داب و نەریتی تایبەتی بوو:

"کەسێک کە دەبوە ئەندامی ژی کاف، هەوەڵێ دەچووە حەمامێو لە روانگەی ئایینیی‌یەوە خۆی خاوێن دەکردەوە، ئەو جار دەهاتە لای سێ کەس وە لای وان حەوت جاری بە قورئان سوێند بۆ وەبەرچاو گرتنی ئەو شەش مەبەستانەی دەخوارد: 1- خەیانەت بە نەتەوەی کورد ناکات 2- کۆشش بۆ خودموختاری کوردان بکات 3- هیچ زانیارێکی ریکخراوە، نە بە زمانو نەبە قەڵەمو نە بە ئیشارە ئاشکرا نەکات. 4- هەتا ئاخری عومری هەر ئەندام بێت. 5- تەواوی پیاوانی کورد بە برای خۆیو تەواوی ژنانی کورد بە خوشکی خۆی بزانێ 6- بەبێ ئیزنی کۆمەڵێ ژێکاف نەبێتە ئەندامی هیچ رێکخراو و دەستەیەکی تر. [20]

"کوردی شیعە، کوردی ئاورپەرست، کوردی یەزیدی، کوردی شەیتان پەرستو... دەیانتوانی ببنە ئەندامی ژێکاف، تەنیا جیاوازی وانە لەگەڵ ئەوانی دیی ئەوە بوو کە لە کاتی سوێند دان دا، ئەو تاقمە بە کتێبی ئاسمانیی خۆیان، یان هەر شتێکی لای وان موقەدەس بوو، سوێند دەدران. [21]

مەرجی ئەندامەتی لە ژیکاف لەسەر بنچینەی ئیتنیکی دامەزرابوو. واتە مەرجی بەئەندام بوون لە ژێکاف، کورد بوون بوو و گشت کوردی پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان دەیانتوانی لە ریزەکانی ژێکاف بەئەندام وەربگرین.

مامۆستا مەلا قادر مودەریسی کە بۆخۆی یەکێک لە دامەزرێنەرانی ژێکاف بووە دەڵێ: "ژێکاف کۆمەڵەیەکی سەددەرسەد ناسیۆنالیستی بوو، تاکە پێوانەش بۆ ئەندامەتی لەو رێکخراوەدا تەنیا کورد بوون بوو. [22]

ژ.ک هەروەک لە باری سیاسی و فیکرییەوە رێکخراوێکی سەربەخۆی کوردی بوو، لەباری ئابووریشەوە بە هەمان شێوە پشت ئەستور بە هێزی خۆی و خەڵکی وڵاتەکەی خۆ بوو.

"داهاتی کۆمەڵە تەنیاو تەنیا مانگانەی ئەندامانو فرۆشی چاپەمەنیەکانو داهاتی تیاتر و نومایشەکانی بوو. کەچی زۆر بەباشی بەڕێوە دەچوو. هۆی ئەوە بوو هەموو کەس بەوپەڕی دڵخۆشیەوە مانگانەی دەداو چاپەمەنی کۆمەڵەی بە چەند هێندەی نرخی دیاریکراو دەکڕی. من خۆم دیومە ژمارەی "نیشتمان"یان بە 200 ئەوەندەی نرخەکەی کڕیوە. "نیشتمان" قەت دانەیەکی نەدەماوە. کۆمەڵە لە پێشدا کتێبێکی بچووکی شێعری بڵاو کردەوە بە ناوی دایرەی کۆمەڵە "ژ.ک" کە شێعرە نیشتمانیەکانی حاجی قادر و مەلای گەورەی کۆیە و هەژرا و شیخ ئەحمەدی حیسامی تێدا چاپ کرابوون و دەس بەجێ تەواو بوون. [23]

" هەرچەند زۆر زوو زۆرتر ببوین و ئەندامان لە سەت و دووسەتیان تێپەڕاندبوو، بەڵام هەموو رووت و نەدار بووین و پوڵمان بۆ هەڵ نەدەسووڕا کە پەرە بە راگەیاندنی حیزبی بدەین. دەمانەویست گۆڤارێک دەرکەین بە ناوی "نیشتمان"، حیسابمان بۆ کردبوو، دەری‌نەدەهێنا. برادەرێکمان چووبوو بە ناوی خۆی سەت‌وپەنجا تمەنی لە حاجیەک قەرز کردبوو کە بە مانگێک دەیداتەوە. زەبیحی کە دەبوو بە کاری گۆڤارەکە رابگاو کەسیش پێ نەزانێ. چووبوو دەگەڵ خەلیفەگەری هەرمەنیان لە تەورێز رێک کەوتبوو کە لە چاپخانەی کلیسا بۆی چاپ کەن. مانگ تێ وەرسووڕاو گۆڤار دواکەوت. کابرای حاجی قەرزی خۆی دەوێ‌و دەبێ مۆڵەتی لێ‌بخوازن. ئاخری حاجی دەیگوت: "ئەو قەرزە وەک قەرزی دی ناچێ، بابە هەر پێم بڵێن بۆ چیت لێ قەرز کردوم، نامەوێ بمدەنەوە!". [24]

لەگەڵ ئەوەی تەمەنی 3 ساڵ کارو تێکۆشان، بۆ رێکخراوێکی سیاسی، ماوەیەکی زۆر کەمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کاتی لە بیرەوەریی ئەندامانی ژێکاف دەڕوانی، سەرجەمیان لە تایبەتمەندی‌یەک دەدوێن کە لە رۆژگاری ئێستادا لەنێو گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی‌دا وێنەی کەمە. گیانی خۆنەویستی‌و تەماع وەژێر پێنانی بەرژەوەندیی تاکەکەسی، گەل دۆستی و

دوور بوون لە خۆخۆری لە زمرەی ئەو تایبەتمەندی‌یانەیە کە ژێکافی پێ دەناسێندرێن.

"کۆمەڵە بێجگە لەوەی کۆمەڵەیەکی سیاسی بوو کۆمەڵەیەکی کۆمەلایەتی‌و ئەخلاقیش بوو، زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە بڕوایان بەو سوێندە هەبوو کە خواردبوویان‌و دەستیان لە ئاکاری دزێو هەڵگرتبوو، دزی، خراپەو نێوان ناخۆشی لەکزی دابوو، دەتوانم بڵێم لە هێندێک جێگایان هەرنەما". [25]

"ئەندامەتی کۆمەڵەی ژ.ک گۆڕانێکی سەیری بەسەر من دا هێنا. شەو و رۆژ لە بیری کۆمەڵە دابووم کە ئەویش ئامانجی رزگارکردنی نەتەوەکەم بوو. هەموو ئاوات و ئارەزووی تایبەتی خۆم وەلا نا. ئیتر نە تەنیا دەستم لە شەوداوەت و هەڵپەڕین و رێبازگرتن و لەسەر سوانە وەستان هەڵگرت، بەڵکوو وەک سۆفی تۆبەکار تووشی هەرکیژ و ژنێکی کورد دەهاتم سەرم دادەخست‌و چاوم لێ‌نەدەکرد. چونکە ئەوەشم بە خەیانەت دەزانی... [26]

"لە درێژایی تەمەنم دا کە ئێستا لە پلەی حەوتەمەو لە شێستو سێ ساڵی دا دەژیم، زۆرم حیزب لە نزیکەوە دیتون، باسی رەفتارو رابردووی زۆریانم خوێندۆتەوە، زۆر چەتونە هیچ کۆمەڵێک وەک ئەندامانی "ژ.ک" ئاوا فیداکارو دڵگەرم و یەکتر خۆشەویست بووبن. دەربارەی ئەسحابەی پێغەمبەر زۆر باسی یەکدڵی‌و فیداکاری هەیە، وەختە بڵێم ئەندامانی ئەو حیزبەش شتێکی وابوون. خۆدزینەوە لە فەرمان، درۆ، خۆخوازی فیڵبازی بەجارێک تەرە ببوو، لە حەوت کێوان ئاوا ببوو. ماڵی دنیا هەر بۆیە مایەی دڵخۆشی بوو کە کۆمەڵە پێی لازم بێ. جارێک لە تەرەغەوە هاتمە شار، بیست تمەنم پاشەکەوت کردبوو کە جلک بۆ منداڵان بکڕم‌و نەخوازە کە دیتم خوشکم کولوجەی پێنە کردوە، زۆری دڵتەنگ کردبووم. هەر گەیشتمە شار ئێوارە بوو، دەچوومە قاوەخانەیەکی دەم چەم کە هەواڵان ببینم، لەسەر پردی داوێنی چۆم تووشی یەکیان هاتم، گوتی: فلانی تۆ پووڵت نیە؟ هێندێک پوڵمان پێ لازمە دەبێ کۆی کەینەوە. دەست بەجێ بیست تمەنەکەم دایەو هەرلەوێوە گەڕامەوە لە شار دەرکەوتم و هاتمەوە ماڵ. چونکە مخاریجی شەوێکم بۆخۆم نەگێڕاوە... [27]

"بوونی مەعنەوییەت و ئیمانی راستەقینە، خۆی زەمانەتێکی زۆر باش بوو و زۆر بوون کەسانێکی کە هەتا دواهەمین هەناسەکانی ژیانیان، بەهیچ قیمەتێک لەو پەیمانە لایان نەدا". [28]

"یەک یەکی ئەندامەکان ئامادەی هەموو چەشنە گیان بەخت کردنێک بوون، هەر کاریکی پێیان ئەسپێدرابا هەر لایان وابوو خودا خەنی کردون، یەکێک بەرێکرا بۆ عێراق، وا هات کە لەوێ گیرا تووشی ئەشکەنجەو تاڵییەکی زۆر هات لە پاش ماوەیەکی درێژ کە گەڕایەوە مەهاباد، هەمیشە ئەو ماوە زیندانەی بە خۆشترین کاتی ژیانی دەزانیو شانازیی پیوە دەکرد. هەزار رەحمەت لە قەبرەکەی سۆفی موحەممەد برای عەلی ریحانی، بۆ مەئمووورییەت چوو بۆ عێراق لە رێگەی گەڕانەوەدا، کە زستانێکی زۆر سەخت بوو، گورگ خواردی تا ئەوڕۆ نەبوو، کە دەستەیەک ئاوا بە گەرمیو بەڕاستی و بەئیمانەوە بۆ گەلی خۆیان حەولدەن". [29]

## چەک کردنی شارەوانیی مەهاباد

ژێ.کاف رێبەر و رێکخەری یەکەم هێرشی جەماوەری لە شاری مەهاباد بە دژی دوایین ئاسەواری دەوڵەتی پاشایەتی بوو. لەو هەڵچوونە جەماوەری‌یەدا خەڵک توانیان لە ماوەیەکی کورتدا دەس بەسەر شارەوانیی ئەو شارە دابگرن و کۆتایی بە دوایین نیشانەکانی دەوڵەتی داگیرکەر لە شارەکەیان دا بێنن.

دەس داگرتن بەسەر شارەبانی مەهاباد تەنیا بە مەبەستی کردەوەیەکی عەسکەری و بەدەس هێنانی هێندێک چەکـوچۆڵی نیزامی نەبوو، بەڵکوو مەبەستەکە پتر سیاسی بوو. بە نەمانی ئەو ناوەندە سەرکوتگەرە، دەسەڵات

بەتەواوی کەوتە دەس خەڵکی شارەوە و دەرەتانی چالاکیی سیاسی بێ‌هیچ ترس و دڵەخۆرپەیەک دەیتوانی پەرە بستێنێ.

قەرەنی ئاغای مامەش لە راپۆرتێک دا کە بۆ کاربەدەستانی تاران لەم بارەیەوە دەنێرێ دەنووسێ:

"رۆژی 23،11،27 کابرایەک بە ناوی عەزیزخانی بەگزادە ئامۆزای ئەحمەدخان کە ئەویش لە هاوکارانی حەمەڕەشید خانی بانە بوو، کە وا ئێستا لە خاکی عێراقە، لە مەهاباد جەماعەتێکی زۆر لە رەشورووتی شار لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوەو لە دژی دەوڵەت و بەرپرسانی دەوڵەتی قسەیان بۆ دەکا. پاشان هێرش دەبەنە سەر ئیدارەی شارەبانیی مەهاباد، پێنج پاسەبانان دەکوژن‌و ئیدارەی شارەبانیش تاڵان دەکەن، خەریک بوون پەلاماری فەرمانداری مەهاباد و رەئیسی ئیداراتی دەوڵەتیش بدەن، بەختەوەرانە ئامۆزاکانم هەمزاغا و حەسەن ئاغای ئیلخانی و حەمەئاغا و براکانی عەوڵاغا رەئیسی عێلی مەنگور و، حوسێن ئاغا ئامۆزای باپیراغا، برایم ئاغا برای عەلی خانی نەورۆزی کە لە حاڵی حازردا لە تارانە، لەگەڵ حەمەدەمین ئاغا و قەرەنی ئاغای سیرن کە بۆ کاری شەخسی هاتبوونە مەهاباد، دەسبەجێ بڵاوە بە عەزیزخان و ئاژاوەگێڕان دەکەن. بەجەسارەتەوە عەرزتان دەکەین ئینتیزاماتی شاری مەهاباد دوو ساڵ بوو لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتیەیەوە بە بەندە و ئاغایانی مەنگوڕ و گەورک سپێردرابوو سەرەڕای ئەوەی رابردووی موخلیستان لای کاربەدەستانی دەوڵەت روونە. بەڵام دوکتور مەرزبان کاتێک ئۆستانداری رەزائیە بوو، لەبەر قازانجی شەخسی خۆی وەزعەکەی تێک دا. بەندەزادە عەزیز لە وەزعی پێشووی موخلیس ئاگادارتان دەکاتەوە.

ئێستا وەزعییەتی شاری مەهاباد، ئیدارەی فەرمانداری و ئیداراتی دیکەی دەوڵەتی زۆر خراپە...، فەرمانداریش هەر رۆژی 27 داوای کۆمەگی لە موخلیس کرد. هەرچەند لەلایەن دەوڵەتەوە دەستوورم پێنەدرابوو، دەسبەجێ ئەوەی لەدەستم هات ئەنجامم دا. دەستوورم بە عەشایری مامەش، گەورک، پیران دا بە توندی لە بەرامبەریان دا راوەستن، بێتوو عەزیز خان و تاقمی رووت و رەجاڵە جارێکی دی ئەو کارە دووپات بکەنەوە دەستوورم داوە بە چەک وەڵامیان بدەنەوە و

بیانکوژن. مەهاباد نەگرنەوە، مانەوەی کارمەندەکان زۆر چەتوون دەبێ، لەوانەیە، بەزم و هەڵلای دیکەشی بەدوا دابێ.

ئیمزا قەرەنی مامەش[30]

"هاوکات لەگەڵ چەک کردنی شارەبانی، فەرمانداری مهابادیش بەناوی "سەریعولقەلەم" رادەکات و شار بەتەواوی دەکەوێتە دەست شورای شار... ئینجا لەسەر داوای شورای شار رووسەکان "کۆمەڵەی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی سۆڤیەت" لە مهاباد دادەمەزرێنن و ئەفسەرێکی سیاسیی ئازەربایجانی روسیە بە ناوی "ماژور عەبدوڵلائۆڤ" دەکەنە لێپرسراوی ئەو بنکەیە". [31]

لە دوای دەس بەسەر داگرتنی شارەبانی مەهاباد، کاربەدەستانی تاران بەتەواوی ترس و خۆفیان لە حاند وەزعی کوردستان لێنیشت. تاران هەتا دەهات پتر هەستی بەوە دەکرد کورد بە مەبەستی پێکانی ئامانجێک خەریکی خۆسازمان دانە.

## بناغەو ئاسۆی بیری ژێکاف

هەروەک گوتمان، زێدی لەدایک بوونی ژێ- کاف شاری مەهاباد بوو. بەڵام ئاسۆی بیرو بنچینەکانی فیکریی ژێ- کاف بۆ هەموو کوردستان بوو. کوردستانیش هەر تەنیا بریتی نەبوو لەو بەشەی بە دەوڵەتی ئێرانەوە لکێنرابوو، بەڵکوو گشت پارچە لێکدابڕاوەکانی کوردستانی دەگرتەوە.

"کۆمەڵەی ژێکاف هەر لە سەرەتای لەدایک بوونییەوە خاوەنی پێناسەیەکی روونی سیاسی و فیکری بووە، دروشم و ئامانجە سیاسییەکانی هەڵقوڵاوی ناو هەناوی کۆمەڵی کوردەواری بوون. ژێکاف بەدایک بوونی هاتبووە مەیدان تا سڕی و تاسان لەنێو کورد رابماڵێ و کۆمەڵی کوردەواری بە دژی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتەی بهەژێنێ و پەیامی سەربەستی، رزگاری و مافی گەیشتن بە دەوڵەتی نەتەوەیی بە گوێی مرۆڤی کوردا بسرکێنێ". [32]

پێک هاتنو لەدایک بوونی ژێکاف وەک رێکخراوێکی سیاسی ئەگەر لەلایەک نیشانەی ئەوپەڕی هۆشیاریی نەتەوەیی نوخبەی رووناکبیر و چاوکراوەیی کورد دەگەیەنێ، هەر لەو کاتەدا چێ بوونی ژێکاف پێویستی‌یەکی مێژوویی ناو هەناوی کۆمەڵی کوردەوارییش بوو. ژێکاف بۆ ئەوە دروست نەبوو حەز و ئاروزوویەکی تاکەکەسی یان چەند کەسی بۆ چالاکیی سیاسی لە قاوغی رێکخراوێکی سیاسی دا دابمرکێنێتەوە، بەپێچەوانە بیرو فانتازیا و سەرقاڵی‌یەکانی ژێکاف، خۆیان لە پانتایی‌یەکی بەرینی گشتی دا دەدیتەوە. ژێکاف بۆ وەڵامدانەوە بە کێشەیەکی زیندوو و پرسێکی چارەسەر نەکراوی لەمێژینەی نەتەوەیەکی چەند میلیۆنی هاتبووە مەیدان.

ژێ کاف بەهۆی کار و تێکۆشانی بە کردەوەی و لە رێگای گرنگی دان بە نووسینو بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "نیشتمان"، توانی لە ماوەیەکی کەمدا هەنگاوی گرینگ باوێ بۆ بەهێز کردنی هوشیاری و بیری نەتەوەیی مرۆڤی کورد. ژێ کاف کوردی هان دەدا بۆ یەکێتی و یەکگرتن و بۆ داماڵینی کۆت و نیری دیلی‌یەتی. بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی. ژێ کاف نە تەنیا لەوە نەدەترسا تاوانی جیاخوازی بدرێتە پاڵ، بەڵکوو بەپێچەوانە هۆی رزگاری مرۆڤی کوردی لە یەکگرتنەوەی بەشە لێک دابڕاوەکانی کوردستان دا دەدیتەوە. نەخشەی جوغرافیای ئێران بەلای ژێکافەوە زیندانێک بوو بۆ کورد کە هەتا هەیە پێی بچەوسێتەوە،ماڵو گوندی لێ خاپوور بکرێ و کانگاو بەروبووی وڵاتی لێ بەتاڵان ببرێ. ژێکاف تا ئەو کاتەی ژیا، لەسەر ئێرانی بوونی خۆی و نەتەوەکەی، بۆ یەک جاریش لەتەک رووناکبیرانی نەتەوەی باندەست نەکەوتە بازاڕی پێشبڕکێ و کێبەرکێوە. بەپێچەوانە، ژێکاف تا ئەو کاتەی ژیا، هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو مرۆڤی کورد ناسنامەی نەتەوەیی خۆی لە کوردبوون و کوردستانی بوون دا وەبینێ و ئەم هەوڵەشی تەنیا بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو، بەڵکوو بۆ هەموو کوردی پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان بوو. لەبیری ژێکاف دا ئەو سنوورانەی داگیرکەرانی کوردستان بۆ لێک دابڕانی نەتەوەی کوردیان کێشابوو، سنوورگەلێکی دەستکردو هەر لەو کاتەدا بەزۆر لکاندنێکی ناڕەوا بوون.

گوتاری نەتەوەخوازیی ژێکاف لە هەوڵی ئەوە دابوو جارێکی دیکە هۆویەتی نەتەوەیی نەتەوەی کورد گیانێکی تازەی بێتەوە بەر و بە هەموو توانایەوە لە دژی پارچە پارچە کردنی، گوتاری نەتەوەخوازیی کوردی رادەوەستا.

هەوڵ دان بۆ بونیات نانی یەکیەتی‌یەکی نەتەوەیی لەنێوان تێکۆشەرانی پارچەکانی کوردستان، دیوێکی دیکەی بیری نەتەوەخوازیی گشتگری ژێکافانە نیشان دەدا. بۆ ئەم مەبەستە لە "نیشتمان" دا هاتووە:

"زۆر لەمێژبوو بڕیار درابوو کۆنفرانسێک لە نێوان ئێمە و کۆمەڵی "هیوا"دا بۆ هاوپرسی‌یەکی لە بابەت هێندێک مەسائیل تەشکیل بدرێ. رۆژی ئەم ئیجتماعە دەبوو لەلایەن کۆمەڵی هیوا مەعلووم بکرێت، هەر کە نوێنەرانی کۆمەڵی ناوبراو ئامادەبوونی خۆیان بە ئێمە راگەیاند، نوێنەرانی ئێمەش رەوانە بوون، دوای سێ رۆژ گفتوگۆ و موزاکەرە لەسەر ئیقتراحی نوێنەرانی ئێمە، پەیمانێک بە نێوی پەیمانی "سێ سنوور" لەلایەن نوێنەرانی هەردوو لا بۆ زیاد کردنی کۆششت و ئیجادی پێوەندی‌یەکی وەسیعی سیاسی ئیمزا کرا."[33]

ژێکاف بە مانای راستەقینەی وشە، رێکخراوێکی نەتەوەیی بوو. گرفت و پێداویستی‌یەکانی نەتەوە، لە ناوەندی گوتارو کردەوەکانی ژێکاف دا خۆیان دەدیتەوە و بەدەسەڵات گەیاندنی نەتەوە لوتکەی سەرقاڵی‌یەکانی ژێکافی پێک دێنا. کاکڵ و نێوەرۆکی گوتاری ژێکاف بۆ ئەوە نەبوو مرۆڤی کورد بە شەڕی ئیدئۆلۆژی‌یەکانەوە سەرقاڵ بکات و کۆمەڵگای کورد لەناوخۆی دا بەگژ یەکتردا بەرێ.

"کوردبوون" و بانگەشەی خۆ بەکورد زانین لەسەرەوەی هەموو کێشەکانی ناو قوتابخانە فیکری‌یەکانەوە بوو. لە خوێندنەوەی ژێکاف دا جۆر و چەشنی قوتابخانە فیکری‌یەکان تەنیا تا ئەو جێگایە شیاوی ئاوڕ لێدانەوە بوون کە دۆزی کورد لە بەدەوڵەت بوونی نزیک بکاتەوە.

لەدایک بوونی ژێ کاف بەرهەمی هزرو ئیرادەی نەتەوەیی تێکۆشەرانی کورد بوو. لە بونیات نانی جۆری ئەو رێکخراوەو گوتاری نەتەوەخوازی ئەودا تەنیا عەقڵی مرۆڤی تێکۆشەری کورد دەوری بینیبوو. ئەوان بە هیچ جۆرێک لە ژێر کارتێکەریی فیکری و رێکخراوەیی هیچ

کام لە رەوتە جۆراوجۆرەکانی ئێران و باقیی رووناکبیرانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دا نەبوون. بۆیە هەموو خەون و سەرقاڵییەکانیشیان پێوەندیدار بەو ژینگەیە بوو کە ئەوانی لە دڵی خۆیدا پێگەیاندبوو.

ژێکاف بڕیاری دابوو:

"بۆرووناک کردنەوەی بیری نەتەوەی کورد و دۆزینەوەی هۆی چارەڕەشی و دواکەوتنی ئەو میللەتە بەستەزمان و بێ دەسەڵاتە لە هیچ فداکارێکی روو وەرنەگێڕێت".[34]

ئەدەبیاتی ژێکاف هەتا بڵێی راشکاو بوو. گوتارەکانی هوڵقوڵاوی پێداویستییەکانی روحی و ماددی کۆمەڵی کوردەواری و دیسکورسی نەتەوەخوازیی بڕبڕەی پشت و فەلسەفەی وجودیی ئەو رێکخراوە بوو. ئامانجی ئەو نەتەوەخوازییەش پێکهێنان و چێ کردنی کیانێکی گشتگری نەتەوەیی بوو. ئەو ئامانجەش لە یەکەم ژمارەی "نیشتمان" بێ سڵ کردن و زمان گرتن و بەوپەڕی راشکاوی بەم جۆرەی خوارەوە دێتە دەس نیشان کردن:

### ئەی برای کوردی خۆشەویست:

"کۆمەڵەی ژ.ک بەپێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و قورت و چەڵمەیەکی وەکوو دوژمنایەتی خۆبەخۆی، پوڵپەرستی و بێگانەدۆستی کە لە رێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورددا هەیە، بە هەموو هێز و توانای خۆی تێئەکۆشێت تا زنجیر و کەڵەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵی و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستادا کوردستانێکی گەورە و رێک و پێک بێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بەسەربەستی تیابژیت."[35]

ژێ- کاف زۆر بەباشی ئەم راستییەی پێکابوو کە مەسەلەی کورد وەک مەسەلەی نەتەوەیەکی دابەشکراو و نیشتمانێکی پارچەکراو،

مەسەلەیەکی ئێرانیو عێراقی و تورکی و... نیە، بەڵکوو مەسەلە و گرفتێکی نێونەتەوەیییە.

"مەسەلەی کورد تا ساڵی 1919 بە مەسەلەیەکی (محلی) جێگای دەزانرا، بەڵام لەم رۆژەوە کە ژێنێراڵ شەریف پاشا بەدرخان لایحەی مەشهوری خۆی تەسلیمی کۆنفرانسی ئاشتی کرد و داوای میللی کوردی خستە بەندەکانی 11،13،14ی پەیمانی (سیڤەر) ئیتر مەسەلەی کورد بۆتە پرسیارێکی (بین‌المللی) و وازی لێ ناهێنێ."[36]

هەر بۆیە لە گوتاری سیاسی و تێکۆشانی بەکردەوەیدا بایەخێکی تایبەتی بە "دیپلۆماسی" و راکێشانی پشتیوانی دەوڵەتەکان بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەسەرێک بۆ دۆزی کورد قایل بوو. لەو نێوەدا "بەریتانیا" و "سوڤیەت" بەوێنەی دوو زلهێز، ژێکاف بەزیتی چاوی هیوای تێبڕیبوون.

ژێکاف بە مەبەستی بەدەس هێنانی رزگاریی نەتەوەیی بۆ کورد لە پشتیوانی دەرەکی دەگەڕا. لەو نێوەشدا گرینگ نەبوو لایەنی بەرامبەر هەڵگری چ جۆرە ئیدئۆلۆژیکێکە، کۆمۆنیستە یا سەر بە لیبرالیزمی دونیای رۆژئاوایە. ئەوەی لای ژێکاف بەهێند دەگیرا، ئەوە بوو لە ئاستی سیاسەتی نێونەتەوەییدا بۆ دۆزی کورد، دۆست و پشتیوانی بۆ پەیدا بکرێ و نەیویستووە بەهۆی جۆری ئیدئۆلۆژیکی تایبەتی زلهێزێکەوە خۆی پێ ببەستێتەوە.

مامۆستا مەلا قادری مودەرەسی لە چەند دێڕی کورت بەڵام پڕبەپێست لە هەمبەر سیاسەتی ژێکاف گوتوویە:

"لە هەڵو مەرجی ئەو دەم دا، رووس و ئینگلیس وەک دوو بەرداش وابوون و کوردیش وەک گەنم لەنێوانیان دا. جا بۆیە ئێمە ئەگەر تاریفێکمان لە یەکیان دەکرد، لە ژمارەی داهاتوودا قەرەبوومان دەکردەوە و باسی ئەوی دیکەمان دەکرد. بۆ ئەوەی کە ئەو دوو دەوڵەتە گەورە هیچیان وا نەزانن کە ئێمە سەر بە یەکێک لەوان و دوژمنی ئەوی تریانین..."[37]

بە مەبەستی دروست کردنی پارسەنگێکی وا، "نیشتمان" هەر جارێک بەشێوەیەک هەوڵ دەدا لە دەرگای یەکیان بدا. بۆ وێنە بە مەبەستی خۆنزیک کردنەوە لە بەریتانیا لە "نیشتمان" دا دەنووسرێ:

"جوانمێری و مەردم دۆستی بریتانیای گەورە
کورد ماوەییەکی زۆر لەمێژە هەستی بە نەجابەت و مرۆڤ خۆشەویستی بریتانیا کردووە، ئەم حکوومەتە گەورەیە بەدرێژایی مێژووی ئیمپراتۆرییەتی خۆی هەمیشە پارێزگاری ئازادی و سەربەخۆیی و پەروەرێنەر و پێکهێنەری نەتەوە بچووکەکانی گیتی بووە. زۆر جاران وەکوو ئەمجارەی ئێستا لەسەر حەقی نەتەوەیەکی بچووک بەرەنگاری نەتەوەیەکی زاڵ و بێدادگەرو ستەمکار بووە و ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لە پێناو ئاسوودەیی مەردوم ناوە بەتایبەتی تیشکی ئەم هەتاوە دوایە لە کوردی بێچارەو چارەڕەش و ستەم دیتوو حکوومەتی بەریتانیا هەر جارە بە چەشنێک بۆتە هۆی پێشکەوتنی گەلی دواکەوتوو و مەزلوومی کورد، بەراستی پێویستی خزمایەتی خۆی لەگەڵ ئێمە بەجێ گەیاندووە. ئەمجارەش لە باڵوێزخانەی بەریتانیا تیشکی ئەستێرەیەکی رووناک درەوشا. گۆواری دەنگی گیتیی تازەیان بە کوردیی‌یەکی زۆر پەتی بۆ دەرخستین. ژمارەی یەکەممان خێندەوە گەلێ هێژا و بەنرخە یەزدان یارمەتیدەری خۆی و خاوەنی بێ. بەڵام هەروەکوو زاندراوە کورد تەماعیان زۆرە و بەمانە پڕ نابێت ئێمە لە حکومەتی بەریتانی گەورە تکا ئەکەین هەر وەکوو لە "یافا" ئیستگەییەکی رادیۆی بە ناوی کوردستانەوە بۆ کردوینەوەو لە هەموو کوردستانا دەنگی داوەتەوە هەروەها رادیۆ لەندەنیش رۆژی سەعاتێک لە بەرنامەی خۆی بە زمانی شیرینی کوردی تەرخان بکا. بژی ئاڵاهەڵگری ئازادیی گیتی بەریتانیا مەزن."[38]

هەر بە هەمان شێوە لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبردا لە گۆڤاری "نیشتمان"دا بە وتارو شێعرو پەخشان تاریفی لنین و شۆڕشی ئۆکتۆبری کردووە و بە مەبەستی راکێشانی پتری کاربەدەستانی سۆڤیەتی باسی شۆڕشی ئۆکتۆبری لە زنجیرە وتارێک دا لە ژمارەکانی 2و 3و 4و 5 لە گرینگی ئەو شۆڕشە و رۆڵی لنین دواوەو نووسیویە:

باقیە ناوت ئەتۆ، گەرچی دەمێکە مردووی
نا لنین! ماوی هەتا ڕۆژی قیامەت زیندووی

بەڵام هیچ کام لەوانە بەمانای ئەوە نەبوو بگوترێ ژێکاف رێکخراوێکی کۆمۆنیستی‌یە و بە پشت ئەستووری بە روانینێکی

مارکسیستی‌یەوە لە دۆزی کوردی روانیوە. راست بۆ رەوینەوەی تەم و مژێکی واشە لە "نیشتمان"دا زۆر بە توندی دەمگۆیەکی وەها دەداتە دواوە:

"چەند کەسێک لەم بێ مێشکانە کە کتێبی دیاری و ژمارەی یەکەمی "نیشتمان"یان خوێندبۆوە و لایەنگری و تمایلی ئێمەیان بەلای حکومەتی سۆڤیەتدا دیبوو، گوتبوویان ئارمانی کۆمەڵەی ژ.ک بڵاوکردنەوەی مەسەلە و باوەڕی کۆمۆنیزمە. ئەم قسەیە بێشک لەسەرچاوەی تەبلیغاتی فاشیستەکان ئاو ئەخواتەوە، دەنا ئێمە کۆمۆنیست نین."[39]

هەموو تەمەنی ژێکاف پتر لە 3 ساڵی زیاتر نەخایاند. 3 ساڵ تەمەنیش بۆ رێکخراوێکی سیاسی و کۆکردنەوە و پێکەوەنانی ئەزموون و تاقیکردنەوە ماوەیەکی یەک جار زۆر کەمە. بەڵام هەر لەو ماوە کەمەدا لەو راستی‌یەی جیهانی سیاسەت گەیشت بۆ ئەوەی بتوانێ پشتیوانی دەرەکی بۆ لای مەسەلەی کورد رابکێشێ، تەنیا بە دروشم دان و تەنانەت جۆری ئیدئۆلۆژی لایەنی بەرانبەر کارێکی بۆ ناچێتە پێش. رێز دانان و لا کردنەوە لە "بەرژەوەندی ئابووری" ئەو دەوڵەتانە دەتوانن هۆکارێکی گرینگ بن بۆ دامەزراندنی ئەو پێوەندی‌یە.

مرۆڤ دەتوانێ تروپکی ئەو وشیاری‌یە لە سیاسەتی ژێکاف دا لە مەسەلەی پشتیوانی کردنی ئیمتیازی نەوتی ئێران بۆ سۆڤیەت بەدی بکات.

"حەسەنۆڤ" سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز لە راپۆرتی رۆژی 26ی فیبرواری ساڵی 1944- 26ی رەشەمەی 1322یدا لەمەڕ دیداری لەگەڵ عەبدولرەحمانی زەبیحی دەنووسێ:

"زەبیحی ئەندامی ژێکاف رایگەیاند ژ.ک کارێکی زۆری لەنێو کورداندا کردوە. بۆ وێنە بەیاننامەیەکی تایبەتی سەبارەت بە دانی ئیمتیازی نەوتی ئێران بە سۆڤیەت بە زمانی کوردی بڵاو کردووتەوە و رەخنەی لە حکوومەتی ساعید گرتووە و لەلایەن نۆ ملیۆن کوردەوە داوای دانی ئیمتیازی نەوتی ئێرانی بە سۆڤیەت کردووە. ئەم بەیاننامەیە لە ناوچە کوردنشینەکانی کوردستان بڵاو کراوەتەوە. لە مەهاباد کاریکاتۆرێکی هیتلەر و ساعید سەرۆک وەزیری ئێرانیان کێشاوەتەوە و لە شەقامی سەرەکیدا هەڵیانواسیوە. لەو کاریکاتۆرە دا هیتلەر بە تەلەفۆن بە ساعید فەرمان دەدات کە ئیمتیازی نەوتی ئێران بە یەکێتی سۆڤیەت نەدریت.

پارتی ژێکاف تیلگرافی بە ئیمزای (312) کەس لە پیاوماقووڵ و ناسراوەکانی کورد ناردوە بۆ پەرلەمانی ئێران و لە رۆژنامەکانی تاران داوا دەکات، ئیمتیازی نەوتی ئێران بدرێتە سۆڤیەت. لە زۆربەی گوند و ناوچە کوردنشینەکاندا، بەم مەبەستە میتینگیان پێک هێناوە. هەروەها لە رۆژی 10 فیبرواری ئەم ساڵەدا لە لایەن ژێکافەوە میتینگی سێهەزار کەسی لە شاری مەهاباد پێک هات."[40]

ئەگەر تێگرتن و پێداهەڵگوتنی ژێ کاف لە هەمبەر هەر دوو زلهێز لەلایەک دانێین و لێرەدا چاو لەو زیادەڕوویانە بنوقێنین کە لە ئەدەبیاتی سیاسی ژێکاف بەرامبەر بە بەریتانیا و سۆڤیەت دەبینرێ، راستییەک هەیە کە دەبێ بگوترێ:

ئەگەر ژێکاف لە سیاسەتی دیپلۆماسی خۆیدا، بە بەریتانیا دا هەڵدەڵێ، لەهەمان کاتیش یەکیەتیی سۆڤیەتییش لەبیر ناکات. گرینگی نواندنی ئەم سیاسەتە بەتایبەتی ئەو کاتە پتر دەردەکەوێ کە هەر دوو زلهێز، هێزەکانیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان مۆڵ دابوو. کورد بۆ ئەوەی لە وەدیهاتنی ئامانجەکانی نزیک بێتەوە، ریگایەکی تری نەبوو جگە لەوەی کە لە دەرگای هەر دووکیان بدا.

مەبەستی ژێکاف لە نووسینی ئەو وتارانە زۆرتر لە پێناوی ئەوە دابووە بۆ بەرەوپێش بردنی دۆزی کورد، خۆ لەو دەوڵەتانە نزیک بکاتەوە. واتە بزوێنەری سەرەکی لێرەدا راکێشانی پشتیوانیی سیاسی بووە، تا نزیکایەتیکی ئیدئۆلۆژیک. ژێکاف بۆخۆی رێکخراوێکی نەتەوەیی بوو، جگە لە نەتەوەخوازی هەڵگری هیچ جۆرە ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتی تر نەبوو. هەر بۆیە دەست و باڵی بەتەواوی ئاوەڵا بوو، لە تەک هەر دەوڵەتێکی کە لای وا بوو دەتوانێ یارمەتیدەری مەسەلەی کورد بێ، خۆ نزیک بکاتەوە.

## زمانی حاڵی ژێکاف

زمانی حاڵی ژێکاف گۆڤاری "نیشتمان" بوو. "نیشتمان" لە ناوەڕاستی ساڵی 1942، یەکەم ژمارەی لێ بڵاو دەکرێتەوە. "نیشتمان" گۆڤارێکی ئەدەبی، خوێندەواری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو.

"لەسەر هەر ژمارەیەکی نیشتمان مانگی کوردی و ساڵی ئێرانی و ئیسلامی نووسراوە، بەڵام هەر لەسەر ژمارەی یەکەم مانگ و ساڵی رۆژئاوایی نووسراوە. لەسەر بەرگی هەر ژمارەیەک دروشمی "ژێکاف" دروستکراوە، کە ئەویش بریتیﻰیە لە خۆرێک و دوو پیتی "ژ" و "ک" کە بە لاتینی نووسراون- ئاوا J.K ؛ لە نێوەڕاستی خۆرەکەدا لە هەر ژمارەیەکدا بە دەوربەری دروشمەکەدا واتە بە دەوروبەری خۆرەکەدا هەر جارە ئایەتێکی قورئان نووسراوە". [41]

دەستەی نووسەرانی "نیشتمان" لە هەڵبژاردنی جۆری بابەتەکانی "نیشتمان" دا ئەوپەڕی وریایی و وردبینیﻰیان بەکار هێناوە. "نیشتمان" هەوڵیداوە بە زمانێکی زۆر رەوان و بێ گرێوگۆڵ و هەر لەو کاتەدا روون و ئاشکرا وتارەکانی بێنێتە بەرهەم و بەشێوەیەکی زۆر خۆماڵیﻰیانە لەگەڵ خوێنەرانی بدوێ. لەپاڵ ئەوەشدا خۆی لە قەرەی نووسینی بابەتگەلێک داوە کە بەراست بۆ ئەندامی نەتەوەکەی نە تەنیا سەرنج راکێش بووە، بەڵکوو لەرووی رووبەروو بوونەوە بەرانبەر بە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران و بڵاوکردنەوەی وشیاریی نەتەوەیی، مۆرکێکی هاندەرانە و ئاوێتەی بانگەشەی رابوونێکی نەتەوەیی پێوە دیار بوو.

نێوەرۆکی ئەم رابوونەش لە لاپەڕەکانی "نیشتمان" دا لە شێوەی جۆراوجۆردا خۆی دەبینێتەوە. جارێک لە فۆرمی وتاردا و جارێکی تر بە شیعر و پەخشان هەوڵی بۆ نزیک بوونەوە لە ئامانجەکانی داوە. "دەمە تەقەی" "بایزو باپیر" نموونەیەکی بچووکە لە هونەری نووسینی ژێکاف و چۆنیەتیی هەوڵ دانی بۆ گەیاندنی پەیامە نەتەوەیﻰیەکی بە راوێژێکی زۆر خۆماڵیانە کە هەموو کەس بتوانێ چێژی تایبەتی خۆی لێ وەربگرێ.

بایز : ئەرێ مام باپیر، کتێبە پەرپووت

باپیر: سندان دەڵێی چی، دیسان بایزە رووت

بایز: پرسێکم هەیە، جوابم دە زوو بە
ئاغا تەشریفی بۆ چووە...
باپیر: رەئیسێک ناردی، لە شوێنیو بردی
نامەی رزگاری بدا بە کوردی"[42]

هەر بۆیەش بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەخێرایی و دەسبەجێی:

"دەس بە دەس و ماڵ بە ماڵ و دێ بەدێ و شار بەشاری کوردستانی پێواوە و وڵاتی تامەزرۆی تێراو و رووناک کردەوە، کۆمەڵانی خەڵک بەخۆشیەوە و بەشوێن میرزا و خوێندەوارێکی دا دەگەڕان کە کوردی بزانێت... بە ئیحترامەوە دەستیان بۆ دەبرد و ماچیان دەکرد". [43]

سەرنووسەری "نیشتمان" تێکۆشەر و رووناکبیری ناسراوی کورد "عەبدولرەحمانی زەبیحی" بوو. شوێنی چاپی "نیشتمان"یش شاری تەورێز بوو. "بەهۆی دۆستایەتی لەگەڵ ئەرمەنییەکان لە چاپخانەی کابرایەکی ئەرمەنی کە دۆستی خۆی بوو بە نێوی "چاپخانەی ئەرامەنە" دەستی بە ئیش کرد. بە رۆژ لە هۆتێل خۆی دەشاردەوە و بە شەو خەریکی پیت چنین و رێک و پێک کردنی نووسراوەکانی گۆڤار دەبوو. زۆری نەخایاند کە یەکەمین بەرهەمی کۆمەڵە بە ناوی "دیاریی کۆمەڵەی ژێکاف بۆ لاوانی کورد" لە دەسپێکی ساڵی 1322 (1943) کەوتە دەست خەڵک". [44]

"زەبیحی" سەرنووسەری "نیشتمان" بەراستی لە چاپ کردنی ئەو گۆڤارەدا زەحمەتی کێشاو وریایی نیشان دا. جگە لە زەبیحی و چەند کەسی باوەڕپێکراوی تر، کەس دەستەی نوسەرانی "نیشتمان"ی نەدەناسی و نەیدەزانی ئەو گۆڤارە لە کوێ چاپ دەکرێ". [45]

لە "نیشتمان"دا داهێنانێکی زۆر گرینگ و مۆدیرن بەرچاو دەکەوێ، بەشی هەرە زۆری وتارەکانی "نیشتمان" بە ئیمزای تاکەکەسییەوە هاتوونە چاپ و بڵاوکردنەوە. ئەم شێوەکارە لە دوو لاوە گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە. هەم لە لایەک رێزی لێهاتوویییەکانی تاکەکەسی گرتووە و مەیدانی گەشە کردنی لەبەردەم دا ئاواڵا کردوە و، هەم جۆرێک لە هەست بە بەرپرسایەتی کردنی لەنێو نووسەرانی "نیشتمان"دا بەرهەم هێناوە، کە بە هەستیارییەوە پێنووسیان بخەنە گەڕ.

لەهەمان کاتدا:

"نیشتمان زۆر هەوڵی داوە بۆ پێشخستنی زمانی کوردی و ئەو کوردی‌یەی پێی نووسیوە، چ لە باری داڕشتن و چ لە باری وشە دانی‌یەوە کوردی‌یەکی زۆر جوان و رەوان و بۆ چل ساڵ لەمەوبەر نایاب بووە. بێجگە لەوەش "نیشتمان" خۆی بەشداری کردوە لە رێکوپێکخستن و بژار کردنی زمانی کوردی دا. لە ژمارەی (3و4)یدا وتارێکی بڵاو کردۆتەوە لە ژێر سەرنێوی "کوردی دەبێ چۆن بنووسرێ" گەلێک پێشنیار و بیروڕای لەم بارەیەوە پێشان داوە". [46]

ژێکاف لە رێگای وتارەکانی گۆڤاری "نیشتمان"ەوە لە هەوڵی ئەوە دابوو گۆڕانێکی فیکری لەبیرو مێشکی مرۆڤی کورددا پێک بێنێ. گەیشتن بە سەربەستی و ئازادی و رزگاریی نەتەوەیی کاکڵ و ناوەرۆکی ئەو گۆڕانەی لەخۆ دەگرت. ژێ‌کاف لەسەر ئەو باوەڕە بوو ئەوەندەی بۆ ژیانی مرۆڤی کورد نان و هەوا پێویستە، بە هەمان ئەندازەش ئازادی و رزگاریی نەتەوەیی‌یش گرینگن. لەم بارەیەوە لە "نیشتمان"ی ژمارە 2 دا هاتووە:

"لە دونیای ئیمڕۆدا ژیان بە یەخسیری و ژێردەستی هیچ ناهێنێ میللەتێکی ژێردەستی ئەم و ئەو بێت وەک هەتیوی بێ دایک و باب هەمیشە هەناسە سارد و رەنگ زەردە. ... سەربەستی بۆ ملت لە رادەی نان و ئاودایە. واتا چلۆن ئادەمیزاد بەبێ نان ناژیت هەروەها بەبێ ئازادییش ناتوانێ بژی. ئەم زنجیر و کەلەمی دیلی کە خراوەتە ئەستۆی نەتەوەی بە شەهامەتو رەشیدی کورد سەتحی ئەخلاقی ئەم قەومە ئازادو نەجیبەی زۆر هێناوەتە خوار". [47]

یەکێک لە گرینگترین پرنسیبەکانی "نیشتمان"، گرینگی دان بە مەسەلەی "بیر"و کار و تیکۆشانی "کولتوری" بوو. کاتێ لە تەوەرەکانی گۆڤاری نیشتمانی ژێکاف دەڕوانی ئەو دەم بەباشی لە خەم و سەرقاڵی‌یەکانی ژێ- کاف و نەخش و رۆڵێکی کە ئەو رێکخراوە بۆ رۆڵی کارو تێکۆشانی کولتوری لە ژیانی سیاسی نەتەوەکەی دا قایل بووە، دەتواندرێ هەستی پێ بکرێ. بەربەرەکانی لەگەڵ بیرو هزری کۆنەباو لە کۆمەڵی کوردەواری بەشێک لەو کارە کولتووریە بوو. ژێ- کاف بەهۆی

بابەتەکانی گۆڤاری نیشتمانەوە هەوڵی دەدا ریزەکانی کۆمەڵی کوردەواری بە گشتی و عەشیرەتەکان بەتایبەتی بۆ یەکیەتی و تەبایی بانگهێشتن بکات و بەهۆی چەسپاندنی بیرو کولتوری نەتەوەیی جێگا بە عەقلیەتی عەشیرەیی لێژ بکات.

هەر بۆیە بەشێک لە لاپەڕەکانی "نیشتمان" رەخنە و گازندە لە کولتووری عەشیرەیی بوو. "نیشتمان" لە هەوڵی ئەوە دابوو بە هۆی وروژاندنی ئەم تەوەرە، کولتوری خێڵەکی و عەشیرەیی لەنێو کۆمەڵی کوردەواری بەرەو کزی و لاوازی مل بنێ و لە پڕۆسەیەکدا ناسنامەی "کوردبوون" جێ بە کولتوری عەشیرەیی لێژ بکات. هەر بۆیە لە "نیشتمان"دا هەوڵێکی زۆر دەبینرێ بۆ جێ خستن و بەهێز کردنی روحی نیشتمانپەروەری و بیری کوردایەتی لە نێو ئەندامانی ئەو توێژە لە کۆمەڵی کوردەواری دا.

"بۆ وێنە: "نیشتمان" روو دەکاتە ئاغاکان و سەرۆک هۆزەکان و بەدەسەڵاتەکان و داوایان لێدەکات کە کوردایەتی بکەن و دەست لە "تەماع هەڵگرن". نیشتمان زۆر جار باسی "تەماع و پووڵپەرستی" دەکات و "تەماع و پووڵپەرستی" بەهۆیەکی زلی دواکەوتنی کورد دادەنێ و دەبێژێ: "ئەم هەستە بەتایبەتی لە ناو عەشیرەتەکانی کورددا بەهێزە. لە بەر ئەوە نیشتمان داوا لە ئاغا و سەردار عەشیرەتە خۆشەویستەکانی کورد دەکات کە بە دراو و درۆی دوژمن هەڵ نەخەڵەتێن و روویان لێ دەنێ کە تەماع فڕێ بدەن تا سەربەخۆیی کوردستان دوا نەکەوێ". [48]

لە "نیشتمان" دا هەوڵ دەدرێ، هەر جارێک بە زمانێکی تایبەت لەگەڵ ئەقلیەتی سەرۆک عەشیرەکان هەڵسوکەوت بکرێ. جاری وایە غیرەتیان وەبەردنێ و دەنووسێ:

"ئەی سەردار عەشایر و پێشەوایانی کورد ئەوڕۆ رۆژێکە سەروماڵ دەپێناو راگرتنی حقوقی کورد و کوردستانی گەورە ئەرجێکی نیە. مردن لە رێگای ئازادی بەشەرافەت گەلێک خۆشترە لە ژیانی ژێردەستی و ئەسارەت". [49]

"نازانم بۆچی رەگی غیرەتی پیاوە گەورەکانمان پساوە؟ بۆچی عەقل و مەعریفەت لە مێشکتان دا نەماوە. لام وایە رەگ و شاڕەگە زلەکانیان

هەموو بە ماشەی جەور و ستەمی تورک - ئێرانو عەرەبەکان لەبەر هاتۆتە دەر، بەڵام تێگەیشتن و فامیان چی بەسەر هاتوە؟"[50]

هێندێک جاریش تکاو رەجای بەخۆ داچوونەوەیان لێدەکا، دەس لە کولتوری خۆخۆری هەڵبگرن و ناسنامەی خۆیان لە کوردبوون دا ببیننەوە:

"ئەی سەردار عەشیرەتو شارستانیکانی کوردستان ایوە بنو خواو پێغەمبەرتا ایمرۆ هەر چیکتان دەربارەی براو خزمی خۆتان کردووە لە دلی دەرکەن بەڵام: لەمەوپاش ناوی عەشیرەتو شارستانی جافو پژدەریو مەنگور و مامەش دیبوکری بەگزادە، کەلهور و سەنجابی لەناو خۆتان هەڵگرنو بەیەک زمان هاوار بکەن "کوردینو حەقی خۆمان ئەویت"". [51]

چەلی واشە لێیان ناهومێد دەبێ و داوایان لێدەکا ئەگەر ناتوانن گوڵ بن، دڕکیش نەبن:

"ئەی سەردارو مەزنانی کورد، ... ئەگەر چارەیەک بۆ چارەڕەشی و بەدبەختیمان ناکەن، ئەگەر دڵتان بە دیلی و زەلیلی ئێمە ناسووتێ مەبنە بەرهەڵستی ئەو کۆمەڵانەی کە ژیانی سەربەستی کورد و کوردستانیان دەوێ". [52]

کەچی لەپڕ جارێکی تر پەریی هومێدەواری دیدوێنێ و دەنووسێ:

"نەتەوەی کورد عبارەت نیە لەو چەند سەردار عەشیرەتەی کە بەختیاری نەتەوەکەیان لە پێناو مادديات دەنێن". [53]

"بەڵام "نیشتمان" هەر گلەیی لە ئاغاکان و سەرۆک هۆزەکان ناکات، بەڵکوو گلەیی‌یەکی زۆریش لە بازرگانەکان دەکات، بەتایبەتی لەوانەی کە لە کاتی جەنگ دا دەکەوتنە مۆنۆپۆل کردنی بژێو (ئەرزاق)و دەبوونە هۆی گران کردنی. "نیشتمان" لە ژمارە 1دا وتارێک دەنووسێ لە دژی ئەو گەنم کڕانەی کە هەر گەنمێک دەهاتە بازاڕەوە زوو دەیانکڕی و بارخانەیان دەکرد و دەبوونە هۆی گران کردنی نرخی گەنم، لێرەشدا "نیشتمان" پەنا دەباتە بەر خودی بۆ سزادانی ئەو بازرگانانەو دەبێژێ: "ئەی گەنم کڕ چوون داماو بێدەسەڵاتەکانت تووشی برسێتی کرد، خوا ماڵ و منالت بخاتە برسێتی". [54]

هەڵبەت لەو نێوەدا "نیشتمان" زۆر بە ئەسپایی و پارێزەوە جووڵاوەتەوەو لە هەوڵی ئەوەدا نەبووە زمانێکی سیاسی وا بەکار بێنێ کە ئەوان بۆ بەرەی دژبەر پاڵ پێوەنێ و شەڕی چینەکان لە کوردستان چێ بکات. ژێکاف لەو نێوەدا رێیەکی زیرانە دەگرێتە بەر. نە لە ئاست هەژاریی بەشێکی هەرە زۆری کۆمەڵەکەی بێ دەنگی دەگرێتە بەرو چاو لە رەنجو ژیانی پڕ لە چەوسانەوەیان دەنوقێنێ و نە بانگی شەڕی چینەکانیش بەرز دەکاتەوە. ئەمە بۆ ئەو قۆناغە جۆرە پارسەنگێک بوو کە ژێکاف لە هەوڵی کار کردنو جێ خستنی دابوو. لەم بارەیەوە لە نیشتمان دا هاتووە:

"کۆمەڵە هەموو قەبیلەو عەشیرەتەکانی کورد بە چاوێک تەماشا دەکاو بۆ برایەتەی هەموان کوشش ئەکا. رخنەگریو انتقاداتی کۆمەڵە لە ئاکاری ئەوان تەنیا لە رووی دلسوزی کوردایەتیوەیە کە حەز بە لە ناو چوونی ئاکارو رفتاری ناشیرین لەناو کوردەواریدا دەکا".[55]

ئەم "پارێزەش" بە مانای ئەوە نەبوو بیری سیاسی ژێکاف دەیهەوێ نوێنەرایەتیی بیر و هزری کۆنەباوی کۆمەڵی کوردەواری گرتۆتە ئەستوی. بەڵکوو ئەو جۆرە نەرمی نواندنە لە واقعبینییەکی سیاسیی ژێکافەوە سەرچاوەی دەگرت. پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەواری لەو کاتە بەجۆرێک نەبوو هێزی سەرۆک عەشیرەتی گوندەکان بەهێند نەگری. لەو سەردەمەدا پێوەندیی عەشیرەتی و دەرەبەگی باڵی بەسەر هەموو کوردستاندا کێشابوو. شارەکان تازە دەهاتن ببنە بنکەی کۆمەڵایەتی تاجر و وردەبۆرژوای شار. هەر بۆیە "نیشتمان"یش هەوڵ دەدا ئەو راستییە هەر چەند تاڵیش بێ قوت بدا و لە هەڵوێستەکانی لەبەر چاوی بگرێ.

ئەم فاکتانە نیشان دەدەن نیشتمان گۆڤارێکی رەخنەگەری جیددیش بووە. ئەگەر لەلایەک پەسندی خاک و نیشتمان و زمانی نەتەوەیی نەتەوەکەی خۆی کردوە، لەلایەکی دیکەشەوە لێبڕاوانە بەگژ گەلێک دیاردەی دزێوی کولتووری توێژگەلێکی کۆمەڵی کوردەواریش دا چووەتەوەو داویەتە بەر لۆمە و گازندەی خۆی. "نیشتمان" لە هەڵبژاردنی زمانی رخنەگرانەی خۆی بە زۆری هەوڵیداوە، خۆ لە رەخنەی لاوەکی بپارێزێ و قامک لەسەر کۆمەڵە بوارێک دابنێ کە بۆ دۆزی نەتەوەیی

کورد لەو رۆژگارە بەجۆرێک لە جۆرەکان کۆسپ و تەگەرەبوون. هەر لەو رووەوە رەخنەو گازندەکانیشی بە مەبەستی چاکسازی و گۆڕانکاری بووە نەک دوژمنایەتی نانەوە و شتی لەم جۆرە.

جگە لە هەموو ئەوانە، "نیشتمان" بڵاوکراوەیەکی عەداڵەتخوازیش بووە. واتە هاوکات لەگەڵ خەبات بۆ رزگاریی نەتەوایەتی، مەسەلەی هەژاری و بێدەرەتانیی بەشێکی زۆری خەڵکی وڵاتەکەشی بەلاوە گرینگ بووە.

"بەباوەڕی "نیشتمان" بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا بە سەربەستی راستەقینە بگات، هەر دوو لایەنی گەرەکە، واتە هەم نان و ژیانێکی دادپەروەرانەی کۆمەڵایەتی و هەم رزگاریی نەتەوەیی". [56]

ئەم دەربڕینە لە گوتاری "نیشتمان" دا دەربڕی ئەو راستیی‌یەیە کە جۆری نەتەوەخوازیی ژ.ک، نەتەوەخوازی‌یەکی پێشکەوتنخوازانە بووە. رزگاریی کوردستان تەنیا لە راماڵینی داگیرکەران و رزگار کردنی چیاکانی کوردستان دا نەبینیوە، بەڵکوو باری ئابووری و هەژاریی خەڵکی وڵاتەکەشی بەلاوە گرینگ بووە. بەڵام بۆ جێ خستنی ئەم بیرە عەدالەت خوازانەیە، نەیویستووە لاسایی حیزبێکی مارکسیست- لنینی لە کوردستان بکاتەوە بۆ دامەزرانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، لە پێویستی شۆڕشێکی سوسیالیستی بدوێ. هەر بۆیە:

"لە هەموو گۆڤاری "نیشتمان"دا یەک وشەی تێدا نی‌یە باسی "خەباتی چینایەتی" بکات. هەروەها ئەو زاراوە سۆسیۆلۆژی‌یانەی کە پێوەندی‌یان بە چینایەتی‌یەوە هەیە و لەلایەن مارکسیستەکانەوە زۆر بەکار دەهێندرێن، وەک "چینی کرێکا"و "چینی سەرمایەدار"و "چینی دەرەبەگ"و "خاوەن زەوی گەورە"و چینی زەحمەتکێش"و "پێوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنان"و... هتد، لەم گۆڤارەدا چنگ ناکەون. بەڵام ئەمە مانای وا نیە کە "نیشتمان" باسی جیاوازیی نێوان "هەژار"و "دەوڵەمەند" "دەستڕۆیشتوو" و "خواردەست" ناکات. نەخێر، زۆر جار باسی ئەمانە دەکات، بەڵام چارەسەر کردنی ئەم "جیاوازی‌یە" دەداتە دەست دەوڵەمەندەکان و دەستڕۆیشتووەکان خۆیان. بەکورتی "ژێکاف" هەڵوێستێکی گونجێنەرانەی هەیە لە مەسەلەی چینایەتی‌دا، مەسەلەکە بە مەسەلەی

"مورالّی"و ئاکار و رەفتاری ناشیرین دادەنێ و دەیبەستێ بە "هەستی تەماع" و "پارەپەرستی"و "حەسودی"یەوە نەک بە مەسەلەیەکی ماددی، کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندیی چینایەتی کە "پێوەندیەکانی بەرهەمهێنان" لە "کۆمەڵگەدا" دەستنیشانی دەکەن، وەک مارکسیستەکان دەبێژن". [57]

بەڵام دەشێ ئەو هەڵوێستە مورالیەیە لە کەمایەسی و گرفتێکی تئۆریکی و لە ناشارەزایی لەمەڕ پێوەندیی لەئاشتی نەهاتووی چینی "چەوسێنەر"و "چەوساوە" سەرچاوەی نەگرتبێ. هەموو نیشانەکان لەوە دەدوێن گوتاری ژێکاف وەک دیسکورسی هەموو رەوت و تەیارێکی نەتەوەخوازی ویستوویەتی پتر لە یەکیەتیو یەکگرتنی ئەندامانی نەتەوە بدوێ. هەر بۆیە لە بری پێداگرتن لەسەر چەمکی "دژبەری"، هەوڵی بۆ بەهێزکردنی گیانی یەکیەتی و تەبایی ریزەکانی ئەندامانی نەتەوەکەی داوە.

هاوتەریب لەگەڵ ئەوە، ژێکاف حیزبێکی ئیسلامیش نەبوو، کە هێنانە سەرکاری دەوڵەتێکی ئیسلامی بخاتە دەستووری کاری خۆیەوە. بنەما و جیهانبینیی بیری ژێکاف نەتەوەخوازی بوو. مەسەلە و گرفتەکانی دۆزی نەتەوەی کورد، بەردی بناغەی گوتاری ژێکافی پێک دەهێنا. بەڵام لەگەڵ ئەوەش بیری ئایینی لە گوتاری نەتەوەخوازیی ژێکافدا بە شێوەی جۆراوجۆر رەنگ دەداتەوە و لە ئەدەبیاتی سیاسیی ژێکاف دا و تەنانەت لە شێوەی ئەندام وەرگرتنیشیدا پێ و شوێنی دەبینرێ.

ئەگەر لە وڵاتگەلێکی ئۆرووپایی سەرهەڵدان و گەشەی بزووتنەوە نەتەوایەتیەکان، بە مانای رووخانی سیستمی دەرەبەگایەتی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتی کلیسا لە دەوڵەت و دامەزراندنی نیزامی سەرمایەداری بوو، کەچی لە کوردستان ئەو نەتەوەخوازیەی کە ژێکاف لەو قۆناغەدا نوێنەرایەتیی کردوە قایل بە جوریک پێک هاتن و ئاشتی دانێک لە نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم دا بووە. هەر بۆیە لە ئەدەبیاتی سیاسیی "نیشتمان"دا نە تەنیا باسێک لە جیایی دین لە دەوڵەت لە ئارادا نیە بەڵکوو [دەبینین لە هەموو ژمارەکانی "نیشتمان"دا بێ نیوەبڕ هەر یەکەیان لە لاپەڕی یەکەمیان دا بە دەوروبەری دروشمی "ژێکاف"دا ئایەتێکی قورئان نوسراوە تێیدا] [58]

بەڵام کاریگەریی بیری ئایینی لە گوتاری ژێکافـدا تەنیا لە بازنەی هێنانەوەی چەند ئایەتێکی قورئان لە "نیشتمان"دا قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکوو هەروەک "نیشتمان" باسی لێوە دەکا ئایینی ئیسلام یەکێک لەو چوار کۆڵەکەیە دەبێ کە ژێکافی لەسەر بونیات نراوە. "نیشتمان" لەو بارەیەوە دەنووسێ:

"کۆمەڵەی ژ.ک لەسەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنیت، سوڵح و ئاشتی خوازی دامەزراوە هەموو قانوون و نظامنامەکانی لەگەڵ شەریعەتی مقدسی ئیسلام تەطبیق ئەکریو ئینجا ئەخریتە کار". [59]

قەبووڵ کردنی ئیسلام وەک یەکێک لە چوار کۆڵەکەی بیری ژێکاف. "نیشتمان" دێنێتە سەر ئەو باوەڕە بنووسێ :

بە "بونەی متدین بوونی بەشی زوری نەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام کومەلە لە کوردستان تەنیا دینی مقدسی ئیسلام بەرەسمی دەناسێ و بۆ تەرویجی شەریعەتی خاوێنی ئیسلام و بەجی گەیشتنی هەموو رێوشوێنێکی ئیسلامەتی تێدەکۆشی و لەگەڵ منافقان بەربەرەکانێکی بەشیدەت ئەکا". [60]

ئەو فاکتە مێژووییـیە دەتوانێ ئێمە لەو ڕاستیـیە نزیک بکاتەوە کە بڵێین: چەمکی نەتەوەخوازی لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە بتوانێ لە کۆی گشتیـدا لە هەموو وڵات و نیشتمانێکدا خۆی لە هێندێک بنەما و خاڵی هاوبەش دا ببینێتەوە، بەڵام نەتەوەخوازی لە هەر وڵاتێک نە تەنیا تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵکوو لە هۆکاری دەم و کاتی پشکووتن و سەرهەڵدانیش دا دەتوانێ جیاوازی هەبێ. شەرت نیە هەموو نەتەوەخوازیـیەک بە گشتی و نەتەوەخوازیی کورد بەتایبەتی لە ڕەوتی ژیانی خۆیدا، ڕووبەڕووی هەمان ئەرک و وەزیفەیەک بێتەوە کە بۆ وێنە لە مودێلی نەتەوەخوازیـیەکی چەشنی مودێلی فەرانسەییـدا هاتۆتە ئاراوە. چۆنیەتیی ئاستی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری جۆری پێداویستی و کێشەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتیکی تر دەگۆڕێ. هەر بەو پێیەش گوتاری ناسیۆنالیستییش ناتوانێ خۆ لە ژێر کارتێکەریـیەکانی ئەو ژینگەیەی تێدا خەملیوە بەدوور ڕابگرێ.

"پەیوەندیی نێوان ئاین و هوشیاریی نەوتەوەیی پەیوەندییەکی ئالۆزە، چونکە ئاین تەنیا ئیمان و باوەڕ نییە، بەڵکوو کولتوریشە. بۆیە ئائین، وەک رەگەزێکی گرنگی کولتوری دەشتی، لە هەندێک قوناغێ مێژوویی و بارودۆخی تایبەتیدا، رۆڵێکی دیار و پێشەنگ لە دروستکردن و پێشخستنی هوشیاریی نەتەوەییدا بگیرێت و وەک توخمێکی سەرەکی ئایدیۆلۆژیای خەباتی رزگاریخوازیی خۆی دەربخات. ئەم دیاردەیە بە پلەی یەکەم لەو وڵاتە داگیراو کۆلۆنیالکراوانەدا دەرکەوتووە کە ئایین بەشێک بووە لە ناسنامە یان کولتوری نەتەوەی داگیرکەر. بۆ نموونە گەلانی باڵکان لە داگیرکەری عوسمانیدا تەنیا وێنەی دەسەڵاتێکی ستەمکاری بێگانە و زمانو کولتوورێکی نامۆیان نەدەدەدیت بەڵکو لە هەمان کاتدا وێنەی ئایینێکی نامۆ (ئایینی ئیسلام)یشیان دەبینی. بۆیە ئایینی مەسیحی بوو بە رەگەزێکی گرنگی هۆشیاریی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم. دواتریش بە فاکتەرێکی سەرەکی خەباتی رزگاریخوازیی ئەو نەتەوانە بە هەمان شیوە جیاوازی و یان ناکۆکیی ئایینی نێوان گەلانی میسر و ئەلجەزائیر و لیبیا لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی فەرەنسایی و ئیتالیایی فاکتەرێکی سەرەکیی خەباتی رزگاریخوازایی ئەو گەلانە بوو". [61]

لەو رووەوە ئیدیعای بوونی "تیئۆرییەکی گشتگر و تاقانە" بۆ خوێندنەوە و ئانالیزە کردنی گشت بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان بە پەیرەوی کردن لەو، یەکەم مەسەلەیە کە لەگەڵ گرفت و درزتێکەوتن بەرەوڕوو دەبێ.

لە کەیسی ژێکافیشدا هەرچەند لە هەموو ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیدا تەنانەت بۆ تاقە جارێکیش باسی هێنانە سەر کاری دەوڵەتێکی ئیسلامی نایەتە گۆڕێ و بە بەردەوامی لە دەوڵەتێکی گشتگری کوردی دەدوێ کە کۆتایی بە ژێردەستەیی کورد و داگیرکراویی کوردستان لە داگیران بێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوانەش کەڵک وەرگرتن لە بیری ئایینی بەجۆرێک لە جۆرەکان ئاوێتەی گوتاری نەتەوەخوازیی ژیکاف دەبێ. بەڵام ئەو ئاوێتە بوونە جۆرێکی کولتورییە نەک ئیدئۆلۆژیانە، واتە لە بیری نەتەوخوازیی ژێکاف دا ناسنامەی ئایینی، نابێتە فاکتەری خۆ جیاکردنەوە و بەرەنگار بوونەوەی داگیرکەران.

وروژاندنی هەست و بیری نەتەوەخوازی، گرنگی دان بە زمانی نەتەوە، هێنانە ئارای کیانێکی گشتگری کوردی کە لە لاپەڕەکانی "نیشتمان" دا هێزێکی فیکریی گەورەی بۆ تەرخان کراوە بە ئاشکرا نیشان دەدا ژێکاف لە کوردستان خەوی بە چ بزاڤێکی جەماوەری‌یەوە بینیوە، بزاڤێکی ئایینی یا خۆ بزاڤێکی نەتەوەیی؟

هەموو ئەدەبیاتی سیاسیی ژێکاف بپشکنی نابینی گوترابێ کورد بە هۆی ئایینەکەیەوە تووشی داگیرکاری هاتووە یاخۆ بەهۆی ئایینەکەیەوە ناسنامەی نەتەوەیی و کوردبوونی پارێزراوە. کەوایە کاتێک لێرەدا باس لەوە دەکەین بیری ئایینی لە گوتاری ژێکاف دا بە گوێرەی کات و هۆی جیاواز لە توێی لاپەڕەکانی "نیشتمان"دا رەنگی داوەتەوە، رەوا نیە زیادەڕەوی تێدا بکرێ. بەڵام هێشتاش پرسیارێک لەو نێوەدا بێ‌وەڵام دەمێنێتەوە. ئەگەر ژێکاف بەشێوەیەکی ئیدئۆلۆژیکی لە ئایینی ئیسلامی نەیڕوانیوە و وەکو بایەخ و قەڵغانێکی کولتوری جێگای لە گوتاری ژێکاف دا کردبۆوە، پرسیار ئەوەیە سنووری ئەو روانینە کولتوری‌یە بۆ ئایین لە کوێوە دەس پێ دەکا و لە کوێ کۆتایی پێ دێ؟ یاخۆ بە واتایەکی روونتر یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی چەند دەچوونە ژێر کاریگەریی ئەو روانینە کولتوری‌یەوە بۆ ئایین؟

راستی‌یەکەی ئەوەیە وەڵامدانەوە بە پرسیارێکی وا کارێکی هاسان نیە. تەمەنی کورتی ژێکاف و "نیشتمان" بوون بەرێگر لە هەمبەر وڵامی پرسیارگەلێکی لەم چەشنە. ئەگەر نامانهەوێ ئارەزووی خۆمان لە جێگای بیرو روانینی ژیکاف دانێین، رەنگە تەنیا بتوانین بڵێین پێوەندیی ژێکاف و ئایین، پتر تێکەڵاوی و بەردەوامی دەبینرێ تا لێک دابڕان. واتە دین وەلاوە نانێت و نەویستووە ببێتە ئاڵترناتیوی ئایین و، ناسیۆنالیزم لە جێگای دابنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا پێی وابووە لە پرۆسەی بەدەوڵەت بوونی کورددا، پێویستیی بە هەموو شتێکە و دینیش یەکێک لەوان. بۆ ئەم مەبەستەش ژیرانە بۆ ئەوە کاری کردووە، شوناسی گەردونی ئایینی بۆ شوناسێکی نەتەوەیی تووشی وەرچەرخان بکات و لە پرۆسەیەکی لەسەرخۆدا ئایین خۆماڵی بکات‌و مانایەکی نەتەوەیی پێ‌ببەخشێ. ئەگەر

هەموو ئەوانەی باسکرا بکرێت لە چەند دێرێکدا کۆ بکەینەوە دەتوانین بڵێین:

لە هەر روویەکەوە لە بیری ژێکاف و گوتاری "نیشتمان" بڕوانین بەدەسەڵات گەیاندنی نەتەوە، رزگار کردنی کوردستان لە دەسەڵاتی داگیرکەرانە و کار کردن لەسەر ئەو سیمبول‌و بەها نەتەوەیی‌یانە کە ئایدیای نەتەوەخوازیی دەیان‌وروژێنێ، ژێرخانی فیکریی و سیمای سیاسیی ژێکافـی پێ پیناسە دەکرێ. ژێکاف لەگەڵ ئەوەی کەم ژیا، بەڵام لە مێژووی نەتەوەخوازیی کورد دا جێگایەکی تایبەتی هەیە و هەر لەو ماوە کەمەدا توانی خۆی لە قەرەی کاری گەورە بدات. پۆلێک لاوی تازە پێگەیشتووی شاری لە کەش و هەوایەکی ئاڵۆز و هەر لەو کاتەدا چارەنوس‌سازدا دەکەونە هەوڵی ئەوەوە، کار لەسەر پرۆژە و کۆنسیپتێکی نەتەوەیی بۆ بەدەوڵەت بوونی نەتەوەکەیان بکەن. ئەم کونسێپتە ئەگەر چی نەیتوانی هەموو بەشە لێک دابڕاوەکانی کوردستان لە ژێر سێبەری دەوڵەتێکی گشتگری کوردستانی بەیەکەوە گرێ بداتەوە، بەڵام لانی کەم توانی لە بەشیک لە نیشتمانی کورد و لە ستروکتوری کۆماردا دەرەتانی پیادەکردن بەخۆیەوە ببنێ.

ژێکاف تا دڵ دەخوازێ هەڵگری گوتارێکی چاوکراوەی نەتەوەخوازی بووە. کاری لەسەر ئەو چەمک و زاراوەو بوارانە کردووە کە گشت بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی بۆ بەدەوڵەت بوونی نەتەوەکەی کاری لەسەر دەکات.

لە ئاستی نێونەتەوەییش دا هەوڵیداوە، لە هەموو دەرەتانێک بۆ بەدەوڵەت بوونی کورد کەڵک وەربگرێ. لە ئاستی نێوخۆییشدا شێلگیرانە لە هەوڵی ئەوە دابوو ئینتمای نەتەوەیی جێ بە ئینتمای خێڵەکی لێژ بکا و یەکیەتی و تەبایی‌یەک لە نێو ریزەکانی ئەندامانی نەتەوەکەی چێ بکا.

لەوانەش گرینگتر ژێکاف لە تەک بیری چەواشەکەرانەی حیزب و رووناکبیرانی نەتەوەی بان دەست هیچ جۆرە تێکەڵاویی و خزمایەتێکی نەبوو و نەی‌هێشتبوو کارتێکەریی فیکریی ئەوان دزە بکاتە ناو دەزگای بیرو بیرکردنەوەی دا. لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە شانۆی سیاسی و

گۆڕەپانی ڕێکخراوەییدا، ژێکافییەکان یەکەمین و دوایین کەسانێک بوون بەو تایبەتمەندییانە ناسراون و دەناسرێنەوە.

سەرچاوەکانی فەسڵی چوارەم :

1. بڕوانە گۆڤاری هاڤیبوون ژمارە 6 وتاری کۆماری کوردستان لە ... لە نووسینی د.بورهان یاسین.
2. کاک کەریم حیسامی. کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ... . چاپی دووهەم 1986 لاپەرەکانی 36و 37.
3. مامۆستا هەژار چێشتی مجێور. لاپەری 58
4. کۆماری کوردستان یان ... کەریم حیسامی چاپی دوەم 1986 لاپەری42
5. کۆماری کوردستان یان ... کەریم حیسامی چاپی دوەم 1986 لاپەری40
6. پێوەندییەکانی کۆماری کوردستانو کۆماری ئازەربایجان... نوسەر: ریچارد ئەی مۆبلی. لە وەرگێرانی حەسەن قازی
7. مامۆستا هەژارچێشتی مجێور ل 57.
8. مامۆستا جەمال نەبەز، گۆڤاری "نیشتمان" زمان حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف ... بنکەی چاپەمەنی ئازاد. سوید
9. گۆڤاری "نیشتمان" ژمارە 2 کە بە هیمەتەی مامۆستا نەبەز کۆکراوەتەوە
10. مامۆستا هێمن. پێشەکیی تاریکو روون ل 20
11. سید محمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، ص118
12. مامۆستا هەژار ، چێشتی مجێور.ل 60
13. کۆمەڵەی ژێکاف لە نووسینی مامۆستا مەلا قادر موردەرەسی. وەرگیراو لە کتێبی ژیانو بەسەرهاتی زەبیحی ل 70
14. وڵاتی من لە کتێبی بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوولای قازیو لە ئامادە کردنی قاسمی قازی
15. وڵاتی من لە کتێبی بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوولای قازیو لە ئامادە کردنی قاسمی قازی
16. وڵاتی من لە کتێبی بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوولای قازیو لە ئامادە کردنی قاسمی قازی ل 70

17. وڵاتی من له کتێبی بیرەوەری‌یەکانی حاجی عەبدوولای قازی‌و له ئاماده کردنی قاسمی قازی ل 38
18. کۆمەڵەی ژ-کاف و کۆمەڵەی هیوا. وتارێکی د. عەبدوڵلا مەردوخ
19. ژ.ک له کرماشان دا بەشێکه له جلدی 2ی کتێبی (احزاب و انجمنهای سری کرمانشاه) به پێنووسی دوکتور محمەممەدعەلی سولتانی. ئەم بەشە لەلایەن کاک ئەحمەد شەریفی‌یەوە کراوەته کوردی‌و له گزینگی ژماره 29دا بڵاو بۆتەوە.
20. کۆمەڵەی ژیکاف مامۆستا مەلا قادر مودەرەسی. وەرگیراو له کتێبی ژیان‌و بەسەرهاتی عەبدولرەحمان زەبیحی. عەلی کەریمی چاپی یەکەم. سوید لاپەری 79.
21. مامۆستا مەلا قادر مودەرەسی وەرگیراو له سەرچاوەی پێشوو لاپەری 68.
22. سەید موحەمەد سەمەدی. ژی‌کاف چبوو؟ لاپەره 12
23. مامۆستا هێمن، پێشەکی تاریک‌و روون.
24. مامۆستا هەژار چێشتی مجێور.
25. مامۆستا هێمن. پێشەکی تاریک‌و روون. لاپەڕی 21.
26. مامۆستا هێمن پێشەکی تاریک و روون.
27. مامۆستا هەژار چێشتی مجێور. لاپەرەکانی 60و61.
28. کۆمەڵەی ژیکاف... مامۆستا مەلا قادر مودەرەسی. وەرگیراو له کتێبی ژیان‌و بەسەرهاتی زەبیحی. لاپەری 79.
29. کۆمەڵەی ژیکاف... مامۆستا مەلا قادر مودەرەسی. وەرگیراو له کتێبی ژیان‌و بەسەرهاتی زەبیحی. لاپەری 70.
30. روزنامەی کوهستان شماره 1 ص1و8. به نەقڵ له کتێبی کوردستان ستراتیژیی دەوڵەتان بەرگی دوهەم له نووسینی کاک حوسێنی مەدەنی خاکەلێوەی 1380ی هەتاوی لاپەڕەکانی 220و 221
31. کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان. حامید گەوهەری. لاپەڕی 97.
32. چەپ له رۆژهەڵاتی کوردستان. کۆمەڵەو دۆزی ناسیۆنالی کورد. ئەیوب ئەیوزادە.
33. "نیشتمان" بڵاوکراوەی بیری کۆمەڵەی ژێکاف، له ئاماده کردنی عەلی کەریمی، ژمارەکانی 7و 8و 9، لاپەڕەی 10، بنکەی ژین سلێمانی 2008 .
34. گۆڤاری "نیشتمان" ژماره یەک، زمان حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف که به هیممەتی مامۆستا جەماڵ نەبەز پێشەکی بۆ نووسراوەو لەلایەن بنکەی چاپەمەنیی ئازاد سوید 1985 چاپ کراوە.
35. گۆڤاری نیشتمان بڵاوکەرەوەی بیری ژ.ک ژماره یەک

36. گۆڤاری نیشتمان. ژمارە 3و4 سەرماوەزو ڕێبەندانی 1322. وتاری تاران_ ئانکارا.
37. روانگە- فرهنگی- اجتماعی- سیاسی- دو ماهنامە دانشجویی دانشگاه علوم پزشکی تبریز. صاحب امتیاز و مدیر مسول صلاح‌الدین خدیو. شمارە 11 سال سوم . 11 ڕەزبەری 1381 میزگردی نێوان میرزا مەنافی کەریمی، سەعید خانی هومایوون لاپەری 40.
38. "نیشتمان" ژمارە 3و 4.
39. نیشتمان ژمارە 2 ع.بیژن
40. ئارشیوی وەزارەتی دەرەوەی روسیەی فیدراتیڤ ف94نو 30 / 66/ پ 348/ ل 126/124. رابوونی ژمارە 22، 1997. بە نەقل لە کتێبی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامید گەوهەری. لاپەڕەکانی 124و 125.
41. مامۆستا جەماڵ نەبەز. گۆڤاری نیشتمان زمانی حاڵی... لاپەڕی 29
42. گۆڤاری "نیشتمان" ژمارەکانی 3و4 لاپەری 12
43. مامۆستا عبدالقادری دباغی. راپەڕینی کۆمەڵەی ژێکاف، وەڵامێک بە نامیلکەی ژێکاف چ بوو. وەرەگیراو لە کتیبی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد (کوردستانی ئێران)، لە نووسینی دوکتور یاسین سەردەشتی، سلێمانی 2003 لاپەری 125.
44. کاک عەلی کەریمی. ژیان و بەسەرهاتی عەبدولرەحمان زەبیحی لاپەڕی 73.
45. مامۆستا هێمن. پێشەکی تاریکـو روون. لاپەڕی 21.
46. مامۆستا جەماڵ نەبەز. نیشتمان ... ل 57
47. گۆڤاری "نیشتمان" ژمارە 2 زمانحاڵی کۆمەڵەی ژێکاف... ل 32.
48. مامۆستا جەمال نەبەز گۆڤاری نیشتمان زمانی حاڵی ... ل 43.
49. نیشتمانی ژمارە 6 رەشەمەی 1322 ساڵی یەکەم. بروانە وتاری: تکا لە کوردە ناودارەکانی ئێستا.
50. گۆڤاری نیشتمان ژمارە 6. رەشەمەی 1322 ساڵی یەکەم. بروانە وتاری تکا لە کوردە ناودارەکانی ئێستا.
51. نیشتمانی ژمارە 2.
52. گۆڤاری نیشتمان ژمارە 5 رێبەندانی 1322 بڕوانە وتاری "پیاوی چاک بەو مەیخێنەوە. بە پێنووسی م.نادری

53. نیشتمان ژمارە 6. رەشەمەی 1322. ساڵی یەکەم بڕوانە وتاری عەشایری کورد.
54. گۆڤاری نیشتمان... ل .43
55. گۆڤاری نیشتمان ژمارە.6
56. بڕوانە نیشتمانی ژمارە 2 وتاری مایەی رزگار نەبوونی ئێمە...
57. مامۆستا جەماڵ نەبەز، گۆڤاری نیشتمان زمانی حاڵی کۆمەڵەی ژێکافـو ئیدئۆلۆژیی... لاپەرەکانی 43و44
58. جەمال نەبەز. گۆڤاری "نیشتمان" زمان حاڵی... لاپەرە 39
59. بڕوانە نیشتمانی ژمارە 5 رێبەندانی 1322 ساڵی یەکەم
60. بروانە نیشتمانی ژمارە 7. چەند بەندێک لە مەرامنامەی کۆمەڵە.
61. کولتورو ناسیۆنالیزم... رەفیق سابیر. دووەم چاپ لاپەڕەکانی 166و 167. سلێمانی 2003.

## دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

"لەو کاتەدا کە کۆمەڵەی ژێکاف لە تێکۆشانی نهێنی هاتبووە دەر و لە سەرانسەری ناوەند و سەروی کوردستان و لە ناوچەی کرماشان و تەنانەت لە سولەیمانیش لقوپۆپی بڵاو ببۆوە، بەیاننامەیەک لە شاری مەهاباد بە ئیمزای 72 کەس دامەزرانی حیزبی دیموکراتی راگەیاند و خودموختاری و دانانی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی زەمانی مەشروتەی بە دروشمی حیزب دانا".[1]

"تەرکیبی ئەم 72 کەسە بەم جۆرە بوو: خاون مڵک 24 کەس، سەرۆک عەشیرەت 16 کەس، بازاڕی 18 کەس، خوێندەوار و روناکبیر 10 کەس پیاوی ئاینی واتە مەلا 4 کەس".[2]

"ئەگەرچی یەکەمین بەیاننامەی خۆناساندنی حیزب بە خەڵک و دانانی یەکەمین مەرامنامەی و، هەوەڵ کۆنگرەی لەسەرەتای مانگی خەزەڵوەردا بووە، کەچی حیزب هەموو ساڵێ بۆ یادی دامەزراندنی خۆی لە رۆژی 25ی گەلاوێژ ئاهەنگ ئەگێرێ. هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حدک خۆی بە درێژەی کۆمەڵەی ژ.ک دائەنێ و، ژ.کـیش وەکو خۆی لە رۆژژمێرەکانی دا نوسیویەتی لە 25ی گەلاوێژدا دامەزرابوو".[3]

رۆژنامەی "کوردستان"یش هەر لەم پێوەندییەدا دەنووسێ:

"رۆژی 25ی گەلاوێژ بەبۆنەی رۆژی پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەبەر هەیوان و حەساری عەمارەتی پێشەوا جێژنێک گیرا بوو. لەم جێژنەدا تەواوی ئەهالی شیرکەتیان کرد و شیرینیات و چاو میوەجاتیان مەسرەف کرد. جێژن لە سەعاتی 1ی پاشنیوەڕۆ دەست پێکرا. دەوروبەری عەمارەتی پێشەوا بە ئاڵای سێ رەنگی کوردستان و وێنەی پێشەوای موعەزەم رازا بووەوە...".[4]

دەسپێکی کار و دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات بەهۆی بڵاوبوونەوەی بە ئاشکرای بەیاننامەی حیزبی دێمۆکراتەوە دەستی پێکرد. ئەم بەرنامەیە لە هەشت بەندداا بەشێوەی خوارەوە بڵاو کرایەوە:

" بەنیوی خودای بەرز و بی هەمتا
بەیاننامەی حزب دیموکراتی کوردوستان
هاونیشتمانان، برایان
آگری شەری تەواوی دونیای داگرتبو کە بە بونەی دوژمنانی سەربەستی و پامال کەرانی دیموکراسی هەلایسابو بە هیزی باسکانی بەقووتی سەربازانی آزادی متفقین‌ی گەورەی ایمە کوژاوە، دونیای دیموکراسی غالب: و دونیای فاشیستی کە دەیەویست میلل و نەتەوانی دنیایە بەردەستو یەخسیری چەند نەفەر بی‌شەرمو فعالی مایشا بکا، بە یکجاری بەزیو هەلات بە جوریکی چاوەنوری دەکرا بو آزادی میللو نەتەوانی دونیایە ریگا آوالە بووە اورو تەواوی نەتەوەکانی دونیایە لە گەورەو چکولە دەیانەوی لەو ریگایەوە کە بو سەربەستی اوان آوالە بوتەوە فائیدە بەرن وەلەو وعدانەی کە (لە منشوری تاریخی آتلانتیگدا درابو) بەهرەوەر ببن. هەلسووری اموری خویان بەدەستەوە بگرن و کاری خویان بە آرزوی خویان پیک بینن.
ایمە کوردان کە لە ایراندا دەژین چەند سال و بەلکێ چەند قرنە بو استاندنی حق و اختیاراتی میللی کیشەمان کردووە خومان کردوتە گاوگەوردون، بەدبەختانە کاربەدەستانی مستبدی ایران بەهیچ جوریک حاضر نەبوون قسە حسابیەکانی ایمە ببینن! حتا لەو حەقەی کە لە قانونی اساسی دا بو ایالاتو ویلایاتی ایرانی دانراوە نەیان هێشتوە فاییدە وەرگرین! و هەمیشە جوابی ایمە گوللە و بومبو تۆپ و گیران دەربەدەریو لەداردان و یەخسیری بوە!!! بەتایبەتی لە دەورەی بیست سالەی دیکتاتوری رضاخانی حەتتا لە پۆشین لباسی خومان آزاد نەبووین! و بە زۆری سەرنیزە صاحب منصەبە کانی خائن و دزو تالانگر تەواوی بوون و ژیان و آبرو ناموسی ایمەیان ون و پێپەست کرد! وە بو لەبەین بردنیو هل کندنی ریشەی نەسلی ایمە بەهیچ جوریک لە پەستیو وەحشی‌گەری رانەوەستاون! آخر: ایمەش بەشەرین ایمەش تاریخو زمان، عاداتو آداب و رێوشوینیکمان هەیە کە بەوانەو زۆر گیروده و پی‌بەستین بو چ دەبێ؟ حەققی ایمە پامال بی؟ بۆ چ ناتوانین لەنیو مالی خوماندا آزادو سەربەخوبین؟ بو چ بە ایمە اجازە

نادریه به زمانی کوردی مندالانی خومان لەبەر خویندن بنیین؟ بو چ نایەلن کوردوستانیش ولاتیکی خودموختاری که به ئەنجومەنی ولایەتی هەروکو قانونی اساسی معلومی کردوه ایداره بکری؟ هاووطەنانی خوشەویست دەبی بزانن حەق "نادری" "دەستیندری" ایمه دەبێ بو استاندنی حق و اختیاراتی میللی جیگەی خومان "مله" بکەین ئەو ملەیەش یەکیەتی پال ویکدانی و تشکیلاتو چونه پیشی پیویسته.

بۆ ئەو مەرامه پاکەیه که حزب دیموکراتی کوردوستان له مهابادی دانراوه وه دەستی بەکار کردوه هاو نیشتمانه خوشەویستەکانمان پیویسته ئێوەش چاوو گویی خوتان بکەنەوه له دەوری حزب میللی خوتان خر ببنەوه بو وەرگرتنی حقی مشروعی میللی گیان بوردنو فیداکاری پیویسته.

(حزب دیموکراتی کوردوستان) رهبەرو ری نوینی ایوەیه تەنیا له ژیر آلای ویدایه که میللەتی کورد له بەلای لەبین چوونمان رزگار دەبیت و بونو ناموسو آبروی ملی دەمینیتەوەو ئەو موفق دەبی که لەنیو سنووری دەولەتی ایران سەربەخۆئی میللی خوی بەدەست بینه:

هاووطنەنانی ایمه بیجگه له حقی مشروعی انسانی خومان چی دیکەمان ناوی آرزوی ایمه لەو بەندانەی ژیرو دا بخویننەوەو بەتەواوی میللتی کورد رابگەیەنن.

## ئەوەیه آرزوی ایمه:

1_ میللەتی کورد له ایراندا له هەلسوراندنو پیک هێنانی کاروباری جیگای خوی آزاد ببه و له سنوری دەولەتی ایراندا خودموختاری ببی.

2_ بتوانی به زمانی کوردی بخوینی و له ولاتانی کوردیدا کاروباری نووسین له ایدارەکانی دەولەتیدا هەر به کوردی بی.

3_ انجومەنی ولایەتی کوردستان که وەکو قانونی اساسی دەلی جیبەجی دانری له هەموو کارەکانی اجتماعی و دەولەتیدا چاوەدیری بکاو پێ رابگا.

4_ مأمورینی دەولەتی هەر دەبی له خەلکی محل بی.

5_ بەبونەی قانونیکی كوللی لە مابینی رعیەت و اربابدا سازشت بەجی بی کە دوا روژی هەر دووكیان تأمین ببێت.
6_ بەتاییەتی حزب دموكراتی كوردوستان سعی دەكات لە مابینی میللەتی آذربایجان و ئەو نەتەوانەی کە لە آذربایجاندا دەژین (آسوری، ارمەنی و غیره) لە مبارزه دا یەكیەتی و برایەتی تەواو بەرقەرار بیت.
7_ حزب دموكراتی كوردوستان بە بونەی استفاده لە سەرچاوان و كانگاكانی طبیعی زوری كوردوستان و سەركەوتنی اوموری جوتیارو بازرگانی و پەرەپێدانی اوموری فەرهەنگی و لەش ساغی بە چاكی حالی اقتصادی و معنوی میللەتی كورد (ملەی) دەكا.
8_ ایمە دەمانەوی ئەو نەتەوانەی کە لە ایراندا دەژین بتوانن بە آزادی بو سعادەتو سەركەوتنی نیشتمانی خویان كوشش بكەن.
بژی كوردوستانی خودموختاری دیموكرات
قاضی محمد حزیری- ملا سید عبدالله روحانی- ملا حسین امیری روحانی محمد رسول زكوی روحانی- نوری بیک رئیس عشایر- معروف آقا رئیس عشایر- عمر خان شریفی رئیس عشایر- شیخ عبدالقادر رئیس عشایر- عمر آقا جلالی رئیس عشایر- كریم آقا قمقلعه رئیس عشایر- ابراهیم آقا مانقور رئیس عشایر- رشید جهانگیری رئیس عشایر- كاک علی مانقور رئیس طایفه- حسن حنارا رئیس طایفه- جعفر حنارا رئیس طایفه- غنی خسروی رئیس شهردار- عباس آقا فنک رئیس طایفه- عزیز صادقی مالک- محمد حسین سیف قاضی مالک- عبدالقدیر جعفری مالک- یوسف شریفی مالک- قدیر شریفی مالک- نجیب شریفی مالک- حسن جلالی مالک- مناف كریمی مالک- ابراهیم ابرهیمیان مالک- كاک حمزه طایفه مانقور مالک- كاک حذیر مالک- كاک حمزه طایفه ماماش مالک- كاک عبدالله مالک- قاسم آقا ایلخانیزاده مالک- مامند قدیری رئیس طایفه- معروف قدیری مالک- حسن معروفی مالک- محمدامین بایزیدی رئیس طایفه- گلابی بایزیدی مالک- پیرات امیر عشایری مالک- قدیر مامندپور مالک- سلیم امیرعشایری مالک- عبدالله عزیزی مالک- مرسی زرزا مالک تارانی زرزا رئیس طایفه- محمدامین عشایری مافرا مالک- كامزی عزیزی مالک- معروف برزنجی مالک- رحیم حسینی تاجر- سید علی

حسن‌پور تاجر- حاج مصطفی دادوی تاجر- احمد ولی‌زاده تاجر- سعیدی صلاحیان تاجر- صادق حیدری تاجر- حمید بلوریان تاجر- محمدامین شریفی تاجر- حاجی علی دباغی تاجر- سید محمد حمیدی مستخدم دولت- محمد یحیی مستخدم دولت- سلطان اطمیشی معلم- حاج سید رحیم سید محمد تقی‌زاده دوافروش- مصطفی سلطانیان مهندس فلاحت- رحیم لشگری معلم- محمدامین معین کاراژدار- حاجی رحمن شیرباغی تاجر". [5]

## هەوڵ کۆنگرەی حیزبی دیمۆکرات

"کوردستان" گۆڤاری بڵاوکەرەوەی بیری "حیزبی دێمۆکراتی کوردستان" لە ژمارەی یەکەمی ساڵی یەکەمی‌دا کە لە 15ی سەرماوەزی 1324 بەرامبەر بە 6 دیسامبەری 1945 لەژێر ناونیشانی "حیزبی دیموکراتی کوردستان" نووسیویەتی: لە دوای ئەوە لە هەوڵی مانگی خەزەڵوەر (آبان)ی 1324 حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد داندراو بەیاننامەی خۆی بڵاو کردەوە لە رۆژی 2ی 8ی 1324دا هەوڵ کۆنگرەی خۆی کە تێکەڵ بو لە سەران و نوێنەرانی کوردان بە تەرتیبی ژێرەوە.

1 ماکۆ و ئارارات: ئاغای عمر خانی جلالی، ئاغای شیخ حسن، ئاغای شیخ کی، ئاغای حسن ئاغای دلایی، ئاغای عبدالله ئاغای ملان، ئاغای فخری.

2 سۆما، برادۆست، دەشت، مەرگەوەر ئاغای عمر خانی شریفی، ئاغای طاهرخان سمکو، ئاغای عباس ئاغای فەنەک، ئاغای قویطاس ئاغای مەمەدی، ئاغای حاجی وتمان، ئاغای شیرو، ئاغای عبدی، ئاغای حسن تیلو، ئاغای تمرخان، ئاغای مراد، ئاغای نورکو، ئاغای زبید، ئاغای عزو، ئاغای حسن هەنارە، جەنابی ئاغای حاجی سید عبدالله افندی.

3_ شنۆ: ئاغای موسی خان زەرزا، ئاغای قرنی ئاغای زەرزا، ئاغای میرزا سعید، ئاغای قاضی محمد ئاغای کاک حمزە.

2_ سندوس: ئاغای احمدی کاخضر. ئاغای قاسم ئاغای پیروتی، ئاغای محمد ئاغای پیروتی.

5_ لاهیجان: ئاغای عبدالله ئاغای قادری، ئاغای کاک مامندی قادری، ئاغای کاک حسین محمدی، ئاغای پیروت ئاغای امیرعشیاری، ئاغای محمدامین ئاغای پیروتی.

6_ پیران: ئاغای محمدامین ئاغا، ئاغای قرنی ئاغا،

7_ میاندواو: ئاغای محمد حسین سیفی قاضی.

8_ بۆکان: ئاغای عبدالرحمن شرفکندی، ئاغای رشید علیزاده.

9_ مەنگور: ئاغای برایم ئاغای ادهم، ئاغای مام حسن، ئاغای کاک سلیمان، ئاغای کاک حمزه، ئاغای مین ئاغا". [6]

یەکێکی دیکه له ئاکامەکانی یەکەم کۆنگرەی حیزب نووسینو بڵاوکردنەوەی مەرامنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بووە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کاکڵ و نێوەرۆکی بەرنامەی یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێمۆکرات، وەڵامی گەلێک له پێویستیی‌یەکانی گەشه کردنی کۆمەڵی کوردەواری لەو سەردەمەدا داوەتەوە و بەرنامەیەکی پێشکەوتنخوازانه بوو.

_ له باری گۆڕانی کۆمەڵایەتی‌دا، ئاوەدان کردنەوەی وڵاتی کردبووە بەشێک له بەرنامەکەی و لەو نێوەدا گەشه پێدانی کشتوکاڵ و کەرەسەی نوێی ماشێنی و دامەزراندنی سنعەت و پیشەسازیی له شارەکان و کردنەوەی رێگاوبان و پاراستنی لەش‌ساغی و ئیجباری کردنی خوێندی سەرەتایی و ناوەندی بۆ کچان و کوڕان... داخوازگەلێکی گەلێک گرینگ بوون بۆ گەشه پێدانی شارنشینی و بردنه سەری ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵانی خەڵک له کوردستان.

لەپێوەندی لەگەڵ ئاوڕدانەوە له ژیانی جووتیارانی کوردستانیش‌دا هەوڵ دەدا بۆ رۆژگاری ئەوسای کوردستان رێگه چارەسەرێکی مامناوەندی بدۆزێتەوە. واته نه له ئاست ژیان و بەرێچوونیان بێ‌دەنگی دەگرێته بەرو نه خۆ له خانەی دروشمێکی رادیکاڵی وا دا دەبینێتەوە که (بۆ وێنه وەک دروشمی "زەوی هی ئەو کەسەیه که کاری لەسەر دەکا) لەو سەردەمەدا نەیدەتوانی به کردەوە بێته دی. هەر بۆیه له ماددەی 5 دا نووسراوە: دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لەنێوان لادێیی و خاوەن

موڵک دا رێککەوتنێک پێک بهێنرێ و دوارۆژی هەر دوو لا دابین بکرێ.

لەو بەرنامەیەدا بە ئاشکرا و بە روونی قسە لە مافی بەرانبەر و یەکسانیی ژنان لەگەڵ پیاوان لە گشت بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دێتە گۆڕێ. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەش پارێزگاری لە مافی کەمە نەتەوەییەکانی دانیشتووی کوردستان وەک ئازەر و ئەرمەن و ئاسوری دەگرێتە ئەستۆ.

وەک دەبینین بەرنامەی حیزبی دیموکرات بۆ ریفۆرم و گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری دا بەرنامەیەکی پێشکەوتنخوازانە بووە. هەوڵ دراوە ئاوێنەیەک بێ لە ویست و داخوازی گشت چین و توێژەکانی کۆی کوردەواری بۆ گەیشتن بە داخوازە رەواکانیان لە بوارەکانی ژیانی ئابووری و کولتوری و کۆمەڵایەتی دا.

بەندی 16هەمی فەسلی سێیەمی یەکەم کۆنگرەی حیزبی دیموکرات سەرنجمان بۆ خاڵێکی گرینگ و شیاوی سەرنجی تر رادەکێشێ. بە گوێرەی ئەم بەندە "حکومەتی میللی بە لەبەرچاو گرتنی قازانجەکانی خۆی پیوەندی فەرهەنگی و ئابووری لەگەڵ دەوڵەتانی تر، لە پلەی یەکەمدا لەگەڵ دەوڵەتی گەورەی یەکیتی سۆڤیێتی دائەمەزرێنێ". [7]

_ لە بەندی 20ی هەمان فەسل دا دەگوترێ: حکومەتی میللی، ئابوری کوردستان پەرە پێ ئەدات و لە تەواوی شارەکان سەنعەت دائەمەزرێنێت. ئەبێ دەستی بەدفەری ئیستعمار لەسەر سەروەتی تەبیعی ئێمە ببڕدرێت. بۆخۆمان ئەبێ لەو سەروەتە سود وەربگرین.

لێرەدا مەبەستیش لە "دەستی بەدفەری ئیستیعمار" روون و ئاشکرایە و دەوڵەتی ناوەندی لە تاران مەبەستە کە تا بووە بەروبووی وڵاتی کوردی بەتاڵان بردوە و پاشکەوتوویی بەسەر کوردستاندا سەپاندووە.

جگە لە هەمووی ئەوانە لەگەڵ ئەوەی حیزب لە بەرنامەکەی خۆی دا باس لە چەشنێک چارەسەری لە سنووری ئێراندا دەکات، بەڵام بەو حاڵەش، نەیویستووە خۆی بە حیزبێکی ئێرانی بزانێ و هێشتا لەو سەدەمەدا ناوەڵناوی ئێران بە ناوەکەیەوە نالکێنێ و خودموختاریش وەک

دروشمێکی ئیستراتیژی بۆخۆی دیاری ناکات بەڵکوو وەک قۆناغێکی کاتی و تێپەڕ باسی لێوە دەکرێ دەگوترێ:

"له قۆناغی ئێستادا گەورەترین ئامانجی حیزب بریتیيە لەوەی کە لە ناو سنوورەکانی دەوڵەتی ئێراندا، پارێزگاری مافەکانی کورد بکاو بۆ جێگیر کردنی رێگەی خودموختاری هەڵبژێرێ."[8]

لەگەڵ ئەوەی لە بەیاننامەی دەسپێکی تێکۆشانی حیزب و هەروەها لە مەرامنامەی کۆنگرەی یەکەمی حیزبدا مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە ئێرانەوە دەلکێنرێ و ئاماژە بە ئەنجوومەنە ئەیالەتی و ویلایەتیيەکانی سەردەمی مەشرووتە دەکا بۆ چارەسەریی کێشەی کورد، بەڵام دیسانیش بیرێکی بەهێزی ناسیۆنالیستی و گیانێکی نەتەوەیی گەورە لەنێوان هێندێک لە بەندەکانی دەبینرێ کە هەر دەڵێی بەزۆر و لە رووی ناچارییەوە خراوەتە قالبی "خودموختاری"یەوە. بۆ وێنە لە هیچ جێگایەکی ئەو بەرنامەیە باسێک لە زمانی فارسی بەدی ناکرێ و لە حاڵێکدا بەروونی و بە ئاشکرایی باس لە مافی خوێندن بە زمانی کوردی و بۆ راپەڕاندنی کاروباری ئیداری هاتۆتە گۆڕێ.

یاخۆ لە بەندی 18ی فەسڵی سێهەم لە بەرنامەی حیزب دا هاتووە: حکومەتی خودموختاری کوردستان ئەبێ ئیختیاری ئەمەی هەبێت کە ئیمتیازی کانگاکانی رەعەمەل هێندراو و رەعەمەل نەهێندراوی خۆی لە کوردستان بە هەر کەسێکی بیەوێ بیدات.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانە، تا ئەو جێگایەی بۆ باس لەسەر بەرنامە و ئامانجی ژێکاف و حیزبی دیموکرات دەگەڕێتەوە، جیاوازیيەکی گەلێک گرینگ و بنەڕەتی لە نێوانیاندا بەدی دەکرێ، یەکیان سنووره دەستکردەکانی نێوان پارچەکانی کوردستان بەئاشکرا رەت دەکاتەوە و کوردستان بە وێنەی نیشتمانی نەتەوەیەکی لێک دانەبڕاو دەنرخێنێ و بۆ دامەزرانی دەوڵەتێکی گشتگری کوردی تێدەکۆشێ. کەچی ئەوەی تریان بەگوێرەی بەرنامەکەی هەوڵ دەدا "لەنێو سنووری دەوڵەتی ئێراندا پارێزگاری لە مافەکانی گەلی کورد بکات وە بۆ پەرەپێدانی ئەم مافانە رێوشوێنی خودموختاری دابمەزرێنێت". [9]

یەکەمیان دەیەویست ماڵی لێکترازاوی کورد بخاتەوە سەریەک و کوردستان و کورد لە دابەش کراوی و داگیرکراوی رزگار بکات. کەچی ئەوەی تریان کۆمەڵە ئیمتیازاتێکی کولتوری و نەتەوەیی و مافگەلێکی خۆبەڕێوەبەریی نێوخۆیی لە چوارچێوەی تەواویەتی ئەرزیی ئێرانی کردبووە مەبەستی خۆی و لە پەراوێزی نەتەوەی داگیرکەر پەنایەک بۆخۆی دابین بکات.

لە هەمبەر ئەو گۆڕانکاری‌یە گەلێک پرسیاری گرنگ دێنە ئاراوە. رەنگە یەکەم پرسیار ئەوە بێ بۆچی ژیکاف هەڵوەشایەوە و حیزبی دێمۆکرات دامەزرا؟ ئایا ئەم گۆڕانە بە مانای ئەوە بوو رێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکرات بەگشتی و پێشەوا قازی محەمەد بەتایبەتی لە رووی فیکری‌یەوە لەگەڵ دەوڵەتێکی گشتگری کوردی گرفتیان هەبوو؟ یاخۆ ئەمە پاشەکشەیەکی کاتی و تاکتیکی بوو، بۆ خۆتەیار کردنێکی پتر و گەڕان بە دوای قۆزتنەوەی هەلێکی لەبارتر؟ هۆکاری دەرەکی لەو نێوەدا چەندە دەوری بینی؟ ئەگەر لەو وێستگەیەش بترازێین و لە هەڵسەنگانی ستروکتوری کۆمار نزیک ببینەوە، لێرەش خۆ لەبەر دەم پرسیارێکی گرینگ‌و مێژوویی دەبینینەوە. ئەویش ئەوەیە کە داخوا کۆمار قەوارەیەکی سەربەخۆی نەتەوەیی بوو یاخۆ رەنگدانەوەی کاکڵ و نێوەرۆکی یەکەم بەیاننامەی حیزبی دیموکرات و مەرامنامەی ئەو حیزبە لە کۆنگرەی یەکەمی بوو کە خۆی لە ئۆتۆنۆمی دا دەدۆزیەوە؟

ئیتر لێرەوە وێستگەی دوو روانگەی دژ بەیەک لەمەڕ چۆنیەتیی خوێندنەوەو پێناسە کردنی یەکێک لە گرینگترین قۆناغی مێژووی هاوچەرخی کورد دەس پێدەکا.

سەرچاوەکانی فەسڵی پێنجەم :

1. کاک کەریم حیسامی. پیداچوونەوه. ستۆکهۆلم 1996 چاپخانەی ماردین. سوید لاپەری 189.
2. پێداچوونەوه گەشتێک بەنێو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد له کوردستانی ئێران_ له نووسینی کاک کەریم حیسامی. ل 189، چاپخانەی ماردین. سوید 1996.
3. حکومەتی کوردستان، کورد له گەمەی سۆڤێتیدا. نەوشیروان مستەفا ئەمین 1993 ل 86.
4. رۆژنامەی "کوردستان" 29ی 5ی 1325، وەرگیراو له کتێبی حکومەتی کوردستان له نوسینی نەوشیروان مستەفا ئەمین. لاپەری 92.
5. ڕۆژنامەی کوردستان مەهاباد 1324_1325ی هەتاوی (1946)، ئامادە کردنی رەفیق ساڵح و سدیق ساڵح. پرۆژەی هاوبەش ئاراس بنکەی ژین، چاپخانەی دەزگای ئاراس هەولێر کوردستان. لاپەڕی 355.
6. حکومەتی کوردستان. کورد له گەمەی سۆڤێتیدا، نەوشیروان مستەفا لاپەرەکانی 83و 84.
7. حکومەتی کوردستان، کورد لەگەمەی سۆڤێتیدا نەوشیران مستەفا ئەمین.
8. مەرامنامەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان فەسڵی دووهەم.
9. براونه مەرامنامەی حیزبی دێمۆکرات فەسلی دووەم ماددەی چوارەم.

# وێستگەی دوو روانگەی دژ بەیەک

## روانگەی یەکەم: حیکایەتێکی ساکار بۆ بارودۆخێکی ئاڵۆز

روانگەی یەکەم بە شێوەیەکی ساکارو هەر لە هەمان کاتدا سەرەتایی لە هۆکاری هەڵوەشانەوەی ژێکاف و دامەزراندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دەڕوانێ. ئەو روانگەیە کە بە هۆی نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێبی "ژیان و بەسەرهاتی عەبدولرەحمانی زەبیحی" لە لایەن کاک علی کەریمیی‌یەوە بڵاوکرایەوە، لە هەوڵی ئەوە دایە بە پشت بەستن بە "تێئۆریی پیلان" خۆ لە قەرەی ئاڵۆزترین قۆناغی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بدا و وەڵامی گەلێک پرسی ئاڵۆز لە قاڵبی چیرۆکێکی خەیاڵی‌دا بداتەوە.

لە دەسپێکی ئەم سەفەرە خەیاڵییەدا،کەریمی لە جێگای ئەوە ئەو ئاڵوگۆڕە واتە (هەڵوەشانەوەی ژێکاف و دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات) لە ئاکامی رەوتی سیاسیی ئەو سەردەمە و کێشەی بەرژەوەندیی زلهێزەکان و پارسەنگی هێزی کورد دا ببینێتەوە،هەموو شت بە گرتنی مامۆستا زەبیحی‌یەوە گرێ دەدا و دەنووسێ:

"بەگرتنی زەبیحی و هاوڕێکانی، قاسم قادری و دڵشاد رەسوڵی کە هەردووک لە تێکۆشەرانی رەدەی یەکی کۆمەڵە لە باشترین نووسەرەکانی گۆڤاری نیشتمان و لە بەرەی هێزی هەڵسووڕی جەوانی کۆمەڵە بوون، دەتوانین بڵێین کۆمەڵە وەک بنەماڵەیەک بێ سەرپەرست و هەتیو دەبێ..."[1]

لە دوای ئەو خوێندنەوە ڕواڵەتی‌یە،بەشی دووهەمی سناریۆکەش ئامادە دەبێ و لە نەبوونی مامۆستا زەبیحی دا بە کودێتایەک کۆتایی بە تەمەنی ژێکاف و بیری سەربەخۆیی‌خوازیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەهێنرێ و دەنووسرێ:

"ئەوە چ ئاڵوگۆڕێکە بەبێ هیچ کۆبوونەوەیەک و بەبێ هیچ بڕیارێک لە لایەن بەریوەبەرانی ئەو رێکخراوەیە و بەو شێوەیە خۆی دەکا بە حیزبی دێمۆکرات، ئایا ئەوە زۆرتر لە کودەتا ناچێ کە بەبێ پرسی بەرپرسان و رێبەرانی ئەو رێکخراوە و لە غیابی ئەواندا،تەشکیلاتێک

بگۆڕی و بیکەی بە شتێکی تر و لە کەرەسە و ئەندامان و شانەکان بۆ ڕێکخراوی تازە کەڵک وەربگری؟ ... بەکورتی و بەسادەیی ئەمن دەڵێم لە ماوەی هەتیوبوونی کۆمەڵەی ژ.ک و سەغیر بوونیدا، ژ.ک کوژرا و ناشترا."[2]

"پیموایە تا ئێستا تا ڕادەیەک لێمان روون بۆوە کە چۆن کۆمەڵەی ژ_ک تێک چوو! زەبیحی، کۆمەڵە و شاری سابلاغی چۆن بەجێ هێشتووە بەرەو زیندان، کە هاتووەتەوە بەسەر چیدا کەوتووە، جمهوری ئیعلان کراوە،رئیس جمهور دیاریکراوە، وەزیرو وەزارەتخانە لە گۆڕێدان و لەشکری کوردستان ئامادە کراوە... ئەگەر مرۆڤ بۆ لەحزەیەک خۆی بخاتە ناو قالبی ئەندامانی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ژ.ک و خۆی بگەڕێنێتەوە سەردەمی ئەو سەردەمی سابڵاخ و کوردستان، جگە لە تەسلیم بوون و مل ڕاکێشان بۆ واقعەکان لەلایەن بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی ژ.کەوە هیچ ڕێگایەکی تر نابینینەوە، جا کۆمەڵێک ئەندامان لە رووی دڵسۆزییەوە تا توانیویانە لە ڕەدەکانی خوارەوەی بەرو دەستگاهی جەمهوری، لەسەر ئەو بۆچوونە کە "تازە دەڵێی چی، تازە وای لێهات، با حەول بدەین بەڵکو لەوە خراپتر نەبێ و..."[3]

"بەپێچەوانەی نووسینەکەی سەرلەشکر زەنگەنە، زەبیحی بۆ هیچ مەئموورییەتێک لەلایەن قازی محەمەدەوە بۆ لای ڕوسەکان نەچوبوو، بەڵگەش ئەوەیە کاتێک زەبیحی گیراوە، یانی پاش دەرکردنی نیشتمانی (7،8،9) لە باری ڕێکخراوەیی و کۆمەڵەیەوە، قازی محەمەد نە سەرۆک بوو نە لە کۆمەڵەدا بەو جۆرە دەستی ڕۆیوە کە مەئمورییەت بدا بە یەکەم شەخسی کۆمەڵە کە بچێت بۆ لای ڕوسەکان".[4]

کەریمی بۆ گەرم ڕاگرتنی تەندووری ئەم حیکایەتە هەر جارێک بۆ نێوئاخنێک دەگەڕێ. لەم گەڕان و هاتوچۆیەشدا بە مەبەستی دانی تام و چێژێکی پتر بە کارەکەی، نۆرە دەگاتە دۆزینەوەی دوژمنایەتیی نێوان "پێشەوا"و "مامۆستا زەبیحی"و دەڵێ:

"ڕەوەندی مێژوو شتێکی زۆر سەیرە، بە هەڵکەوت یان بە پلان دارشتن چەند ڕووداو لە چەند جێگای جیاواز یەک دەگرنەوە:

1_ حکومەتی ئێران لە هەرەتی گەشە کردنی کۆمەڵەی ژ.ک و لە کاتێکدا هەموو وڵاتەکەی لە لایەن هێزە سوێندخۆرەکانەوە داگیر کراوە و تەواو بێدەسەڵاتە، زەبیحیو هاورێکانی دەگرێ و لە زیندانیان داوێ. (پوشپەری 1324، جونی 1945) جێگای سەرنجە کە لە بەیتێکی شێعرەکەی مامۆستا هەژار لەسەر هاتنەوەی زەبیحی هاتوە:

"قرەی قەل ایوەی خستە زیندانی

ئەوەش انتقام دەدری دەزانی"

دیارە "قرەی قەل" دەبێ دوژمنی ناوخۆی و مەبەست راپۆرت لێدان و جاسوسی کردن بێ، سەر لەشکر زەنگەنەش لە بیروەرێکانیدا باسی خەبەرگەیشتن دەکا!

2_ حکومەتی سۆڤیەت بە دوای گرتنی زەبیحی و هاوڕێکانیدا بەهۆی میر جەعفەر باقرۆڤ (سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت) دەعوەتی رەسمی لە قازی محەمەد و پیاوماقولانی کوردستان دەکا و داوایان لێدەکا کە دەبێ کۆمەڵەی ژ.ک تێک دەن و حیزبی دێمۆکرات دروست کەن! (خەرمانانی 1324_ سیپتامبری 1245).

3_ قازی محەمەد لەپێشدا بە کردەوە دەبێتە سەرۆکی کۆمەڵەی ژ.ک کە ئەوە دژی مەبەستە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵە بوو کە ئاغا و شێخو مەلا و سەید بتوانن ببنە سەرۆکی کۆمەڵە. چونکا قازی محەمەد هەم ئاغا بوو هەم مەلا، توانی بە ماوەیەکی کەم بە کۆکردنەوەی ئیمزا لە خەڵکی سابڵاغ کۆمەڵە تێک بداو حیزبی دێمۆکراتی لە جێگای دروست بکا و ئاغاوات و سەردار عەشیرەتەکان بوونە شۆڕشگێڕ و هاتنە سەرۆکایەتی حیزبی تازەوە و جێگای شۆڕشگێڕانی واقعی کۆمەڵەی ژ.کیان گرتەوە. ئەو سێ ڕووداوە مێژوویی‌یە لە ماوەی کەمتر لە پێنج مانگ یەک بە دوای یەکدا ڕوو دەدەن و ئەنجامی بەوە تەواو دەبێ کە تاقە رێکخراوی ناسیۆنالیستی کورد جوانەمەرگ بێ و بۆ جارێکی تر بەڕێوەبەرایەتی جووڵانەوەی گەلی کورد بکەوێتە دەست ئاغاوەت و عەشایر."[5]

ئیتر لێرەوە کەریمی لە دوایین بەشی ئەم چیرۆکە نزیک دەبیتەوە دەنووسێ:

"جێگای پرسیاره که ئەو حەولەی بۆ ئازادکردنی سەرکردەکانی ژ.ک درا بۆ وا وەدرەنگی کەوت و ئایا نەدەکرا هەر له سەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک دا ئەو حەوله بدرێ و ئازاد کرێن؟!"[6]

"رەنگه زۆر لەخەڵکی سابڵاخ له بیریان مابێ لەو پیرانەی که ماون باسی ئەوەمان بۆ دەکەن که له سەردەمی کۆماری کوردستاندا جەماعەتێک له خەڵکی سابڵاغ وەک خۆپێشاندان دەچنه بەر دەرگای ماڵی پێشەوا و داوای ئازاد کردنی زەبیحی و هاوڕێکانی دەکەن و ئیعتراز بەوه دەکەن که بۆچی تا ئێستا هیچ حەولێک بۆ ئازاد کردنی ئەو مرۆڤانه نەدراوه؟"[7]

"کاتێک حەول بۆ زەبیحی و هاورێکانی درا که رزگار بن له زیندان، که هەموو شتێک بەسەر چووبوو، کۆمەڵه نەمابوو، حیزبی دێمۆکرات له قودرەت دابوو، جەمهوری کوردستان پێک هاتبوو و تەنانەت سەرکردایەتی کورد له ناو زلهێزەکاندا بەلای سۆڤیەتی داخستبوو". [8]

وەک دەبینین سەرلەبەری ئەو جۆره مێژوونووسی‌یه له جێگای هێنانەوەی فاکت و ئارگۆمێنت، پشت بەستن به داتاشینی تئۆری "پیلانه". کاتێک سۆز و خۆشەویستیی نێوان خوارزا و خاڵ باڵ بەسەر بیرو نووسینی نووسەر دا دەکێشێ، ئیتر هەموو شت به چاویلکەی گومان و رەشبینی دەبیندرێ. ئەوەی خوێنەر له رێگای ئەو دێرانەوه وەریدەگرێ "پیلان" له دوای پیلانه بۆ بەگرت دانی مامۆستا زەبیحی و لەبار بردنی بیری کوردستانێکی یەکگرتوو لەلایەن پێشەوا قازی محەمەدەوەیه. لێ ئەو بۆچوونه که له لاپەرەکانی رابردوودا به دوور و درێژی خرانه روو، چەنده لەگەڵ راستی‌یه مێژوویی‌یەکان یەکگرتوون؟ ئایا بەراست قازی محەممەد لەگەڵ بوونی ژێ- کاف و بیری سەربەخۆیی خوازیی ژێ- کاف گرفتی هەبوو؟ هەربۆیه بۆ ئازاد کردنی مامۆستا زەبیحی (وەک ئەوەی کەریمی دەڵێ) درەنگ جووڵاوەتەوه؟ بەڵگه مێژوویی‌یەکان لەو نێوەدا دەڵێن چی؟ هەنگاو و کردەوەکانی قازی محەممەد دەربڕی چ راستیەکن؟ لەو نێوەدا "کۆمار"و "رۆژی 2ی رێبەندان" وەک رۆژی راگەیاندنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی دەبێ چ پێوەندی‌یەکی به قازی محەممەدەوه هەبێ؟ ئەمانه و گەلێک پرسیاری تر پێویستی‌یان به

تێڕامانێکی زۆرە.. بەداخەوە تا ئێستا ژیان و تێکۆشان و هزری پێشەوا ئاوڕێکی ڕاستەقینەی وەهای لێ نەدراوەتەوە، هەر بۆیە بۆ پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنە لە بەشەکانی ئەو بەرهەمەدا جێگای خۆیەتی تا ئەو شوێنەی وزە و توانای هەژارانەی نووسەری ئەو دێڕانە بڕ دەکا، تیشکی بخرێتە سەر. بەڵام لێرەدا بەر لە کۆتایی ئەم بەشە، ڕەنگە پێویست بکا بڵێین ئەم هەوڵەی کەریمی، تەنیا هەوڵێکی تاکەکەسی نیە. لە پشتی ئەو هەوڵە بۆ ئەو ئیدیعایە دژ بە پێشەوا، هەروەها بۆ دروست کردنی پەرژینێک لە نێوان ژێکاف و پێشەوا هەولێکی چەندین ساڵە خۆی حەشار داوە کە لە لایەن جەلال تالەبانی‌یەوە نوێنەرایەتیی دەکرێ. لەم بارەیەوە لە کتێبەکەی تالەبانی دا هاتووە:

"ئەم هەنگاوە هەنگاوێکی کۆنەپەرستانە بوو لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد و هۆکاری لاواز بوونی بوو لە ئامانج و ستراتیژی دوا ڕۆژیدا، خۆسەپاندنی قازی محەممەد و باڵی عەشیرەتگەری بەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی دا بەم شێوە نادیموکراتیانە سەرەتایەکی زۆر ترسناک بوو بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە پیادە کردنی حوکمی ڕەها و دیکتاتۆرییەت لە بزووتنەوەکەدا". [9]

"دەمەوێ ئەوەش بڵێم لە تاریخی کورددا گەورەترین زەرەرێ کە سۆڤیەت لە کوردیدا ئەوە بوو کە نەیهێشت ژ.ک بە تەریقەی خۆی گەشە بکا و هەروەها لە عێراقیش وای کرد، لە عێراق شۆڕش و ڕزگاری هەبوو نەیانهیشت ئەو دوو حیزبە بە شێوەی تەبیعی خۆیان گەشە بکەن، هاتن سەرکردایەتێکی عەشایریان هێنایەوە سەر جووڵانەوەی کورد، لە ئێران قازی محەممەد و دەورەبەرەکەی تەماشایان بکە هەموو لەو بابەتەن مالکینو ئاغاو... لە کوردستانی عێراقیش مەلا مستەفاو شیخ لەتیف و کاکە زیاد و ئەوانەیان هێناوەو بە زۆر... ئەمن لە کتێبەکەشدا ئەوەم نووسیوەو ئەوە گەورەترین زەرەر بوو کە سۆڤیەت لە کوردی دا.. ئەتۆ تەماشا بکە خۆ سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات ئاشبەتاڵی کرد! قازی محەممەد ئیعدام نەکرابا یانی شا ئەو کەرایەتیەی کرد ئیعدامی نەکردبا دەبوایە مێژووی کورد بە ئاشبەتاڵ و شتێکی تر ناوی بەری! قازی بە قارەمانی خۆی لە مەحکەمە و بە ئیعدام کردنی، خۆی کڕییەوە

ئەگینا سەرۆک جەمهوری وڵاتێک پچێ بە پیر لەشکری دوژمنەوە و مەری بۆ سەر ببڕێ ئەوە چیە؟! خەتی سۆڤیەت خەتێکی غەڵەت بوو پێموابوو مەجتەمەعی کوردی هێشتا مەجتەمەعێکی عەشایریە و هیزی ئەساسی هێشتا عەشایرن و لەو قسە قۆڕانەی لەناو سۆڤیەت باو بوون. جا پرسیاری دی چی دیکە هەیە فەرموو ئەمن لە خزمەت دام، ئەمن زۆرم پێخۆشە ئەتۆ کارێکی وا دەکەی بۆ مامۆستا زەبیحی و ئەمن بەڵێنیت دەدەمێ تۆ بینووسە ئێمە لە کوردستان چاپی دەکەینەوە)."[10]

نووسینەکەی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە لایەکەوە بۆ خوێنەری کورد هەژێنەرە. مرۆڤی کورد لەوە سەرسام دەمێنی کە بوێژی ئەو لێکدانەوەیە خۆی سەرۆکی حیزبێکە کە ئیددێعا دەکا بۆ ئازادیی کوردستان لە داگیرکەر خەبات دەکا. لەهەمانکاتدا بەو شێوە لێکدانەوە شازە خۆی تا ئەوپەڕی بێخەبەری دەبا و رک و کینەی بێ سنوری دژ بە یەکەم سەرۆکی کۆماری کوردستان دەردەبڕێ کە هەموو خەباتێکی دوای کۆماری کوردستان بە پشتیوانیی ئەو کۆمارە شەرعییەتی نێونەتەوەیی دەدرێتێ.

لێکدانەوەکەی تاڵەبانی لەمەڕ ژێکاف و دامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و دەوری پێشەوا قازی محەممەد رەمەکی و قین لەدڵانەیە. رەمەکی‌یە، چونکە مێژوو ئەوەیە کە بووە. هێنانە ئارای خۆزیا و بریا و ئەگەر و مەگەر، دانانی خەیاڵ لە جێگای راستی‌یە. ئەو شێوە حوکم دانە نارەوایە بە قەدرایی تۆزقالێک لەگەڵ مێتۆدی زانستی و بابەتی بوون بۆ خوێندنەوەی چەمکی مێژوو خزمایەتی و تێکەڵاویی نیە. مێژوونووسی شرۆڤە کردنە. ئەرکی مێژونووس توێژینەوەی فاکتەکان و گەڕان بەدوای هۆکارەکانە. مێژوو گرینگی بەو لێکۆڵینەوەیە نادا کە مێژوونووس تەنیا رواڵەتی رووداوەکان پچڕ پچڕلە یەکتر و بەشێوەیەکی ساکارانە دەگێڕێتەوە.لە کاری مێژوونووسی‌دا،گرینگترین مەرجی تاوتوێ کردنی هەر رووداو و فاکتێک بەپێی مێتۆدێکی زانستی، بریتی‌یە لە هەڵسەنگاندنی ئەو فاکتە لەگەڵ فاکتەکانی تردا پێکەوە. ئەو کەسەی دەیهەوێ لە هۆکاری رووخانی کۆماری کوردستان بکۆڵێتەوە، بەر لە هەر تشتێ پێویستیی بە لێکدانەوەیەکی هەمە لایەنەی گشت فاکتەکانە. بۆ

کارێکی واش، سەرەتا پێویستە قین لەدڵیی شەخسی و خوێندنەوەی رەمەکی تێکەڵاو بە مێژوونووسی نەکرێ.

سەرۆک تاڵەبانی پەرۆشی ئەوەیەتی کە شا نەفامیی کردو بەو نەفامی‌یە قازیی کردۆتە قارەمانی نەتەوەکەی. ئەوە راستە، جاری وایە زلهێزەکانی جیهانییش تووشی ئەو نەفامی‌یە دەبن. بەڵام نەفامیی ئەوان قارەمان دروست ناکات. ئەوە نەتەوەیە کە جێی هەر کەس لە مێژوودا دیاری دەکات و قارەمان دەخوڵقێنێ.

## مێژوونووسیی حیزبی

**روانگەی دووهەم** بۆ خوێندنەوەی قۆناغی گواستنەوە لە ژێکافەوە بۆ حیزبی دێمۆکرات و پاشان پێناسە کردنی ستروکتوری کۆمار، مێژوونووسیی حیزبی‌یە. مێژوونوسیی حیزبییش لەپێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی خوێندنەوەی ئەو قۆناغە لە مێژووی خەباتی هاوچەرخی کورد لە کتێبی "چل ساڵ خەبات"ی دوکتور قاسملووی نەمرەوە دەس پێدەکات.

دوکتور قاسملوو هۆکاری هەڵوەشانەوەی ژێکاف لە گرفتگەلێک دا دەبینێتەوە کە لەراستیدا لەسەردەمی خۆیدا هیچ کامیان هۆکارگەلێک نەبوون بۆ پەڕینەوە لە ژێکافەوە بۆ حیزبی دێمۆکرات. دوکتور قاسملوو لەم بارەیەوە دەنووسێ: "بەڵام کۆمەڵەی ژ.ک کە لەلایەکەوە رێکخراوێکی ناسیۆنالیست و لە لایەکی دیکەوە رێکخراوێکی داخراو و نهێنی بوو کە رووی لە کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان نەدەکرد، وڵامدەری وەزعی تازەی کوردستانی ئێران نەبوو. پەرەئەستاندنی بێوێنەی جووڵانەوە لە کوردستانی ئێران کە دیارە پێوەندی‌یەکی ئۆرگانیکی لەگەڵ هەموو جوڵانەوەی ئێران هەبوو کە بە شێوەیەکی نەدیتراو پەرەی گرتبوو، نیازی بە رێکخراوێکی یەکگرتووی دیموکراتی و ئاواڵە بۆ کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ بەرنامەیەکی روون و رێک‌وپێک هەبوو، بۆیە لە ماوەی بەینی 1322 کە کۆمەڵە دەستی بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆی لە

گۆڤاری "نیشتمان"دا کرد تا ساڵی 1324 (1945) بەرەبەرە بە تەواوی دەرکەوت کە کۆمەڵەی ژێکاف ئیدی ئەو رێکخراوە نیە کە بتوانێ جووڵانەوەی رۆژبەرۆژ پەرەگرتووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران رێبەری بکا. تەنانەت تەرکیبی ئەو کەسانەش کە لە کۆبوونەوەی بانەمەڕی 1322دا بەڕێوەبەریی کۆمەڵەیان هەڵبژاردبوو یان بۆ بەڕێوەبەریی کۆمەڵە هەڵبژێردرابوون بەشێوەیەک بوو کە رێگای نەدەدا ئەو روانینە بەرینەیان هەبێ کە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ جووڵانەوەی هەموو گەلانی ئێران لێک گرێ بدەن و هەر لەو کاتەشدا بە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی راستەقینەی وڵاتەکە بەرنامە و دروشم بۆ رێکخراوی خۆیان دابنێن."[11]

بەگوێرەی ئەو پێناسەیە، ژێکاف لە چەند قۆڵەوە دەکەوێتە بەر رەخنە. "داخراو" و "نهێنی" بووە، "رووی لە کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان نەکردووە"، "هەڵگری ئەو روانگە بەرینە نەبووە کە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ جووڵانەوەی هەموو گەلانی ئێران لێک گرێ بدا". جگە لە هەموو ئەوانەش "ژێکاف رێکخراوێکی ناسیۆنالیست بوو" هەر بۆیە پێویستیی تێپەڕبوون لە ژێکافەوە بۆ حیزبی دیمۆکرات هاتۆتە گۆڕێ. دوکتور قاسملوو لە درێژەی باسەکەی دا هەوڵ دەدا بەهۆی بەراوردێکی دیکەشەوە لە جیاوازیی نێوان حیزبی دێمۆکرات و ژێکاف بدوێ. بۆ نیشان دانی ئەم بەراوردە لە "چل ساڵ خەبات" دا هاتووە:

"لە بەندی شەشی بەرنامەکەدا (مەبەستی دوکتور قاسملو بەرنامەی حیزبی دێمۆکراتە) ئەنترناسیونالیزمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەرچاو دەکەوێ. حیزبی دێمۆکرات داوای مافی رەوای خۆی دەکا، بەڵام ئەم داوایە بە مانای لەژێر پێ نانی مافی نەتەوەیی، مافی رەوای گەلانی دیکە وەک ئازەربایجانی، ئاسۆری و ئەرمەنی و هی دیکە نیە. بەڵکو هەر لەوکاتەدا کە حیزبی دێمۆکرات خودموختاریی بۆ کوردستان دەوێ، دەیهەوێ گەلی کورد لەگەڵ هەموو ئەو گەلانە بە برایەتی و دۆستایەتی بژی. ئەمەش یەکێک لەو نوختە گرینگانەیە کە حیزبی دێمۆکرات لە

کۆمەڵەی ژ.ک جیا دەکاتەوە، چونکە حیزبی دێمۆکرات لە سەرەتای دامەزرانیەوە لەسەر ئەساسی ئەنترناسیۆنالیزم دامەزراوە". [12]

لەم خوێندنەوەیەدا قەوارەی سەربەخۆیی کۆماریش دەخرێتە قاوغی بوختانی جیاوازیخوازی دوژمنانی گەلی کوردەوە دەنووسرێ:

"دوژمنان دوو بوختانیان بە کۆماری کوردستان کردووە. یەکەم ئەوە کە ئەم کۆمارە دەستکردی بێگانە واتە شوورەوی بوو. وردبوونەوە لە مێژووی کورتی دامەزران و ژیانی چەند مانگەی کوردستان دەریخست کە یارمەتی شورەوی تەنیا عاملێکی لەبار بووە، دەنا پێک هێنانی کۆماری کوردستان داخوازی کۆمەڵانی خەڵک بووە و هەڵسووڕێنەریشی گەلی کورد و بە ڕێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بووە.

بوختانی دیکەش ئەوەیە کە حیزبی دێمۆکرات مەبەستی لە پێک هێنانی کۆمار جیا کردنەوەی کوردستان بووە لە ئێران لەهیچ یەک لە نووسراوەکان و چاپەمەنیی ڕەسمی حیزب و قسەکانی بەڕێوەبەرانی ئەو کاتە باسی جیابوونەوە لە ئێران نەکراوە. بەپێچەوانە زۆر جار شەخسی پێشەوا قازی ڕوونی کردۆتەوە کە حیزبی دێمۆکرات تەنیا خودموختاری دەوێ لە چوارچێوەی ئێراندا... هێندێ کەس پرسیار دەکەن ئەگەر وایە لە کاتێکدا لە ئازەربایجان ناوی حکومەتی میللییان لەسەر دانابوو، بۆ چی لە کوردستان ئاڵای تایبەتیان بێجگە لە ئاڵای ئێران هەڵکردبوو و بەرەسمی ناوی دەوڵەتی کۆماری کوردستانیان بەکار دەهێنا؟ ڕازێکی شاراوە نیە کە ئەو کاتە حیزبی دێمۆکرات کە تاقی کرانەوەی بەڕێوەبەری دەزگای دەوڵەتیی نەبوو لە هێند بارەوە چاوی لە یەکیەتیی سووێتی دەکرد و گوێی لە قسەکانی نوێنەرانی یەکیەتی سووێتی دەگرت. بۆ وێنە بەرگی ئەفسەرانی سوپای کوردستان لاسا کردنێک بوو لە ئونیفۆرمی ئەفسەرانی لەشکری سوور. دروست کردنی ئاڵاش هەر لەم ڕۆوە بوو. یەکیەتیی سوویەتی لە پازدە کۆمار پێک هاتبوو و هەر کۆمارێک ئاڵای تایبەتی خۆی هەیە و ئەمە هەرگیز نیشانەی داخوازی جیابوونەوە لە یەکیەتی سوویەتی نیە. ئەگەر لە دوارۆژدا ئێران ببێتە وڵاتێکی فیدرالی، هەم کۆماری فیدارلی مەرکەزی ئاڵای خۆی دەبێ کە ئاڵای هەموو ئێران، هەم هەر کام لە کۆمارە نەتەوەییەکان ئاڵای تایبەتی خۆیان دەبێ". [13]

وەک دەبینین لە روانگەی مێژوونووسیی حیزبی‌یەوە کۆی ئەو هۆکارانە کە دەبنە هۆی هەڵوەشانەوەی ژێکاف و دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات بریتین لە:

یەکەم: ژێکاف رێکخراوێکی ناسیۆنالیستی بوو.

دووهەم: ئەو رێکخراوە دامەزراوێکی داخراو بوو و رووی لە کۆمەڵانی بەرینی خەڵک نەکردووە.

سێهەم: خاڵی لێک جیاکەرەوەی نێوان ژێکاف و حیزبی دێمۆکرات ئەوە بوو کە حیزبی دێمۆکرات بڕوای بە مافی گەلانی ترو هاوپێوەندیی برایانە لەگەڵ ئازەربایجانی و ئاسوری و ئەرمەنی بووە و لەسەر ئەساسی ئەنترناسیۆنالیزم دامەزراوە.

چوارەم: لە کاتی پیناسەی کۆماریش دا بوونی ئاڵا و ناوی قەوارەکەش دەبردرێتە سەر بێئەزموونی و چاولێکەریی بەرێوەبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ئۆلگوو هەڵگرتنەوە لە کۆمارەکانی سۆڤیەتی و گوێڕایەڵیی بەرپرسانی حیزبی لە کاربەدەستانی سۆڤیەتی لەو کاتەدا. لەگەڵ ئەوەی هەر کام لەو تەوەرانە لە بەشەکانی تری ئەو بەرهەمەدا دەخرێتەوە بەر باس، بەڵام لێرەدا هەرچەند بە کورتیش بووبێ جێگای خۆیەتی چەند لایەنێکی ئەو رەخنەگەلە لە نزیکەوە تاووتوێ بکرێ.

## ژێکافو مەسەلەی لێک گرێ دان

لە کەیسی ژێکاف دا کاتێک مێژوونووسیی حیزبی باس لە مەسەلەی لێک گریدان دەکا، مەبەستی بە ئێرانی کردنی مەسەلەی کورد و بەنێوخۆیی کردنی کێشەی کوردە. کاتێکیش مەسەلەی کورد خۆ لە کۆنسێپتی ئێرانی کردنی دۆزەکەیدا دەبینێتەوە،مەسەلەی لێک گرێدان دێتە گۆڕێ. کە وایە لێرەدا لێک گرێدان بەر لە هەر شت بە مانای قسەکردن لەو ئیستراتیژیە سیاسی‌یەیە کە لەنێوخۆی ئێراندا بۆ دۆزی کورد لە جۆرە چارەسەرێک دەگەڕێ.

بۆ گەیشتن بەو ئیستراتیژیەش مەسەلەی کورد وەک بەشێک لە خەباتی هەموو گەلانی ئێران بۆ هێنانە سەرکاری رێژیمێکی دێمۆکراتی پێناسە دەکرێ. لێرەوەیە مەسەلەی پێویستی لێک گرێدانی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە خەباتی هەموو گەلانی ئێران دێتە گۆڕێ. ئێستا ئەگەر لەبەر رۆشنایی ئەو روونکردنەوەیە بگەڕێینەوە سەر هێڵی باسەکەمان و بە دوای "مەسەلەی لێک گرێدان" لە سیاسەتی ژێکافدا بگەڕێین، دەبێ بڵێین ئەو رەخنەیە کێشە و ململانەی نێوان دوو ستراتیژیی دژ بەیەکە. ستراتیژیی تێکدانی سنووری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و ستراتیژیی مانەوە لە چوارچێوەی سنووری ئێران.

ئەوەی کە داخوا دەبێ چۆن لێرەدا داوەریی لەسەر سیاسەتی ژێکاف بکرێ، بەتەواوی پێوەندیی بەوەوە هەیە مەسەلەی کورد لە گۆشەنیگای کام یەک لەو دوو ستراتیژی‌یەوە سەیر دەکرێ. بەو مانایە ئەگەر دۆزی کورد لە چوارچێوەی رێبازی "دێمۆکراسی بۆ ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" سەیر بکرێ، ئەوا ژێکاف دەبێ لەگەڵ رەخنەی "لێک گرێدان" رووبەڕوو بکرێتەوە. ئەگەریش نا، مەسەلەی کورد لە گرفتی بەدەوڵەت بووندا ببیندرێتەوە، ئەوا مەسەلەکە بە ئاقارێکی تر دەشکێتەوە. مەسەلەکە لێرەدا چۆنیەتیی خوێندنەوەیە بۆ دۆزی کورد. بە لەبەرچاو گرتنی ئامانجی روونی ژێکاڤ وەلامی ژێکاف وەڵامێکی سەرڕاست و بێ گرێ و گۆڵە. لەبیری ژێکاف دا بۆ مەسەلەی "لێک گرێدان" ئاڵترناتیوێکی تر دۆزراوەتەوە. لە جێگای بەدیلی "لێک گرێدان"

ئاڵترناتیوی رێز دانان بۆ کیان و سەروەریی نەتەوەیی و مافی بەدەوڵەت بوونی نەتەوەکان، وەڵام دراوەتەوە. ژێکاف پێی وانەبوو بە لێک گرێدانی خەباتی گەلی کورد بە خەباتی گەلانی دیکەی ئێرانەوە مەسەلەی کورد چارەسەر دەبێ و وەڵامی راستەقینەی خۆی وەردەگرێتەوە.

رێبازی ژێکاف بۆ ئەوە نەبوو دەزگای دەوڵەت لە ئێران دێمۆکراتیزە بکات و لەژێر سێبەری ئەو دێمۆکراتیزەبوونە کوردیش داخوازگەلێکی کولتووری و ئیداریی پێ ببڕێ. هەڵبەت ئەم دەربڕینە بە مانای ئەوە نیە بگوترێ ژێکاف لە حاند واتای "لێک گرێدان" نامۆ بووبێ. لێک گرێدان لە ماناو واتا ژێکافییەکەی دا خۆ لە قووڵترین مانادا دەدۆزێتەوە. لە بیری ژێکاف دا، لێک گرێدان بە لێک گرێدانەوەوە بەسترابۆوە، لێکگرێدانەوەی پارچە لێک دابڕاوەکانی کوردستان و کۆتایی هێنان بە داگیرکراوی و دابەشکراویی نەتەوەیەک کە بە بێ ویستو ئیرادەی خۆی لە نێوان چەند دەوڵەتی سەرەڕۆ، دابەشکراوە و نیشتمانەکەی بۆتە پێخوستی داگیرکەرانەی ئەو دەوڵەتانە. کە وایە لێرەدا قسە کردن لەسەر دوو جۆر هەڵبژاردنی سیاسییە. ئەگەر لە هەڵبژاردنێک دا مەسەلەی "لێک گرێدان" بۆ ژێکاف بە گرفت دەژمێردرێ، بۆ هەڵبژاردنەکەی تر دەتوانێ بەپێچەوانە بێت.

## ژێکاف و "داخراوبوون"

ژێکاف نهێنی بوو، بەڵام داخراو نەبوو. ئەگەر نیشانەکانی "داخراوبوون" دوورەپەرێزی لە خەڵک و بێخەبەرەی و خەمساردی لە حاند دنیای دەرەوە و خۆ سەرقاڵ کردن بە کێشەکانی ژیانی ناوخۆیی رێکخراوەییەوە بێ، ئەوا بە تۆبزیش بێ نیشانەگەلێکی لەم چەشنە بەسەر ژێکاف دا فەرز ناکرێ.

سەردەمی ژیانو تێکۆشانی ژێکاف، سەردەمی پەرەگرتنی تۆڕی ئینتەرنێت و پێوەندییەکانی خێرای گواستنەوە بەشێوەی دنیای ئێستا نەبوو، تا بتوانێ لە چەند چرکەیەکدا دەنگ و رەنگی خۆی بۆ گشت لایەک بگەیەنێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەش زۆر زوو توانی نە تەنیا بوونی خۆی

بەڵکوو رێبازی سیاسیی خۆشی بۆ بەشی هەرە زۆری ناوچە و مەڵبەندەکانی کوردستان راگوێزێ. ئەو "رێکخراو داخراوە" توانی لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵ لەناو زۆربەی هەرە زۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری رەگ و ریشەی خۆی داکوتێ و تێکەڵاوی ژیانی خەڵک بێ. کە وایە نهێنی بوونەکەشی جۆرێکی تایبەت بووە. نهێنی بوونی ژێکاف مانای خۆنەدیوکردنی ژێکاف لە خەڵک نەبوو. ژێکاف تەنیا بۆ دوژمن نهێنیو نەبینراو بوو، بەڵام بۆ کورد کراوە و ناسیاو و خۆشەویست بوو. جۆری رێبازە فیکرییەکەی کە لە راستیدا هەڵقوڵاوی نێو هەناوی کۆمەڵی کوردەواری بوو، کارئاسانی ئەوەی بۆ دەکرد زۆر بە خێرایی بچێتە ناو دڵی خەڵکەوەو پشتیوانیی خەڵک بۆ لای خۆی رابکێشێ.

### ژێکاف و نەتەوەخوازی

بەنهێنی لەدایک بوونی ژێکاف بە مانای بەنهێنی مانەوەی رێبازی فیکریی ژێکاف نەبوو. هەر لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم وتاری زمانحاڵی ژێکاف واتە "نیشتمان" رێباز و بیری ژێکافیش بە ئاشکرا بانگی بۆ درا:

"کۆمەڵەی ژ.ک بەپێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و قورت و چەڵمەیەک وەکو دوژمنایەتی خۆبەخۆ، دووبەرەکی و خۆخۆری، پول پەرستیو بێگانەدۆستی کە لە رێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورددا هەیە بە هەموو هێز و توانای خۆی تێ دەکۆشێت تا زنجیر و کەلەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵی و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ایستا کوردستانێکی گەورەو رێک و پیک بهینیتە بەرهەم کە هەموو کوردیک بە سەربەستی تیابژیت."[14]

ئەو پێناسەیە بەخێرایی دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی بڵێین: نەتەوەخوازی و ژێکاف دوو رووی یەک دراو بوون. فەلسەفەی بوون و لەدایک بوونی ژێکاف نەتەوەخوازی بوو. نەتەوەخوازییش بە مانای ئەو بنەماو دۆکتەرینە بوو کە دەخوازێ هەموو نەتەوەیەک مافی خۆدەربڕینی

تەواوی هەبێت. لە بیری ژێکافیشدا مافی خۆدەربڕینی تەواوی نەتەوەش خۆی لە شێوەی پێکهێنانی دەوڵەتیکی گشتگری کوردی خاوەن سەروەریی خاک دا دەدیتەوە.

بەڵام نەتەوەخوازیی ژێکاف گەرا و کەلەکەلەی گروپێکی رووناکبیری بەتاق کەوتوو لە خەڵک نەبوو. گرینگترین پرسی کۆمەڵی کوردەواری کێشەی نەتەوەیی بوو. نەتەوەخوازیی ژێکافیش بەر لە هەر شت رەنگدانەوەیەک بوو لەو پێداویستی‌یە.

مەسەلەی "ناسیونالیست"بوون لە کەیسی حیزبی دێمۆکراتیش دا هەر بە هەمان شێوە بوو. کاتێک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە رۆژی 2ی رێبەندان، ئیعلامی "جمهوری کوردستان" دەکات، لەراستی‌دا ئەم بڕیارە گەورەیەش هەر لە بیرو روانینی ناسیۆنالیستیی ئەو حیزبەوە سەرچاوەی گرتووە.

بەڵام هەوڵدان بۆ دروست کردنی ماڵێک بۆ کورد بە مانای دژایەتی کردنی ژێکاف لەگەڵ نەتەوەکانی تر نەبووە. جۆری نەتەوەیی‌خوازیی ژێکاف بە دوور لە نەتەوەخوازی‌یەکی دەمارگرژانە و داگیرکەرانەی وەک نەتەوەخوازیی فارس و عەرەب و تورک بووە. ئەوپەڕی سنوور و پانتایی خەون و فانتازیای ئەو نەتەوەخوازی‌یە بەدەوڵەت‌بوونی کورد بوو. لە ئەدەبیاتی سیاسیی ژێکاف‌دا سنوورەکانی نێوان نەتەوەخوازی‌یەکی رزگاریخوازانە و نەتەوەخوازی‌یەکی شەرەنگێزانە و داگیرکەرانە بەتەواوی جیا کرابوونەوە. ژێکاف نکولی لە بوونی کەس نەدەکرد، بەڵکوو تەنیا تێ‌ئەکۆشا ئەوە روون بکاتەوە کە نکولی کردن لە بوونی نەتەوەیەکی چەند ملیۆنی سیاسەتێکی ناڕەوا و بێ‌بەزیی‌یانەیە. ژێکاف لە لایەکەوە هەوڵی دەدا ئەم ناهەقی‌یە مێژوویی‌یە کە بەسەر کورد دا بڕاوە، لەقاو بدا، لەلایەکی دیکەشەوە ئینسانی کوردی بۆ ئەوە بانگەشە دەکرد بۆ هەمان ئەو مافە تێ‌بکۆشن کە عەرەب و تورک و فارسیش هەیانەو چیتر نابێ کوردی لێ بێبەری بکرێ.

هەر لەبەر ئەوەش تێڕوانینی ژێکاف لە خۆی و لە ویست و داخوازی کۆمەڵگاکەی لە هی نەتەوەخوازیی تورک و عەرەب و فارس بەتەواوی جیاواز بوو. لەم دەزگا فیکری‌یە دا، کوردبوون بە مانای ئێرانی

بوون و تورک بوون و عەرەب بوون نەبوو. لەو خوێندنەوەیەدا کوردبوون بە مانای کوردستانی بوون بوو. کوردستانیش بە وێنەی نیشتمان و جێگای ژیان و حەوانەوەی نەتەوەی کورد سەیر دەکرا. لای ژێکافیەکان ئەم دۆزە، دۆز و کێشەیەکی سەربەخۆی نەتەوەیی بوو.

ئەگەر لە روانگەیەکی واوە لە هزرو بیری ژێکاف بڕوانین بەشداری کردن لە خەباتێکی وا، عەینی خەباتێکی ئەنتەرناسیۆنالیستی بوو، لەم بارەیەشەوە خەرمانی بیری ژێکاف، تێگەیشتنی تایبەت و سەربەخۆی خۆی هەبوو. ئەم تێگەیشتنە،خوێندنەوەیەکی خۆماڵی‌یانە بوو. لەو قۆناغەدا بیر و فەلسەفەی ئەحزابی سەرانسەری هێشتا نەیتوانیبوو بۆ خوێندنەوەی پێداویستی‌یەکانی کۆمەڵی کوردەواری، دزە بکاتە نێو بیری تێکۆشەرانی کوردەوە. ژێکافیەکان لە دۆزی کورد وەک دۆزێکی سەربەخۆ بیریان دەکردەوە و چارەسەرەر کردنەکەشیان بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد بوو. هەر بۆیە ئەنترناسیۆنالیست بوونیشیان لەوە دا دەدیتەوە، کورد بگەیەننە ریزی ئەو نەتەوانەی بە دەوڵەت گەیشتوون و خاوەن سەروەریی نەتەوەیی خۆیانن.

بەکورتی بڵێین ئەوەی کە ژێکاف نەتەوەخوازی و پرسی ناسیۆنالیی دەخاتە ناوەندی دیسکۆرسی فیکری و سیاسیی خۆیەوە، لە ئاکامی حەز و خولیای گروپێکی رووناکبیری‌یەوە نەبوو، بەڵکوو پێویستی‌یەکی ناو هەناوی کۆمەڵی کوردەواری بوو. ئەزقەزا، رەمزی سەرکەوتن و خۆشەویستیی ژێکاف لەنێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان هەر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ژێکاف حیزبێکی "ناسیۆنالیستی" بوو. کە وایە ناسیۆنالیست بوونی ژێکاف نەتەنیا بە خاڵێکی لاواز لە ژیانی ئەو رێکخراوەدا نایەتە هەژماردن، بەڵکوو هەڵبژاردنی ئەو رێبازە وریایی و ئەوپەڕی ژیریی دەستەی دامەزرێنەری ژێکاف نیشان دەدا کە توانیویانە زۆر باش هەست بە مەسەلەی سەرەکیی کۆمەڵگاکەیان بکەن و سیاسەتی ئەوان، رەنگدانەوەیەک بێ لە جۆری پێویستی‌یەکانی ژیانی نەتەوەکەیان.

## مەسەلەی چاولێکەری‌و گوێڕایەڵی

جگە لە هەموو ئەوانە هەڵبژاردنی "ناوی کۆمار"و " هەڵکردنی ئاڵای کوردستانیش" لە ئاکامی "نەبوونی تاقیکردنەوەی رێبەریی کۆمار"و "چاولێکەری" لە کاربەدەستانی یەکیەتی سۆویەتی نەبوو. رێبەریی حیزبی دێمۆکرات و لە سەرەوەی هەمووان پێشەوا، لە هەڵبژاردنی ناوی کۆمار و هەڵکردنی ئاڵا مەبەستێکی ورد و تایبەتی‌یان هەبوو. پێشەوا بە هەڵبژاردنی ناوی کۆمار بۆ قەوارە سیاسی‌یەکەی و بە هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان دەیانەویست بە هەموو لایەک بڵێن کورد و رێبەرایەتی‌یەکەی بۆ هەمیشە بڕیاری دابڕانی خۆیان لە نیزامی پاشایەتی و مانەوە لە ژێر ئاڵای شێرو خورشیدی ئەو وڵاتەیان داوە.

ئەم بڕیارە ئازایانەیە و ئەم هەنگاوە گەورەیە "لاسایی کردنەوە و بێ ئەزموونی" نەبوو،بەڵکوو ئەوپەڕی ژیری و وشیاریی نەتەوەیی تێدابوو. کۆمار بەوانەوە کۆمار بوو. لە راستی‌دا رەمزی خۆشەویستیی کۆماریش بۆ ئینسانی کوردی هەر بەوانەوە بوو. ئەم ناو و سیمبولە، دەربڕی نێوەرۆکێکی گەورە بوون. خۆ جیا کردنەوەو بڕیاری دابڕان لە دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس تەنیا بە هەڵبژاردنی سیمبول‌و ناوگەلێکی واوە دەیتوانی لە غەم رەخسانی کورد بەگوێی دوورو نزیک بگەیەنێ.

ئەو هەنگاوانەی کە لە ماوەی ئەو یازدەمانگەدا بەرەوپێش نراون نیشان دەدەن، گشتیان بە دانستە و بیرلێکراوە بوون. هەر کامیان ئاڵقەیەک بوون بۆ گرێدان لە ئالقەیەکی تر.

کۆبوونەوەی 20هەزار کەسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە رۆژی 2ی رێبەندان، هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و ئیعلامی جمهوری، پێک هینانی دەولەت بۆ ئیدارەی وڵات، پێکەوەنانی سوپای میللی. جێژنی هەڵکرانی ئاڵا لە شارو گوندەکانی کوردستان، قەراری رۆژی 2ی ریبەندان بۆ هەڵبژاردنی پارلمان و ئیعلامی حاکمییەتی نەتەوەیی. ئەوانە هەموو تەواوکەری یەکتر بوون.

کاتێ لە گشت ئەو هەنگاوانە دەڕوانی هیچ کامیان شەقڵ و مۆری چاولێکەری و بێ ئەزموونیان پێوە دیار نیە. هەر کامیان تەواوکەری

ئەوی دیکەیە. هەر کامیان بۆ پڕ کردنەوەی پێداویستییەک بوو. لە نێو ئەو پێداویستییانەش دا هێندێکیان روحیو سیمبولیک بوون. بۆ وینە: ئاڵا نیشانەی وڵاتێکی سەربەخۆ و بۆ خۆ هەڵاوارن لەوی تر بوو. گەلێکیشیان ماددی بوون وەک: دامەزراوی دەوڵەت، وەک سوپای میللی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات و پاراستنی دەسکەوتەکان... بۆ ئەم هەنگاوانەش بیرێک دەوری بینیوە، بیری نەتەوەخوازی و بیری بەدەوڵەت بوون. گەڵاڵەداڕێژەری ئەم کۆنسێپتەش لە پلەی یەکەمدا پێشەوا بوو.

ئەم نموونانە نیشان دەدەن لە هەر وڵاتێک کاتێک حیزبێک مێژووی نەتەوەیەک دەنووسێ تەنیا لە روانگەیەکی تاکڕەهەندییەوە لەو مێژووە دەڕوانێ. چۆنیەتیی سیاسەتی رۆژ و سەردەمی ئەو حیزبە کارتێکەرییەکی گەورە دادەنێ بۆ چۆنیەتیی خوێندنەوەی مێژووی رابردوو و هەر لەو کاتەدا نووسین و ئانالیزە کردنی. ئەم باسە کە دێتە سەر خوێندنەوەی مێژوو نووسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش راست بە هەمان شێوە لەگەڵ هەمان گرفت رووبەڕووە. پرسیار ئەوەیە: داخوا ئەگەر مێژوونووسیی حیزبی هەڵگری دروشمی دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان نەبوایە، داخوا دیسانیش بە هەمان روانینەوە دەچووە پێوشوێنی خوێندنەوەی بیری ژێکاف و ستروکتوری کۆمارەوە؟

پوزیسیۆنی د. قاسملو لە کاتی بەرهەم هێنانی ئەم لێکۆڵینەوەیە،تەنیا پوزیسیۆنی کەسایەتییەکی بەتوانای ئاکادمیک نەبوو کە تەنیا سەرقاڵی کارێکی توێژینەوە بێ. ئەو هەر لەو کاتە رێبەریی بزووتنەوەی نەتەوەیەک و حیزبێکیشی بە ئەستۆوە بوو. تێکەڵ بوونی ئەم دوو پوزیسیۆنە ئەگەر لەلایەک لە بەدواداچوون و خوێندنەوەی رەوت و رووداوە مێژووییەکان کارئاسانییان بۆ کردوە، لە هەمان کاتدا لەگەڵ گرفتی تایبەتیش رووبەڕوو بووە. پێناسە کردنی ستروکتوری سەربەخۆی کۆمار وەکوو قەوارەیەکی سەربەخۆی نەتەوەیی و قسە کردن لە بیری سەربەخۆییخوازیی ژێکاف چۆن دەیتوانی بە ئاسانی لەگەڵ دروشمی "دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" تێکهەڵکیش بکرێن؟ لە راستیدا ئەمە راست ئەو گرفتەیە کە مێژوونووسیی حیزبی

لەگەڵی رووبەڕوو بۆتەوە و، بۆتە هۆکارێک کە جێگای کۆمار وەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بە نزمترین ئاستی مومکین دابەزێندرێ و دژکردەوەیەکی توند لە حاند ژێکاف نیشان بدرێ.

تێکەڵ بوونی ئەو دوو کاراکتێرە نەک هەر بۆ دوکتور قاسملوو بەڵکوو رەنگە بۆ هەر کەسێکی تر کارێکی ئاسان نەبێ. هەربۆیە دوکتور قاسملوو بۆخۆی بە وێنەی کەسایەتی‌یەکی ئاکادمیک ئەم مەترسی‌یەی هەست پێ کردووەو دەنووسێ:

"بەرامبەر بەوە ئەگەر کوردێک بەتایبەتی ئەگەر ئەندامی حیزبییش بێ، مێژووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بنووسێ، بێگومان ئەو مەترسی‌یەی تێدایە کە بێ لایەنی خۆی لە لێکدانەوەی رووداوەکاندا بە تەواوی نەپارێزێ بەجێ‌یە ئەم مەسەلەیە لێرەدا روون بکرێتەوە کە بۆ رێزدانان بە زانست پێویستە رووداوەکان ئاوا کە روویان داوە و فاکتەکان ئاوا کە هەبوون بێنە گۆڕێ". [15]

بەڵام لەگەڵ هەست پێکردن بەو مەترسی‌یە، هێشتاش سێبەری ئەندامەتیی حیزبیی دوکتور قاسملوو لە چل ساڵ خەبات بە تەواوی نارەوێتەوە. سەلماندنی سیاسەتی رۆژی حدکا کە لەو کاتەدا خۆی لە دروشمی دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دا دەدیتەوە، هۆکارێکی گرینگ دەبێ بۆ ئەوەی نووسینەوەی هەستیارترین قوناغی مێژووی هاوچەرخی کورد تێکەڵاو بە کەمایەسی بێ.

کردەوەی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی کە بوو بەهۆی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو لە دوو لاوە کاری کردە سەر پروسەی نووسینەوەی ئەو مێژوویە. دوکتوری شەهید بەتەما بوو ئەو کتێبە لە سێ بەرگدا تەواو بکا. بەڵام بە شەهید بوونی، ئەو پرۆژەیەی بە ناتەواوی مایەوەو لە لایەکی دیکەشەوە بە نەمانی، دەرفەتی ئەوەی بۆ نەلوا لە چاپەکانی تری ئەم بەرهەمەی هەڵی چاو پێداخشانەوەی دووبارەی بۆ بڕەخسێ.

خەساری شەهید بوونی دوکتور قاسملو بوو بەهۆی ئەوەی کە کاتێک درێژە بە رەوتی مێژوونووسیی حیزبی درا، هەمان خوێندنەوە، هەڵبەت لە ئاستێکی گەلێک سادەو ساکاردا دووپاتە بکرێتەوە. لە دوای "چل ساڵ

خەبات" بەرهەمێکی تر کە هەر لە خانەی مێژوونووسیی حیزبی‌یەوە بۆ خوێندنەوەی ئەو ساڵانە هاتۆتە بەرهەم، کتێبی 50 ساڵ خەبات لە نووسینی کاک جەلیل گادانی‌یە. روانین و لا کردنەوە لە ژێکاف یەکێک لە تەوەرەکانی ئەو بەرهەمەش لەخۆ دەگرێ. لەم بارەیەوە گادانی لەسەرەتا دا لەسەر رۆڵی ژێکاف دەنووسێ:

"کۆمەڵە هەستی کوردایەتیی تا رادەیەکی زۆر لەنێو خەڵکدا زیندوو کردەوەو بەهۆی پێوەندی لەگەڵ کوردستانی عێراق و هێنانی بڵاوکراوەکانی ئەوێ وردە وردە خەڵکی لەگەڵ ئەدەبیاتی کوردیش ئاشنا کرد". [16]

هەتا ئێرە یەکێک لە کارە باشەکانی ژێکاف زیندووکردنەوەی هەستی کوردایەتی‌یە، کەچی لەپڕ لە دوای ئەو چەند رستەیەی خستمانە روو هەر هەمان لایەنی ئەرێنیی ژێکاف واتە گرینگی دان بە گوتاری نەتەوەیی، بۆ ژێکاف دەبێ بە گرفتێک. ناوبراو دەنووسێ:

"سەرەڕای ئەم نهێنی کاری و بەرتەسک بوونەوەی ئیمکانی تێکۆشانی بەربڵاو، کۆمەڵەی ژ.ک توانیویەتی لە روون کردنەوە و راپەڕاندنی خەڵکی کوردستان دەوری بەرچاوی هەبێ. بەم هۆیەشە کە زۆربەی هاوڕێیانی حیزبی و مێژوونووسەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە پایە و بناغەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەر "کۆمەڵەی ژ- ک"ە. رەنگە بە بۆچوونێکی ئاوا ناسیۆنالیستی‌یەوە کۆمەڵەی ژ- ک نەیتوانیبێ زۆربەی رووناکبیرانی ئەو دەم بۆ لای خۆی رابکێشێ، بەڵام لە کۆمەڵی کوردەواریی ئەو کاتی کوردستانی ناوەندی دا بەتایبەتو تا رادەیەکیش لە سەقز و بانە و هەروەها لە باکووری کوردستانی ئێران پەرەی ئەستاند و توانی ببێتە هێزێکی زۆر فەعالو تێکۆشەر". [17]

ئەگەر تا ئێرە مەسەلەی ناسیۆنالیست بوونی ژێکاف دەکرێتە هۆکارێک بۆ پێ قایل نەبوونی رووناکبیرانی کورد بە ژێکاف، لە نەکاو بەبێ هێنانەوەی هیچ بەڵگەیەک لە ئەدەبیاتی ژێکاف گادانی دەنووسێ:

"لەبەرئەوەی کە فەزای سیاسیی ئێران بەرە و دێمۆکراتیزە بوون دەڕۆیشت لە زۆر شوێن حیزب و رێکخراوی نوێ پێک هاتبوو و لە کوردستان دا کە ئەو کات بەتایبەتی دانیشتووی زۆری غەیرە کوردی

وەک ئازەری، ئەرمەنی و ئاسۆری و کەلیمی لێبوو و بۆچوونەکانی ژ- ک لە پێوەندی لەگەڵ ئەو کەمایەتییانەدا ناسیۆنالیستانە بوو، پێویست بوو کە ئاڵوگۆڕێک لە وەزعی کۆمەڵەدا بێتە پێشێ و بەرنامەیەکی نوێ بۆ کاروتێکۆشانی دوارۆژی دیاری بکرێت". [18]

لە بەشێکی تری بەرهەمەکەی بەڕێز گادانی، "زانستی نەبوونی ئامانجەکانی ژێکاف" و نە "هێنانەگۆڕێ دروشمی دێمۆکراسی و خودموختاری" بەهۆیەکی تری گەشە نەکردنی ژێکاف دەژمێرێ و دەنووسێ: "کۆمەڵەی ژ- ک ماوەی سێ ساڵ تێکۆشانی بەردەوام و نهێنیی خۆی درێژە پێ دەدا و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی پەیدا دەکا. بەڵام لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەی ئامانجەکانی خۆی بە شێوەیەکی زانستییانە نەهێنابووە گۆڕێ و باسێکی ئەوتۆیان لە دێمۆکراسی و خودموختاری پێ نەبوو، نەیتوانی بە تەواوی گەشە بستێنێ."[19]

لە دوای هەموو ئەوانە ئینجا لە زمان پێشەواوە (هەڵبەت بەبێ هێما بە هیچ سەرچاوەیەک) دەنووسرێ:

" قازی موحەمەد لە کۆبوونەوەکاندا بیر و بۆچوونی خۆی باس دەکا و ئەو بۆچوونانە لەسەر بەشێکی زۆر لە ئەفرادی ڕێبەرایەتیی ژ- ک شوێنەوار دادەنێ. بەتایبەت ئەم باسە دێتە گۆڕێ کە ئەگەر مافی ئەو خەڵکە غەیرە کوردەی کە لە کوردستان دەژین و فەرهەنگ و داب و نەریت مافی جیاوازیان هەیە، لەبەرچاو نەگیرێ و بفەوتێ، ئەو کات جیاوازیمان لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی چییە؟ بۆیە ئێمە نە تەنیا دەبێ وەک کورد مەسەلەکەی خۆمان لەبەر چاو بێ، بەڵکوو دەبێ بۆ ڕاکێشانی نەزەر و پشتیوانیی گەلانی دیکەی ئێرانیش هەوڵ بدەین. لەم پێوەندییەدا دەبێ بۆ هاوکاری لەگەڵ سەرجەم حیزبە شۆڕشگێڕەکانی ئێران هەنگاو هەڵێنینەوە". [20]

"دوای هاتنە گۆڕێی ئەو بیرو بۆچوونانە لەلایەن قازی موحەمەدەوە لە هاوینی ساڵی 1324 هەتاوی دا کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی هێندێک کەسایەتیی ناسراوی وەک قازی موحەمەد و بەشێک لە ئەفرادی بەناوبانگی کۆمەڵەی ژ- ک کە قەناعەتیان بە بۆچوونەکانی ناوبراو هێنابوو، پێک هات کە لەو کۆبوونەوەیەدا هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە

پێویستە لەسەر ئەساسی ڕێزگرتن لە دێمۆکراتیەت و پاراستنی مافی گەلانی دیکەی ئێران ڕێک بکەون و بناخەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دابڕێژن."[21]

دوایین بەشی هۆکاری هەڵوەشانەوەی ژێکافیش بە شێوەی خوارەوە دەخرێتە بەر نەزەری خوێنەر و با وێکڕا لەو چەند ڕستەیەی خوارەوەش ورد بینەوە:

"لەلایەکی دیکەوە دوای پێک هاتنی کۆمەڵەی ژ- ک، هێندێک لە ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ نوێنەرانی ئەو هێزانەی کە ئێرانیان داگیر کردبوو، وتووێژیان کردو... تەنانەت ئەو نوێنەرانە چەند جار هاتوونەتە کوردستانو لەگەڵ ئەوەی قاضی محمد ئەندامی کۆمەڵەش نەبووە، تەنیا وەک کەسایەتێکی ناسراو و خاوەن نەزەر چاویان پێ کەوتووە و نەزەرخوازیان لێ کردووە. بۆ وێنە یەکەمین چاوپێکەوتنی پێشەوا لەگەڵ نوێنەرانی ئەمریکا و ئینگلیس ڕۆژی 25ی سپتامبری 1941و لە مەهاباد بووە. ئەوانە نەیاندەتوانی هەروا سوک و ئاسان بەوە ڕازی بن کە کۆمەڵەی ژ- ک بەو بۆچوونە غەیرە دیمۆکراتیکیەوە بێ و بەنێوی کورد دەسەلات بەدەستەوە بگرێ. لەو کاتەش دا خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتی بۆ سۆڤیەت گرینگ بووە و بۆ سەرجەم وڵاتانی داگیرکەری ئێرانیش لاواز ڕاگرتنی دەسەلاتی ناوەندی وەک مەبەستێک لە ئارا دا بووە". [22]

لەدوای "چل ساڵ خەباتی" دوکتور قاسملوو و کتێبی 50 ساڵ خەباتی گادانی، نۆرە دەگاتە "کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان" لە نووسینی کاک حوسێنی مەدەنی. هەردووک بەرگی ئەم کتێبەکەی بەڕێز مەدەنی ئەگەرچی بۆ باس لەسەر مێژوونووسیی حیزبی تەرخان نەکراوە، بەڵام لە بەشێک لە کارەکەی دا ئاوڕی لێدەدرێتەوە و ئەویش هەمان تەفسیری مێژوونووسیی حیزبی بۆ کۆمار دووپاتە دەکاتەوە. لە بەرهەمەکەی مەدەنی دا هاتووە:

"کاتێک پێشەوا قازی دوای برانەوەی شەری دووهەمی جیهانی، کۆماری کوردستانی دامەزراند، هەرچەند کۆمارەکەش لەنێو بەشێک لە خاکی کوردستانی ئێران دا دامەزرابوو، خودی پێشەواش هەوڵی دەدا لە

چوارچێوەی قانوونە ئەنجوومەنە ئەیالەت و ویلایەتەکان دا مافی کوردان بچەسپێنێ..."[23]

"راگەیەناندنی کۆماری کوردستان لەلایەن پێشەواوە بەو مانایە نەبوو کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دامەزراندوە. پێشەوا لە وتوێژە رەسمییەکانیشیدا لە هیچ کوێ باسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نەهێناوەتە گۆڕێ. تەنانەت دەوڵەتی مەرکەزییش چاک دەیزانی دەوڵەتی سۆڤیەت بەتوندی دژی دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردە. هەوڵ و کۆشش و بۆچوونەکانی پێشەوا زیاتر لەگەڵ نیزامی فیدراڵی لە ئێران دا بووزی دەخوارد. راست وەکوو ئەو نیزامە فیدراتیوە چووە کە "یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەت" یان لە کۆی یەککگرتنی چەندین ولاتی فدراتیو دا دامەزراندبوو، ئەگینا هەڵکردنی ئاڵای کوردستان قەت مانای سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی نەدەگەیاند."[24]

بەڵام ئەوەی لە دوای خویندنەوەی ئەم دوو فاکتە بۆ خوێنەر روون ناکرێتەوە ئەوەیە مودێلی کۆمار داخوا دەبێ بەگوێرەی کام یەک لەو دوو مۆدێلە بەراورد بکرێ؟

مۆدیلی قانوونی "ئەنجومەنی ئەیالەت و ویلایەتەکانی سەردەمی مەشرووتە" یا خۆ ئەو نیزامە فدراتیوە کە لە نیزامی یەکیەتیی سۆڤیەت پیادە کرابوو؟ دیارە مەبەستی نووسەر لەو واتا دژ بەیەکانە هەموو بۆ ئەوەیە بڵێ: "پێشەوا لەو بارەیەوە هەنگاوێک لە ئێران دوور نەکەوتبۆوە". هەر بۆیە لە درێژەی باسەکەی دا هاتووە:

"دەوڵەتی سەربەخۆ تەعریفی خۆی هەیە، دەوڵەتی سەربەخۆ دەبێ دوو مەرجی سەرەکیی تێدا مەوجوود بن: یەکەمیان سنووری سیاسیی هەبێ، دووهەمیشیان لە رێکخراوی نەتەوەیەککگرتووەکان دا (ئەو کات جامعە ملل هەبوو) بەرەسمی بیناسن. کۆماری کوردستان خاوەنی ئەو دوو مەرجە نەبوو. پێشەوا لەو بارەوە هەنگاوێک لە ئێران دوور نەکەوتەوەو... پێشەوا بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی کۆمار لە ناو چوارچێوەی ئێران دا رێگای ئاشتیانەی وتووێژی هەڵبژاردبوو. شیرازەی هەڵوێست و بۆچوونەکانی پێشەوا تەنیا لە رێبازی پەرەگرتووانەی دێمۆکراسی سەرانسەری لە ئێراندا دەیتوانی بەرهەم و سەمەری خۆی بدا". [25]

وەک دەبینین ئارگۆمێنتێکی دیکە بۆ نکۆڵی کردن لە دەوڵەتی کۆماری کوردستان بەوە پێناسە دەکرێ کە لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیدا لە لایەن دەلەتانی دیکەوە دانی پێدانەنراوە. بەڵام ئایا دەوڵەتێک تەنیا بە دان پێدانان دەبێتە دەوڵەت؟ یاخۆ هەر قەوارەیەک بە هەبوونی بنچینە سەرەکیەکانی وەک بوونی کۆمەڵە خەڵکێک بە ناوی نەتەوە و بوونی نیشتمانو نیشتەجێ بوون لەسەر خاکێکی دیاریکراو و بوونی دەسەڵات و سیستمێکی سیاسیی بەدەوڵەت دەژمێردرێ؟ دەبێ بگوترێ کە گرێدانی هەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە ناسینی دەوڵەتانی دیکەوە هیچ بنەمایەکی حقوقیی نییە. لە باری مەنتیقیەوە ئەوەی لە جیهانی وجوددا هەیە مەوجوودە و بۆ نکولیکردن لەو وجودە دەلیل پێویستە. ناسینی دەوڵەتێک لە لایەن دەوڵەتانی دیکەوە مەسەلەیەکی رواڵەتی یا شکڵیە. واتە وەکو تەشریفاتی ئیداری بۆ پێکهێنانی قەراردادێک وەبەرچاو دەگیرێ. باس کردن لە شکل و نێوەرۆکی ناسینی دەوڵەت و ئاشکرابوون یان نهێنی بوونی ناسینی دەوڵەت پێوەندیی بە ماهییەتی وجودی دەوڵەتی سەربەخۆوە نیە. ئەزموونی مێژووییش ئەو ئیددیعایە وەلا دەنێ. ژێنڕال دوگۆڵ پاش داگیرکردنی وڵاتەکەی لە لایەن ئاڵمانی نازیەوە بێ ئەوە بستێک لە خاکی وڵاتەکەی لەژێر پێدابێ یان حاکمییەتی هەبێ بەسەر تاقمێکی کەمەوە، دەوڵەتی ئازادی فەرەنسەی راگەیاند. نموونەی دووهەمیش کشانەوەی ئەندۆنێزی لە ئەندامەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە زەمانی سۆکارنۆ دابوو. ئایا کەسێک دەتوانێ بڵێ بە کشانەوەی سوکارنۆ لە رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەوڵەتی ئەندۆنێزی مەوجودییەتی نەما؟ ئەوە راست نییە. شێوەی ناسینی دەوڵەتێک ئاشکرا و نهێنیی، پراکتیکی و دوفاکتۆ پێوەندیی بە ماهییەتو مەوجودییەتی دەوڵەتەوە نییە. لەمەر مەوجودییەتی دەوڵەتی کۆماری کوردستان هەر بەو شێوەیە دەتوانین بیسەلمێنین کە ئەو بەڵگە هێنانەوەیە بنەمای مەنتیقی نییە.

بۆ ئەوە هەر ئیددیعایەکی ئەوتۆ رەت بکرێتەوە دەتوانرێ ئاماژە بە حوکمی مەحکومییەتی سەرکۆماری کوردستان بکەین کە بە تاوانی جیاکردنەوەی بەشێک لە خاکی ئێران و ئێعلانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دادگایی و مەحکوم بە مەرگ کرا. ئەو بەشەی لێکۆڵینەوەکەی

بەڕێز مەدەنی لەگەڵ دەقی ئیددیعانامەی دادستان و دەقی حوکمی ئێعدامەکەی پێشەوا دژایەتی هەیە.

لەراستی له کەیسی مێژوونووسیی حیزبی دا تێوەگلان لەو باسه پتر به مەبەستی شوێنەونکەیه تا هێنانه گۆڕی باسێکی جیددی. چونکه له مێژوونوسی حیزبی دا ئەسڵ لەسەر مەسلەحەتی سیاسی داندراوه تا لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی‌یانەی مێژوویی. له مێژوونووسیی حیزبی دا گرینگ ئەوەیه بەجۆرێک لەو مێژووه بدوێی لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دا گرفت خولقێن نەبێ. بۆیه رەنگه زۆرمان نەگوتبێ تەمەنی ئەو خوێندنەوەیه، پێوەندی‌یەکی راستەوخۆی هەیه به ئیستراتیژیی ئێستای حیزبەوه. تا ئەو کاتەی کێشەی کورد به سنوورەکانی ئێران و تەواویەتی ئەرزیی ئەو وڵاتەوه ببەسترێتەوه، گوتارو پەیامی مێژوونووسیی حیزبییش بەرامبەر به کۆمار بەدەس لێنەدراوی دەمێنێتەوه.

دوایین کەسایەتی‌یەکی نێو رێبەرانی حیزبی که لێرەدا زۆر به کورتی هێما بۆ جۆری روانینی دەکەین مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەیه. دیاره روانگەی مامۆستا حەسەنزادەش هەر له بازنەی هەمان تەفسیر و خوێندنەوه دایه. رەنگه لەپێوەندیی به نکولی کردن له کۆماری کوردستان، بەڵگه هێنانەوەی سکرتێری پێشتری حدکا واته مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزاده له هی نووسەرانی دیکه به هێزتر بێ. لەو رووه چاوپۆشیکردن لەو "بەڵگه مێژوویی‌یه" لەوانەیه به خەسارێکی مەزنی فکری دابندرێ که نەیارانی واقعییەتی سەربەخۆبوونی کۆماری کوردستانی پێ دەمکوت بکرێ. له بەڕێز مامۆستا حەسەنزاده پرسیار دەکرێ: "دەگوترێ ئاڵای کوردستان جیاوازی زۆر گەورەی لەگەڵ ئاڵای تاراندا نەبووه، پێتانوانیه ئەوه ئاماژەیەکی وابێت که خولیای جیابوونەوه کەمتر بووبێت؟ یاخود مێژووی دروست کردنی ئاڵای کوردستان کۆنتر بووه له مێژووی کۆماری کوردستان؟

مامۆستا: له بارەی ئاڵاکەوه تەنیا ئاڵای ئێران و کوردستان نییه که ئەو رەنگانەی تێدایه، ئاڵای وڵاتی دیکەش هەیه ئەو سێ رەنگەی تێدایه،

بۆ نموونە ئاڵای ئیتالیا، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دی لە زەمانی سمکۆی شکاکدا ئەو ئاڵایە هەڵکراوە.

پرسیار: ئەم ئاڵایەی ئێستا؟

مامۆستا: نەخێر، بەڵکوو ئەو سێ رەنگە هەبووە هەروەها ئەو رەنگانە لەگەڵ ئاڵای ئێراندا سەوزەکە لە سەرەوەیە و سوورەکە لە خوارەوەیە، لە ئاڵای کوردستاندا سوورەکە لە سەرەوەیە و سەوزەکە لە خوارەوەیە، تەنانەت لە دادگادا یەکێک لەو تۆمەتانە کە روبەڕووی پێشەوا قازی موحەممەد کراوەتەوە گوایە ئاڵای ئێرانی گۆڕیوە، محامیەکەشی دەڵێ: نەخێر نەیگۆڕیوە سێ رەنگەکە وەکو خۆیەتی، موددەعیلعموم دەڵێ: نا! جێگاکەی گۆڕیوە، پاشان محامییەکەی پێشەوا دەلێ: لە قانووندا جێگای رەنگەکان تەسریح نەکراوە کە ئەو رەنگە لە کوێدابێت، بەڵکو هەر ئەوەندە وتراوە ئاڵای ئێران سێ رەنگی سەوزو سپیو سوورە، لەبەر ئەوە قازی نکۆلی لەوە نەکردووە و لە چوارچێوەی ئێراندا داوای خودموختاری کردووە". [26]

بۆ ئەوە بەڵگەهێنانەوەکەی مامۆستا حەسەنزادە وەکو سەنەدێکی رەسمی پێناسەبکرێ هەوڵ دەدەم بەشێوەی خۆی بەڵگەکەی بۆ ئانالیز بکەم. مامۆستا لە ولامی ئەو پرسیارەدا کە: "دەگوترێ ئاڵای کوردستان جیاوازی زۆر گەورەی لەگەڵ ئاڵای تاراندا نەبووە، پێتانوانیە ئەوە ئاماژەیەکی وابێت کە خولیای جیابوونەوە کەمتر بووبێت؟ یاخود مێژووی دروست کردنی ئاڵای کوردستان کۆنتر بوە لە مێژووی کۆماری کوردستان ، دەڵێ: لە بارەی ئاڵاکەوە تەنیا ئاڵای ئێران و کوردستان نییە کە ئەو رەنگانەی تێدایە، ئاڵای وڵاتی دیکەش هەیە ئەو سێ رەنگەی تێدایە، بۆ نموونە ئاڵای ئیتالیا ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دی لە زەمانی سمکۆی شکاکدا ئەو ئاڵایە هەڵکراوە.

وادیارە هەبوونی سێ رەنگی کەسک و سپی و سوور لە نێو هەر ئاڵایەکی دیکە دا دەلیلێکی زۆر مەحکەمە پەسندە بۆ ئەوە کە کۆماری کوردستان بە ئەنجومەنی ویلایەتی بەریز مەدەنی و حکومەتە خودموختارەکەی مامۆستا حەسەنزادە پێناسە بکرێ. بەو پێیە دەبێ دەوڵەتی گەلی ئێتئۆپی و ئیتالیا حکومەتەکەی ئەمەر پاشای قەلەرەشە بن،

کە هەم ئەیالەتیی بوو هەم خودموختار. ئاڵای ئیتیۆپییش چەشنی ئاڵای کوردستانە. بەو دەلیلیەی مامۆستا حەسەنزادە دەبێ کۆماری ئێتیۆپی حکومەتە خودموختارەکەی مامۆستا بێ.

لایەنێکی بەهێزی دیکەی دەلیلەکەی مامۆستا ئەوەیە کە سمایلئاغاش ئەو ئاڵایەی هەڵکردووە. ئەگەر ئەو وتەیەی مامۆستا سەرچاوەیەکی باوەرپێکراوی هەبێ، ئەو بەڵگەیە ئیددیعاکەی مامۆستا و هەموو ئەو کەسانەی دیکە کە بەو جۆرە دەفکرن رەت دەکاتەوە. چونکە بەر لە کۆمار هیچ بزوتنەوەیەکی کوردی بۆ خودموختاری نەبووە. ئەگەر بووە کامیان؟ بۆ نموونە شێخ عوبەیدیللای نەهری، شێخ سەعید، ئێحسان نووری پاشا، شێخ مەحمود و سمکۆ. کەوابێ ئەگەر ئالای کۆمار ئاڵای سمکۆ بووبێ مەسەلەکە روونە و مامۆستاو هاوبیرانی بەو دەلێلە کۆماری کوردستانی سەربەخۆیان قبووڵ کردووە. واتە تەنیا بە یەک هێما کە ئەویش ئاڵاکەیەتی. لەحالێکدا دەیان بەڵگەی حاشاهەلنەگری دیکەش هەیە کە مامۆستا و لایەنگرانی ئەنجومەنی ویلایەتی ئاماژەیان پێنەکردووە.

سەرچاوەکانی فەسڵی شەشەم :

1. عەلی کەریمی. ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی ل .111
2. عەلی کەریمی. ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی ل .116
3. عەلی کەریمی. ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی ل .115
4. عەلی کەریمی. ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی ل .112
5. عەلی کەریمی. ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی لاپەڕەکانی 124و .125
6. عەلی کەریمی. ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی ل .125
7. عەلی کەریمی. ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی لاپەرەکانی 114و .115
8. عەلی کەریمی. ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی ل .125
9. ئەم فاکتە لە کتێبی کاک یاسین سەردەشتی وەرگیراوە. بە ناوی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کورد لە نووسینی د. یاسین سەردەشتی لاپەڕی 135 و کاک یاسین لە پەڕاوێزی کارەکەی دا کتێبەکەی تالەبانی بەشێوەی خوارەوە دەسنیشان کردووە: الطالباني، جلال، کردستان و الحرکة القومیة الکوردیە... بیروت 1971، ص .127
10. وتووێژی عەلی کەریمی لەگەل جەلال تالەبانی 18.2.1997 بڕوانە ژیانو بەسەرهاتی عەبدورەحمان زەبیحی لاپەرەکانی 226و 227 چاپی یەکەم . بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس گوتنبێرگ، سوید.
11. چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی دا. لە نووسینی دوکتور قاسملوو. لاپەڕی .16
12. دوکتور قاسملو. چل ساڵ خەبات . لاپەڕی .20
13. چل ساڵ خەبات. دوکتور قاسملو ل.98
14. "نیشتمان" ژمارە .1
15. د. عبدالرحمن قاسملو. چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی 1364هەتاویو 1985ی زایینی لاپەڕی .8
16. 50 ساڵ خەبات... ج. گادانی ل 21 بەرگی یەکەم.
17. 50ساڵ خەبات. بەرگی یەکەم لە نووسینی کاک جەلیل گادانی ل.21
18. 50 ساڵ خەبات لە نووسینی کاک جەلیل گادانی.
19. 50 ساڵ خەبات. کورتە مێژوویەکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەرگی یەکەم کاک جەلیل گادانی ل .21

20. 50ساڵ خەبات... کاک جەلیل گادانی ل23.
21. 50ساڵ خەبات... کاک جەلیل گادانی ل24.
22. 50ساڵ خەبات... کاک جەلیل گادانی ل23و 24.
23. حوسین مەدەنی بەرگی دووهەم. کوردستان و ستراریژی دەوڵەتان. خاکەلیوەی 1380ی هەتاوی ل 437.
24. حوسێن مەدەنی. کوردستانو ستراتیژیی دەوڵەتان. بەرگی دووهەم. خاکەلێوەی 1380ی هەتاوی.
25. حوسین مەدەنی. کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان بەرگی دووهەم. لاپەرەکانی 328. 327.
26. گفتوگۆی مامۆستا حەسەنزادە لەگەڵ "بڵاوکراوەی کۆمەڵ ژمارە 257 .27،1،2007.

**تێبینیی نووسەر:** لەو بەشەی کە ئاماژە بە تێبینی مام جەلال لەسەر شکانی کۆمار و هەڵوێستی سەبارەت بە پێشەوا قازی موحەمەد دەکرێ،من لە فەسڵی چواردەدا  بە وردی و بە بەڵگەوە باسم کردووە، بۆیە لەم فەسڵەدا لەبەر دووپات نەبووەوە خۆم لێ پاراستووە.

## بنەمای فکریی مێژوونووسیی حیزبی

نووسینەوەی مێژووی کۆمار لە دوای کۆماری کورستان و لە روانگەی نووسەرانی حیزبی دێموکراتەوە تایبەتی و گونجاو لەگەڵ سیاسەتی دارێژراوی حیزبە. هەوڵی مێژوونووسیی حیزبی بۆ پێناسە و قسە کردن لەسەر ژێکاف و کۆمار سەلماندنی هەڵوێست و روانگەکانی ئەو حیزبەیە کە لە دوای کۆمار خۆی لە دروشمی دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دا دەبینێتەوە. لە مێژوونووسیی حیزبی دا بۆ پێناسەی کۆمار ئەسڵ لەسەر ئەوە داندراوە کە لەگەڵ ستراتیژیی ئەو حیزبە لە دوای کۆمار دژایەتیی نەبێ. ئەو ستراتێژییەش نەبەزاندنی "تەواویەتیی ئەرزی"ی ئێرانە. لەو رووەوە مێژوونووسی حیزبی پێش ئەوەی لە هەوڵی ئەوە دابووبێ، لە هەقیقەتی مێژوویی کۆمار بدوێ، پتر لە غەمی سەلماندنی رێبازی ئێستای حیزبی دێمۆکرات دابووە. بە واتایەکی تر مێژوونووسی حیزبی، پێش هەر شتێک لە بری لێکۆڵینەوەیەکی ئۆبژەکتیوانە بۆ ئەو مێژووە لە هەوڵی ئەوە دابووە رەوایی و هەقانیەتێکی سیاسی بەو رێبازە بدا کە لە دوای کۆماری کوردستان لەنێو بازنەی رووناکبیر و چالاکی سیاسیی کورد دا دەستی بەرسەرهەڵدان و لەدایک بوون کردوە و پاشان لە پرۆژەیەکدا بۆ ناوەندی فیکر و روانینی حیزبی دیموکرات گویزراوەتەوە. بۆیە رەنگە تیوەگلان لەو باسە، قووڵبوونەوەیەکیش بێ بۆ جۆری فیکرو روانینی ئەو نەسلە کە لە دوای کۆماری کوردستان حەرەکەتی بزووتنەوەی کوردی دەگرێتەدەس خۆی.

رووخانی کۆمار زەبرێکی گورچووبڕ بوو بۆ نەتەوەخوازیی کورد نە تەنیا لە رۆژهەلاتی کوردستان، بەڵکوو بۆ سەرجەم نەتەوەی کورد. ئەو نەتەوەخوازی‌یە کە تازە دەهات بناغەکانی ماڵێکی سیاسی و حقووقی بۆ کورد دابرێژێ، زۆر زوو کەوتە بەر پەلاماری داگیرکەرانی نەتەوەخوازیی فارس و رووبەرووی هەرەس و ناکامی بۆوە. بۆ نەتەوەخوازیی کوردی نەمانی کۆمار تەنیا بە مانای لەبارچوونی ستروکتور و دەسەلاتێکی کوردی نەبوو، بەڵکوو لەروی ئامانج و جۆری دروشمەکانیشەوە تووشی پاشەکشەیەکی گەورە هات و ئیتر لێرەوە

مەسەلەی کورد بوو بە پرۆژەیەکی ناوچەیی و ئەوەندە بچووک کرایەوە کە لە کۆمەڵە مافگەلێکی کولتووری و ئیداری لەناو سنووری دەوڵەتی داگیرکەری ئێران بوو بە دروشمی ستراتیژیک بۆ کورد.

بەشێکی زۆر لە تێکۆشەرانی کورد کەوتنە ژێر کارتێکردنی ئەو بیر و ئایدۆلۆژی‌یەوە کە بە رای من دەربڕی بەرژەوەندیی نەتەوەی باندەست بوو لە ئێران. لە رووی ئیدئۆلۆژی و رێکخراوەیی‌یەوە، وەشوێن ئەو وەهمە کەوت کە لە دوای رزگارکردنی ئێران لە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانە، کوردیش رزگار دەبێ.

لە دەسپێکی ئەم قۆناغەوە جۆری تێڕوانین و بیرکردنەوەی چالاک و نوخبەی کورد بەرانبەر بە دۆزی نەتەوەی کورد دەگۆڕدرێ. ئەگەر بڵاوکراوەکانی "نیشتمان"ی "ژێکاف"و "کوردستان"ی حیزبی دێمۆکرات بەهۆی پشتیوانی‌یەکی سیاسەتێک کە سۆڤیەتی لە کوردی دەکرد، سۆز و خۆشەویستیی تێدا دەبینرا بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبر و رێبەرانی سۆڤیەتی، لە دوای کۆمار ئەو روانگەیە بە تەواوی دەگۆڕدرێ. بە خشکەیی سۆز و خۆشەویستی جێگای خۆی چۆل دەکا بۆ قەبولی مارکسیسم- لنینیسم وەک سیستەمێکی فیکریو ئیدئۆلۆژیک بۆ تێڕوانین لە ژیان لە سیاسەت و چالاکیی رێکخراوەیی لە کۆمەڵی کوردەواری. لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئەو کاتەی ئێرانیشدا تەنیا رێکخراوێکی سیاسی کە نوێنەرایەتیی ئەو فەلسەفە فیکری و سیاسی‌یەی دەکرد، حیزبی توودەی ئێران بوو. هەر بۆیە یەکێک لە ئاکامەکانی ئەو وەرچەخانە فیکری‌یە کە لە دوای کۆمار لەنێو توێژی چالاکی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هاتە ئاراوە، هەوڵی خۆنزیک کردنەوە لە حیزبی توودە بوو. بەڵام ئەو خۆنزیک کردنەوەیەش هەروا کارێکی هاسان نەبوو. بوون بە بەشێک لە حیزبی توودە و خۆ جێکردنەوە لە ریزەکانی ئەو حیزبە، قەبوولی هێندێک مەرجی پێویست بوو. یەکێک لە مەرجە سەرەکیەکانیش ئەوە بوو، کێشە و دۆزی نەتەوەی کورد لە جێگای ئەوەی وەک گرفتی گەل و نەتەوەیەکی بێدەوڵەت و نیشتمانێکی داگیرکراو سەیر بکرێ، رومای دروشمەکەی بۆ دێمۆکراتیزە کردنی دەزگای دەوڵەت لە ئێران دابەزێندرا. ئیتر لێرەوە مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵات دابڕاو لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، بوو بە بەشێک لە

بزاڤی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کەوتە هەوڵی خۆ رێکخستن لە گەڵ کولتوری نەتەوەی باڵادەست و دروست کردنی ئەفسانە و خەونی برای گەورە بۆ کورد.

لە باری فیکریی‌یەوە، ئەو قۆناغە بۆ ئینسانی کوردی دەتوانین بە قۆناغی نامۆبوون پێناسە بکەین. نامۆبوونی چالاک و رووناکبیری کورد بەرانبەر بە کێشە و گرفتی سەرەکیی کۆمەڵگاکەی و روانینی ئەو لە دەلاقەی مودێلی حیزبێکی ناوەندگەرای سەرانسەریی وەک حیزبی توودە کە تەنیا مەبەستی ئەوە بوو لە دۆزی کورد کەڵکی ئامرازی وەربگرێ. ئەم گەراو رەوتە لە پرۆسەی دواتری خۆی دا لە بزووتنەوەی کوردی تەنگ و چەڵەمە و قەیرانی گەورەی فیکری لێکەوتەوەو خەساری گەورەی بە ماڵی لێکترازاوی کورد گەیاند.

تایبەتمەندیی هەرە زەقی چاخی نامۆبوون قەیرانی ناسنامەی فیکریی‌یە. لێرەدا چاخی نامۆبوون بە مەودایەکی زەمانی دەگوترێ لە نێوان ماڵئاوایی کردن لە بیری ژێکاف و پێشەواوە، بۆخۆ دیتنەوە لە فەلسەفە و بیری حیزبی توودەی ئێران. لەو رووەوە قۆناغی دوای کۆمار ناکرێ تەنیا بە قۆناغی پاشەکشەی بیری نەتەوەخوازیی کوردی لەقەڵەم بدرێ. ئەمە هەر بە تەنیا پاشەکشە نەبوو، بەڵکوو نامۆبوون و دوورکەوتنەوەی ئیلیتی کوردی لەو سامانە فیکریی‌یە دەوڵەمەندەی کە پێشەواو ژێکاف و کۆمار بەدرێژایی چەند ساڵ بەرهەمیان هێنابوو دەژمێردرێ. سەرەتای دەسپێکی ئەو نامۆیی‌یە بەشێوەیەکی راستەقینە ئەو کاتە دێتە پێشێ کە دوای کۆمار، دەس بە بزووتنەوەی سیاسی و کاری رێکخراوەیی دەکرێتەوە. دوکتور قاسملوو لەو رووەوە دەنووسێ:

"لە زیندووکردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی دێمۆکرات دا بەڕێوەبەرانی پێشووی حیزبی دێمۆکرات هیچیان بەشدار نەبوون. بەشی هەرە بەنرخ و هەرە تێکۆشەریان یا ئێعدام کرابوون یا لە زیندانەکان دابوون. بەشێکی دیکە بیروباوەڕی خۆیان پاراستبوو بەڵام نەیانتوانی خۆرابگرن و چوون بۆ دەرەوەی وڵات... بەم جۆرە لە بەڕێوەبەران کەسێکی بەناوبانگ نەما کە بتوانێ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوەو سەرلەنوێ رێکخراوەکان ببووژێنێتەوە."

هەروەها دەڵێ: "ئەو تەشکیلاتەی کە زیندوو کرایەوە لە راستیدا بە یارمەتیی حیزبی توودە بوو. حیزبی تودە هەرچەند یارمەتی دابوو حیزبی دێمۆکرات زیندوو بێتەوە، بەڵام بە کردەوە هەر ناوەکەی حیزبی دێمۆکرات بوو، تەواوی خەتی سیاسی، رێبەرەکەی و هەتا دەستووری تەشکیلاتی هەموو لە تارانەوە لەلایەن حیزبی توودە را بۆی دەهات".[1]

"بەڕێوەبەریی حیزبی توودە ئەو کاتە لەو بڕوایە دا بوو کە هەم لە باری تەشکیلاتی و هەم لە باری سیاسیی‌یەوە رێکخراوەکانی حیزبی دێمۆکرات لە کوردستان دەبێ بە گشتی پەیرەوی بەریوەبەریی حیزبی توودە بن. لە راستی‌دا بەشێک بن لە حزبی توودە، بەڵام ناوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بپارێزن". [2]

"ئەو کاتە رێکخراوەکانی حیزبی دێمۆکرات لە کوردستان پێوەندی تەشکیلاتی‌یان لەگەڵ حیزبی توودە هەبوو. پێوەندیی تەشکیلاتی ئەو مانایەشی هەبوو کە ئەگەر ئەندامێک لە مەهابادەوە چووبا بۆ تاران لەوێ بە ئەندامی حیزبی توودە قبوڵ دەکرا و ئەگەر لە تارانیش را ئەندامێکی حیزبی توودە هاتبا بۆ مەهاباد تەنانەت کوردیش نەبا، دەبوو بە ئەندامی حیزبی دێمۆکرات". [3]

"ئەو کاتە حیزبی دێمۆکرات وەک رێکخراوێکی حیزبی توودە تێدەکۆشا و سەربەخۆیی بڕیاردانی نەبوو و چاوی لە رێنوێنی‌یەکانی بەڕێوەبەریی حیزبی تودە لە تاران بڕیبوو! بۆیە مێژووی حیزبی دێمۆکرات لەو ساڵانەدا لەگەڵ مێژووی حیزبی تودە گرێ دراوە". [4]

رۆژنامەی "کوردستان" سەرچاوەیەکی باشە بۆ تێگەیشتن لە ئاست و قووڵایی کارتێکەریی بیر و رێبازی حیزبی توودە لە ناو حیزبی دێمۆکراتدا.

"لە بانەمەڕی 1333 واتە (25ی ئاپریلی 1954) دوای هەشت ساڵ پاش رووخانی کۆماری کوردستان رۆژنامەی "کوردستان" بڵاو دەکرێتەوە. خولی دووهەمی رۆژنامەی "کوردستان" بە یارمەتیی حیزبی توودە و لە چاپخانەی نهێنیی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان لە تەوریز توانی پێنج ژمارەی کوردستان بڵاو بکاتەوە. بەڵام ژمارە پێنجی پێش ئەوەی بگاتە دەستی خوێنەران لەلایەن ساواکەوە دەستی بەسەر دادەگیرێ.

دوکتور قاسملوو و برایانی یوسفی (عەزیزو قادر) و غەنیی بلووریان نووسەران و بەڕێوەبەرانی رۆژنامەکە دەبن. "کوردستان" بە ناوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام بەتەواوی لەژێر رێنوێنی و خەتی سیاسیی حیزبی توودە دا دەبێ. لە ژمارەی یەکەمی دا لە سەر خەتی لای راستی نووسراوە: "لە رێگای ئاشتی و بەرامبەر بە ئەمپریالیزم خەباتی خۆمان پەرە پێدەدەین" لە لای چەپیشی دا هاتوە: "بۆ وەدەست هێنانی دیموکراتی و حاکمیەتی نەتەوایەتی بەرەوپێش". لە سەروتاری ژمارە یەکی خولی دووهەمی رۆژنامەی "کوردستان"دا هاتووە: کوردستان هەروەکوو جاران بۆ دۆستایەتی و برایەتی حیزبی قارەمانی تودەی ئێران و فیرقەی خەباتکەری دیموکراتی ئازەربایجان تێدەکۆشی وە بۆ رزگاری نەتەوەکانی ئێران لەژێردەستی ئەمپریالیزم هەوڵ دەدا. کوردستان بە هەموو توانایەکەوە لە پیناوی ئاشتی و دێمۆکراتی ئامانجی بەرزی نەتەوەکانی گیتی خەبات ئەکاو بۆ پاراستنی ئاشتی لە ناو میللەتان وە بۆ وەی کە نیشتمانی ئێمە نەبێتە مۆڵگای شەری زیدی یەکێتی شورەوی بێوەچان تێدەکۆشێ. کوردستان دۆست و دوژمنی میللەتی کورد دەناسێ وە هەروەها کە لە یەکێتی شورەوی و هۆردووی ئاشتی و دێمۆکراتی بۆ وێنە دوستیکی خەڵکی کوردستان دیفاع ئەکات بەرامبەر بە شەرهەلاییسینەرەکان،ئەمپریالیزمی خۆینمژ وەکوو دوژمنانی نەتەوەی کورد بەربەرەکانی ئەکات... هەر لەم ژمارەیەدا بەڵام لە وتارێکی دیکە دا بەبۆنەی رۆژی جیهانیی کرێکاران نووسراوە: ... نەتەوەی زۆرلێکراوی ئێمە ئەو جێژنە لە هەموو رەنجبەرانی دنیا بەتایبەتی لە خەڵکی گەورەو دۆستی نەتەوەی کورد و رێنوێنی بەشەریەتی پێشرەو یەکەتی شورەوی پیرۆزبایی دەکات. گەلانی رەنجبەری کوردستانیش ئەورۆژە بە رۆژی یەکەتی و خەبات لە رێگای ئاشتی و دیموکراتی و حاکمیەتی نەتەوایەتی دا جێژن دەگرن وە دلنیان کە بەربەرەکانی نەتەوەکانی گیتی لەژێر رێنوێنی یەکەتی شورەوی سەرئەکەوێ... سڵاو لە یەکەتی شورەوی قەڵای نەرووخی ئاشتی و دیموکراتی و پەناگای نەتەوەکانی بێبەشی گیتی... سڵاو لە حیزبی

توودەی ئێران، فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان ئەحزابی براو دۆستی ئێمە...". [5]

هەروەک لە ناوەرۆکی وتارەکانەوە دەردەکەوێ، نێوئاخنی رۆژنامەکە کارکردن بە فیکر و سیاسەتەکانی حیزبی تودەیە. فیکرو ریبازی رۆژنامەی سەردەمی کۆمار لە کوێ و بابەتەکانی ئەو چەند ژمارەیەی رۆژنامەی "کوردستان" لەکوێ!! لە راستیدا نێوەرۆکی بابەتەکان وەرگێڕدراوێکن لە بڵاوکراوەکانی حیزبی تودە. تەنیا زەحمەتێکی کە دەستەی نووسەران لەو نێوەدا بەخۆیان داوە ڕێباز و فیکری حیزبی توودەیان لە فارسی‌یەوە بە زمانی کوردی دەربڕیوە. بۆیە بە راستی لێرەدا زەحمەتە لە ریگای چەند وشەو رستەوە مرۆڤ بتوانێ نامۆیی فیکریی تێکۆشەرانی کورد لەو قۆناغەدا نیشان بدا. ئەمە هەروا جێگۆڕکەیەکی ئاسایی بۆ هەڵبژاردنی رێکخراوێکی سیاسی نەبوو. لە حیزبی بریاردەری کۆمارەوە کە ئاڵای نەتەوەخوازی داگیرکەرانەی فارس دێنێتە خوارێ و ئاڵای نەتەوەیی خۆی بەرز دەکاتەوە، بۆ هەڵبژاردنی فیکرو رێبازی حیزبی تودە کە تەنیا لە فیکری ئەوە دابوو کەڵکی ئامرازی لە دۆزی کورد وەربگرێ، پێناسە کردنی کارێکی ئاسان نیە.

## لە کۆنفڕانسی سێهەمەوە تا رووخانی رژیمی پاشایەتی

پرش‌و بڵاویی رێکخراوی و قەیران و نامۆیی فکری دوو تایبەتمەندیی هەرە گرنگن بۆ ناسینەوەی ئەو ساڵانەی ژیانی سیاسیی حیزبی دێمۆکرات. لە سەرماوەزی ساڵی 1343ی هەتاوی بەرامبەر بە نوامبری 1964ی زایینی هەلێک دەرەخسێ بۆ کۆتایی هاتن بەو بارودۆخە. مەبەست لەو هەلە پێک هێنانی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێمۆکراتە لە باشووری کوردستان، بەڵام ئەو کۆنگرەیەش ناتوانێ ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنێ. واتە نەیتوانی ریزەکانی حیزب کە لە حاڵی لێکدابڕان‌و پرش و بڵاوی دابوون لێک نزیک بکاتەوە و نەشیتوانی کۆتایی بە قەیرانی فیکری‌و سیاسیی ناو حیزبیش بێنێ.

"لە جۆزەردانی ساڵی 1350ی هەتاوی بە بەستنی کۆنفرانسی سێهەم بەجۆرێک کۆتایی بە دووبەرەکی و لێکترازانی ڕێکخراوەیی لە ریزەکانی ئەو حیزبەدا دێ". [6]

هاوکات لەگەڵ ئەوەش خەت و ڕێبازێکی سیاسیی دیاریکراو بۆ تێکۆشانی ئەو حیزبە دادەڕێژێ. نێوەرۆکی ئەو خەتە بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕەنگدانەوەی هەمان بیر و ڕوانینە کە لە حیزبی تودەی ئێرانەوە بۆ دۆزی کورد بەمیرات گەیشتبوو. لەو ڕووەوە ئەگەرچی لە باری ریکخراوەییەوە جارێکی تر حیزبی دێمۆکرات دەبووژێتەوە و بەم کارەیان هەنگاوێکی گەروە دەنێن، بەڵام لە باری فیکرییەوە لە هەمان ئەو بازنە فیکرییە دا دەمێننەوە کە لە دەزگاو سیستەمی فیکریی حیزبی تودە پێیان بەمیرات گەیشتبوو.

ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئەو سەردەمە بەو جۆرەی خوارەوە پێناسەی فیکری و سیاسیی حیزبی دیمۆکرات دەکات:

"حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەو بڕوایەدا کە بۆ رزگاریی ئێران لە ژێر نفووزی ئیمپریالیزم و بۆ دابینکردنی دێمۆکراتی بۆ ئێران و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، دەبێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی شا بروخی و لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتی دا حکومەتی خودموختاری کوردستان دابمەزرێ". [7]

"حیزبی دێمۆکراتی کوردستان حیزبی پێشرەوی گەلی کوردە لە کوردستانی ئێران و دەگەڵ هیزە پیشکەوتووەکانی ئێران دژی ئیمپریالیزم و ڕێژیمی کۆنەپەرستی پاشایەتی و بۆ رزگاری سەراسەری ئێران و دەست هێنانی مافی دانانی چارەنوسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران خەبات دەکا. دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێک هێنانی خودموختاری بۆ کوردستانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتی دا". [8]

لە درێژەی ئەو خەتە، بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەنا دەبردرێتە بەر فۆرمۆلی مافی دیاری کردنی چارەنووس بە ئیلهام وەرگرتن لە تەفسیر و شیکردنەوەی لنین لەم مافەو دەنووسرێ:

"له ئێرانیش وەک روسیای تەزاری دروشمی لینینی مافی دیاری کردنی چارەنووسی هەر نەتەوەیەک بە دەستی خۆی و دابین کردنی ئەو مافە و یەکێتی داخوازانەی نەتەوەکان، دەبێ ببێتە بناخەی چارەسەرکرانی مەسەلەی نەتەوایەتی. گەلی کورد له کوردستانی ئێران دۆستایەتی لەگەڵ گەلانی یەکێتی سووێتی زۆر بەلاوە بەنرخە و بیرەوەری لەبیر نەچووەوەی لەو دۆستایەتیە هەیە."[9]

روانگەی لنینی بەخێرایی لە وتاری سیاسیی حیزبدا خۆی دەردەخا. یەکێک لە ئاکامەکانی ئەو روانینە کەڵک وەرگرتن لە دەستەواژەی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کوردە بە وێنەی گەرایەکی فیکری کە دەبێتە کۆسپی سەر رێگای یەکگرتنی کورد و جووڵانەوەی نیشتمانی لە ئێراندا.

"حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ پێک هێنانی ئەو یەکێتییە، هەم دژی شۆوینیزمی ئێرانی کە حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد دەکا و هیچ مافێکی بۆ قایل نیە و هەم دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد کە رێژیمی شاو گەلانی ئێران لێک جیا ناکاتەوە خەبات دەکا. هەم شووینیزمی ئێرانی و هەم ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد هەردوکیان دوژمنی یەکگرتنی جووڵانەوەی نیشتمانی گەلانی ئێرانن". [10]

هەڵبەت لێرەدا ورياییيەکی تایبەتی نواندراوە. کاتێک لێرەدا ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد بە گەرایەک دادەنێ کە رێژیمی شاو گەلانی ئێران جیا ناکاتەوە، مەبەستی ئەوە نیە کە لە ناو بزووتنەوەی کوردی دا لایەن و تەیارێکی فیکری هەبووبێ کە دژایەتیی لەگەڵ فارس وەک نەتەوەیەک کردبێ. چونکە هەموو مێژووی بزووتنەوەی کورد بیشکنی نەتەوەخوازیی کورد لە گیانی نەفرەت پەژێنی و شەرئەنگێزیی نەتەوەیی بەدوور بووە. هەروەک لە میانەی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا چەند جار تا ئێستا باسی لێوەکراوە ئەوپەڕی سنووری نەتەوەخوازیی کورد لە وێستگەیەک گیرساوەتەوە کە ویستوویەتی ماڵێک بۆ کولتوورێک بونیات بێ کە خاوەنی زمان و نیشتمان و تایبەتمەندیی نەتەوەیەکی لەمێژینەی ناوچەکەیە. کە وایە لێرەدا باس لە بوونی ناسیۆنالیزمێکی فرەخواز کە چاوی تەماعی لە ماف و ئازادیيەکانی نەتەوەیەکی تر بڕیبێ نیە. چونکە تەیارێکی فیکری لەم جۆرەو بزووتنەوەیەکی بەکردەوەی لەم چەشنە بە

درێژایی هەموو تەمەنی بزاڤی نەتەوەیی کورد بوونی نەبووە. هەر بۆیە کاتێک لە رۆژنامەی "کوردستان"یش دا دەگوترێ:

"حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد کە رێژیمی شاو گەلانی ئێران لێک جیا ناکاتەوە" مەبەستی ئەوە نیە گەرایەکی لەم چەشنە لەناو بزووتنەوەی کورددا هەیە کە نکۆڵی لە بوونی فارس دەکا یا خۆ روانینێکی دوژمنکارانە و شەرئەنگیزانەی بەرانبەر بەو نەتەوە هەیە. نەخێر، هیچ کام لەو بوارگەلە مەبەستی رۆژنامەی "کوردستان" نیە. بەڵکوو مەبەستی رۆژنامەی "کورردستان" لە ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد ئەو گەرا فیکریەیە کە "دوژمنی یەکگرتنی جوڵانەوەی نیشتمانی گەلانی ئێرانە". با ئەوەش بڵێین کە ناسیۆنالیزمی نەتەوەی بندەست هەر گیز هەڵگری ئەو بارە قورسە نییە کە بۆی دادەنێن. چونکە نەفرەت و بێزاریی نەتەوەیەک دژ بە نەتەوەیەکی دیکە بۆ مەبەستێکی تایبەتییە کە بریتییە لە: سەقامگرتوویی دەسەلاتەکەی بەسەر نەتەوەی بندەستدا. هەر بۆیەش کاتێ دەنووسرێ":

"دوژمنی یەکگرتنی جووڵانەوەی نیشتمانی گەلانی ئێرانیش" ماناکەی ئەوەیە، گوتاری نەتەوەخوازیی کورد قەت نەوێرێ باس لە بەدەوڵەت بوونی نەتەوەکەی بکات. ئەگەر لە دنیای دەرەوەی ئەو خوێندنەوەیە، ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ هاوتەرییە لەگەڵ نکولی کردن لە ناسنامە و مافخوازیی نەتەوەیەکی تر، لە کەیسی خوێندنەوەی رۆژنامەی "کوردستان" بۆ چەمکی "ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ" ماناو جەوهەری دەستەواژەکە بەتەواوی بەرئاوەژوو دەکرێتەوە. بەگوێرەی ئەو تێگەیشتنە سنووری نێوان ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ و ناسیۆنالیزمیکی دیمۆکراتی ئەوەیە: نەتەوەی زۆرلێکراو خۆ لە قەرەی باسی سەروەریی نەتەوەیی خۆی نەدا. کورد داوای ئەو مافە نەکات کە فارس و عەرەب و تورک هەیانە، واتە بوونی دەزگای دەوڵەت. لە جێگای ئەمانە داوای ئۆتۆنۆمی بکات و دیمۆکراسی بۆ نەتەوەی فارس بخوازێ کە بە درێژایی مێژووی هەوڵی ئەسمیلە کردنی کوردی داوە. بەم کارەش دوو دەسکەوتی بەدەس هێناوە!! واتە هەم ریزی خۆی لە "ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ" جیا کردۆتەوەو هەمیش کۆمەڵە ئیمتیازاتێکی کولتووریو ئیداریی بۆ کورد

داوا کردوە. بەم جۆرە خۆ لە داوای ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ رزگار کردوە!!!

هەر بۆیە زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین: کارتیکەریەکانی فیکری حیزبی تودە شتێک نەبوو دوابەدوای دەسپێکی تێکۆشانی سەربەخۆیی تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکرات بنەبڕ بێ. بە درێژایی چەندین ساڵ زاڵ بوون و وەرگرتنی فیکرو روانگەکانی حیزبی تودە مەسەلەیەک نەبوو وا بە هاسانی پاکانە حیسابی لەگەڵ بکرێ. بەپێچەوانە ئاڵوگۆڕێک کە لەو کاتەدا دێتە گۆڕێ بیرو رێبازی سیاسیی حیزبی تودە لەناو حیزبی دێمۆکراتدا پتر خۆماڵی دەکرێ و دەچێتە چوارچێوەیەکی بەتەواوی بیر لێکراوەی دارێژراوەوە.

هەروەک لە جۆری ئەدەبیاتی سیاسی و شیوەی فورمولە کردنی ئەو ئامانجە سیاسی‌یانە دەبینرێ، ژێرخانی فیکرەکە هەر ئەوەیە کە لەلایەن حیزبی توودەوە بەرهەم هێنرا بوو. "خەباتی بە دژی ئیمپریالیزم بەرەی یەکگرتوو دژی ئیمپریالیستی گەلانی ئێران، هەوڵ دان بۆ دێمۆکراتیزە کردنی دەزگای دەوڵەت لە ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردان" درێژەی هەمان بەرنامە و خەت و رێبازی حیزبی تودە بوو. تەنیا جیاوازی‌یەک کە لەو نێوەدا لەگەڵ رابردووی هەبوو ئەوە بوو ئەم رێبازە بە ناوی حیزبی دێمۆکراتەوە بڵاو کرایەوە. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین دابڕانەکە پتر تەشکیلاتی بوو تا فیکری و سیاسی. هەر بۆیەش نەلە کۆنفرانسی سێهەم و نە دواتر لە کۆنگرەی سێهەم باسێک لە "نقد"ی سیاسی و فیکری پاشکۆیەتیی حیزبی تودە وەک حیزبێکی سەرانسەری کە تەنیا لە دەلاقەی تارانەوە لە دنیای مەسەلەی کوردی دەڕوانی، نایەتە گۆڕێ.

جەخت کردن لەسەر هاوچارەنووسیی کورد و گەلانی تری ئێران، بەنێوخۆیی کردنی گرفت و مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بە کەڵک وەرگرتن لە تێزی ئۆتۆنۆمی، حەول دان بۆ پێک هێنانی بەرەی دژی ئیمپریالیستی لە رێکخراوەکانی ئێرانی، لەقەڵەم دانی یەکیەتی سۆڤیێتی وەک دۆستی ستراتژیکی گەلی کورد کە گۆیا درەنگ یا زوو بەهۆی جۆری ئیدەئۆلۆژی‌یەکەیەوە بە هانای کوردەوە دێ و رزگاری دەکات... هەموو میراتێکی فیکری بوون کە بە هۆی حیزبی تودەی

ئێرانەوە وەرگیرابوون. واتە پچراندنی پێوەندیی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی تودە نە بەو هۆیەوە بوو کە لە بیری ئەو حیزبەدا دۆزی کورد جیگایەکی نەبووە، بەڵکوو بەتەواوی لەبەر ئەوە بوو رێکخراوەکانی حیزبی تودە لەلایەن دەزگای ئەمنییەتی ئێرانەوە، شناسایی کراون و پێوەندی لەگەڵ حیزبی تودە بە مانای کەوتنە داوی ئەوانیش دەبوو. هەڵبەت لەو نێوەدا رەنگە لێرەولەوێ رەخنەیەکش لە سیاسەتی حیزبی تودە بەرانبەر بە دوکتور موسەدیق هاتبێتە گۆڕێ، بەڵام ئەوەش دیسان پێوەندییەکی بە مەسەلەی کوردەوە نەبووە.

هەر بۆیە لەو قۆناغەش دا پێوەندییە فیکرییەکانی نێوان حیزبی تودە و حیزبی دێمۆکرات هەروا بە دەسلێنەدراوی دەمێنێتەوە، بەڵام سەرباقی هەموو ئەو نزیکییە فیکرییانەش حیزبی دێمۆکرات نەیتوانیوە هەمیشە حیزبی تودەی ئێران رازی رابگرێ. بۆ وێنە لە بەفرانباری ساڵی 1354ی هەتاوی رێبەرایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێمۆکرات خۆ لە بەرانبەر هەڵوێستێکی چاوەڕوان نەکراوی حیزبی تودەدا دەبیننەوە. "رادیۆ پەیکی ئێران"و "رۆژنامەی مردم" لە هێرشێکی تەبلیغاتیی بەریندا، داوا لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات دەکەن، واز لە حیزبی دێمۆکرات بێنن و لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران پێوەندی بگرن. لەم بارەیەوە لە رۆژنامەی "مردم" دا هاتووە:

"... حزب واحد طبقه کارگر در سراسر ایران کمک به احیا سازمانهای حزب دمکرات کردستان را یکی از مهمترین وظایف خود میداند و بدین منظور از همه مبارزان انقلابی کرد در ایران دعوت میکند که با مراعات کامل اصول پنهانکاری و رهنمودهای سازمانی گروههای جداگانه حزب دمکرات را بوجود آورند و با مرکز حزب توده ایران رابطه برقرار کنند". [11]

لە بەشێکی دیکەی پەیامی کومێتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێراندا هاتووە: "لادانی رابەرایەتی کۆنەپەرستی کوردستانی عێراق بەداخەوە خۆی خزاندە نێو جووڵانەوەی کوردی ئێرانیش. هێندیک لە دەستە راستییەکانی نێو جووڵانەوەی کوردستانی ئێران رێگای سوننەتی هاوپێوەندی و لێک گرێدانی سیاسی و رێکخراوەیی تێکۆشەرانی

شۆڕشگێریان بەجێ هێشت و کەوتنە سەر کوێرەڕێی پەرش و بڵاوی. ئەوانە ویستیان بە گرێدانی جووڵانەوەی پێشکەوتووی کوردستانی ئێران لە ڕەوتی لادەرانەی سەپێندراو بەسەر جووڵانەوەی کوردی عێراق دا کەڵێن بخەنە نێو جووڵانەوەی شۆڕشێگێڕیی گەلانی ئێران. ئەوان سەرەڕای ڕاسپاردەکانی حیزبی ئێمە پشتیان لە یەکێتی سیاسی و ڕێکخراوەیی پێش قەرەوڵی جووڵانەوەی دێمۆکراتی و دژی ئیمپریالیستیی ئێران کرد کە بە چەشنی یەکێتی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران داڕژرابوو". [12]

ئەم هێرشە تەبلیغاتیيەی حیزبی تودە، دژکردەوەی ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی بەدوادادێ. جۆری وڵامدانەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) بۆ شۆڕ بوونەوە لە دنیای بنچینەکانی فیکریی ئەو حیزبە لەو کاتەدا زۆر جێگای سەرنجە، "کوردستان" دەپرسێ:

"ئەو بەشەی پەیامەکە لە چەند بارەوە جێگای پرسیارە. یەکەم دەکرێ پرسیار بکەین کە "لادانی ڕابەرانی کۆنەپەرستی کوردستانی عێراق" لە کەیەوە دەستی پێکرد؟ ... ئەگەر مەبەستی نووسەرانی پەیامەکە ساڵەکانی پێش 1974بێ، ئەو دەم هەقمان هەیە بپرسین بۆچی لەو ماوەیەدا "حیزبی دایک" جاریکیش بۆ نموونە لە چاپەمنیەکانی خۆیدا باسی ئەوەی نەکرد کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و جووڵانەوەی دێمۆکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کەوتوونە ژێر تەئسیری ڕابەرایەتی کۆنەپەرستی کوردی عێراق و بۆچی جارێکیش بۆ ڕزگاریی ئەو جووڵانەوەیە کە بە قسەی ئەوان بە چەشنی "یەکێتی سیاسی و ڕێکخراوەیی" لەگەڵ ئەوان دامەزرابوو هەوڵی نەدا". [13]

" بەراستی جێگای داخە کە ڕابەرانی حیزبی تودە ئەو کاتەی لە ساڵەکانی 1329 تا 1341 دا ڕابەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگای ڕاستی حیزب لایان دابوو و کەوتبوونە زەلکاوی ناسیۆنالیزمەوە بە پێویستیان نەزانی ڕەخنە لە سیاسەتی ئەو دەمی ڕابەرانی حیزبی ئێمە بگرن، یا ڕێنوێنیان بکەن. بەڵام ئێستا کە حیزبی ئێمە بۆ ڕێگای حیزبێکی پێشڕەوو پێشکەوتوو گەڕاوەتەوە، بەرنامەیەکی

پێشکەوتوانەی هەیە وەک حیزبێکی چەپی دێمۆکرات و رەسەن ناسراوە و بە دڵەوە وێڕای رێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی ئێران بۆ روخاندنی رێژیمی شا خەبات دەکا، رابەرایەتی حیزبی تودە بە پێویست دەزانێ هێرش بکاتە سەر حیزبی ئێمە."[14]

رووداوەکانی دواتری ناو ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات لە سەردەمی کۆنگرەی چوارەمی ئەو حیزبە، نیشانی دا ئەو جۆرە خۆ پێناسە کردنە گرفتەکانی فیکریی حیزبی دێمۆکرات چەند قات زیاتر دەکا. بەخۆ دزینەوە لە ناسیۆنالیزم وەک چەمک و رێبازێکی فیکری بۆ خۆ جیا کردنەوە لە حیزبی تودە رێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی لەگەڵ گرفت رووبەڕوو کرد. هەر بۆیە دیواری نێوان حیزبی دێمۆکرات و حیزبی تودە بەجۆرێک بوو کە بتواندرێ لە یەک کاتدا لە ریزەکانی هەردووکیان دا ئەندام بی. واتە هەم تودەیی بی و هەم دێمۆکرات.

پی‌بەپێی هەوڵدان بۆ داڕشتنی ئەو رێبازە سیاسی‌یە واتە بە ئێرانی کردنی کێشەی کورد و کارکردن بۆ ئەفسانەی دمکراتیزەکردنی دەزگای دەوڵەت لە ئێران، ناوی حیزبیش دەبێ بێتە گۆڕاندن.

بەگوێرەی ئەوەی لە ژمارەکانی "کوردستان" دەبینرێ تا خەرمانانی 1350 بەرابەر بە سپیتامبری 1971 ناوی حیزب، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بووە و لە رەزبەری 1350 واتە لە "کوردستان"ی ژمارە 9وە (ئێران)یشی پێوە زیاد دەکرێ و بەم جۆرە هارمۆنێکی تەواو لە نێوان ناو و ناوەرۆک ریک دەخرێ و هاوکات لەگەڵ جێخستنی ئەو خەتە، قەوارەی نێوخۆیی حیزبی دێمۆکراتیش بە هێنانی ئەسلی سانترالیزمی دێمۆکراتی لینینی باڵ بەسەر ژیانی ناوخۆی حیزبی دا دەکێشێ.

"کوردستان‌و کورد"ی دوکتور قاسملوو سەردەمی تروپکی ئەو بیرو خوێندنەوەیەیە لە دۆزی کورد. لە راستیش دا دوکتورینی ئەو رێبازە بەهۆی دوکتور قاسملووەوە دادەڕێژرێ و ئاڵوگۆڕەکانی کۆنفرانسی سێهەم و دواتر کۆنگرەی سێهەمی حیزب و بابەتەکانی رۆژنامەی کوردستانی ئەو سەردەمە رەنگدانەوەی بیری دوکتور قاسملووە لە کتێبی "کوردستان و کورد"دا. خوێندنەوەی دوکتور قاسملوش لە "کوردستان‌و کورد" بۆ دۆزی کورد، دیفاع کردن لە مافی دیاری کردنی چارەنووسە بە واتای

لینینی‌یەکەی. ئەو خوێندنەوەیە پشتی بە چەند کۆڵەکە بەستبوو و لای وا بوو:

"خەباتی گەلی کورد لە سەردەمی ئێستادا پێش هەموو شتێک، خەباتێکی دژی ئیمپریالیستی‌یە، کە وابوو، دوژمنی سەرەکی گەلی کورد ئیمپریالیزمە. هەتا کاتێک کۆتایی بە دەسەڵاتی سیاسیی ئیمپریالیزم نەهاتووەو پەیمانە لەشکری‌یەکان هەڵنەوەشاونەوە، ڕزگاری و سەربەخۆیی گەلان ناتەواوە و لە ژێر مەترسی دایە. لەلایەکی ترەوە نەتەوە فەرمانڕەواکانی ئێران و عێراق و تورکیاش ئێستا لە قۆناغی دژی ئیمپریالیستی دان. واتە هەموو نەتەوە ڕزگاریخوازەکان لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی دا بەشدارن..."[15]

"ئەو نەزەرەی سەرەوە بەهیچ جۆر بەو مانایە نیە کە چونکە ئێستا لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی داین، کورد هەقی نیە بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆی خەبات بکا. چونکە وەک لە پێشەوە گوتمان خەباتی دژی زۆرداری نەتەوایەتی لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی جیا ناکرێتەوە...

... خۆگێل کردن لە خۆدمۆختاری "ئۆتۆنۆمی" بۆ کورد لە چوارچێوەی جووڵانەوەی دژی ئیمپریالیستی دا هەڵەیەکی گەورەیە و تەنیا ئەو هێزانە قازانجی لێدەکەن کە دەیانەوێ گەلی کورد لە سەرکردایەتی‌یەکی شۆڕشگێر بێبەش بکەن و دوورەپەرێزی ڕابگرن. دەبێ گەلی کورد خەباتی دژی ئیمپریالیستی بە خەبات بۆ وەدەسهێنانی مافی نەتەوایەتی و ڕزگار بوون لە زۆرداریی نەتەوایەتی دابنێ. ئەوەیە کە پێوەندیی سروشتی و هەر دوو لایی خەباتی دژ ئیمپریالیستی و خەباتی دژی زۆرداریی نەتەوایەتیمان بۆ دەردەخا، کە لە ڕاستی‌دا دوو لای یەک خەباتن و لێک جیا ناکرێنەوە. هەرلەو کاتەدا دەبێ لە بیرمان بێ کە خەباتی دژی ئیمپریالیستی ئەساسی و گرینگە و خەباتی دژی زۆرداریی نەتەوایەتیش بەشێک لەو خەباتەیە."[16]

"چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد بە دێمۆکراتی‌یەوە بەستراوە، چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی بۆخۆی بەشێکە لە دێمۆکراتی. لینین زۆر

جار دووپاتی کردۆتەوە کە لە چوارچیوەی دیمۆکراتی دا نەبێ، مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر ناکرێ..."[17]

لە درێژەی هەوڵ دان بۆ داڕشتنی ئەو ریبازە جێگایەکی گرینگ و ئەساسیش بۆ حیزبی تودەی ئێران دادەندرێ. بۆ وێنە دوکتور قاسملو لە کوردستان و کورد دا رۆڵی حیزبی توده بەرانبەر بە کۆمار بەو شێوەیەی خوارەوە هەڵدەسەنگێنێ و دەنووسێ:

"لەسەردەمی کۆماری مەهابادیش دا حیزبی تودەی ئێران بەپێچەوانەی بەرهەڵستی توندی کۆنەپەرستی ئێران و پڕوپاگەندەی بۆرژوازیی شووینیستی ئێران ئازایانە دیفاعی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد دەکرد."[18]

سەرانسەری مێژووی فیکر و دوکۆمێنتەکانی حیزبی توده بپشکنی، لەگەڵ راستییەکی وا دا بەرەوڕوو نابی کە ئەو حیزبەی بە وتەی دوکتور قاسملوو "ئازایانە دیفاعی لە مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کوردو کۆمار کردبێ". فەلسەفە و بناغەی مودیلی حیزبی سەرانسەری بە گشتی و حیزبی توده بەتایبەتی بە هێند نەگرتن و کەڵکی ئامرازی وەرگرتن لە کێشەی نەتەوەکان بووە. ئەم مەسەلەیە بەتایبەتی لە کەیسی حیزبی توده دا زۆر لەوە روونترە کە تەنانەت شیاوی باس کردنیش بێ. چونکە حیزبی توده پێش ئەوەی حیزبێکی سیاسی بووبێ، پتر کەرەسەیەک بوو لە خزمەت جێبەجێ کردنی سیاسەتی شوورەوی لە ئێراندا. واتە لەگەڵ گۆڕانی سیاسەتی رۆژ لە مۆسکۆ، جۆری سیاسەتی حیزبی توودەش گۆردراوە. لە سەردەمی کۆماری کوردستانیش سیاسەتی حیزبی توده بەرامبەر بە مەسەلەی کورد، بەگوێرەی سیاسەتی رۆژی موسکۆ ئاڵوگۆڕی بەخۆیەوە دیوە. تەنانەت ئەو کاتەی کە ئاوڕێکیشی لە کێشەی کورد داوەتەوە، ئەو ئاوڕدانەوەیە بە مانای دیفاع لە مافی دیاری کردنی چارەنووسی کورد نەبووە، بەڵکوو لە باشترین حاڵەتی خۆیدا جۆرە دیفاعێک بووە لە کۆمەڵە ئیمتیازاتیکی زمانی و کولتووری.

بۆ وێنە هەر دوور نەڕۆین کاتێ سەرانی فیرقە لە ژێر زەختو زۆری کاربەدەستانی رووس لە جێگای بڕیاری شەڕ، بڕیاری راکردنیان دا،

"پەرۆشی"ی حیزبی توده لە ڕاگەیاندراوی کومێتەی ناوەندیی ئەو حیزبە دا بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەبڕدرێ:

"در ماه گذشته نیروهای دولتی به تبریز مرکز ایالت آذربایجان وارد شدند و این عمل طبق دستور و قبول تلگرافی استاندار آذربایجان و انجمن ایالتی آن سامان انجام گرفت. پیش از آنکه استاندار آذربایجان و رئیس انجمن ایالتی موافقت خود را با دستور دولت اعلام دارند برخی از رهبران فرقه دمکرات آذربایجان که پس از حادثه زنجان نسبت به قوای دولتی خوش بین نبودند قصد مقاومت داشتند. ولی از قرار سرانجام کمیتەی مرکزی فرقه دموکرات مسالمت را در هر حال بر مناقشه ترجیح داد و به خاطر حفظ صلح در داخل ایران که برای حفظ صلح جهان مفید است و به منظور جلوگیری از جنگ و برادرکشی از قصد مقامت صرفنظر نمود و ترک مخاصمت اعلام شد. با توجه به فواید کلیتری که از این اقدام ناشی می‌شود باید از هر جهت از آن هواداری کرد. زیرا یک عقب نشینی سودمند از یک حمله زیانبخش بیشتر درخور قبول است... البته، نباید طرفدار آن باشیم ولو به قیمت خۆنریزی در جهان به پیروزی موقتی نائل آییم. بهتر است که ما در پناه صلح جهانی و پیشرفت آزادی در سراسر عالم پیش رویم."[19]

دیارە لێرەدا مەبەست لە هێنانەوەی فاکتگەلێکی لەم چەشنە، هەڵسەنگاندنی سیاسەتی حیزبی توده لە بەرانبەر مەسەلەی کورد دا نیە. لێرەدا کێشە لەسەر ئەوەش نیە بۆچی لە دەزگای فیکریی حیزبی توده دا جێگایەک بۆ مەسەلەی کورد نەبوو، بەڵکوو مەبەست لەوەیە بۆ چی دەبێ فکری حیزبی توده بووبێتە بەدیلێک بۆ فیکری ئینسانی کورد. بەرواڵەت ڕەنگە ڕاوەستان لەسەر پرسێکی وا گەلێک سادەو بێ بایەخ بێتە بەرچاو، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە هەر ئەو پرسە سادەیە، لە مێژووی فیکری ئینسانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر لە دووپات بوونەوە دابوو. فیکری ئینسانی کوردی بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە، لە بازنەیەکی داخراوی وا دا لە هاتوچۆ دابووەو نەیتوانیوە خۆ لەو جەغزە دەربهاوێژێ کە چەپی سەرانسەری لە ئێران بۆی بەرهەم هێناوە. هەر بۆیە لەو سەردەمەشدا چارەسەریی پرسی کورد خوێندنەوەیەکی تری بۆ

دێتە گۆڕێ. لە پرسی خاکو مافی سەروەری و بەدەوڵەت بوون، بۆ خەباتی دژی ئیمپریالیستیو بۆ مافی ئۆتۆنۆمی دادەبەزێنرێ و،هاوکات لەگەڵ ئەوەش مەسەلەی کورد بە کێشەی سەقامگیر کردنی دێمۆکراسی لە ئێران لێک گرێ دەدرێ.

بە کورتی ئەگەر کۆتایی ئەو قۆناغە لە چەند خاڵ دا دەسنیشان بکەین دەبێ بڵێین: حیزبی دێمۆکرات سەربەخۆیی تەشکیلاتی خۆی بەدەس دێنێتەوەو لە پاشکۆیەتیی تەشکیلاتی حیزبی تودەی ئێران رزگاریی دەبێ و ئەم کارە بە نۆرەی خۆی هەنگاوێکی ئازایانەو گرینگ بوو. بەڵام لە باری فیکریو سیاسیی‌یەوە، لایەنگری لە مارکسیسم_ لنینیسم و حیزبی تودە هەر بەردەوام دەبێو لە دەلاقەی جۆری مارکسیم_ لنینیسمی حیزبی تودەوە هەوڵ دەدرێ قسە لە مەسەلەی کورد بکرێ.

لەو قۆناغە کە قۆناغی زاڵ بوونی بیری مارکسیست-لینیستی‌یە لە ناو حیزبی دێمۆکرات دا خوێندنەوە بۆ کۆماریش دێتە خەملاندن. واتە هاوکات لەگەڵ سەقامگیر کردنی خەتێکی سیاسیی دیارییکراو، جۆری خوێندنەوەی تایبەتیش لە مێژوو بەگوێرەی ئەو خەتە سیاسی‌یە دەس بە سەر هەڵدان دەکات. راست لەو قۆناغەدا جۆری روانینو پێناسەی کۆمارو ژێکاف و راوەستان لەسەر هزرو بیری پێشەواش، خوێندنەوەی بۆ دەکرێ. ساغ بوونەوە لەسەر ستراتیژیی "دیمۆکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان" کارئاسانی‌یەکی گەورە دەبێ بۆ ئەوەی زۆر بە سانایی لەسەر ژێکافو کۆمارو فیکری پێشەوا حوکم بدرێ. ستراتیژیی نوێ حیزب دەبێتە تەنیا پێوانەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی قۆناغی گواستنەوە لە ژێکافەوە بۆ کۆمار.

هەوڵێکی بە دانستەی وا دەخرێتە کار کە بە هیچ لەونێک ئەو مێژووە لە بازنەی هێنانە سەر کاری ریژیمێکی دێمۆکراتی لە ئێران خۆ نەترازێنێ. سەرانسەری ئەدەبیاتی سیاسیی ئەو حیزبە بپشکنی تاقە وتارێکت لەسەر ژێکاف و بیری ژێکاف بۆ نابینرێ. لەهەر جێگایەکیش لە چەند دێڕێکدا ناوی هاتۆتە نێونێوان هەوڵی لێدانی دراوە. بەڵام لە بەرانبەر دا بە خەروار یادی موسەدیق، شۆڕشی مەشرووتە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی پێ پر کراوەتەوە.

بۆ وێنە لە "کوردستان و کورد"ی دوکتور قاسملوو دا هاتووە:

"... شۆڕشی ئۆکتۆبر چەند جووڵانەوە و ڕاپەرینێکی ڕێکوپێکی لە هەموو کوردستان دا بە دوادا هاتن. بەڵام جووڵانەوەی 1945_1946ی مەهاباد تەنیا جووڵانەوەیەک بوو کە ببوە بەشێک لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی و دژی فاشیستیی گەلان. بێجگە لەوەش ئەو جووڵانەوەیە نەک هەر ببووە بەشێکی گرنگ لە خەباتی دێمۆکراسی چینی کرێکاری ئێران، بەڵکوو ببو بە بەشێک لە جووڵانەوەی دێمۆکراتی نێونەتەوایەتیی پرولیتاریاش."[20]

جگە لە "کوردستان و کورد" رۆژنامەی "کوردستان"یش گەلێک فاکتی بۆ پێ وشوێن هەڵگرتنی ئەو خوێندنەوەیە لێ وەدەس دەهێنرێ، با وێکرِا لەو چەند فاکتانەش بڕوانین:

"بزووتنەوەی ساڵەکانی 1324_1325 بەشێک لە بزووتنەوەی دێمۆکراتی جیهانی لە دژی ئیمپریالیزم و فاشیزم بوو. بەراستی ئەوە یەکەمین بزووتنەوەی نەتەوایەتیی مێژووی گەلی کورد بوو کە لەگەڵ بزووتنەوەی پێشکەوتوو و ئازادیخوازی جیهانی پێوەندییەکی پتەوی پەیدا کرد. پێشەوا قازی لە دانانی ڕێبازی ئەسلی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردیش دا تەئسیری ئەساسی هەبوو. ئەوەندە بەسە کە ڕێبازی گشتیی ڕاپەرینی نەتەوایەتیی کورد لە زەمانی کۆمەڵەی ژێکاف دا پێش دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ ئەو کاتەی کە قازی محەممەد ڕابەری ئەو بزووتنەوەیە بوو لە بەرانبەر یەک ڕابگرین، ئەو دەم بەتەواوی دەردەکەوی کە قازی لە دانانی ئامانجەکانی گشتی حیزبدا کە ئێستاش هەر وەک خۆیان ماون، چ نەخشێکی گەورەی یاری کردووە". [21]

"جووڵانەوەی دیموکراتی مەهاباد بەشێک بوو لە خەباتی گەلانی ئێران بۆ ڕزگاری سەرانسەری ئێران بۆ هێنانە سەر کاری حکومەتێکی نیشتمانی لە ئێراندا". [22]

"پاش لەناو بردنی بنکەکانی بەهێزی جووڵانەوەی دێمۆکراتی و زیددی ئیمپریالیستی لە ئێراندا کە بریتی بوو لە حکوومەتی میللی ئازەربایجان و کوردستان، کۆنەپەرستی ئێران توانی جووڵانەوەی ئازادیخوازی لە سەرانسەری ئێراندا سەرکوت بکا". [23]

"پێشەوا ئەو مەسەلەیەشی لەبەر چاوگرتبوو کە یەکیەتی و هەنگاو ڕێکخستن لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی سەرتاسەری ئێران شەرتی گرینگی سەرکەوتنە بەسەر ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی دا. لەبەر ئەوە هەوڵی دەدا کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و دیمۆکراتی کورد لە لایەکەوە لەلایەن بزووتنەوەی سەرتاسەری ئێرانەوە پشتیوانی لێ بکرێ و لەلایەکی ترەوە نەخشی خۆی بە چەشنی پیویست لە مەیدانی سەرتاسەری ئێراندا یاری بکا. بۆ وەدیهێنانی ئەو دوو مەبەستە هەم لە دژی نەزەری ئەو کەسانە خەباتی دەکرد کە لە ریزەکانی حیزبدا یان لە دەزگاکانی جمهوری دا ناسیۆنالستێکی بەرچاوتەنگ بوون و بزووتنەوەی سەرتاسەری ئێرانیان بە زۆر نەدەگرت و هەم دژی ئەو کەسانە تێدەکۆشا کە کۆنەپەرستی دەستی لە پشتی دابوون و کوردیان بە نەتەوە نەدەزانی..."[24]

"کۆماری کوردستان ئاکامی پەرەئەستاندنی جووڵانەوەیەکی نیشتمانی و دژی ئیمپریالیستی بوو. جووڵانەوەیەک کە لە کوردستان دا پەرەی گرتبوو، ئامانجی ئەوە بوو سەربەخۆیی ئێران بپارێزێ، دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئینگلیس خاشەبڕ بکاو بۆ ئەوە تێدەکۆشا کە سیاسەتێکی نیشتمانی لە ئێران دا سەرکەوێ. ئەوەش یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی 1325 بوو کە بۆ یەکەم جار جووڵانەوەی کوردستانی کرد بە بەشێک لە جووڵانەوەی دێمۆکراتیی پێشکەوتووی سەرانسەریی ئێران."[25]

لە نێوەرۆکدا هەر کام لەو فاکتانە، فەرقو جیاوازییەکیان لەگەڵ بیرو ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی توودە نەبوو. هەموو ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی توودە لەو ساڵانە بپشکنی شتێکی لەوە زیاتر تێدا نیە کە کراونەتە نێوئاخنی وتارو بابەتەکانی رۆژنامەی "کوردستان" لە پیوەندی لەگەڵ کۆماری کوردستاندا.

بە ورد بوونەوە لەو فاکتانە، کۆمار پتر لە مەتەڵۆکەیەک دەچێ تا قەوارێکی نەتەوەیی بۆ کورد. پاشان ئەم مەتەڵۆکەیە هەر جارێک بە جۆرێک و لە بیچمێک دا نیشان دەدرێ. لەم هێنانو بردنەدا "جارێک دەبێتە بەشێک لە جووڵانەوەی دێمۆکراتی نێونەتەوەیی پرۆلیتاریای

جیهانی. چەلێکی تر دەبێ بە بەشێک لە بزووتنەوەی دیموکراتی جیهانی لە دژی ئیمپریالیزم و فاشیزم، ئینجا هەمان قەوارە دەکرێتە بەشێک لە خەباتی گەلانی ئێران بۆ رزگاریی سەرانسەریی ئێران و بۆ هێنانە سەر کاری حکوومەتێکی نیشتمانی لە ئێراندا.

وەک دەبینین هیچ کام لەو فاکتانە کە لە راستیدا بڕبڕەی پشتی مێژوونووسیی حیزبیی لەسەر بونیاد نراوە، بە تەعبیرێکی واقعبینانە و وڵامێکی راستەقینە بۆ پێناسەی کۆمار نایەنە گۆڕێ. لە هەر ئاقارێکەوە لەو خوێندنەوەیە بنواڕی ناتەواوی پێوە دەبینی. بۆ وێنە کاتێ دەگوترێ: بزووتنەوەی کورد لەو ساڵانەدا بەشێک بوو لەخەباتی دژی ئیمپریالیستی لەگەڵ فاکتە مێژووییەکانی ئەو سەردەمەوە بە تەواوی دەکەوێتە ململانەیەکی ئاشکراوە. چونکە روانینی پێشەواو ژێکاف بۆ دۆزی کورد بەدوور لە روانینێکی ئیدئۆلۆژیکیانەوە بووە، کێشەی ئەوان لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری تاران و ناسیۆنالیزمی بەرزەفڕانەی فارس بوو. بزوتنەوەکەش بۆ سوسیالیزم و شۆڕشی سۆسیالیستی نەبوو کە خۆی لە خانەی بەرانبەری دنیای ئیمپریالیستی دا پێناسە بکات.

ئەوان دەیانویست کوردیش وەک نەتەوەیەک لە کیانێکی نەتەوەیی بەهرەمەند بێ و چی تر وڵاتەکەیان پێخوستی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران نەبێ. هەر بۆیە بەپێچەوانەی ئەوەی لە رۆژنامەی "کوردستان" دا هاتووە، هەموو هێزو توانای دیپلۆماسی خۆیان بۆ ئەوە خستە گەڕ لەگەڵ زلهێزەکان پێوەندی بگرن و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکەن. هەوڵە دیپلۆماسییەکانی پێشەوا و ژێکاف بۆ پیوەندی گرتن و خۆ نزیک کردنەوە لەگەڵ هەر سێ زلهێز راست لەو گۆشەنیگایەوە بوو کە باسمان لێوە کرد.

هەر بە هەمان شێوە بزووتنەوەی ئەو ساڵانەی کورد و هەروەها کۆمار، بەشێک لە خەباتی گەلانی ئێران بۆ رزگاریی سەرانسەری ئێران و هێنانە سەر کاری حکوومەتێکی نیشتمانییش نەبوو، بەڵکوو بە پێچەوانە هەوڵی دابڕانێکی یەک جارەکیی ئاشکرا بوو لە کەشوهەوای بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران. ئەو بزووتنەوەیە لە باری هۆشیاری و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە لە پلەی هەرە بەرزی خۆی دابوو. بەو مانایە نەتەنیا خۆی بە بەشێک لە بزووتنەوەی سەرانسەری

نەدەزانی، بەڵکوو هەموو هەوڵی ئەوە بوو تەواویەتی ئەرزیی ئەو وڵاتە لە گرێژەنە پچێ و هەر نەتەوەیەک بۆ خۆی دەوڵەتێکی نەتەویی خۆی پێک بێنێ. راگەیاندنی کۆمار و هەڵکرتنی ئاڵای کوردستان و خاشەبڕ کردن و سڕینەوەی هەموو سیمبولەکانی ئەو وڵاتە، دەیتوانی چ پێوەندیيەکی بە بزوتنەوەی سەرانسەریی ئێرانەوە هەبێ؟

وتە بەنرخەکانی پێشەوا لە رۆژی 2ی رێبەندان باشترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەو راستيیە. ئەگەر سەرنج بدەین پێشەوا لەو رۆژە چارەنووس‌سازە دا، هەنگاوی راگەیاندنی کۆمار بە درێژەی هەموو ئەو بزووتنەوانە دەزانێ کە نەتەوەی کورد هەر چەند ساڵێک لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان دا هەوڵی بۆ داوە و هەر بۆیە چ باسێک لە هێنانە سەر کاری "حکومەتێکی نیشتمانی" لە ئێراندا لەئارا دا نیە. مەبەستی پێشەوا لە چوون بۆ باکۆ بۆ ئەوە نەبوو "حکومەتێکی نیشتمانی" لە چەشنی حکومەتەکەی دوکتور موسەدیق لە ئێراندا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. تایبەتمەندیی سیاسەتی کوردی لەو سەردەمەدا ئەوە نەبوو، خۆ بە گەمەگەلێکی لەم چەشنەوە سەرقاڵ بکات. بازنەی بیرو خەونی ئەو رێبەرايەتيیە لە ئاسۆیەکی تری دەڕوانی. کۆمار تروپکی هەرە بەرزی ئەو خەونە بوو. بۆ ئەوان حکوومەتێکی نیشتمانیی راستەقینە ئەو حکومەتە بوو کە لە رۆژی 2ی رێبەندان بەدەستی پێشەوا دامەزرا.

کە وایە: لە پشتی هەموو ئەو هەوڵانە کار کردن بۆ چەسپاندنی خوێندنەوەیەکی سیاسيیە کە هەموو شتێکی کورد بە ئێرانەوە دەبێ بلکێندرێ. بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە هەر جۆرە خوێندنەوەیەکی تر، یا هەوڵی کپ کردنی دراوە یا خۆ پێناسەی کوێرەڕێی بۆ کراوە.

## لە کۆنگرەی چوارەمەوە تا کورتە باس

رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ئێران، قۆناغێکی تازەی بۆ تێکۆشانی حیزببی دێموکرات هێنایە کایەوە. ئەم کەش‌و هەوایە بوو بە هۆی ئەوە کە

دوای سالآنێکی دوور و درێژ چ ئەوانەی له باشووری کوردستان گیرسابوونەوەو چ ئەوانەی که له زیندان و له ناوخۆی ولآتدا بوون، هەلی پێک گەیشتنەوەیان بۆ بخولقێ. بەلآم ئەو پێک گەیشتنەوەیه زۆر زوو بەرەو دابڕان چوو. لەو قۆناغەدا رێبەرایەتیی ئەو حیزبه به دوو باڵ کەرت کران. بۆ لایەنێک دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب به مانای درێژەدان به رەوتی حیزبی تودەی ئێران و وەرگرتنی فکری سیاسیی ئەو حیزبه بوو. واته تێکۆشان به ناوی حیزبی دێمۆکرات بەلآم پێڕەویی بێئەملا و ئەولا له رێبەرانی حیزبی توده بوو. داهێنان و بیرکردنەوەی سەربەخۆ له بیری سیاسیی ئەواندا جێگایەکی بۆ نەبوو. مودێلی ئەوانه بۆ حیزبایەتی له حیزبێکی بێکەڵکی دەستەمۆ واوەتر نەدەچوو. خویندنەوەی ئەو باڵه له کۆماری ئیسلامی پێڕەوی کردن له سیاسەتی حیزبی توده و دیفاع و پشتیوانی له کۆماری ئیسلامی و پشت کردن له مافخوازیی کورد، سیاسەتگەلێک بوون که ئەو باڵەی پێدەناسرایەوە. غەنیی بلووریان، حەمەدەمین سیراجی... ناسراوترین کەسانی ئەو باڵه بوون.

رێبەری لایەنەکەی دیکه دوکتور قاسملوو بوو. بۆچوونی سیاسی و لێکدانەوەی دوکتور قاسملوو له دۆزی کورد به پێچەوانەی لایەنی غەنی بلوریان و هاوفکرەکانی نوێنەرایەتی هێڵی نەتەوەیی کورد بۆ وەرگرتنی ئوتۆنۆمی بوو. هەڵویستی سیاسی و مافخوازانەی دوکتور قاسملوو بوو بەهۆی رووتێکردنی هەزاران کەس له خەڵکی رۆژهەلآتی کوردستان بۆ ریزەکانی ئەو بەشه لەو حیزبەی که ئەو نوێنەرایەتیی دەکرد.

له هەلسەنگاندنی بۆچوونی سیاسیی د.قاسملوو لەگەڵ لێکدانەوەی تودەیی، دوو هێلی لێک جیاکەروە هەبوو.بۆ لایەنی توودەیی له نێو حیزبدا مەسەلەی مافی کورد له چوارچێوەی دروشمه بەتاڵەکانی حیزبی تودەدا تونا دەکرد. خەباتی دژی ئیمپریالیستیی ئاخوندەکان و پێوەندیی رژیمی خومەینی لەگەل ولاتانی سۆسیالیستی له جیاتی داوا رەواکانی کورد بۆ ئەو لایەنه ئامانج بوو.

بەلآم بۆ دوکتور قاسملوو ئەوەی که داخوا کاربەدەستانی رێژیم چەنده دروشمی بەروالەت دژی ئیمپریالیستیان بەرز کردبۆوه یاخۆ له ئاستی

جیهانی دا ئەو دروشمانە چەند بە قازانجی یەکیەتیی سۆڤیەتی دا دەکشانەوە، گرنگ نەبوو. ئەوەی بۆ د.قاسملوو گرینگ بوو وەدەست هێنانی خودموختاری و بەرەسمی ناسینی ئەو مافە لەلایەن رژیمی کۆماری ئیسلامیی‌یەوە بوو. ئەم دوو هێڵە لێک‌جیازوازە نەدەکرا لەنێو حیزبێک دا پێکەوە هەڵ بکەن. ئاکامی ئەو ناتەبایی سیاسیی - فکریی‌یە تەنیا جیابوونەوە بوو.

ئەم لێک جیا بوونەوەیە، بەتەواوی سیاسی و فیکری بوو. گرفت و کێشەی شەخسی و هەوڵ دان بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی دەستکردی سیاسی کەمترین دەوری هەبوو. لەو رووەوە هەڵبژاردنی هەر کەسێک بۆ پشتیوانی لە هەر لایەکیان پتر دەچووە خانەی هەڵبژاردنێکی سیاسیی‌یەوە و کەمتر مۆرکی کێشەی شەخسی و پلە و پایەی تاکەکەسی پێوە دیار بوو.

ئەگەر بمانەوێ لە گۆشەنیگای دۆزی نەتەوەیی کوردەوە لەو قۆناغە بڕوانین، دەتوانین بڵێین نە تەنیا بۆ حیزبی دێمۆکرات بەڵکوو بۆ بزووتنەوەی کورد، ئەم لێک دابڕانە سەرکەوتن و دەسکەوتێکی گەورە بوو. حەوانەوە لەگەڵ تەیارێکی فیکری کە هەموو دۆزی نەتەوەی کوردی بە گەز و ربەی حیزبی تودەی کیانوری لە تاران دەپێوا، بۆ کورد و بۆ حیزبی دێمۆکرات کارەسات بوو. هەروەک دوکتور قاسملوو بە دروستی لە نامێڵکەی "کورتەباسێک لە سەر سوسیالیزم"دا( لێرە بەدواوە تەنیا بە "کورتەباس" ناوی ئەو نامێڵکەیە دێنم) لێی دەدوێ کورد و بزووتنەوەکەی، پێویستی بە سیاسەتێک بوو کە دەسکردی خۆی بێ. بۆخۆی بە لە بەرچاوگرتنی مەسلەحەت و بەرژەوەندیی نەتەوەکەی ئەو سیاسەتەی دیاری کردبێ. گەیشتن بە پلەیەکی واش لە سیاسەت و بیرکردنەوە، نەیدەتوانی هیچ جێگایەکی لە رێبازی ئەواندا هەبێ. لەو رووەوە ماڵاوایی لایەنگرانی رێبازی حیزبی تودە لە ناوەندی بریاردانی حیزبی دێمۆکراتدا، نەتەنیا هیچ زیانێکی بۆ حیزبی دێمۆکرات نەبوو، بەڵکوو رێگای خۆش کرد بۆ ئەوەی ریزەکانی ئەو حیزبە یەکگرتووتر بێ.

ئەوە راستە کێشەی هەر دوو باڵەکە جارێ لەو قۆناغەدا هەر لە بازنەی چۆنیەتیی هەڵوێست بەرانبەر بە رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو

بوو، بەڵام هەر ئەو مەسەلە تاکتیکیەیە پێوەندیی بە گەلێک ئەسڵی فیکری گرینگی تریشەوە پەیدا دەکرد. یەکێک لەوان مەسەلەی بە بنەما گرتنی بەرژەوەندیی گەلی کورد و پاراستنی سەربەخۆیی فیکری و بڕیاردان بوو. ئەو باسە ئەگەر چی لەو کاتەدا لەلایەن دوکتور قاسملووەوە بەرەسمی و بە نووسراوە باسی لێوە نەکرا، بەڵام چەند ساڵ دواتر پێویستیی نووسینی کورتەباس بۆ دەرباز کردنی حیزبی دێمۆکرات لە کارتێکەریی حیزبی تودە بۆ دوکتور قاسملوو دەبێتە مەسەلەیەکی گرینگی ڕۆژ.

لە کورتەباسدا دوکتور قاسملوو گەلێک مەسەلەی پیوەندیدار بە سوسیالیزم و هەل و مەرجەکانی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی کە تێیدا ڕێز لە دێمۆکراسیی سیاسییش بگیرێ، دێنێتە ئاراوە. دوکتور قاسملوو بە شێوەیەکی ئەکادمیک خۆ لە قەرەی ئەو باسانە دەدا کە نە تەنیا بۆ نێو حیزبی دێمۆکرات، بەڵکوو تەنانەت بۆ ئەحزابی چەپی ئێرانیش تازە بوون. دیارە لە باری مێژووییەوە بیرۆکەی سەرهەڵدانی ئیدەی سوسیال دیمۆکراسی بۆ رابووردوویەکی گەلێک دوورتر لە نیو ئەحزاب و کەسایەتییەکانی ئۆرووپاییەوە دەگەڕایەوە و لە لایەن ئەوانەوە هەوڵی تئۆریزە کردنی درا بوو. ڕەد کردنەوەی دیکتاتۆری پرۆڵتاریا، گرینگی دان بە سیستێمی چەند حیزبی، رەخنە لە نەبوونی دیمۆکراسیی سیاسی لە نیو وڵاتانی ناسراو بە ئوردووگای سوسیالیزم... ئەو بنەما فیکرییانە بوون کە سیمای ئەو ڕەوتە فیکریەی پێ دەناسرایەوە. ڕووداوەکانی بەهاری پڕاگ لە چکوسلاواکی کە لەو کاتە دا دوکتور قاسملوو لە نیزیکەوە شاهیدیان دەبێ، دەبنە بزوێنەرێکی گرینگ بۆ خۆ دیتنەوەیەکی رەخنەگرانە لە مۆدێلی وڵاتانی سوسیالیستی. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەو کاتە دا قسە کردن لەسەر گرفت و کێشەکانی ئۆلگوی سوسیالیزمی سۆڤیەتییش، ئازایەتییەکی گەورەی سیاسیشی گەرەک بوو کە هەموو کەس نەیدەتوانی شانی وەبەر بدا و خۆی لە قەرەی بدا.

دوکتور قاسملو لە "کورتەباس"دا بەر لە هەر شت سێ پرسیار دێنێتە گۆڕێ و دەپرسێ:

"یەکەم: بۆچی ئێمە لە بەرنامەکەمان دا بەپێویستمان زانیوە باسی سوسیالیزم بکەین؟

دووهەم: ئەو سوسیالیزمەی کە ئێمە دەمانەوێ وەک ئامانجی دوارۆژی حیزبەکەمان پێکی بێنین چۆن سوسیالیزمێکە؟
سێهەم: پێوەندیی حیزبی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی بە گشتی و یەکیەتیی سۆڤیەتی بەتایبەتی دەبێ چۆن بێ؟"[26]

دوکتور قاسملوو لە کارەکەی دا هەوڵ دەدا بە دووررودرێژی لەسەر هەر سێ پرسیار رابوەستێ و لە جێگای خۆی دا بە هەر کام لەو سێ پرسیارە وڵامی روونی خۆی بێنێتە گۆڕێ. لەهەمبەر پرسیاری یەکەم، کۆتایی هێنان بە چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان و کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە بە هۆکاری سەرەکی دەزانێ بۆ ئەوەی لە بەرنامەی حیزبدا باس لە سوسیالیزم کراوە. دوکتور قاسملوو بۆخۆی لەم پێوەندییەدا دەنووسێ:

"حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی دێمۆکراتیکی-میللییە. بەڵام هەر لەو کاتەدا حیزبێکی پێشڕەوە. حیزبی پێشڕەو بەو مانایە کە دەیهەوێ هاوڕێ لەگەڵ چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوەیی و وەرگرتنی مافی نەتەوەیی گەلەکەمان، مەسەلەی کۆمەڵایەتیش چارەسەر بکا."[27]

لە پێوەندی لەگەڵ پرسیاری دووهەمیش دا، دوکتور قاسملوو باس لە "سوسیالیزمێک" دەکا کە هەم عەدالەتی کۆمەڵایەتیی تێدا بێ و هەم دێمۆکراسیی سیاسی. دوکتور قاسملوو بە لێک گرێدانی ئەو دوو تایبەتمەندییە، خۆی لە خانەی رەخنەگرێکی جیددی ئۆلگووی سوسیالیزمی سۆڤیێتی دا دەبینێتەوە. بە بڕوای دوکتور قاسملوو لە ئۆلگووی سۆڤیێتی دا دێمۆکراسیی سیاسی یان نیە، یاخۆ زۆر کەمە. ئەو خوێندنەوەیە دوکتور قاسملوو دێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو سوسیالیزمەی کە حیزبی دێمۆکرات باوەڕی پێیەتی نابێ بە تەواویەتی مۆدێلێک بێ لە ئۆلگووی سوسیالیزمی سۆڤیێتی. بەڵکوو دەبێ سوسیالیزمێک کە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی کوردەواری لەبەر چاو بگرێ و لەلایەکی دیکەشەوە هاوکات لەگەڵ عەدالەتی کۆمەڵایەتی، لە بوونی دێمۆکراسیی سیاسیش بێبەری نەبێ.

لە دوای ئەو خۆ جیا کردنەوەیە لە جۆری سوسیالیزمی سۆڤێتی، نۆرە دەگاتە سێهەم تەوەری باسی کورتەباس. واتە جۆری پێوەندیی حیزبی دێمۆکرات لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی. مەسەلەی سەربەخۆیی بڕیاردان و لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد یەکێک لە گرینگترین بابەتەکانی کورتەباسە. دوکتور قاسملوو وێڕای ئەوەی کە وڵاتانی سوسیالیستی بەدۆستی ئیستراتیژیکی کورد دەزانێ، هاوکات لەگەڵ ئەوە لە هەوڵی ئەوە دایە بەهۆی ئەو بەرهەمەیەوە سنوور و پەرژینی نێوان دۆستایەتی و بەستراوەیی لێکتر جیا بکاتەوە. لەم بارەیەوە لە کورتەباسدا هاتووە:

"ئێمە لە خەباتی درێژخایەنی نەتەوەکەمان دا یەکیەتیی سوڤیەتی بە دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژیکی خۆمان دەزانین و هەر لەسەر ئەو رێبازە دەڕۆین. تەنانەت ئەگەر حیزبێکی ناسیۆنالیستی تەواویش بوینایە (کەنین!)..."[28]

هاوکات لەگەڵ دەربڕینی سیاسەتی دۆستایەتی لەگەڵ سۆڤیەت ئەمەشی دووپات دەکردەوە کە:

"پێوەندیی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی، پێوەندییەکی "دۆستانەیە" بە مانای: نە دوژمنایەتی نە پێڕەوی کردنی بێ ئەم لا و ئەولا. ئێمە سیاسەتی خۆمان بۆ خۆمان دیاری دەکەین. چونکە حیزبێکی سەربەخۆین. چ چووک بین چ گەورە، چ بێ هیز بین، چ بەهێز، سیاسەتی سەربەخۆیی خۆمان ناگۆڕین."[29]

"هێندێ کەس پرسیار دەکەن و دەڵێن ئەگەر هات و ئەو قازانجە لەگەڵ دۆستایەتی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی رێک نەکەوت، ئەو کاتە هەڵوێستمان چ دەبێ؟ دیارە ئێمە هەمو وەختێک مەبەستمان ئەوەیە کە ئەم دۆستایەتی‌یە لەگەڵ قازانجمان رێک کەوێ و هەوڵیشی بۆ دەدەین. بەڵام ئەگەر هات و لەنێو قازانجی گەلی کورد و دۆستایەتی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتی یا لەگەڵ هەر وڵاتێکی دیکەدا ناتەبایی پەیدا بوو، زۆر روونە، ئێمە قازانجی گەلی کورد هەڵدەبژێرین. با بەسەراحەت بگوترێ کە ئێمە بە خاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی خۆمان و قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین."[30]

لە ڕێگای ئەو ڕستانەوە دوکتور قاسملوو لە هەوڵی دەربڕینی مەبەستێکی گرینگ دایە. ئەو مەبەستە گرینگەش مەسەلەی داڕشتنی سیاسەت و دیاریکردنی هەڵوێست لە سەر بناغەی "بەرژەوەندی" گەلی کورد بوو. مەبەستی دوکتور قاسملوو لە هێنانە گۆڕی مەسەلەی بەرژەوەندی لەو پێوەندیيەدا ئەوە بوو لە ئاستی جیهانی دا تەنیا لە لایەک بۆ دۆست و پشتیوان نەگەڕێ، هەوڵەکانی تەنیا بە جەمسەرێکەوە نەبەستێتەوە و دەنگی کورد و مەسەلەی کورد بەگوێی هەموو ناوەندێکی گرینگی جیهانی بگەیەنێ.

بۆ دوکتور قاسملوو سەرکەوتنی خەتی کورتەباس لە ناو حیزبی دێمۆکرات دا گرینگیی زۆری هەبوو. ئەو گرینگيەش نەک تەنیا بۆ ئەوەی کە تەنیا باسێکی تئۆریکی لەسەر جۆری سوسیالیزم و گرفتەکانی مۆدێلی سوسیالیزمی سوڤیەتی هێناوەتە گۆڕێ. گرینگی هەر کام لەوانە هەرچەندەش بووبێ، هێشتا هەر بە تەنیایی بزوێنەری سەرەکیی دوکتور قاسملوو بۆ هوروژاندنی ئەو باسە نەبووە. دوکتور قاسملوو بۆ سنوورێک دەگەڕا کە بۆ هەمیشە بیری حیزبی توده لە ناو ریزەکانی ئەو حیزبە دا بنەبڕ بکات.

قسەکانی دوکتور قاسملوو لەو بارەیەوە بۆخۆی باشترین روون کردنەوەن لەو کاتەی کە دەڵێ:

"رەدبوونەوەی "کورتەباس" بێ ئەم لا و ئەولا هەنگاوێک بوو بەرەو توودەئیزم. چونکە سنووربەندیيەکە تێک دەچوو ئەگەر ئێمە مەبەستمان لە دانانی "کورتەباس" ئەوە بوو بەینی حیزبی دێمۆکرات و حیزبی توده سنوور دابنێین، بۆ ئەوەی لاوان پاش ماوەیەک موتالیعە نەچن بۆ لای حیزبی تووده، موخالیفینی "کورتەباس" مەبەستیان ئەوە بوو کە سنوورەکە هەڵوەشێننەوە و لە نەتیجەدا لە نێو حیزبی دێمۆکرات دا ڕێگا بۆ تودەئیزم خۆش بکەن."[31]

کورتە باس لە ئاکامی ململانە و هێنان و بەرەیەکی سەخت لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب دا پەسند کرا. دیارە موخالیفانی کورتەباس هەموو هەڵگری بیر و ڕێبازی سەر بە حیزبی تووده نەبوون. ئەو

پێکهاتەیە تێکەڵاوێک بوو لە دوو تەیار. تەیارێکیان سەر بە خەت و ڕێبازی حیزبی توودە بوو، کە لەدوای کۆمارەوە ئەم ڕەوتە بەکاڵ بوونەوەی ڕێبازی نەتەوەخوازی لە هۆویەتی فیکری و سیاسی حیزبدا توانیبووی جێ بۆخۆی خۆش بکات.

تەیاری دووهەم: کەسگەلێکی چەپی غەیرە توودەیی بوون. بۆ ئەو ژمارەیە مارکسیسم - لنینیسم وەک فیکرو ئیدەئۆلۆژی جێگایەکی دیاری هەبوو لە هزری سیاسیی‌یاندا، بڕوا بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا کە لەلایەن کورتەباسەوە بەتوندی دەخرایە ژێر رەخنە و رەد کردنەوە، دژ کردەوەی ئەوانی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کورتەباس دێنایە ئاراوە.

لێ بەڵێ ئێستا لێرەدا پرسیار ئەوەیە چەندە ئەو ڕێبازە لە قالبی هێنانە گۆڕی "سوسیالیزمی دێمۆکراتیک" دەیتوانی سنوورێکی قووڵ و بنەڕەتی لە نێوان حیزبی دێمۆکرات و حیزبی تودەدا جێگیر بکات؟ ئایا کورتەباس دەیتوانی ئەو ئامانجەی دوکتور قاسملوو وەڵام بداتەوە و کۆتایی بە نفووزی فیکری و سیاسیی حیزبی تودە لە حیزبی دێمۆکراتدا بێنێ؟

گەڕان بە دوای خوێندنەوەیەکی تر بۆ دۆزی کورد، ئاڵقەی ونبووی ئەو هەنگاوە بوو. میراتی فیکریی حیزبی تودە لە هەمبەر دۆزی کورد هەروا بەدەس لێنەداروی مایەوە. حیزبی تودە تەنیا ناوێک نەبوو، بەڵکوو بەر لە هەر تشت، ڕێباز و سیستمێکی فیکری و سیاسی بوو. چوارچێوەیەکی دارێژراوی فیکری بوو بۆ بۆ خوێندنەوە و ڕوانین لە کۆمەڵگا و سیاسەت و جۆری چارەسەریی کێشەکان بەگوێرەی دید و بۆچوونی ئەو حیزبە. پانتایی ڕوانگە و ناسنامەی فیکریی ئەو حیزبەش تەنیا بە دیفاعی بێ‌ئەملا و ئەولا لە سیاسەتی موسکۆو پشتیوانی لە ڕوحانیەتی شیعەوە قوتار نەدەبوو، کێشەی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران و کورد بە تایبەتی بەشێکی گرینگی تری ئەو ناسنامە فیکری‌یە بوو. ڕوانگەی ئەو حیزبەش وەک مودیلی هەموو حیزبێکی سەرانسەری لە وڵاتانی فرەنەتەوە تەنیا لە گۆشەنیگای قازانج و بەرژەوەندیی نەتەوەی سەردەستەوە لە مەسەلەی نەتەوە ژێردەستەکان بە گشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی هەڵسوکەوتی کردوە.

لە روانینی تودەیی دا کێشەی کورد قەت نەیدەتوانی خۆ لە باسی بەدەوڵەت بووندا ببینێتەوە. ئەو دۆزە بە پێڕەوی کردن لە روانگەکانی لنین تەنیا تا ئەو کاتە شیاوی ئاوڕلێدانەوە بوو کە لە خزمەت خەباتی چینی کرێکاری ئێران و حیزبە سەرانسەریەکەی ئەو چینە دابوایە. بەگوێرەی ئەو روانینە سنوورەکانی ئەو وڵاتە، سنورگەلێکی نەگۆڕ و پیرۆز بوون. کورد و بزووتنەوەکەی بۆیان نەبوو لە دەرەوەی سنووری ئێران باس لە خەون و ئاوات و ئارەزووەکانی خۆیان بکەن. لە راستیدا کێشە و گرفتی کورد و رووناکبیری کورد لەگەڵ حیزبی تودە و گشت هێزێکی سەرانسەری بەر لە هەر شت دەبوایە لە گۆشەنیگایەکی واوە حەوڵی پێناسە کردنی درابایە. ئەوەی کە حیزبی تودە داخوا چ جۆر سوسیالیزمێکی دەویست، "دیمۆکراتیک" یا خۆ لە چەشنی سوسیالیزمی نادێمۆکراتیکەکەی... تەوەرگەلێکی لەم جۆرە، گرفتی سەرەکیی کورد نەبوو. تەوەرگەلێکی فیکری و ئیدئۆلۆژیکیی لەم چەشنە، خولانەوە لە ناو هەمان ئەو بازنەیە بوو کە حیزبی سەرانسەریی هەوڵی دەدا مێشکی ئینسانی کوردی پێوە سەرقاڵ بکات.

ریسالەتی حیزبی دیمۆکرات پێویستی بە لکاندنی ناسنامەی سوسیال دیمۆکراسی بە هۆوییەتی نەتەوەیی خۆیەوە نەبوو. کورد دەیهەویست بەر لە هەر شت ئیعتراف بە بوونی بکرێ، رێز لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی بگیرێ، چیتر قەڵاچۆ نەکرێ و لە نیشتمانی خۆی راو نەنرێ. چ ئەو ساو چ ئێستا، هەموو پێداویستییەکانی تاکی کوردی بەو پرسەوە بەستراوەتەوە. تەنیا بە بوونی دەوڵەت و کیانێکی نەتەوەییە دەتواندرێ قسە لە داخوازی ئابووری زەحمەتکێشانی کوردستان بکرێ. کەچی پردی جیاکەرەوەی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی تودە بە سوسیالیزمی دێمۆکراتیک دارەڕا کراو ئەوەش بە نۆرەی خۆی رەکێش کردنی ئینسانی کوردی بۆ شەڕ لەسەر جۆرو چەشنی "سوسیالیزم"ەکان بوو. پانتایی و ئەستوورایی ئەم دیوارەش هەر ئەندازە بوایە، نەیدەتوانی بۆ خۆ جیاکردنەوە نەتەنیا لە حیزبی تودە بەڵکو لە گشت رێبازێکی ئێرانچێتی لەو حیزبەدا بەقەد ناسیۆنالیزم بایە. ئەوە ئاکامی کاڵ بوونەوەی گوتار و بیری ناسیۆنالیستی بوو کە هێلانەی بۆ حیزبی تودە لە نێو حیزبی دێمۆکرات دا

دروست کردبوو، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەتوانرێ بگوترێ کاریگەرترین چەک بۆ خۆ قوتار کردن لە بیری تودەیی بوون و جۆرەکانی تری بیری ئێرانیچێتی گەڕانەوە بۆ ژێکاف و هزرو بیری نەتەوەخوازیی پێشەوا بوو.

قووڵایی و پانتایی کێشە و ململانەی نێوان حیزبی نەتەوەیەکی دابەشکراو و نیشتمانێکی داگیرکراوی بێدەوڵەتی وەک کورد لەگەڵ حیزبێکی ناوەندگەرای سەرانسەریی وەک حیزبی تودە دەیتوانی هێندەی نێوان زەوی و ئاسمان لە یەکتر دوور بن. پەرژینێکی لەم چەشنە وەک ئەوەی کە حیزبی دێمۆکرات چ جۆر سوسیالیزمێکی دەوێ و سوسیالیزمەکەی ئەو چ جیاوازییەکی لەگەڵ سوسیالیزمەکەی حیزبی تودە هەیە، خۆی لە خۆیدا چەشنێک سادە کردنەوەی جیاوازیی نێوان ئەو دوو حیزبە بوو. ئەو جۆرە ڕەخنەگەلە بۆ خۆجیاکردنەوەی حیزبێکی کوردی لە حیزبێکی سەرانسەری لە باشترین حاڵەتی خۆی دا دەیتوانی پۆزیسیۆنی ڕەوت و باڵێکی چەپتری فیکری لە حیزبی تودە بۆ حیزبی دێمۆکرات دابین بکات. بۆیە دەتوانین بڵێین کورتەباس پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بنچینەیی نەبوو بۆ رزگار کردنی فیکری و ڕۆشنبیریی ئینسانی کوردی لە مودێلی فیکریی نوخبەی نەتەوەی سەردەست.

هۆکاری بنەڕەتی دامەزران و لەدایک بوونی حیزبی دیمۆکرات هەر لە ڕۆژی یەکەمی کار و تێکۆشانییەوە مەسەلەی ساخکردنەوەی سەروەریی نەتەوەیی کورد بووە. هەر لەبەر ئەوەش هەتا سەردەمی کۆماری کوردستان ڕێبازە سیاسی و فیکرییەکە ڕەنگدانەوەیەک بوو لە زاڵبوونی ناسنامەی نەتەوەخوازی لە ناوەندی گووتار وکردەوەی ئەو حیزبە دا. مێژووی سەرهەڵدانی فیکر و ڕێبازی حیزبی تودە وەک حیزبێکی سەرانسەری لە نێو ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات بۆ ئەو قۆناغە دەگەڕێتەوە کە تێکۆشەرانی لاوی کورد لە دوای کۆمار لەگەڵ قەیرانی ناسنامەی فیکری بەرەڕوو دەبن. ئەو کاتەی لە نێوان ئەنترناسیۆنالیزمی پرۆلتێریی حیزبی تودە و نەتەوەخوازیی ژێکاف و بیری بەدەوڵەت بوونی پێشەوا پەرژینێک نامێنێ، هەر لەو کاتەدا دەم و کاتی سەرهەڵدانی ڕێبازی تودەیی و ئێرانچێتیش دەس بە سەرهەڵدان دەکات، واتا هەتا قۆناخی رووخانی کۆماری کوردستان جۆری ناسنامەی زاڵ لە ناو ئەو

حیزبە دا ناسنامەی نەتەوەیی‌یە. بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دیمۆکراتەوە بە هێنانی سوسیالیزم وەک ئامانجی دوارۆژی ئەو حیزبە، ئەو ناسنامەیەش بە هۆوییەت حیزبەوە زیاد دەکرێ. بە هاتنی کۆنگری شەشەمیش کێشە لەسەر جۆر و چەشنی "سوسیالیزمەکان" و ململانەی نێوخۆیی بە لووتکەی هەرە بەرزی خۆی گەیشت.

## د. قاسملوو رێئاڵ پۆلیتیکی کورد

لێ بەلێ بۆ چی دوکتور قاسملوو لە کاتی گەڕان بۆ خاشەبڕ کردنی میراتی فیکریی حیزبی تودە لە ناو حیزبی دێمۆکراتدا، تەنیا هەوڵ دەدا بە "سوسیالیزمی دێمۆکراتیک" ئەو ئەرکە راپەڕێنی؟ وڵامی ئەم کەلێنە لە هەنگاوەکانی دوکتور قاسملوو لەو قۆناغەدا بە "رآلپولیتکی کورد"و "پارسەنگی هێز" وەڵام دەدرێتەوە. مێتۆدی کاری دوکتور قاسملوو لەو قۆناغەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەگەر لە "کوردستان و کورد" دا لە روانگەی کەسایەتی‌یەکی مارکسیست - لنینیستەوە لە دۆزی کوردی روانیوەو هەوڵی داوە بەکەڵک وەرگرتن لە دەقەکانی ئەو ئیدئۆلۆژیە باس لە مەسەلەی کورد بکات، لەو قۆناغەدا شوێنەوارەکانی ئەو بیرە بە کەمترین ئاستی خۆی دەگات. ئیتر دوکتور لە غەمی ئەوە دا نیە بزانێ دەقەکانی ئەو تئۆریە لەگەڵ پێک هێنانی دەوڵەتی بچووک و گچکەدا هەن یا نین. هیچ کام لەمانە سەرقاڵیی دوکتور قاسملوو نەماون ئیتر. بەڵام تیزی دوکتور قاسملوو بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستانی بن دەستی ئێران درێژەی هەمان خەتە کە لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێمۆکرات دارێژراوە و بەنێوی "دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" گەڵاڵە کراوە.

دوکتور قاسملو لەم قۆناغەدا بەدوور لە کارتێکەری‌یەکانی بیری مارکسیست- لینینیستی کێشەی کورد دەخاتە کۆنسێپتێکی تایبەتی‌یەوە:

"لەبارەی مەسەلەی نەتەوەیییەوە نێوەرۆکی ئەم مەسەلەیە لەراستیدا ئەستاندنی "مافی دانانی چارەنووس"ە. ئەم مافە دەکرێ بەچەند شێوە جێبەجێ بکرێ:

یەکەم: "سەربەخۆیی" (استقلال) کە شێوەی هەرە بەناوبانگیەتی. نەتەوەیەک کە سەربەخۆیی وەردەگرێ، مافی چارەنووسی خۆی بە تەواوی دابین دەکا.

دووهەم" شێوەی "فیدرالیزم"ە. واتە وەرگرتنی مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی حکوومەتێکی "فیدرال"دا.

سێهەم: خودموختاری"[32]

"با لە پێش دا ئێمە ئەوە بڵێین ئێمە وەک حیزبی دێمۆکرات حەقی سەربەخۆیی بۆ هەموو میللەتێکی زۆرلێکراو لەم دنیایەدا قائیلین یانی حەقی جیابوونەوە، کەوابوو دەبێ ئەو حەقە بۆخۆشمان قائیل بین. ئەگەر جودا نابینەوە و داوای جودایی ناکەین، دەلیلمان بۆ ئەوە هەیە، دەبێ ئەو دەلیلە باس بکەین". [33]

"حەقی جودا بوونەوە لەگەڵ جودابوونەوە دوو شتی جیاوازن. بۆ نموونە لە زۆر وڵاتان دا ماوەیەکی زۆر خەبات کراوە بۆ ئەوەی کە ژن حەقی تەڵاقی هەبێ. ئایا کاتێ ژن حەقی تەڵاقی دەدرێتێ مانای ئەوەیە کە دەبێ تەڵاق وەرگرێ؟ مانای ئەوە نیە، بەڵام ئەو حەقەی دەبێ هەبێ کە ئەگەر رۆژێک ویستی جیا بێتەوە دەبێ ئەو حەقی ئەوەی هەبێ. بەڵام بوونی ئەو حەقە و داوا کردنی دو شتی جیاوازن کە وا بوو ئێمە ئەو حەقە بۆ خۆمان قائیلین. بەڵام داوای ناکەین..."[34]

"جودابوونەوە لە کوردستانی ئێستا دا چەند باری هەیە. لە چەند سەتحدا ئەو مەسەلەیە موتاڵا بکەین. یەکیان مەسەلەی نێوخۆیی خودی کوردستانە. یەکێکیان مەسەلەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەو جێگایەی کە ئێمەی تێدا هەین. یەکێکیان لە چوارچێوەی میللەتان یان نێونەتەوەیی دایە. لە سێ ئاست دا دەبێ موتاڵا بکەین."[35]

"ئاستی یەکەم نێوخۆی کوردستانە: لە پێش دا بزانین داوای چی دەکەین. ئایا ئێمە داوای جودابوونەوە بۆ کوردستانی ئێران بکەین؟ یان داوای کوردستانی گەورە بکەین؟ ئەوە بۆ خۆی جاری دوو مەسەلەیە.

ئەوە دەبێ حەل بکەین لە بەینی خۆماندا، چونکە مافی دانانی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد یانی هەموو کوردستان نە لە یەک جودابوونەوەیە. بەڵکوو بە پێچەوانە یەکگرتنەوەیە. پێکەوە یەکگرتن مافی جودابوونەوە نیە، مافی یەکگرتنەوەیە، جودابوونەوە لە میللەتەکانی دیکەیە. بەڵام لە واقیعدا حەقی یەکگرتنەوە، تەنانەت لە حەقی جودابوونەوە زیاترە". [36]

"دیارە ئەگەر داوای "استقلال" هەر بۆ کوردستانی ئێران بکرێ دەکەوینە نێو ئەو چەند دەوڵەتە. باشە ئەوانە دۆستی کورد نین، دۆستی دەوڵەتێکی (سەربەخۆ)ی کورد نابن. بە شەش، حەوت میلیۆن کەسەوە ئێمە ئیمکاناتی دەوڵەتی ئیسرائیلمان نیە. نە لەباری یارمەتیی دەرەوە نە لە باری زەمینەی پێکهاتنیەوە، چونکە ئیسرائیل کە پێک هات باشترین دانیشتوانی و باشترین ئەفراد لە هەموو دنیاوە کە جوولەکەکان بوون چوون بۆ ئیسرائیل.. ئەگەر واقعبینانە بیر بکەینەوە وەزعی خراپی ئابووریی کوردستان، پێشکەوتنی وەزعی ئابووریو سەنعەتی کوردستان هەلومەرجی دەوروبەرمان یانی وەزعی "ئیستراتژیکی"و ژئۆپۆلۆتیکی" ئەوە کە پێی دەڵێین جوغرافیای سیاسی هیچیان رێگا نادەن کە ئێمە بتوانین سەربەخۆیی کوردستانی ئێران بپارێزین. کە وا بوو بە کردەوە ئەوە دەبێ لەو لا دابنێین، چونکە دەبێ شەر بکەین. ئەو هەموو شەهیدە بدەین شتێک پێک بێنین کە نەتوانین بیپارێزین... ئێستا بێینە سەر بەشی دووهەم: بڵێین باشە ئێمە سەربەخۆیی کوردستانی ئێرانمان ناوێ. ئەگەر داوای "استقلال" بکەین "استقلال"ی هەموو کوردستانمان دەوێ. جا ئەگەر ئەوەمان گوت دیارە لە چوارچێوەی ئێران دەچینە دەرێ. دەچینە ئاستێکی دیکە. دەچینە ئاستی رۆژهەڵاتی نێوەراست. داوای "استقلال"ی کوردستان کردن یانی تێکدانی سنووری چوار دەوڵەتان. دەوڵەتی عەرەبی وەک عێراقو سوریە، کە وابوو داوای سەربەخۆ کردنی کوردستان بە مانای رووبەروو بوونەوەیە نەک هەر لەگەڵ دوو دەوڵەتی عەرەبی بەڵکوو لەگەڵ زۆر دەوڵەتی عەرەبی دیکەش... دوو دەوڵەتەکەی دیکە یەکێکیان ئێرانەو ئەوی دیکەیان تورکیەیە. تورکیە بەشێکە لە سازمانی ئاتلانتیکی شیمالی (ناتۆ) جودا کردنەوەی بەشێک لە خاکی یەکێک لە ئەندامانی ناتۆ هەروا ئاسان نیە. چونکە تورکیە لەگەڵ وڵاتانی ئۆرووپای رۆژئاوا

ئەمریکا لە پەیمانێکی نیزامی دایە، پشتی بەقەوەتە... ئێرانیش دیارە بۆخۆی وڵاتێکی چەندین میلیۆنییە. ئەویش بۆخۆتان دەبینن ئێستاش پاش تێکچوونی رێژیمی پاشایەتی، قودرەتی هەیە و پشتی جەبهەی هەیە". [37]

دوکتور قاسملوو لەم بەشەدا بە بەراوردێک لە هێزی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەو ئاکامە دەگا کە لە باری نێوخۆیی‌یەوە کورد خاوەنی ئەو هێزە نیە سنووری چوار دەوڵەتان بشکێنێ. "هەروەها لەباری رۆژهەڵاتی نێوەراستیش دا، کەس نیە پشتیوانیمان لێ بکا لە بەرامبەر ئەو دوژمنە کە هەمانە." [38]

"لە رۆژهەڵاتی نێوەراست بچینە سەتحی جیهانی، بزانین لە دەوڵەتە گەورەکان یان لە دەوڵەتە نێونجی‌یەکان کێ ئامادەیە پشتیوانی لە "سەربەخۆیی"ی کوردستان بکا. با ئەوە لە نەزەر دابگرین کە ئەمریکا بێت و دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ تورکیە تێک بدا کە ئەندامی ناتۆیە و بە یارمەتیی ئەمریکا دەژی. بۆچی، بۆ ئەوە کە میللەتی کورد سەربەخۆیی بداتێ. دەبێ ئەوەندە ئینسان دۆست و بەشەردۆست بێ؟ کە وا بوو وڵاتە غەربییەکان بەگشتی پێیان خۆش نیە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کە بۆیان "حساس"ە، قازانجی ئابوورییان هەیە، نەوت دەبەن و سیلاحی پێ دەفرۆشن، قازانجێکی زۆری بازرگانییان هەیە، بێن و پشتیوانی لە شتێک یان پەدیدەیەک بکەن کە سنووری چوار دەوڵەتان تێک دەدا، بۆ بیکەن؟ ... دەوڵەتان پێش هەموو شتێک قازانجی خۆیان لەبەر چاو دەگرن و مەسڵەحەتی خۆیان دەپارێزن." [39]

"کە وا بوو بە کردەوە داوا کردنی سەربەخۆیی بۆ ئێمە بێجگە لەوە کە عەمەلی نیە، زەرەریشی هەیە. زەرەرەکەی لە چی دایە؟ زەرەرەکەی ئەوەیە هەر کە ئێمە داوای سەربەخۆیی‌مان کرد بۆ وێنە لە کوردستانی ئێران، ناخۆشی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکە دەست پێ دەکا یانی لەگەڵ تورکیە و عێراق و ئەو جار ئیدی بە عەمەلی و ئاشکرا شەڕمان لەگەڵ دەکەن... کە وا بوو دروشمی ئەساسیمان هەر (دێمۆکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان)ە." [40]

"دەمێنێتەوە خودموختاری. شێوەی مافی چارەنووسی ئێمە خودموختارییە... داوا کردنی خودموختاری دیارە مانای ئەوەیە کە ئێمە

لەگەڵ دوڵەتی ئێران دا تەرەفین. ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران شەڕ دەکەین. لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی دیکە شەڕ ناکەین. نەلەگەڵ تورکیە شەڕ دەکەین نە لەگەڵ عێراق شەڕ دەکەین... چونکە ئێمە ئێرانین و دەمانهەوێ لە ئێران دا خودموختاری وەربگرین. کە گوتمان خودموختاری مانای ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئێران دا داواکانمان جێبەجێ دەکەین."[41]

"ئەگەر توانیمان خودموختارییەکی باش وەرگرین بێگومان ئەوە دەبێتە نمونەیەک بۆ کوردستانی عێراق و بۆ کوردستانی تورکیەش... کە وا بوو ئێمە لە ئێراندا ئەگەر خودموختاریمان وەرگرت، دەبینە نمونەیەک بۆ عێراق."[42]

وەک دەبینین کێشە و گرفتەکە لەسەر ئەوە نیە کە کورد نابێ یاخود بە قازانجی نیە دەوڵەتێکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی هەبێ، بەڵکوو لە روانگەی د. قاسملووە لەبەر ئەوەیە پارسەنگی هێز چ لە ئاستی ناوچەکە و چ لە ئاستی نێونەتەوەیی رێگا بە کورد نادا ئەو ئامانجە بۆ مەیدانی کردەوە راگوێزێ. کە وایە لێرەدا قسە لە فاکتەری هێز و باڵانسی دەسەڵاتە کە بوونەتە لەمپەر بۆ بەدەوڵەت بوونی کورد. بۆیە لێرەوە ئیتر باس لە "خوێندنەوەی واقیعبینانە" و "رئالیستی" تێکەڵاو بە فیکرو ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دەبێ و ئەم خوێندنەوەی "واقعبینانە"یە بۆ ماوەی نیزیک بە نیو سەدە لە دروشمی ئۆتۆنۆمی دا دەبیندرێتەوە.

بەڵام سەیر ئەوە بوو هیچ کات ئەو دروشمە "واقعی"یە کە بە لەبەر چاو گرتنی فاکتەری "هێز"و "ریئال پۆلیتیکی" کورد لە ناوچەکەدا خسترابووە روو، نەبوو بە واقعییەت. "واقعبینانە" بوونی هەر تەنیا لە سەر لاپەڕی بڵاوکراوەکانی حیزبی وەک دروشم مایەوە، بەبێ ئەوەی لە کردەوەدا تەنانەت بۆ ماوەیەکی کاتیش توانیبێتی عەمەلی بکرێ. بە هێنانی رێبازی **"دیمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"** واقعییەتی مێژوویی - سیاسی کوردستان کە بریتیـیە لە لکاندنی زۆرەملی و دابەشکراویی و داگیرکراویی نیشتیمانێک خرایە لاوە و کێشەی کورد هەتا ئاستی گرفتی کەمە نەتەوەیەک بۆ چوارچێوەی نێوخۆیی ئێران دابەزێندرا و مەسەلەی کورد بوو بە مەحکوومی هەلومەرجی سیاسی ئەو

وڵاتە. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەش بە کردەوە ڕەسمی‌یەتی بە پێناسەی داسەپاو و زڕەکیی ئێرانی بوونی کورد دا.

لە نێوان سێ ئاڵترناتیوی: پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی، فیدرالیزم و ئۆتۆنۆمی، کورد لانی کەمی داخوازی و سەرەتایی‌ترین چارەسەر هەڵدەبژێرێ، بەڵام بۆ گەیشتن بەو لانیکەمە، سەخت و خوێناوی‌یترین شێوەی خەبات واتە خەباتی چەکدارانەی پەیڕەو کرد. لەوەش گرینگتر پتر لە 50 ساڵ دەرفەت بۆ چارەسەریی ئۆتۆنۆمی تەرخان کرا. نیوسەدە بۆ هێنانەدیی ئامانجێک کە بە سیاسەت و چارەسەریی "واقعبینانە" ناوزەد کرابوو، ماویەکی کەم نیە.

سەرنەکەوتنی دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ ماوەیەکی ئاوا دوورودرێژ (کە لە چەند قۆناغدا خەباتێکی سەختی بۆ کراوە) ئەو ڕاستی‌یە دەردەخات کە ئەو دروشمە بە پێچەوانەی ئەوەی کە ناوی سیاسەت و دروشمی واقعبینانەی لێنرابوو، هێندەش "واقعبینانە" نەبوو. فاکتەری هێزو باڵانسی دەسەڵات بۆ هەمان دروشمی واقعبینانە بەدرێژایی هەموو ئەو ساڵانە ئاڵقەیەکی ونبوو لە پراکتیزە کردنی دا بوو.

بەڵام گرفتی ئەو خوێندنەوەیە تەنیا هەر ئەوە نەبوو کە نەیتوانی لە کردەوەدا بێتە دی، بەڵکوو لە باری سیاسی‌شەوە دەسکەوتێکی بۆ کورد بەدواوە نەبوو. بەو مانایە کە نە توانی تەومژی "جیاوازیخوازی" لە لای دەوڵەت و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە هەموو باڵ و ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی بەرانبەر بە دۆزی کورد بڕەوێنێتەوە و نە لە مەیدانی ڕاکێشانی پشتیوانیی ئەوان دا توانی سەرکەوتنێک بەدەس بێنێ. بەدرێژایی نیزیک بە نیوسەدە کورد گرەوی لەسەر دیمۆکراتیزە کردنی ئێران کرد، کەچی جگە لە ناکامی سیاسی و ستەم و چەوسانەوەی پتر، تووشی ڕووناکایی و دەرەتانێکی تر نەهات.

دابەشکراوی و داگیرکراوی کوردستان دۆخێکی ئاڵۆزە. تەنانەت کاتێ کورد بۆخۆی دۆزەکەی بە مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئێرانیشەوە دەبەستێتەوە، بۆ بەرانبەرەکانی قبوڵ ناکرێ. چونکە بەدی‌هێنانی هەر جۆرە مافخوازی‌یەکی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان، بە مانای تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەوانی تر لەقەڵەم دراوە.

ئۆتۆنۆمی شێوازێکی لامەرکەزیی ئیداریی هەرێمی‌یە لە چوارچێوەی یەکێەتیی یاسایی و سیاسیی دەوڵەت دا. بەو دیمەنەش ئۆتۆنۆمی هیچ پەیوەندییەکی بە یاسای گشتی نێودەوڵەتی‌یەوە نییە. بەڵکوو سیستمێکی یاسایی ناوخۆییە و بناغە و مەشرووعییەتی لە دەستوورو بنەماکانی یاسای ناوخۆییەوە وەردەگرێ. لە کەش و هەوایەکی ئاواش دا بەهیچ جۆرێک لە بەرژەوەندیی هیچ زلهێزێکی دەرەکی دا نەبوو لا لە مەسەلەیەک بکاتەوە کە خاوەن مەتڵەب بۆخۆی بڕیاری داوە کێشەکەی وەک مەسەلەیەکی نێوخۆیی سەیر بکردرێ. کە وایە خودی ئەو دروشمە بۆخۆی لە جەوهەری خۆی دا کۆسپێک بوو بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد لە سیاسەتی نێونەتەوەیی دا ببێتە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی.

لە لایەکی دیکەشەوە دابین کردنی دیمۆکراسیش پێوەندێکی جەوهەری و ڕاستەوخۆی بە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی‌یەوە نی‌یە. ئەزموونی گەلێک وڵاتان نیشانی داوە، دیمۆکراسی ڕێگا چارەسەر نی‌یە بۆ کیشەی نەتەوەیی. بۆ وینە لە ئیسپانیا دیمۆکراسی هەیە بەڵام کێشەی گەلی باسک کە لە نێوان ئیسپانیا و فەرانسە دا دوو کەرت کراوە، هەر وا بێ چارەسەر ماوە. مەسەلە داپۆشراوەکەی گەلی کۆرسیکای فەرانسەیش هەر بە هەمان شێوە وینەیەکی ترە لە چارەسەر نەکراویی کێشەی نەتەوەیی لەو وڵاتانەی کە بە پرۆسەیەکی چەندسەد ساڵی دیمۆکراتیزە بوون دا تێپەڕیوون. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەگەر لەو وڵاتانەدا کێشە و گرفتی نەتەوەکان بێ‌چارەسەر ماوەتەوە، لە وڵاتێکی وەک ئێران کە ئیستیبدادی ڕۆژهەلاتیی رابوردوویەکی درێژخایەنی هەیە، پەستاوتنی کێشەی کورد لە کۆنسێپتی دیمۆکراتیزە بوون دا خۆی لە کوێ دا دەبینێتەوە؟ ئەگەر لەباری فەننی‌شەوە چاو لە مەسەلەی دیمۆکراسی بۆ چارەسەری کێشەی کورد بکەین، دەبینین کە کورد لە ئێران دا 17 لە سەدی دانیشیوانی ئێران پێک دێنێ. گریمان بیانەوێ بە پێی بنەمای پرەنسیپی دێموکراتیک مەسەلەی نەتەوەیی کورد چارەسەربکەن بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی کەمی نوێنەران و جیاوازیی ئایین و فەرهەنگ و ئیلتیزامی نوێنەران بۆ پاراستنی بەرژەوەنی ئەو کەسانەی کە هەلیان بژاردوون ئایا ئەو مەسەلە چارەسەردەکرێ؟ بێگومان لە پراتیکدا ئەو یەکسانی مافە دابین ناکرێ.

دێموکراسی کەرەسەیەک نییە بۆ بە ئامانج گەیاندنی نەتەوەیەکی وڵاتداگیرکراو. چونکە دێموکراسی شێوەیەکە بۆ بەڕێوەبردنی حاکمییەت کە تێیدا ئازادییە فەردیی و سیاسییەکان دەستەبەر دەکرێن. بەڵام دۆزی کورد کۆتایی هێنان بە داگیرکردنی وڵات و پێکهێنانی کیانێکی نەتەوەیی و خۆیبوونە. ئەو ئامانجە لە چوارچێوەی حاکمییەتی داگیرکەردا هەرچەند دێموکراتیش پێناسەبکرێ بەدی نایە. ئەگەر ویست و داخوازی نەتەوەیەک دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بێ، دێموکراسیی ئەو فۆرماسیۆنە نییە کە ئەو ئامانجە بێنێتە دی. چوونکە دێموکراسی بۆ بەڕێوەبردن و ئاسانکردنەوەی ئەرکەکانی دەوڵەت یان حاکمییەتە. مەسەلەی کورد جیا لە دێموکراسییە. کورد خوازیاری حاکمییەت یان بەشداریی راستەوخۆ لە حاکمییەتدایە. دێموکراسیی ئامانج نییە، بەڵکو شێوەیەکە بۆ بەڕێوەبردنی حاکمییەت لە کۆمەڵگادا. گەوهەری مەسەلەی کورد رزگاریی نەتەوەییە کە، ئامانجی سەرەکییە. گەلانی ولاتداگیرکراوی وەکو کورد لە رەوتی خەبات بۆ رزگاریی خۆیاندا هەرگیز دێموکراتیزەکردنی ولاتی داگیرکەرەکەیان نەکردووەتە ئامانج بۆ گەیشتن بە رزگاربوونی خۆیان. نموونەی هەرەبەرچاوی ئەووڵاتانە ئاشکران. هەموو ولاتانی عەرەبی کە لە دەوڵەتی داگیرکەری عوسمانیی رزگاریان بوو، نە داخوازی دێموکرتیزەکردنی عوسمانیی بوون، نە دێموکراسیشیان بۆخۆیان کردبووە ئامانج. ئەوەی کە ئەو گەلانە دەیانویست و بڕێکیان بە ملیۆنیش قوربانییان بۆدا هەرگیز نە دیموکراسیان دەناسی و نە ئەو چەمکەیان بە زەین دادەهات. ویستەکەیان تەنیا دروستکرنی کیانێنێکی نەتەوەیی بوو. ئەلجەزایر بۆ کەسانێک کە مێژووی نزیکی ئازادیخوازیی نەتەوەکانی لەبەرچاو بێ، نموونەیەکی حاشا لێنەکراوە. گرفتی نەتەوەی بندەست و داگیرکەر لە نەبوونی دێموکراسییەوە سەرچاوەی نەگرتووە. لە وڵاتانی سۆسیالیستیی دا کە ئێددیعایان دەکرد دێموکراسیی تێیاندا بەرفرەتر لە ولاتانی کاپیتالیستییە و مەسەلەی نەتەوەکانیان تێدا چارەسەر کردووە، دەرکەوت کە ئەوە هەر ئێددیعایەکی بێ نێوەرۆک بووو بەس. با ئێمە ئەو باسە بە شێوەیەکی دیکە بێنینە گۆڕێ و بڵێین: ئەگەر نەتەوەی سەردەست و داگیرکەر خۆی لە هەلومەرجی نەتەوەی بندەستدا دیتبایە ، ئایا هەرئەو

داخوازەی دەبوو کە بۆ نەتەوەی بندەستی خۆی پێشنیاری‌دەکا؟ واتە، خۆی لەو داخوازی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ دوور دەخاتەوە و رەزامەندیی خۆی بۆ پەرەگرتنی دێموکراسیی لە بری مافی بەدەوڵەت بوون دەردەبڕی؟! بێگومان وەلامی ئەو پرسیارە نایە. ئەو ولامە بە روونی دەریدەخا کە کێشەکە لە نەبوونی دێموکراسییەوە سەرچاوەناگرێ، بەڵکوو لە کێشەی بەرژەوەندییی دوونەتەوەی جیاواز و لە کێبەرکێی مەسەلەی حاکمییەتدا خۆی‌دەردەخا. دەتوانین نموونەنەیەکی بەرچاوی دیکەش لەو پێوەندییەدا باس بکەین. بریتانیا لە سەدەی شەشەمی میلادییەوە خاوەنی پارلمانە و ئازادیی و دێمووکراسیی لەووڵاتەدا سەقامگرتوو بووە. بزووتنەوەی رزگارییخوازیی گاندیی و حیزبەکەی بۆ ئەوە خەباتی نەدەکرد کە حکومەتی ئینگلیز دێموکراتیزەتر بکا، بەڵکوو رزگارکردنی وڵاتەکەی لە داگیرکەر بە لاوە ئامانج بوو.

دیارە لێرەدا مەبەست تاوتوێ کردنی دروشمی دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان نی‌یە. ئەوەش مەبەست نیە کە داخوا ئەو دروشمە چەندە لە ئاستی ئەو هەموو قوربانی‌دان و ماڵوێرانییە دا بوو کە کورد تووشی هاتووە، بەڵکوو ئەوەی مەبەستی سەرەکی‌یە لێرەدا ئەوەیە کە بڵێین مێژوونووسی حیزبی دەقاودەق لە گۆشەنیگای جۆری سیاسەت و روانینی رۆژەوە بۆ پێناسە کردنی کۆمار روانیویە.

لە هەموو ئەو گەشتەدا مەبەست ئەوە بوو بڵێین لە دوای کۆماری کوردستانەوە ستراتیژیی رێبەرایەتیی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەر رێبازی "دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" بونیاد دەنرێ. بەگوێرەی ئەو ستراتیژی‌یە کورد لە بارستایی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دا پارسەنگی هێز دەرەتانی ئەوەی پێ نادا بیر لە پرۆژەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بکاتەوە. هەر بۆیە کورد دەبێ سیاسەتێکی "واقعبینانە" رەچاو بکا و مەسەلەکەی دەبێ لە چوارچێوەی ستروکتوری سیاسی و یاسای ئێراندا چارەسەر بکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە هاوکات لەگەڵ خەملینی ئەو بیرە، بە هەموو جۆرێک هەوڵی داوە کاتێ لە بیچم و ناسنامەی کۆمار و بیری پێشەوا بدوێ، لەو سنوورە نەترازێ کە ئێستا وەک خەتێکی سیاسێ بۆ تێکۆشانی حیزبی خۆی دیاریی کردوە.

ئاوێتە بوونی گوتاری مێژوونووسی حیزبی بە سیاسەتی رۆژ و سەردەمەوە تا ئێستا، گرینگترین هۆکاری سەرنەکەوتنی مێژوونووسی حیزبی بووە. هەر بۆیە فەسڵەکانی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە تەواوی تەرخان کراوە بۆ هێنانە ئارای خوێندنەوەیەکی دیکە لەوەی کە تا ئێستا لە گوتاری مێژوونووسیی حیزبی دا هاتۆتە بەرهەم.

سەرچاوەکانی فەسڵی حەوتەم :

1. د. قاسملو پاشکۆی "تێکۆشەر" نامیلکەی نێوخۆیی حیزبی دێمۆکرات دەوری دووهەم ژمارە 27، 1368.
2. د. قاسملو. چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی فەسلی سێهەم 1332_ 1326 چاپی یەکەم لاپەڕەکانی 16و17.
3. د. قاسملو. چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی فەسلی سێهەم 1332_ 1326 چاپی یەکەم ل 72.
4. د. قاسملو. چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی فەسلی سێهەم 1332_ 1326 چاپی یەکەم ل.87
5. ئەم بەشە لە کتێبی پیداچوونەوە. ژمارە 2 لە نووسینی کاک کەریم حیسامی وەرگیراوە. بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە لاپەرەکانی 101 تا 110 ی ئەو کتێبە.
6. لەم باریەوە بڕوانە "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ژمارە 6، پووشپەڕی ساڵی 1350ی هەتاوی بەرابەر بە ژوئیەی 1971ی زایینی.
7. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ژمارە 8 خەرمانانی 1350. سپتامبری 1971. بروانە وتاری سەرنجێک لە بەرنامەی حیزب
8. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 37 گەلاوێژی 1354. ئووتی 1975. بروانە گوڵبژێرێک لە بەرنامەی حیزب دا کراوەو لەو ژمارەی "کوردستان"دا چەند بڕگەیەکی لێ چاپ بووە.
9. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 22 سەرماوەزی 1351 دیسامبری 1972. بروانە وتاری دامەزرانی یەکێتی سوویتی سوسیالیستی نموونەیەکی نوێ لە پێوەندی ناونەتەوەکان.
10. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 37. گەلاوێژی 1354.
11. ئیعلامیەی کومیتەی مەرکەزی حیزبی تودەی ئیران پازدەی بەفرانباری 1354. نامەی مردم ژمارە 150.

12. بڕوانە وڵامی حیزبی دێمۆکرات بە حیزبی تودە کە لە کوردستانی ژمارە 37 ئۆرگانی کومێتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) لە ژێر سەردێڕی ولامی پەیامێک دا چاپ کراوەو لە گەلاوێژی 1354 واتە ئووتی 1975 بڵاو کراوەتەوە.
13. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 37 گەلاوێژی 1354. ئووتی 1975 بڕوانە وتاری: وڵامی پەیامێک.
14. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 37. گەلاوێژی 1354. ئووتی 1975 بڕوانە وتاری: وڵامی پەیامێک.
15. "کوردستانو کورد" د.قاسملوو. ل 264و .265
16. کوردستان و کورد د. قاسملوو ل 266 چاپخانەی کتێبی ئەرزان سوئێد گەلاوێژی 2004.
17. کوردستان و کورد. د قاسملوو ل .266
18. کوردستان و کورد. د. قاسملوو ل .277
19. مجله مردم. شماره 4 سال اول دوره پینجم به نقل از مقاله اندرز تاریخ.
20. کوردستانو کورد د. قاسملو ل 86 وەرگێڕ عەبدوڵڵا حەسەنزادە 1352 هەتاوی. 1973ی زایینی.
21. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. ژمارە 15 خاکەلێوەی 1351 ئاوریلی 1972. بڕوانە بیرەوەریی 10 خاکەلێوە.
22. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. ژمارە 1 ڕێبەندانی 1349. بڕوانە وتاری دەرسەکانی جووڵانەوەی مەهاباد.
23. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. ژمارە 1 ڕێبەندانی 1349 بەرابەر لەگەڵ ژانویەی 1971، بڕوانە بەیاننامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەبۆنەی تێپەڕ بوونی 25 ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری دیمۆکراتی ...
24. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. ژمارە 15 خاکەلێوەی 1351 ئاوریلی 1972. بڕوانە وتاری بیرەوەریی 10 خاکەلێوە.

25. چل ساڵ خەبات لە نووسینی د. قاسملوو. کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران پووشپەڕی 1381ی هەتاوی ژوئیەی 2002ی زائینی لاپەری .69
26. کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزم. دوکتور قاسملوو.
27. کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزم. دوکتور قاسملو.
28. کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزم. دوکتور قاسملو.
29. کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزم. دوکتور قاسملو.
30. شیکردنەوەی کورتەباس. دوکتور قاسملو.
31. شیکردنەوەی کورتە باس. دوکتور قاسملوو. بڕوانە کتێبی بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو بەناوی تاڤگەی هەقیقەت لاپەڕی .60
32. بڕوانە کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزم. لە نووسینی دوکتور قاسملوو.
33. باسێک سەبارەت بە دروشمی بنەڕەتیی حیزبەکەمان... دوکتور قاسملوو. بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتوور قاسملوو. کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی. بەرگی یەکەم ل .289
34. بڕوانە بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو، وتاری باسێک سەبارەت بە دروشمی بنەڕەتی حیزبەکەمان. بەرگی یەکەم لە کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی ل .289
35. بڕوانە بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو، وتاری باسێک سەبارەت بە دروشمی بنەڕەتی حیزبەکەمان. بەرگی یەکەم لە کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی ل .289
36. بڕوانە بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو، وتاری باسێک سەبارەت بە دروشمی بنەڕەتی حیزبەکەمان. بەرگی یەکەم لە کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی ل .289
37. بڕوانە بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو، وتاری باسێک سەبارەت بە دروشمی بنەڕەتی حیزبەکەمان. بەرگی یەکەم لە کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی.
38. بڕوانە بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو، وتاری باسێک سەبارەت بە دروشمی بنەڕەتی حیزبەکەمان. بەرگی یەکەم لە کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی ل .295
39. بڕوانە بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو، وتاری باسێک سەبارەت بە دروشمی بنەڕەتی حیزبەکەمان. بەرگی یەکەم لە کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی.

40. بڕوانە بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو، وتاری باسێک سەبارەت بە دروشمی بنەڕەتی حیزبەکەمان. بەرگی یەکەم لە کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی.
41. بەرگی یەکەمی بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو لاپەری 300.
42. بەرگی یەکەمی بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملو. لە کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی. ل 310. تێبینی ئەم وتارە باسێک بوو کە دوکتور قاسملوو لە ساڵی 1364ی هەتاوی هێناویەتە گۆڕێ.

## دۆزی کورد لە تەرازووی بەرژەوەندیی زلهێزەکان دا

تێک شکانی ئاڵمانی نازی و هاوپەیمانەکانی، تەنیا بە مانای شکستی فاشیزمی هیتلێری و مۆسولینی و نیزامیگەریی ئاڵمان و ئیتالیا و ژاپۆن نەبوو. ئاکامی ئەو شکستە لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتی‌یشەوە، سەفحەی سیاسیی جیهانی تووشی گۆڕانکاری‌یەکی گەورە کرد و چۆنیەتیی پارسەنگی نێوان دەوڵەتانی گۆڕی و زلهێزی دیکەی لێکەوتەوە.

هێشتا بلێسەی ئاگری شەڕ بەتەواوی نەکووژابۆوە، شەڕێکی سارد لە نێوان دوو بەرەی دژبەر لەمەڕ دابەش‌کردنی میراتی شەڕ هاتە ئاراوە. یەکیەتیی سۆڤیەتی لە لایەک و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیستیعماری ئینگلیس لە لایەکی تر، دوو جەمسەری دژبەری ئەو دوو بەرەیە بوون. هەر دوو جەمسەر لە هەوڵی ئەوە دابوون زۆرترین دەسکەوتەکانی دنیای دوای شەڕ بۆخۆیان کۆ بکەنەوە. هەرکامیان لە بیری ئەوەدا بوون وڵاتگەلێکی تر لە باری سیاسی‌یەوە بە جەمسەربەندیی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان بلکێنن.

ئەم کێبەرکێ‌یە بەبێ بوونی ململانێ‌یەکی زۆر ئۆرووپای کردە دوو جەمسەر بە دوو سیستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی جیاوازەوە. لێرەوە سنوورەکانی ئۆروپا لە نێوان هەرکام لەو دوو جەمسەرە دابەش کراو هەوڵدرا جۆرە پارسەنگێک پێک بێ کە هەر دوو لایان پێ قایل بن و بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیانی تێدا ببیننەوە.

بەڵام ئەو کێبەرکێ‌یە لە هەموو شوێنێک نەیتوانی وەڵامێکی یەک لاکەرەوەی پێ بدرێتەوە. ئێران یەکێک لەو شوێنانە بوو کە هاوپەیمانانی سەرکەوتوو لە شەڕدا، نەیانتوانیبوو لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی خۆیاندا لەسەر چۆنیەتیی مسۆگەر کردنی قازانج و بەرژەوەندی‌یەکانیان لەو وڵاتە بە ئاکامێکی هاوبەش بگەن. بۆیە ململانەی ئەو هێزانەی لە ئێران بۆ قۆناغی دوای شەڕ بە هەڵپەسێردراوی هێشتەوە. لەو ساتە وەختەدا سێ دەوڵەتی زلهێز چاویان بڕیبووە بیرە نەوتەکانی ئێران و جۆری دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتەدا.

یەکێتیی سۆڤیەت وەک لایەنێکی سەرکەوتوو لەشەڕدا و وڵاتێک کە سنووری هاوبەشی لەگەڵ ئێران دا هەبوو و لە دوای شەڕ پێویستی بە قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی سەردەمی شەڕ هەبوو بە زیتی چاوی تەماعی لە بیرە نەوتی‌یەکان و چەشنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بڕیبوو.

زلهێزی دووهەم بەریتانیا بوو کە لەگەڵ ئەوەی خۆی لە بەرەی وڵاتانی سەرمایەداریی ئەو کاتەدا دەدیتەوە، بەڵام نەیدەویست لە دوای شەڕ هێژمۆنی جیهانی و نفووزی لەمێژینەی خۆی لە ئێران بۆ ئامریکا و سۆڤیەت لەدەست بدات.

سێهەم زلهێزیش ئەمریکا بوو. وڵاتێک کە بە هۆی دووری لە شەڕ توانیبوی سەنعەت و ئابووری‌یەکی بەهێز بۆ وڵاتەکەی دابین بکات و بەهۆی لەدەس دابوونی چەکی ئەتۆمی‌یەوە توانی کۆتایی بە دوایین زێدی شەڕ بێنێ و لە هەوڵی جێ پێ لێژ کردن بۆ هەر دوو زلهێزەکەی تر بوو.

بۆ کورد هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ئێران بە مانای کرانەوەی دوو دەرگا بوو:

یەکەم: هەر لە کۆنەوە تا ئێستا بەرژەوەندیی کورد لە هاتنە کایە و درێژەکێشانی بارودۆخێکدا بووە کە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی ناوەند بەرە و کزیو لاوازی و بنەبڕ کردن بەرێ. کورد وەک نەتەوەیەکی ژێردەستە و پەلامارد‌راو چ قازانجێکی لەوە دانەبووە دەوڵەتێکی بەهێزو بەدەسەڵات لە ناوەند مۆڵ بدرێ.

دەرگای دووهەم: هاتنی هێزی هاوپەیمانان و کێشەی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەوان، ئەو هیوایەی لای کورد دروست کرد کە کێشەی کورد بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی لە خانەی بەرژەوەندیی ئەو زلهێزانەدا ببینێتەوە و لە ئاکامی دۆخێکی وا دۆزی کورد لە سیاسەتی نێونەتەوەیی دا لایەکی لێ بکرێتەوە.

ئەگەر بۆ نەتەوەخوازیی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە ئێران، پریشکی ئاگری شەڕ بە هاتنی هێزی هاوپەیمان سەروەریی نەتەوەیی لێ لەق بوو، بۆ نەتەوەی زۆرلێکراوی کورد ئەم مەسەلەیە رێک بە پێچەوانە بوو. کورد پشوویەکی تازەی هاتەوە بەر. پێشەوا لەم بارەیەوە دەڵێ:

"هەموو گەلانی سەرزەوی هەوڵ ئەدەن هەرچی زووتر کۆتایی بە شەڕ بێت، بەڵام کوردەکان نیگەرانن بە کۆتایی هاتنی شەڕ، ترسی ئەوەیان هەیە کە دوای شەڕ هێزی هاوپەیمانان ئێران جێ دێڵن و دەسەڵاتدارانی ئێران سەر لەنوێ دەست دەکەنەوە بە چەوساندنەوە و سووکایەتیکردن بە کورد."[1]

"سوپای سوور پێنج رۆژ لای ئێمە مانەوە، ئێمە دەمانگوت ئەم سوپایە لە هیچ سوپایەکی تر ناچێت. فرمێسک بە چاوی خەڵکدا دەهاتە خوارێ و دەمانگوت ئەمە چۆن سوپایەکە، خەڵکەکە ناحەقیان نەبوو، هەموو راهاتبوون کاتێک هێزێکی چەکداریان دەبینی مانای ئەوە بوو هاتوون بۆ سەرکوتکردنەوەی کوردەکان."[2]

ئەم کەش و هەوایە بارودۆخێکی نوێ بوو. هەموو هەوڵی رێبەرایەتی بزووتنەوەی کورد لە پێناوی ئەوە دابوو لەو بارودۆخە نوێیە بە قازانجی دۆزە رەواکەی ئەوپەڕی کەڵکی پێویستی خۆی لێوەرگرێ. پێشەوا ئەم بارودۆخە نوێیە لە چەند رستەی کورت بەڵام پر بەپێست و پڕماناذا بەو جۆرەی خوارەوە دەردەبڕێو دەڵێ:

"ئێمە لەو رووناکییەی کە لە دنیادا بریسکەی دێ خۆمان بە بەشدار دەزانین و پێمان ناکرێ لە رۆژی رووناک دا چاومان بقوچینین و لە تاریکی دا دابنیشین."[3]

پێشەوا بەوێنەی رێبەرێکی راستەقینەی نەتەوەیی، زۆر باش لە ژان و برک و ئازارەکانی نەتەوەکەی خۆی گەیشتبوو. نەتەوەخوازیی فارس و دەسەڵاتە سیاسییەکەی بە هۆکاری هەموو دواکەوتوویی و چارەڕەشییەکانی نەتەوەکەی دەزانی و بەبێ هیچ ترس و لەرزێکی سیاسی و بەئاشکرا لە بانگی دا کە:

"ئەی تاران ئەو هەموو قەسر و قسوورەت کە بەماڵی مە دروست کردووە بەست بێ. با ئەمەش فکرێکی بۆ خانوولە گڵینەکانمان کە وەغارانی دەوری سەنگی دەچن بکەین، ئەو هەموو خیابانی ئسفاڵت و کووچەی رازاوەت کافییە، ئەمەش دە کووچانیک دا لەبەر تۆزی بە وشکانی و لەبەر قوڕ بە تەڕوتووشی ناتوانین پێیدا بڕۆین، با ئیسلاحاتێکی بکەین ئەو هەموو تەجەمولە دە هەر خانوویەکی تارانیە دا وەخر کرد و خەراج و قیمەتی هەموو وڵاتی کوردانە چ ئیستیفادەیەکت لێکردووە کە ئیدیشت دەوێ؟ سینگو بەرۆکی خانمانوو هێندە زێڕ و زێو تێکردووە کە دوو ئێرانی دیشی پێ ئاوەدان دەبێ ئیدی چت دەوێ لە کوردی رووتاوەوە؟ دیسان دەڵێم، بڵێن سەرانی کورد، بڵێن سەرداران بڵێن براو جووتێرەکان و زەحمەتکێشەکان بڵێن چ بکەین و تەکلیف چییە؟"[4]

ئەگەر ژێکاف لە "نیشتمان" دا پەسنی ئینگلیستان دەکا و لە شۆڕشی ئۆکتوبر رێز دەگرێ بۆ ئەوەی ئەو زلهێزانە ئاوڕێک لە مەسەلەی کورد بدەنەوە، پێشەوا قازی محەممەدیش وەک کەسایەتییەکی ناسراو و خاوەن

پێگەی جەماوەری، لە ریزی پێشەوەی ئەو هەوڵانە دەبینرێ بۆ سازمان دانی خەڵک و بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد لە سیاسەتی جیهانی دا.

بۆ راکێشانی سەرنج و پشتیوانیی ناوەندەکانی سیاسەتی جیهانی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد، پێشەوا هەوڵی دەدا بە هەموو لایەنەکانی بڕیاردەری سیاسەتی جیهانی‌یەوە پێوەندی بگرێ و کێشەی کوردیان لەگەڵ دا بێنێتە ئاراوە. واتە لەو نێوەدا جۆری ئیدئۆلۆژی و سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتانە کاریگەری‌یەکی لەسەر بڕیاری پێشەوا نەبوو، بۆ دامەزراندنی پێوەندیی دیپلۆماسی و بە مەبەستی یارمەتی وەرگرتن بۆ دۆزی کورد. بە لای پێشەواوە گرینگ ئەوە بوو لە سیاسەتی جیهانی‌دا مەسەلەی کورد لای لێ بکرێتەوە و پشتیوانیی لێ بکرێ. لە نێو دۆخێکی وادا:

"بۆ هەوەڵین جار لە رۆژی 25ی سپتامبری 1941دا واتە دروست پاش مانگێک لە گرتنی ئێران لەلایەن شورەوی و ئینگلستانەوە دوو ساحێب مەنسەبی ئەمریکا و ئینگلیس لە شاری مەهاباد چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ قازی محەممەد کرد. قازی محەممەد نەخشەی "یەکێتیی کوردستان"ی بۆ ئەوان باس کرد و بۆی شەرح دان و لەوانی پرسیار کرد کە "چۆن دەکرێ و دەتوانێ لەگەڵ سەرۆکی فەرماندەری پایەبەرزی ئینگلیس چاوپێکەوتنێکی هەبێ؟"[5]

"هەر لە یەکەم رۆژەکانی رزگاربوون لە زۆرداری رەزاشا، پیاوانی وەک قازی محەممەد حەولیان داوە کوردەکان یەکگرتوو کەن... ئەوان لە پێشدا روویان لە بریتانیای مەزن کرد وەکو [هێزێکی] کە زیاتر لە هەموو لایەنێکی دی وێدەچوو لێ‌وەشاوەیە کە یارمەتییان بکا. لە 25ی سپتامبری ساڵی 1941دا ئەفسەرێکی بریتانیایی و یەکی ئامریکایی گەیشتنە مەهاباد، قازی محەممەد لە کاتێکدا ئەو پایە قسەکانی وەردەگێراو دیلمانجی بۆ دەکرد، گەڵاڵەیەکی لێلی لەمەڕ کوردستانێکی یەکگرتوو لەگەڵ ئەفسەرە بریتانیاییەکە هێنایە گۆڕێ، داوای لێکرد چۆن دەتوانێ پێوەندی لەگەڵ بنکەی سەرکردایەتی عەسکەری بریتانیا بکا. بۆچوونی ئەفسەرە بریتانیاییەکە بە تەواوی دروست بو: ئەو چ بەڵێنێکی بە قازی نەدا، بەڵام رووسەکان ئەوەیان بیستەوە کە قازی لە بیری دا بوو ترسیان ڕێ نیشت."[6]

بۆ پێشەوا گرینگ ئەوە بوو کورد لەو دیلی و دەسبەسەری‌یە رزگاری بێ. پێوانەی ئەو، لە بواری سیاسەت و کار و چالاکیی دیپلۆماسیدا، پێوانەیەکی نەتەوەیی بوو. پێشەوا بەرژەوەندیی نەتەوەی کوردی بە بنەما

دەگرت بۆ ئەوەی دووری و نزیکی لەگەڵ دەوڵەت و لایەنێکی سیاسی بکات و لە هەڵبژاردنی دۆستان و پشتیوانانی دۆزی کورد بیری نەتەوەیی لە جێگای عەقیدەی دینی بڕیاری دەدا.

بەڵام ئینگلیستان و ئامریکا لە نێو پێکهاتەی هاوپەیمانانی شەڕ، بەهیچ جۆرێک نە تەنیا حازر نەبوون مەسەلەی کورد بە هێند بگرن و پشتگری سیاسیی لێبکەن، بەڵکوو گەشە کردنی دۆزی کوردیان بە هەڕەشەیەک دەزانی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان. ئەو سیاسەتە بەر لە هەر شتێک لەو رووەوە بوو: ئێران وەک یەکەیەکی سیاسی تەواویەتیی ئەرزیی خۆی بپارێزرێ و دەوڵەتی ئێران وەک دەسەڵاتێکی بەهێز لە ناوچەکەدا سەروەریی بۆ بگەڕێتەوە.

روانینی ئەمریکا و ئینگلیستان لە حاند مەسەلەی کورد، لە دەلاقەی مەسڵەحەت و بەرژەوەندییەکانی خۆیان و دەوڵەتی ئێرانەوە بوو. خۆ دوور راگرتنی ئەو دەوڵەتە بۆ لا کردنەوە لە مەسەلەی کورد (لەژێر ئەو بیانووە کە نایانهەوێ دەس لە کاروباری ناوخۆی ئێرانەوە وەربدەن) رێک بە مانای پشتیوانی کردن لە دەسەڵاتی تاران بوو. بەردی بناغەی بەرژەوەندییەکانی هەر دوو زلهێز، ئێرانێکی بەهێز و راگرتنی ئاشتی و ئارامی لەو وڵاتە بوو. زەخت و فشارەکانی ئامریکا و ئینگلستان بۆ چۆل کردنی هەرچی زووتری هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، خۆی لە راستی دا بە مانای ئەوە بوو جارێکی تر سەروەریی ئێران بۆ هەموو مەڵبەندەکانی ئەو وڵاتە بگەڕێتەوە و دەسەڵاتی ناوەندی بۆ بەگژ داچوونەوەی هەر جۆرە ئاڵۆزییەک تەیار بکرێتەوە.

یەکێک لە کاربەدەستانی باڵوێزخانەی بریتانیا بە ناوی ئار.دەبیلو. ئورگورات R.W. Urguhrat کاتێک لە 13ی ئوکتۆبری 1942 دەچێتە مەهاباد، چاوی بە پێشەوا دەکەوێ لە راپۆرتێک دا دەنووسێ:

"دوای قازی محەممەد هاتە لام. ئەو برێک بە ئینگلیسی قسە دەکا، بەڵام زۆر چاکی لێ حاڵی دەبێ. من بە لەبەرچاو گرتنی پێوەندییەکانی لەگەڵ رووسەکان و ئەوەی سەبارەت بە ئاواتەکانی دەمزانی، دەبوو زۆرم ئاگا [لە قسەکانی خۆم] بێ. من بە باسی گەنم دەستم پێکرد و، پرۆژەی ئەویش بە گشتی هەر وەک ئەوانی دی وابوو، ئەوەی لێ زیاد کرد کە ئاسۆی شار بۆ بێکاران زۆر ناخۆش و جێی داخە و، بە لێبڕاوییەوە کوتی کە ئەنباری رەسم [دەوڵەتی] لە 20 تا 30 تۆن زیاتری گەنم تێدا نییە. پاشان دەستی کرد بە گلەیی‌و گازان لە رووسەکان و، قسەکانی من لەمەڕ پەسندان و پێزانینی ئەوەی رووسەکان بۆ بەرگری لە ستالینگراد و "جێی

دی" کردوویانە شلی نەکردەوە. ئەو پەسنی بریتانیاییەکانی دا بۆ ئەو ئاکارەی لەگەڵ کوردەکان لە عێراق بویانە و کوتی کە کوردەکان تەنی دەتوانن بە یارمەتی بریتانیا چاوەڕێی ئەوە بن هەلومەرجی خۆیان باشتر کەن و بە ئازادی بگەن.

لێرە دا من لێم پرسی داخوا پێی خۆشە بەسەرهاتی بەرزنشینەکانی (Highlanders) سکاتلاندی بۆ بگێڕمەوە، هەلەکان و رەنجەکانیان بەر لەوەی کە هەلوێستی خۆیان باشتر بکەن. هەڵبەت ئەو زۆر بە ئەدەبەوە کوتی پێی خۆشە ئەوە ببیستێ. جا بۆیە ئەمن باسی تینویەتی بەرزنشینەکانی سکاتلەندم بۆ ئازادی بۆ گێڕایەوە، باسی گێرە و کێشەی نەپساوەیان، نەبوونی یەکێتی یان دیسپلین، پەلامارەکانیان بۆ ناوچە نزمەکان (Loslands) ئامادەییان بۆ خزمەتکردن بە ئامانجەکانی هێزی بێگانە، واتە فەرانسە بە دژی ئینگلیستان لە ئاخر شکانەکانیاندا. دیارە دوایە ئاشتبوونەوە سەری گرت و ئێستا بۆ چەندین وەچە دەچی کە بەرزنشینەکان (Highlanders) کە من خۆم یەک لەوانم، ماف و دەرفەت و دەرەتانی یەکسانیان لەگەڵ پاشماوەی تەبەعەکانی پادشادا هەیە.

من پێم گوت: ئەوە بە پیاوی وەک ئێوە بەستراوەتەوە کە حەول بدەن هەمان یەکسانی لە دەرفەت و ئیمتیازاتدا بە رێگەی ئاشتییانە بۆ کوردەکان وەدەست بهێنن و خۆ لە گالمبەرلەند (Gumberland)ێکی خوێنای کوردی بپارێزن. هیوادارم ئەوان ئێستا ژیرانە بجووڵێنەوە و دەست بکەن بە هەڵس و کەوت و پێوەندی لەتەک تاران.

پێم وانییە کە ئەو مەوعیزانەی من شوێنێکی ئەوتۆی لەسەر قازی دانابێ، بەڵام بە لانی کەمەوە تەئسیری ئەوەی هەبوو کە پێش بە درێژەدانی قسە دژی رووسیە بە مەترسییەکانی لێبگرێ."[7]

دیارە ئەو سیاسەتە تەنیا بەرامبەر بە رۆژهەڵاتی کوردستان رەچاو نەدەکرا، بەڵکوو لە باشووری کوردستانیش بەرژەوەندیی سیاسەتی ئینگلستان لە دۆستایەتی و تەیار کردنی دەوڵەتی ناوەندی دا خۆی دەدیتەوە و هەر بۆیە سیاسەتی ئینگلستان نە تەنیا یارمەتیدەر و هاندەرڕێک بۆ کورد نەبوو، بەڵکوو مەبەستی خاپاندن و نەقۆزینەوەی هەلی لەباری رەخساوی لە خۆیدا حەشار دابوو. نامەی باڵوێزی بریتانیا بۆ بارزانیی نەمر نێوەرۆکی ئەو سیاسەتە بەروونی دەردەخا. باڵوێز لە نامەکەی دا بۆ بارزانی دەنووسێ:

"وا من عێراق بەجێ دەهێڵم و بەداخەوەم کە ناتوانم بە شەخسی خواحافیزیت لێبکەم، بەڵام لە جیاتییان ئەم نامەیەت بۆ دەنێرم. وەک

دەزانی، من بۆ ماوەیەکی زۆر بە کاروباری تۆوە خەریک بووم. تۆ ئێستاش هەر موشکیلەت هەیە، بەڵام ئەوە رێبازی هەموو مرۆڤێکە و تۆ دەتوانی خۆشحاڵ بی کە پرسیارەکانت ئێستا لە جاران زیاتر نزیک بە وەڵامدانەوەن. وەک ئاگاداری، حکوومەتی عێراق خەریکە یاسایەک دەخاتە بەر دەمی پارلمان کە لێبوردنت پێ بدرێ. ئەوەش دەرەتانت پێ دەدات ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەیت و لە داهاتوودا وەک هاووڵاتیی‌یەکی ئاشتیخواز بژیت. لەلایەکی ترەوە، دەزانم کە دەتەوێ کارێکی زیاتر بۆ خەڵکەکەت بکرێت. ئەو مەسەلەیە لە بەغدا بەباشی ناسراوە و دۆستانی بەریتانی و عێراقیت هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دان یارمەتیت بدەن. بەڵام تۆ دەبێ ئەوە بزانی کە یەکەم هەنگاو پیویستە لەلای تۆوە هەڵێنرێتەوە، ئەوەش نابێ لە شێوازی هەڕەشە کردن بۆ ئاژاوەنانەوە بێت. ئەو چەشنە هەنگاوە هیچکەس خۆشحاڵ ناکات، نە بریتانیایی و نە عێراقیەکان و، دەیانگەینێتە ئەنجامی ئەوەی لایان وا بێت کە تۆ کەسێکی کە دەیەوێ ئاشتی بشێوێنێت و کاتی ئەوان بەفیرۆ بدا. تۆ باشترە بیر لە داهاتوو بکەیەوە نەک لە رابردوو، ئەوەش بزانیت کە تۆ و خەڵکەکەت ئیستا لە چوارچێوەی سنوورەکانی عێراقدا وەک وەرزێڕی چالاک و هاووڵاتی باش دەژین.

دوا نەسیحەتم بۆ تۆ ئەوەیە کە دەبێ ئەوە بزانی کە رۆژانی موشکیلەکان کۆتاییان پێ‌هاتووە. تۆو خەڵکەکەت دۆستانێکی زۆریان هەیە، بەڵام تەنیا لە رێگای ئاشتیخوازانەوە، کاتێک یارمەتیتان دەدەن کە خوازیاری ئاشتی بن، دەبێ ئەوە بزانن کە ئێستا گەلێک تەنگ و چەڵەمە لە جیهاندا هەیە. ئێمە ئێستاش شەڕی دوو دژمنی بەدکار و خاوەن بڕیار دەکەین و هەموو توانامان بۆ ئەو کارە تەرخان کراوە. ئەوانەی وا لەو کارەدا یارمەتیمان بدەن دۆستی ئێمەن و ئەوانەی وا بەرگریمان دەکەن دوژمنمان..."[8]

ئەگەر سیاسەتی دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ئینگلستان، لەسەر بناغەی پشتیوانیی راستەوخۆو بە ئاشکرا لە دەوڵەتی ناوەندی دامەزرابوو، یەکێتی سۆڤیەت تەنیا دەوڵەتیکی زلهێز بوو لە قۆناغی جیاواز و بەشێوەی جۆراوجۆر لە حاند مەسەلەی کورد نەرم و نیانی لە خۆی نیشان دەدا. پێوەندیی نێوان کورد و کاربەدەستانی شورەوی لەو ساڵانەدا چەند قۆناغی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینی.

"سیاسەتی زەمانی شەڕی شوورەوی لە سەرووی ئێران ئاوا داندرابوو کە رێگەی چوون و دەربازبوونی پێداویستی و کەلوپەلی عەسکەری بە

ئێراندا بەرەو شورەوی خۆش بکا. بە لەبەرچاگرتنی ئەو داوخوازە سەرەکییە، کاربەدەستانی شوورەوی تێدەکۆشان لەگەڵ کوردەکان تووشی کێشە نەیەن، بەڵام ئاواش نەدەجووڵانەوە کە بەتایبەتی بەرژەوەندیی ئەوتۆ بورووژێنن کە لەوانە بوو هێوری و سەباتی گشت هەرێمەکە تێک دا."[9]

بەشێک لەو ئەرشیفانەی ئەو سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت کە کەوتوونەتە بەردەست تارادەیەکی زۆر ڕووناکی دەخاتە سەر ڕوانینی کاربەدەستانی موسکۆ لە حاند دۆزی کورد لەو قۆناغەدا.

لە یەکێ لە نامەکانی حەسەنۆف سەرکۆنسولی یەکێتی سۆڤیەت لە تەورێز هاتووە کە:

" 9 سپتامبری 1944 کوری یەکێک لە سەرۆک هۆزەکانی کورد "هۆزی دێبۆکری" بە ناوی قاسم ئیلخانیزادە هاتە لام و ڕایگەیاند کە لە مەهاباد ڕێکخراوێکی نهێنی کوردییان پێک هێناوە کە ئەو و زەبیحی و عەلی ریحانی و مەنافی کەریمی و... هتد ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوەن. ئەو ڕێکخراوە گۆڤارێکی تایبەتی هەیەو ئۆرگانی ناوەندی ئەم پارتییە کە تا ئێستا چەند ژمارەیان لێ بڵاو کردۆتەوە... ئیلخانیزادە وتی: "ئێمەش دەمانەوێ قوتابخانە و چاپەمەنیمان بە زمانی خۆمان هەبێت و بەرێوەبەرایەتی کوردی ... هتدمان هەبێت، بەڵام ئێمە بەبێ یارمەتی دەرەوە زەحمەتە بگەینە مەبەستی خۆمان.

کوردەکان لەو باوەڕەدان کە دۆستی گەلانی بچوک، لەوانەش گەلی کورد، یەکێتی سوڤیەتە، لەبەر ئەوە ئێمە ئازادی گەلی کوردمان لە دەستی یەکێتی سوڤیەت دەویت. بۆیە ئێمە داوا لە کۆنسولی سوڤیەت دەکەین کە داواکارییەکانمان بگەینیتە دەوڵەتی یەکێتی سوڤیەت و... منیش لە وەڵامدا گوتم کە ئێستا یەکێتی سوڤیەت لە شەڕ دایەو دەرفەتی لێکۆڵینەوەی ئەو پرسیارانەی نییە."[10]

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانە، بۆ دامەزراندنی بناغەی پێوەندییەکی نیزیک بۆ داهاتوو، دوو هەنگاوی دڵخۆشکەرانە بەرامبەر بە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرنە بەر. لە هەنگاوی یەکەمدا:

"کاربەدەستانی سۆڤێتی دوابەدوای هاتنی لەشکری سوور بۆ ناو ئێران، لە سەرماوەزی 1320دا 20 کەسیان لە سەرانی ئێل و پیاوە ناسراوەکانی موکریان بانگ کرد بۆ باکۆ". [11]

"لەراستیدا ئەم سەفەرە زیاتر باری یەکتر ناسینی هەبوو، یانی مەبەست ئەوە بوو کە هەم سوڤیەتەکان نوێنەرانی کوردەکان بناسن و هەم سەرۆکە کوردەکان کۆمەڵی سۆڤیەتی لەنزیکەوە بەچاوی خۆیان ببینن و

بیناسن. هەرچەند لە بنەڕەتەوە ئەو سەفەرە، سەفەرێکی سیاسی بوو، بەڵام بەڕەسمی وەک سەفەرێکی فەرهەنگی ناویان برد."[12]

"لەم سەردانەدا کاربەدەستانی رووسی شتێکی ئەوتۆیان دەربارەی مافی نەتەوەیی کورد لەگەڵ میوانە کوردەکانیان باس نەکرد... بەڵکوو مەبەستیان دامەزراندنی پێوەندیی دۆستایەتی و ئاشنایی بوو لەگەڵ پیاوە دەسڕۆیشتووەکانی کورد."[13]

قەمتەر کردنی هێزی داگیرکەری ئێران بۆ ئەوەی نەتوانێ جارێکی دیکە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی لە موکریان دابمەزرێنێتەوە، دووهەم هەنگاوی ئەو سیاسەتە بوو. بۆ بزووتنەوەی کورد ئەم هەنگاوە دەسکەوتێکی کەم نەبوو. کورد بەهۆی ئەو سیاسەتەوە توانی لە کەشێکی ئارام و ئازاد تێکۆشانی سیاسیی خۆی رێک بخاو لە پرۆسەیەک دا خۆی بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی ئامادە بکات.

"یەکێتی شوورەوی لە ساڵی 1941دا سەرووی ئێرانی داگیرکرد و تا بەهاری ساڵی 1947 لەوێ مایەوە. لەو ماوەیەدا کاربەدەستانی شورەوی چەندین کردەوەی ئەوتۆیان لە خۆیان نیشان دا کە بووە هۆی خۆشەویستی شوورەوی لەنێو کوردەکاندا. کردەوەی هەرە گرینگ لەو بارەویەوە بریاری قەمتەر کردنی ژاندارمەی ئێران و یەکەکانی ئەرتەشی ئێران لە سەربازخانەکانی ئازەربایجان و بەرتەنگ کردنی هاتنی هێزی زیادی ئێرانی بۆ سەروو بوو. لە ئاکامی ئەو کارەدا، ئیتر تاران لەنێو ئەو کوردانەی وا لە سەرویی هێلی سەقز- بانە- سەردەشت... دەژیان چ دەسەڵاتی نەبوو."[14]

بە لای کاربەدەستانی ئێرانی گەلێک گرینگ بوو هەرچی زووتر هێزەکانیان لە کوردستان سەر لەنوێ مۆڵ بدەنەوە، بۆ ئەوەی کورد نەتوانێ لەو هەلە کەڵک وەربگرێ کە بۆی رەخسابوو.

"حەسەنی ئەرفەع" لەو بارەیەوە لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ:

"ئەو کات من رەئیسی ستادی گشتی ئەرتەشی ئێران بووم دەبوایە یەکانە لێک جیاوازەکانی ئەو ئەرتەشە لەناو وڵاتێک دا هەڵسوورێنم کە بەشێکی لەدەست روس و بەشێکیشی لە دەستی ئینگلیسیەکان دابوو. ئەرکێکی لە رادەبەدەر وردبوو و بەبێ پسانەوە پێویستی بە پێوەندی گرتن لەگەڵ لێپرسراوەکانی سەربازی ئەو وڵاتانە هەبوو. بەهۆی دۆستایەتی کۆنم لەگەڵ ژێنراڵ "ماژور فراستر"ی و پێوەندی ئاساییم لەگەڵ "ریدر"و ئەندامەکانی ستادی فەرماندەی ئەو وڵاتە. لە ئینگلیسیەکان نزیک بووم داواکانی ئێمە لە رێگای دۆستایەتیی دوو لایەنەوە چارەسەر دەکرا. چونکە

ئینگلیسیەکان دەیانزانی بەشێوەی کاتی لە ئێرانن، ئیزنی هەر چەشنە دەستێوەردانێکیان لە ناوچەی خۆیان بە ئێمە دەدا، بەڵام وەزعی ئێمە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی رووسەکان بە پێچەوانەی ئەوە بوو. یەکەکانی سەربازی ئێمە تەنانەت بەبێ ئیزنی ئەوان نەیاندەتوانی لە سەربازخانەکان بێنە دەرێ. کاتێک داوام لێکردن ئیزن بدەن کاروانێک سەرباز بۆ مەهاباد بنێرین ئەوان ئیزنی ئەو کارەیان پینەدابن و گوتیان دەتوانن تەنیا گوردانێکی پیادە بنێرن، ئەویش بەبێ چەکی قورس. منیش دەمزانی ناردنی سەرباز بۆ نێو چیاکانی دەوروبەری مەهاباد، بە مانای چەک کردن و بەکوشت دانی ئەوانە، ئەو کارەم نەکرد. ئەگینا تووشی ئەو بەڵایە دەبوون کە لە ساڵی 1921 بەسەر سەرگورد "مەلیکزادە"و ئەندامەکانی هات. ئاکامی ئەو کارەش ئەوە دەبوو کە روسەکان بڵێن ئێستاش ئەرتەشی ئێران تواناى شەڕ و بەربەرەکانیی کوردانی نیە و کوردەکانیش پتر هان دەدران کە هێزی خۆیان بۆ سەربەخۆیی وەکار بخەن."[15]

دوای بڕانەوەی شەڕ بەپێی ماددەی پێنجەمی "پەیمانی 3 قۆڵی ئیتحاد" یەکێتیی سۆڤیەت دەبوایە هێزەکانی خۆی لە ئێران بەرێتە دەرێ. بەڵام بەپێچەوانەوە، سەرانی کرملین حازر نەبوون هەروا بە ئاسانی پاشەکشە بە هێزەکانیان لە ئێران بکەن.

لە جەنگەی کەش و هەوایەکی ئاوا دایە سەرنجی کاربەدەستانی سۆڤێتی بۆ لای کوردستان خۆ لە ئاستێکی تر دا دەبینێتەوە. بانگهێشتنی کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی کورد لە سەرووی هەمووان قازی محەممەد بۆ جاری دووهەم بۆ باکۆ، بە مانای دەسپێکی دامەزراندنی قۆناغێکی تازە بوو لەنێوان روس و کورددا.

بانگهێشتنی ئەو سەفەرە بەتەواوی مەبەستی سیاسیی لە پشت بوو. لەو قۆناغەدا بەرژەوەندیی هاوبەش تەنیا پردی نێوان سۆڤیەت و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بوو. بۆ هەر دوو لا ئەو بەرژەوەندی‌یە هاوبەشە، خۆی لە دەسنیشان کردنی کۆمەڵێک ئامانج و مەبەستی دیاریکراودا دەدیتەوە. بزووتنەوەی کورد بە رێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد لە پشتیوانی‌یەکی دەرەکی دەگەڕا بۆ ئەوەی لەو بارودۆخەی کە لە دوای بڕانەوەی شەڕ هاتبوە گۆڕێ، ئامانجی نەتەوەیی خۆی بێنێتە دی.

لەو لاشەوە سیاسەتی سۆڤیەت لە دوای ئەوە دەگەڕا لە کێبەرکێی نێوان ئەو و ئەمریکا و ئینگلستان نەدرێتە دواوەو زۆرترین دەسکەوت لە ئێران بۆخۆی دەستەبەر بکات. ئەو دەسکەوتانە هەر لە هێنانە سەرکاری دەوڵەتێکی دۆست لە تارانەوە بگرە تا وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت،

بەگوێرەی رۆژ لە هەڵکشان و داکشان دابوو. هەر ئەندازە سیاسەتی سۆڤیەتی بۆ گەیشتن بەو مەبەستانە لە سیاسەتی تاران هیوابڕاوتر دەبوو، بەهەمان ئەندازە لە مەسەلەی ئازەربایجان و کوردستان پتر ئاوڕی دەدایەوە.

بوونی ئەم بەرژەوەندی‌یانە لە سیاسەتی مۆسکۆدا، هاندەرێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سنووردار لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بونیاتنانی دەسەڵاتدارەتی‌یەکی کوردی پشتیوانی بکات. بە واتایەکی تر دەمەوێ بڵێم ئەو پشتیوانی‌یە سنوورداره چ پێوەندی‌یەکی بەوەوە نەبوو کە سیاسەتی سۆڤیەتی ویستوویەتی دیفاع لە نەتەوەیەکی بێ کیانی وەک کورد بکات بۆ رزگاری لە ستەم و داگیرکاری. لە سەردەمی شەڕی سارد و جیهانی دوو جەمسەری و زاڵ بوونی گوتاری مارکسیست - لنینی لە نێو تێکۆشەرانی کورد، وا لە کورد دەگەیەنرا کە سۆڤیەت بۆ بەجێ‌گەیاندنی ئەرکی ئەنترناسیۆنالیستی لە سەردەمی کۆمار، پشتیوانیی لە کورد کردووە و بۆ ئەو دۆستایەتی لەگەڵ گەلانی زۆرلێکراو لەسەرەوەی هەموو بەرژەوەندی‌یەکە!

بۆ رەوینەوەی ئەو بیرە، کورد زیانی کەمی بەر نەکەوت. گەلێک ناکۆکی و دووبەرەکی لە ناو سیاسەتی کوردی لە ئاکامی ئەو جۆرە خوێندنەوەیە هاتنە گۆڕێ. ساڵانێکی دووروودرێژی ویست تا لە سیاسەتی مرۆڤی کوردی بەرەبەرە ئەو روانگەیە جێێ خۆی بکاتەوە کە تەنیا ئەوەی لە سیاسەتدا بریاردەرە بەرژەوەندی‌یە. هەموو هاوپەیمانێکی سیاسی تەنیا تا ئەو کاتە دەتوانێ درێژەی هەبێ کە بەرژەوەندیی هاوبەشی لە پشت بێ.

لەو ساڵانەش تەنیا هاندەرێک بۆ ئەوەی سیاسەتی کاربەدەستانی مۆسکۆ ئاوڕ لە کێشەی کورد بداتەوە، لە ئاکامی گەڕان بەدوای کۆمەڵێک بەرژەوەندیی خۆی دابوو. دیارە ئەو سیاسەتە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئامانجی ژێکاف کە بریتی بوو لە حەول دان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی گشتگری کوردی چ بۆرە خزمایەتی‌یەکی نەبوو. سنووری دەسپێک و کۆتایی پشتیوانیی سنووردراری سیاسەتی سۆڤیەتی، لە رۆژهەڵاتی کوردستان واوە نەدەترازا و ئاوقای سنوورەکانی ئەودیوی ئێران کە کوردیان تێدا دەچەوساوە نەدەبوو.

سەرچاوەکانی فەسڵی هەشتەم :

1. ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگنامەی سۆڤیەتی دا، بنکەی ژین سلیمانی 2007، د، ئەفراسیاو هەورامی.
2. ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. د. ئەفراسیاو هەورامی ل .23
3. نوتقی پێشەوا لە کاتی ڕۆیشتن بۆ ورمێ. ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە 72. 8ی گەلاوێژی .1324
4. نوتقی پێشەوا لە میتینگی ڕۆژی 1325/2/21 "کوردستان" ژمارە 47 ساڵی یەکەم. 4 شەمۆ 25 بانەمەڕی .1325
5. مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا. نووسراوی کریس کۆچیرا. وەرگێرانی محمد ریانی . چاپی دووهەم ڕێبەندانی 1369ی هەتاوی ل .258
6. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا. لە ورگێڕانی کاک ئەنوەر سولتانی بنکەی ژین 2005 سولەیمانی_ لاپەرەکانی 25و26 یادداشتی دیدارێک لە مەهاباد ئار.دەبیلو. ئورگورات R.W. .Urguhrat
7. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا. وەرگێڕانی کاک ئەنوەر سوڵتانی لاپەڕەکانی 37، 38و .39
8. نامەی بالویزی بریتانیا لە بەغدا بۆ بارزانیی نەمر، بڕوانە کتێبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا. لە وەرگێڕانی کاک ئەنوەر سوڵتانی، لاپەرەکانی 118،117و.119
9. پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان. نووسەر: ریچارد ئەی. مۆبلی. وەرگێڕانی حەسەنی قازی ل.279
10. بڕوانە گۆڤاری رابوون ژمارە 22 ساڵی 1997، هێندێ بەڵگەو بۆچوون لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف، ئەفراسیاو هەورامی لە ڕووسیەوە کردوویەتە کوردی.
11. چل ساڵ خەبات لە نووسینی دوکتور قاسملوو ل .61
12. چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی.. لە نووسینی دوکتور قاسملووی نەمر.
13. حکومەتی کوردستان. کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا ، نەوشیروان مستەفا ئەمین ل .80
14. پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان لە نووسینی "Richard A. Mobley" و وەرگێڕانی حەسەنی قازی.
15. حەسەن ئەرفەع. کوردەکان. وەرگێرانی حامید گەوهەری چاپی کتێبی هەرزان 1995 بڕوانە لاپەری 98.

## سیاسەتی کوردی لەبەردەم چوارڕێیانێکدا

ڕێبەرایەتیی سیاسەتی کوردی لەو چرکە ساتە هەستیار و چارەنووسسازەدا دەبوایە لەنێوان چوارڕێیانێکدا هەڵبژاردنی بکردایە. ڕێگای یەکەم ئەوە بوو بزووتنەوەی کورد لەو هەلە کەڵک وەرنەگرێ و چاوەڕوانی ڕەوتی ڕووداوەکان بمێنێتەوە. یاخۆ لە باشترین حاڵەتدا گوێبیسی ئامۆژگاریی ئینگلیسەکان بوایە بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران بۆ کوردستان.
دووهەم ڕێگا مل کەج کردن بۆ پاشکۆیەتیی حکومەتی ئازەربایجان لە تەوریز بوو.
بەدیلی سێهەم: درێژەدان بە ئامانجی ژیکاف بۆ پێک هێنانی کوردستانێکی گەورە بوو.
ئالترناتیوی چوارەمیش بریتی بوو لە دانوساندن لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتی بەمەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانیی ئەوان بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سەربەخۆی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
لە حاند ئەو چوار بەدیلەدا پێشەوا بۆ بەدی هاتنی ئاڵترناتیوی چوارەم قۆڵی هەڵماڵی. لە هەڵبژاردنی ئەو بڕیارە چارەنووسسازەدا بیرێکی ورد بە لەبەرچاوگرتنی پارسەنگی هێزەکان دەوری بینیبوو. بۆ نەتەوەی ژێردەستی کورد کە تەنێ بەشی ڕاونان و تووناکردنی هویەتی میللی و نەتەوەیی بووە، پاراستنی تەواویەتی ئەرزیی ئێران دەیتوانی چ جێگایەکی هەبێ؟ ئەو چوارچێوە جوغرافیاییە کە ئێرانی ناو بوو، چ خۆشی و بەختەوەرییەکی بۆ ئینسانی کوردی بەدیاری هێنابوو، کە پێشەوا غەم بۆ تەواویەتیی ئەرزیی بخوا. بۆیە بەدیلی یەکەم بۆ پێشەوا نەیدەتوانی قابیلی قەبووڵ بێ.
لەو ماوەیەدا پێشەوا:
"دوو جار ڕۆیشتوە بۆ تاران و هەر دوو جارەکە چاوی بە شا کەوتووە و داوای لێکردووە کە لە بری ناردنی تۆپ و تانک بۆ کوردستان، پێویستە پێداویستی گەشە کردن و پەروەردەو بارهێنان و لەش ساغی بنێرێت بۆ کوردستان". [1]
کاربەدەستانی تاران لە هیچ ئاستێکدا تەنانەت لە هەلومەرجێک کە ئێران لەلایەن هاوپەیمانانەوە داگیر کرابوو و دەسەڵاتی پاشایەتی لە دۆخێکی ئاڵۆز و قەیراناویشدا بوو، دیسانیش حازر نەبووە سووکە

ئاورێکیش له مەسەلەی کورد بداتەوە. بۆیه هیچ کام له سەفەرەکانی پێشەوا نەیتوانی گۆڕانێک له سیاسەتی تاران له حاند کوردستان بێنێته دی.

بیرەوەرییەکانی "حەسەن ئەرفەع" لەم پێوەندییەدا بۆ ناسینی بڕۆکەیەک له هەوڵ و کەسایەتیی پێشەوا شیاوی خوێندنەوەن. ئەرفەع له بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ:

"لەو سەروبەندەدا بوو که قازی محەممەد و سەیفی قازی هاتنه تاران. رۆژێک برای قازی محەممەد - سەدر- که نوێنەری مەجلیسی شورای میللی- ش بوو، به تەلیفون داوای لێکردم تا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئەو، و براکەی هەبێ. ئەوان هاتن بۆ ستادی ئەرتەش و گفتوگۆیەکی هەمه بابەته و دوور و درێژمان کرد. سەدر و سەیف تا رادەیەک خۆیان دەپاراست و هێمن بوون و به پێچ و پەنا قسەیان دەکرد و دەیانگوت هیوادارن دەوڵەتی ئێران له تایبەتمەندییەکانیان بگات و مافی نەتەوەیی ئەوان بسەلمێنێ و ئەوانیش بۆ پێشخستنی تەواوی میللەتی ئێران هاوکاری دەوڵەت بکەن. قازی محەممەد که راست و رەوانتر لەم دووانه قسەی دەکرد له سەرەتادا گلەیی له نارەحەتیەکانی پێشوو کرد. پاشان له فەساد و نالایق بوونی دەزگاکانی دەوڵەت له ناوچه کوردنشینەکان دواو لەم بابەتەوە که بۆ چی له کوردەکان بۆ کاری دایرەکانی ئەو ناوچەیه کەڵک وەرناگیرێ قسەی کرد. من له وڵامدا گوتم خاوەن شکۆ پاشای مەزن! هەر ئەو هەستەی له بەرامبەر کورداندا هەیه که له بەرامبەر کەمایەتیەکانی تری نەتەوەیی دا هەیەتی... خاوەن شکۆ پاشای ئەم ئیمپراتوریەمو سەر به نەتەوەیەکی تایبەتی نیه، بەڵکوو سەر به هەموو کەمایەتیەکانی وەک فارس، تورک، بلوچ و کورد، تورکەمەن. عەرەب و ئەوانی تره.. **سەرەڕای ئەم گوتنانه دیتم قازی محەممەد کەسێکی ئاوا نیه که بەو قسانه بترسێ، بەڵکوو له داهاتوودا گیروگرفتمان بۆ پێک دێنێ**."[2]

"هەر بۆیه تاران بەتەواوی له مەسەلەی جیابوونەوەی کوردستان نەترەی چووبوو و به هەموو توانایەوە هەوڵیدەدا لەسەر رێگای مەبەستێکی وا کۆسپ و تەگەره بنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش کومیسیۆنێکی دەوڵەتیی له نوامبری 1941 نارده کوردستان. کومیسیۆنەکه توانی ژمارەیەک له گەورەپیاوانی دەسرۆیوی ناوچەکه کۆبکاتەوە، بەڵێنی پێدان بەمەرجێک ئەوان قەبووڵ بکەن جارێکی تر دەزگای ئیداریی دەوڵەتی دابمەزرێتەوە، دەوڵەتیش له چەکدار بوونی وان چاو دەنووقێنێ و هەروەها دەشتوانن جلوبەرگی کوردیش به ئازادی لەبەر بکەن". [3]

"بەڵام وادەو بەڵێنییەکی وا، چ دەسکەوتێک نەبوو. لە دوای لەسەرکار لاچوونی رەزاشا ئەو خەڵکە هەم چەکدار بوون و هەم ئازاد بوون بۆ پۆشینی جلوبەرگی کوردی. بۆیە ئەم پێشنیارە بە خێرایی درایە دواوە". [4]

کورد ئەو قۆناغەی بەجێ هێشتبوو. پێشەوا و تێکۆشەرانی کورد بە تەجروبە ئەو راستییەیان بۆ دەرکەوتبوو، کاربەدەستانی تاران لە قەیرانیترین دۆخی دەسەڵاتدارەتیشیان دا حازر نین کێشەی کورد بە هێند بگرن. بۆیە هەوڵەکانی پێشەوا و سیاسەتی کوردی ئیتر نەیدەتوانی هەر لە تاران چاو ببڕێ. کورد لەو ماوەیەدا هەموو هێزی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو لە تاران دووری بگرێ و لە بەرانبەردا لە نێو سیاسەتی زلهێزەکانی دەرەکی دا، بۆ پشتیوان بگەڕێ.

ئاڵترناتیوی دووهەمیش کێشە بوو لە نێوان "خۆبوون" و پاشکۆ بووندا. مەبەسەت لە "خۆبوون" لێرەدا بەمانای پێکەوەنانی ماڵێکی سەربەخۆ بوو بۆ کورد و بونیاتنانی قەوارەیەکی سەربەخۆی نەتەوەیی.

لە گوتاری نەتەوەخوازیی پێشەوادا دوکترینی ناسیۆنالیسم بە مانای یەکسانیی مافی سەروەریی نەتەوەکان بوو. لە جیهانی هزر و بیری پێشەوادا جێگایەک بۆ خۆکەمبینیی نەتەوەیی لەئارادا نەبوو. ئەو بە وێنەی رێبەرێکی راستەقینەی نەتەوەیی بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا کولتووری خۆکەمبینی و ژێردەستەیی لە بیر و مێشکی مرۆڤی کورد بنەبڕ بێ و بەرەو ئەوە هەنگاو بنێ متمانە بەخۆی و هێزی چارەنوس‌سازی خۆی پەیدا بکات.

لەو رۆژانەدا تێڕوانینی ناسیۆنالیستیی فیرقە لە حاند مەسەلەی کورد دەچووە خانەی روانینێکی دەمارگرژانەی نەتەوەییەوە. ئەو نەتەوەخوازییە لە هەوڵی ئەوە دابوو بەرگری لە دروست بوونی کیانێکی سەربەخۆی نەتەوەیی لە کوردستان بکات و مەسەلەی کورد وەک پاشکۆیەک بە قەوارەی ئازەربایجانەوە بلکێنێ. واتە هێشتا نەتەوەخوازیی کورد کۆت و بەندی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی ناوەندی بە تەواوی لەسەر لانەچووبوو، لەلایەن نەتەوەخوازیی ئازەرییەکانەوە خۆی لە بەرانبەر هەڕەشەیەکی تردا دیتەوە. لەم پێوەندییەدا کۆنسولی ئەمریکا لە راپۆرتێکدا باسی دیداری خۆی لەگەڵ پێشەوەری دەکا و دەڵێ:

"هەرچۆنێک بێ پیشەوەری لە دیدارێکی کە ئەو دواییانە لەگەڵم کرد کوتی: ئەو راوێژی بە قازی محەممەد کردووە و بە "پیاوێکی چاک"ی دەزانێ. سەبارەت بە "کوردە ئازەربایجانییەکان" دیارە ئەو بەو شەرتەی

قسەکه هەر لای خۆم بمێنێتەوه کوتی: ئەو پێی وانییە کوردەکان بتوانن حکومەتی خۆییان هەبێ و لە جیاتیان پێشنیاری پێکردوون ئەو ئامادەیە مەجلیسێکی نەتەوەیی‌یان بۆ پێک بهێنێ، واته تەنی شوورایەکی ئوستانی له ژێر حوکمی ئازەربایجان دا و پینج کورسی له مەجلیسی میللی ئازەربایجان دا. ئەو گوتی بەو رێگەیە دا کوردەکان فێر دەبن چۆن خۆیان بەڕێوه بەرن و دواتر لەوانەیە بتوانن خودموختاری تەواو وەدەست بهێنن". [5]

پێشەوا له کاتی درکاندنی ئەو مەترسی‌یە دەڵێ:

"دوو دەفعە لەلایەن ئازەربایجانەوه بۆ تەورێزییان بانگ کردم که له ئازەربایجاندا گرێمان هەبێ ئەمن پێشنهادی وانم قەبووڵ نەکرد چون میللەتی کورد چوار ساڵه که خودموختارە و داوای ئیستقلال و تیکخستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکات. زۆرم پێگران بوو که لەو حەقەی دەست هەڵبگرێ و ئیحساساتی ئێوه مانیعی ئەوەی بوو که ئێمه به خودموختاری رازی بین چونکوو که مودەی ئەو چەند رۆژەی که جێژن گیراوه ئیحساساتیکی ئێوه نواندووتانه وێنەیەکی حەساس و کامیله و دەبێ دنیا بزانێ که کورد لییاقەتی ئیستقلالو سەربەخۆیی هەیه". [6]

بەدیلی سێهەم: درێژەدان به رێبازی ژێکاف بوو. بەدیل و ئامانجی ژێکاف رەنگدانەوەی ویست و داخوازی لەمێژینەی هەموو نەتەوەی کوردبوو. هەر بەو پێیه هیچ کام له رێبەرانی کوردیش لەگەڵ بیری بەدەوڵەت بوونی کورد گرفتیان نەبوو. لەو نێوەدا کاتێ چاو له جموجۆڵه دیپلۆماسی‌یەکانی پێشەواو ژێکاف دەکەی، بەدەوڵەت بوونی کورد له ناوەندی سەرەکیی هەموو ئەو چالاکیانه دایه. بەڵام هەوڵدان بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی گشتگری کوردستانی لەلایەن هیچ کام له زلهێزەکانی ئەو کاتەدا جێگای پشتیوانی کردن نەبوو. لەلایەکی تریشەوه کوردیش به تەنیایی نەیدەتوانی ئەو ئامانجه له کردەوەدا بێنێته دی. ئەم کەش و هەوایه پێویستی گەڕان به دوای بەدیلێکی تر دێنێته ئاراوه.

## حیزبی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی

تایبەتمەندیی هەرە گرینگی کەشوهەوای ئەو ساڵانە، لەئارادابوونی هەل ومەرجێکی نائاسایی بوو. لەلایەک داگیر کردنی ئێران و کێشەی بەرژەوەندیی ئەو زلهیزانە لە ئێران، وەزعێکی تایبەتی و نائاسایی لەو وڵاتەدا خوڵقاندبوو. لەلایەکی دیکەشەوە دەسەڵاتی ناوەندی سەروەریی سیاسیی پێ لەق ببوو. لەم لاشەوە بیری سەربەخۆیی و ماف ویستی لەنێو کورددا رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر رەوتی گەشە و بەرەوپێش چوونی خۆی پێوابوو و سەردەمی ترس و خۆفی دەسەڵاتدارەتیی رەزا شای تێپەڕاندبوو.

بە کورتی بڵێین هەل ومەرجێکی شۆڕشگێڕانە باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو. هەل و مەرجێک کە نە دەوڵەتی داگیرکەری تاران دەسەڵاتی بەسەر بەشێک لە کوردستاندا مابوو، و نە کۆمەڵانی خەڵکی کوردیش قایل بە مانەوە لەو چوارچێوەیەدا بوون کە جگە لە بێمافی و داپڵۆسین، دەسکەوتێکی دیکەی بۆ بەدیاری نەهێنابوون. پڕ کردنەوەی ئەو بۆشایییە سیاسییە کە لە کوردستان پێک هاتبوو، مەسەلەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی کردبوە مەسەلەیەکی رۆژ.

ئیتر لەو رۆژانەدا مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ کورد بیرکردنەوە لە ئاسۆیەکی دوورەدەست نەبوو. هەموو دیاردەکان لەوە دەدوان ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە ناوچەکەدا بەڕێوەیە. لە دۆزێکی وا دا ئامانجی ژێکاف لە سیاسەتی هیچ کام لە زلهێزەکاندا نەیدەتوانی پراکتیزە بوون بەخۆیەوە ببینێ.

پێشەوا قازی محەمەد وەک بیرکەرەوەی فیکری سیاسەتی کوردی کەش و هەوای ئەو رۆژانە بە "وەختی کار و فورسەت" نێودەبا و دەڵێ:

"لە شەهریوەری 1320 فریشتەی ئازادی دەستگای دیکتاتۆری و فاشیستی رەزاخانی تێک شکاند. کورد سەری لەو هەموو فشار و ئەزییەتە کەمێ فارغ بوو، فەوری ئیحساسی کرد چۆن دەبێ لە فورسەت ئیستیفادە بکات، و رێگای سەلاح و دەست خستنی ئازادی ئەو میللەتە چیە و چیبکا. پیاوانێکی بەبیر و هۆش و بەشەڕەف کە زۆر لەمێژ بوو خوێناوی دڵی خۆیان دەخواردەوە بۆ زەلیلی ئەو میللەتە دووکەڵ لە دەرونیان دەهاتە دەرێ زۆر زوو تەشخیسیان دا کە وەختی کارە و لەو فورسەتە دەبێ بەهرە وەرگیرێ و ئەوە تەواو ئەو رۆژەیە کە پشتاوپشتمان چاوەڕوانی بوون. یەکجار و خێرا، بێوچان و راوەستان دەستیان بەکار کرد. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان تەشکیل داو بە دەستوبرد خەریکی کاروباری

میللی بوون و به چاوێکی وردو به دیققەت ئیحتیاج و پێداویستی کوردیان تەشخیس دا و بەدی کرد."[7]

سیاسەتی کوردی هەر ئەندازە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسیی به پشتیوانی سۆڤیەتی بۆ نزیک دەبۆوە، به هەمان ئەندازە هەستی به گۆڕان له ئامانجی ژێکافدا دەکرد. لێرەدا مەسەلە کەڵک وەرگرتن له دەرفەتێک بوو که له هەل ومەرجێکی قەیرانی و نائاسایی دا هاتبووە ئاراوە. بۆیه لەجێدا دەتوانین بڵێین دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات وڵامێک به مەسەلەی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی بوو. تەرکیبی بەشدارانی یەکەم کۆنگرەی ئەو حیزبە بەڕوونی ئەو راستیيە نیشان دەدا. کاتێ له پێکهاتەی یەکەم کۆنگرەی ئەو حیزبە دەڕوانی، بەشداری و رێککەوتنێکی گشتی له هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری تێدا دەبینی. ئەو پێکهاتەیەش هەروا له خۆڕاو بێ مەبەست له دەوری یەک رێک نەخرا بوون. بەشداریدانی هەموو چین و توێژەکان له دەسەڵاتی سیاسی و بازنەی دەسەڵات هۆکاری ئەو یەکیەتیيە کۆمەڵایەتیيەی له خۆ دەگرت.

لەو رۆژانەدا:

"رووداوەکان زۆر بەخێرایی بەرەو پێش دەچوون. له رۆژی پێک هاتنی حیزبی دێمۆکرات له 25ی گەلاوێژەوە تا 2ی ڕێبەندان که کۆماری کوردستان راگەیەندرا تەنیا 160 رۆژ واته کەمتر له شەش مانگی خایاند."[8]

بەڵام هەر لەو 160 رۆژەدا بەخێرایی و بێ نێوەبڕ کەش و هەوای سیاسی گۆڕانکاریی بەخۆیەوە دەدی و پارسەنگی هێزەکان هەردەم له حاڵی گۆڕان دا بوو.

"له 21ی سەرماوەزی 1324 (12ی دیسامبری 1945)دا له تەورێز حکومەتی میللی ئازەربایجان بەرەسمی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو و حاکمییەتی دەوڵەتی مەرکەزی له ئازەربایجان کۆتایی پێ هێنابوو". [9]

ئەمه یەکێک له گرینگترین رووداوی دوای دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات له ناوچەکه دابوو. پێشەوا قازی محەممەد که به هەموو توانایەوە هەستی بەرپرسایەتی بەرانبەر به چارەنووسی نەتەوکەی دەکرد، نەیدەتوانی هەروا سووک و هاسان له حاند ئەم رووداوە گرینگەدا بەخێرایی تێپەڕ بێ.

پەرەگرتنی جووڵانەوەی گەلی ئازەری ئەگەر له کاتێکدا له باری سایکۆلۆژییيەوە رۆڵێکی هاندەرانه و دڵخۆشکەرانەی بۆ کورد هەبوو ، له هەمان کاتدا هەڵگری مەترسیی گەورەش بوو.

"لە سیپتامبری 1945، دەستەیەک لە ڕێبەرانی ئایەندەی مەهاباد بە سەردان چوونە باکۆ. خانە خوێیەکەیان، سەروکوەزیری کۆماری ئازەربایجانی سۆسیالیسی شوورەوی پێکێشیی لەگەڵ کردن جاریێ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی وەدرەنگی بخەن تا ئەو کاتەی کوردەکان لە تورکیا و عێراقیش لە هەڵوێستێکی ئاوادا دەبن کە لەگەڵ دەوڵەتێکی ئەوتۆ کەون. ئەو پێی وابوو، تا ئەو دەمی ئارەزووەکانی کوردەکان دەکرێ بە ڕێگەی خودموختاری ئازەربایجان دا وەدی بێ. قازی محەممەد، لەسەر ئەوە سوور بوو کە کوردەکان پێیان خۆشە ستاتۆیەکی جوێ لە ئازەربایجانیان هەبێ و دژایەتی لەگەڵ ئەو پێشنیارە کرد و ئاکامی ئەوە بوو کە شوورەوییەکان چیدی پێیان لەسەر ئەو خاڵە دانەگرت و لەگەڵ سەربەخۆیی کوردی موافقەتیان کرد. ئەگەر چی قازی لە مانگی ئووتی 1945دا رووی لە کاربەدەستانی پلەی خواروترى شوورەوی نابوو، وا وێدەچوو دەستەلاتدارانی بەرزتری ئەوی (APPARATCHIK) ئاگایان لەوە نەبووبێ کە ژێردەستەکانیان پێشنیاری قازییان بۆ ساز کردنی دەوڵەتێکی کوردی پەسند کردبێ. رەزایەتی هاسانی شوورەوییەکان لە باکۆ، لەگەڵ ئەوەشدا دەیسەلمێنێ کە دێمۆکراتەکان سەرچاوەی راستەقینە بوون بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پێشنیارێکی ئەوتۆ. بە لایەنی کەمەوە ئەگەر ئەو باسە لەلایەن کاربەدەستانی شوورەوی را دەستبەجێ بە هێند نەگیرابا، وێناچێ ئاوا بە هاسانی لە باکۆ ملیان دابا. دوشدامانی دیمۆکراتەکان بەوەش را دەردەکەوێ کە دواتر پیشەوەریش لەو لێدوانە سێ قۆڵییەدا بەشداری کرد کە لەلایەن شوورەوی را ڕێکخرابوو بۆ ئەوەی بزانن بۆچی کوردەکان بڕیاریان دا سەربەخۆیی رابگەیەنن. کونسولی شوورەوی کرانسنیک (KRASNIK) بەبیستنی بۆچوونی کوردەکان باسەکەی دیزە بەدەرخۆنە کرد و لەسەری نەڕۆیی. لەگەڵ ئەوەشدا دیموکراتەکان هەروا نارازی بوون و پاش چەندین حەوتووش دوای راگەیاندنی کۆمار لە ژانڤییەی 1947، بەرەسمی ددانیان بە مهاباد دا نەهێنا".[10]

"کاتێ لە 19ی خەزەڵوەری 1325دا، لەلایەن پیشەوەری و فرقەی دیموکراتەوە بڕیاری دامەزراندنی کۆماری خودموختاری ئازەربایجان درا، لە کۆی سەدویەک نوێنەر، 5 نوێنەری کوردیش بۆ بەشداربوون لە ئەنجومەندا بانگهێشتن دەکرێن. لە جەریانی قسە و باسەکانی ناو ئەنجومەنی میللی ئازەریەکاندا بۆیان دەردەکەوێ: ڕێژیمی ئازەربایجان

دەیهەوێ هەر چەشنە دەسەڵات و ئیمتیازێک لە کوردان بستێنێتەوە و کوردەکانیش کە ئەوەیان دیت، بۆ مەهاباد گەڕانەوە."[11]

لەلایەکی دیکەشەوە لە دوای پێکهێنانی کۆماری ئازەربایجان، کاربەدەستانی سۆڤیەتیش نەیاندەتوانی تەنانەت ئەگەر تەنیا بە خاتری بەرژەوەندیی کۆماری ئازەربایجانیش بووبێ کەڵەوەکێشی لەگەڵ بیری سەربەخۆییخوازیی کورد بکەن. بوونی سنووری هاوبەش و شەڕو پێکدادانەکانی رابردووی نێوان ئەو دوو گەلە، دەیتوانی مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایشی ئەمنی ئازەربایجان دابنێ.

هاتنە ئارای ئەم بارودۆخە نوێیە، هەنگاوەکانی پێشەوای بۆ بەدەوڵەت بوونی کورد خێراتر کرد و لە رۆژی 29ی بەفرانباری 1324-1946/1/19 لە مزگەوتی سووری مەهاباد لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی جەماوەری روو لە ئەندامانی نەتەوەی دەکا و دەڵێ:
"دنیای ئەورۆ دنیای تەنازوعی بەقایە و هەر نەتەوەیەک دەیەوێ بۆ خۆی سەربەست بێ. ئەی نەتەوەی کورد! ئەگەر کوردستان بییەوێ لە رۆژی پێداویستدا چەند هەزار لاو گەنج موسەلەح بکا و بۆ دیفاع لە نیشتمانی خۆشەویست ئامادە بکرێ ئایا کورد ئەو ئیستیعدادەی هەیە کە کوڕ و خۆشەویستی خۆی بۆ مەیدانی کارزار بنێرێ؟"[12]

"بەم جۆرە هەم لە باری هەل ومەرجی گشتی ئێرانەوە و هەم لە باری هەل ومەرجی تایبەتی کوردستانەوە زەمینە بۆ ئەوە کە خەڵک دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوە بگرێ ئامادە بوو، تەنیا پێویست بوو شکڵ و مەوجوودییەتی ئەو دەسەڵاتە بەرەسمی رابگەیەندرێ". [13]

لەو قۆناغەدا سیاسەتی حەکیمانەی پێشەوا دوو مەبەستی سەرەکیی گرینگی پێکا. لەلایەک رووبەرووی ئەو سیاسەتەی باقرۆف و سەرانی فرقەی ئازەربایجان بۆوە کە دەیانەویست کوردستان و دۆزەکەی بکەنە پاشکۆیەکی ئازەربایجان، لەلایەکی دیکەشەوە بەوپەڕی وشیارییەوە نەیهێشت سۆڤیەت وەک تاقە پشتیوانی کورد لە کیس بچێ. هەڵبەت بەبێ ئەوەی بەرژەوەندیی کوردی قوربانی کردبێ. بۆیە ئەگەر گەڵێک جار لە دوو تۆی ئەم نووسینەدا باس لە رێبەر بوونی پێشەوا دەکرێ، مەبەست پێداهەڵگوتنێکی دوور لە راستی و سۆزاوی نیە، بەڵکوو دان نان بە

واقعییەتێکی مێژوویی‌یە. جۆری بڕیاردان لەو جۆرە کات و رۆژانەیە کە چارەنووسی نەتەوەیەک بۆ هەمیشە دێنێتە گۆڕاندن و کەسایەتی‌یەک لەلای نەتەوەیەک دەکات بە رێبەر.

## حیزبی بڕیاری گەورە

دامەزرێنەر و رێکخەری کۆماری کوردستان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە رێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەمەد بووە. ئەو حیزبە بە راگەیاندنی کۆمار وەک دەزگای سەروەریی نەتەوە، ئاستی ویست و داواکارییەکانی، پێی نایە بەرزترین گوتاری نەتەوەخوازییەوە. ئیتر کۆمار و ستروکتورەکەی، چیتر نەیدەتوانی تەعبیرێک بێ لە داخوازگەلێکی گچکەی وەک "ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی"ی سەردەمی شۆڕشی مەشرووتەی ئێران. هەر بە هەمان شیوە ئەو قەوارەیە گەلێک بە بەری پەسندکراوی یەکەم بەیاننامەی راگەیاندنی دامەزرانی حیزبیش تەنگ بوو. کۆمار لە کوێ و "ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی" کە لە راستی دا شتێک بوو لە چەشنی شورای شار و گوندەکانی ئێستا، لە کوێ؟!

هەڵوەشانەوەی ژێکاف و دامەزراندنی حیزبی دێمۆکرات بەمانای ئاوابوون و دوور کەوتنە لە بیر و ئامانجی نەتەوەخوازی نەبوو. بوونی دەوڵەتێکی گشتگری نەتەوەیی کە هەموو بەشە بەزۆر لێک دابڕاوەکانی کوردستان بخاتە سەر یەک، هیوا و ئاواتی هەرە بەرزی تێکۆشەرانی ژێکاف و حیزبی دێمۆکرات بوو.

ژێرخانی فیکریی پێکهێنەرانەی هەر دوو حیزب سەر بە یەک بنەما و رەوتی فیکری بوون. بیری راماڵینی هێزی داگیرکەر لە هەموو پارچەکانی کوردستان و بونیاتنانی دەوڵەتێکی گشتگری نەتەوەیی، بۆ هیچ کامیان جێگای گومان و دوودڵی نەبوو. ئەوەی لەو نێوەدا دەبووە خاڵی لێک جیاکەرەوەیان چۆنیەتیی کەڵک وەرگرتن لەو کەش و هەوایە بوو کە لەو قۆناغەدا بۆ کورد رەخسابوو.

بە راگەیاندنی کۆمار، جارێکی دیکە بیر و روحی ژێکاف سەری لە قاوغی بەرنامەی یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێمۆکرات هێنایە دەرێ و بە کردەوە ئاویتەی گوتاری حیزبی دێمۆکرات بووە و لە کۆماردا خۆی دیتەوە. بەو جیاوازییە ئەم کیانە لە جێگای کیانێکی گشتگر بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان، تەنیا توانی لە بەشێک لە نیشتمانی کورد ئۆقرە بگرێ و چاوی بە دنیای روون هەڵبێ.

"دروشمی دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان لە رۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە تا رۆژی راگەیاندنی کۆمار بووە. بە راگەیاندنی کۆماری کوردستان مانەوەی دروشمی

دێمۆکراسی بۆ ئێران لە بەرنامەی حیزبی دێمۆکرات دا بوو بە مێژوو. ئەو سا کۆماری کوردستان ئەرکی ئەوەی نەبوو دیمۆکراسی بۆ ئێران دابین بکات."[14]

شرۆڤە کردنی باسی سەربەخۆیی کوردستان لە کرۆنۆلۆژییەکەیدا ئەو راستیەمان پێدەڵێ کە دامەزرانی کۆمار هەل ومەرج و رەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەی خۆیان و دەوروبەریان بەباشی لەبەر چاو بووە. هەوڵ بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ لە لایەن ژ.ک بڕیاری ویژدانی ئاگای نەتەوە بووە. گۆڕینی ژ.ک بە حیزبی دێمۆکرات و دواتر راگەیاندنی مەرامنامەکەی پاشەکشەیەکی کاتی بۆ لەنێوبردنی ترس و گومانێک بوو کە رووسەکان لە سەر هەڵدانی نەتەوەیی گەلانی ناوچەکە و یەک لەوان لە کوردستان بوویانە. راگەیاندنی کۆماری کوردستان نیشانەی ئەوپەڕی متمانە بەخۆیی پێشەوا و رێبەرانی سیاسیی کوردستانە کە بە نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی و هێزی دەوڵەتانی هاوپەیمانان لەو بەشەی کوردستان و گونجاویی هەل ومەرجەکان ئەو دەرفەتە مێژووییەی رەخساند کە کورد کۆماری سەربەخۆی کوردستان دامەزرێنێ. کۆمارێک کە هەموو دەزگای مودێرنی سەردەمی هەبوو و بۆی لوا کە حاکمییەتی نەتەوەیی لە بیچمی کۆمارێکی دێمۆکراتیکدا دامەزرێنێ.

کۆماری کوردستان بەپێچەوانەی کۆماری ئازەربایجان، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆی هەبوو کە رێگەی دەدا بە کورد خۆی لە حکوومەتی بێدەسەڵاتی تاران جیا بکاتەوە. لەو کاتەدا هیچ دەسەڵاتدارێکی حکومەتی تاران یان حیزبی سەرتاسەری ئێرانیخواز و توودەیی لە کوردستان دا نەبوو کە شوێن بخاتە سەر رەوتی روو لە گەشەی سەربەخۆییخوازیی کورد.

بیری بەدەوڵەت بوون لەنێو کورددا بێ پێشینە نەبوو. سمکۆ، شیخ عوبەیدوڵلا، ئیحسان نوری پاشا،... بەر لە کۆمەڵەی ژێکاف فکری سەربەخۆیی کوردستانیان لە مێژوودا تاقی کردبۆوە . ئەو هەوڵانە دەبێتە ژێرخانێکی فیکریی بەهێز و دەوڵەمەند بۆ ئەوەی پێشەوا کوردستان بە ئاڵا و بە دەوڵەت و چوارچێوەی جوغرافیایی خۆیەوەی پێناسە بکات و وەک دۆزێکی سەربەخۆ لەگەڵی دا هەڵس و کەوت بکات.

سەرچاوەکانی فەسڵی نۆهەم :

1. رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان له بەڵگەنامەی سۆڤیەتی دا "1945-1947" د. ئەفراسیاو هەورامی ل .21
2. حەسەن ئەرفەع. کوردەکان. وەرگێرانی حامید گەوهەری ل 100
3. تاریخ معاصر کرد. مک داول. مترجم ابراهیم یونسی ص .397
4. تاریخ معاصر کرد. مک داول. مترجم ابراهیم یونسی ص .397
5. پێوەندیيەکانی کۆماری کوردستانو کۆماری ئازەربایجان... ل 71
6. "کوردستان" ژماره 30 دووشەممه 12ی خاکەلێوەی 1325
7. رۆژنامەی "کوردستان" ژماره 10و 11. نوتقی جەنابی پێشەوا رەئیس جمهوری بەرزی کوردستان.

8. چل ساڵ خەبات له پێناوی ئازادی. دوکتور قاسملوو ل 24
9. چل ساڵ خەبات له پێناوی ئازادی. دوکتور قاسملوی نەمر. ل 28
10. پێوەندییەکانی کۆماری کوردستانو کۆماری ئازەربایجان... ل 68و69
11. کردها و کردستان درک کنیان ل .133
12. "کوردستان" ژماره 22 ساڵی یەکەم دوشەممۆ 13ی رەشەمەی 1324- میتینگ له مزگەوتی سور گردەوەکۆی حەسەنی قازی.
13. چل ساڵ خەبات له پێناوی ئازادی. کورته مێژووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران له نووسینی دوکتور قاسملوو. ل .28
14. بڕوانه وتاری: مامۆستا حەسەنزادەو پۆلیمیکی سیاسی له نووسینی کاک حەسەن ئەیوبزاده.

## رۆژی بەدەوڵەت بوونی کورد

**پێشەوا قازی محەممەد:** "ئەمن بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللی کورد بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و رژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان و بەماڵ لە رێی راگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان دا تێدەکۆشم و نیسبەت بە رەئیسی جمهوری کوردستان و یەکێتیی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفادار دەبم".

کۆبوونەوەی چەند هەزار کەسیی رۆژی دووی رێبەندان، کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بۆ دەربرینی نارەزایەتییەکی بچووک یاخۆ سکاڵا لە مەسەلە و گرفتێکی رۆژانە نەبوو. ئەم کۆبوونەوە جەماوەرییە لەراستیدا لە شوێنی ریفراندۆمێک بوو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کوردو بۆ راگەیاندنی بریارێکی مێژوویی. ئەگەر لە دونیای ئێستادا نەتەوەیەک بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی خۆی پەنا دەباتە بەر سەندوقی دەنگدان یاخۆ بە هۆی نوێنەرانییەوە لە هۆڵی پارلمانەوە بریاری دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆی بە دونیای دەرەوە رادەگەیەنێ، کۆبوونەوەی بەرین و جەماوەریی رۆژی دووی رێبەندان مودێلێکی زیندووتری بۆ ئیعلامی بریارێکی مێژوویی ئەوتۆ هەڵبژارد. بەشێوەیەکی راستەوخۆ و زیندوو پتر لە 20 هەزار کەس دەنگی بۆ سەربەخۆیی و ئیعلامی جمهوری دا و ئیرادەی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بە ئاشکرا بە دنیا راگەیاند. ئەم هەنگاوە بریارێکی چارەنوس‌ساز بوو لە هەل و مەرجێکی شۆرشگێرانەدا. بریارێکی یەکلاکەرەوەی چارەنووس‌ساز بوو، بۆ ئەوەی کۆتایی بە ژێردەستەیی و بێ‌کیانیی کورد بێنێ. لەهەمان کاتیشدا وڵامێکی مێژووییش بوو لە حاند کولتووری نەتەوەخوازیی داگیرکەرانە و سەروەریخوازانەی نەتەوەی فەرمانرەوا لە ئێراندا. ئەم قەوارە نەتەوەییە شکست و سەرنەکەوتوویی نەتەوەخوازیی

نەتەوەی باندەستی نیشان دا کە لە هەوڵی ئەوە دابوو ناسنامەیەکی یەکدەست و هاوچەشن و هاوشێوە لەسەر حیسابی سڕینەوە و کپ کردنی ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەکانی تر بە زۆر بسەپێنێ.

ئەم بڕیارە مێژووییە، ئەگەر بۆ نیزامی پاشایەتی لە ئێران بە مانای لەگرێژنە چوون و خەوشەدار کردنی "تەواویەتی ئەرزیی ئێران" بوو، بۆ دۆزی نەتەوەیی کورد دەسپێکی نوقتە گۆڕانێکی مێژوویی بوو. بەدەوڵەت بوونو حاکمییەت بەسەر وڵاتێک کە کوردستانی ناوە، ناوەرۆکی ئەم وەرچەرخانەی لە خۆگرتبوو.

مەهاباد لەو رۆژەدا بوو بە مەکۆو ناوەندی بڕیارێکی گەورەی مێژوویی. بڕیاری ڕاگەیاندنی "جمهوری کوردستان" و دیاریکردنی سەرۆکـکۆمار و هەڵکردنی ئاڵا و، دامەزراندن و ڕاگەیاندنی گشت ئەو موئەسسەساتانەی کە لە دەوڵەتێکی مودێرن و هاوچەرخ دەوەشێتەوە.

کۆمار نە لە ئاکامی گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لەدایک بوو نە خولْقاوی سیاسەتی دەرەکی بوو. قەوارە و ناوەرۆکی ئەو دەسەڵاتە نەتەوەییە نەتەنیا هیچ جۆرە بۆرە خزمایەتی‌یەکی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی نەبوو، بەڵکوو هەم لە ناو و هەم لە ناوەرۆکدا دوو دەسەڵاتی جیاوازو دژ بەیەک بوون. ناوی قەوارەکە "جمهوری کوردستان" بوو. کەچی ڕێژیمی ناوەندی لە تاران سەلتەنەتی بوو. هەر بۆیە لەدایک بوونی کۆمار نەیدەتوانی لە ئەنجامی هیچ چەشنە گفتوگۆ و ڕێککەوتنێک لە نێوان تاران و کوردستان دا هاتبێتە ئاراوە.

کۆمار بەدەر لە بازنەی شەرعییەتی سنووری سیاسی و جوغرافیایی ئێران بوو واتە: "وشەی ئێرانی بەدواوە نەبووە. وەلانانی وشەی ئێران لە کۆتایی ئەو دەستەواژەیە نیشان دەدا کە ڕێبەرایەتیی کورد حیسابی هوویەتی جیاوازی خۆی لە هوویەتی ئێرانی بووون جیا کردبۆوە."[1]

هەر بەم پێیەش لە ناوەرۆکیشدا ئەم دوو قەوارەیە دەچوونە ناو دوو خانەی لە ئاشتی نەهاتووی دژ بەیەکەوە. یەکیان لە قاوغی ڕێژیمێکی سەلتەنەتی، هوویەت و ئێتنیسیتەی فارسی کردبووە بەشێکی جیانەکراوە لە دەسەڵاتەکەی. ئەوەی تریان نوێنەرایەتیی ناسنامەیەکی حاشا لێکراوی گرتبووە ئەستۆ. یەکیان زمانی فارسی زمانی ڕەسمیو دەوڵەتیی بوو،

ئەوەی تریان زمانی نەتەوەیی خۆی کردبووە زمانی ڕەسمی. لە یەکەمیاندا زمانی کەمایەتی‌یەکی نەتەوەیی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی بوو کە دەیهەویست بەزۆر شوێنەورای گشت زمانەکانی تر بسڕێتەوە، ئەوی تریشیان زمانی نەتەوەیەکی دوورخراوە لە بازنەی دەسەڵات بوو کە هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو ماڵێکی سیاسی بۆ ئەو ناسنامە قەدەغە کراوە بونیات بنێ.

لە گوتاری یەکیان دا باس لە قەبووڵی فرەچەشنی و جیاوازی و یەکسانی لەدەسەڵات لە نێوان نەتەوەکاندا دەکرا. کەچی بە پێچەوانە ئەوی تر تا سەر ئێسقان کاری بۆ توانەوە و ئەسیمیلە کردن و خاشەبڕ کردنی فرەچەشنی نەتەوەیی دەکرد. هەر لە بەر ئەوە پێوەندیی نێوان ئەم دوو جۆرە نەتەوەخوازی‌یە، نەیدەتوانی پێوەندی‌یەکی ئاسایی بێ و لە چوارچێوەی سیستمێکی سیاسیی هاوبەش دا حەوانەوەیان پێکەوە بۆ بکرێ. نە دەسەڵاتی پاشایەتی وەک نوێنەری نەتەوەخوازیی فارس قایل بەوە بوو لە بیری شۆوینیسمی مەزنی‌خوازانەی خۆی بچووکترین پاشگەز بوونەوەیەک بکات و نە نەتەوەخوازیی کوردیش چی تر حازر بە ژیانی کۆیلەتی و دەسبەسەری بوو. سەرکردەی یەکیان حەمەرەزا شای پەهلەوی کوڕی ڕەزاخانی قەزاق بوو کە لە باوکی‌یەوە تەختی پاشایەتیی بۆ بە میرات مابۆوە و کابرایەکی نەخوێندەوار و سەرەڕۆ کە بە یارمەتی و پشتگیریی ئینگلیسەکان بەهۆی کودتایەکی نیزامی‌یەوە لە 1921/2/21 توانی دواشای قاجار لەدەسەڵات بخا و لە 1926/4/25 تاجی پاشایەتی بنێتە سەری و لە ماوەی حکومەتەکە دا ئیعدام و قەڵاچۆ کردن و سەرکوت‌و داپڵۆسین بکاتە بەشێکی جیانەکراوە لە دەسەڵاتەکەی. حەمە ڕەزاشای کوڕیشی لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی بوو بە ڕێبواری هەمان ئەو میراتەی کە لە باوکەوە بۆی بەجێ مابوو.

سەرکردەی لایەنی ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخوازانەش، پێشەوا قازی محەمەد بوو. کەسایەتی‌یەکی ڕووناکبیر و تێگەیشتوو بە مانای ڕاستەقینەی وشە زانا. لە بیری ئەو دا "نەتەوەی خاوەن شکۆ" و "نەتەوەی دواکەوتوو" جێگایەکی بۆ نەبوو. ئەو هەڵگری ڕوانینێکی دێمۆکراتی‌یانە بوو بۆ کەسایەتیی سیاسی و حقووقی و کولتوریی هەموو

نەتەوەکانی تر. بەردی بناغەی بیری ئەو لەسەر یەکسانیی نێوان نەتەوکان دامەزرابوو. یەکسانییش لە هزر و بیری پێشەوادا بریتی بوو لە یەکسانیی نەتەوکان لە دەسەڵات و دیاری کردنی مافی چارەنووسیان. لە راستیدا دەتوانین بڵێین ئەم دوو قەوارەیە ململانەی نێوان دوو جۆر لە نەتەوەخوازی بە دوو سیستمی جیاوازی سیاسی و فێکرییەوە بوو. نەتەوەخوازییەکی داگیرکەرانەو داپڵۆسێنەر، لەگەڵ نەتەوەخوازییەکی رزگاریخوازانە. ئەم قەوارەیە بە مانای راستەقینەی وشە دەوڵەتیکی سەربەخۆی نەتەوەیی بوو. واتە لە کردەوە و لە واقیعدا سەربەخۆ و خاوەن سەروەری بوو.

لە تیۆریی سیاسیدا چەمکی سەروەری گرینگترین بنەمای دەوڵەتە و یەکێک لەو تایبەتمەندییانەیە قەوارەی دەوڵەتیکی سەربەخۆی پێ دەناسرێتەوە. بۆ گشت قەوارەیەک پرەنسیبی سەروەری دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت دەگەیەنێ لە بەجیگەیاندنی دەسەڵاتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی دا. لە چوارچێوەی کۆماری کوردستانیش دا پرەنسیبی سەروەری لە هەردووک ئاستدا بەتەواوی خوویا بوو و چ جێگایەک بۆ ئۆتوریتە و دەسەڵات و تەنانەت سێبەری دەسەلاتی داگیرکەرانەی تاران لەئارادا نەبوو. لە میانەی ئەو باسەدا تا ئەو جێگایەی بۆ رووکاری دەرەوەی ئەو سەروەرییە دەگەڕایەوە، سەقامگیریی قەوارەکە و پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد لە نێوەندی بایەخی خۆی دانابوو. واتە لە هەڵس و کەوت لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆی و لە پێوەندییەکانی دەرەوەی دا، سەربەخۆ سیاسەتی خۆی دادەڕشت و خاوەن سیاسەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بوو، بێ ئەوەی لەلایەن دەوڵەتیکی دیکەوە رادەی دەسەلاتەکەی سنووردار کرابێ. بۆ وێنە سەربەخۆ گرێبەستی بازرگانی لەگەڵ وڵاتیکی دەرەکی دەبەست. بۆ پێگەیاندنی کادر و پسپۆڕی قەوارەکەی گەنج و لاوی وڵاتەکەی رەوانەی وڵاتێکی دەرەوە دەکرد. لە سیاسەتی جیهانیدا لەسەر بنەمای رێزدانانی دوو لایەنە دیپلۆماسییەکی کارای بەڕێوە دەبرد و پێوەندیی سەربەخۆی بە دەوڵەتەکانی ترەوە هەبوو. لەگەڵ حکوومەتی میللیی ئازەربایجان رێککەوتننامەی هاوکاری و تەبایی مۆر دەکرد و بە وێنەی سیستم و نیزامێکی سیاسی - حقووقیی سەربەخۆ لەگەڵ دونیای

دەرەوەی خۆی هەڵس و کەوتی دەکرد و سەروەریەکەی خۆی لە خانەی دەسەڵاتێکی رەهای بێسنوردا دەپاراست. بنەمای (رەها) لێرەدا پشڕاستە بە مافی بێسنوور بۆ حوکمرانی و پاراستنی سەربەخۆیی قەوارەکە لە حاند دەست تێوەردان و هەڕەشەکانی دەرەکی دا. واتە وەک ئەکتەرێکی سەربەخۆ بەرژەوەندیی نەتەوەخوازیی کوردی لە ریگای سیاسەتێکی سەربەخۆوە بەڕێوە دەبرد.

دیوێکی دیکەی ئەو سەروەرییە، بۆ ئاستی نێوخۆی کۆمار دەگەڕایەوە و خۆی لە دانانی یاسا، حوکمرانی و داڕشتنی سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات و دابین کردنی ئاسایش و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی دانیشتوان و شارومەندانی دا دەدیتەوە. لەم بوارانەش دا رادەی دەسەڵات و جۆری بڕیار و یاساکانی گرێدراوی هیچ یەکەیەکی سیاسیی تر نەبوون. بۆ وێنە ئەگەر لە خودموختاری دا سیاسەتی دەرەوە، پرۆژەی درێژخایەنی ئابووری، دیفاعی میللی، داهاتی نەتەوەیی، یاسا گشتییەکانی وڵات لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە دیاری دەکرێن، لە کۆماری کوردستان دا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی هەموو ئەم دەسەڵاتانە لە پاوانی خۆی دابوون. حکوومەتی خودموختار کارگێڕیی نوێنەرایەتیی ناوەندی هەیە و مافی سەربەخۆ بڕیاردانی نیە و لەو چوارچێوەیەدا باس لە سەروەریی نەتەوەیی نایەتە گۆڕێ، بەڵام کۆماری کوردستان هیچ ماف و دەسەڵاتێکی لەخۆی دانەبڕیبوو بۆ ئەوەی حکوومەتی ناوەندی بەڕێوەی بەرێ.

هەر بۆیە خاشەبڕ کردنی هەموو سیمبول و ئاسەوارەکانی دەسەڵاتی نەتەوەخوازیی داگیرکەرانەی فارس لە کوردستان، بوو بە یەکێک لە گرینگترین خەم و سەرقاڵییەکانی نەتەوەخوازیی کورد لەو قۆناغەدا. بە هەڵکەوت نیە کاتێ لە هەر روویەکەوە لە بیچم و سروشتی کۆمار دەڕوانی، بچووکترین شوێنەوار و ئاسەوارێکی دەسەڵاتی تارانی پێوە نابینی.

- لەخۆڕا نەبوو ئاڵای دەوڵەتی داگیرکەر لە سەربان و دەزگا ئیدارییەکان دێنێتە خوارێ و لە جێگای ئەو ئاڵای نەتەوەیی خۆی دەشەکێنێ.

- هێزی چەکداری دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پێک دێنێ کە هەم کیانی نەتەوە لە پەلاماری دەرەکی بپارێزێ و هەم ئاسایش و هێمنیی شارومەندانی دەستەبەر بکات.
- یاسا و رێسا و میراتی دەسەڵاتی داگیرکەر هەڵدەوەشێنێتەوە و لە جێگایان یاسای تایبەت بە خۆی دیاری دەکات.

لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتێکی ساواو کەم تەمەنە و لەگەڵ گەلێک هەڕەشەی دەرەکی و ناوخۆیی بەرەڕووە، بۆ یەک ساتیش چاوی لە دوایین ئاسەوارەکانی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران غافڵ ناکات و بۆ خاشەبڕ کردنی هەموو قوژبنەکان دەگەڕێ و: "ناوە فارسی و ناقۆلاکانی مەکتەب و شوێنە گشتییەکان کران بە ناوی کوردیی خۆش."[2]

جگە لەوەش بەپێی "دەستووری پێشەوا رەئیسی جمهوری کوردستان لە 20ی 10ی 24دا هەیئەتێک لە ئاغایانی فەرهەنگی لە ئیدارەی فەرهەنگ کۆ ببوونەوە پەسەند کرا کە مەدرەسەی پەهلەوی بەنێوی مەکتەبی ئامانجی کوردستان نێودار بێ."[3]

لە هەموو ئەوانەش گرینگتر. لە رۆژی "ئیعلامی جمهوری"و بە بەشداریی پتر لە 20 هەزار کەس لە چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەئاشکرا راگەیاندرا:

"1_ لەو جێگایانەدا کە ئێستا کوردی تێدا دەژین بە ئیسقلالی تەواو بگا.
2_ ئینتخاباتی مەجلیسی شورا دەس پێ بکەن.
3_ حکومەتی میللی کوردستان، وەزیران ئیدارەکانی ساز بکەن.
4_ هێزی موسەلەحی میللی کورد تەشکیل بدەن.
5_ لەگەڵ دەوڵەتانی هەمسایە رابیتەی تیجارەتی و ئیقتیسادی بەرقەرار بکەن.
6_ لەگەڵ برا ئازەربایجانییەکان هەمکاری و دۆستایەتی مەحکەم بکەن."[4]

بڕیاری ئازایانەی پێشەوا و بڕیارنامەی جەماوەریی دووی رێبەندان هەڵگری دوو پەیامی گرینگی بەم چەشنە بوو: یەکەم ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و دووەم،سەربەخۆ ڕاگەیاندنی کورد و بزووتنەوەکەی و نەبوونە پاشکۆی هیچ لایەنێک.

**پەیامی یەکەم:** بە هەڵبژاردنی سەرکۆمار و راگەیاندنی جمهوری، بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان ئاراستەی دەوڵەتی شاهەنشاهی لە تاران کرا. رێبەرانی کورد بە هەڵبژاردنی سیستمی کۆماری لە کوردستان وەک شێوەی دەسەڵاتدارەتیی سیاسیی کوردی بە ئاشکراو بە کردەوە دابڕانی کوردیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێرانی پاشایەتی راگەیاند. بەو هەنگاوە واتە بە بونیاتنانی ئەو قەوارە نەتەوەیی‌یە و راگەیاندنی سیستمی جمهوری رێگای جیابوونەوەی کوردیان بە ئاشکرا و بێ دڵەڕاوکێ لە ئێران لەبەرگرت. ئەمە هەم بڕیارێکی یەکلا کەرەوەی یەکجارەکی بوو، هەم بڕیارێکی یەک لایەنە. بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی یەک جارەکی بوو، لە بەر ئەوەی کۆتایی بە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران لە کوردستان هێنا و چەشنی دەسەڵاتێکی بەتەواو جیاوازی بۆ ژیانی دواڕۆژی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی دیاری کرد و کۆتایی بە ژیانی کۆیلەتیی کورد لە نیزامی پاشایەتی هێنا و خەوی لەمێژینەی بەدەوڵەت بوونی ئینسانی کوردی لە ئاستی خەو و تئۆری‌یەوە بۆ ژیانی راستەقینە گواستەوە.

هەر بەو پێیەش راگەیاندنی کۆمار بڕیارێکی یەک لایەنەش بوو، بەو مانایە لە ئاکامی هیچ جۆرە دانوسانێک و یاخۆ بە هۆی هیچ جۆرە پێ قایل بوون و رێککەوتننامەیەک لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری تاران نەهاتبووە دی. سەرچاوەی ئەسڵی و ناوەندی سەرەکیی ئەم بڕیارە تەنیا بۆ ئیرادەی رێبەرایەتیی سیاسیی کوردی و جەماوەری خەڵکی کوردستان دەگەڕایەوە.

لەو قۆناغەدا، فاکتۆرەکانی "بوونی ئیرادەیەکی پتەوی نەتەوەیی و ئاستی داخوازی سیاسیی کورد"و "باڵانسی هێز" خۆ لە خانەیەکی هاوبەش و تەواوکەری یەکتر دا دەبیننەوە بۆ دانی ئەو بڕیارە مێژوویی‌یە.

"مەفهوومی کۆمار رێژیمێکی حقووقی- سیاسی ناسراوە و سیستمێک نیشان دەدا کە خەڵک سەرچاوەی دەسەڵاتە. لە حاڵێکدا حکومەتی خودموختار نوێنەری حاکمیەتی ناوەندییە. قانوونەکانی نابێ لەگەڵ قانوونی دەوڵەتی ناوەندی دژایەتی‌یان هەبێ. پول و ئابووری و پێوەندیی دەرەوەی نییە. ئەرتەشی نیە و سنوری جوغرافیایی ئاواڵەیە. لە حکومەتی خودموختاردا باس لە حاکمییەت ناکرێ و کەسایەتی حقوقی- سیاسی سەربەخۆی نییە. ناوی کۆماری کوردستان و سرود و پەرچم و لەشکر و

دیار كردنی سنوور، سڕینەوەی هەموو شوێنەواری فارس و قەدەغە كردنی خوێندن بە فارسی بە گشتی راماڵینی هەموو شوێنەواری عەجەم تەنانەت ببووە قسەی نەستەق". [5]

بەكار هێنانی زاراوەی "سەربەخۆیی"، "استقلالی تام و تەمام"، "هەڵكردنی ئاڵای سێ رەنگی كوردستان" و راگەیاندنی "جمهوری كوردستان"... كە بەردەوام لەلایەن پێشەواوە لە كۆبوونەوەكانی قسەی لەسەر دەكرد، راست بەو مەبەستە بوو كە بۆ هەمیشە كۆتایی بە دەسەڵاتی داگیركەرانەی تاران لە كوردستان بێنێ.

وەک دەبینین لە هیچ كام لەو هەنگاوانە دا، چ باسێک لە خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران و مانەوە لە سیستمی پاشایەتیی ئەو وڵاتەدا لە ئارا دا نیە. بەتایبەتی لە رۆژی دووی رێبەندان وەک رۆژی دیاریكردنی چارەنووسی سیاسیی كورد، ئەوەی ناوی لەنێو ناواندا نیە، ئێران و رێكەوتن لەگەڵ رێژیمی پاشایەتی‌یە، بەپێچەوانە هەموو بڕیارەكان و گشت هەنگاوەكان بۆ ئەوەیە كوردستان و كورد لە پاشكۆیەتی بە نەخشەی جوغرافیایی ئێران، بۆ هەمیشە رزگار بكرێ. ئەم راستی‌یە لە ئایینی سوێند خواردنی پێشەوا بە باشترین شێوە خۆی دەنوێنێ:

"ئەمن بە خودا، بە كەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللی كورد بە ئاڵای موقەدەسی كوردستان سوێند دەخۆم كە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و رژاندنی ئاخر تنۆكی خوێنم بە گیان و بەماڵ لە رێی راگرتنی سەربەخۆیی و بەرزكردنەوەی ئاڵای كوردستان دا تێدەكۆشم و نیسبەت بە رەئیسی جمهوری كوردستان و یەكێتیی كورد و ئازەربایجان موتیع و وەفادار دەبم". [6]

دانانی وەزارەتخانە و بنكە و دامەزراوی دەوڵەتی بۆ ئیدارەی وڵات و لێک جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان لە یەكتر، هەنگاوێكی تر بۆ داڕشتنی بناغەكانی ستروكتوری سەربەخۆیی كۆمار بوو.

هەر چەند یەكێک لە بڕیارەكانی رۆژی 2ی رێبەندان هەڵبژاردنی مەجلیسی شورا بوو كە جێگای پارلمانی ئێستا دەگرێتەوە، بەڵام كەش و هەوای نالەباری سیاسی و كەم تەمەنیی كۆمار رێگای نەدا ئەم بڕیارە بە كردەوە بێنێتە دی، هەر بۆیە لە كۆماری كوردستان دا دەسەڵاتی یاسا دانان

وەک پارلمانێکی هەڵبژێردراو نەبوو، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە بڕیارەکان لە سەرکۆمارەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەردەچوون. بەڵام:

"لە کۆماری کوردستاندا دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بۆ راپەڕاندنی ئیش و کاری حکومەت بەتەواوی دامەزرابوو و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران 13 وەزارەتی لەخۆ گرتبوو. کە ئەم وەزارەتانەش دام و دەزگای تریان دامەزراندبوو کە بەردەوام بۆ خزمەت کردن و راپەڕاندنی کاروباری هاووڵاتیان و پەیوەندی کۆمارەکە و پاراستنی سنوورەکانی و... لە هەڵسووران و کارکردن دابوو."[7]

بەشێکی تر لە ستروکتوری کۆمار بوونی دەسەڵاتی دادوەری بوو. لاکردنەوە لە کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان وەک تلیاک کێشان، شەڕ و کێشەی نێوان هاووڵاتیان و هەوڵدان بۆ دابین کردنی ئاسایش و هێمنایەتی... ئەرکگەلێک بوون کە بۆ چارەسەرکردنیان ، پێویستیی دامەزراندنی دەسەڵاتی دادوەریی هێنابووە گۆڕێ.

**پەیامی دووهەمیش** رووی لە کاربەدەستانی سەرانی فیرقە لە تەورێز بوو. پێشەوا بە راگەیاندنی جمهوری لە نێوان خۆبوون و پاشکۆ بوون دا، ئیرادەی نەتەوەیی کوردی بە باشترین شێوە بۆ رەت کردنەوەی هەر چەشنە پاشکۆیەتی‌یەک بەگوێی کاربەدستانی ئازەری گەیاند. ئەو پەیامەی پێشەوا بۆ لایەنی ئازەری گەلێک روون و ئاشکرا بوو. پێشەوا بە ئیعلامی جمهوری ویستی لە سەرانی فیرقە بگەیەنێ پاشکۆیەتیی کوردو دوور کەوتنەوەی کورد لە بازنەی دەسەڵات، لەلایەن کێوە بێ، بۆ تاران بێ یاخۆ تەورێز، پاشکۆیەتی، پاشکۆیەتی‌یە. ئەم پاشکۆیەتی‌یە لە ژێر هەر ناوێک و بە هەر رەنگێکەوە بێ لەلایەن ئیرادەی نەتەوەیی کوردەوە دەخرێتە دواوە.

کاتێ لە سەرجەمی ئەو هەوڵانە دەڕوانی، گشتیان خۆ لە پەیامێکی هاوبەش دا دەبیننەوەو دەچنە خانەی خیتابێکی هاوبەشەوە. پەیامی بەدەوڵەت بوونی کورد و لەنێو بردنی شوێنەواری دەوڵەتی داگیرکەر لە کوردستان و خۆ جیا کردنەوە لەو و قایل نەبوون بە بەشێک لەوی تر بەردی بناغەی ئەو پەیامە بووە.

لە رۆژگاری ئێستاش دا کاتێ لە ئاکامی لەبار بوونی هەل و مەرجێکی دەرەکی و نێوخۆیی، نەتەوەیەک دەتوانێ دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێ، هەر هەمان ئەو ئەرکانە لە قۆناغی یەکەمدا دەخاتە دەستووری کاری خۆیەوە. واتە:

- زمانی نەتەوەیی نەتەوەکەی خۆی دەکاتە زمانی رەسمی و واز لە بەکارهێنای زمانی سەپێندراوی دەسەڵاتی داگیرکەر دێنێ.
- جۆری دڵخوازی سیستمی سیاسیی خۆی دەسنیشان دەکات.
- رێبەرو سەرکۆماری قەوارەی سیاسی و نەتەوەیی خۆی دیاری دەکات.
- دەوڵەت پێک دێنێ، وەزارەتخانە و دامەزراوی دەولەتی چێ دەکات.
- ئەرتەش و سوپای میللی بونیات دەنێ...
- ئاڵای دەسەڵاتی داگیرکەرانە توورڕ دەدا و ئاڵای نەتەوەیی خۆی هەڵدەکا. واتە هەموو ئەو هەنگاوانە دەبڕێ کە کۆماری کوردستانیش بەجێی هێنا.

هیچ کام لەو هەنگاوگەلە کردەوەیەکی بەهەڵکەوت یاخۆ (بەو چەشنەی کە "مێژوونووسیی حیزبی" دەڵێ) لاسایی کردنەوە لە مودێلی کۆمارەکانی سۆڤیەتی نەبوو. لە پشت ئەو هەنگاوانە بیری بەدەوڵەت بوونی کورد نوستبوو. بیری بەدەوڵەت بوونی کوردیش دیاردەیەک نەبوو کورد لە مودیلی کۆمارەکانی سۆڤیەتی‌یەوە بە قەرز وەریگرتبێ. ئەم راستی‌یە لە قسەکانی پێشەوا دا لە رۆژی راگەیاندنی کۆمار بەم شێوەی خوارەوە رەنگی داوەتەوە:

"کورد لە قەدیم را هەزران پادشا و حوکمدار و تەشکیلاتیان بووە. هەر لەم کوردستانی ئازادی ئێستادا بنەماڵەی ئومەرای موکری کە سەر سلسلەی ئەوان ئەمیر سەیوەدین بووە تا (1020ی کۆچی) بیلئیستیقلال یەک لە دووی یەک ئەمیر سەیفودین، سارم بەگ، شێخ حەیدەر، ئەمیربەگ، ئەمیرپاشا، تا دەگاتە قوبادخان بە دەسەڵات و قودرەتەوە حکومەتیان کردووە. میللەتی رەشیدو بەغیرەتی کورد لە هەموو دەور و زەمانێکدا هەر کەس خەیاڵی ئیستیلای نیشتمانی ئەوانی بووبێ،

بەرەنگاری بوون و بەربەرەکانیان کردووە... لە پاش لە دەستچوونی سەڵتەنەت و حوکمداریشیان بۆ وەگێرخستنەوەی ئیستقلال و ئازادی قوربانیان داوە... میرە کوێرەیان کوشتووە بابان سەریان هەڵداوە، بابانیان بێدەنگ کردووە، ئەردەڵان بڵیند بوون، ئەوانیان لە عەرزی داوە بتلیسی بەرز بوونەتەوە..."[8]

لە دامەزراندن و پێکهاتنی ئەو دەسەڵاتە سەربەخۆی نەتەوەییەدا، پشت بە ناسیۆنالیزمی ئیتنۆکولتوری بەستراوە. زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەمڕۆ لەسەر شانۆی سیاسی جیهان دەبیندرێن بەرهەمی ئەو جۆرە گوتارەن لە ناسیۆنالیزم. هەر بۆیە پێشەوا لە رۆژی 2ی رێبەندان لە دەسپێکی راگەیاندنی کۆماردا، کورد وەک نەتەوەیەک پێناسەدەکا دەڵێ:

"کوردستان مەوقعیەتی جوغرافیائیەکی مەخسوسی هەیە کە بێ پسانەوە بێ ئەوەی نەتەوە و میللەتیکی کە لە نێویان دا فاسیل و لێکیان بپچڕێتەوە کورد بەسەریەکەوە، پێکەوە، سکونەتیان تێیدا هەیە و دارای مالکییەتی میللین دەوی دا. بەسەرهات و سەوابیقی تاریخیی‌یان یەکە و عمومەن تێیدا شەریکن. خاوەنی ئاداب و عادات و رسومی میللی‌یەکی وان کە هیچ جۆرە سەدمە و حەوادسێک نەیتوانیوە سستی‌یەک لە بناغەی میللەتی ئەوان دا پەیدا بکات."[9]

پێناسە کردنی کورد وەک نەتەوە لەلایەن پێشەواوە لەو رۆژە مێژوویی‌یەدا دیاردەیەکی بەهەڵکەوت نیە. لە پشتی هەر کام لەو دێڕانە مەبەستیکی تایبەتی خۆی حەشار داوە، ئەویش خۆبینین و خۆپیناسە کردنە وەک یەک نەتەوە. ئەم پێناسەیە وەڵامێک بوو بۆ پرسیاری ئێمە کێین؟ تایبەتمەندی‌یەکانی کوردبوونمان چیە؟ ئەو بنەمایانەی شوناسی نەتەوەیی کورد پێک دێنن کامانەن؟

لە پڕۆسەی چێ کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی‌دا، بوونی نەتەوە پێویستی‌یەکی بنەڕەتی و بەردی بناغەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دێتە نرخاندن و لێرەشەوە بەدەوڵەت بوونی نەتەوە دێتە ئاراوە. لە ئاکامی ئەو خوێندنەوەیە کورد نەتەوەیە و بۆیەش مافی پێک هێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی هەیە. پێشەوا دەیەویست لە ڕێگای هێنانە ئارای ئەو پێناسەیەوە کێشەی کورد بە

مەسەلەی سەروەریی نەتەوەییەوە گرێ بدات. واتە لێرە نەتەوەیەک بەهۆی بوونی نیشتمانێک کە کوردستانی ناوەو بە پشت بەستن بە فاکتۆرگەلێکی وەک زمان، مێژوو بڕوا بە سیمبول و چارەنووسی هاوبەش و نواندنی ئیرادەی پێویست و بوونی رێبەرێکی لێوەشاوەی وەک پێشەوا، پێویستیی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد دێتە ئاراوە و بوونی نەتەوە وەپێش بوونی دەوڵەت دەکەوێ.

بەم جۆرە وەک دەبینین: ناسیۆنالیسمی کورد لە رووی گەشە و تەکامول و بەرەوپێش چوونی لە رۆژی دووی رێبەندان بە لوتکەی هەرە بەرزی خۆی گەیشت. ئەو ناسیۆنالیسمە ئەگەر تا پێش لە ئیعلامی جمهوری وەک بزاڤێکی بەرهەڵستکارانە دژ بە داگیرکراویی وڵاتەکەی و بێ مافیی نەتەوەی کورد، تێکۆشانی دەنواند، لە رۆژی 2ی رێبەندان ئاستی نەتەوەخوازیی کورد بە پلەی هەرە بەرزی خۆی گەیشت. لە بزاڤێکی جەماوەری و بەرهەڵسکارانەوە، پێی نایە سەردەمی بەدەوڵەت بوون و وەدەستهێنانی سەروەریی نەتەوەیی. ئەمە دەسپێک و سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورەی نەتەوەیی بوو بۆ کورد. بەجۆریک ئەگەر ئەم کۆمارە بیتوانیبایە لە ژیاندا مابایە، لە گەلێک لەو کارەسات و قەڵاچۆکردنانەی بەسەر گەلی کورد دا هات، پێشگیری دەکرا.

## سەرچاوەکانی فەسڵی دەهەم :

1. بڕوانە وتاری: مامۆستا حەسەنزادەو پولیمیکی سیاسی لە نووسینی بەڕێز حەسەن ئەیوبزادە، ناسراو بە مامۆستا گۆران.
2. "نەوشیروان مستەفا ئەمین. حکومەتی کوردستان ل .156
3. ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە 10. 1324./11/15.
4. ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە 8 1324/11/18. قەرارێک کە لە 2ی ڕێبەندانی ساڵی 1324 لە لایەن 20 هەزار نەفەر لە میتینگی شاری مەهاباد پەسند کراوە.
5. مامۆستا حەسەنزادەو پولیمیکی سیاسی؟! لە نووسینی بەڕێز حەسەنی ئەیوبزادە ناسراو بە مامۆستا گۆران.
6. "کوردستان" ژمارە 14 ساڵی یەکەم چوارشەممۆ 24ی ڕێبەندانی .1324
7. کۆماری کوردستان_ مەهاباد 1946 لە ڕوووی یاسای گشتی نێو دەوڵەتیەوە لە نوسینی: نەوزاد مەجید خدر سەرمۆردی لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری.
8. ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە 10 دووشەمو 10 ڕێبەندانی 1324ی هەتاوی. جێژنی سەربەخۆیی‌و ئیستقلالی کوردستان.. نوتقی جەنابی پێشەوا.
9. ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە 10 و 11 نوتقی جەنابی پێشەوا رەئیس جمهوری بەرزی کوردستان.

## دوورگەی بەختەوریی مرۆڤی کورد

پێتەختی کۆمار، شاری مەهابادە. مەهاباد لەو کاتەدا "وەک گوندێکی گەورە وایە و بنەمای ئابووری و پێوەندیی کۆمەڵایەتی لەوێدا درێژەی شێوەی مەعیشەت بەرهەم هێنانی لادێیە. لە سەنعات و کارخانەو کارگە و سەرمایەدار و چینی کریکار و بۆرژوازیی گەورەو پەرەگرتوو هەواڵێک نییە و تەنیا جەماوەرێکی کەم بە کاری تیجارەت و بازرگانی و کڕین و فرۆشتنەوە خەریکن کە هەر چەند باری ژیان و پەرەگرتنیان روو لە پێشکەوتنە بەڵام هێشتا دە ژێر دەسەڵاتی مڵکدار و دەرەبەگەکاندان". [1]

تەنانەت "ئەو کات لە مەهاباد کەرەسەیەکی وەک بڵیندگۆش نەبوو، جارچی هەواڵەکانیان جار دەدا. رەسوڵ شاڵی یەکێک لەو جارچیانە بوو. بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە بڵیندگۆیەکی هێناو لە بەرانبەر مەحکەمەی قازی، لە دوولاوە لە دارتێلانیان قایم کردبوو، ئاواز و گۆرانی، یان هەواڵ و قسەی رێبەران، یان قورئانی لەسەر بڵاو دەبووەوە". [2]

"دانیشتوانی مەهابادی سەردەمی کۆماریش بەگوێرەی بەڵگە و سەرژمێرییەکانی دەوڵەتی بە 16455 کەس مەزندەکرابوو. لەو رێژەیەش 8199 کەس ژن و 8266 کەسیش پیاو بوو. سنوور و کەوشەنی کۆماریش نەیتوانی بۆ هەموو شارو مەڵبەندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پەل بهاوێ. لە دوای مەهاباد، بانە و سەردەشت و بۆکان و شنۆ و نەغەدە لە زمرەی گرینگترین شارەکانی ژێردەسەڵاتی جمهووری بوون. بۆ وێنە بەگوێرەی ئاماری ئەرتەش، رادەی دانیشتوانی بۆکانیش لەو کاتەدا گەیشتۆتە 3074 کەس و شاری شنۆش 2212 کەس بەراورد کراوە". [3]

لەو نێوەشدا تەمەنی سەرکۆمارییەکەی پێشەواش پتر لە 11 مانگی نەخایاند. لەو ماوە کەمەشدا نەیدەتوانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ژیانی دانیشتووانی ژێردەسەڵاتی جمهوری پێک بێنێ. خەوی بنەبڕ کردنی هەژاری و برسێتی و دادی کۆمەڵایەتی و رێگاوبان بۆ ژیانی ئینسانی کورد لە ماوەیەکی ئاوا کەم دا نەیدەتوانی وەلام بدرێتەوە. کەچی لەگەڵ هەموو ئەوانەش لەم دوڕگەیەدا کۆمار و سەرکۆمارەکەی بۆ خەڵک

خۆشەویست بوون و لەژێر سێبەری دا خەڵك هەستیان بە ئارامی و ئۆقرەیی و حەسانەوە و بەختەوەری دەکرد.

ئیتر ئاسەوارێک لە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی دامودەزگاکانی تاران نەمابوو. ژاندارمە و بەرتیلخۆریی لەشکری و ئیداری کە تا ئەو کات تەنگیان بە ئینسانی کورد هەڵچنی بوو، شوێنەوارێکیان لێ نەمابوو. پاش چەند چەرخ خەبات هەستێکی لەخۆ دڵنیابوون لەنێو ئەو گەلەدا پەیدا ببوو کە ژێردەستەی کەس نەبێ و دەتوانێ بگاتە ئەو رادەیە چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ. هەر بۆیە لەگەڵ هەموو ئاستەنگەکان و کەندو کۆسپەکانی سەر رێگا لە دوای راگەیاندنی کۆمار بەرنامەکانی پێشەوا بە دوو ئاقار دا وەگەڕ خران: بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی و ئەنجامدانی ریفورم و چاکسازیی هەمە لایەنەی پەروەردەیی و کولتوری.... پێشەوا بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا بەرنامەی چاکسازی هەموو ئەو لایەنانە بگرێتە خۆو هیچ بوارێک لەو بوارانە پەراوێز نەکرێ.

دامەزراندنی "شیرکەتی تەرەقی کوردستان" یەکێک لەو هەنگاوانە بوو. کۆمپانیای پەرەسەندن، ئەرکی بەرپرسایەتی و رێکخستنی پێوەندییە ئابوری‌یەکانی کۆماری لەگەڵ دنیای دەرەوە بەتایبەتی لەگەڵ ئازەربایجان و یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ئەستۆ بوو. لەم پێوەندی‌یەدا:

"لە نەتیجەی جەلەسەی رۆژی جومعەی 19ی رێبەندانی 24 وا قەرار درا سەرمایەی ئەسڵی شیرکەت بە یەک ملیون تمەن دانراوە کە سوڵسێکی نەغدە و دوو سوڵسی دیکەی قەبزی سپەردەی دوخانیەیە لە کەسانێکی پولی نەغدیان نەبێ قبوڵ دەکرێ بەڵام قازانجیان بۆ حساب ناکرێ هەتا وسولی پولی ئەو قەبزانە و شیرکەتی تەرەقی موجاز کرا سەرمایەی خۆی بە دوو موقابیل مەبلەغی ئەسلی زیاد بکا کەسانێکی تا ویستا کە سەهمیان نەکڕیوە ئەوانیش دەتوانن بە قەبزی سپەردەی دووخانیە هەر چەند سەهمێک مایل بن بکڕن. هەر سەهمی شیرکەت عیبارەتە لەیەک هەزار تمەن. لە برواری ئەو نووسراوە قەبزی سپەردەی دوخانیە قبول دەکرێ هەتا ئاخر مانگی رەشەمەی 1324 هەر کەس قەبزی خۆیان بەنێوی شیرکەتی تەرقی کوردستان ئینتقال بدەن". [4]

پێشەوا لە جێژنی بونیادنانی "شیرکەتی تەرەقی کوردستان" کە لە لایەن بەزازانەوە بە بۆنەی سەربەخۆیی کوردستان دەستی بەکار کردبوو، دەڵێ:

"لازمە کە ئەمە رێگایەکی ئیقتیسادی بۆ خۆمان بکەینەوە. شیرکەتی تەرەقی دەبێ تەوسیعەی پێ بدرێ و رەوابیتی تەجارەتی لە هەموو کوردستاندا بەرقەرار بکرێ. حکوومەتی کوردستان ئیحتیاجاتی زۆر دەبێ وەزعی خۆی وەکوو دنیای ئەورۆ تەغییر بدا. مەسەلەن، فەرهەنگ، فەلاحەت، کارخانەجات کە دەبێ وە تەوسیعە و تەرەقی و ئیجادی ئەوانە دا سەعی و جیددیەت بکرێ". [5]

پێشەوا بەوپەڕی پەرۆشەوە داوای لە ئەندامانی نەتەوەکەی دەکرد و دەیگوت: "ئەی خۆشەویستەکانم وەختی میللەتی کورد بەختیار دەبێ کە ئێمە واز لە مەنافیعی شەخسی بهێنین... هەر وەکوو کاری خۆمان جێبەجێ دەکەین کاری میللەتیش وا بخەینە ڕێ. کاری شەخسی وەپێش کاری عوومومی نەخەین... مەدرەسە لە دیهاتەکان بکەنەوە، بیمارستان دروست بکەن، یاریدەی هەژاران بدەن، کارخانە بکرن... پووڵ نێوی ئنیسان بڵیند ناکا، بەڵکوو خزمەت بە میللەت و نیشتمان ئەستێرەی سەر شانی ئینسانە". [6]

بەڵام گرفت و تەنگ و چەڵمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووریی کۆمەڵی کوردەواری یەک و دوو نەبوون. سەدان ساڵ داگیرکراویی کوردستان و ژێر دەستیی کورد لە ئێران، رێگەی ئەوەی نەدابوو بنکە و بونیاتی بەرهەم هێنان لەو وڵاتە دابمەزرێ و گەشە بکات. هەر بۆیە ئەم وەزعە، کاری کردبووە سەر خودی کۆماریش. خەزێنەی کۆمار لە راستیدا بەتەواوی بەتاڵ بوو. ماڵیات وەرگرتن تەنیا سەرچاوەی هەرە گرینگی کۆمار بوو. هەر بۆیە بۆ کرانەوەی دەستو باڵی کۆمار:

"بە دەستووری حزبی دموکراتی کوردستان لە رۆژی 20.10.24 هەیئەتی مالیات بردرآمد تشکیل دراو دەستی کردوە بە کار. تصویب کرا هەوەل مالیاتی شاری وصول لە پاشان دێهات دەس پێ بکرێ". [7]

ئەم هەنگاوانە ئەگەرچی لە سەرەتای پێوانی رێگایەکی دوورودرێژدا بوون و لە راستیدا هێشتا بە مانای دەسپێکی کار بوو، بەڵام بەخێرایی کاریگەرییەکانی خۆی دەردەخست.

"مەهاباد لەو کاتەدا بۆ یەکەم جار بوژانەوەیەکی ئابوری و ئازادییەکی سیاسی ئەوتۆی بەخۆوە بینی کە ئەم گەلە لە هیچ قۆناغێکی مێژووی دوورودرێژی خۆیدا بەخۆیانەوە نەبینیبوو. حکوومەت خەرجی و مەسرەفی خۆی لە باجو خەراج کۆ دەکردەوە، حیزب ئابونەی ئەندامانی خۆی وەردەگرت و خیزانە دەوڵەمەندەکانیش پیتاکیان دەدایە. سەرەک خێڵەکانیش بۆ ئەوەی گوێرایەڵی خۆیان بە حیزب بسەلمێنن پیتاکیان دەدا". [8]

لەو لاشەوە:

"کۆماری کوردستان دەستی بە بازرگانیی راستەوخۆ لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی کرد و بەتایبەتی فرۆشتنی توتن بە یەکیەتی سۆڤیەتی و کڕینی زۆر کەرەستە لەم دەوڵەتە گەشەیەکی تایبەتی بە بازرگانی دابوو و ریگای بۆ باشتربوونی وەزعی ئابووری خۆش کردبوو". [9]

شان بەشانی هەوڵ دان بۆ گەشەی ئابووری و بازرگانی، گرینگیەکی تایبەتیش درا بۆ ئەوەی گەندەڵیی ماڵی نەتوانێ روو لە دەزگاکانی حکوومەتی بکات. هەر بۆیە لەو قەوارەیەدا بەرتیل خواردن و گەندەڵیی ئیداری بە تاوانێکی گەورە دادەنرا:

"لەسەر قەراری کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەتەواوی مەئمورینی حکوومەتی کوردستان رادەگەیەنرێت، هەرکەس لە هەر رێکەوە بە هەر نێویك لە تمەنێک تا چەند تمەن بو هەڵسووراندنی کارێکی (چ قانوونی، چ شەرعی و غەیرە) بەرتیل و ریشوە بداو یا وەربگرێ لە پاش مەعلووم بوون بە خائینی میللەت و مەملەکەت دەناسرێ...". [10]

بەڵام سیستمی لێپرسینەوە تەنیا هەر بە قسەو لەسەر لاپەری کاغەز نەبوو. بەڵکوو بە کردەوەش بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی لێپرسینەوە دەهاتە ئاراوە. رۆژنامەی "کوردستان" لەم بارەیەوە وێنەیەکمان دەداتە دەستو تێیدا هاتووە:

"کێشان بۆ محاکەمە... کە کراوەتە سەرۆکی گومرگی خانێ (لاجان) بە تاوانی صادر کردنی چەند جەوازی غەیرە رەسمی و جەعلی لەسەر کار دەرکراو بۆ دادگایی کردن بانگ کرا". [11]

هاوکات لەگەڵ ئەوە:

"لەسەر دەستووری وەزیری بەرزی جەنگ بەتەواوی برایانی کورد و هاونیشتمانانی کوردستان راگەیەندرا کە هەرگاه کاریکی خلافی اصولی دیموکراسی و برایەتی لەلایەن مەئمورانی هیزی کوردستان هەر لە پێشمەرگە یان ئەفسەر نەسبەت بە ئەفرادی نەتەوەی کورد روو بدات و یا داوای رشوە و غیرە بۆ پێک هێنانی کاروبار بکەن پێویستە بە زوویی مقاماتی هیز و ایدیکە لە حقیقەتی موضوع ئاگادار بفەرموون والا بە پێچەوانەی ئەو بەخشنامە اگر رفتار بکری قطعا" مجازاتی هەردووک لا بە ئەندازەی یەک دەبێ". [12]

بۆ پتەوتر کردنی پێوەندیی نێوان پێشەوا و خەڵک، رێبەرانی کۆمار بیرێکی ژیرانە دێننە ئاراوە. دانیشتوانی کۆمار، دەیانتوانی گرفت و تەنگ و چەڵمەکانی خۆیان، بە سەرکۆمار رابگەیەنن. نووسینی نامە یەکێک لەو رێگایانە بوو. لەم بارەیەوە لە رۆژنامەی "کوردستان"دا هاتووە:

"عنوانی نووسراو بۆ ریاست جمهور:

بەپێ دەستوری ژمارە 1159-11.22.1324 کومێتەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان لە کاتێکدا ملت بیەوێ دەدری دڵی خۆیان یا احساساتێک بە نووسین پێشەکشی رەئیسی جمهوری کوردستان بکەن عنوانی نووسراو تەنیا دەبێ: (رەئیس جمهوری کوردستان) بێت". [13]

جۆری نەتەوەخوازیی کۆمار لە چەشنی نەتەوەخوازییەکی عەدالەت خوازانە بوو. واتە هاوکات لەگەڵ گرینگی دان بە رزگار کردنی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران و بەهێند گرتنی کار و تێکۆشانی کولتوری و پێداویستییەکانی ژیانی روحیی ئەندامانی نەتەوە، لە هەمان کاتیش دا لە هەوڵی ئەوە دابوو ئاوڕ لە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤی کوردیش بداتەوە. بواری لەش ساغی و مەسەلەی دابین کردنی دوکتورو دەرمان بۆ توێژی هەژار و بێداهاتی کوردستانی یەکێک لەو بوارانە بوو. 62 ساڵ لەمەوبەر لە دڵی قەوارەیەکی تازە بەدەسەڵات

گەیشتوودا بڕیار دەدرێ دوکتور و دەرمان بۆ هەژارانی ئەو وڵاتە بەخۆڕایی بێ.

هەر بۆیە:

"لەلایەن وەزیری بهداری کوردستانەوە راگەیەنرا کە ئەوانەی فەقیر و دەستنەڕۆیو بن نامەی ئیدارەی شارەداری لەمەڕ هەژاریی خۆیان وەرگرن بەخۆڕایی معالجە دەکرێن و دەرمانیان دەدرێتێ". [14]

راستە بۆ ژیانی مرۆڤ لاکردنەوە لە بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکان گرینگی‌یەکی تایبەتی هەیە و مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ بیر بکاتەوە و بژی، نانی گەرەکە، بەڵام نانیش بەبێ ئازادی میللی و سەروەریی نەتەوەیی و رزگاریی نیشتمان ناتوانێ حەسانەوە و رەزامەندیی راستەقینە بۆ مرۆڤ دابین بکات. ئەویش بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی وەک کورد، کە بە درێژایی چەنای چەند ساڵ بە تاوانی کوردبوون سەرکوت کرابوو، بەهرەمەند بوون لە دەسەڵاتێکی نەتەوەیی توانی سوکنایی‌یەکی گەورەی پێبدا. بە بەجێ هێشتنی سەردەم و رۆژگاری ترس و خۆف و نکۆڵی کردن لە بوون و مەوجودییەتی، ئەو جار دەیتوانی بیر لە دابین کردنی ویستەکانی تریشی بکاتەوە.

بەر لە هەر تشتێک مرۆڤی کورد بۆن و بەرامە و تامی ئازادیان چەشت. ژیانی ئازادی بەدوور لە سەرکوت و هەڕەشەی هێزی داگیرکەریان تاقیکردەوە، کیان و سەروەریی نەتەوەیی خۆیان دیت. هەستیان بەوەکرد ئەوانیش وەک کورد چییان لە نەتەوەکانی تر کەمتر نیە. ئەویش دەتوانێ دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێ و بۆخۆی چەرخی چارەنووسی خۆی بەڕێوە بەرێ. لەم دوڕگەیەدا ئیتر کەس نەمابوو نکۆڵی لە ناسنامەی میللی و نەتەوەیی بکات. زمانێک کە جاران هەوڵ بۆ توانەوەی دەدرا، بوو بە زمانی فەرمیی کیانەکە. لە قوتابخانەکان بوو بە زمانی رەسمی لە راگەیەنە گشتی‌یەکانیش هەر بە هەمان شێوە.

"گەلێک کە سەدان ساڵ ژێردەست نەبووبێ، زۆرداری چەند دەوڵەتی نەچێشتبێ و هەموو وەختێک خۆی لە نیشتمانی خۆی دا زیندانی هەست نەکردبێ، ناتوانێ قەدری ئەو ئازادی‌یە بزانێ کە لە کۆماری کوردستان دا وەدەست گەلی کورد کەوتبوو، نەک هەر کورد ژێردەست نەبوو، بەڵکوو

چەکی لەشان بوو و پاش سەدان ساڵ شەخسییەتی ئینسانێکی تەواوی پەیدا کردبوو، خۆی بە کەمتر لە هیچ نەتەوەیەکی دیکە دانەدەنا و دڵنیایی بەخۆی و هیزی خۆی پەیدا کردبوو". [15]

سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا کۆماری کوردستان بەتەواوی سەقامگیر نەببوو لە ناو گێژەڵۆکەی سیاسیدا دەژیا و هەردەم لەگەل مەترسیی مەزن بەرەورووو دەبوو، بەڵام پێشەوا دیسانیش نەیهێشت ئەو دۆخە سیاسییە ئاڵۆزە شوێن لەسەر پرۆژەکانی دابنێ. یەکێک لە گرینگترین بواری ئەو پرۆژانەی پێشەوا، کارو تێکۆشانی کولتووری و رۆشنبیری بوو. پێشەوا زۆر لەوە بەپەلە بوو کۆمەڵی کوردەواری لە دواکەوتوویی رزگار بێ، نەخوێندەواری بنەبڕ بکرێ، قوتابخانە و شوێنی پەروەردە و بارهێنان دابمەزرێ.

هەر بۆیە روانگە و دیدی پێشەوا تەنیا لە ئاستی تیئۆری و خیتابێکی رووتی سیاسییەوە نەمایەوە. بۆ قەرەبوو کردنەوەی دەلاقەی پشت گویخرانی دەیان ساڵەی کورد، بۆ فێربوونی عیلم و زانست هەنگاوی تری بەکردەوەی پێویست بوو. کورد ئیتر لەو رۆژگارەدا سەردەمی بێکیانی تێپەڕ کردبوو، خاوەنی کۆمار و سەرکۆماری خۆی بوو. کابینە و وەزیری خۆی هەبوو، هەربۆیە بەخێرایی فیکر و روانگەی سەردەمییانەی پێشەوا دەیتوانی لە کردەوە دا بێتە دی و راگەیەندرا:

"لەسەر ئەمری پێشەوای معظم و قەراری (حزبی دیموکراتی کوردستان) لەوەی بەدواوە پیوسیتە بۆ بەرەو پیدان و رەواجی زمانی کوردی، خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە. لەو تاریخەوە تا 15 رۆژی دیکە هەر کەسێک کورو کچی هەبێ کە عومری اقتضای خوێندن بکا دەبێ بینێریتە مەدرەسە". [16]

بەڵام لە کۆمارەکەی پێشەوادا مەسەلەی گرینگی دان بە خوێندن و کردنەوەی قوتانخانە، هەر تەنیا بۆ منداڵان نەبوو، بەڵکوو کەسانی بەساڵاچووش دەبوایە لەو بەهرەیە بێبەش نەبن. لەونێوەشدا بەتایبەتی بۆ ژنان کە لەمەوبەر بەهۆی بوونی کولتووری کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی هەلی دنیای فێربوون و زانستیان لێ ستاندرابوو، دەبوایە هەلێکی تریان بۆ رەخساباو هەر بۆیە راگەیەندرا:

"بە ئەمری پێشەوای بەرزی کوردستان لە هەوڵی ساڵی تازە.. مەدرەسەی اکابری یایان لە جێگای مەدرەسەی کچان دامەزراوە و تا ئێستا لە حدوودی چل کەس لە کچان و ژن بۆ خوێندن لەو مەدرەسە دا نێونووسیان کردوە و هەموو رۆژێ ساتی 3 بۆ رۆژئاوا لە جێگای نێوبراو کۆ دەبنەوەو خەریکی خویندن دەبن. لەسەر هەموو کچ و ژنێکی نەخوێندەوار پێویستە لەو نعمتە گەورە ئیستیفادە بکەن و بۆ خویندن فێربوونی زانست لەو مەدرەسەدا لە غایەتی شوق و رغبت حاضر بن.
ئاموزگاری مەدرسەی کچان کبرای عظیمی."[17]

پێبەپێی ئەو هەنگاوانە بەهێند گرتن و گرنگی دان بە زمانی کوردی بوارێکی تری هەوڵەکانی پێشەوا بوو. زمان لە روانگەی ئیتنۆگرافیاوە، یەکێک لە نیشانە گرینگەکانی نەتەوەیە، هەم بۆ خۆ ناسینەوە هەم بۆ خۆ جیا کردنەوە لەوی تر. لە راستی دا زمان بەشێکی هەر گرینگە لە ناسنامەی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەک. ناسنامەش لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە یەکێک لە گرینگترین باسەکان دادەنرێت. ئەو کەسەی کە لە ناسنامەی خۆی دەدوێ، نە تەنێ دەیهەوێ بڵێ کێیە و چ کەسێکە، بەڵکوو لەو رێگایەوە لە هەوڵی ئەوە دایە کە بڵێ ئەوەی تر نیەو لەوی تر جیایە. بۆ وێنە کاتێ باس لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەکرێ، بە مانای ئەوەیە باس لە بوونێکی دیاریکراو دەکرێ و یەکێک لە ماکە پێکهێنەرەکانی ئەو بوونەش خۆ لە زمانی ئەو نەتەوەیەدا دەبینێتەوە. هەر بۆیە لە ئاکامی هەست کردن بەو رۆلە گرینگە بوو کە زمانی کوردی لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دا گێراویەتی، پێشەوا لەو ماوە کەمەدا ئەوپەڕی بایەخی پێدا.

"بە رەسمیکردنی زمانی کوردی و بڵاو کردنەوەی خوێندن و خوێندەواری بڕیارێکی گرینگی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو. قازی محەممەد لە رێگای بڕیاری بەرەسمیکردنی زمانی کوردی جگە لەوەی ویستوویەتی کورد وەکو نەتەوە لە زمانو کولتوری باڵادەستی نەتەوەی فارس کە هیزی دەوڵەتی لە پشت بوو جیا بکاتەوەو، هەوڵی داوە زمانێکی ستانداردیش لە رێی دەسەڵاتو بە ئیلزامی کردنی خوێندنەوە لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کورد دروست بکات. بە مانایەکی تر ناسیۆنالیزمی کوردی هەوڵیداوە زمان بکاتە بنەڕەتێکی گرینگی یەکبوونی کولتووری. ئەو یەکبوونەی کە هەر بزاڤێکی ناسیۆنالیزم لە تێکۆشانی سیاسیانەی خۆی و لە دروستکردنی فانتازیای نەتەوەییدا پێویستی پێیەتی. چونکە گومانی تێدا نیە کە زۆر جار زمان نەک هەر دەتوانێت یان توانیویەتی خەسلەت و تایبەتیمەندیی روحی و کولتووریەکانی نەتەوەیی بەهێز بکات، بەڵکوو بە پێی هەلومەرجی جیاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و مێژوویی نەتەوە جیاوازەکانیش دەتوانێت هەست و هۆشی خود ناسین و پێداگرتن لەسەر شوناسی نەتەوەیی و خۆ جیاکردنەوە لە ئەوی تری بێگانە بگەیەنێتە ئاستێکی ئەوتۆ کە چیتر نەتەوەیەک نەتوانێت لەژێر سایە و دەسەڵاتی زمان و کولتوورێکی تری بێگانەدا درێژە بە ژیان و مانەوە لە چوارچێوەو سنووری ئەو زمان و کولتووره بدات". [18]

پێشەوا لە وتووێژێکی چاپەمەنی دا باس لە کۆمەڵێک لەو هەنگاوانە دەکات و دەڵێ:

"ئێمە وەک گەلێک یەکمان گرتەوە و بەهێزتر بووین و بە یەکجاری بۆ گەیشتن بە مافی خۆمان دەستمان بەخەبات کردوە و ئیستا ئێمە لەم بارەوە دەسکەوتی زۆرمان بەدەست هیناوە ئەگەر لە رابردوودا نووسین و ئاخافتن بە زمانی کوردی ریگای پی نەدەدرا، ئیستا ئێمە رۆژنامەی "کوردستان"مان هەیە. لە کوردستان دا نزیکەی سێ هەزار زارۆک بە زمانی خۆیان دەخوێنن، چەند رۆژ لەمەوبەر دەستووری بەزۆرەملەی خوێندنی سەرەتایی بۆ هەمو کەس بەبێ پارە، دراوە. قوتابیە هەژارەکان لە باری جلوبەرگ و کتێبەوە، هەروەها خواردنی بەیانیان لە قوتابخانەدا یارمەتی دەدرێن. مەهاباد کۆمەڵە (کەلکتیو)ی لی هەیە، ژنان بەشداری تێدا دەکەن". [19]

"لەنێو منداڵانی مەدرەسەدا، ئی وا بوو زۆر فەقیر بوو و بەپیخواسی دەچووە مەدرەسەی و بەرگ و پێڵاوی نەبوو. بۆیە دەستوور درا کە تەواوی منداڵانی مەدرەسە لیباسی یەک فورم و یەک رەنگیان هەبێ. ئەو لیباسانە لە قەوارەی جۆراوجۆردا دروابوون و زەلام و چکۆڵە، درا بە هەموو کەس. دیارە عیددەیەک لە دەوڵەمەندەکان گوتبویان منداڵی ئێمە

ئەوانەیان پیوسیت نیيەو نایانهەوێ. پێشەوا قەبوولی نەکردبوو گوتبووی نابێ فەرق و جیاوازی هەبێ و دەبێ هەمو یەک فۆرم و یەک لیباس بن. پێشەوا ئەو کات 100 تمەنی مانگانە یارمەتی لە دەوڵەتی کوردستان وەردەگرت. ئەویش تەواوی ئەو پوڵەی تەرخان کردبوو بۆ مەدرەسەکان و هەر مانگەی دەدرا بە قوتابخانەیەک". [20]

لەم پێوەندیيەدا چەند هەنگاوی هەرە گرینگی تر هاویژرا. مەنافی کەریمی بە وەزیری فەرهەنگ و سەدیق حەیدەری بە وەزیری تەبلیغات دیاری کران و لە پاڵ ئەوەشدا هەیئەتی فەرهەنگیيش دامەزرێنرا. "هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان" لە رۆژی چوارشەممۆ 12ی 10ی 1324 چەند بڕیارێکی گرینگی دەرکرد. "ئەو منداڵانەی بێ کەسن و بە سواڵ مەشغووڵن کۆ بکرێنەوە و لەناو میللەت دا دابەش بکرێن و رۆژانە لە مکتبی گەلاوێژ بخوێنن. بە ئەکسەریەتی ئارا پەسەند کرا ئاغایانی فروهەرو کەریمی خەڵکی بێسەواد حازر کەن کە شەوانە لە مەکتەب دا بە زمانی کوردی بخوێنن". [21]

بەڵام خویندن بە زمانی کوردی تەنیا لە چوارچێوەی قوتابخانەکان دا نەمایەوە بەڵکوو تەنانەت زمانی نەتەوە رووی لە مزگەوت و خوتبەی رۆژانەی هەینییش کرد:

"هەوەل جارە کە خوطبەی جومعەی بە کوردی دەخوێندرێتەوە. وەکو برایان هەموو دەزانن سالێکی تەواوە کە لەلایەن حیزبەوە دەستوور بە ئیمامی جومعە درابو کە خوطبەی جومعە بە کوردی بخوێندریتەوە، ئیمام لە پێش دا خوطبەکەی بە کوردی دەخوێندەوە و پاشان بە عەرەبی. بەڵام دوێنێ 12ی 11ی 1324 ئیمام پاش بسم... خوطبەکەی بە کوردی خویندەوە.

بە ئەمری پێشەواو رەئیس جمهوری بەرزی کوردستان لەلایەن حیزبەوە بە جەنابی مەلا حسین مجدی ئیمام جومعە و سید محمد حمیدی ئەمر دراوە کە خوطبەی جومعە لەسەر دەستووری ژیرو تەنظیم بکری: موبارەزە دەگەڵ خورافات و ئیحترامی قانوون و دین. بیهداری و ئیجادی بیمارستان. تەفسیری ئەمنییەت لە سەرکەوتنی نیشتماندا. تەمەدونی کوردستانی قەدیم، ئیعتیماد بە نەفس و ئەهەمیەتی سەربازی وەظیفە...

تەهیەی کودەکستان. چلۆن دەبێ پێش بە تەراخوم بگیرێ. روحی سەلەحشووری. وەحدەتی میللی. عەواقیبی تەبهکاری، سوخەن چینی و دوزبانی. وە دەستوور دراوە جەنابی ئیمام جومعەش ئەمانە رەچاو بکرێ و خوطەبای دێهاتیش لەم دەستوورە پشتیوانی بکەن". [22]

هاوتەریب لەگەڵ ئەوانە "چەن دەزگا ماشینی چاپەمەنی کە قازی مەحەمەد لە شورەوێکانی وەرگرتبوو، بەوانە هێندێک رۆژنامە و کتێب چاپ بوو، یەکێک لەو رۆژنامانە رۆژنامەی رەسمی کوردستان بوو کە رۆژانە بڵاو دەبۆوە". [23]

پێشەوا لەمەڕ گرینگی و بایەخی رۆلی چاپەمەنی و گۆڤار و رۆژنامەکاندا دەڵێ:

"بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگی کورد و بۆ راگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەریەت و عەدالەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاو کردنەوە بووین، چاپخانەی زۆر چاک تەئسیس کراو دانرا، لە شاری خۆماندا بە زمانی خۆمان بە چاپخانەی خۆمان گۆڤار و رۆژنامە دەردەچی و بیر و فیکر و داخوازی ئیمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە". [24]

"رۆژنامەگەری یەکێک لە خەسلەتە دیارەکانی ئەو ماوە مێژووییە بوو. دوابەدوای گۆڤاری نیشتمان کە زمانحاڵی کۆمەڵەی (ژ.ک) بوو، چەندین رۆژنامەو گۆڤاری تر لە دامەزراندنی (ح.د.ک)ەوە تا رووخاندنی کۆمار دەرچوون. لەوانە: گۆڤاری هاواری نیشتمان، گۆڤاری هەڵاڵە، گۆڤاری گروگاڵی منداڵان، گۆڤاری کوردستان و رۆژنامەی کوردستان بوون". [25]

"دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان بە تەنها ئەزموونێکی تازەی ژیانی رۆژنامەگەری کوردی نەبوو، بەڵکوو دانانی بنچینەیەکی گرینگیش بوو بۆ رۆژنامەی رۆژانەی کوردی". [26]

لەو نێوەدا رۆژنامەی "کوردستان" هەوڵی دەدا رۆلێکی هەرە چالاک بنوێنی و پتر بیبێتە زمانی حاڵی خەڵک و پێوەندییەکی پتەو و نیزیکیان لەگەڵ دامەزرێنێ. هەر بۆیە بە شێوەیەکی زۆر کراوە لە هەمان کاتدا دۆستانە لە خوێنەرانی خۆی دەپرسی:

"رۆژنامەی کوردستانت چۆن دەوێت؟

چ باسێکت پێ خۆشە؟
چ ناتەواویکی تیا دەبینیت؟
چۆنی بەباش دەزانی بومانی بنووسە؟"[27]

هاوکات لەگەڵ ئەوەش رووی لە دەزگای حیزبی و حکوومەتییش دەکرد و داوای لیدەکرد:
"بۆ ئەوەی ملەت لە کاروباری هەموان ئاگاداری هەبێ هەموو رۆژی نەتیجەی کاروباری خۆیان: انتصابات، انتقالات، بودجە، مجازات و دەستگیر کردنی خائنان و هەر کاری کە بۆ نوسین لە رۆژنامەی کوردستاندا بگونجی بە وەسیلەی مامورێک کە دەیکەنە باوەڕپێکراوی ئەم کارە بە ادارەی رۆژنامەی کوردستان وەلام بدەن کە بۆ ئاگاداری هەموو کەس دە رۆژنامە دا بلاو بکرێتەوە". [28]
سەرەڕای ئەوەی رۆژنامەی "کوردستان" بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکرات و زمانی حاڵی کۆمار بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش زۆر جار شەقڵ و مۆری رۆژنامەیەکی سەربەخۆی پێوە دەبینی و هەوڵی داوە پردێک بێ لە نێوان خەڵک و حکومەت. بەرزکردنەوەی سکالای هاووڵاتیان بۆ بەرپرسانی حکومەتی لە بڵاوکراوەکەدا یەکێک لەو تایبەتمەندییانە بوو. بۆ وێنە لە دوو ژمارەی کوردستاندا هاتووە:
"ئاغای قاسمی مسگەری نامەیەکی شکایەتاوی دریژی بە ادارەی رۆژنامەی کوردستان داوەو دەڵی: ستەم و زۆر لێ کراوە و مقاماتی حزبی هێشتا بەدەردم رانەگەیشتوون". [29]
"نووسراوەیەک بە ادارەی رۆژنامە گەیوە کە گۆیا نەخۆشی (تیفوس) لە شاری دا پێدا بووە، تکا دەکەین هێئتی بەرزی حزبی دێمۆکرات بۆ رزگاری خەڵکی و لەبین بردنی ئەو نەخۆشیە قەدەم هەڵێنن". [30]
بەڵام لاپەرەکانی "کوردستان" هەر تەنیا بۆ خزمەت بە ئەدەب و زمانی کوردی و هوشیاریی نەتەوەیی و بۆ دەربڕینی سیاسەتی کوردی و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان تەرخان نەکرا، بەڵکوو گەلێک بریار و قەراری گرینگی بەرپرسانی کۆمار کە دەبوایە بەخێرایی بچنە ناو خەڵک، خۆیانی

تێدا دەبینیەوە. مەسەلەی دیاری کردنی نرخی فرۆشی پیداویستیيەکانی ژیان یەکێک لەو بوارانە بوو.

"لەسەر قەراری کمیسیۆنی انجمنی شارەداری کە لە بڕواری 7.1.1325 بە حضور قصابانی شاری لە ئیدارەی شارەداری تشکیل دراوە، لە تاریخ 16ی خاکەلێوەی 1325 تا ئەوەلی مانگی خەرمانانی 1325 نرخی گۆشت، مەڕ و بزن سیەی لە قەراری سێ تمەن (کیلۆی پازدە قران) تعیین کراوە...". [31]

بواری لەشساغی یەکێکی تری ئەو بڕیارانە بوو:

"بەهۆی ئەو ئاگاداریە بە تەواوی تەبەقەی "سلمانی"، کبابچی"- قصاب ئاشپزخانچی، قاوەچی" شاری مەهاباد و تەواوی ئەو کەسانەی کە لە اماکنی عمومی دخالتیان هەیە رادەگەیەندریت کە لەو تاریخەوە تا پیج رۆژی دی بە ئیدارەی بهداری مراجعەو پاش معاینەی لزوم تصدیقی سلامتی مزاج لە بهداری وەرگرن و ئیدارەی شارەداری پێشکەشی کەن...". [32]

هەر لە درێژەی بەهێند گرتنی باری لەش ساغیی دانیشتوانی کۆمار لە یەکێک لە ژمارەکانی "کوردستان"دا دەخوێنینەوە:

"لە بڕواری ئەو ئاگاداریيەوە بە تەواوی قصابان رادەگەیندرێت کە پیویستە هەر حیوانێکی دەگوژریتەوە بدستوری دامپزشکی و لە معاینە دەرچێت و هر کەسیک حیوانات لە هەر قبیل بە عنوانی تەجارەت لە مهاباد بۆ خاریج صادر بکا پیویستە ئەویش تحت نظری دامپزشکی کوردستان ئەنجام بدریت". [33]

شان بە شانی گشت ئەو هەنگاوە گەورانە، ئەویش لەو ماوە کەمەدا و بەوپەڕی بێئیمکاناتی، بە مەبەستی سەروەر کردنی حکوومەتی یاسا بۆ کێشە کۆمەڵایەتیيەکانی نێوان هاووڵاتیان و بۆ دادخوایی و هێمنی لە کۆمەڵدا، ئیدارەی "عدلیە"ش دامەزرێنرا و خەڵک دڵنیا کرایەوە

بەوپەڕی عەدالەت لە کێشەکانیان دەکۆڵرێتەوە. لەم پێوەندییەش دا هاتووە:

"تیبقی نظری حەزرەتی پێشەوای معظمیی کوردستان ئیدارەی عدلیە دانراوە و تشکیلاتی خطابی بە تصویبی جەنابی ژنرال سیف قازی فرمانداری محترم مهاباد گەیشتووە بە عمومی اهالی محترم شاری و اطراف عەرزی ئاگاداری دەکرێ هەر کەس دە اموری قضایی و دادخوازی حقوقی و جزایی مەرجەعاتێکی هەبێ دەکەماڵی عەداڵەت و سرعت و دقت لە حدودی اصولی مەربوتەدا رسیدگی و احقاقی حەق دەکرێ.

دادستانی دادسرای مهاباد لاهوتی"[34]

هەر لەم ماوە کەمەدا بیر لە دامەزراندنی کتێبخانەی میللییش کرایەوەو بڕیار درا:

"لەبەر ئەوەی پێداویستییەکی زۆر بە بوونی کتێبخانەی میللی لە شاری مەهاباد هەست دەکرێ حەزرەتی پێشەوای کوردستان دەستوری فەرمو کە بە زویەکی زو دەست بە کۆ کردنەوەی کتێبەکانی قەرائەتخانەی عیسازادەو فەرهەنگ بکری و یەکجێ لە سالۆنی تەنیشتی چاپخانەی کوردستان دابندرێن و کتێبخانەی میللی و عوومومی ساز کری". [35]

"کتێبخانەی فەرهەنگ کە تازە دامەزرابوو توانی لە ماوەیەکی کەمدا 600 جلد کتێبی کوردی، فارسی، عربی، تورکی، فرانسە، ئینگلیسی کۆ بکاتەوە". [36]

لە ماوەی 11 مانگ لە تەمەنی قەوارە نەتەوەییەکەی کورددا رەوتی نوێ کردنەوەی کۆمەڵی کوردەواری بواری سینەماشی گرتەوە. لە دوای هێنان و دامەزراندنی رادیۆ ئەوجار نۆرە گەیشتە دامەزراندنی دەزگایەکی سینمایی بە مەبەستی گەشەپێدانی بیر و هۆشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوریی مرۆڤی کورد لەو سەردەمەدا.

کوردستانی ژمارە 72 رێکەوتی 5،4،1325 ئەم هەواڵە بە خوێنەرانی دەگەیەنێو دەنووسێ:

"صحنەی سینەمای کوردستان چەندی لەوەی پێش لەلایەن وەزارەتی بەرزی تەبلیغاتەوە دەست بە ساز کردنی کرابوو، دوایی هات و فیلمی نوێی زۆر ئەعلای ئەخلاقی کە ئەندازەی لەخۆ بوردون و نیشتمان پەرەستی قارەمانانی جەماهیری شورەوی نیشان دەدا و دەنوێنێ کە ئەم میللەتە ئازایە بۆ پاراستنی نیشتمانی خۆشەویستیان چ فیداکارییەکیان بە خەرج داوە وارید کراوە و دەستی بەکار کردوە. پێویستە برایانی نیشتەجێی مەهاباد و دەوروبەر ئیستیفادەی لێ بکەن و بەتایبەتی لە لایەن وەزارەتی تەبلیغاتەوە راگەیەندراوە کە لە کاتی چوون بۆ سینەما و لە وەختی وارید بوون و دانیشتن دا موراعاتی ئینضیباط بفەرموون". [37]

"بۆ پێشخستنی فەرهەنگی کورد بۆ یەکەم جار شانۆی کوردیش پێک هات. نەخشی تەئاتر (شانۆ) زۆر گرینگ بوو چونکە خەڵکی نەخوێندەوار لە تەئاتر حاڵی دەبوون، لە حالیکدا نەیان دەتوانی چاپەمەنیەکان بخوێننەوە. بەتایبەتی ئەگەر سەرنج بدەین کە 90 لە سەدی خەڵک لەو کاتەدا نەخوێندەوار بوون، ئەو جار گرینگی تەئاتری کوردی زیاتر بەرچاو دەکەوێ. یەکێک لە پیەسەکانی تەئاتری کوردی "دایکی نیشتمان" بوو. دایکی نیشتمان کوردستان بوو کە لەلایەن چەندین دەوڵەتی زۆردارەوە زوڵمی لێ دەکرا، لە پاشان رۆلەکانی کورد بە خەباتی خۆیان دایکی نیشتمانیان لە چەنگ ئەو زۆردارانە رزگار دەکرد". [38]

"بۆ راکێشانی زیاتری سەرنجی ژنان پێشەوا ژن و کچی خۆی هان دەدا لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەشداری بکەن و ببن بە نمونە بۆ ژنانی دیکە: لە رۆژی 24ی رەشەمەی 1324 یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان دامەزرا رۆژ بە رۆژ تیکۆشانی پتر پەرەی دەستاند". [39]

لەوەش گریگنتر، ژنان لە سەردەمی 11 مانگەی جمهوری دا رێگایان پێ دەدرا لە کۆبوونەوە گشتیەکاندا نە تەنیا بەشدار بن، بەڵکوو شان بە شانی پیاوان وتار بدەن و لە تێکۆشانی سیاسیدا دەنگیان هەبێ. شان بە شانی هەموو ئەوانە:

"هاووڵاتی کۆماری کوردی دەیتوانی بەوپەڕی ئازادی بێ و بچێ و سەفەر بکات. ئاسایش بە رادەیەک بوو کە پۆلیسی کوردی بە درێژایی یەک دانە ساڵ تەنیا پینج کەسیان گرت. هیچ سانسۆرێک لەسەر رۆژنامە

نەبوو. یەکەمین کتێبی دەرسی قوتابخانەکان بە زمانی کوردی هاتە نووسین و بۆ چاپ ئامادە کرا، گوێگرتن لە رادیۆی بێگانە ئاسایی بوو لە پاڵ گوێگرتن لە رادیۆی کوردی کە ڕۆژانە شەش سەعاتیان کار دەکرد و بەرنامەی بڵاو دەکردەوە". [40]

"قازی بە هیچ جۆرێک باوەڕی بەوە نەبوو کە پێویستە لەم مەڵبەندە دا ئیدارەیەک هەبێت کە خەڵک لێی بترسێن،... هەر بۆیە بە خەڵکەکەی دەگوت کە بزووتنەوەی ئێوە دەبێ تێبینی سیاسیتان نیشان بدات. قازی بەرداشتنی زۆر جوانی لە مەسەلەکان هەبوو، دەیزانی کە ئەو کۆمارە هەڵقوڵیوی ئارەزووی خەڵکە و لەپێش هەموو شتێکدا دەبێ لە پشتیوانی زۆرایەتی گەل و هۆزەکان بەهرەمەند بێت، ئەو کات ئەو هێزانە (هێزی گەل) لە هەموو چەشنە تەشکیلاتێکی نیزامی یان پۆلیسی نەهێنی باشتر دەتوانن کە پاریزەری ولاتو مافی رەوای خۆیان ببن". [41]

بە مەبەستی پاراستنی کەش و هەوای ئارام لە شار چەک هەڵگرتنیش قەدەغە بوو. لەم بوارەشدا بریار درا:

"بە تەواوی ئەهالی رادەگەیەندریت کە هەڵ گرتنی ئەسلحە لە نێو شاری دا غەیری ئەشخاسی مەجاز بە کلی قەدەغەیە. هەر کەسێک لە نێو شاری دا تیر خالّی بکا سەخت تەعقیب و موجازات دەکری". [42]

جگە لە هەموو ئەو دەسکەوتانە:

"خەڵکی شارەکە ئازاد بوون کە گوێ بدەنە هەواڵی تەواوی رادیۆ خاریجیکانی دونیا و کەڵکی لێ وەرگرن، کە ئەو مەسەلەیە ئەسلەن لە نێو تورکەکانی ئازەربایجانی وجودی نەبوو. پۆلیسی نەهینی کە بەشێکی جوێ نەبووەوە لە حکومەتی تەورێز بوو، لە مەهابادی نەبوو". [43]

کۆمار وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی ئاڵوگۆڕێکی گەورەشی لە زهنیەتی ئینسانی کورد چێ کرد. لایەنێکی هەرە گرینگی ئەم ئاڵوگۆڕە بواری فیکریی دەگرتەوە. خۆناسین و راوەستان لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و بوونی سەروەریی سیاسی بەسەر نیشتمانەکەی دا و رەت کردنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی دەسەڵاتی تاران، وەک سیستمێکی فیکری جێی خۆی کردبۆوە. زۆر گرینگە 60 ساڵ لەمەوبەر لە سیاسەتی

کوردیدا باس لە موستەعمەرە بوونی کوردستان بە دەوڵەتەکانی ئێران و عێراقو تورکیە هاتبێتە گۆڕێ.

"ئادەمیزاد بۆیە دروست کراوە بە سەربەستی بژی: هیچ نەتەوەیەک نابێ لە دەستی نەتەوەیەکی دی دا دیل بێ و ئازادی بەشێکی خودائیە و دەبێ هەموو تیرە و رەگەزێک بەهرەی لێوەرگرێ، هەموو کەس حەقی هەیە لە چوار دیواری خانووی خۆی دا بە سەربەستی رابیوێرێ. کەچی داخەکەم لە دونیای ئەوڕۆدا کە لە کنە خۆی دنیای ئازادی و دیموکراتیە و چاخی ئاتۆم و کارەبایە هێشتا زۆر لە نەتەوەکانی سەر زەوی بە ژێردەستی و دیلی رادەبوێرن و هەتا ملان بە زەلی چارەرەشیوە بوون و پەنجەی زولم و زۆرداری ئەوکیان رێک دەکوشێ. ئەگەر کەمێک بیر بکەینەوەو تۆزێک وردبینەوە هێندێک لە چلۆنایەتی هەوڵسوڕانی کاروباری دونیا بفکرن بۆتان روون دەبێ بەرهەستی هەرە گەورەی ئازادی و دوژمنی بێ رەزا و زۆرداری... هەر سیاسەتی شومی استعمارە. ئیستیعمارە 9 ملیۆن کوردی پاک و خاوێنی لەمێژینە کردوەتە نۆکەرو چاو لەدەستی دوژمنانی کوردستانی رەنگینی پر پیتو بەرەکەتی کردووەتە مستعمرەی تورک و عرب و ایران بۆ قازانجی خۆی". [44]

لە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی دا ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بۆ دۆزی نەتەوەیی لە هەر وڵاتیک دا بێ، مانایەکی گەورەی لە ئاستی داواکارییە سیاسییەکانیدا لیدەکەوێتەوە. ئینتما بۆ کورد بوون و خۆ پێناسە نەکردن بە بەشێک لە وڵاتی نەتەوەی سەردەست، ستراتیژییەکی روونی سیاسی لە داوێنی خۆی بەرهەم دێنێ کە نەتەوەی کورد وەک پێکهاتەیەکی جیاواز لە دۆزی خۆی بڕوانێ. هەر لەم پێوەندییەدا:

"ئ.ک.س.لەمبتۆن" راسپێراوی چاپەمەنی باڵوێزخانەی بریتانیا لەم سەروبەندەدا بەو ناوەدا تێپەڕیوە لە راپۆرتێکدا دەنووسێ: "لەگەڵ ژمارەیەک لە کوردی ناوچەکەدا قسەم کرد هەموویان لە ناخی دڵەوە لە سەربەخۆیی کوردستان دەدوان. یەکیان بازرگانێک بوو لە میاندواو دا کە ئەستەم دەبینرا سوودێکی راستەوخۆی لە کوردستانێکی سەربەخۆدا وەچەنگ بکەوێ، [بەڵام] دەیگوت کوردستانێکی سەربەخۆ هەرچەند هەژاریش بێ، دیسان لە بارودۆخی ئێستا هەر باشتر دەبێت". [45]

بەلام کۆمار بە تەنیا بریتی نەبوو لە پێکەوە نانی قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ ئەو بەشە لە ڕۆلەکانی نەتەوەی کورد کە بە ئێرانەوە لکێنرابوو، بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوەی کورد جێگای هیوا و هومێد و پشتیوان بوو. ڕاستە پانتایی سنووری دەسەلاتدارەتیی‌یەکەی هێشتا نەیتوانی بوو تەنانەت باڵ بەسەر هەموو ناوچە و مەلبەندەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانیش دا بکێشێ، بەلام لەگەڵ ئەوەش لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە چاوی هیوایان تێبڕیبوو. هەموو کوردێک هیوای سەرکەوتن و ڕاوەستاویی بۆ دەخواست و خەو و حەزی وەدینەهاتووی لە مێژینەی خۆی لە بیچم و ناوەرۆکی ئەودا دەدیتەوە.

"وێنەی قازی محەممەد لە چوارچێوەی ڕەنگاورەنگ لە هەموو شوێنێک دا و بە تەنیشت نەخشەی کوردستانی گەورە هەلاواسرابوو کە کۆماری کوردی وەکو خاڵێکی بچووک تێیدا نیشانە کرابوو. خەڵکی کۆمار لە حالەتی خەونێکی نەتەوەیی ڕەنگیندا دەژیان. سرودی نەتەوەیی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان دەگوترا". [46]

دوکتور قاسملوو لەو پێوەندی‌یەدا دەنووسێ:

"کۆماری کوردستان بوو بە جێی هیوا و هومێدی ئازادیخوازانی هەموو بەشەکانی کوردستان. نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کورد و هەروەها شەخسیەتی زۆر بەرزی کورد لە کوردستانی تورکیە و سوریە و عێراقەوە پەیتا پەیتا بۆ سەردان دەهاتنە مەهاباد. شاری مەهاباد بوو بە جێی هیوا و قیبلەی ئازادیخوازانی کورد. هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بە دڵەوە ئاواتی ئەوە بوو ئەزموونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد سەرکەوێ، چونکە دەیانزانی کە ڕووناکایی مەهاباد ئاسمانی تاریکی هەموو پارچەکانی کوردستان لە دوارۆژدا ڕون دەکاتەوە. لە وەلامی نوێنەری کوردەکانی تورکیە کە پاش پێک هاتنی کۆماری کوردستان هاتبووە مەهاباد، پێشەوا قازی لەسەر پارچەیەکی نووسیبوو: "ڕووناکایی ئێرە لە دوارۆژدا بۆ ئێوەش تیشک دەداتەوە"". [47]

ڕۆژهەلاتی کوردستان باوەشی ئاوەلا دەبێ بۆ هەموو تێکۆشەرانی کورد لە هەمو پارچەکانی تری کوردستان. هاتنی بارزانیی نەمر و هاوڕێیانی بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان و دانی پلەی ژنرالی و بەشدارکردنی

ئەوان لە دەسەڵاتدارەتیی کۆمار لەلایەن پێشەواوە، وێنەیەکی بچوکە لەو راستیەیە. دروست بوونی ئەو جۆرە پێوەندیەش هەروا دیاردەیەکی بەهەڵکەوت و بەڕێکەوت نەبووە، بەڵکوو لە روانگەیەکی ناسیۆنالیسیانەی پێشەواوە سەرچاوەی گرتووە.

خەون و هیوای پێشەوا، تازە بە وێنەی گوڵەباخێکی تازەپشکووتوو، سەری هەڵدابوو، هێشتا بۆ خاشەبڕ کردنی دواکەوتوویی و ئاوەدان کردنەوەی وڵات کات پێویست بوو. بۆ ئەوەی وڵاتێکی دابەشکراو و نیشتمانێکی داگیرکراو، رەوتی گەشەو بەرەوپێش چوونی خۆی پێوابا، هێشتا کات و دەرفەت پێویست بوو. 11 مانگ ماوەیەکی گەلێک کەم بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەش چونکە کورد تینووی گوڵی سەربەستی بوو، هەنگاوی گەورە نرا. مرۆڤی کورد چەرخی چارەنووسی خۆی گرتە دەستو 11 مانگ بە کردەوە ژیانی بەدەوڵەت بوونی تاقیکردەوە.

هێزێکی گەورەی روحی و مەعنەویی هاتە بەر. پێشەوا لەگەڵ نەتەوەکەی شەرتی بەستبوو و دەیگوت:

**''بۆخۆتان دەزانن کە ئەمن بۆ وەرگرتنی حقووقی کورد شەو و رۆژ وچانم نەداوە و ئەو زەحمەتەش بە فەخر دەزانم. تا یەک رۆژم لە دنیا مابێ دەست لە فیداکاری هەڵناگرم و بە هەمو کەسێکی دەسەلمێنم کە کورد شایانی ژیانە".** [48]

سەرچاوەکانی فەسڵی یازدەهەم :


1. کەسایەتیی فەرهەنگی قازی محەممەد، سەردێری وتارێکە بە پێنوسی کاک ئەحمەدی قازی. بڕوانە بڵاوکراوەی رۆژهەڵات ژمارە 21، 19 گولانی 1384ی هەتاوی.

2. وڵاتی من. بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوڵڵای قازی لە ئامادە کردنی کاک قاسمی قازی. چاپی سوئید. ساڵی 2005ی زایینی لاپەری .71

3. تێبینی ئەو ئامارە لە وتاری بەڕێز خاتوو" شهرزاد مجاب "بە ناوی: زنو ناسیوناليسم در جمهوری 1946 وەرگیراوە.

4. "کوردستان" بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دێمۆکراتی کوردستان ژمارە 16 سالی یەکەم. دووشەممە 28ی رێبەندانی .1324

5. رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە 23 ساڵی یەکەم. رەشەمەی .1324

6. نوتقی پێشەوا. رۆژنامە "کوردستان" ژمارە 72، 8ی گەلاوێژی .1325

7. "کوردستان" ژمارە 5 بڵاو کەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. ساڵی یەکەم. شەممو 29ی بەفرانباری 1324 لاپەری .4

8. کۆماری یازدە مانگە لە نووسینی د. دێشنەر. وەرگێرانی بەڕێز حەمە کەریم عارف.

9. چل ساڵ خەبات، لە نووسینی دوکتور قاسملوو لاپەڕی .35

10. رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە 12 رۆژی 20 رێبەندان.

11. "کوردستان" ژمارە 54. جۆزەردانی .1946

12. "کوردستان" ژمارە 54 جۆزەردانی .1946

13. "کوردستان" ژمارە 14. ساڵی یەکەم. 24ی رێبەندانی 1324. لاپەڕی.4

14. "کوردستان " ژمارە 68. ساڵی یەکەم، پێنج شەممە 27ی پووشپەڕی 1325. لاپەڕی 4.

15. چل ساڵ خەبات، لە نووسینی دوکتور قاسملوو لاپەری 36.

16. "کوردستان" بڵاوکراوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان. ژمارە 1. ساڵی یەکەم 5 شەممۆ 20.10.1324. لاپەری 4.

17. "کوردستان" ژمارە 32 ساڵی یەکەم. شەممۆ 17ی رەشەمەی 1325. لاپەری 3.

18. ناسیۆنالیزمەو ناسیۆنالیزمی کوردی لە نووسینی رێزدار جەعفەر عەلی. سلێمانی 2004 لاپەرەکانی 294و295. بە هاوکاریی وەزارەتی رۆشنبیری لە چاپدراوە.

19. وتووێژی هەوڵانێری ئاژانسی دەنگوباسی تاس لەگەڵ پێشەوا. بروانە کتێبی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەی سۆڤیەتدا. بەڕێز ئەفراسیاو هەورامی لاپەری 41.

20. ولاتی من ، بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوڵڵای قازی لە ئامادە کردنی کاک قاسمی قازی لاپەری 70.

21. "کوردستان" ژمارە 10. 20،10،24.

22. "کوردستان" ژمارە1. 15،1،1324.

23. مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا نووسراوی کریس کۆچیرا. وەرگێرانی محمد ریانی لاپەری 282.

24. وتاری پیشەوا لە رۆژی دووی رێبەندان کە لە رۆژنامەی "کوردستان" ژمارەکانی 10و11 دا بڵاو کراوەتەوە.

25. ناسیۆنالیزمەو ناسیۆنالیزمی کوردی. جەعفەر عەلی، سلێمانی 2004 لاپەری 286.

26. ناسیۆنالیزمو ناسیۆنالیزمی کوردی. جەعفەر عەلی، سلێمانی .2004

27. "کوردستان" ژمارە 8 ساڵی یەکەم. دووشەممۆ 8ی رێبەندانی 1324، لاپەری .4

28. "کوردستان" ژمارە 25 ساڵی یەکەم یەک شەممۆ 26ی رەشەممەی .1324

29. "کوردستان" ژمارە .5 ساڵی یەکەم. شەممۆ 29ی بەفرانباری .1324 لاپەری .3

30. "کوردستان" ژمارە 6 ساڵی یەکەم. دووشەممو 1ی رێبەندانی .1324 لاپەری .4

31. "کوردستان" بڵاوکراوەی بیری حزبی دێمۆکراتی کوردستان ژمارە 33 ساڵی یەکەم. دوو شەممۆ 19ی خاکەلێوەی 1325 لاپەری .3

32. "کوردستان" ژمارە .76 ساڵی یەکەم 22ی گەلاویژی 1325 لاپەری 4، سەرۆکی شارەداری مهاباد خسروی.

33. "کوردستان" ارگانی حزبی دیموکراتی کوردستان. ژمارە .75 ساڵی یەکەم. 20ی گەلاوێژی .1325 لاپەری 4 . سەرۆکی کشاورزی کوردستان وەلی زادە.

34. کوردستان ساڵی یەکەم. 21 خەرمانانی 1325 ژمارە .85 لاپەری .4

35. "کوردستان" ژمارە .2 .21،12،1324

36. "کوردستان" ژمارە .70 1ی گەلاوێژی .1325 ساڵی یەکەم لاپەری .4

37. کوردستان ژمارە .72 .5،4،1325

38. چل ساڵ خەبات لە پیناوی ئازادیدا عبدالرحمن قاسملو 1364ی هەتاوی لاپەری .44

39. چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، دوکتور قاسملو. بەرگی یەکەم 1364 لاپەری .45

40. کۆماری یازدە مانگە. لە نووسینی  د. گرینتر دیشنەر و وەرگێڕانی حمە کەریم عارف.

41. کۆماری کوردستان لە ساڵی 1946 لە نووسینی ویلیام ایگلتون جونیر و لە وەرگێرانی سەید محمد سەمەدی.

42. "کوردستان" ژمارە 2. شەممۆ 1324،10،22. لاپەری 3.

43. کۆماری کوردستان لە ساڵی 1946 لە نووسینی ویلیام ایگلتون جونیر. لە وەرگێرانی سید محمد صمدی.

44. "کوردستان" ژمارە 16 ساڵی یەکەم، دووشەممۆ 29ی ڕێبەندانی 1324 وتاری : سیاسەتی شوم، بە پێنووسی مامۆستا هێمنی شاعیر.

45. پینج بەڵگەنامەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا لەسەر کورد. وەرگێڕ کاک ئەنوەر سوڵتانی گۆڤاری گزینگ ژمارە 15. زستانی 1996، لاپەڕی 25.

46. کۆماری یازدە مانگە. د. دێشنەر. و،حمەکەریم عارف.

47. دوکتور قاسملووی نەمر چل سال خەبات لاپەری 48.

48. نوتقی پێشەوا. رۆژنامەی کوردستان ژمارە 72 8ی گەلاوێژی 1325.

# ژیان و روانگەی پێشەوا

**پێشەوا:** ***''تاکەنگێ کورد دەبێ ماڵکی جێگای خۆی نەبێ''***

لەم دەرفەتەدا راوەستان و شۆڕبوونەوە بۆ ناو جیهانی هزر و روانگەکانی پێشەوا کارێکی گەلێک پێویستە. بێئەوەی بمانەوێ لە نەخش و دەورو تێکۆشانی "ژێکاف" و "حیزبی دێمۆکرات" کەم بکرێتەوە، راستیی‌ەک هەیە دەبێ بگوترێ. ئەویش نەخش و رۆڵی تایبەتی و چارەنووسسازی پێشەوایە لە وەدەس هێنانی گەورەترین دەسکەوتی سیاسی و نەتەوەیی مێژووی هاوچەرخی کورد. کەسێک بیهەوێ کۆمار بناسێ دەبێ لە جیهانی هزر و بیری پێشەواوە دەس پێبکات. کۆمار و پێشەوا دوو واتای لێک گرێدراون. کۆمارناسی بێ پێشەواناسی، ناسینێکی رواڵەتی و سەقەت و ناتەواوەو.

"ئەگەر بزاڤی ناسیۆنالیستی کوردی لە بیستەکاندا بێ ناوی شێخ مەحمود دەبێتە کەم و کووڕییەک، ناوهێنان و قسەکردنیش لەسەر ژێکاف و حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستان وەک بەرهەمی تێکۆشانی ناسیۆنالیزمی سیاسی کورد لە رۆژهەڵات بێ ناوی قازی محەمەد لە کەموکورتی بەدەر نابێت."[1]

بەداخەوە لەسەر شەخسیەتی قازی تا ئێستا وەک پێویست لێکۆڵینەوە نەکراوە و جێگای خۆیەتی کە بیر و روانگە و خەبات و تێکۆشانی پێشەوا، بەشێوەیەکی جیددی موتاڵا بکرێ و بخرێتە لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایەنەوە. بە هەست کردن بەو پێویستیی‌یە وەک هەوڵێکی سەرەتایی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدرێ لە چەند ئیزگەیەکی ژیانی پێشەوا ورد بینەوە و بیرو هزری پێشەواو رۆڵی ئەو لە بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی کورددا بخەینە روو.

لەم گەشتەدا سەرەتا ژیانی بنەماڵەیی‌و سەردەمی لاوەتیی پێشەوا دەخرێتە روو. لە بەشی دووهەمی ئەم کارەدا هەوڵ دەدرێ بیر و رۆڵی پێشەوا لە ژێکاف و پاشان لە حیزبی دێمۆکرات و بونیات نانی کۆماری کوردستان پێشان بدرێ.

## قازی محەممەد (پێشەوا) لە سەردەمی منالّی و لاوەتی دا

"بنەماڵەی قازی یەکێک لە بنەماڵە کۆنەکانی کوردستان دە مەڵبەندی موکریان دا دێنە ئەژمار. ناوەندی سەرەکی‌یان شاری مەهاباد (سابڵاغ) و گوندەکانی ئەو شارستانەیە. بەڵام زۆر کەسیشیان لە تاران و تەورێز و ورمێ و شوێنی دیکەدا دەژین و تەنانەت چەند ماڵێکیشیان پەڕیوەی ئۆرووپا و ئەمریکا بوون. ژیانیان زۆرتر لە مڵک و مەزرا و داهاتی کشت و کاڵ دابین دەبێ و زۆریشیان بوونەتە موچەخۆری دەوڵەت و بە کاری ئیداری و پەروەردە و بارهێنان و کاری ئازادەوە سەرگەرمن و زۆر کەم خۆیان لە قەرەی کاری بازرگانی و دووکانداری داوە. فەرهەنگی ژیانی ئەم تایفە کۆنە تێکەڵاوە لە فەرهەنگی شارستانی و عەشیرەتی. ئەهلی ئەدەب و شێعر و زانست و خوێندەواری بوون و لە هەمانکاتدا راوچی و سوارچاک و چەک‌هەڵگر و بەدەست و تفەنگ و ئازاو نەبەرد بوون. بێجگە لە مەلا و زانای گەورە و ئەدیبو شاعیر و نوسەری ناوبەدەرەوە، زۆر جوامێری دلێر و نەترس و تفەنگچی و راوچی بەناوبانگیشیان لێ هەڵکەوتووە. لە گوندو مەزرادا باغداری و کشت و کاڵیان پەرە پێداوە و فەرعانی و ئاوەدانی‌یان خستۆتە وڵات، بەڵام هەرگیز تاجر یا بازارییەکی سەرکەوتوویان لێ هەڵنەکەوتووە. لەم دوایی‌یانەدا کە شارەکانی کوردستان گەورە بوونەتەوەو فەرهەنگ و ژیانی شارستانەتی بەسەر شێوەی ژیانی عەشیرەتی و داب و نەریتی کۆندا زاڵ بووە، ئاڵ و گۆڕیکی بنەڕەتی دەشێوەی ژیان و کار و چالاکی ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە دا پێک هاتووە. ئەگەر لە ساڵانی قەدیمدا زۆریان مەلا و مامۆستای ئایینی هەبووە، ئێستا تەنانەت یەک مەلاشیان نیە و روویان دە خوێندنی تازە لە مەدرەسە و زانکۆکان کردوە و جیلێکی تازەشیان بە کاری بازرگانی و بازاڕەوە خەریکن و لە باری سیاسی‌یەوە ئێستاش وەک بنەماڵەیەکی چالاک و هۆشیار دێنە ئەژمار. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە پاش هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان گەورەپیاوانی ئەم تایفە یا شەهید کران یا کەوتنە زیندان و ژێر گوشاری کوشندەی دام و دەزگای پەهلەوی. بەجۆرێک کە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە تووشی ژیانێکی پڕ لە ترس و نیگەرانی بوون و لە هەموو دەراوێکی روون بێ‌بەش مانەوە و نەیانتوانی لە باری خوێندن و گەشەی ئابووری و ماڵ و سامان پێکەوەنان هەنگاوی پێویست هەڵبگرن و ئەم حاڵەتە نالەبارە تا رادەیەک بوو بە هۆی دواکەوتوویی لە باری خوێندن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری‌دا.

لە زەمانی بداغسوڵتانی موکری، ئەمیر و دەسەڵاتداری بنەماڵەی ئەمیرانی موکری، کە هاوکات دەگەڵ پاشایەتی شاسولەیمانی سەفەوی (1077ی کۆچی مانگی بەرانبەر بە 1667ی زایینی) دەسەڵاتداری هەرێمی موکریان بووە. وردە وردە ناوی "قازی" لە بەڵگەنامە و ریوایات و مێژووی زارەکی و نووسراوەی موکریاندا دێتە گۆڕێ و بەپێی ئەم باس و بابەتانە "تاتوێل" یا "تاتوێلی" ناوێک لە نەتەوەی گورجی لە گورجستانەوە دەخزمەت بداغسوڵتاندا، کە دەوان رۆژاندا دەگەڵ لەشکری شاسولەیمانی سەفەوی دە بەرامبەر سپای رووسدا خەریکی شەڕ و پێکدادان بوون. دێتە سابڵاغ و موسوڵمان دەبێ. بداغ سوڵتان ناوی "محەممەد" لەسەر تاتوێلی لاو دادەنێ و دەبەر خوێندنی دەنێ. محەممەدی نۆموسوڵمان زۆر زوو خوێندنی ئەو سەردەمە فێر دەبێ و دەبێتە مەلایەکی گەورەو زانا. ئەولادی ئەم مەلا محەممەدەش هەموویان خوێندەوار بوون و کوڕی گەورەی بە ناوی ئەحمەد دەبێتە "قازی" شار و شۆرەتی قازی لەو سەردەمەوە بۆ ئەم بنەماڵەیە ماوەتەوە.

میرزا ئەحمەد کوڕێکی بووە بە ناوی عوسمان کە سەربردەکەی زۆر روون نیە بەڵام میرزا مەحموودی کوڕی حاجی عوسمان زانایەکی گەورەی خەتخۆش و هونەرمەند بووە و پێنج قورئانی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە کە دوانیان کەوتوونەتە مۆزەخانەی بریتانیا و ئەستەمبوڵ و دووانیشیان هەر ئێستا بەدەست بنەماڵەی قازی‌یەکانەوە پارێزراون.

لە میرزا مەحموود دوو کوڕ بە ناوی قاسم و عەبدوڵڵا بەجێ دەمێنن کە ئەوانیش خوێندەوار و مەلا بوون و بینای مزگەوتی قازی لە مەهاباد یادگاری ئەم دوو خوالێخۆشبووانەیە.

لەمە بەدواوە ژمارەی ئەندامانی بنەماڵە زۆر دەبێ و لقوپۆپی زۆری لێ دەبێتەوە. لە بەرەبابی میرزا عەبدووڵڵا چەند کوڕ بەم ناوانەی خوارەوە پاشەکەوت دەبن:

1_ میرزا رەحمان 2_ حاجی عەبدورەحیم (لە ژنێک بە ناوی حۆری یا غونچە لە بنەماڵەی بداغسوڵتان) 3_ مەلا عەبدولمەلیک 4_ میرزا مۆمن 5_ مەلا قوددوس 6_ مام ئەمین (لە دایکێک بەناوی "فەرەنتی" لە عەشیرەتی ماوەتان).

ئێمە لێرەدا بۆ کورت بوونەوەی ئەم وتارە باسی ئەو لقانە ناکەین کە لەم خوالێخۆشبووانە کەوتوونەتەوە. دەتوانن بۆ زانیاری وردتر کتێبی بەنرخی (تاریخچە خانوادە قاضی) بە قەڵەمی خوالێخۆشبوو خەلیلی فەتاحی قازی بخوێننەوە.

لێرەدا ئاوڕێک له میرزا قاسم برای میرزا عەبدوڵڵا دەدەینەوە و پێویسته بگوترێ که زۆربەی زۆری تایفەی قازی لەم بەرە بابه کەوتۆتەوە و ئەولاد و نەوە و نەتیجەی میرزا قاسم زۆرتر بوون و ده ئاڵ و گۆڕ و رووداوە مێژوویی‌یەکان‌دا نەخش و دەوری بەرچاوتریان هەبووە.
میرزا قاسم کوڕێکی به ناوی میرزا ئەحمەد له پاش بەجێماوە که بەپێی نووسینی محەممەد حەسەن خان (اعتمادالسطنه) خاوەن فەزل و کەماڵ بووە و لەنێو زانایان دا له هەمووان سەرتر و خاوەن "خەت و ئینشای بێوێنە" بووە.
میرزا ئەحمەد هەشت کوڕی له سێ دایکان له پاش بەجێ ماوە که بریتی بوون لە:
1_ قاسم 2_ شێخ جەلال 3_ میرزا فەتاح (له کچێکی بنەماڵەی بداغسوڵتان به ناوی فاتمه خانم) 4_ وەهاب 5_ رەزاق (له کچێکی بەگلەربەگی هەوشار) 6_ مەجید _ لەتیف_ ئەحمەد (له مایا خانمی ئاسۆڕی).
دوایین ئەولادی میرزا قاسم به ناوی ئەحمەد (میرزاله) که پاش کۆچی دوایی باوکی لەدایک ببوو. له شەڕێکی موڵکی دا به جەوانی کوژرا و کەسی له پاش بەجێ نەماوە.
میرزا قاسمی قازی زانایەکی گەورە و بەناوبانگ بووە و ماڵ و مەحکەمەی هەموو پڕ له میوان و ئاشنا و غەریبه بووە. کاروباری کۆمەڵایەتی و دادوەری و کوژاندنەوەی شەڕو ناخۆشی نێوان خەڵکی شارو عەشیرەتەکانی موکریان لەو مەحکەمەیەدا جێبەجێ دەکرا. میرزا قاسم وەک ناسراوێکی باوەڕپێکراو بەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی چاو لێدەکراو لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتیشەوە وەک گەورەپیاوی مەڵبەندی موکریان دەهاتە ئەژمار. له سەردەمی شۆڕشی هەمزاغای مەنگوڕدا لەلایەن ئەمیرنیزامی گەڕووسی حاکم و دەسەڵاتداری موکریانەوە ناردرایه لای هەمزاغا بۆ نێوبژی کردن له نێوان دەوڵەت و بزاڤەکەی هەمزاغادا. وەک باب و باپیرانی ئێمه به دەیان جار گێڕاویانەتەوە میرزا قاسم که ناچار دەبێ ئەم ئەرکه راپەڕێنێ له یەکەم دیداری دا به هەمزاغا دەڵی: "من ناچار بوم بێمه لای ئێوە و راسپاردەم. ئەمیر نیزام منی ناردووە تکات لێ بکەم دەست له دژایەتی دەگەڵ دەوڵەت هەڵبگری و دەگەڵ من بگەڕێیەوە لای حکومەت. بەڵام من لەلایەن خۆمەوە پێت دەڵێم که به قسەی من مەکه و بڕوات بەم بەڵێنی‌یانه نەبێ". هەمزاغا به قسەی میرزا قاسم دەکا و ناگەڕێتەوە. بەڵام جاری دووهەم دەگەڵ وەفدێکی دیکه که قورئانی

مۆرکراویان لە لایەن ئەمیرنیزامەوە بۆ بردبوو، دەگەڕێتەوەو بە شێوەیەکی نامرۆڤانە لە "باغی شێخی" مەهاباد دەکوژرێ. بەداخەوە هێندێک کەسی نائاگا و گومان لێکراو ئەم مەبەستەیان بەپێچەوانە باس کردووەو میرزا قاسم بە هێنانەوە و بەکوشتدانی هەمزاغا تۆمەتبار دەکەن. ئەمەش لە کاتێک دایە کە بنەماڵەی قازی بە درێژایی مێژوو لایەنگری نەتەوەی خۆیان بوون و هەموو کات و ساتێک بۆ پاراستنی نەتەوەی خۆیان لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی و دەرەکی راوەستاون و سەریان لەسەر ئەم ئامانجە داناوە.

میرزا قاسم بە یارمەتی شەش برای ئازا و نەبەرد و خەڵکی سابڵاغ ماوەیەک بە قودرەت و تواناوە کاروباری مەڵبەندی بەڕێوە بردووە و شار و دێهاتی پاراستوەو لە مریدانی (شێخ شەمسەددینی بورهانی "د.خ") بووە. رێکەوتی وەفاتی بەوردی دیار نیە و رەنگە لە دەیەی شەستەکانی سەدەی سێزدەی کۆچی مانگیدا رووی دابێ. میرزا قاسم چوار کوری لەپاش بەجێ ماوە کە بریتی بوون لە: 1_ عەلی 2_ ئەبولحەسەن سەیف 3_ عەبدووڵڵا (قازی عەسکەر) 4_ رەحیم.

میرزا رەحیم لە سەردەمی لاوەتی دەشەڕ و پێکدادانێک دا کە لەسەر زەوی و زاری گوندی پیروەلی باغی دێتە گۆڕێ دەکوژرێ. (بەدەست مەجیدبەگی بورهانی).

قازی عەسکەر وەجاخ کوێر بووە و زۆرتری تەمەنی لە گوندی پیروەلی باغی ژیاوە بە کاری کشت و کاڵ و ئاغایەتییەوە سەرگەرم بووە.

قازی عەلی خوێندنی باوی سەردەمی لەلای میرزا قاسمی باوکی خۆی و ماوەیەک لە سنە لای زانایانی ئەو شارە و مەلای پیرەباب کە زانایەکی گەورەو دینداری بێوێنەی زەمانی خۆی بووە تەواو کرد و هاتە ریزی گەورەمەلایانی کوردستان. خۆشنووسێکی دەستڕەنگین بوو. خەتی فارسیو عەرەبی زۆر جوان دەنووسی. لە لایەکیشەوە زۆر ئادابزان و مرۆڤدۆست و نەجیب بوو. خەڵکی شارو ناوچەکانی دەوروبەر دەیانناسی و رێزیان بۆ دادەنا.

پاش مەرگی باوکی بوو بە قازی شار و "مەحکەمە" لە زەمانی ئەویشدا هەموو کات پڕ لە میوان و غەریبە و شکاتکار شکات لێکراو بوو. بێجگە لەوانەش لە مەحکەمەی قازی عەلی دا چەند کەس لە لاوانی خزم و ئاشنا خەریکی خوێندن بوون و خەرجی هەموویان لەلایەن مەحکەمەوە دابین دەکرا. یەک لەوانە محەممەدی قازی وەرگێڕی بەناوبانگ و یەکێکی دیکەش عەبدوڵڵا ناهید (افتخار) بوو کە

هەردووکیان لە بیرەوەریی‌یەکانیاندا باسی ئەو رۆژانەیان کردووە کە لە مەحکەمەدا خەریکی خوێندن بوون.

لەو سەردەمەدا کە میرزا عەلی لاو لە شاری سنە دەیخوێند، دەگەڵ خەلیل خان کوڕی شێربەگ، گەورەی عێلی فەیزوڵڵابەگی هاودەرس دەبێ. دۆستایەتی و خۆشەویستی ئەم دوو لاوە دەگاتە رادەیەک کە خەلیل خان بە میرزا عەلی (قازی عەلی) پێشنیار دەکا خوشکێکی خۆی بە ناوی "گەوهەرتاج خانم" کە لە جوانیدا بێ‌هاوتا بووە بداتێ بۆ ئەوەی لە دۆستایەتی‌یەوە ببنە خزم و پێوەندی‌یەکەیان پتەوتر بکەن. میرزا عەلی نەدیتە ئەو پێشنیارەی قبووڵ دەکا. پاشان خەلیل خان کە خۆشەویستی لای باوکی بووە مەسەلەکە لەگەڵ بنەماڵەی خۆی باس دەکاو شێربەگ پێشوازی لەم پێشنیارە دەکا. ماڵی شێربەگ ئەودەم لە سڵەمانکەندی نزیک شاری سەقز بووە. ئەم گوندە ناوەندێکی گەورەی هونەر و خوێندەواری و مەکۆی مەلا و فەقێ و ئەهلی زانست بووە و جەماوەرێک لە پیاوماقووڵانی عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی لەوێ دادەنیشتن.

قازی عەلی، کە محەممەدی قازی لە کتێبی "بیرەوەریی‌یەکانی وەرگێڕێک"دا وەک "قازی گەورە" ناوی دەبا، لە گەوهەرتاج خانم دەبێتە باوکی دوو کوڕو دوو کچ بەم ناوانە: محەممەد- قاسم- خەدیجە- ئامینە.

گەوهەرتاج خانم بە جەوانی کۆچی دوایی دەکاو قازی عەلی پاش ماوەیەک دەگەڵ زیبا خانمی کچی شێخەلئیسلامی ئاجی‌کەند زەماوەند دەکاتەوە. لەو خانمەش دەبێتە خاوەن کچێک بە ناوی فاتمە.

کچی گەورەی قازی عەلی بە ناوی خەدیجە خانم دەبێتە هاوسەری خوالێخۆشبوو حەمەدەمین بەگی هومایوون لە بەگزادەکانی یەکشەوە و بەرهەمی ئەم تێکەڵاوی‌یە چەند کچ و، کوڕێک بە ناوی سەعیدخان بوو. سەعیدخانی هومایوون لە هەموو رووداوەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی‌دا دەگەڵ خاڵی خۆی پێشەوا قازی محەممەد بووە لە گەڕیانی رووداوەکانی کۆماری کوردستان‌دا ئاجودانی پێشەوا بوو. سەعید خان باسی کۆماری کوردستان و کەسایەتی پێشەوا و رووداوەکانی ئەو سەردەمەی لە کتێبێک دا بەناوی "پێشەوای بێداری" نووسیبوو کە پاش مەرگی ئەو لە چاپ دراو و بڵاو کرایەوە.

ئامینە خانم کچی دووهەمی قازی عەلی مێرد بە خوالێخۆشبوو عەبدووڵای ناهید (افتخار) دەکا و بەرهەمی ئەم تێکەڵاوی‌یە کچێک بوو بە ناوی رابیعا خانمی ناهید کە ئێستا لە لەندەن نیشتەجێ‌یە. ئەو خانمە زۆر زاناو تێگەیشتوە و بیرەوەریی‌یەکانی باوکی (خاطرات من) بە هیممەتی

ئەو خاتوونە بڵاو کراوەتەوە. ئامینە خانم پاش ماوەیەک لە ئیفتیخار جوێ دەبێتەوە و هاوسەری ئەمجاریشی دیسان لە عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی دەبێ بە ناوی محەممەد حوسێن خانی ئەمیری خاوەنی گوندی بەردەزەرد کە لەویش دوو کچی بووە.

فاتمە خانم کچی سێهەمی قازی عەلی دەدرێ بە قادراغای قالوێ لە عەشیرەتی گەورک و ئەم تێکەڵاوییەش دوو کوڕی بە ناوانی حەسەن و هەمزە لێ دەکەوێتەوە.

محەممەد (پێشەوا قازی محەممەد) لە ڕۆژی 11بانەمەڕی 1900ی زایینی بەرابەر بە 1279ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لەدایک بوو. لە خزمەتی باوکی دەس دەکا بە خوێندن. لە هەمانکاتدا لە خزمەت مەلا حوسێنی مەجدی کە گەورەترین زانای ئایینی زەمانی خۆی بوو دەرسی دەخوێند.

محەممەد هێشتا منداڵ بوو کە دایکی کۆچی دوایی کرد. بەڵام پێڕاگەیشتنی دڵسۆزانەی زیباخانم هاوسەری دووهەمی قازی عەلی جێگەی دایکی ڕاستەقینەی بۆ ئەو و خوشک و براکانی پڕ کردەوە.

لەو سەردەمەدا کە محەممەد ڕۆژانی سەرەتای لاوەتی دەست پێکردبوو میسیۆنی ئایینی ئەمریکایی لە مەهاباد جێگیر بوون. زۆربەی ئەندامانی ئەو میسیۆنە فێری کوردی ببوون و دەگەڵ قازی عەلی و بنەماڵە گەورەکانی تری سابڵاغ (مەهاباد) ئامشۆیان دەکرد. یەکێک لە ئەندامانی ئەم میسیۆنە بە ناوی د. فاسۆم ڕێزمانێکی لەسەر زمانی کوردی زاراوەی موکریانی نووسیوە. بێجگە لەوە دوکتۆر فاسۆم زۆر بە وردی باسی قەتڵ وعامی دانیشتووانی شاری مەهاباد و گوندەکانی دەوروبەری کردووەو لە وتارێکدا بۆ ڕزگار کردنی ئەو گەلە بێدەرەتانە داوای یارمەتی لە هاوولاتیانی ئەمریکایی کردوە (بڕوانە گۆواری مەهاباد ژمارە 71 ساڵی 1385 گوزارشتی میسیۆنی کوردستان.ل.و. فاسۆم. وەرگێڕ ئەحمەد قازی لاپەڕە 5 هەروەها ئیل، ئۆ، فاسۆم دۆستی کوردو نموونەی مرۆڤایەتی نووسینی سەید عەبدوڵڵا سەمەدی) محەممەد لەلای ئەندامانی ئەم میسیۆنە بەتایبەتی لەلای دوکتور شاڵک و میستر میللێر و میس کوتات خانم فێری زمانی ئینگلیسی بووە.

لەو ساڵانەی سەرەتای سەدەی بیستەم دا کاروباری شار بەدەست میرزا فەتاحی (براچووکەی میرزا قاسمی قازی و مامی قازی عەلی) بەڕێوە دەچوو. میرزا فەتاح یا قازی فەتاح عالمێکی گەورەی ئایینی و لە هەمانکاتیشدا بەڕێوەبەرێکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو. لە

بەرانبەر دەستدرێژی عەشیرەتەکانی دەوروبەری مەهابادا ڕاوەستا و ئیزنی پێنەدان بە ئەزمی تاڵان و کوشتار لە شار نیزیک ببنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ڕێگەی نەدەدا کاربەدەستانی دەوڵەتی زوڵم لە خەڵکی شار و دەوروبەر بکەن. حاکم و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی زۆری لیدەترسان و هەموو کات دەگەڵی خەریکی دوژمنایەتی بوون و لەلای پادشا و وەزیر و والییەکانی تاران و تەورێز و ورمێ بۆیان تێدەچاند و پیلانیان بۆ لەناوبردن و دوورخستنەوەی دەگێڕا.

ساڵی 1914ی زایینی شەڕی یەکەمی عالەمی دەستی پێکردو دەڤەری موکریانو ئازەربایجان و باقی مەلبەندەکانی ڕۆژئاوای ئێران بوون بە مەڵبەندی کارەساتی رووس و عوسمانی. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە ئێران بێلایەنی خۆی لەم شەڕەدا ڕاگەیاندبوو. لەم شەڕە گەورەیەدا کوردستان ژێر پێ کرا و کارەساتی دڵتەزێن زۆر ناوچەی ئەم وڵاتەی گرتەوە. بێگومان سامناکترین کارەساتی ئەم شەڕە وەبەر دەڤەری موکریان بەتایبەتی مەهاباد و دەوروبەری کەوت.

دوو لەشکری ئیمپەراتۆرییەکانی رووس و عوسمانی وەک دوو شەپۆلی گەورە وێک دەکەوتن و خەڵکی ساویلکە و بێکەسیان دەگەڵ خۆیان دەهاڕی. لە گەڕیانی ئەو شەڕو پێکدادانەدا گا سپای عوسمانی سەردەکەوت و پاشەکشەی بە سپای رووس دەکرد و جارجاریش بە پێچەوانە رووسەکان سپای عوسمانییان تێکدەشکاند و بەرەو باشوور و ڕۆژاوا ڕاوەدوویان دەنان. کوردەکان لەبەر دەمارگری ئایینی و پێوەندی مێژوویی زۆربەیان لایەنگری (سپای ئیسلام!) بوون و هاوکاری عوسمانییەکانیان دەکرد و هەر ئەوەش بیانووی دایە دەست رووسەکان کە سووتمان بخاتە شار و شارۆچکە و گوندەکان و بێڕەحمانە کوشتاری ئەو خەڵکە بکەن. لە کۆتایی ئەم شەڕەدا عوسمانییەکان بەیەکجاری شکان و لە تەورێز و مەراغە و میاندواو و موکریان دا خۆیان بۆ ڕانەگیراو بەرەو هەرێمی خۆیان کشانەوە. کاتێک رووسەکان گەیشتنە سەر شاری مەهاباد، میرزا فەتاحی قازی بە مەبەستی ئەوەی ئیمکانی دەربازبون بۆ خەڵک و دانیشتوانی شار بخوڵقێنێ پێشی بە سپای رووس گرت. بەڵام هەر لەم بەرەنگارییەدا شەهید کرا و رووسەکان بەسەر شاردا زاڵ بوون و کوشتارو ڕەشەکوژی و سووتمان و خاپوور کردنیان دەست پێکرد و بەپێی بەڵگە مێژووییەکان زۆرتر لە دە هەزار کەس لە مەهاباد و ئیندرقاش و قونقەڵا و گوندەکانی تر کوژران و شەق و پەقی شمشیران کران.

پێش ئەوەی سپای رووس بگاتە مەهاباد زۆر ماڵ شاریان بەجێ هێشت و لەوانە ماڵ و منداڵ و کەس و کاری میرزا فەتاحی قازی بە سەرپەرەستیی کوڕە گەورەکەی میرزا فەتاح. عەبدووڵڵا (ثقت‌الاسلام)و ماڵ و منداڵی قازی عەلی و هێندێک خزم و قەومی دیکە مەهاباد بەرەو گوندی یەکشەوە لە مەڵبەندی بۆکان بەجێ دێڵن. بەنیزیک بوونەوەی سپای رووس لەوێشڕا دەچنە سڵەمانکەندی و دیسان دوور دەکەونەوەو روو دە مەڵبەندی هەوشار دەکەن. لە ناوچەی هەوشار لە دوو گوندی "یەرقوڵ"و "پاشبلاغ" موڵکی ئاغایانی غەفاری دەگیرسێنەوە و زۆر بە گەرمی پەزیرایی دەکرێن. بنەماڵەی میرزا فەتاح لە مەڵبەندی هەوشار دەچنە "چۆپلی"و لەلایەن سەرداری هەوشارەوە سێ گوندیان دەدەنێ. ماوەی مانەوەی ئەو بنەماڵە لەو هەرێمە سێ ساڵی تێدەچێ. میرزا عەبدوڵڵای کوری قازی فەتاح لەو سەفەرەدا کۆچی دوایی کردووە و لەوێ ئەسپاردەی خاک کراوە.

میرزا عەبدوڵڵا (قازی عەسکەر) کە دەگەڵ هەڵاتووەکان بووە، میرزا محەممەد (پێشەوا قازی محەممەد)و میرزا قاسم (سەدری قازی) دەنێرێتە پیروەلی باغی و ئاگاداری لە مڵک و ماڵ حاسڵات و کاروباری مەزرایان پێدەسپێرێ. ئەو دوو لاوە کە ئەو کاتە زۆرتر لە پازدە یا شازدە ساڵ تەمەنیان تێنەپەڕیبوو، زۆر ئازایانە کاروباری گوند و مەزرا رادەپەڕێنن و سەرکەوتووانە لەو هەرێمەدا کشت و کاڵ و ئاژەڵداری دەکەن. قازی عەسکەر گەنم و دەغڵ و دانێکی زۆری دەچاڵ و عەمباران دا راگرتبوو کە لەو سەردەمەدا بەهۆی گرانی و قاتی و قڕی زۆر باش بە گران دەفرۆشرا. میرزا محەممەد و میرزا قاسم ئەو گەنم و دەغڵ و دانە دەفرۆشن و دامودەزگایەکی دەسەڵات و ئاغایەتی وەڕێ دەخەن. دەپازدە نۆکەری سواری چەکهەڵگر و کارلێهاتوو رادەگرن و بە یارمەتی پووری خۆیان، گەوەرتاج خانم کچی میرزا فەتاحی قازی، خێزانی قازی عەسکەر کە شێرەژنێکی هەڵکەوتەی مەڵبەندی موکریان بوو، کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبەن.

لە ماوەی چەند ساڵێکدا کە لە گوندی پیروەلی باغی ماونەوە، میرزا محەممەد و میرزا قاسم لەلای چەند نەفەر کاربەدەستی رووسی کە لە میاندواو بوون و هاتوچۆی ئەو مەڵبەندەیان کردووە فێری زمانی رووسی بوون. بەتایبەتی میرزا محەممەد زۆربەی کاتی خۆی بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و رۆژنامە و دەرسی رووسی‌یەوە تێپەڕ کردووە و کاروباری مڵکداری و ئاغایەتی بۆ میرزا قاسم بەجێ هێشتووە.

ئەم ماوەیە کە چەندساڵی کێشاوە بۆ ئەم دوو لاوە وەک پلەیەکی گرینگی پێگەیشتن دێتە ئەژمار.

ئەوەمان لەبیر نەچێ کە پاش کۆچی دوایی گەوەرتاج خانم خێزانی قازی عەلی، شەرافەت خانم هاوسەری شێربەگ، قاسم و خەدیجە دەباتە لای خۆی و زۆر بە ئاگاداریەوە پەروەردەیان دەکا. (شەرافەت خانم دایکی گەوەرتاج خانم بوو) و دە گەڕیانی کوڕەوەکەی ماڵ و منداڵی قازی عەلی دا کە روویان دە هەوشار کردبوو، قاسم و خەدیجە رەگەڵ خوشک و براکانی دیکە دەکەونەوە، پاش رۆیشتنی سپای رووس و ئارام بوونەوەی وەڵات میرزا قاسم بۆ ماوەیەک لە مەهاباد لە لای مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی درێژە بە خوێندن دەدا.

لەو چەند ساڵانەدا کە کوڕەکانی قازی عەلی لە پیروەلی باغی بوون. جەماوەری خەڵکی ئەم مەڵبەندە (چۆمی مەجیدخان) بە وردەمالیک و ئاغاوەت و رەعیەتەوە بە رێز و حورمەتێکی زۆرەوە بۆ راپەراندنی هەموو ئەرک و چالاکی‌یەک کە لە لایەن ئەم دوو لاوە پێشکەوتووە دڵسۆزانە پێیان ئەسپێردراوە ئامادە بوون و بەمجۆرە کاروباری ناوچە و پاراستنی هیمنایەتی ئەو مەحاڵە دەکەوێتە دەست بنەماڵەی قازی بەتایبەتی میرزا محەممەد و میرزا قاسم و محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی. پێویستە بزانین کە بێجگە لە بنەماڵەی قازی عەلی، کوڕەکانی میرزا فەتاحی قازی یانی عەبدورەحمانی جەوانمەردی قازی (سالار موکری)، قازی محەممەدی حاجی‌یاواو کوڕانی سیقەت و میرزا مەحموود (مەنسوور) و حەسەناغای سریلاوا و چەندین خانەوادە و ئاغاوەتی تایفەی ئەمیری و بابامیری و ئاغایانی بادام و ئەمیرابات کە بەرەبابێکی دیکەی تایفەی قازی بوون لەو مەڵبەندەدا نیشتەجێ بوون و دە هەموو بەربەرەکانی و دژایەتی و ئاڵۆزی‌یەکدا پشتیوانی میرزا محەممەد و میرزا قاسم بوون و پشتی یەکتریان بەرنەداوە.

میرزا قاسم پاش ساڵی شکاک (1924_1920) دەگەڵ کچی خاڵی خۆی شاسوڵتان خانمی ناهید کچی مستەفا بەگی سڵەمانکەندی کە لەقەبی سالاری هەبووە زەماوەند دەکا. هەر لەو ساڵەدا قازی عەسکەر و قازی عەلی و سەیفولقوزات جوێ دەبنەوە و هەرکەو ماڵی خۆی دەکا. سەیفولقوزات گوێگجەلی (گوندێک لەسەر جەختوو) وەبەر دەکەوێ و قازی عەسکەر پیروەلی باغی وەبەردەکەوێ و قازی عەلیش لە قارنجە و ئاغڵیان بەشی خۆی هەڵدەگرێ.

میرزا قاسم لێرە بەدواوە ماڵی خۆی دەباتە قارنجە و میرزا محەممەد کە هێشتا ژنی نەهێناوە دەگەڕێتەوە شاری مەهاباد. بەمجۆرە بەرپرسی هەڵسووڕاندنی کاروباری مڵک و ماڵ و ئاغایەتی لە مەڵبەندی چۆمی مەجیدخان دەکەویتە سەر شانی میرزا قاسم (سەدری قازی). میرزا محەممەد (قازی محەممەد) کە گەڕاوەتەوە مەهاباد وەخت و مەجالێکی زۆر پەیدا دەکا بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسووڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. وردە وردە لە کۆڕ و کۆمەڵانی ناو شار و دەوروبەردا وەک هەڵسووڕاوێکی لێهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەناسرێ و چالاکانی سیاسی کوردستان لە ئێران و عێراق و تورکیا پێوەندی پێوە دەگرن. میرزا محەممەد دەپێشدا قەرار دادەنێ کە کچێکی بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی بەناوی مەرزیە خانم بخوازێ، بەڵام ئەو مەرجە دادەنێ کە پێش خوازبێنی کردن کچەکەی چاو پێ بکەوێ. باوکی کچ گەنجاڵی بەگی قاتانقوڕ لەم پێشنیارە توورە دەبێو دەڵێ: مەگەر من پەز دەفرۆشم کە کڕیار بێ و بزانێ پەزەکە کزە یا قەڵەو! بەمجۆرە ئەم وەسڵەتە سەرناگرێ و پاشان قازی دەگەڵ مینا خانمی کاکاغازادە زەماوەند دەکا.

ئەوەی کە میرزا محەممەد لەو سەروبەندەدا ویستوویەتی پێش ژنخوازی شەریک و هاودەمی ژیانی خۆی بناسێ پێمان دەڵێ کە قازی محەممەد مرۆڤێکی رووناکبیر بووە و زۆر لە داب و نەریتی کۆن و قورس و گرانی زەمانی خۆی پێشکەوتووتر بووە و ملی بۆ ئەم نەریتە داسەپاوە نالەبارانە دانەنواندووە". [2]

"ئاکامی پێک گەیشتنی پێشەواو مینا خانم، 7کچ و کوڕێکی لێدەکەوێتەوە. کاتێ پێشەوا لە سێدارە درا، مینا خانم 29 ساڵی تەمەن دەبێ و ئەرکی پێگەیاندنی یەک کوڕ و حەوت کچی دەکەوێتە ئەستۆ. لەو کاتەدا گەورەترین مناڵی پێشەوا 14 ساڵە و چکۆلەترین مناڵیشی 5 مانگانە دەبێ." [3]

"قازی محەممەد لە پاش وەفاتی باوکی جێی گرتەوە و بوو بە قازی موکریان و لەو مەقامەش دا زیاتر خزمەتی خەڵکی کرد و لە هانای هەژاران و لێقەوماوان هات. ئەوەندە بە دەرد و مەرگی خەڵکەوە بوو ئەوەندە بێڕیا خزمەتی کۆمەڵی دەکرد کە هەموو توێژەکانی کۆمەڵ بەگیان و دڵ خۆشیان دەویست". [4]

"ئەو زانستی ئایینی و فەلسەفەی کۆن و ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی هەر لە مەڵبەندی مەهاباد و لە خزمەت مامۆستا زاناکانی ئەم مەڵبەندە خوێند. هێشتا مێرمنداڵ بوو کە لە زانستی زەمانی خۆی دا بە مامۆستا

دەناسرا. پاش ئیجازە وەرگرتن، چالاکانە خەریکی کاری کۆمەڵایەتی بوو بێ ئەوەی مەعاش وەربگرێ نوێنەری فەرهەنگی مەهابادی وەئەستۆ گرت. یەکەمین قوتابخانەی نوێ ئەم شارە لە سایەی هەڵسووڕان و تێکۆشانی ئەو دروست کرا کە خۆی بە سەری رادەگەیشت و دەرسیشی دەگوتەوە. بناغەی هەوەڵین نەخۆشخانەی مەهابادیش بەدەستی ئەو دارێژراو لە ژێر چاوەدێریی ئەو دا کەوتە کار."[5]

"بەپێچەوانەی زۆربەی خوێندەوارە ئایینییەکان لە پاش تەواو کردنی خوێندن و تێپەڕاندنی دەوری فەقێیەتی سووچی مزگەوتێک دەگرن و باقی رۆژانی تەمەنیان بە پێشنوێژی یان دەرس گوتنەوە بە چەند فەقێیەک تێدەپەڕێنن، قازی هەموو کات و دەرفەتەکانی خۆی بە هەڵسووڕاندنی کاروباری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی تێپەڕ دەکا و هەموو کات خەریکی نوێ کردنەوەی خۆیەتی و دەیەوێ ئاڵوگۆڕێکی گەورەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە دەڤەری کوردستان پێک بێنێ". [6]

تینوویەتیی پێشەوا بۆ فێربوون و خۆپێگەیاندن دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە ماوەیەکی کەم دا "فێری زمانی ئینگلیسی، رووسی و فەرانسەیی بێ و بێجگە لەو سێ زمانە، زۆر باش لە زمانی عەرەبی، فارسی و تورکی شارەزایی پێدا بکات".[7]

"لە درێژەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە و لەسایەی فێربووونی چەند زمان هەلی خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤار و شوێنەواری بەنرخ و بەرزی فیلەسوف و نووسەرە گەورەکانی دنیا بۆ رەخساو زانیاری و ئاگاداری تەواوی پێدا کرد. ئەو زانایی و ئاگادارییە لە دواییداو لە شانی سیاسی ئەودا بەجوانی دەرکەوت". [8]

شارەزایی بەسەر چەند زمانی بێگانەدا، دەرگایەکی گەورەی زانست و فێربوونی بەڕووی پێشەوادا دەکاتەوە و هەر بۆیە "لە کتێبخانەکەی دا کۆنترین وتار و تازەترین کتێب بە زمانەکانی جۆربەجۆر وەگیر دەکەوت و لە تەواوی ژیانی خۆی جگە لە کتێب هیچ دیاریەکی لەکەس نەگێڕاوەتەوە".[9]

بەڕێز جەلال مەلەکشا(شاعێر و نووسەری ناسراوی گەلەکەمان) کە لەم ساڵانەی دوایی دا هەلی زیارەتی کتێبخانەی پێشەوای بۆ دەلوێ دەنووسێ:

"سەرئەنجام دەرکەی کتێبخانەکەیان بە رووماندا کردەوە. هەنیسک بەربینگی لێ گرتبووم، فرمێسک لە ناو گلێنەی چاومدا قەتیس مابوو... کتێبەکان پەخشو پەرا، لەسەر یەک کەوتبوون، بێ ژمارە و بێ

تەبەقەبەندی... هەر کتێبێک هەزار هەزار هاواری لە جەور و بێداد و ستەم لە دڵدا بوو... کتێبەکان کەڵەکە کرابوون... سەدان کتێبی پڕ بایەخی دەست نووس بەسەر یەکدا کەوتبوون و هێندێکیان شیرازە و پەڕاوێزیان لێک پچڕابو... ئیتر نەمتوانی خۆم بگرم و فرمێسک بە چاومدا هات... هەر یەکە لەم کتێبانە ئاشنای دەستە تامەزرۆیەکانی پێشەوا بوون و هەر یەکە لەم کتێبانە لەژێر تیشکی نیگای پێشەوادا رووناکیان دیوە... جۆرەها جۆر عینوان کتێب لەم کتێبخانە دابوون و ئەوەی دەگەیاند کە پێشەوا قازی محەممەد لە باری ئەندیشە و فیکرەوە چەند کراوە بووە... لە گۆشەیەک دا، هەر چوار ئینجیلی پیرۆز (عەقیق، لۆقا، جەدید، وەمەتی) دەبینران و زۆر رۆمان و کتێبی شیعر و فەلسەفە و... کتێبی مێژوویی و زانستی..."[10]

لە درێژەی ئەو باسە دا میرزا مەنافی کەریمیش لە بیرەوەرییەکانی دا دەگێڕێتەوە:

"لە بیرمە کە لەو سەردەمەی دا کە قازی ئەندامی ژ ی - کاف نەبوو، ئێمە پێویستیمان بە کتێبی کوردی بوو. داوامان لە قازی کرد، ئەویش سەرەڕای ئەوەیکە ئەندامی ژێ-کاف نەبوو، کتێبەکەی ئەمین زەکی بەگی بە نهێنی داینێ و لە پاشانیش دامانەوە". [11]

جیهانی کتێب و بیر و زانست و خوێندنەوە، بۆ پێشەوا بوون بە ژێرخانێکی گەورەی فیکری. هەر راست بە کەڵک وەرگرتن لەو ژێرخانە فیکرییە دەوڵەمەندە بوو کاتێک پێشەوا بە سەرۆک کۆماری کوردستان هەڵبژێردرا، بە بێ نێوەبڕ لە پەیام و سوخەنرانیەکانی و لە گشت کۆڕ و کۆبوونەویەکی جەماوەری دا ئەندامانی نەتەوەکەی بۆ فێر بوون و زانست بانگهێشتن دەکرد.

60 ساڵ لەمەوبەر و لە وڵاتیکی کە بەدایم پێخوستی داگیرکەر بووە، داگیرکەرانیش بەدایم هەوڵیان داوە خەڵکی ئەو وڵاتە لە پێوانی کاروانی شارستانیەت و پێشکەوتن بێڵنەوە، پێشەوا روو لە نەتەوەکەی دەکاو دەڵێ:

"برایانی خۆشەویست: ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە تەنیا شەڕکەر نەبن بەشکو چەکێکی وا هەڵبگرن کە بتوانن بەرامبەری دەگەڵ لەشکری میللەتانی تر بکەن، ئەو چەکەش (عیلم و زانستە) مەرحەلەی شەڕ تەواو بووە نۆبەی هونەرە... ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە بە زانست بەربەرەکانی دوژمنان بکەن. چەک بێ عەقڵ دوژمنان نابڕێ. بەڵام داخەکەم ئاغاکان ئامادە نین کە لە میوەی خوێندن بەهرەوەر بین. ئەگەر بڵێم کورەکانتان، برایەکانتان بهێنن بیاننێرم بۆ جەبهە باکیان نییە، بەڵام ئەگەر بڵێم بۆ

خوێندنیان دەنێرم رووی خۆیان گرژ دەکەن و عوزری ناموەجە دێننەوە، ئەگەر پێیان بڵێم مەدرەسەیەک لە دێیەکانتان بکەنەوە مات دەبن...". [12]

لە رێگای خوێندنەوەی ئەو دێرانەی پێشەواوە یەکەم شتێکی کە بۆ مرۆڤ دەردەکەوێ ئەوەیە کە بڵێین: پێشەوا بە مانای راستەقینەی وشە رێبەر و سەرکردەیەکی نوێخواز بووە و ریفورم و گۆڕانکاری لە بونیادی کۆمەڵی کوردەواری، بەشێکی هەرە گرینگی لە هزر و فیکری پێشەوای پێک هێنابوو. کاتێ لە لاپەڕەکانی رۆژنامەی کوردستانی ئەو سەردەمە رادەمێنی و لە وتارەکانی پێشەوا دەڕوانی، کەمتر سوخەنرانییەکی پێشەوا دەبینی کە بێ نێوەبڕ وشەگەلی: تەرەقی، پیشرفت و فێربوونی زانست و گەشە و بەرەوپێش چوون لە میانەی وتەکانی دا بەدی نەکرێ. بەڵام چەمکی نوێخوازی و پێشکەوتن و بەرەو پێش چوون لە بیری پێشەوادا تەنیا بە مانای کەڵک وەرگرتن لە ئامراز و کەرەسەو تەکنیکی نوێ نەبوو، بەپێچەوانە پێشەوا لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی دا لەگەڵ ئەوەی هەوڵی دەدا لە کەرەسە و ئامرازی نوێ بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵی کوردەواری کەڵک وەرگرێ، هەر لەو کاتەدا بە هەموو توانایەوە تێدەکۆشا بەشێوەیەکی بنەڕەتی سەرجەم دەروازەکانی پیوەندیدار بە رەوتی گەشە و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵی کوردەواری، بۆ مرۆڤی کورد بەڕوودا بکاتەوە. پێگەیاندنی ئینسانی پسپۆر لە کۆمەڵی کوردەواری بۆ خەملین و گەشەی عەقڵی ئازاد و نوێخواز لە کۆمەڵی کوردەواری، یەکێک لەو بوارانە بوو. لەو نێوەدا رەوانە کردنی پۆلێک لە گەنج و لاوی کورد بەمەبەستی خویندن لە یەکێتیی سۆڤیەت راست هەر بەو مەبەستە بوو.

بۆ پێشەوا پێگەیاندن و لەدایک بوونی توێژێکی وا لە کۆمەڵی کوردەواری خەونێکی هەرە گەورە بوو. پێشەوا زۆر لەوە بە پەلە بوو ئەم توێژە لەدایک ببێ، گەشە بکا و بەخۆدابێ و بەهۆی داهێنانی فیکری و زانستییەوە تەم و مژی دواکەوتویی و نەخوێندەواری لە وڵاتەکەی بڕەوێتەوە. ئەم گرینگی دانە تەنانەت تا ئەو رادەیە بوو کاتێ دەبیستێتەوە سێ کەس لە خوێندکارانی کورد لە باکۆ را گەڕاونەتەوە، سەفەری خۆی بەنیوەچڵی پەک دەخا و بۆ چاو پێکەوتنیان دەگەڕێتەوە پایتەختی کۆمار و دەفەرموێ:

"ئەمن لەم سەفەرەدا (مەبەستی پێشەوا لێرەدا سەفەر بۆ شارەکانی ورمێ، سەڵماس، خۆی و ماکۆیە) هێندێ کارم مابو کە جێبەجێیان بکەم بەڵام چونکوو بیستم کە سێ نەفەر لە موحەسیلینی ئێمە کە لە باکۆ دەخوێنن بۆ سەردانی وڵات هاتوونەوە تاڵووکەم کرد کە چاوم پێیان

بکەوێت و ئیتیزاریم هەبوو کە لە وەختی هاتنەوەی ئەوان پێشوازێکی زۆر چاکیان لێبکرێ. چونکوو ئەوانە هەوەڵ موحەسیلینێکن کە لە کوردان چوون بۆ خاریجە. میللەت دەبێ زۆریان قەدردانی لێ بکا، بەڵام داخم لەم خسوسەوە وەک پێویستە تەوەجوهی لازم و پێشوازی شایانیان لێ نەکراوە. ئومێدەوارم کە هەموو ساڵێک مووفەق بین ژمارەیەکی زۆر لە موحەسلین بنێرین بۆ خاریجە کە بە حەول و قووەتی خودا مووەفەق بین بەهۆی عیلم و زانست کشتی کوردستانی بگەیەنینە ساحیل و خواهیش لەو دانیشجوو خۆشەویستانەی خۆمان دەکەین کە لە ماوەی ئیقامەتی خۆیان لە مهاباد موشاهەداتی خۆیان لەوێ بە نووسین و بە گوتن بۆ خەڵکی بڵین و بنووسن کە میللەت ئاشنا بێت کە میللەتانی دیکە چلۆن بە قوەتی عیلم و زانست ئەرز و ئاسمان، سەر دەریا و ژێردەریایان موسەخەر کردووە".[13]

گرینگی دانی پێشەوا بە توێژی ساوای تازە لەدایک بووی خوێندکاری کورد، هەر بە تەنیا بەمانای رێزدانان و بەهێند گرتنی کەسایەتی‌یەکان نەبوو، بەڵکوو رێزدانان بوو لە بیر و زانست و رۆشنبیری. لە پشتی هەموو ئەو هەوڵانەی پێشەوا ژێرخانێکی دەوڵەمەندی فیکری نوستبوو. کۆمەڵی کوردەواری بۆ ئەوەی بەرەو گەشە و پێشکەوتن هەنگاو بنێ، پێویستیی بە لەدایک بوونی توێژێکی وا هەبوو. پێشەواش بەم هەنگاوانەی هەموو هێز و توانای خۆی دەخاتە گەڕ، بۆ ئەوەی لە پرۆسەیەکی بەردەوامی کارو تێکۆشان دا، رەچە بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتن لە سیمای کولتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵی کوردەواری خۆش بکرێ.

## ئەندامەتی لە ژێکاف

دیوێکی دیکەی ژیانی پێشەوا ئەندامەتی لە ژێکافە. بە هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ئێران و لەرزۆک بوونی دەسەڵاتی سیاسی لە تاران و وەگەڕ کەوتنی جووڵەی سیاسی لە کوردستان، قۆناغێکی تری ژیانی پێشەوا دەست پێدەکات.

"پێشەوا لە مالی ئەحمەدی ئیلاهی بەرەسمی بوو بە ئەندام و نێوی نهێنی "بینایی"یان بۆ دانا و هەروەک لە دەرەوە رێبەری خەڵک بوو، لە ناو کۆمەڵەش دا بوو بە سەرۆک".[14]

ئەوە راستە پێشەوا تا درەنگانێک ئەندامی ژێ کاف نەبوو، بەڵام بە کردەوە لە هەموو ئەو ماوەیەدا لەسەر رەوتی رووداوەکان بە مانای راستەقینەی وشە رێبەر بوو. گەلێک جار رێبەر بوون تەنیا گەیشتنی

کەسێک بە هەرەمی بەرزی دەسەڵات بە شێوەیەکی رەسمی نیە. جۆری پلە و مەقامێکی رواڵەتی بەتەنیایی بەس نین بۆ ئەوەی کەسێک لەنێو نەتەوەکەیدا بە پلەی رێبەر بوون بگەیەنێ. رێبەر بوون کۆمەڵێک تایبەتمەندی و لێوەشاوەییە. بەر لەهەر تشت ئەو رۆلەیە کە لە ژیانی نەتەوەکەی دا دەیگێڕێ. رووبەر و پانتایی و سنوورەکانی ئەو رۆلەش گەلێک تانووپۆی لێدەبێتەوە. هەر لە خوێندنەوەی راست و دروستی رەوتی کێشە سیاسییەکانەوە بگرە تا هەوڵ دان بۆ کارتێکەری لەسەر رەوتی رووداوەکان و دانی بڕیاری پێویست و شیاو لە رۆژو کات و دەمی خۆی دا. ئەگەر لێرەدا بۆ دەمی دەسپێکی رۆلی رێبەریی پێشەوا بگەڕێینەوە، ئەم رۆلە لەگەڵ نزیک بوونەوەی هێزی هاوپەیمانان بۆ ئێران و کوردستان دێتە نواندن. لە کاتێکدا هێزەکانی رووس لە مەهاباد نزیک دەبنەوە:

"بۆ بەرگری لە تاڵان و برەوی خەڵکی مەهاباد و رەوانەوەی ترس و خۆف و گەڕاندنەوەی ژیانی ئاسایی، پێشەوا بریاری مانەوە لە شار دەدا و دەستەیەکی لەخۆ کۆ کردەوە و کێشکی دەکێشا. تەنانەت بۆخۆی چەند جار بەشەو لەلای گومبەزان بە تەنیایی کێشکی داوە. ئەو جار تفەنگی بە خەڵکی پەیدا کرد و کێشکی گەڕەکەکانی شاریشی دامەزراند و هەر گەڕەکەی بەرپرسێکی بۆ دیاری کرد". [15]

لەو ماوەیەدا بەرپرسانی رووس دەچنە لای پێشەوا و داوای لێدەکەن کە داوا لە خەڵکی بکا کە بگەڕێنەوە سەرجێ و رێی خۆیان و گوتیان:

"ئێمە بۆ ئاسایشی خەڵک هاتووین و کارێکمان بە ئێوە نییەو بۆخۆتان شاری بەڕێوەبەرن ئێمە دەچین دەپادگانێوە". [16]

"پێش راگەیاندنی کۆماری کوردستان و دوای رووخانی حکومەتی رەزاشای پەهلەوی، بە هاتنی سوپای سووری سۆڤیەت، سەربازەکانی سەربازخانەی مەهاباد بڵاو بونەوە و هەر کەس رۆیشتەوەماڵی خۆی. ئیدارەکانی مەهاباد لەق و لۆق بوون. مەئموورەکانی لاوەکی کە لە مەهاباد خزمەتیان دەکرد پەنایان هێنا بۆ ماڵی قازی محەممەد. لە دوای چەند رۆژ مانەوە بە دەستووری قازی و لە ژێر چاوەدێریی پیاوەکانی قازی محەممەد دا بە سلامەت بەرەو میاندواو و تەورێز رەوانە کران. شاری مەهاباد و خەڵکی شار کەوتنە ژێر سەرپەرەستیی قازی موحەممەد، چونکە جگە لە قازی کەسێکی دیکە ئەو پایە و مایەی نەبوو، لە زەمانی پاشایەتیشدا هەرکەس گرفتاری و نارەحەتی بۆ پێش بهاتایە هەر ماڵی قازی عەلی و دوای ئەویش قازی موحەممەد و سەدری قازی بوون کە بە هاناو هاواری خەڵکەوە دەهاتن.

بوونی (کۆمەڵەی ژ.ک)و ئەندامەتی زۆربەی خەڵک لەو کۆمەڵەیەدا و سەرپەرەستی و رێبەریی قازی مەحەممەد بووە هۆی یەکگرتنی خەڵکی شاری مەهاباد. لەو ماوەیەدا بە ئەمری قازی مەحمەد بۆ پارێزگاری لە شاری مەهاباد ژمارەیەک چەکداری مەهابادی بەنێوی (قۆڵ سپی) ئەرکی خزمەت بە شاریان بەعۆدە گرت. قازی موحەممەد کە هێشتا لەقەبی پێشەوای لەلایەن میللەتەوە پێندرابوو، بۆخۆی لەگەڵ چەند نەفەر لەو قۆڵ سپیانە و خەڵکی شار تفەنگی هەڵدەگرت و تا گومبەزی بوداق سوڵتان کە ئەو وەختە لەشار دوور بوو دەچوو و تا نیزیک رۆژبوونەوە لە دەوری شار دەماوە. ئیدارەکانی دەوڵەتیش لە ژێر ئەمر و چاوەدێریی ئەودا بە کاری خۆیان درێژە دەدا. مەدرەسەکان کە بۆ ماوەیەک داخرابوون کرانەوە، هێمنی و ئەمنییەتێکی کە لە ژێر سایە و رێبەریی قازی مەحممەد و تەشکیلاتی نهێنی (کۆمەڵەی ژ.ک)دا پێکهاتبوو، کەم وێنە بوو... بەبێ وجودی دەوڵەت نەزم و قانوون لە شاری مەهابد بەرقەرار بوو". [17]

گرفتی هەرە گەورەی ژێکاف لەو قۆناغەدا (تا پێش چوونی پێشەوا بۆ ریزی ژێکاف) نەبوونی رێبەرێکی ئەوتۆ بوو کە بتوانێ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری کە نوقمی لێک دابڕان و دووبەرەکی بوو، لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە. دیارە ئەوە هەر بە تەنیا گرفتی ژێکاف نەبوو، بەڵکوو حیزبی هیوا (کە دەستە خوشکی هەرە نزیکی ژێکاف بوو) ئەویشی دەگرتەوە. واتە نەبوونی کەسایەتێکی سەرکردە و رێبەر لە ناو ریزەکانی دا.

"هەر لەبەر ئەوەش بوو کە "کۆمەڵەی هیوا" لە ساڵی 1939دا لەلایەن قوتابیانی کوردەوە دروستبوو و ساڵێکی رەبەق بێ سەرکردە مایەوە، چونکە دامەزرێنەرەکانی هیچیان لە خۆیان رانەدەدی ببنە سەرکردەی. مامۆستا رەفیق حیلمی کە یەکێک بوو لە پێڕەوانی سەرکردە کلاسیکی‌یەکانی کورد و کۆنە یارمەتیدەری شیخ مەحموود بوو، ... رازی بوو ببێتە سەرکردەی "کۆمەڵەی هیوا"". [18]

"نووری شاویس (1922_1983/11/10) کە یەکێک بوو لە گەنجە رۆشنبیرە ناسیۆنالیستەکانی ئەو دەمەو تا کۆچی دوایی لە گەلێک کۆمەلە و حیزبی سیاسی کوردی وەک "کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان"و "کۆمەڵەی دارکەر"و "کۆمەڵەی هیوا"و "پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق" و "پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان" دا ئەندام بوو. لە هیندێکیشیان دەوری سەرکردایەتیی هەبوو، لە بیرەوەری‌نامەیەکدا ... وەک یەکێک لە دامەزرێنەانی کۆمەڵەی هیوا دەبێژێ:

"دەستەیەکی نێوەندیمان بۆ کۆمەڵە دروست کرد، بێ ئەوەی هیچ سەرۆکێک دابنێین بۆخۆمان، چونکە هیچ کامێکمان ئەو دەسەڵات و لێوەشاوەیی‌یە لە خۆیدا نەدەدی کە ببێتە سەرکردەی کۆمەڵە، لەبەر ئەوە لێژنەیەکی سەرکردەیەتیمان دانا". هەر لەویدا شاوێس باسی ئەوە دەکات کە چۆن لەساڵی 1940دا مامۆستا ڕەفیق حیلمی‌یان دۆزیەوەتەوە بۆ سەرۆکایەتیی هیوا، لە کاتێکدا کە مامۆستای بەهەشتی خۆی دامەزرێنەر و ئەندامی "هیوا" نەبووە، بەڵام لەبەر قورسایی کەسایەتییەکەی کە کەسایەتییەکی کلاسیکانە بوو، کردوویانە بە سەرۆک...".[19]

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پێکهاتەی عەشیرەیی کۆمەڵی کوردەواری لەو ساڵانە گەورەترین گرفتی پێوانی سەرکەوتووانەی ئەو ڕێگایە بوو. ئەو پێکهاتە عەشیرەیی‌یە نە لەلایەک دەکرا بە هۆی هێز و توانا کۆمەڵایەتی‌یەکەی بخرێتە پەراوێزەوە و نە ئەو لێهاتوویی‌یەشی هەبوو ڕکێفی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بگرێتە ئەستۆ و نوێنەرایەتیی دۆزی کورد بکات. ژێکاف وەک ڕێکخراوێکی سیاسی کە بە هۆی توێژی مامناوەندیی کۆمەڵی کوردەواری‌یەوە بونیات نرابوو، لەگەڵ هەموو گرینگیی پەیام و ڕێبازە نەتەوەیی‌یەکەی، نەیدەتوانی بەتەنیایی ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێ و هیچ کام لە دامەزرێنەرانی ژێکاف نەیاندەتوانی ئەم بەرپرسایەتی‌یە بە ئەستۆ بگرن.

مامۆستا هەژاری موکریانی لە پێوەندی دەگەڵ گرینگیی ڕۆڵ و کەسایەتیی پێشەوا دەنوسێ:

"دەگەڵ تێکچوونی دەسەڵاتی دەوڵەت لە موکریان، قازی بۆ پاراستنی شار لە تاڵان و برۆی عەشایری دەوروبەر، خەڵکی سابلاخی ساز دا بوو کە تفەنگ بکرن و شەوانە کێشکی شار بگرن. زۆر جاریش ڕۆژانە کۆی دەکردنەوە و ئامۆژگاریی دەکردن. دەسەڵاتی سابڵاخی تەواو لە دەستا بوو. پێمان خۆش بوو قازی ببێتە هاوکارمان، بەڵام ئەو ئێمەی بە هیچ نەدەزانی و بە لایەوە کەمایەسی بوو دەگەڵ چەند ڕەش و رووتێکی بێ ناوو نیشان زرمە زلیتانی بکا. ئێمەش هەستمان دەکرد کە عەشایر و خەڵکی دیکەی سەرناس چەتوونە هەتا نەزانن سەرۆکمان پیاوێکی زل و شیاوی حورمەت گرتنە بێنە گەڵمان و هیچ کەسی پایەبەرز بە حوسێن ڕازی نەدەبوو. بەڵام قازی چۆن چار بکەین؟ ڕامان دەسپارد ئەندامان و لاگرانمان کە لە کۆبوونەوە بۆ وتاری قازی بتەکنەوە. تا وای لێهات قازی خۆی هەستی بەوە کردبوو حیزب بە هێزە و گاڵتەی پێ ناکرێ. ئەوسا

داوامان لێکرد کە بێتە حیزبەوە. قبووڵی کرد و زۆر زوو بریار درا قازی سەرۆکی کۆمەڵە بێ". [20]

لەو ساتەوەختە ئاستەم و چارەنووسسازەدا کۆمەڵگای کوردەواری نەتەنیا پێویستی بە کەسایەتێکی وا بوو کۆتایی بە لێك دابڕان و دوژمنایەتیی نێو خێڵ و عەشیرەتەکانی ئەو کۆمەڵگایە بێنێ، بەڵکوو پێویستی بە رێبەرێکی نەتەوەیی ئەوتۆش هەبوو کە یەکیەتی‌یەکی روحی و فیکری لەنێو ئەندامانی نەتەوەکەی دا بەهێزتر بکاو خۆناسین و هوشیاریی نەتەوەیی مرۆڤی کورد بۆ بەدەستەوە گرتنی چەرخی چارەنووسی بە پلەو ئاستی پێویست بگەیەنێ.

"قازی قسەکەرێکی زۆر باش بوو، عادەتی وابوو کە رستەی کورت کورتی دەکوت، لە حاڵێکدا هێزێکی سەیر لەو رستانەدا هەبوو، وە هەر لە بەینی سێ یان چوار وشەدا کەمێک رادەوەستا". [21] پێشەوا لە یەکێک لە قسە و باسەکانی دا لە چەند دێرێکی کورت بەڵام پڕ مانا و بەنێوەرۆک کەش و هەوای ئەو کاتە بەو شێوەیەی خوارەوە دەخاتە روو:

"رۆژێک پێم کوتن کە کێشەی ئەنگۆ لەسەر ئیستیکانە چایەکە کە لە پێشدا بو کامتانی دانێن و یادئاوریم کردن کە ئەو رۆ بۆ ئێمە یەکەتی پێویستە، جا دوای ئەوە دێین بە وردە حیسابی خۆمان رادەگەین". [22]

مامۆستا هەژاریش لە بیرەوەری‌یەکانی دا دیمەنێکی بچووکمان لەو رۆژگارە ئەنگوستەچاوەدا دێنێتە بەرچاو و دەنووسی:

"جارێک رووسان زۆرپیاوماقوڵی وەڵاتیان بۆ باکۆیە بانگ کرد کە عەلیائاغا و قەرەنیاغا و حاجی بابەشێخ و زۆر ئاغای تریش لەو بانگ کراوانە بوون کە هاتنەوە بیستمان باقرۆفی سەرۆکی وەزیری ئازەربایجانی روسیا گوتبووی چتان دەوێ بۆتان پێک بێنین، یەک دەڵێ شەکر، یەک دەڵێ زینی عورووسی، دەمانچە... من دەمەتەقەیەکم لەسەر نووسین و لە نیشتمان دا چاپ کرا، تێرم گاڵتە بە عەقلیان کردبوو. عەلیاغای هەرەشەی کردبوو کە ئەو شاعیرە هەر دەکوژم. ماوەیەکی زۆر نەمدەوێرا بە گوندی ئەودا برۆم و رێگەم بۆ شاری سابڵاغ گۆڕیبوو."[23]

هەڵس و کەوت کردن لەتەک عەقڵییەتی وا کە هەموو تامەزرۆیی و خەون و فانتازیای هێنانی دیاریی زینی ئەسپی عروسانە، لە جێگای دەسکەوتی سیاسی بۆ خەڵکی وڵاتەکەی، تا رادەیەک گرفتەکانی نێوخۆیی کۆمەڵی کوردەواری و ئاستەم بوونی کارەکەی پێشەوا لەو سەردەمەدا نیشان دەدا.

ئەگەر لە دیدار لەگەڵ "باقرۆف" لە باکۆ هەموو غەم و سەرقاڵیی پێشەوا ئەوە بوو دۆزی کورد نەکرێتە پاشکۆی ئازەربایجان و پشتیوانیی سیاسیی ئەوان بۆ چێ کردنی قەوارەیەکی سەربەخۆی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کورد دەستەبەر بکات، کەچی فانتازیا و ئاسۆی بیری ژمارەیەکی تر لە هێنانی "زینی ئەسپی عروسان" بستێکی تر واوە ناترازێ. یەک لە بیری ئەوە دایە نەتەوەیەک رزگار بکات و نیشتمانێک بەرەو ئاوەدانی بەرێ، بەڵام فانتازیای هێندێکی تر لە هێنانەوەی زینی ئەسپی عروسان واوەتر ناچێ.

قسەکردن و راوەستان لەسەر ئەو جۆرە فاکتانە، قسە کردنە لەسەر دوو جۆر کەسایەتی و دوو جۆر ئاسۆی بیر و دوو جۆر خەون و فانتازیای دژبەیەک. خەون و فانتازیایەکان تا دڵ دەخوازێ بچووک و گچکە و داخراو بوو. هەر بەو پێیە کەسایەتیشیان کەسایەتیی خەڵکانێکی ئاسایی بوو بەڵام جۆری کەسایەتی ئەوی تریان، کەسایەتێکی رێبەرە. لە بیری کەسایەتیی رێبەردا دەسکەوتی سیاسی، گەورەترین دیاری بوو بۆ خەڵکی وڵاتەکەی. پانتایی و ئاسۆی بیری کەسایەتیی رێبەر، بەتەواوی جیهانێکی تر بوو. خوڵقاندنی دۆخێکی نوێ بۆ نەتەوە، وێنەیەکی بچوکە لەو جیهانە. کەسایەتیی رێبەر کەسایەتێکی دۆخ خوڵقێنەو لە هەوڵی ئەوە دایە دەرەتان و بوارێکی روون بۆ کۆی خەڵکی وڵاتەکەی دەستەبەر بکات. لە بیری کەسایەتیی رێبەردا لە هەر دیدار و سەردانێک مەبەستێکی دیاری کراوی سیاسی نوستووە. نزیک بوونەوە لە ئامانج و ستراتیژیی بزوتنەوەکەی مەبەستی کەسایەتیی رێبەرە لەو دیدار و سەردانانە.

پێشەوا لە یەکێک لە سوخەنرانیەکانی لەم بارەیەوە ئاماژە دەکا و دەڵێ:

"مەعلووم تەسدیقی دەفەرموون کە دەگەڵ ئەو هەموو ئیختیلاف و دووبەرکییە کە دەنێو کوردان دا هەبوو کە نێوان ناخۆشی وای لێ هات بوو تەئسیری دە خانەوادانیش کردبوو، نێوانی برایانیش تێک چووبوو حەتتا باب و کوڕیش پێکەوە یەک نەبوون پێشرفتی کار و دانانی تەشکیلات چەند موشکیل بو، دەڵی چونکو لە مەردان کار عاسییە نابن و مێر بەسەر هەر جۆرە چەوت و چەڵەمەیەک دا فایق دەبێ بەهۆی رەنج و زەحمەت و هەوڵ دانی چەند کەسی ساحیب ئیمان و راست تەشکیلاتیش ساز کراو نەزم و تەرتیبیش دەنێو مەملەکەت دا بەرقەرار کراو دە مودەتێکی کەم دا ئیختیلافات و ناتەبابییش دوایی پێدرا".[24]

کۆ کردنەوەی هەموو ئەو بەرژەوەندییە جیاوازانە لە دەوری یەکتر بۆ هێنانە دیی ئامانجێکی هاوبەش کارێکی هێندە ئاسان نەبوو.

کەسایەتی‌یەکی بەهێزی جەماوەری و زانایی و دووربینی‌یەکی تایبەتی گەرەک بوو. ژێکاف و کورد پێویستی بە رێبەرێکی نەتەوەیی وا بوو کە وێرای ئانالیزی رەوتی رووداوەکان و خوێندنەوەی کێشە سیاسی‌یەکان لە ئاستی نێوخۆیی کۆمەڵی کوردەواریش دا ریزەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە لێکدابڕان و دووبەرەکی رزگار بکات و روو بە دنیای دەرەوەش ویست و داخوازی کورد بەشێویەکی ژیرانە نوێنەرایەتی بکات. لەم بارەیەوە ژێکاف و دامەزرێنەرانی بە تەنیایی و بەنەبوونی پێشەوا ئەم برەستەیان نەبوو.

هونەری گەورەی رێبەریی پێشەوا ئەوە بوو لە کۆمەڵگایەکی ئاوا لێک دابڕاو، جۆرە یەکیەتی‌یەکی سیاسیی ئەوتۆ ساز بکات کە هەموو ئەو بەرژەوەندی‌یە جیاوازانە لە کۆیەکی هاوبەش داو لە دەوری یەک و بۆ ئامانجێکی هاوبەش کۆ بکاتەوە. راگەیاندنی کۆمار لە رۆژی 2ی رێبەندان مانای سەرکەوتنی پێشەوا بوو لە چێ کردنی ئەو یەکیەتی‌یە دا. کە وایە بەدەستەوە گرتنی رێبەریی بزووتنەوەی کورد لەو ساڵانەدا لەلایەن پێشەواوە نە لە ئاکامی کودتا و کەین و بەینێکی پشتی پەردە، بەڵکوو بەهۆی ئەو تایبەتمەندی‌یانە بووە کە لە کەسایەتێکی رێبەردا دەبێ کۆ ببێتەوە. بۆیە بە چوونی پێشەوا بۆ ناو ژێکاف و گرتنە دەستی رێبەریی ئەو رێکخراوە، تێکۆشان و گەشەی ژێکاف چەند قات بەرەوپێش چوو.

"زۆر گرینگە کە چەند گوتنی دیکەش سەبارەت بەو پیاوە بگوترێ. لەبەر ئەوەی کە وەک مۆتۆری هێزی کۆماری مهاباد وەحیساب دێ. قسە لەگەڵ هاتوو و لە سازان هاتووی گەورە... ئەو رابەرێکی ئەوتۆ بوو کە هەم بە ورە و قسە لەروو بوو و هەمیش تاکتیکی هەبو، ئەو ژیر بوو جۆرێک تەقەدوس و پیرۆزی پێوە دیار بوو- تەرکیبێکی بەدڵ بۆ جووڵانەوە بەپێی راگرتنی پارسەنگ کە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمار پێویست بوو". [25]

"چالاکییەکانی قازی دەی‌سەلمێنن کە ئەو پیاوێکی ئەوتۆ بووە کە بە کارامەیی‌یەوە هێز و دەسەڵاتی بەکار هێناوە، مامۆستایەکی هونەری مومکین بوە، پیاوێکی ئەوتۆ کە ئامادیی ئەوەی بوو کە لە تەک بەرنامەی گشتگری کوردی بێتە ڕەدایە بۆ ئەوەی بتوانێ ئیئتیلافێکی کە بکرێ چەرخی کاری بگەڕێ پێک بهێنێ". [26]

## بەدەوڵەت بوونی کورد لە بیری پێشەوادا

راگەیاندنی کۆمار، قۆناغێکی تری ژیان و تێکۆشانی پێشەوایە. کۆمار نەیدەتوانی تەنیا لە ئاکامی لەباربوونی هەلومەرجێکی لەباری نێونەتەوەیی بێتە دی. بۆ لەدایک بوونی ئەم قەوارە نەتەوەییەیە، رێبەرایەتییەکی ژیر و وردبین و ڕێناس و خاوەن ئیرادەی پێویست بوو کە بە دروستی رەوتی رووداوەکان بخوێنەوە و لە کاتی گونجاو لەباری خۆی دا هێزی خەڵکی بۆ بێنێتە مەیدان و بە پشت ئەستووری بە هێزی خەڵک بڕیاری پێک هێنان و راگەیاندنی بدا. پێشەوا نیشانی دا رێبەرێکی راستەقینەیە بۆ دانی ئەو بڕیارە مێژووییەیە. کارو تێکۆشانی دیپلۆماسی ئاڵقەیەکی گرینگ بوو بۆ لابردنی کەند و لەندەکانی سەر رێگای بەدەوڵەت بوونی کورد لەو قۆناغەدا. هەر بۆیە دانوساندن و کار و تێکۆشانی دیپلۆماسی و دیدار و چاوپێکەوتنی سیاسی بەشێکی گرینگی لە هێز و توانای پێشەوای بۆ تەرخان کرا.

لە یەکێک لە یادداشتەکانی هاشمۆف سەرکۆنسۆلی یەکیەتیی سۆڤیەت لە رەزاییە(ورمێ) دا هاتووە:

"بۆ رێکخستنی بەشی کۆمەڵەی پەیوەندییە کلتورییەکان من و هاوڕێ "شەریفۆف" رۆژی هەژدەی نیسان رۆیشتین بۆ مهاباد، یەکەمجار سەردانی فەرماندار (سریع‌القلم)مان کرد، لە چاوپێکەوتنەکەدا نارازیبوونی خۆی لە بارودوخی مەهاباد دەربڕی و گلەیی لەوە کرد کە ئەو هەر تەنیا بە ناو فەرمانداره و هیچ دەسەڵاتێکی نییە، چونکە کوردەکان لە دوای رووداوی مانگی فورییەی 1945وە خۆیان هەموو کاروبارێک دەبەن بەڕێوە. لەبەر ئەوە چەند جار داوام کردووە لە تاران کە رێگام بدات مەهاباد بەجێ بهێڵم، بەڵام کاربەدەستانی تاران داواکەیان رەتکردوومەتەوە... جێی سەرنجە لە کاتێکدا ئێمە لای فەرماندار بووین کوردەکان لە هەموو لایەکەوە دەوری ماڵەکەیان دابوو، هەوڵیان دەدا گوییان لە گفتوگۆکانمان بێ و بزانن چی روو دەدا. کاتژمێر دوانزە چووینە لای قازی و بۆ نانی نیوەڕۆ لەوێ ماینەوە، لەو ماوەیەدا کە ئێمە لەوێ بووین هاتوچۆی پیاوە بەناوبانگەکانی کورد بەردەوام بوو.

قازی موحەممەد هەموو کاتێک وتووێژەکانی بەرەو سەربەخۆیی کوردستان دەبرد و باسی دواکەوتوویی کوردانی دەکرد و بەگوێرەی قسەکانی، هۆی دواکەوتنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو کاتێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێران و تورکیاوە چەوسێندراونەتەوە و ئێستا لە

حاڵێکی نیوە برسیدا دەژین... کوردەکان وا تێگەیشتوون تەنیا یەکیەتی سۆڤیەت یارمەتیان دەدا لە خەباتیاندا بۆ سەربەخۆیی. لەم بارەیەوە نموونەیەکی هێناوە کە ماوەیەک لەمەوبەر شانۆیەک لە مەهاباد نمایش کراوە (مەبەستی شانۆی "دایکی نیشتمان"ە) ناوەرۆکەکەی بەم چەشنە بووە: کوردستان لە سیمای ژنێکی دیلدا خراوەتە روو بە زنجیر بەستراوەتەوەو لاوێکی کورد بەرگێکی سووری پۆشیوە - *دەبێ نیشانە بێت بە یەکیەتی سۆڤیێت* بە چەقۆ ئەو پەت و زنجیرە دەپچڕێنێت...". [27]

فاکتگەلێکی لەو چەشنە بەروونی و بە ئاشکرایی دەسەلمێنێ دروست کردنی پەرژینێک لە نێوان بیری سەربەخۆییخوازی ژێکاف و پێشەوا چەندە دوورە لە راستی. هەر ئەو فاکتە بەتەنیایی نیشان دەدا ئەگەر پێشەوا لە ژێکاف پتر سەربەخۆییخوازتر نەبووبێ،کەمتر نەبووە. لەونێوەدا وتار و سوخەنرانیەکانی پێشەوا بەڕوونی ئەو راستیـیە دەسەلمێنێ پێشەوا هەڵگری چ خوێندنەوەیەکی قووڵ و مێژوویی و هەر لەو کاتەدا هەمەلایەنە لە دۆزی کورد بووە. بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە بیری پێشەوا راڤەی وتارێکی تری پێشەوا دەکەین کە تێیدا هاتووە:

"... کورد دوو سەد ساڵە بۆ وەرگرتنەوەی ئازادی هەوڵ دەدا، لە جەنگی بەینولمیلەلی رابردوودا کوردیان پتر لەت لەت کرد، بەشێک بە عێراق و بەشێک بە سورییە و بەشێک بە رووسیە و بەشی زۆریشیان بۆ تورکیە و ئێران هێشتەوە و ئەم کارانە هەستی سەربەستی کوردانی نەکوژاندەوە و کوردانی تورکییە و ئێران و سوورییە زۆر لە پێشدا بۆ ئازادی هەڵستان. دوژمنەکانیش دەستیان کرد بە کورد کوشتن، ئەگەر کوردانی بەدرخانی پڕش و بڵاو کران بابانەکان و ئەردەڵانەکان واردی مەیدانی کارزاری ئازادی کوردان بوون، شێخ عوبەیدیللا، شێخ سەعید، سمایل ئاغا، کوردانی تورکییە و ئارارات قیامیان کرد و چەند هەزار نەفەر لەو قیامانەدا لەناو چوون و نەتیجە بەدەس نەهات و ئەم رادمەردانە گشتیان لەسەر ئازادی مردن". [28]

بۆ پێشەوا مەسەلەی کورد و کێشە رەواکەی هەڵگری نێوەرۆک و سروشتێکی تایبەتی بوو. مەسەلەی خاک و زمان و کولتور و ناسنامە و دەوڵەتی نەتەوەیی کاکڵ و جەوهەری ئەو سروشتە تایبەتیـیە بوو. لەو خوێندنەوەیەدا هەموو پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان، یەک نیشتمان و یەک نەتەوە بوون و چ فەرق و جیاوازیـیەکی لە نێوان داگیرکەرانی کوردستانیش نەدەدی و بەئاشکرا دەیوت:

"ئەم رۆژانە تورکیا و ئێران و عێراق خەریکی گفتوگۆن دەیانەوێ پەیمانی مەنحووسی "سەعدآباد" کە مادەیەکی بە زیانی کوردانە، ئێستاش هەر بۆ دوژمنایەتی کوردان تازە بکەنەوە و بزانن ئەو معاهدانە وەکوو لە پێشدا کاغەزپارەیەک پتر نەبوو ئێساش کاغەزپارەیەک زیاتر نیە. رەزاشا، مستەفا کەماڵ، مەلیک فەیسەڵ کە بۆ دوژمنایەی کوردانیان پەیمان بەست لە ماوەیەکی کەمدا خودا لەنێوی بردن و ئێستاش هومێدمان لە خودای بەرز ئەوەیە: کە ئەو کەسانەی کە خەریکی بەستنی پەیمان بە دوژمنایەتی کوردان بن بەدەستی خۆیان قەبری خۆیان هەڵدەکەنن". [29]

لە بیری پێشەوادا چەمکی بەدەوڵەت بوونی کورد خاوەنی گرینگیـیەکی تایبەتی بووە، گرینگیی دەزگای دەوڵەتیش تەنیا لەو گۆشەنیگایەوە بوو کە کۆتایی بە هەژاری و دواکەوتویی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کوردستان بهێنرێ و لەو نێوەدا دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تارانی بە هۆکاری سەرەکی وەپاشکەوتوویی کۆمەڵگای کوردەواری لە قەڵەم دەدا.

ئەوەی خانی لە مەم و زین دا خەونی پێوە دەدیت و کوردی بۆ دەنگ دەدا، پێشەوا بە کردەوە هێنایە دی. ئەوەی هەر چەند ساڵ جارێک لە پارچەیەکی کوردستان بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازانە سەری هەڵدەدا و بەهۆی فاکتۆری جۆراوجۆر نەیتوانیبوو بە ئاکامی سەرکەوتووانەی خۆی بگا، لە رۆژی 2ی رێبەندان و بە رێبەریی پێشەوا هاتە جیهانی بە کردەوەوە. هەربۆیە گوتاری پێشەواش لە رۆژی 2ی رێبەندان هەڵێنجاوی ئەو مێژووە بوو. گرێدراوەیی بەو مێژووە لە رۆژی راگەیاندنی کۆماردا و لە وتارە مێژووییـیەکەی پێشەوادا بەروونی هێمای بۆ دەکرێ.

بەم جۆرە پێشەوا لە ماوەی ژیانی سیاسیی خۆی دا وەڵامی بە سەرەکیـترین مەسەلەی کۆمەڵی کوردەواری دایەوە. دامەزراوی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو مەسەلە سەرەکیـیە بوو کە پێشەوا توانی لە ئاستی گوتارەوە بۆ مەیدانی کردەوەی بگوێزێتەوە ئەم بریارە مێژووییـیە دەسپێکی گەورەترین وەرچەرخان بوو لە کۆیلەتیـیەوە بۆ سەربەستی و لە داگیرکراوەییـیەوە بۆ رزگاریی نەتەوەیی. لێرەوە ئیتر خوێندنەوەیەکی لۆژیکی بۆ کورد بوون بە مانای رزگاریی نەتەوەی و خاک و خۆ جیاکردنەوە لەوی تر و، خۆ قوتار کردن لە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی بەرزەفڕی فارس ئاوێتەی گوتاری سیاسیی بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد بوو. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە، ئامانج و ئایدیالی هاوبەش و یەکێتیی ژیانی

روحی و نەتەوەییش بەشێوەیەکی بێوێنە روی لە خەمڵین و گەشە سەندن کرد.
بەکورتی بڵێین: هەموو هەوڵی پێشەوا بۆ ئەوە بوو لەو هەل و مەرجە کەڵک وەربگرێ بۆ ئەوەی ماڵێک بۆ نەتەوەکەی دروست بکات و بەئاشکرا و بەبێ‌هیچ ترس و لەرزێکی سیاسی دەیگوت: **''تاکەنگێ کورد دەبێ مالکی جێگای خۆی نەبێ''**. [30]

## پێشەوا و ریالیزمی تاڵی کورد

لایەنێکی گرینگی دیکەی بیرو کەسایەتیی پێشەوا تەسلیم نەبوون بە ریالیزمی تاڵی دۆزی کورد بوو. لە قووڵایی بیری پێشەوادا سیاسەت بە مانای تەفسیری سادە و ساکارانەی وەزعی مەوجوود نەبوو کە تەنیا ئەرکی مرۆڤی کورد ئەوە بێ خۆی لەگەڵ رێک بخاو چاوەڕوانی قەزاوقەدەر بمێنێتەوە، واتە بەبیانووی "واقعبینی"یەوە خۆی لە هەوڵ و چالاکیی داهێنەرانە بدزێتەوە.
پێشەوا لەگەڵ ئەوەی لە هەڵبژاردنی سیاسەت و بڕیارەکانی بەتایبەتی لەسەر راگەیاندنی جمهوری هەمیشە بە وریاییەوە لەگەڵ پارسەنگی هێزەکان هەڵسوکەوتی دەکرد، لە هەمان کاتیش دا سیاسەتی واقعبینایەی پێ ئەو سیاسەتە بوو کە وەزعی ئێستای کورد بگۆڕێ و خەونی هەزاران مرۆڤی کورد لە ئۆتۆپیاوە بکاتە راستی‌یەکی حاشاهەڵنەگری رۆژ. یاخۆ بە واتایەکی تر رەنگە دروست ئەوە بێ بڵێین پێشەوا کەسایەتی‌یەکی خاوەن پرۆژە بوو. خۆسەلماندن بڕبڕەی پشتی ئەو پرۆژەیە بوو. خۆسەلماندنێک کە بکەر بوون بۆ کورد دەستەبەر بکات و دەرەتانی ئەوە بۆ کورد پێک بێنێ لە پەراوێز و دەرەوەی مێژووەوە بۆ نێو مێژوو هەلی خۆنواندنی بۆ برەخسێنێ و لە قۆناغی خۆپاراستنەوە بۆ قۆناغی خۆ سەلماندن هەنگاو بنێ.
قەبووڵی بەرپرسایەتی‌یەکی وا گەورەش، ئەویش لەنێو نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی کورددا کە چواردەوری نیشتمانەکەی بە دەوڵەتانی داگیرکەر تەنرابوو، کارێکی هاسان نەبوو و هەموو کەسێک نەیدەتوانی خۆ لە قەرەی بدا. ئەمە زانایی و متمانە بەخۆ و بە نەتەوەکەی گەرەک بوو. هونەری رێبەریو ناسینی هەلو قۆزتنەوەی دەرفەتی لەباری پێویست بوو.

پێشەوا بە وێنەی رێبەرێکی راستەقینەی نەتەوەیی نە تەنیا نامۆ بە خۆ کەمبینی نەتەوەیی بوو، بەڵکوو بە مانای راستەقینەی وشە لە دژی خۆ بەکەم زانین و متمانە بەخۆنەبوون رادەوەستا. پێشەوا لەسەر ئەو باوەڕە بوو نەتەوەی کورد هیچی لە نەتەوەکانی تر کەم نیەو کوردیش مافی سروشتی خۆیەتی ببێتە خاوەن قەوارە و دەسەڵاتێکی نەتەوەیی. پێشەوا دەیزانی خەڵک و وڵاتەکەی بەهۆی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی ناوەندی لەوپەڕی هەژاری و دواکەوتوویی ئابووری و سەنعەتی راگیراون، بەڵام بۆ یەک جاریش ترس و خورپەی نەخستە نێو دڵی نەتەوەکەیەوە و بە پێچەوانەی هێندێک رێبەری ئێستای کوردەوە پێی نەگوتن ئەگەر رۆژێک سێبەری دەوڵەتی داگیرکەرتان بەسەرەوە نەمێنێ لە برسان دەبەتڵێن. بۆیە لەگەڵ هەموو گرفت و کۆسپەکانی ئەو پرۆسەیە، هەنگاوەکانی پێشەوا شلوێ نەبوون. ئەو بەراست باوەڕێکی گەورەی بە رزگاریی نەتەوەکەی هەبوو.

دیارە پێشەوا هەر تەنیا رێبەرێکی گەورەی نەتەوەیی و سەرۆک کۆماری کوردستان نەبوو، بەڵکوو ئینساندۆستێکی مەزنیش بوو. لە ماوەی ژیان و کار و تێکۆشانی هەموو سەرکردەیەکدا لێک گرێدانی ئەم دووانە کارێکی هاسان نیە. گەلێک جار لە ژیانی سەرکردەیەک دا ئەوەی بە بنەمای سەرەکی دەگیرێ، پێشخستن و بەرێوەچوونی رولە سیاسیيەکەیەتی و بەس. بایەخەکانی ئینساندۆستی و پلە و مەقامی مرۆڤ بچووکترین لای لێ ناکرێتەوە. لەو شێوە کارەدا مرۆڤ تا ئەو جێگایە شیاوی بەهێند گرتنی پلە و مەقامی ئینسانیيە کە وەک ئامرازێک لە خزمەت بەرەوپێش بردنی رۆلی سەرکردایەتیی ئەو دابێ. لە کەیسی پێشەوادا ئەمە راست بە پێچەوانەیە. ئەو هەموو ژیان و گیانی خۆی پێشکەش بە مرۆڤی خەڵکی وڵاتەکەی کرد، بۆ ئەوەی لە داگیرکراوەیی و دەسبەسەری رزگاریان بێ و وەک مرۆڤی سەربەست و ئازاد لە نیشتمانەکەیان دا بژین.

ئەو گوتارە ناسیۆنالیستیيە کە پێشەوا رێبەرایەتیی دەکرد، هەڵگری بنەما و پرەنسیپێکی دیموکراتیيانە بوو. پێشەوا لەگەڵ ئەوەی بۆ یەک ساتیش لەوە بەگومان نەبوو کە کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە سەروەریی نەتەوەیی هەبێ و نابێ ببێتە پاشکۆی هیچ قەوارەیەکی نەتەویەکی تر، هەر لەو کاتەش دا رێزی لە ماف و دەسەڵاتدارەتیی نەتەوەکانی تر دەنا.

لە گوتاری ناسیۆنالیستیی پێشەوادا دکتۆرینی ناسیۆنالیسم بە مانای یەکسانیی مافی سەروەری نەتەوەکان بوو. لە خوێندنەوەی پێشەوادا بۆ چەمکی ناسیۆنالیسم جێگایەک بۆ ناسیۆنالیزمێکی داپڵۆسێنەرانە و هێرشکەرانە بەدی نەدەکرا. لە جیهانی بیرو هزری پێشەوادا نەتەوەی گەورەو بچووک، رەسەن و نارەسەن وجوودی نەبوو. لە بیری پێشەوادا هەموو نەتەوەکان یەکسان و وەک یەک بوون. هەر لەو رووەوە پێشەوا خوازیاری پێکەوە ژیانی بەئاشتیی نەتەوەکان بوو، هەڵبەت بە پاراستنی مافی یەکسانو بەرامبەریان لە دەسەڵات دا.

پێشەوا لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی دا روح و سروشتی نەتەوەخوازیی کوردی دێنێتە سەر زمانو دەڵێ:

"ئێستاش لە سایەی هێز و قودرەتی ئازادی ئێمەش چاو و گوێمان کراوە و جارێکی دیکە ناچینەوە ژێر چنگاڵی بیدادی، کورد جوێ لە حەقی خۆی هیچی لە خەڵکی نەویستووە، دەیەوێ بە زمانی خۆی بخوێنێ، لە پیت و کانگای وڵاتەکەی سوود بەرێ، ببێتە خاوەنی کارخانە و کانگا. کورد نایەوێ دەستدرێژی بۆ خاکی هیچ میللەتێک بکا". [31]

هەروەک مامۆستا هێمنی موکریانی بەدروستی دەبێژێ:

زانا بوو، کوردپەروەر بوو
پێشەوا بوو، رابەر بوو
هەر کورد نەبوو بەشەر بوو
خەمی خەڵکی لەبەر بوو.

لە کاتێکدا جوولەکان لە دڵی ئۆرووپای پێشکەوتوو راو نران و کەوتبوونە ژێر سەختترین ئازار و چەوسانەوەوە، لە کۆمارە خنجیلانەکەی پێشەوا رێز لە ناسنامەی نەتەوەیی‌یان گیراو بڕیار درا:

"لە ژێر حیمایەتی حەزرەتی پێشەوای موعەززەم و مەحبوبی کوردستان و نەظارەتی ئیدارەی موحتەرەمی فەرهەنگ بە ئیجازە لە مەقاماتی بەرزی کوردستان مەدرەسەیەک بە نێوی تێکەڵی کوردی و عیبری دەکەینەوە. پێویستە لە بروواری ئەو ئاگاداری‌یەوە منداڵانی خۆتان چە کوڕو چ کچ بە دەفتەری ئەو مەدرەسە کە رووبەرووی عەمارەتی داودزادەیە بە موعەرەفی‌و بە ثەبتی بگەیەنن". [32]

"کەسانی کە هەلیان بۆ هەڵکەوتبو، قازی محەممەد ببینن، دەست بەجێ کەوتبوونە ژێر کاریگەری کەسایەتی‌یەکەیەوە و بە ئاسانی تێ‌گەیشتبوون بۆ چی لەلای نیشتمانپەروەرانی هەموو لایەکی کوردستان ببووە رەمزێک. ئەو، پیاوێکی کورتەباڵا بوو، پاڵتویەکی عەسکەری کۆنی دەبەر

دابوو، تەنکە ردێنێکی هەبوو، ڕووی لاواز و ڕەنگی بە هۆی نارەحەتی گەدەیەوە زەرد هەڵگەڕابوو، نە سیگاری دەکێشا، نە دەیخواردەوە و زۆر کەمخۆریش بوو، هەڵسوکەوتی ئارام و ماقوڵانە بوو. جۆرە ئەنتەرناسیۆنالێک بوو، هەموو میللەتەکانی دنیای خۆش دەویست و چەند زمانێکی دەزانی لەوانە ڕووسی، کەمی ئینگلیسیو سپرانتۆ. مێزی ئیش و کاری پر لە کتێبی ریزمان و خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی بیگانە بوو. وا پێ دەچوو زۆر بە باوەڕ بێ و پاڵپشتی ئەم بیر و باوەڕەشی ئازایەتی‌یەکی کەموێنە و لەخۆبووردوویی بوو". [33]

## ڕاپۆرت بە بیروڕای گشتی

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندی‌یەکانی کەسایەتیی پێشەوا گرینگی دان بە بیرو ڕای گشتیی جەماوەری کورد بوو. پێشەوا سەرچاوەی سەرکۆماریی خۆی و دەسەڵاتەکەی لە خەڵکەوە دەدیت و خۆی و کۆماری بە بەشێکی جیا نەکراوە لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەزانی و هەر بۆیە بە هەموو تواناییەوە هەوڵی دەدا بەرینترین چین و توێژی نەتەوەکەی لەو پرۆسەی سیاسی دا بەشدار بکات. ئەگەر لەمەوبەر سیاسەت تەنیا دەبوایە لە دیوەخانەکاندا و لە نێوان ژمارەیەکی دەسڕۆیو، قەتیس کرابا، هەموو هەوڵی پێشەوا بۆ ئەوە بوو، سیاسەت بە مانای بەشداری کردن لە دیاری کردنی چارەنوس بۆ زێدی ڕاستەقینەی خۆی بگوێزێتەوە. پێشەوا لەبەر ڕۆشنایی ئەو دیدەدا، ناوەندی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەی لە دیوەخان و باڵەخانەی پیاوماقووڵانی دەسڕۆیو را بۆ نێو کۆبوونەوە گشتی‌یەکانی جەماوەر ڕاگواست. سیاسەتی پێشەوا ئەوە بوو کۆمەڵانی خەڵک لە دوورەپەریزیی سیاسی بۆ هەڵبژاردنی ژیانی چالاک و بەشدار لە ڕووداوە سیاسی‌یەکان ئامادە بکات. هەر بۆیە لە دوای هەر سەفەرێکی سیاسی، ڕاپۆرتی کار و تێکۆشانی بۆ بیر و ڕای گشتی پێشکەش دەکرد. لە کۆبوونەوەکان لە گیروگرفتەکان دەدوا و ڕێگا چارەسەری دێنایە گۆڕێ. ڕەخنەی توندی لە کەم و کوڕی‌یەکان دەگرت، هاوکات لەگەڵ ئەوەش سەرکەوتن و دەسکەوتەکانی دەخستە ڕوو و هەوڵی دەدا زانیاری‌یەکانی پێوەند بە ژیان و چارەنووسی ئەوان بە زووترین کات بە گوێی نەتەوەکەی بگەیەنێ.

ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئەو ڕۆژگارە باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستی‌یە. پێشەوا لە دوای هەر دیدارو سەفەرێکی سیاسی

کە ئەنجامی دابێ، بە زووترین کات هەوڵی داوە ئاکامەکانی بۆ خەڵک ئاشکرا بکات و بەو هەنگاوانەی هەوڵی داوە تۆڕی زانیاری‌یەکان تەنیا لە ناو بازنەیەکی داخراودا قەتیس نەمێنێتەوە و خەڵک لە پرۆسەی سیاسی‌دا بەشدار بکات. ئەم تایبەتمەندی‌یانە نیشان دەدا لە دەسەڵات و بیری پێشەوادا نەتەوە تەنیا ئەوە نیە ئەرک وەخۆ گرێ، بەڵکوو خاوەن مافیشە.

## دەسەڵات و جۆرەکانی

راڤە کردنی جۆری دەسەڵاتدارەتی‌یەکەی پێشەوا، بڕینی قۆناغێکی ترە بۆ ناسینی پتری جیهانی هزری پێشەوا. لە میانەی ئەم قۆناغەشدا بەر لە هەر شت پرسیار ئەوەیە، جۆری دەسەڵاتەکەی پێشەوا لە چ جۆرێک بوو؟ پێشەوا چۆن توانی خۆی لە خانەی رێبەرێکی کاریزمایی دا ببینێتەوە؟ چەشنی کاریزمابوونی پێشەوا خۆی لە چ سروشتێکدا دەدیتەوە؟

لەو نێوەدا سەرەتا هەوڵ دەدەین بە کەڵک وەرگرتن لە بیر و راکانی کۆمەڵناسی گەورەی ئالمانی ماکس ویبەر باسێکی گشتی لە پێوەندی لەگەڵ جۆرەکانی دەسەڵات بێنینە گۆڕێ و لەبەر رۆشنایی تێڕوانینەکانی ویبەر لە جۆری دەسەڵاتی پێشەوا بدوێین.

یەکێک لەو کەسانەی لە بەرهەمە فیکری‌یەکانی دا کاریگەرترین هەوڵی بۆ پۆلینکردنی جۆرەکانی دەسەڵات داوە ماکس ویبەر کۆمەڵناسی ئاڵمانی‌یە. "ماکس ویبەر" لە بەرهەمە فیکری‌یەکانی دا لە دوو جۆر دەسەڵات دەدوێ. یەکەم: سەروەری (Herrschaft) دەسەڵاتێکە کە لەسەر بنەما و بناغەیەکی شەرعی دامەزراوە. واتە بەهۆی جۆرێک لە جۆرەکانی شەرعییەتپێدان، متمانە و دەنگی ئەندامانی کۆمەڵگەی بەدەس هێناوە. "ویبەر" ئەم جۆرە دەسەڵاتە بەو بارودۆخە پێناسە دەکات کە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتە بە نێوەرۆکێکی تایبەتەوە لای ئەندامانی کۆمەڵگە دەسەلمێندرێ و ملکەچیی لێ دەکرێ.

دووهەم: (دەسەڵات: Macht) دەسەڵاتدارەتی‌یەکە کە هەڵگری هیچ جۆرە شەرعییەتێک نییە و تەنیا پشت ئەستورە بە هێزی سەپاندن. ئەم جۆرە دەسەڵاتە لای "ویبەر" هەلومەرجێکە کە لەو دا و لە چوارچێوەی پەیوەندی‌یەکی کۆمەڵایەتی دا سەرەڕای بەرهەڵستکاریی دانیشتووان دەسەپێنرێت.

"لای 'ویبەر' خاڵی لێک جیاکەرەوەی نێوان ئەم دوو جۆر دەسەڵاتە مەسەلەی شەرعییەتە. لەو جێگایەی ئەندامانی کۆمەڵگا بە رەزامەندی و ویستی خۆیان ملکەجی لە فەرمان و یاساکانی دەسەڵاتداران بکەن سەروەرییە و لەو کۆمەڵگایەش دەسەڵات هەڵگری هیچ جۆرە شەرعییەتێکی جەماوەری نەبێ دەسەڵات خۆ لە قاوغ و نێوەرۆکێکی خۆ سەپێن دا دەبینێتەوە."[34]

"پاش ئەم هەلاوارنەی نێوان (Herrschaft)و (Macht) (سەرەرۆیی و دەسەڵات) "ویبەر" دەسەڵاتی شەرعی بە گوێرەی مکانیزمی کارکردن و سەرچاوەی شەرعییەتەوە بۆ سێ مۆدێل دەگێڕێتەوە:

1_ دەسەڵاتی ئەقڵانی
2_ دەسەڵاتی سوننەتی
3_ دەسەڵاتی کاریزمایی"[35]

بەگوێرەی دیتنی ویبەر هەر سێ لەو دەسەڵاتانە خاوەن شەرعییەتی تایبەت بەخۆیانن.

"شەرعییەت لە دەسەڵاتی ئەقڵانی دا: ئەو شەرعییەتە لەسەر بناغەی باوەڕمەندی بە قانون و بڕیارە پەسندکراوەکان و هەروەها مافی قانوونی ئەو کەسانە کە بەکەڵک وەرگرتن لەو بڕیارانە بەڕێوەبەری دەسەڵاتن.

شەرعییەت لە دەسەڵاتی کاریزمایی دا: شەرعییەتی کاریزمایی بریتی‌یە لە گوێڕایەڵی لە رادەبەر بە تایبەتمەندی‌یەکی پیرۆز، هونەری قارەمانانە یاخۆ نرخی لە رادەبەدەری دەگمەنی کەسایەتی‌یەک، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو فەرمانانەی کە سەرچاوەی ئیلهامی ئەوە و لەوڕا دێ.

شەرعییەتی دەسەڵاتی عورفییش لەسەر بناغەی نرخ دانان بۆ ئەو سوننەتانەیە کە لە کۆنەوە بۆ ئێستا بە میرات ماون و دەسەڵات بەهۆی ئەو کەسانەی پارێزەر و پابەندی ئەو میراتە سوننەتی‌یەن بەڕێوە دەبردرێ."[36]

بناغەی دەسەڵاتی ئەقلانی پشت ئەستوور بە یاسایە و دەسەڵاتی رێبەران و حوکمرانانی دەسەڵاتیش، هەر لە یاساوە سەرچاوە دەگرێ. تایبەتمەندیی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە دەتوانێ لە قەوارە و بیچمی جۆراوجۆردا خۆ دەربخات. لەنێو ئەو قەوارانەش بوروکراسی بەرچاوترینیانە.

بەگویرەی دیتنی ویبەر دەسەڵاتی بوروکراتی و ئەقڵانی گرینگترین جۆری شیوەی دەسەڵاتە، بەو هۆیەوە کە لەسەر بنەمای یاسا دامەزراوە و دەسەڵات بۆخۆشی ملکەچی یاساکانە. لەم شێوە دەسەڵاتەدا هێز هەمیشە بەڕوونی و بە شێوەیەکی یاسایی پێناسە دەکرێ و دووپاتی ئەوە دەکاتەوە

کە ئەوانەی هێز پیادە دەکەن، لە چوارچێوەی یاسادا ئەم کارە دەکەن. واتە هێزی رووت (Makedpoewr) لەم بەستێنەدا دەگۆڕدرێت بە هێزێکی یاسایی.

به واتایەکی تر: "ئەو چەشنە سەروەرییە بەپێی یاسا، نیزامنامە، یان ماف بایەخ و شەرعییەتی هەیە و فورمە کامڵ و پێگەیشتووەکەی "بۆرۆکراسی"یە. خاوەن فەرمان تەنیا بۆی هەیە لە چوارچێوەی ئەو پەسند کراوە قانوونییانەدا فەرمانەکانی دەر بکا. نموونەکەشی ئەو دەوڵەتانەن کە هەن وەک کۆماری ئاڵمان. خەڵک دەچنە هەڵبژاردن و دەستیان کراوەیە بۆ ئەوە بریار بدەن و رێبەری خۆیان هەڵبژێرن."[37]

لەگەڵ ئەوەی "ویبەر" سەرچاوەی گەشە و گۆڕانکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە گەلێک هۆکاری هێزی کۆمەڵایەتیی تریشەوە دەبەستێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بۆ هاتنە مەیدانی رۆلی رێبەرانی کاریزمایی لە گۆڕانکارییەکاندا بایەخێکی تایبەتی دادەنێ و بە هێزێکی شۆڕشگێڕانە و بزوێنەری مێژوویی پێناسە دەکات.

"هەربۆیە لە بەر ئەو گرینگەشە لای وایە: گرفتێکی کە سەرەڕۆیی کاریزمایی هەیەتی لە پێوەندیی لەگەڵ جێگرەوەی کاریزمایە. چونکە بەدەگمەن کەسێک پەیدا دەبێ کە ببێتە جێنشین و خاوەنی ئەو کاریزمایە بێ". [38]

"هەڵبەت چەمك و واتای کاریزما، شتێک نیە کە ویبەر بۆخۆی یەکەم جار داهێنەری بووبێ. پێشینەی مێژوویی تەمەنی ئەم چەمکە بۆ کارەکانی Rudlof Sohm یاساناس و مێژووناسی کلیسای شاری Strassburg دەگەڕێتەوە."[39]

ویبەر خۆی لەم پێوەندییەدا دەنووسێ:

"ناسینی ئەو چەمکە کۆمەڵایەتییە لە ستروکتوری دەسەڵات و کەڵک وەرگرتن لێی بۆ شیکردنەوەی بابەتێکی مێژوویی یانی ئاڵوگۆڕی مێژوویی دەسەڵات و کارتێکەریی کلیسا لە قۆناغەکانی سەرەتایی، شانازییەکە تایبەت بە "روولف زوم""". [40]

بەڵام "چەمکی سەروەریی کاریزمایی بۆ ماکس ویبەر لە پانتاییەکی بەرینتردا کەڵکی لێوەردەگیرێ و دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەو کەسەی کە کاریزمای هەیە (سەروەرو کەسایەتییەکی کە قسەی بڕەوی هەیە)و ئەو کەسەی یاخۆ ئەو خەڵکەی باوەڕی بە کاریزما بوونی کەسایەتییەک هەیە لە پێوەندییەکی دەسەڵاتدارەتی دا."[41]

"مەبەست لە كاریزما چۆنیەتیی كەسایەتیی‌یەكی دەگمەنی خاوەن توانای تایبەتە. ئەو تایبەتمەندیانەی كە ئەو لە خەڵكی ئاسایی جیا دەكاتەوە. ئەو كەسە یا نیردراوی خوایە یا خۆ كەسایەتی‌یەكی دەگمەنە و لە ئاكامدا دەبێتە رێبەر". [42]

ئەم فۆرمە لە دەسەڵات پشت ئەستوورە بە هێزی كەسایەتیی تاك و كاریزمای تاك. شەرعییەتی راوەستاویی ئەم شێوەیە لە دەسەڵات خۆی لە بوونی كەسایەتی‌یەكی هەڵكەوتووی ئەوتۆدا دەدۆزێتەوە كە هەڵگری كۆمەڵێك تایبەتمەندیی تایبەت بە كەسایەتیی رێبەربوونە.

"سەروەری‌یەكی كاریزمایی دەكرێ كەسێك وەدەستی بێنێ كە خاوەنی كۆمەڵێك تایبەتمەندی بۆ رێبەر بوون بێ، ئەو جار لەو رووەوە دەتوانێ وەك رێبەر و سەروەر بناسرێ و ئەو تایبەتمەندی‌یانەش كە دەكرێ بیریان لێ بكرێتەوە دەتوانن: قارەمانەتی، پیرۆزی، نموونەیی وێچوویی، باوەڕپێكراوەیی و خاوەن توانایی بێ. پەیامهێنەرانی ئایینی، قارەمانی براوی لەشەڕ و ژمارەیەكی بەدەگمەن لەنێو بازنەی رێبەرانی ئەحزابی سیاسی، وێنە و جۆری ئەو كەسایەتی‌یانەن." [43]

"دەسەڵاتی كاریزمایی بەپێچەوانەی دەسەڵاتی بوروكراتی لە یاسا و نیزامنامەوە سەرچاوە ناگرێ. بە هەمان شێوە ئەم فۆرمە لە دەسەڵات بە وێنەی دەسەڵاتی باوك سالارانە بەرهەمی سوننەت، عورف و رێوشوێنەكانی نیزامی فئۆدالیش نیە. سەرچاوەی دەسەڵات و درێژەی دەسەڵاتی كاریزمایی تەنیا لە گرەوی ئەوە دایە تواناكانی خۆی لەو بوارەی كە ئیددیعا دەكا بسەلمێنی. بۆ وێنە ئەگەر ئیددیعای پەیامبەری‌یەتی هەیە، دەبێ "معجزه" بكا و ئەگەریش دەخوازی سەرداری شەڕ بێتە هەژماردن، ئەشێ خۆ لە قەرەی كاری قارەمانانە بدا". [44]

بەڵام ئایا هەر كەس كە پێی وا بوو لە كەسایەتیی ئەو دا كۆمەڵێك تایبەتمەندیی بێوێنە نوستووە كە لە خەڵكانی دەوروبەری ئەودا شك نابرێ، دەتوانێ لە حاست خۆیەوە ئیددیعای كاریزما بوون و رێبەر بوون بكات؟ پێوانە بۆ ئەوە چیە كەسێك بە رێبەرێكی كاریزمایی بژمێردرێ؟ ئایا گەیشتن بە پلەیەكی وا تەنیا دەتوانێ بە جاڕدان و حەز و ئارەزوویەكی شەخسی وڵامی خۆی وەربگرێتەوە؟ یاخۆ بەهۆی پێهەڵاگوتن و بەرزكردنەوەی لایەنگرەكانی و دەزگای میدیایی‌یەوە خاسیەتی كاریزمایی پێ ببەخشرێ؟ لەو نێوەدا داخوا دەبێ خۆسەلماندنی كەسایەتی و توانایی‌یەكانی كاریزما لە كوێ راوەستابێ؟

ویبەر لە هەمبەر پرسیارێکی وا پێوانەیەک بە مەرجی سەرەکی دەزانێ. ئەویش ئەوەیە کە داخوا چەندە ئەو کۆمەڵگاو خەڵکەی رێبەری کاریزمایی ئیدیعای کاریزمابوونی تێدا دەکات، بەدەنگی‌یەوە دێن و قەبووڵی رێبەر بوونی دەکەن. لەو جێگایەی بانگەواز و داواکاریی کاریزما کەسێک بەپیری‌یەوە نایا، کاریزما بوونی ئەویش دەچێتە هەمبانەی فەرامۆشی‌یەوە. بە واتایەکی تر بیچم و فۆرمی ئەو سەروەری‌یە تەنیا کاتێ رەواویە کە خەڵک باوەڕی بە توانایی و لێهاتوویی دەگمەن ئەو کەسە هێنابێ.

واتە "قودرەت و توانایی سەروەریی کاریزما پێگەکەی لەسەر توانایی دەوروبەرەکەی و لایەنگرانی و کەسانێکە کە باوەڕیان پێیەتی". [45]

دەم و کاتی سەرهەڵدانی رێبەرێکی کاریزمایی بڕگەیەکی ترە لە کارەکەی ماکس ویبەر. لەم بوارەشدا پرسیار ئەوەیە لە چ کەش و هەوایەک دا پێویستیی بوونی رێبەرێکی کاریزمایی دێتە ئاراوە؟ ئایا هاتنە مەیدانی کاریزما پێویستی بە بارودۆخێکی تایبەتی‌یە یاخۆ لە گشت دۆخێکی ئاسایی‌دا رێبەری کاریزمایی دەتوانێ سەرهەڵبدا؟ لە روانگەی ویبەرەوە کەسایەتیی کاریزمایی بەر لە هەر شتێ بەرهەمی قۆناغێکی هەستیار و نائاسایی و قەیرانی کۆمەڵگایە. واتە مرۆڤی کۆمەڵگاکان لە گشت سات و کات و قۆناغێکی ژیانی ئاسایی کۆمەلایەتی‌یان باوەش بۆ کاریزما ناکەنەوە و پێویستی‌یان بە رێبەری کاریزمایی نیە. رێبەری کاریزمایی ئەو کاتە سەر هەڵدەدا کە خەڵک هەست بە پێویستی دەکەن و کۆمەڵێک بۆشایی و تەنگەژەی مەزن رووبەڕووی کۆمەڵگا بۆتەوە. لە وەها دۆخێکی هەستیارداو بۆ وەلامدانەوەی ئەو هەل و مەرجەی نیشانەی نائاسایی پێوە دیارە، پێویستیی بوونی کاریزماش بۆ کۆمەڵگا دێتە ئاراوە وەک: "تەنگ و چەڵمەی گەورەی روحی و جیسمی، ئایینی و ئابوری، ئەخلاقی و سیاسی... لە وەها دۆز و دەمێکی قەیرانی دا کەسایەتی‌گەلێک دێنە مەیدان، بەهۆی کۆمەڵێک توانایی و بوونی تایبەتمەندیی بێ‌وێنە (کە لە خەڵکی ئاسایی‌دا بەدی ناکرێ) متمانە و باوەڕی خەڵک رادەکێشن بۆ رووبەڕووبوونەوە لە تەک ئەو گرفتانە". [46]

لەوەها دۆخێکدا و بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو کەلێن و بۆشایی و تەنگەژانەی لەو کۆمەڵگایەدا هاتوونەتە ئاراوە، پێویستیی بوونی کاریزماش هاتۆتە گۆڕێ، لەو رووەوە ویبەر لای وایە:

"رێبەری کاریزمایی لە گشت وڵات و سەردەمێکی مێژوویی بوونی بووە". [47]

واتە سەرهەڵدانی رێبەری کاریزمایی تایبەت بە ژینگە و کولتور و نەتەوەیەکی تایبەت نیە. هەموو کۆمەڵگایەک دەتوانێ رێبەری کاریزما بەخۆیەوە ببینێ کە تێیدا هەست بە قەیران و گرفت و بۆشاییەکی گەورە کە خەڵکی ئاسایی پێیان وابێ بەبێ بوونی رێبەرێکی بەتوانا لە توانایاندا نیە بەگژ ئەو گرفتانەدا بچنەوە.

بۆ وێنە هاتنە سەرکاری دۆگۆل یان ناپلێۆنی هەوەڵ و سێهەم نیشان دەدا کە بێهیوایی و هەل و مەرجی قەیرانی کۆمەڵگا دەبێتە هۆکارێکی گرینگ بۆ هاتنە ئارای سەرکردەی کاریزماوە. ئەم خوێندنەوەیە دەتوانێ بەرەبەرە لەو مەسەلەیەشمان نزیک بکاتەوە کە بگوترێ چەشنی رێبەرانی کاریزمایی دیاردەیەکی فرەچەشنن و بەگوێرەی ژینگەو کولتور و پێداویستییەکانی روحی و ماددیی هەر وڵاتێک و جۆری سەرکردەی کاریزماش لە یەکتر فەرق و جیاوازییان دەبێ. چەشنی کاریزمایەکی کە لەسەدەی حەوتەمی زایینی بەهۆی "لویی چواردەهەمەوە" سەرکردایەتیی دەکرا کە دەیوت: "ئەز دەوڵەتم" "Letat Gestmaoi"و یاسای دەوڵەت لە تەنگەی باغەڵی خۆم دایە، لەگەڵ "ناپلێۆن بناپارت" لەسەدەی نۆزدەهەم دا لە نێوانیاندا هەڵگری جیاوازییەکی گەورە بوو.

"لە جێگایەک شەڕ... لە پانتاییەکی بەرین و بەردەوام لە ئارادا نەبێ، سەرداریی شەڕ و ئاشتیش، پێویستی هاتنە ئارای نابێ... سەردارێکی شەڕ تەنیا کاتێ دەتوانێ وەک دەسەڵاتێکی کاریزمایی بەردەوامیی هەبێ کە شەڕیش بووبێتە دیاردەیەکی هەمیشەیی و بەردەوام". [48]

لە راستیدا چەمکی کاریزما بە مانای وێبەرییەکەی بەمانای بلیمەتی و توانایی و لێهاتووییەکانی دەگمەنی کەسایەتێکی رێبەرە. ئەو ڕێبەرەش هەروەک تا ئێستا لە وێنەی ئەزموونە مێژووییەکاندا دیتراوە، دەتوانێ هەم رۆلی بونیاتنەرانەی هەبێ بۆ کۆمەڵگاو نەتەوە، هەمیش تێکدەرانە. هەم دەتوانێ چەرخی کۆمەڵگایەک بەرەپێش بەرێ، هەم بەپێچەوانەکەشی دەتوانێ کارەسات وماڵوێرانی بۆ وڵاتێک بەرهەم بێنێ. لە دنیای واقع کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وێنەی هەر کام لەو دوو جۆرە کاریزمایەی بەخۆیەوە دیوە. هیتلر و موسولینیشی دیوە و پێشەوا قازی محەممەد و ماندیلا و گاندیشی بەخۆیەوە بینیوە. کاریزمای یەکەمین بوو بە سەرچاوەی کوشتار و خوێن و فرمێسکی بەملوێن مرۆڤی بێتاوان. دەسەڵاتی کاریزمایی دووهەمیشیان بوو بە هۆی رزگارکردنی خەڵکی سێ وڵات لە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی ناسیۆنالیزمی فارس و ئیستیعماری بەریتانیایی و ئاپارتایدی رەگەزی و گەڕاندنەوەی کەرامەتی ئینسانی.

دەسەڵاتی کاریزمایی بەگوێرەی روانینی ویبەر قۆناغێکی تێپەڕە، واتە هەموو: "بزووتنەوەیەکی کاریزمایی لە رەوتی ئاسایی بوونی دا لەوانەیە یا بەرەو سوننەتخوازی مل بنێ یاخۆ بەرەو دەسەڵاتێکی دنیایی". [49]

جیهانبینیی رێبەری کاریزمایی و ئاستی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوریی هەر کۆمەڵگایەک رۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ، لەوەی کە سەرئەنجام دەسەڵاتی کاریزمایی لە کام یەک لە دوو فورمەکەی تردا خۆی ببینێتەوە.

سەروەریی سوونەتی:

"سەرووەریی سوننەتی لەسەر بنەمای بیر و باوەڕی بە ئۆتۆریتە (متفەرک بوون و پیرۆزی) دادەمەزرێ... نموونەی لواوی ئەوەش بریتین لە "ریش سپی"و "بەتەمەنەکان"، "قەشە" یان "شێخ"و "سەرۆک عەشیرە"و "باوی پاشا" ئەم فورمە لە نموونەی بەساڵداچووانی گوندێکی ئەفریقایین کە خاوەنی فەرمانن و ئەوانی دیکە کە دانیشتووی گوندن وەک رەعییەت بەگوێی دەکەن. ئەو پیرترینە بەپێی شیاویەکەیەوە بەو پلەیە نەگەیشتوە، بەڵکوو ئەو داب و سوننەتەیە کە بووەتە قانوون و دەسەڵاتی کە پێوەندیی بەوە هەیە قبووڵکراوە و سەرووەریی دراوەتێ. لە چەشنی ئەوەش سترکتورو بیناکانی گەورەپیاو و مەزنانە کە ناو و لەقەب و ئیمتیاز بە میرات دەدرێ."[50]

تایبەتمەندی و سروشتی ئەو دەسەڵاتە ئەوەیە لەلایەن بازنەیەکی بچووکی چەند کەسییەوە دەستی بەسەردا دەگیرێ کە حوکمی رەهاو بێ لێپرسینەوەی هەیە. داب و نەریتی جێگیر و بێ پرسیار، تایبەتمەندیی هەرە گرینگی ئەو جۆرە دەسەڵاتەیە. ئەو دابو نەریتانەی بەهۆی مێژووەوە پیرۆز کراوە و ریشەی لە سەردەم و رۆژگارێکی یەکجار زۆر کۆن دایە و لەلایەن نەوەکانی پێشووەوە پەسند کراوە، واتە لەو چوارچێوەیەدا نەریت خزمەتی بەردەوامی و پاراستنی ئەو هەڵس و کەوتە کۆمەڵایەتییانە دەکات کە لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی تر گواستراوەتەوە و بەتەواوی دەوەستێتە سەر ئەو دیاردانەی کە هەمیشە بوون یان بووە و لەلایەکی تریشەوە بەتەواوی گرێدراوی سیستمی ویراسیی هێز و ئیمتیازەکانە.

بەگوێرەی دیتنی ویبەر هەر کام لەو سێ شەرعیەتە، بۆخۆیان رێکخستنی سیاسیی تایبەت بەخۆیان لە کۆمەڵگادا دادەبەزێنن بۆ وێنە دەسەڵاتی ترادسیۆنی، رێکخستنی باوکسالاری پێک دێنێ. یاخود

لەدەسەڵاتی یاسایی را رێبەرە یاساییەکان لە دەزگای بوروکراتیک دا دەرەتانی سەرهەڵدانی دەبێت...

لەو نێوەدا لەگەڵ ئەوەی نێوەرۆک و مکانیسم و ئاراستەی هەر کام لەو سێ مودێلە خۆ لە خانەیەکی بەتەواوی جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکتردا دەدۆزنەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوە لە هەر سێ مۆدێلەکەدا خاڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا دەبینرێ، ئەویش ئەوەیە کە سەرچاوەی شەرعییەتی هەرسێکیان بۆ مەسەلەی باوەڕمەندی دەگەڕێتەوە. باوەڕمەندی بە قانوون، باوەڕمەندی بە سوننەت و سوننەتخوازی و هەروەها باوەڕمەندی بە لێهاتوویی و بلیمەتی و ئاکاری بێوێنە و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتێکی دەگمەن و هەڵکەوتوو، واتە کاریزمایە.

لێرەدا رەنگە ئەو پرسیارە بێتە پێشێ و بگوترێ بۆ چی لە تئۆریی وێبەردا دەسەڵاتێکی سوننەتی شان لە شانی دەسەڵاتێکی یاسایی دەدا و خۆ لە خانەی دەسەڵاتێکی رەوادا دەبینێتەوە و داخوا تۆ بڵێی شەرعییەتی ئەم فۆرمۆلە لە دەسەڵات لە کوێ دایە؟

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین روانینی وێبەر بۆ مەسەلەی دەسەڵات روانینێکی بەتەواوی کۆمەڵناسانەیە و کاتێک لە باوەرمەندیی بەرەوایی دەسەڵاتێک دەدوێ مەبەستی ئەوە نیە بە شێویەکی "ئۆبژەکتیوانە"و بە چاوی کەسێک کە لە دەرەوەی ئەو دەسەڵاتە دەڕوانێ، لەسەر ئەو دەسەڵاتە داوەری بکات. بێگومان بەچاوی گشت چاوەدێرێکی بێلایەن کە بیهەوێ بابەتیانە لەو شێوە دەسەڵاتە وەرد بێتەوە دەسەڵاتی سوننەتی دەسەڵاتدارەتێکی ناڕەوایە.

بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەشە: ئایا ئەو خوێندنەوەیە دەتوانێ پێناسەی ئەو کۆمەڵە خەڵکەش بێ کە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتێکی نەریتی دا ژیان دەبەنە سەر؟ بێگومان نا. بۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لەوەها کۆمەڵگایەکی سوننەتی دا دەژین، دەسەڵاتی سوننەتی، دەسەڵاتێکی رەوایە. هەر بەو هۆیەشەوەیە وێبەر ئەو جۆرە دەسەڵاتە، لە کاتی پۆلین کردنی جۆرەکانی دەسەڵات دەخاتە ناو خانەی دەسەڵاتێکی رەواوە.

وێبەر لە ناوەندی ئەو تەوەرانە، لە هەوڵی ئەوە دایە ئەوە شی بکاتەوە بۆ چیو بەهۆی بوونی چ فاکتگەلێک ئەو کۆمەڵە خەڵکە ئامادەن شەرعییەت بەو دەسەڵاتە بدەن، بێ گوێ دانە ئەوەی کە بزانێ ئەو باوەڕە لە کوێوە هاتووە یاخۆ ئەوەیکە بزانێ لە رووی ئەخلاقییەوە سەلمێنراوە یا نا؟

بەگوێرەی ئەو دەربڕینە، سەروەری و شەرعییەت دوو رووی یەک دراون. بەو مانایە کە هەموو دەسەڵاتێک خۆی لە دوو جەمسەردا دەدۆزێتەوە، جەمسەرێک دەسەڵاتدارانن کە رکێفی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و جەمسەرێکی تر ئەو خەڵکانەن کە لە ژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتەدا دەژین. لەو نێوەدا ویستی گشتی و رەزامەندیی خەڵک بۆ بەردەوامیی دەسەڵاتیک گرینگی‌یەکی چارەنووسسازی هەیە و ویست و ئیرادەی خەڵک ناکرێ بەلاوە بخرێ. هەر بۆیە ویبەر لای وایە: شەرعییەت شتێک زیاتر یا خۆ کەمتر نییە لە مافی حوکمرانی و هەر بۆیە سیستەمێکی حوکمرانی بە شەرعییەت پێناسە دەکات.

لەگەڵ ئەوەی تیۆروانینەکانی ویبەر بە زۆری سەبارەت بە کۆمەڵگا رۆژئاوایی‌یەکانە و ئێمە دەبێ بە وریایی‌یەوە لەگەڵی بکەوینە رێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا پرسیاری سەرەکی بۆ ئێمە لێرەدا ئەوەیە گەلۆ دەسەڵاتەکەی پێشەوا لە کوێی ئەو دابەشکردنەدا خۆی دەبینێتەوە؟ ئایا دەسەڵاتەکەی، دەسەڵاتێکی رەوا بوو یا خۆسەپێن؟ ئەگەر رەوا بوو ئەو رەوایی‌یە لە کوێوە سەرچاوەی دەگرت؟ لەوانەش گرینگتر فۆرمی ئەو دەسەڵاتە دەتوانین لە ژێر کامە یەک لە جۆرەکانی سەروەری‌دا جێ بکەینەوە؟

## جۆری دەسەڵاتەکەی پێشەوا

جۆرو چەشنی دەسەڵاتدارەتی‌یەکەی پێشەوا چ لە رووی فۆرم و چ لە ناوەرۆکدا نە تەنیا نامۆ بە چەشنی دەسەڵاتدارەتی‌یەکی نەریتی بوو، بەڵکوو بەتەواوی لە بەرانبەر جۆرە دەسەڵاتێکی وا دا خۆی دەدیتەوە. فەلسەفە و نێوەرۆکی ئەو دەسەڵاتدارەتی‌یە گوتاری نەتەوەخوازی بوو. رزگار کردنی نیشتمانی کورد لە دەسەڵاتی داگیرکەرانە، بونیادنانی ماڵێکی سیاسی بۆ نەتەوەو پاراستنی نرخ و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی بڕبڕەی پشتی گوتاری ئەو نەتەوەخوازی‌یە بوو.

لەو نێوەشدا دەسەڵاتەکەی پێشەوا، دەزگایەک بوو بۆ دەسەڵاتدارەتی نەتەوە بۆ ئەوەی لە لایەک کورد لە بێ دەوڵەتی رزگاری بێ و لە لایەکی تریشەوە پاراستنی زمان و کولتور و جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی و هێمنی و ئاسایشی سنووری نیشتمانی نەتەوە لە مەترسی‌یەکان بپارێزێ. پێ‌بەپێی

ئەو هەوڵانە، هەموو وزە و توانای ئەو دەزگایە لە ماوەی ئەو 11 مانگەدا بۆ ئەوە تەرخان کرا ئینتیمای نەتەوەییو کورد بوون لە بەرفراوانترین مانای خۆی دا جێگا بە ئینتیمای فیکری و ناوچەیی لێژ بکات و تیڕوانینێک باڵ بەسەر مێشک و بیری مرۆڤی کورد دا بکێشێ کە کوردبوون لە ناسنامەی نەتەوەیی و هەستی هاوچارەنووسیی هاوبەش دا وەبیندرێ.

لەم بارەیەوە لە رۆژنامەی "کوردستان" دا هاتووە:

"پاش چەندین ساڵ دەربەدەری و سەرکزی و بەند و تێهەڵدانی بێئەژمار و قوڕبەسەری و هەژاری، لە پاش ئەوەی بە اشارەی دوژمنان بەنێوی مەنگور و مامەش و زەرزا و دێبوکری و گەورک و گەڵباغی و... کەوتبووینە گیان و ماڵی یەکتر خوێنی یەکترمان دەمژی و دەرِشت و بۆ قازانجی شەخسی خۆمان هیچ شتێکمان نەدەهاتە بەر چاو و هەر خەریک بوین دوبەرەکی و تەفرەقە بخەینە نێو یەکتر، بە کورتی پاش ئەوەی هیچ وەختێک لەبیری هاونیشتمانی خۆمان دا نەبووین و لە تەپوتۆزی زەمانەدا بە غەیری نەفعی خۆمان بیرێکمان نەبوو.. ئێستا لە کوردستاندا نێوی مەنگور و مامەش و زەرزاو دیبوکری و... هەر پیتی کە بۆنی جودایی لێ بێ ناکورێ. هەموو یەک دەنگ دەڵێن ئێمە کوردین، کوردمان دەوێ. ئێمە و سەرکزیمان بە سەربلێندی و هەژاریمان بە دەوڵەمەندی و دووبەرەکیمان بە یەکێتی گۆریوەتەوە". [51]

پێشەوا جیا لەوە رێبەر بوو، کەسایەتییەکی رێکخەرو داهێنەریش بوو. بیری ورد، ئەزموون و تاقیکردنەوەی دەوڵەمەند و زانایییەکەی سیستەمێکی سیاسیی ئەوتۆی بۆ نەتەوەکەی خۆڵقاند کە پاش 63ساڵ، باشترین نموونەی فیکریی مرۆڤایەتیی هەر ئەوە دەخوڵقێنێ. بەو مانایە ئەم دەسەڵاتە هەروەک لە نێوەرۆکدا لە تەک سروشت و نێوئاخنی دەسەڵاتێکی نەریتی لە نوختە بەرانبەری یەکتردا بوون لە رووی بیچم و فۆرمیشەوە دەچوونە دوو خانەی دژ بەیەکەوە، فۆرمی دەسەڵاتدارەتییەکەی پێشەوا کۆماری بوو. دەسەڵاتی بە دەزگا بوون لەو چوارچێویەدا بە مانای دەسەڵاتێک بوو کە تا رادەیەکی بەرچاو لە گەلێک بواردا رادەی دەسەڵات و شێوەی بەکاربردنی لەسەر بنەمای رێسا و یاسایەک دیاری کرابوو. واتە دەسەڵاتەکە لە کۆمەڵێک بونیاتی وەک دەوڵەت و دامەزراوەدەوڵەتییەکان بەرجەستە دەبۆوە کە بەرپرسان بە پشت بەستن بە بریار و پەسندکراوەکانی ئەم دامەزراوانە ئەرکی خۆیان بەڕێوە دەبرد.

ملکەچی و گوێڕایەڵیی خەڵکیش لە دەم و کاتی دابەزاندنی ئەو یاسا و پەسندکراوانە، بۆ ئەوە نەدەگەڕاوە خەڵک بزانن لە چ کەسێکەوە بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵکوو لە روانینی گشتیی خەڵکدا ئەو پەسند کراوانە بە وێنەی بڕیاری دامەزراو و دەزگای دەوڵەتێکی نەتەوەیی لێ رواندراوە کە لە غەمی ئەوە دایە نەزمێکی کۆمەلایەتی لە پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان دا دامەزرێنێ. هەر بۆیە حازر بوون وەک ئەندامێکی کۆمەل پێڕەویی لێ بکەن و ملکەچی پەسەندکراوەکانی بن. واتە ئەو پێرەوی‌یە، بە مانای مل کەج کردن بۆ تاکێکی خاوەن دەسەڵات نەبوو، بەڵکوو بە مانای مل کەج کردن لە پەسەند کراوی دەسەڵاتێکی سیاسی وەرگیراوە کە حوکمی وڵاتی کردوە.

بۆ وێنە بە مەبەستی دانانی سنوورێک بۆ چوونە سەری نرخی کەلوپەل و پێداویستی‌یەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵک دەزگای بەڕێوەبەریی کۆمار دێتە سەر ئەو باوەڕە بۆ کۆمەڵێک لەو پێداویستی‌یانە نرخی دیاری کراو پەسند بکەن. کاتێ لە ژمارە 34ی "کوردستان"دا لە دوایین رستەکانی ئەو ئاگادارییە ورد دەبینەوە لەپێشدا دەبینین سەرۆکی شارەداری دەنووسرێ، پاشان ناوی خوالێخۆشبوو عەلی خسروی وەک سەرۆکی شارەداری سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێ. لەو نێوەدا لەلایەک سەرۆکی شارەداری دەبینی کە لە چوارچێوەی ئەرکی بابەتیانەی خۆی ئاگاداری‌یەکی کە لە دەزگاکانی بانتر پەسند کراوە بە رای گشتی دەگەیەنێ، لەلایەکی تریش بازرگان و بازاڕیانی شاریش دەبینی کە ئەو بڕیارە نەک وەک بڕیارێکی تاکێکی خاوەن دەسەڵات بەڵکوو وەک پەسند کراوی دامەزراوێکی دەسەڵاتێکی سیاسی دێتە قەبووڵ کردن کە لە وڵاتەکەیدا حکمرانە و بۆ بەڕێوەبردنی وڵات خاوەنی کۆمەڵێک پەسند کراوە و بڕیار و یاسایە.

لەو پێوەندی‌یەدا نە خاوەن بڕیار ئاغا و مرۆڤێکی بەرزتر بووە نە خەڵک رەعیەت و ژێردەست و ژێر چەپۆکە. یەک ئەرکی خۆی بەپێی یاسایەکی پەسندکراوی دەوڵەتی بە رای گشتی دەگەیەنێ و ئەوەی تریش بەهۆی ئەندامەتی لە کۆمەڵ گوێڕایەڵی حوکمرانی کاربەدەستانی دەسەڵات دەکات. ئەو هێمایانە لەوە دەدوێن جۆری دەسەڵاتدارەتی‌یەکەی پێشەوا کە لە بیچمێکی سیاسی- حقووقی بە ناوی کۆماردا هاتبووە گۆڕێ، ناچێتە خانەی سروشت و تایبەتمەندی‌یەکانی دەسەڵاتێکی سوننەتی‌یەوە.

کەوشەنی دەستەی ئیدارەی دەسەڵاتی نەریتی بە شێوەی باو لە سەر بناغەی نەریت لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی سەرۆک بە دەگمەن واوەتر

دەچێ، کەچی بەپێچەوانە لە دەسەڵاتدارەتی‌یەکەی پێشەوادا، هەوڵ درابوو تا ئەو جێگایەی دەلوێ نوێنەری زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریی ئەو کات لە ناوەندی دەسەڵات و بڕیاردان دا خۆ ببینێتەوە و پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی ئاوێنەی باڵانوێنی فرەچەشنی و جیاوازییەکانی کۆمەڵی کوردەواری لەخۆ بنوێنێ.

بەواتایەکی تر: دیاری کردنی بەرپرسان و کاربەدەستانی پایەبەرزی کۆمار لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی حکومەتی دا بۆ ئەوە نەدەگەڕایەوە چەندە ئەو کەسانە ئیرادەتی شەخسی‌یان بۆ پێشەوا هەیەو پێوەندی‌یەکانیان لە چ ئاستێکی شەخسی و بنەماڵەیی لەگەڵ پێشەوا دایە. پێوانەگەلێکی لەم چەشنە تایبەت بە دەسەڵاتێکی نەریتی‌یەو لەگەڵ جۆری جیهان‌بینیی پێشەوا فەرق‌و جیاوازیی بنەڕەتی هەبوو. بۆ ئەم بوارە هەوڵ درابوو تا ئەو جێگایەی دەکرێ پێوانەگەلێکی وەک شارەزایی و ئەزموون و تاقیکردنەوەی بە کردەوە دەگەڵ گەل دۆستی و خۆشناوی بکرێتە پێوەرێک بۆ دیاری کردنی ئەرک و بەرپرسایەتیی کەسایەتی‌یەکان لە پلە جۆراوجۆرەکانی حکومەتی دا.

بۆ وێنە مامۆستا مەلا حوسینی مەجدی بۆ ئەوە نەکرا بووە رەئیسی عدلیە و داد چونکە پێوەندی‌یەکی شەخسی و بنەماڵەیی باشی لەگەڵ پێشەوادا بوو. بەڵکوو بۆ ئەوە بوو پسپۆڕ و شارەزای ئەم بوارەی سەردەمی خۆی بووە. یاخۆ میرزا مەنافی کەریمی و سەدیقی حەیدەری بۆیە کرابوونە وەزیری فەرهەنگ و تەبلیغات چونکە کەسایەتی‌یەکی فەرهەنگی و رووناکبیری چەرخی رۆژگاری خۆیان بوون.

هەر بەو پێیە چەشنی دەسەڵاتدارەتی‌یەکەشی بەدوور لە هەوڵدان بۆ پاراستن و بووژاندنەوەی نەریتخوازی بوو. هەر لەو ماوە کەمەی ئەو 11 مانگە دا بەگوێرەی دەرفەت و دەرەتان هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئەوەی ئەو نەریت و ڕێ و شوێنانەی کۆسپی سەر ڕێگای گەشەکردن و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵی کوردەواری بوون، بەرەو کزی و لاوازی ببردرێ، هەر لە بوارەکانی پەروەردە و بارهێنان و پەرەپێدان بە خوێندن و خوێندەواری لە نێو کۆمەڵی کوردەواری‌یەوە بگرە تا دانانی کۆمەڵێ یاسای ژیانی کۆمەڵایەتی و بونیات نانی دەزگای ئیداری و حکوومەتی بۆ ڕاپەڕاندنی گرفت و پێداویستی‌یەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سەرجەم بۆ ئەو مەبەستە بوو پێشکەوتن و بەرەوپێش چوون لە کۆمەڵی کودەواری دەستەبەر بکرێ. لەو نێوەدا بنەمای گەیشتنی پێشەواش بە لوتکەی پلەی ڕێبەری، لەگەڵ چۆنیەتیی بەدەسەڵات گەیشتنی ڕێبەرێکی نەریتی بەتەواوی

جیاوازیی هەبوو. ئەم دەسەڵاتە بەر لە هەر شتێ بەرهەمی میراتێکی بنەماڵەیی نەبوو کە لە ئاکامدا بە پێشەوا گەیشتبێ. لەگەڵ هەموو گەلدۆستی و ناوبانگ و رێز و متمانەیەکی کە لە کۆمەڵی کوردەواری بنەماڵەی قازی هەیانبوو، تا ئەو کات هیچ کام لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە رێبەر و رێکخەری دەسەڵاتێکی سیاسی نەبوون، تا لەوانەوە مەسەلەی رێبەری بۆ پێشەوا بەمیرات گەیشتبێ. واتە دەسەڵاتی پێشەوا، لە چەشنی دەسەڵاتیکی بەمیرات گەیشتووی بنەماڵەیی و نەریتی نەبوو. هەر بەهەمان شێوە نەریت و میراتیش، هۆکارگەلێک نەبوون بۆ ئەوەی پێشەوا بتوانێ بە هۆی ئەو دیاردانەوە رێبەریی بزووتنەوەی کورد بەدەستەوە بگرێ.

ئەوە راستە کولتوور و کەش و هەوای رووناکبیرانەی بنەماڵەیی، بە نۆرەی خۆی شوێنی گرینگی لەسەر کاراکتەر و پێگەیاندنی پێشەوا دا هەبووە، بەڵام بۆ گەیشتن بە پلەی رێبەریی نەتەوە و گرتنە دەستی دەسەڵات، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی تر پێویست بوو، وەک زانایی و تێگەیشتوویی و توانایی رێبەری و باوەڕمەندیی گشتی بە تواناییەکانی گەلەکەی کە لە کەسایەتیی ئەودا کۆ ببوونەوە.

لە رێبەریو دەسەڵاتی نەریتی دا، گوێڕایەڵی ئەندامان دەچێتە قالبی بەجێ گەیاندنی عادەت و سوننەتێکی رابردوەوە، لە حاڵێکدا لە رێبەریی پێشەوادا ئەوەی دەوری سەرەکی گێڕا ویستێکی خوازیارانەی ئەندامانی نەتەوە بوو لەو کاتەدا. هیچ هێزێکی دەرەکی و نێوخۆیی لە ئارادا نەبوو بۆ ئەوەی بەزۆر و بە تۆپزی پێشەوا بەسەر خەڵک دابسەپێنن. سروشتی ئەم دەسەڵاتە تێک هەڵکێشێک بوو لە نێوان دەسەڵاتێکی کاریزمایی و سەروەرییەکی یاسایی و ئەقڵانی. هەروەک چۆن دەسەڵاتی دۆگۆڵ لە کۆماری پێنجەم دا تێکەڵاوێک بوو لە سەروەرییەکی یاسایی و کاریزمایی. هەڵبەتە بەو جیاوازییەی لە قۆناغی بەر لە راگەیاندنی کۆماردا جۆری دەسەڵاتی رێبەریی پێشەوا، بە تەواوی خۆی لە خانەی سەروەریی رێبەرێکی کاریزمایی دا دەدیتەوە. تایبەتمەندیی ئەو قۆناغە لە رێبەریی کاریزمایی پێشەوا ئەوە بوو ئەو سەروەرییە نە لە سوننەتەوە سەرچاوەی دەگرت و نە لە یاسا. باوەڕمەندیی کۆمەڵگا و خەڵک بۆ کەسایەتی و پەیام و بلیمەتیی پێشەوا و ریساڵەتێکی کە ئەو بۆ رزگاربوونی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی لە ئەستۆ گرتبوو، متمانە و هێزی کۆمەڵایەتیی کاریزمابوونی پێشەوای لە داوێنی خۆی دا پەروەردە کردبوو و گەلێک بڕیاری چارەنووسساز و یەکلاکەرەوە لەوەوە سەرچاوەی دەگرتو دوایین بڕیاری لەسەر دەدرا.

بەڵام بە پێکهێنانی کۆبوونەوەی بەرین و جەماوەریی رۆژی 2ی رێبەندان و بە راگەیاندنی کۆمار وەک دەزگای دەسەڵاتدارەتیی نەتەوە و بونیات نانی دام و دەزگای دەوڵەتداری لە هەموو ئاستەکانی پێویست، ئیتر ناکرێ تەنیا قسە لە دەسەڵاتێکی کاریزمایی رووت بکرێ. لەو قۆناغەدا وێرای مانەوەی جێگا و گرینگی و رۆلی چارەنووس‌سازی پێشەوا لە ناوەندی دارشتنی بڕیاری سیاسی وەک رێبەرێکی کاریزمایی، سەروەری‌یەکی یاساییش دێتە کایەوە، بۆ رێزدانان لە حوکمی یاسا و بڕیار و پەسند کراوەکانی ئەو دامەزراوانە لە کۆمەڵگادا.

داهێنەری ئەو دەسەڵاتە هاوچەرخەش بە پلەی یەکەم بەرهەمی بیر و کردەوەی خودی پێشەوا بوو. بۆ پێش خستنی کۆمەڵی کوردەواری بۆ پێگەیاندنی کادری پسپۆڕ و لێزان، بۆ ناردنی گەنج و لاوی کورد بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی فێربوونی زانست و پسپۆڕی و لێهاتوویی و پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ، پێشەوا بۆخۆی لە پێشەوەی هەمووان بوو.

لە قسەو باسەکانی دا هەموو خۆزیا و بریای پێشەوا بۆ ئەوە بوو خەڵکی وڵاتەکەی بێنە ریزی گەلانی بەختەوەروە. کوردستان گەشەی ئابووری بەخۆیەوە ببینێ. سەنعەت و کارخانە و بنکە و بونیاتی ئابووری لێ دابمەزێنێ. بۆ بەرێوە بردنی کاروباری وڵات موسسات و دامەزراو دەزگای ئیداری بونیات بنرێ. ئەو لە زمرەی ئەو رێبەرانە بوو قازانج و بەرژەوەندیی خۆی لە سەرخستنی گەل و نیشتمان دا دەدیتەوە.

بۆ پێشەوا چەمکی دەسەڵات ئامراز و کەرەسەیەک بوو بۆ بەدەوڵەت بوونی نەتەوەکەی. پێشەوا دەیویست نەتەوەکەی لە زوڵم و زۆر رزگاری بێ و وڵاتەکەی بە ئاوەدانی ببینێ و نیشتمانەکەی بەرزگاری. لەو نێوەشدا فەلسەفەی "قدرت"و "دەسەڵاتیش" تەنیا بۆ ئەوە لای پێشەوا بایەخی هەبوو کە ستاتویەکی سەربەخۆ بۆ نەتەوەکەی بونیات بنێ. هەر بۆیە لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارەتیی دا قەت بۆ یەک جاریش لە دەسەڵاتەکەی کەڵکی خراپی وەرنەگرت و لە بە دەزگایی بوونی کۆمار، ترس و دڵەخورپەی دەسەڵاتی شەخسی خۆی بەبیردا نەهات. هەر بۆیەش بە مانای راستەقینەی وشە بوو بەکاریزمای نەتەوەی خۆی.

## کاریزما بوونی پێشەوا

ئەزموون و تاقیکردنەوەی چەندین ساڵە بۆ ئەو خەڵکەی دەرخستبوو کە لە کەسایەتیی قازی محەممەد دا تایبەتمەندیگەلێکی گرینگ بەدی

دەکرێ. هەڵس و کەوتی بەرزی کۆمەڵایەتی و کاری بەردەوامی کولتوری و تێکۆشانی ناو جەرگەی سیاسی و دیپلۆماسیی پێشەوا وێنەیەکی لەبیر و مێشکی ئەو خەڵکە دروست کردبوو کە دەتوانێ هەم لەلایەک روحی هەڵچووی نەتەوەیی ئەوان لە کەسایەتیی خۆی دا کۆ بکاتەوەو هەم لە لایەکی ترەوە لە توانای دایە نوێنەرایەتیی ویستی گشتی و فانتازیای لەمێژینەی نەتەوەیی ئەوان بکات. ئەم دیمەنە لە بیروڕای گشتی، پێشەوای لە ناو کورد دا کردبووە کەسایەتی‌یەکی رێبەر و خاوەن نفووز و خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی. واتە لە بیروڕای گشتی هەم کەسایەتی‌یەکی جێگای متمانە بوو هەم کەسایەتی‌یەکی کارتێکەر. جێگای متمانە بوو چونکە ئەو خەڵکە لەسەر ئەو باوەڕە بوون، هەموو هەوڵەکانی پێشەوا بۆ ئەوەیە دڵەراوکێ و نائارامیی مرۆڤی کورد دەڕەوێنێ و مرۆڤی کورد بۆ ئەوە هان دەدا لە کۆیلەتی و ژێردەستی رزگاریی بێ. لە هەمان کاتیش پێشەوا کەسایەتی‌یەکی کارتێکەریش بوو، بەومانایە هەم دەیتوانی یەکگرتوویی لە نێو ئەندامانی نەتەوە بونیات بنێ، هەمیش بەرینترین هەژانی نەتەوەیی لەنێو مرۆڤی کورددا بۆ بەدەوڵەت بوون چێ بکات. سەرچاوەی هێزی ئەو کارتێکەری‌یەش لەبەر ئەوە نەبوو خەڵک وا بیر بکەنەوە پێشەوا نێردراوێکی ئاسمانی‌یە بۆیە دەبێ پابەندی بن. هەر بە هەمان شێوە پێشەوا بۆ خۆشی هیچ کات پێی وا نەبوو بەدەسەڵات گەیشتنی خەڵاتێکی ئاسمانی‌یە و لە هێزی گەردوونەوە بۆی بەدیاری هاتووە. فۆرم و نێوەرۆکی ئەو دەسەڵاتە، دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بوو. لە بیری پێشەواش دا بوونی نەتەوە و کیانی نەتەوە پێش بوونی هەموو شتێکی تر بوو.

"پێشەوا نە پێغەمبەر بوو و نە ئیددیعای پیغەمبەرایەتی هەبوو. ئەو رێبەری سیاسی کورد و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بوو. ئەگەر ئیلهامی پێکرابێ، ئیلهامی خەلك بووە بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان. ئەویش ئەو ئیلهامەی بەجێگەیاند لە جیهانی واقیعدا دایرشت و بە هەزاران کەسیش لە کاتی راگەیاندن و دامەزراندنی ئەو کۆمارە لە دەوری سەرکۆماری کورد کۆ ببوونەوە". [52]

کە وایە ئەم بەشە لە پێناسەی ویبەر کە پێی وایە "لە روانگەی پەیرەوانی کاریزماوە، دەسەڵاتی رێبەری کاریزما لە سایەی لوتف و کەرەمێکی کە لە لایەن یەزدانی مەزنەوە بە کەسێکی دیاریکراو دەبەخشرێ، بۆ پێشەوا دەربڕی پێناسەیەکی وەڵامدەر نیە. ئەم بەشە لە پێناسەکەی ویبەر دەتوانێ پڕبەپێست و شیاوی پەیام هێنەرانی ئایینی بێ.

پێوەندیی نێوان خەڵک و پێشەواش تەنیا ئەو پێوەندی‌یە نەبوو لەسەر بناغەی سۆز و خۆشەویستی‌یەکی سۆزاویی رووت دامەزرابێ. سەرچاوەی ئەو پێوەندی‌یە بەر لە هەر شت، پێوەندی‌یەکی هزری بوو. خەڵک بۆیە لە دەوری پێشەوا کۆ ببوونەوە چونکە لە غەم و ئازارەکانیان دەدوا. بۆ رزگاریی نیشتمانی کورد و مرۆڤی کورد لە بندەستی و کۆیلەتیی ناسیۆنالیزمی مەزنی خوازی فارس، بەدیلی بە کردەوەی دێنا گۆڕێ، گوتار و بیری پێشەوا لەو مەسەلە گرینگانە دەدوا کە پێوەندیی بە ژیانی رۆحی‌و ماددیی ئەو گەلەوە هەبوو.

لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی هەر نەتەوەیەک دا و لە هەندێک بڕگەی مێژوویی‌دا، پێویست بوونی کەسایەتی‌یەکی کاریزمایی دەبێتە دیاردەیەکی حەتمی. کەسایەتی‌یەکی کاریزمایی لەو کاتانەدا و لە نێو بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازیی وەک بزووتنەوەی کورد، دەبێتە هۆی فاکتەری یەکگرتوویی و یەکریزیی گشت ئەندامانی نەتەوە بۆ کۆتایی هێنان بە لێکدابڕان و پڕش و بڵاویی ڕیزەکانی.

لە رەوتی ژیاندا هیچ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەتاهەتایی نیە. مرۆڤ دەتوانێ ئاڵوگۆڕ لەو دیاردەیە و لە خۆیدا پێک بێنێ. لەو رەوتەدا گەلێک جار کەسانێک هەڵدەکەون کە خاوەن تایبەتمەندی‌یەکی دەگمەنن. بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە لە پێشەوەی هەموانن و دەبنە گەورەترین وزەی هەژانی نەتەوەیی و وەرچەرخانی مێژوویی. دەبنە شەپۆل و دەریای نوستوو دەهەژێنن. دەبنە هێزی لە بن نەهاتووی گەل و چارەنووس دەنووسن. دەبنە رێناس و ڕێپێشاندەری نەتەوە و شەوەزەنگی تاریکی و دیلەتی دەڕەتێنن. پێشەوا قازی محەممەد ئەو مرۆڤە دەگمەنە کاریزمایی‌یە بوو کە شەوەزەنگی نەزانی و کۆیلەتی شەق کرد. هەتوانێک بوو بۆ برینی هەزاران ساڵەی کورد، بارانێکی رەحمەت بوو بۆ سارای قاقریی کۆیلەتی و بندەستی. ئەو بوو بە پێشەوای گەل و بەو پەیامە کە پێی بوو هێزی نوستووی گەلی کوردی وەخەبەر هێنا، کۆشکی سەربەرزی و سەربەخۆیی کوردی لەسەردەمی بێدەرەتانی دا، دامەزراند.

دانی ناوی پێشەوا لەلایەن گەلەوە هێما بوو بۆ ئەو کاریزمایە، بۆ ئەو لێوەشاوەیی‌یە و بۆ ئەو رێبەریی‌یە کە تایبەتی بوو. ئەو بوو کە هیوای لەمێژینەی کوردی کە هەروەک خەون و خەیاڵ وابوو، هێنایە جیهانی وجودەوە. بە بەرەکەتی زانست و ژیری، کارزانی و خۆشەویستی‌یەک کە بۆ گەلی هەبوو، لە نێو گەل دا بووی خۆش درەوشا. هەرچەند ماوەکەی کەم بوو، بەڵام گرینگ ئەوە بوو کە ئەو پەیامی خۆی ناردو کۆشکی

ئاواتی خۆی و نەتەوەکەی بونیات نا. ئەو بوو بە رێبەر و سەرقافڵەی کاروانێک کە هەزاران بە دویدا رۆیشتن و دەڕۆن. ئەو قافڵەیەی هەرگیز لە پێوانی رێی ناوەستێ.

ئەگەرچی زۆر نەژیا، بەڵام پەیامەکەی هەر ماوەو بە کیژو لاوانی پاشەڕۆژی ئەسپارد. بۆ نەتەوەی کورد، پێشەوا کەسایەتی‌یەکی دەگمەن بوو. پێشەوا غەمێکی گەورە و هەڵگری فانتازی‌یەکی گەورەی نەتەوەیی بوو. لەو رۆژەوە پێشەوا قایل بە وەرگرتنی رۆڵ و دەوری سیاسی لە ژیانی نەتەوەکەی بوو، هەموو زانایی و کردەوەکانی لە پێناوی ئەوە دا بوو چۆن بتوانێ لەو دۆزە ئاڵۆزەی ئەو سەردەمە هەلی بەدەوڵەت بوون بۆ کورد بڕەخسێنێ. لە مێژووی کۆن و نوێ هەر نەتەوەیەک دا هەڵکەوتنی ئەو جۆرە کەسایەتی‌یانە، دیاردەیەکی بەدەگمەنن. لەگەڵ هاتنیان گەورەترین هەژانی نەتەوەیی لەنێو نەتەوەکەیان چێ دەکەن. لە دوای نەمانیشیان مەزنترین شوێنەوار و ئولگوی فیکری لە دوای خۆیان بەجێ دەهێڵن. لە هەمان کاتدا بەدوای نەمانیشیان گەورەترین کەلەبەر دەخەنە نێو ژیانی نەتەوەوەو پڕکردنەوەی بۆشایی جێگای ئەوان ساڵانێکی دوور و درێژ دەخایەنێ.

ژمارە و وێنەی ئەو جۆرە کەسانە لە هەر وڵات و لەنێو هەر نەتەوەیەکدا لە ژمارەی قامکەکانی دەست تێپەڕ نابن.

"نەمان و فەوتان باڵی رەشی بەسەر هەموو کەسێکدا دەکێشێ و کۆشک و تەلار و دام و دەزگایان هەڵدەتەکێنێ. چیرۆکی ژیانی ئەم و ئەو دەشواتەوە و کار و کردەوەیان دەئاخنێتە هەمبانەی فەرامۆشی‌یەوە. بەڵام لەبەرامبەر ئەو جۆرە کەسانەدا سەری رێز و مەزنی دادەنوێنێ، خۆی لە کۆشک و تەلاری ئەوان گێل دەکا لە حاست چیرۆکی ژیان و کار و کردەوەیان دەستی رەق دەبێ. ماوەی ژیانی ئەو جۆرە کەسانە لە باوەشی دایکەوە تا گۆیی قەبر نیە. ژیانی ئەوانە بەدرێژایی ژیانی گەلە، کۆشک و تەلاریان دڵی رۆڵەکانی نەتەوەکەیانە، چیرۆکی ژیانی میللەتە و کار و کردەوەیان خزمەتی گەلە". [53]

## شەرعییەتی دەسەڵاتی پێشەوا

لە مێژووی بیری سیاسی دا مەسەلەی رەوایی و شەرعییەت جێگایەکی تایبەتیی هەیە. دیارە لە هەر کات و سەردەمێکدا خەڵک تێگەیشتنێکی تایبەتیان هەیە بەرامبەر بە واتای بەکردەوەی ئەو چەمکە و بەرامبەر بەو کەسانەی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن. ئەم تێگەیشتنەش لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی ترو لە کاتێکی تایبەتەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕدرێ. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە کاتی باس لە سەر شەرعیەتی دەسەڵات خۆ لە حاند دوو روانگە دا دەبیننەوە. روانگەیەکی فەلسەفی و روانگەیەکی کۆمەڵناسانە. روانگەی فەلسەفی دەگەڕێتەوە بۆ هزروانانی فەلسەفەی بیر و سیاسەت و لەو نێوەشدا کۆمەڵێک پێوەری وەک: عەدالەت، فەزیلەت، اعتدال و کەمالی ئینسان دەکەنە پیوانەی شەرعیەت بۆ دەسەڵاتێکی سیاسی.

لەم خویندنەوەیەدا بۆ چەمکی شەریعەت پرسیارگەلێکی لەم چەشنە دەورووژێندری و دەگوترێ: سەرچاوەی شەریعەتی گشت حوکمرانێک، گرێدراوەیی جۆری ئەم مەبەست و ئامانجەیە کە لە هەوڵی دابەزاندنی دایە. لەو نێوەشدا حکومەتگەلێک هەڵگری شەریعەت و دەچنە خانەی دەسەڵاتیکی رەواوە کە هەموو سەرقاڵییەکانی لە پێناوی ئەوە دابێ، بەدوای مەبەست و بایەخە ئەخلاقییەکانی وەک "عەدالەت، سەعادەت و خێرخوازی... دا بگەڕێ. هەر لەو سۆنگەیەشەوە ئیتر بەگوێرەی ئەو روانگەیە پێوەرگەلێکی وەک: "رەزامەندیی گشتی" "دەنگی زۆرایەتی" و "ئیرادەی گشتی" بۆ رەوایی دان بە دەسەڵاتێکی سیاسی نایەنە هەژمار. بەڵام لە روانگەی کۆمەڵناسانەدا بۆ مەسەلەی "رەوایی" بەر لە هەر شتێ لەو سووچەوە لێی دەڕواندرێ کە: هۆکار و سەرچاوەی لەدایک بوون و بەردەوامیی دەسەڵاتیکی سیاسی لە گرەوی چی دایە و سنووری نێوان دەسەڵاتیکی رەوا و نارەوا بە چ مەرج و پێوانەگەلێک دەسنیشان دەکرێ؟

لەم خویندنەوەیەدا لەهەر جێگایەک دەسەڵات لەسەر باوەڕمەندی و رەزامەندی و ویست و ئیرادەیەکی گشتی وەستابێ، ئاماژەیە بە شەریعەت و یاسایی بوونی سیستەمێکی سیاسی. بەو مانایە پلە و ئاستی رەوایی هەر چەشنە نیزام و دەسەڵاتێکی سیاسی، گرێدراوی ئەوەیە چەند ئەو دەسەڵاتە پشت ئەستوور بە رەزامەندی و ویستی گشتی خەڵک وەستاوە. ئێستا ئەگەر لە میانەی ئەو باسەدا لە روانگەیەکی کۆمەڵناسانەوە لە کۆبونەوەی 20

هەزار کەسیی ڕۆژی 2ی ڕێبەندان بڕوانین دەبینین پێشەوا لەیەک کاتدا دەبێتە هەڵگری دوو جۆر شەریعەت. شەریعەتی ڕێبەرێکی کاریزمایی و شەریعەتی یاسایی سەرکۆماری کوردستان. ئەم کۆبوونەوە جەماوەرییە گشتییە، لە ڕاستی دا پەسند و ڕەزامەندییەکی خوازیارانەی کورد دێتە ژماردن بۆ بە ڕەوایی‌دانێکی یاسایی بە کۆمارو سەرکۆمارەکەی.

لە باری وێنەی مێژووویییەوە مرۆڤ دەتوانێ ئەم شێوە ڕەزامەندی و دەنگدانەی لە ڕۆژی 2ی ڕێبەندان بە بەشداریی پتر لە 20 هەزار کەس بۆ کۆمار و سەرکۆمارەکەی درا، لەگەڵ جۆری دێمۆکراسیی شارە دەوڵەتەکانی یونانی باستان بنرخێنرێ. جۆری دیمۆکراسیی شارە دەوڵەتەکانی یونانیش لە چەشنی جۆری دیمۆکراسی‌یەکی ڕاستەوخۆ بوو. خەڵک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تەعبیری لە ئیرادەی گشتی و بڕیاری سیاسیی خۆی دەکرد. لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانیش نوێنەرانی زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئیرادەی گشتی و ڕەزامەندیی خۆیان دەکەنە بنەمای ڕەوایی و مەشرووعییەتی ئەو قەوارەیەو سەرکۆمارەکەی.

ڕۆژنامەی "کوردستان" ئەو ڕۆژگارە لە دەسپێشخەرییەکی داهێنەرانەی دا گۆشەگەلێکی دیمەن و شکۆی ئەو ڕۆژە بۆ خوێنەری ئەورۆیی کورد لە فەوتان دەپارێزێ و دەنووسێ:

"ڕۆژی 28ی بەفرانبار (دیماه)ی 1324ی شەمسی هەیئەتانی مودیرەی هەمو لکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و نوێنەرانی قەبایل و عەشایر و تەواوی تەبەقات لە مالیک و غەیرە مالیک هەر یەک لە چەند سەد فرسەنگ ڕێگاوە بۆ کانونی ئیحساساتی میللی و قیبلەی ئارەزو و ڕووناکیدەری ئەفکاری هەموانی خۆیان: شاری پر لە ئیفتیخاری میللی مەهاباد وەکوو بلبل بۆ لا گوڵ و وەکو پەپولە بۆ دەوری چرا هاتن و کۆبوونەوە لەم ویشکە سەرمای چلەی زستان بەنێو بەفرە ڕنوی زۆردا چەند هەزار برایانی ئێمەی تەنیا بە حوکمی ویجدان وەکو عاشق بۆ لای مەعشوق یا چاتر بڵێم وەکو ئاسن بۆ لای ئاسنڕفێن (آهن‌ربا) بە توندی لێکیان داو هاتن... عەشقی نیشتمان، عەشقی ئازادی و سەربەخۆیی، عەشقی پێشەوای خۆشەویست و ڕەهبەری بزورگەواریان ئەوانی وەڕێ خست بو... دڵان هەموو پیکەوە لەیەک سەرچاوە پر لە میهر و وەفا بوون، گیانیان هەموو دەگەڵ یەک جوت و لەیەک مەنشەئەوە شین و سەوز ببوون: حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئەو دڵانەی پێکەوە ڕاگرت و هەستی میللی‌یەت ئەو ئەرواحەی بەیەکەوە بەستبوو". [54]

"ئەوەتا رۆژی دووی رێبەندان (بەهمەنماه)ی 1324 ساتی 8ی بەیانی خۆشترو رووناکتر رۆژانی مێژوویی شەش هەزار ساڵەی تۆ گەیشتوە، لە سێرێی قازی، هیزی بەهیزی دێمۆکرات بەساز و بەرگ و ئەسلەحەوە لەلایەکەوە، قوتابییەکانی کچان و کوڕانی هەموو قوتابخانەکان و لەلایەکی دی بیست هەزار نەفەر لە تەواوی تەبەقاتی نەتەوەی بەرزی کورد هەر یەک لە جێی خۆی بە تەرتیب ریزیان بەستووە و ئاڵای سێ رەنگی کوردستان لە هەموو لایەکی میتینگەکەوەو لە راست و چەپی جێگای تایبەتی پێشەوای گەورەی کە لە قەلبی میتینگ دا قەراری گرتووە، دەلارێتەوە.

حوزار هەموو چاویان بڕیوەتە رێی پێشەوا، ئاسمانی مەهاباد رووی خۆی ساف و رووناک کردەوە و رۆژ پەردەی هەوری لە رووی هالایساوی خۆی هەڵگرتووە و هەموو چارەنووسی مەوکیبی موبارەکی پێشەوان... لەم کاتەدا بزۆکی پێشەوای خۆشەویست لەنێو سەلامی نیزامی و چەپلەرێزان هوراو ئیحساسات و شەوق و شەعەفی فەوقولعادەی کۆمەڵ دا وەدەرکەوت و پێشەوای بەرز لە کاتێک دا کە ئەندامانی کومێتەی مەرکەزی لە پشت سەری دەهاتن و ئاڵای سێ رەنگی کوردستان لە راست و چەپی تریبون لە ئیهتیزار دا بوو ئەستۆی بەرزی بۆ ئاسمان هەڵێنا. بۆ نزولی ئیجلالی فەرمو. موتابیقی بەرنامەیەک کە لە پێشدا ساز کرا بوو بە تەواوی حوزرا رۆژباشی فەرموو پاشان تەشریفی لە تریبوون هاتە خوارێ و بە پیش تەواوی گوردان و گروهان و دەستەی سەربازان و پێشمەرگەکانی کوردستاندا هات و هەمووی تەماشا کردن و بە هەمووان رۆژباشی فەرمو، لەم کاتەدا بە دەستووری معاونی فەرماندەی هەموو سفیر لەلایەن سەربازان و پێشمەرگەکان و تۆپخانەی کوردستان دە دەقیقە بێوچان بە ئیفتیخاری سەربەستی کوردستان و ناساندنی رەئیس جمهوری کوردستان شیپلگ شیلینگ کرا". [55]

"دەنگی: بژی کورد و کوردستانی گەورە، بژی رەئیسی جمهوری موعەززەمی کوردستان، بژی یەکیەتی کورد و ئازەربایجان، ئینسان و حەیوان دارو دیواری وەسەما خستبوو. دڵان وەها پڕ لە شادی بوو کە هێندێ مەستی مەی ئازادی و بڕێک لەبەر شیددەتی سرور دەگریان و هێندێک لە مەرحەلەی گریان دەرچووبوو بێدەنگ دانشتبوو روحی لە عالەمی مەلەکوت دا دەفڕێ و خۆی دەعالەمی سەروەدا دەدیتو بێوچانیش لە شەقام و کوچەدا دەنگی موسەلسەل و تفەنگ و دەمانچە هەردو چیای

دەڵەرزاند. ئەمانە هەمووی بە شانازی سەربەخۆیی و ناساندنی رەئیس جمهوری کوردستانی دەکرد...". [56]

"پاش تەواوبونی نطق، جەنابی پێشەوا لە تریبون هات بێتە خوارێ. عبدل کرباسی (عبدل ئەو کەسەیە کە رۆژی هەڵکردنی ئاڵا گایەکی بە سەد تمەن کڕیو لە بەرامبەری ئاڵادا کردی بە قوربانی) کە بە اسلحەوە لە پشت تریبون راوەستا بوو شانی دانواند کە جەنابی پێشەوا پێ لەسەر شانی دانێ و بێتە خوارێ، بەڵام لەبەر خۆی تواضع کە لە رەوشی ممتازی پێشوای بەرزە قەبولی نەفەرموو بۆخۆی هاتە خوارێ. لەم کاتەدا تەواوی عشایر و خەڵکی شاری هورۆژمیان هێناو هەموو دەستیان ماچ کرد و بیعتیان دەگەڵ کرد. بەجۆری خەڵک دەوریان گرتبو کە ماوەی ساتێک نەدەبیندرا کە جەنابی پێشەوا لە کویە...". [57]

بەڵام هەروەک لەمەوبەر هەڵوێستەی لەسەر کرا پێشەوا پێش ئەوەی لە کۆبوونەوەی بەرینی جەماوەری بیست هەزار کەسی دووی رێبەندان رەوایی خۆی لە ئەندامانی نەتەوەکەی بۆ سەرۆک کۆماری وەربگرێ، سەرکردە و رێبەرێکی نەتەوەییش بوو. لە نێوان سەرۆکی دەسەڵات و سەرکردەی نەتەوەییش جیاوازی‌یەکی زۆر هەیە. هەموو سەرۆکێکی دەسەڵات بە مانای سەرکردەیەکی نەتەوەیی نیە. لە مێژوودا ئەو کەسانەی لە یەک کاتدا رووبەرووی وەرگرتنی ئەو دوو جۆرە بەرپرسایەتی‌یە دەبنەوە کەم و دەگمەنن. بواری کارو تێکۆشانی سەرۆکی دەسەڵات مەودایەکی دیاری کراوە. چاوەدێری بەسەر رێکخستنی بەشە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات و بەرێوەبردنی یاسا و پەسند کراوەکانی پارلمان و... لە زمرەی گرینگترین ئەرکەکانی سەرۆکی دەسەڵاتە. سەرۆکی دەسەڵات بۆ ماوەیەکی دیاری کراو هەڵدەبژێردرێ و لە دوای ماوەی دیایکراو کۆتایی بە نەخش و رۆڵی ئەو لە هەرەمی دەسەڵات دەهێنرێ. بەڵام پلە و مەقامی پێشەوا بۆ کورد تەنیا بە مانای سەرۆکی دەزگایەکی دەوڵەتی و ئیداری نەبوو. دۆزی کورد لەو رۆژگارە هەستیار و چارەنووس‌سازەدا بەجۆرێک نەبوو، کەسێک بۆ ماوەی چەند ساڵی هەڵبژێردرێ و لە دوای ماوەکەی رۆڵ و نەخشی ئەویش کۆتایی پێبهێنرێ.

پێشەوا پێش ئەوەی سەرۆکی دەسەڵات بێ، سەرکردەو رێبەری نەتەوەیی، نەتەوەی کورد بوو. لە بزاڤێکی نەتەوەییش دا رێبەری نەتەوەیی بە کەسێک دەگوترێ کە توانیبێتی هەموو روحی کۆمەڵگا لە کەسایەتیی خۆیدا کۆ بکاتەوە، لە گوتار و کردەوەکانی دا تەعبیر لە پێداویستی‌یە

روحیو مەعنەویو ماددییەکانی نەتەوە بکاتو بەهێزو پشتیوانیی ئەندامانی نەتەوە، نیشتمان لە داگیرکراوەیی و نەتەوە لە کۆیلەتەی رزگار بکات.

سەرچاوەکانی فەسڵی دوازدەهەم :

1. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی. جەعفەر عەلی. سلێمانی 2004 ل 318
2. تێبینی: هەموو ئەو بەشە بە پێنووسی بەڕێز ئەحمەد قازییە. لێرەدا جێگای خۆیەتی پڕبەدڵ سوپاسی ئەو بەڕێزە بکەم کە لەسەر داوای من بەشێکی گرینگی لە ژیانی بنەماڵەو سەردەمی لاوەتیی پێشەوای بۆ ئێمە روون کردۆتەوە.
3. ئەو زانیارییە بە هۆی پێوەندی گرتن لەگەڵ سوهەیلا خانمی قازییەوە لە رێکەوتی 1.12.2006 وەرگیراوە.
4. "کوردستان" ژمارە 15. خاکەلێوەی 1351. ئاوریلی 1972. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) بروانە وتاری لەسەر ژیانی پێشەوا.
5. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 15 خاکەلێوەی 1351 وتاری لەسەر ژیانی پێشەوا
6. بروانە وتاری بەڕێز ئەحمەد قازی لە ژێر سەردێڕی: کەسایەتیی فەرهەنگیی قازی محەممەد، بڵاو کراوەی رۆژهەڵاتی ژمارە 21.
7. "کوردستان" بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ژمارە 25. یەکشەممە 26ی رەشەمەی 1324ی هەتاوی. 17ی مارسی 1946. بروانە وتاری "حەزرەتی محمد قازی پێشەوا.
8. بروانە "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 15 خاکەلێوەی 1351 ئاوریلی 1972 وتاری لەسەر ژیانی پێشەوا.
9. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 15 خاکەلێوەی 1351.

10. جەلال مەلەکشا، وتاری زیارەتی کتێبخانە پیرۆزەکەی پێشەوا، وەرگیراو لە سایتی www.peshewa.com

11. بروانە گۆڤاری روانگە ساڵی سێهەم ژمارە 11 رەزبەری 81، قسەکانی میرزا مەنافی کەریمی ئەندامی کۆنی ژێ_کاف و وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان.
12. رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە 72 سێشەممۆ 8ی گەلاوێژی 1325. نوتقی حەزرەتی پێشەوای موعەزەمی کوردستان لە کاتی رۆیشتن بۆ ورمێ.
13. نوتقی پێشەوا. رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە 76 سێشەممۆ 22ی گەلاوێژی 1325ی هەتاوی
14. بروانە قسەکانی بەیز سەعیدی هومایوون لە گۆڤاری روانگە. ژمارە 11.
15. وڵاتی من، بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدولای قازیو لە ئامادەکردنی قاسمی قازی
16. وڵاتی من، بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدولای قازیو لە ئامادەکردنی قاسمی قازی لاپەڕی 43
17. بڕوانە یادداشتەکانی یادزیندوو موحەممەد سەعید خانی هومایوون بەرپرسی دەفتەری پێشەوا قازی.
18. مامۆستا جەماڵ نەبەز گۆڤاری "نیشتمان" زمان حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف و... لاپەری 19.
19. جەماڵ نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی لاپەڕی 130.
20. مامۆستا هەژار، چێشتی مجێور لاپەری 69.
21. کۆماری کوردستان لە ساڵی 1946 لە نووسراوەی ویلیام ایگلتون جوین وەرگیرانی سید محمد صمدی.
22. رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە 72 سێشەممۆ 8ی گەلاوێژی 1325 نوتقی حەزرەتی پێشەوا لە کاتی رۆیشتن بۆ ورمێ.
23. مامۆستا هەژار چێشتی مجێور لاپەڕی 70.
24. نوتقی حەزرەتی پێشەوا لە میتینگی رۆژی 21.2.1325 "کوردستان" ژمارە 50. جۆزەردانی 1325.
25. پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان. ریچارد ئەی. مۆبلی. وەرگێر بەرێز حەسەنی قازی لاپەرەکانی 30و 31.
26. سەرچاوەی پێشوو لاپەری30.
27. رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەی سۆڤیەتی دا وەرگێڕان و لەسەر نووسینی د. ئەفراسیاو هەورامی. پێشەکیو پیداچوونەوەو پەڕاوویز بۆ

نووسینی د. یاسین سەردەشتی، بنکەی ژین، سلێمانی 2007 لاپەرەکانی 22و 23.
28. میتینگ لە مزگەوتی سوور. رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە 22 ساڵی یەکەم دوو شەممۆ 13ی رەشەمەی 1324.

29. سوخەنرانی پێشەوا، جێژنی نەورۆز لە مەهاباد بڵاوکراوە لە کوردستان ژمارە 27 ساڵی یەکەم دووشەممۆی خاکەلێوەی 1325.
30. یەکێک لە نامەکانی پێشەوا بە خەتی خۆی. بروانە کتێبی جمهوریەتی کوردستان لە نووسینی مەحموود مەلا عیززەت سولەیمانی لە 2001 بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم لاپەری 364.
31. رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە 72 سێشەممە 8ی گەلاوێژی 1325، ئووتی 1946. نوتقی پێشەوا لە کاتی رۆیشتن بۆ ورمێ.
32. "کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. ساڵی یەکەم، یەک شەممۆ 20ی گەلاوێژی 1325. ژمارە 75 لاپەری 4.
33. ئاز چی رۆزفلت. کۆماری مهاباد لاپەری 35.

34. Otto Brunner, Neue Wege der Verfawwungs-& Sozialgeschichte, 2. Auflage, Seite 70, Göttingen 1968.
35. Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Seite 218
36. Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Seite 218
37. Frau Prof. Dr. Liane Schirra- Weirich. Macht und Herrschaft nach Max Weber, Seminar: Einführung in wissenschaftliches Arbeiten.
http://www.hausarbeiten.de/faecher/hausarbeit/soc/13963.html
38. Frau Prof. Dr. Liane Schirra- Weirich. Macht und Herrschaft nach Max Weber, Seminar: Einführung in wissenschaftliches Arbeiten.
http://www.hausarbeiten.de/faecher/hausarbeit/soc/13963.html
39. Dr. Heino Sper, Soziologische Schriften, Band 28, Herrschaft und Legitimität, Duckner und Humblot, Berlin, Seite 45.

40. Max Weber. Wirtschaft und Gesellschaft, Verlag Mohr Siebeck.
41. Frau Prof. Dr. Liane Schirra- Weirich. Macht und Herrschaft nech Max Weber, Seminar: Einführung in wissenschaftliches Arbeiten. http://www. Hausarbeiten.de/faecher/hausarbeit/soc/13963.html
42. Max Weber WUG, Wirtschaft und Gesellschaft. Grundniss der verstehenden Soziologie 5, Revidiertr Auflage, Besorgt von Johannes Winkelmann, Studienausgabe, Tubingen 1972, Seite 654.
43. Mogge_ grotjahn, Soziologie Eine Einführung für soziale Berufe. Freiburg im Breisgau.1996. seite 82.
44. Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Verlag Mohr Siebeck.
45. http://home.t-online.de/home/winfired.krauss/maxweber.htm
http://www.club-der-toten-xoziologen.de;vom03.01.2001
46. Max Weber, RS I, Gesammelte Aufsätze zur Religion und Soziologie, Band 1, Tubingen 1963,5. Auflage.
47. Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Verlag Mohr Siebeck.
48. MaX weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Verlag Mohr Siebeck.
49. Eine Einführung in die drei Formen der Herrschaft nach Max Weber, Autor: Claudia Brand, http://hausarbeiten.de/faecher/hausarbeit/sor/26645.html
50. Frau Prof. Dr. Liane Schirra- Weirich. Macht und Herrschaft nech Max Weber, Seminar: Einführung in wissenschaftliches Arbeiten. http://www. Hausarbeiten.de/faecher/hausarbeit/soc/13963.html

51. سەید محەممەد حمیدی سەرنووسەری "کوردستان" بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ژمارە1. پینج شەممۆ 20.1.1324، بڕوانە وتاری ئامانجی ئێمە.
52. بڕوانە وتاری: پێشەوا قازی محەممەد، کوماری کوردستانو بەیاننامەی کومێتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی دووی ڕێبەندان شەستەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە نووسینی بەرێز حەسەنی ئەیوبزادە. ناسراو بە مامۆستا گۆران.
53. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ژمارە 1 ڕێبەرندانی 1349 ژانویەی 1971 بڕوانە وتاری پێشەوای گەل.
54. "کوردستان" ژمارەی 10 ساڵی یەکەم. دووشەممۆ 15ی ڕێبەندانی 1324 بڕوانە زنجیرە وتاری: جێژنی سەربەخۆییو استقلالی کوردستان.
55. "کوردستان" ژمارە 10 دوشەممۆ 15ی ڕێبەندان بروانە زنجیرە وتاری: جێژنی سەربەخۆییو استقلالی کوردستان.
56. "کوردستان" ژمارە 14 چوارشەممۆ 24ی ڕێبەندانی 1324 بروانە زنجیرە وتاری: ماوەی جیژنی سەربەخۆیی و استقلالی کوردستان.
57. "کوردستان" ژمارە 11 ساڵی یەکەم. چوارشەممە 17ی ڕێبەندان 1324 بروانە زنجیرە وتاری: ماوەی جێژنی سەربەخۆیی و استقلال کوردستان.

## پێشەواو مەسەلەی گرینگی خاک

کوردستان وەک ناوی نیشتمانی کورد، زاراوەیەکی مێژوویی و جوغرافیایی و کولتوورییە. ئەم ناوە بۆ یەکەم جار بەڕەسمی لە نیوەڕاستی سەدەی 12هەمی زایینیدا لە سەردەمی سوڵتان سەنجەری سەلجوقییەوە دانی پێدانراوە. بەڵام بەپێچەوانەی زاراوەی کوردستان کە بە مانای نیشتمانی کوردان کەڵکی لێوەرگیراوە، مەسەلەی دیاری کردنی سنووری کوردستان هەر لە کۆنەوە تا ئێستا هەڵگری بۆچوونی هەمەچەشن و جیاواز بووە. گرفتی ئەم مەسەلەیەش بەتەواوی بۆ دابەش کردنی کوردستان و دروست نەبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی دەگەڕێتەوە کە سنوورەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دراوسێ دیاری بکات.

لە درێژەی بێبەش بوونی نەتەوەی کورد لە دەسەڵاتێکی نەتەوەیی گشتگر کە هەموو کورد و خاکی کوردان بخاتە ژێر رکێفی دەسەڵاتدارەتیی خۆیەوە، داگیرکەرانی کوردستان بەبێ نێوەبڕ هەوڵی ئەوەیان داوە جوغرافیای کوردستان بشێوێنن و بەهۆی راگوێزانی کورد لە کوردستان و نیشتەجێ کردنی نەتەوەی غەیرە کورد سنووری کوردستان بەرتەسک بکەنەوە. رۆژهەڵاتی کوردستان وێنەیەکی ئاشکرای ئەو راستییەیە.

"سنور و کەوشەنی رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرووی رۆژهەڵاتی ئاراراتەوە دەس پێ دەکا و بە داوێنی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دا دێتە خوارێ تا دەگاتە پشتکۆ. رۆژئاوای رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە کوردستانی بندەستی تورکیە و باشووری کوردستان کە ئەویش بە عێراقەوە لکێنراوە. رۆژهەڵاتی کوردستانی بندەستی ئێران دەبێتە هەمەدان و بەشێکی ئازەربایجانی رۆژهەڵات لەلای خوار و خوارووی رۆژئاواشەوە لەگەڵ ئۆستانی خوزستان و عێراق سنووریان لێک دەگەڕێتەوە".[1]

کەچی رۆژهەڵاتی کوردستان لە نەخشەی جوغرافیایی ئێراندا لەنێوان چوار پارێزگادا دابەش کراوە. ئۆستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا، پارێزگای

ئیلام، کوردستان (سنە)و ئۆستانی کرماشان. جگە لە ناوچەی سنە(ئەردەڵان) و چەند شاری دەورەبەری نەبێ کە بە کوردستان ناو دەبرێ، هیچ کام لە ناوچە و مەڵبەند و بەشەکانی تری رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگە رەسمیی‌یەکانی دەسەڵاتدارانی ئێراندا بە کوردستان ناو نابرێ، لەگەڵ ئەوەی لە دوای باکووری کوردستان، رۆژهەڵاتی کوردستان بە رووبەرێکی 12495 کیلۆمیتر 2جێ، بە گەورەترین پارچەی کوردستان دەژمێردرێ.

کاتێ لە دوای بڕانەوەی شەڕی دووهەمی جیهانی هەلی ساغ کردنەوەی سەروەریی نەتەوەیی بۆ کورد رەخسا، نەتەوەخوازیی ئازەری تەنیا لەسەر بوونی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بۆ کورد، کێشە و گرفتی نەبوو، بەڵکوو لەسەر مەسەلەی خاک و دیاریکردنی سنووری کۆماری کوردستانیش هەڵگری هەڵوێستێکی دەمارگرژانە و زیادە خوازانە و کردەوەگەلێکی داگیرکەرانە بوو.

کورد شارو ناوچەکانی گۆمی وان، میاندواو، ورمێ، سەلماس، خۆی، ماکۆی بە بەشێکی جیانەکراوە لە وڵات و نیشتمانی مێژوویی خۆی دەزانێ کە چی ئازەرییەکان ئەو شار و ناوچانەیان بە پارچەیەکی ئەرزی ئازەربایجان لەقەڵەم دەدا. ئارگومێنتی ئازەرییەکان ئەوە بوو زۆرایەتیی دانیشتوانی ئەو شارانە ئازەریین. کوردەکانیش لە بەرامبەردا دەیانوت: ئەو شارانە بەدرێژایی مێژوو خاکی کورد بووە و دانیشتووان و دەور و پشتی ئەو شارانەش کوردن. نیشتەجێ بوون و خاوەنداریەتی دوو تەوەرە و دوو مەسەلەی لێک جیاوازن و پێویستە تێڕوانینێکی واقعبینانەمان بۆی هەبێ. دەکرێ کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەتی لە دڵی خاکی نەتەوەیەکی تر گیرسابووبێتنەوە یاخۆ بە مەبەستێکی دیاریکراو پەلکێش کرابن، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە ئەو کۆمەڵە خەڵکە خۆ بە خاوەنی خاک و نیشتمانی ئەو نەتەوەیە لە قەڵەم بدەن. بۆ وێنە ئیستا نیوەی پتر لە نفووسی دانیشتوانی تاران ئازەرین، داخوا دەکرێ تارانیش بە خاکی ئازەربایجان بزاندرێ؟ جگە لەوەش لە چەند قۆناغدا خاوەنانی ئەو ناوچانە تووشی سیاسەتی راگوێزانی زۆرەملی هاتوون و لە زێدو نیشتمانی خۆیان بۆ هەندەران پەرەوازە کراون و بە ئانقەست و بە دانستە بەشێک لە گەلی ئازەریی لێ

نیشتەجێ کراوە و دواتریش لە رووی ئیداری‌یەوە و بە هۆی سیاسەتێکی شۆوینیستی خراوەتە سەر ئازەربایجان. هەر بۆیە مەرج نیە ئەو شوێنانەی دەکەونە نێو سنووری کوردستانەوە زۆربەی دانیشتووانەکەی لە کورد بن. بەم جۆرە گرفتی خاک و مەسەلەی دیاری کردنی سنووری نێوان کۆماری کوردستان و حکومەتی میللیی ئازەربایجان بوو بە یەکێکی تر لە پرسە ستراتیژی‌یەکانی بەردەم نەتەوەخوازیی کورد لەو ساڵانەدا.

رەگ و ریشەی ئەم گرفتە دیارە شتێک نەبوو لەو کاتەدا لە نەکاو دروست کرابێ. ئەم ئالۆزیانە بۆ مێژوویەکی زۆر دوورتر دەگەڕایەوە، بەڵام تەنیا شتێکی کە نوێ بوو، ئەوە بوو رووناکبیرانی ئازەری کە لەو سەردەمەدا لە ریزەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دا لە دەوری یەکتر کۆببوونەوە، هەڵگری هەمان روانگە بوون بەرامبەر بە کورد کە لە شاکانی سەفەوی‌یەوە پێیان بەمیرات گەیشتبوو.

## سەفەوی و گۆڕینی هەل و مەرجی دیموگرافی لە رۆژهەڵاتی کوردستان

"تا سەردەمی سەفەوی‌یەکان لە داوێنی چیاکانی قەفقاس بەرەوخوار بۆ سەر رووباری ئاراس و لەوێشەوە بەناو مەڵبەندەکانی ماکۆ و خۆی بەرەو خوار تا سەر دەریاچەی ورمێ و بەرەو خوارتر شوێنی ژیانی ئیلاتی کورد بوو. رووداوەکانی سەردەمی فەتحی ئیسلامی و خەلافەتی عەبباسی و کۆچرەویی تورکانی غوز و هێرشەکانی مەغول و کێشە و بەرەی نێوان ئیلە تورکمانەکانی قەرەقونیلو و ئاق قوینلو نەیتوانیبوو بە جۆرێکی بنەڕەتی هەل و مەرجی ئەو شوینانە بگۆڕێ. ئەگەرچی هەندێ لە پاشماوەی ئیل و هۆزەکانی تورک، تورکمان، مەغوول لەو ناوچەیە دا جێگیر بوون، بەڵام هەمیشە زۆرایەتیی دانیشتوانی و دەسەڵاتدارەکانی کورد بوون، تەنانەت لە سەردەمی پەیدابوونی سەفەوی‌یەکاندا ئەمارەتە بەهیزەکانی چەمشگە زەک، دونبولی، مەحمودی، برادوست، هەکاری، موکری... لە ناوچەکانی سەروو، رۆژئاوا، خوارووی دەریاچەی ورمێ دا

هەبوون. شائیسماعیلی سەفەوی (903-907) لە سیاسەتی دینی دا تەعسوبێکی زۆری بۆ ئەو 7 ئیلە ئازەرییەی قزلباش، شاملو، روملو، ئیستاجلو، تکەلو، قاجار، ئەفشار، ذولقەدر هەبوو کە بوون بە هێزی سەرەکی دامەزراندنی دەوڵەتەکەی و لەشکرکێشییەکانی لە ناوچەکەدا". [2]

"سیاسەتی فەناتیزی مەزهەبی شاسمایلی سەفەوی ناکۆکی قووڵی خستە نێوان پێوەندییەکانی کورد و ئازەری و تۆوی ناکۆکیەکی قووڵی مەزهەبی شیعە و سوننی و ناکۆکییەکی قوڵی نەتەوەیی کورد و عەجەمی چاند". [3]

"دەوڵەتی سەفەوی وەختایەک ئەمارەتە کوردەکانی داگیر دەکردن میر و پادشای قزڵباشی ئازەری لێوە دەکردن بە فەرمانرەوا". [4]

"شاە ئیسماعیل بۆ بەهێز کردنی سنووری خوراسان لە بەرامبەر هێرشی ئۆزبەک دا ئێلی کوردی قەرامانلوی لە کوردستانەوە بۆ خوراسان گوێزایەوە". [5]

"دوای ئەویش شاە تەهماسبی کوری بەشێکی گەورەی ئیلە کوردەکانی زەنگەنە، چگنی، زیگ، کەلهوری لە کوردستانەوە گوێزایەوە بۆ خواراسان". [6]

لە سەردەمی پاشایەتیی شاە عەبباسی یەکەمیش دا سیاسەتی راگوێزتن و هەوڵ دان بۆ گۆڕینی دیموگرافی مەڵبەند و شار و ناوچەکانی کوردستان درێژەی پێدرا.

"شا عباس لە دوای ساڵی 1011وە 50هەزار خیزانی لە ئیلی گەورەی "چەمشگەزەک" و هەندێ لە ئێلە کوردەکانی دیکەی بۆ دەشتەکانی خوارووی تاران راگوێزاو، لەوێشەوە بەخۆیان و ماڵ و ران و رەوەوە بۆ خۆراسان نارد". [7]

"بۆ پر کردنەوەی ئەم بۆشایەش رێوشوێنی هێنان و جێگیر کردنی هەندێ لە ئیلە گەورە شەرکەرەکانی قزڵباشی بۆ کوردستان دانا". [8]

"ئیلی ئەفشار یەکی بوو لەو 7 ئیلە قزلباشە کە بەشداری سەرەکی لە شەرەکانی شاە اسماعیل و دامەزراندنی دەوڵەتی صەفەوی شیعەدا کردبوو". [9]

"کە شا عباس هاتە سەر تەخت، لە سۆنگەی ئەوەی هەندێ لە سەرانی ئەم ئیلە لە شەرەکانی بەغدادا ئازایەتییان نواند، شا عباس یەکێک لە

گەورەکانی ئەفشاری بە ناوی "کلب عەلیەوەی" بانگ کرد. پایەی "خان"ی پێ بەخشی و رای سپارد کە ئیلی پەرەوازەی ئەفشار کۆ بکاتەوە و لە ورمی لە شوێنی ئیلە کوردەکان جێگیریان بکا". [10]

## هێنانی ئێلی ئەفشار بۆ ورمێ

"راگوێزانی بەکۆمەڵی دەیان هەزار خێزانی ئێلە کوردەکانی دەوری ورمێ بۆ خوراسان و دوایی تێشکانی تراجیدیی ئێلی برادوست و موکری و گیرانی قەڵای دمدم و کوشتنی مەزنەکانی کورد، کوشتنی زۆرایەتی لایەنگرەکانی ئەمیر خان و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی موکریان، بوون بە سەرەتای گۆڕانێکی بنەڕەتی پێکهاتەی دیموگرافی دانیشتووانی ناوچەکە دا. لە ئەنجامی ئەوەش دا گۆڕانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، جەنگی. کورد سەرەڕای ئەوەی بەشێکی گرینگی هێزی مرۆیی و مادی خۆی لەدەس دا و، لە تەرازووی هێزەکانی ئەم ناوچەیەدا سەنگی قورسی جارانی نەما، دەسەلاتی حوکمرانیشی لەدەس دەرچو، کە جاران بەدەس گەورە خۆجێییەکانی کوردەوە بوو". [11]

"شاه عباس لەمەش دوو مەبەستی هەبوو:

یەکێکیان سپاردنی پارێزگاریی ناوچە سنوورییەکانی ئەوی بە یەکێک لە ئیلە دلسوزەکانی دەرباری عەجەم، لە جێگەی ئیلە کوردەکان کە بە گویرەی گۆڕانی تەرازوی هێزەکانی روم و عەجەم ئەم لاوە ئەولایان ئەکرد. ئەوەی تریان- سپاردنی سەرکوتکردن و تەمێکردنی ئیلە "یاخی"یەکانی کورد، کە چەندین ساڵ بوو لە خۆڕس و هەڵگەڕانەوە دابون دژی دەسەڵاتی عەجەم، بە یەکێ لە ئیلە شەرکەرەکانی قزلباش". [12]

"سەرنجدانیک لە سنووری رۆژهەڵاتی کوردستان دەری ئەخا کە بە درێژایی ئەو سنوورە عەجەم بەجۆرێ نیشتەجێ کراون، لەمپەرێکی باریکی نەتەوەیی- ئازەریی ئەوتۆیان لە نێوان کورد و فارس دا دروست کردوە، لە هیچ ناوچەیەک دا سنووری هاوبەشیان لەنێوان ئەم دوو

نەتەوەیەدا نەهێشتوە. بەڵکو لە هەمووی دا عەجەمی لێ جێگیر کراوە. ئیلە ئازەرییەکانی قزلباش. لەوانە ئیلی ئەفشار کە بە درێژایی سنووری خۆرهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ کرابوون و ئەرکی سەرکوت و دەستەمۆ کردن و سەر پێدانەواندنی گەلێکیان پێ سپێردار بوو، کە نەریتی ژیان و جۆری جیهانبینی و خو رەوشتی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی دینیان بە تەواوی لەگەڵ ئەوان جیاواز بوو. ئەمەش بوو بە یەکەمین هۆی دروست کردنی ناکۆکییەکی قووڵی گشت لایەنە لەنێوان ئەو دو میللەتە دا کە رووداوەکانی ناوچەکە بە زۆر کردبوونی بە دراوسێی یەکتری". [13]

"بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین سیاسەتی پاشاکانی تورک دەرحەق بە گەلی کورد لەسەر چەند کۆڵەکە راوەستابوو.

1_ گۆڕینی بنەڕەتیی هەلومەرجی دیموگرافی سەروی رۆژهەڵاتی کوردستان.

2_ نەهێشتنی دەسەڵاتی سەرداره خۆجییەکانی کورد و دانانی سەرانی قزلباش بە خۆیان و هۆزەکانیانەوە لە جێگەی ئەوان.

3_ هەوڵدانی گۆڕینی زۆرەملی مەزهەبی خەڵکی کوردستان لە سوننیەوە بۆ شیعە.

4_ بەکارهێنانی ئەوپەڕی توندوتیژی بۆ چاوترساندنی خەڵک و سەرکوتکردنی بێ بەزەییانەی هەموو جۆرە بەرهەڵستی و ملنەدانی." [14]

"شاهەکانی عەجەم و مێژونووس و نووسەرەکانی بە چاوی سووک سەیری کوردیان کردووە. کوردیان بە دز و جەردە و پیاوکوژ و یاغی لەقەڵەم داوە. نووسەرانی عەجەم لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە وەکو "حسن بەگی روملو، اسکندر بەگی تورکمان، ملا جلال منجم، نوسەری عالم آرای صفوی، تا نووسەرانی هاوچەرخی وەکو احمدی کسروی تبریزی، رحیمزادەی صفوی، عبدالحسین نوائی، حسین مکی، علی دهقان... هتد، رووداوەکانی سەدەکانی رابردوو، تێکهەڵچوونەکانی نێوان کورد و دەسەڵاتدارە زاڵمەکانی ئێران لە باری سەرنجی دەوڵەتەوە ئەگێڕنەوە و:

- هەموو شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد لە پێناوی ئازادی دا، بۆ دەرکردنی دەسەڵاتی زاڵمانەی بێگانە لە کوردستان دا بە یاخی بوونی

نارەوا دائەنێن و ناوی طوغیان، فیتنە، شۆڕش، ئاشوب، غائیلە...ی لێ ئەنێن، شەقاوەت نیهاد... ناو ئەبەن و شەڕکەرە داگیرکەرە بێبەزەیی‌یەکانی خۆیان بە موسوڵمان، غازی، شێر، دلێر، دلاوەر... باس ئەکەن و پەیمان شکێنی و بێبەڵێنی و پیلانی ناجوامێرانە بۆ لەناوبردنی مەزنەکانی کورد بە شانازی‌یەوە، بە لطائف الحیل، تدبیراتی صائبە، کمندی تدبیر، وسایل و رسائل، زیرەکی و زۆرزانی کاربەدەستانی خۆیان ئەژمێرن...". [15]

لە ئاکامی ئەو چەشنە تێڕوانینە و هەروەها گرتنە بەری سیاسەتی سەرکوت و داپلۆسین و داگیرکردنی شوێن و زێدی کوردەکان لەلایەن تورکانەوە: "دیمەنی عەجەمیش لە ویژدانی کورددا ناشیرینە. عەجەم بە واتای کەسێکی کە لە ژێرکەوتن دا کەساس و لە سەرکەوتن دا دڕندەیە، بۆ گەیشتن بە مەبەستی خۆی لە هیچ کارێکی ناجوامێرانە ناپرینگێتەوە، بەڵێن ئەدا و نای‌هێنێتە جێ، لەگەڵ دۆست و دوژمن درۆ ئەکا، لە ململانێ و زۆرانبازی دا پەنا ئەباتە بەر هەموو ریگەیەکی نامەردانە بۆ ئەوەی دوژمنەکەی لە ئەرز بدا. فولکلوری کوردی گەلێک بۆچوونی لەو بابەتانەی تێدایە. تەنانەت قسەیەکی کوردەکانی لای ورمێ ئەڵێ: ئەگەر تووشی عەجەم بووی بیکوژە، ئەگەر نەتتوانی بیکوژی لەبەری هەڵێ، ئەگینا کە دەمی پێت گەیشت تەفرەت ئەدا". [16]

سەرباقی هەموو ئەو مێژوو خوێناوی‌یە و ئەو زوڵمو زۆریانەی لە گەلی کورد کرابوو، لە سەردەمی دەسەڵاتی رەزاشا، گرفتێکی تریش بە دانستە و بیرلێ‌کراوەیی‌یەوە بە گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان کورد و ئازەری زیاد کرا و بەشێکی بەرچاو لە شارو ناوچەکانی کوردستان لە رووی ئیدارییەوە خرایە سەر ئازەربایجان.

"رەزاشا دەزگاکانی حکومەتی لە ناوچە کوردییەکەدا بە کاربەدەستی فارس‌و ئازەری پڕ کردەوە، رەزا شا مێژووی ناکۆکیی نێوان ئازەری و کورد و پشێوی نێوان کورد و فارسی لە سەدەی بیستدا بە هێند گرت و ئەم سیاسەتە بوو بە هۆی بێبەشکردنی کورد لە هەمو مافێک و کردنی بە پاشکۆ. سەرباری ئەوەش هەندێ ناوچە کە هەر لە دێرزەمانەوە کوردنشین بوون، راگەیەندرا بە بەشێک لە هەرێمی نوێی ئازەربایجانی رۆژئاوا". [17]

"ئۆستانی ئازەربایجانی رۆژهەڵات 123 گوندی کوردنشینی لە خاکی کوردستانی ئێران جیا کردۆتەوە و داویە بە ئازەربایجانی رۆژهەڵاتی تورک نشین. ئازەبایجانی رۆژئاوا لە 6 شاری کوردنشین: مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، شنۆ، نەغەدە، خانیو چوار شاری هاوبەشی کوردو تورک پێکهاتووە، وەک ورمێ، شاپور، خۆی، میاندواو. لە 2255 گوندی ئازەربایجانی رۆژئاوا 1338 گوندی کوردنشین و 30 گوندی تێکەڵی کورد و تورکی لە خاکی کوردستانی ئێران دابریوە و داویە بە ئازەربایجانی تورک نشین بە ناوی ئازەرەبایجانی رۆژئاوا. کارباری شار و دێهاتی کوردنشین کە هەموویان کوردن، دراوە بە ئۆستانداری ئازەربایجانی رۆژئاوا. لە فەرمانداری هەمەدان 117 گوندی کوردنشین لە خاکی کوردستان جیا کراونەتەوە و دراون بە فەرمانداریی هەمەدان". [18]

لە شازدەهەمی ژانویەی 1946 بەرانبەر بە 26ی بەفرانباری 1324ی هەتاوی) بە ئیمزای "پیشەوەری" و"شبستری"و"پادگان" بەڵگەنامەیەک لە ژێر سەردێری "ویست و داخوازەکانی خەڵکی ئازەربایجان دەنوسرێ و ربۆ ڕای گشتی بڵاودەکرێتەوە. لە ماددەی 11ی ئەو بەڵگەنامەیەدا باس لە سنوورەکانی حکومەتی ئازەربایجان دەکرێ و هاتووە:

"ئیمە بە لەبەرچاو گرتنی فاکتورگەلی مێژوویی و جوغرافیایی و ئیتنیکی، ئەو شارانە بە بەشێک لە پێکهاتەی کۆماری میللی_ دێمۆکراتی ئازەربایجان دەزانین: تەورێز، ئەردەبیل، ورمێ، میاندواو، مەراغە، سەلماس، خۆی، مرند، میانە، انزلی، ماکۆ، ئەهر، زنجان، قزوین و همدان". [19]

بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەی کە لەلایەن سەرانی فیرقەوە ئامادە کرابوو، 95لە سەتی دانیشتووانی ئەو شارانە ئازەرین.

"تەورێز زۆر هەنگاو تەگبیری لە رووتری بەکارهێنا بۆ پاراستنی ئەو یەکپارچەیی خاکی کە داوای دەکرد. یەکەم، فیداییە ئازەرییەکان دەکار کران بۆ پێشگیرۆەیی لە عەشیرەتەکان (عەشیرەتە کوردەکان) بۆ گرتنی ئەو شارۆچکانەی کە کێشەیان لەسەر بوو. تەورێز هەروەها بەتوندی بەدەستێوەردانی شوورەوی بۆ بەربەست کردنی عەشیرەتەکان پشت ئەستوور بوو. کاتێک ئەو (تاکتیکە) سەرنەکەوت، ئازەربایجان تاکتیکی

سێهەمی گرتە پێش و ئەویش خۆ گێل کردن لە مهاباد و لە پاشملەی وی بەرتیلدانو سمێڵ چەورکردنی رێبەرانی عەشیرتەکان و هەرکامیان بە جۆرێ بوو". [20]

ناکۆکیەکانی نێوان کورد و ئازەرییەکان هەتا دەهات، نێوەرۆک و روخسارێکی گرژتری بەخۆیەوە دەگرت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە: "ئارای کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان لەگەڵ یەکێتی کۆمارە سوسیالیستەکانی شورەوی زۆر لە ئی مهاباد سازتر بوو. زۆر لە کاربەدەستانی پایەبەرزی دیموکرات لەو جۆرە هاووڵاتییانەی ئێران پێک هاتبوون کە ماوەی دورودرێژ لە یەکێتی شورەوی ژیابوون...". [21]

هەر لەبەر ئەوە ئەو بیرۆکەیان لا گەلالە ببوو کە دەتوانن لە مەسەلەی نزیکیی خۆیان و سۆڤیەت وەک کارتێک بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان کەڵک وەربگرن. لەراستیدا ئازەرییەکان نەیاندەویست وەک دوو نەتەوەی جیاو بە مافی بەرانبەر لەگەڵ کوردان هەڵسوکەوت بکەن. درێژەی ئەم سیاسەتە نەیدەتوانی دژکردەوەی کوردی بەدوادا نەبێ.

"هەر بۆیە پێشەوا لە رێبەندانی 1324دا هەموو کارمەندە ئازەرییەکانی لە بەرێوەبەریەتییەکانی مهاباد و ناوچەکانی دەوروبەردا وەدەرنا. هەروەها کاتێکیش پیشەوەری چەند کەس دەنێرێ تا بەرهەمی توتونی ناوچەکە وەک جاری جاران وەربگرێ، بەپێی بریاری پێشەوا کە بە سەرۆکایەتیی پورعەجەم جێگری بەرێوەبەرایەتی تووتنی تەورێز هاتبوو، بەدەستی بەتاڵ بۆ تەوریز گەڕایەوە."[22]

لە دوای مەهاباد، کورد لە میاندواویش دژکردەوەی پێویستی خۆی نواند. "کورد وا دەردەکەوێ کە سەرکەوتووانە داوای شاری میاندواو بکات و دەگوترێ لەم دواییەدا کاتی دائیرەی قەند و شەکری حکومەتی ئازەربایجان لۆرییەکی باری قەند لە کارخانەی قەندی دەوڵەتی میاندواو بێنێ کومێتەی خۆ جێیی کورد داویەتە دواوە و بەروالەت ئێستا ئالای کورد لەسەر کارخانەکە دەشەکێتەوە". [23]

"قازی لە دژی دیاریکردنی فەرمانداران لەلایەن دیموکراتەکانەوە بۆ میاندواو و رەزاییە بوە. لەوەش زیادتر، ئەو حەولی دەدا ئەو شارانە و

هەروەها مەراغە، شاپور، سندووس و تکاب (تیکانتەپە)یش لەژێر کۆنترۆلی کوردان دابن". [24]

بەم جۆرە"دێموکراتەکان یەکەم تامی نارەزایەتی کوردەکانیان چێشکە کرد کاتێک عەشیرەتە کوردەکان دەستیان کرد به داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەشێوەیەکی له زیده بەسەر دێیەکان نزیک کەلاخوی (خۆی)و شاپور دا له هەمان کاتدا ئەرتەشی مهابادیش میاندواوی داگیر کرد. مانگێک دواتر گرژییەکه ئەوەندەی دیکەش تەشەنەی کرد کاتێک سوارەی عەشیرەتی شکاک و هەرکی به راستیش چوونه نێو کەلاخوی (خۆی)و کەلاماکی (ماکۆ)و داوای نیوەی شارەکان، نیوەی دێهات و هەروەها بەشداریی له بەڕێوەبەری نێوه به نیوەی ئەو شوێنانەیان کرد". [25]

"ئەو ڕووداوانه شوێنێکی قووڵیان لەسەر ورە و مەعنەوییاتی ئازەرییەکان هەبوو کە، بۆ یەکەمجار، بەروالەت بۆیان دەرکەوت و تێگەیشتن که دوژمنکاری چەکدارانه لەنێوان دوو حکومەتەکەدا لەوانەیە بەراستی بیته پێشێ". [26]

"تەنانەت ئەو کاتەش که پیشەوەری لەو بارەیەوە دەستەداوێنی قازی محەممەد بوو، کوردەکان گوییان نەدایه و سیاسەتەکەی خۆیان نەگۆڕی". [27]

"له هەمان کاتدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان (KDP) کۆنترۆلی خۆی بەسەر ناوچەکانی دەرەوەی شاران دا پتەوتر کرد و دەستی کرد به بەڕێوەبردنی بەرنامەیەکی هەرە نائاساییی شێوەی بەهرە وەرگرتن وەک حەولێک بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانی ئەو خاوەن موڵکانەی که لەو ناوچانەدا دەژیان که رقەبەرایەتییان لەسەر دەکرا. له راستیدا کاربەدەستانی حکومەتی مهاباد دەستیان لەوه گێڕایەوە ئەو ڕێوشوێن و پەسندکراوانه رەچاو بکەن که تازه سەبارەت به سیستمی وەرگرتنی بەهرەی مالیکانه لەلایەن دێموکراتەکانەوە داندرابوون، ئەوان ئەو پەسندکراوانەی دێموکراتەکانیان پووچەڵ کردەوە... لەوەش زیاتر کۆمار کێشکچی لەسەر بەرهەمی خەڵه و خەرمان دانا بۆ ئەوەی دیموکراتەکان نەتوانن داگیریان بکەن و دەستیان بەسەردابگرن. شارۆچکەکان دیسان کەوتنەوە بەر سەرنجو مەبەستی [کوردەکان]. کاتێک له کۆتایی ژووئیه دا پیشەوەری

هەڵبژاردنێکی بەپەلەی لە ڕەزائیە وەڕێ خست. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هانی خوێندکارانی دا بۆ گازندەو پرۆتێست. هەرچەند ئاکامی هەڵبژاردنەکە پووچەڵ کرایەوە و سەری نەگرت. کۆمار شانی دایە بەر هەڵێنانەوەی هەنگاوی زۆر شەڕانیتر، تا نێوەراستی ئووت ڕەزائیە بەچری لەلایەن سەربازانی کوردەوە دەورە درابوو". [28]

"فەرمانداری ڕەزائیە هەستی کرد بەگوێی خۆئاخنین و لادان لە مهاباد بە ڕێگەی وتوێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خانە کوردەکان. ئەگەرچی ئەو بەرنامەیە لە سەرەتاوە سەرنەکەوت، کاربەدەستە پایەبەرزەکانیش هەر هەمان حەولیان دا. نموونە، سەلامولای جاوید، وەزیری نێوخۆ وەکی باس دەکرێ پێشنیاری کرد ئامادەیە کۆنترولی هەمو ناوچەکانی ڕۆژئاوای ڕەزائیە و خوارووی شاپوور بداتە دەست ئەمەرخان بەو شەرتەی ئەو ڕێبازی وەفاداری خۆی بگۆڕی و لەگەڵ دیموکراتەکان هاوکاری بکا. گەورەی شکاکان ئەو پێشنیارەی وەدوایە داوە، و رایگەیاند ئەو پیی وایە ئەو ناوچەیە دەبێ وەکوو بەشێکی کۆماری مهاباد چاو لێبکرێ و بەرەسمی بناسرێ". [29]

بۆ پێشەوا و سیاسەتی کوردی "زۆر دژوار بوو دەست لەو هەموو شارۆچکە زۆر دەوڵەمەندانە هەڵگرن و فیدایان کەن. ئەگەر ئاوایان کردبا، دەبوو هۆی خەسار و لەکیس چوونی زۆری دیمۆگرافی و ئابووری لە خۆیان، باجێکی کە ئەوانەی خۆیان بە دامەزرێنەرانی دەوڵەت- نەتەوەیەک دادەنێن بەزەحمەت دەتوانن بیدەن". [30]

"تا کۆتایی ئووت ئەو کاربەدەستانەی لەلایەن دێمۆکراتەکانەوە لە ڕەزائیە و شاپور لەبەرکار نرابوون لە ئاست کۆنترۆلی ڕاستەقینەی کە بە دەست کوردەکانەوە بوو هەروەک "بووکە شووشە" وا بوون و چییان لە دەست نەدەهات... مانگی سیپتامبر گوشاری زیاتری لەگەڵ خۆیدا هێنا کاتێک یەکەکانی ئەرتەشی مهاباد و سوارەی عەشیرەتی شکاک چوونە نێو شاری ڕەزائیە و زیرۆبەگی هەرکی خۆی گەیاندە ژووری کاری فەرماندار. کاتێک فەرماندار پەناهی لەو جێگەی خۆی شاردبۆوە هاتە دەرێ و چووە تیلگرافخانە کونسولی شورەوی دیسان وەشداریی دا بە کوردەکان بێتو هێزەکانیان نەکشێنەوە شورەوی خۆی لە کارەکە

هەڵدەقورتێنێ و موداخلە دەکا ئەوان بە قسەیان کرد، و دیمۆکراتەکان پەیمانێکی تایبەتییان لەگەڵ زیرۆبەگ مۆر کرد... ئەو موافەقەتنامەیە، ئاخرەکەی ڕەزائییەی خستە بەر کۆنترۆلی قانوونی هاوبەشی کورد-ئازرەی... لە ئاخرو ئۆخری مانگی سیپتامبردا ئەمەرخان مولەتێکی سی ڕۆژەی دا بە فەرمانداری شاپور تا لەو ماوەیەدا دەست لە کۆنترۆلی ئەو شارۆچکەیە هەڵگرێ و ئەوێی لە بەردەست بنێ. کۆنسول هاشمۆف و زێرۆبەگ بە پەلە چوونە زیندەشت، دێی زێدی ئەمەرخان و دیسانیش هەرەشەی ڕاشکاوی دەستێوەردان و موداخەلەی شورەوییەکانیان هێنا گۆڕێ". [31]

لەم بارەیەوە لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاشدا هاتووە:

"قازی محەممەدی سەرۆکی کوردان زۆربەی ئەم مانگە لە تەورێز ماوەتەوە و لەگەڵ پیشەوەری دا سەبارەت بە سنووری نێوان هەردوو لا (حکومەتی کوردستانو ئازەربایجان) قسەی کردووە". [32]

دیارە ڕاوەستانو پێداگریی پێشەوا لەسەر ناسنامەی کوردستانی بوونی ئەو شار و ناوچانەی بە درێژایی مێژوو بەشێک لە نیشتمانی کورد بوون، بە مانای دژایەتیکردنی پێشەوا لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی گەلی ئازەری نەبوو. یا خۆ ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەیە لە سۆنگەی نەتەوەخوازیەکی دەمارگرژانەوە سەرچاوەی نەدەگرت. مەبەستی پێشەوا لە مەسەلەی گرینگی دان بە خاک ئەوەش نەبوو سیاسەتێک بگرێتە بەر ئەو بەشە لەگەلی ئازەری کە نیشتەجێی کوردستانن، تووشی ڕاونان و کۆچی زۆرەملی بکات. هیچ کام لەوانە لەگەڵ ڕوانینی گوتاری نەتەوەخوازیی پێشەوا، لە تەبایی دانەبوون. لە گوتاری نەتەوەخوازیی پێشەوادا ڕزگار کردنی کورد و نیشتمانی کورد بە مانای دژایەتی کردن لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی نەتەوەیەکی تر نەبوو. کاکڵ و جەوهەری کێشەکە لەسەر ناسنامەی کوردبوونی ئەو شار و ناوچانە بوو کە کورد بە درێژایی مێژووی تەمەنی تێیدا ژیاوە و بە خاکی خۆی زانیوە. لەو نێوەدا سیاسەتی پێشەوا، سیاسەتێکی بەرپرسانە بوو. بەو مانایە هەم لەلایەک بۆ ڕێزدانان لە دراوسێیەتی و پێکەوە ژیانی هێمنانەی نێوان هەر دوو نەتەوە کاری دەکرد هەمیش حازریش نەبوو لە مافی دەسەڵاتدارەتی بەسەر بەشێک لە

خاکی نیشتمانی نەتەوەکەی چاوپۆشی بکا. ئەم مەبەستەش بەبێ دانانی سنورێک بۆ پەلبزێوی و زیادەخوازییەکانی نەتەوەخوازیی دەمارگرژانەی ئازەری، لەو کاتەدا نەیدەتوانی لە کردەوەدا بێتە دی.

لەو دۆزەدا هەر هەوڵێک بۆ ساغ کردنەوەی سەروەریی نەتەوەیی و سەقامگیرکردنی کۆمار وەک دەزگای نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندی و ئیرادەی نەتەوەیی کورد، گرێ دراوی مەسەلەی خاک بوو. ساغ کردنەوە و سەرخستنی سەروەریی نەتەوەیی کورد تەنیا بەبوونی خاک و نیشتمانەوە دەیتوانی بە مانای راستەقینەی وشە، مانای هەبێ.

بۆ گشت بزاڤێکی ناسیۆنالیستی، خاک گرینگیی تایبەتی هەیە. خاک مەکۆ و زێدی لەدایکبوون و حەوانەوەی ژیانی نەتەوەیە. بەهۆی خاکەوەیە نیشتمانیش دەتوانێ مانای راستەقینەی خۆی بۆ نەتەوە پەیدا بکات. کاتێ نەتەوەیەک خاکی وڵاتەکەی چاوی تەماعی تێدەبردرێ، یاخۆ لە لایەن هیزێکی دەرەکییەوە داگیر دەکرێ، لە راستی دا ئەوە نیشتمانەکەیەتی کەوتۆتە بەر هەرەشەی لە ناوچوونەوە.

تیئۆریسیەنەکان و لێکۆلەرەوەکانی سەرقاڵی چەمکەکانی نەتەوە و نەتەوەخوازی لە بەرهەمە هزرییەکانیاندا نیشانیان داوە، نەتەوەیەک نەتوانێ خاک و نیشتمانی خۆی بپارێزێ، لە پرۆسەیەکی هێدی و لەسەرەخۆدا لە نەتەوەبوونی خۆی دەکەوێ و دەچێتە قاوغی گروپێکی ئێتنیکی گەڕۆکەوە و کێشەکەی چیتر ناتوانێ هەڵگری داواکاریی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بێ. قەرەجەکان لە ئۆرووپا نموونەیەکی هەرە زیندوون لەم بارەوە.

"ئانتۆنی سمیس" کە گەورەترین ئاسەواری لە بوارگەلی نەتەوە و بوارەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەخوازیی بەرهەم هێناوە، یەکێک لەو کەسانەیە بەقووڵی لە بەرهەمەکانی دا ئەم باباتە هەستیارەی وروژاندووە.

ئەگەر مۆدێرنیستەکان نەتەوە و نەتەوەخوازی تەنیا بە قۆناغی مۆدیرن دەبەستنەوە و ناسیۆنالیزمیش تەنیا بە پرەنسیپێکی سیاسی دەزانن، لای سمیس کە نوێنەرایەتیی روانگەی ئیتنو- نەتەوەخوازی دەکات، نەتەوە بە ئاکامی گەشەی ئەو گروپە ئیتنیکیانە دەزانێ کە خاوەنی مێژوویەکی دوور و درێژی پێکەوە ژیانن. بەڵام سمیس لەگەڵ ئەوەی لای وایە کۆمەڵگای

ئیتنی و نەتەوە، سەر بە یەک مالبات و خێزانێکی هاوبەشن، ئەوەش بیر دەخاتەوە کە خاڵی لێک جیاکەرەوەی نێوان نەتەوە و ئیتنیکیش نابێ تێکەڵ بکرێ. سمیس لەم بارەیەوە دەنووسێ:

"نەتەوە کۆمەڵگای ئیتنی نییە، چونکە سەرەڕای هەندێک تێهەڵکێشی، لەوەدا کە هەر دوکیان سەر بە یەک خێزانی دیاردەیەکن (ناسنامەی کەلتووری بەکۆمەڵ) کۆمەڵگەی ئیتنی هیچ مەرجەعێکی سیاسی نییە و لە زۆر حاڵیشدا خاوەنی کەلتوری جەماوەریو تەنانەت رەهەند Dimension خاکی نییە، چونکە مەرج نییە کۆمەڵگای ئیتنی بە شێوەیەکی فیزیکی خاوەنی خاکی مێژوویی خۆی بێت. لە کاتێکدا نەتەوە دەبێت لە نیشتمانی تایبەت بەخۆیدا بژی بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەیەکی درێژ تا بتوانێ وەک نەتەوە خۆی دروست بکات و لە هەمان کاتدا پێویستە کەلتوورێکی جەماوەری بۆ خۆی برەخسێنێ و ئارەزووی ئەندازەیەک لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێت". [33]

لە پیوەندی لەگەڵ ئیددیعای کەسانێک کە سیاسەتی هێمنانەی پێکەوە ژیانی کورد و ئازەری پەیرە و ناکەن و دۆستایەتیی لەمێژینەی کورد وەلا دەنێن، دەبێ بگوترێ کە هەبوونی کورد لە هەموو ئەو شوێنانەی کە لە سەردەمی رەزاشادا بە ئازەربایجانی رۆژئاوا ناودێر کراون، بەشێکە لە کوردستان. بەڵام بە مەبەستی ئاژاوە نانەوە لەنێو کورد و تورک دا ئەو ناوە بەسەر ئەو مەڵبەندەدا سەپێندراوە و لە روانگەی ئیدارییەوە سنووربەندی کراوە. فاکتەکانی: مێژوویی، ئەسڵی تەسەروف و خاوەنداریەتی و پەیوەست بوونی خاک چارەسەری هەر گرفتێکی ئیحتمالی دەکەن.

یەکەم لە باری مێژوویییەوە ئەو مەڵبەندە درێژەی خاکی کوردستانە و تێهەڵکیشێک نیە کە خاکی وڵاتێکی دیکە بێ. بۆ ئەو مەبەستە هەموو نەخشەکانی سەردەمی عوسمانی بەتایبەتی نەخشەی رەسمی ساڵی 1893ی زایینی لە سەردەمی عەبدولحەمید بەرپەرچدەرەوەی هەر چەشنە ئیددیعایەکی کوردنەبوونی ئەو ناوچەیەیە. وێڕای ئەوە ئەسڵی تەسەروف یا خاوەندارێتی لە هەر کێشەیەک دا حوکم دەکات. لێرەدا پرانیی خاک (گوندو شارەکان) لەژێر تەسەروفی کورد دایە. هەر بۆیە ئەگەر چەند

شارۆچکەیەک لەو مەڵبەندە زۆربەیان کورد نەبن، ئەو حاڵەتە رەدکەرەوەی کوردستانی بوونی ئەو بەشە لە نیشتمانی کورد نیە. کورد پێویستی بەوە نیە کە مەسەلەی مالکیەتی خاک و ئەو بەشە لە نیشتمانەکەی بە کێشەیەکی ئەرزی دابنێ. چونکە ئەسلی تەسەروف و مێژووی هەبوونی کورد لەو بەشە لە خاکی کوردستان جێگای گومان نیە. راگوێستنی دەیان هەزار بنەماڵەی کورد بەپێی وتەی مێژوونووسانی ئازەری لەو بەشەی نیشتمانی کوردەوە بۆ رۆژهەڵاتی ئێران و جێگیر کردنی عەشیرەتە کۆچەرەکانی ئازەری لەجێی ئەوان لەمێژوودا خوویایە.
کورد خوازیاری ژیانێکی هێمنانە و ئاشتیخوازانەیە. کورد بە قبووڵی بنەما دێمۆکراتیکەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداریی ئەو بەشانەی کە کورد و ئازەری تێکەڵن ئامادەی هاوکاری‌یە ئەوەش میراتێکی مێژوویی‌یە کە بەهۆی پێشەواوە بۆ کورد بەجێ ماوە. هاوخەباتی و ژیانی هێمنانەی کورد و ئازەری دەتوانێ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی ئەو دوو گەلە دەستەبەر بکات.

سەرچاوەکانی فەسڵی سێزدەهەم :

1. وەرگیراو لە کتێبی پێداچونەوە (گەشتێک بەنێو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە کوردستانی ئێران بە پێنووسی بەرێز کەریم حیسامی لاپەرەکانی 15و 16.
2. عالم آرا صفوی لاپەری 74 دوکتور مجید شیبانی.
3. کوردستانو کێشەی سنووری عوسمانی_ فارسی 1639-1847 لە نوسینی نەجاتی عەبدوڵڵا لاپەری 24.
4. کوردستانو کێشەی سنووری عوسمانی_ فارسی 1639-1847 لە نوسینی نەجاتی عەبدوڵڵا لاپەرەکانی 24و 25.
5. د. عبدالحسین نوایی، شاه طهماسب صفوی، ص.177
6. حرکت تاریخی کرد به خراسان ج 2 ص137 لە نووسینی کلیم‌الله توحدی بە نقل لە کتێبی کوردو عەجەم.
7. کلیم‌الله توحدی، حرکت تاریخی کورد به خراسان جلدی2 لاپەری 152 بە نقل لە کتێبی کوردو عەجەم لاپەری 30.
8. کوردو عەجەم لاپەڕی 30.
9. د. مجید شیبانی، تشکیل شاهنشاهی صفویه لاپەری 79 بە نقل لە کتێبی کوردو عەجەم.
10. میرزا رشید ادیب الشعر، تاریخ افشار به انظمام قیام شیخ عبیدالله... لاپەری 46. وەرگیراو لە کتێبی کوردو عەجەم ل 34.
11. کوردو عەجەم لاپەری 33.
12. کوردو عەجەم لاپەری 34.
13. کوردو عەجەم، مێژویی سیاسیی کوردەکانی ئێران نووسینی صالح محمدامین 1992 لاپەری 36.
14. بروانە کتێبی کوردو عەجەم. لاپەڕی 24و 29 لە نووسینی صالح محمدامین.
15. کوردو عەجەم... لاپەری 55.
16. کوردو عەجەم مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران، نووسینی صالح محمدامین 1992 لاپەری 56.
17. نادر ئینتسار ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، وەرگێرانی عەتا قەرەداغی.

18. محمد پناهیان_ فرهنگ جغرافیایی ملی ترکان ایران زمین 1351. لاپەرەکانی 92و 93. بە نەقل لە کتێبی پیداچوونەوە. گەشتێک بەنێو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە کوردستانی ئێران. نووسەر کەریم حیسامی. چاپخانەی ماردین. سوید .1996
19. فرازو فرود فرقه دموکرات... لاپەری .120
20. پێوەندییەکانی کۆماری کوردستانو کۆماری ئازەربایجان لە نوسینی ریچارد ئەی. مۆبلی، وەرگێر: بەرێزحەسەنی قازی لاپەڕی .60
21. پێوەندیەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان... نوسەر ریچارد ئەی. مۆبلی. وەرگێرانی حەسەنی قازی لاپەڕەکانی 57و.58
22. روزنامه خبر پینج شمەممۆ 27 دیماهی 1324 لاپەری 2. وەرگیراو لە کتێبی بارودۆخی سیاسی کوردستان(1946\1880) لە نووسینمی موجتبی بورزوویی، لە وەرگێرانی نازناز محەممەد عەبدولقادر/ یوسف خدر چوپان/ سوران علیپور، لاپەری .410
23. رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی... لە وەرگێرانی ئەنوەر سوڵتانی لاپەڕی .196
24. پێوەندییەکانی کۆماری کوردستانو کۆماری ئازەربایجان... لاپەری .70
25. پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان... ریچارد ئەی مۆبلی و وەرگێرانی بەرێز حەسەنی قازی لاپەری .84
26. پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری... لاپەری .84
27. پێوەندیەکانی کۆماری کوردستان ... لاپەری .85
28. پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری... لە ورگێرانی حەسەنی قازی لاپەری .86
29. پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان. نووسەر ریچارد ئەی. مۆبلی. وەرگێر: حەسەنی قازی لاپەری .86
30. پێوەندیەکانی کۆماری کوردستان و... لاپەری .102
31. پیوەندییەکانی کۆماری کوردستان.. لاپەریکانی 89و .90
32. رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی... ئەنوەر سوڵتانی لاپەڕی .197
33. ئەنتۆنی سمیس. نەتەوەخوازی_ تیۆریو ئایدۆلۆجیو مێژوو. و، هوشیار عەبدورەحمان سیوەیلی. لاپەرەکانی 21و 22.

## هەرەسی کۆمار لە ئاوێنەی مێژوونووسیی حیزبی دا

لایەنێکی دیکەی گرفت و سەرنەکەوتوویی مێژوونووسیی حیزبی چۆنیەتیی گەڕان بەدوای هۆکاری رووخانی کۆمار و هەڵس و کەوت لەگەڵ کەسایەتیی پێشەوایە. بە هەمان رادە مێژوونووسیی حیزبی لە کاتی پێناسەی کۆماردا نەیتوانیوە وڵامێکی خەست و خۆڵ بۆ ئەو ئەزموونە مێژووییەی هاوچەرخی کورد بێنێتە ئاراوە، بە هەمان ئەندازەش لە دەسنیشان کردنی هۆکاری سەرەکیی نەمانی کۆماریش، هەوڵەکانی دەچنە ناو خانەی خوێندنەوەیەکی سەرنەکەوتوانەوە.

"کەسێک کە لە هۆی پێکهاتن یا تونا کردنی رووداوێک دەکۆڵێتەوە دەبێ هۆی سەرەکی ئەو رووداوە دەس نیشان بکا. لە مەسەلەی کۆماری کوردستاندا دەکرێ بەدەیان مەسەلە و هۆی دیکە ئاماژەی پێبکرێ. بەڵام هۆی سەرەکی رووخانی کۆماری کوردستان چی بوو...؟"[1]

لە مێژوونوسی حیزبیش دا جیاوازیی نێوان هۆکارەکانی رووخانی کۆمار بە تەواوی رەچاو دەکرێ. واتە بەگوێرەی خوێندنەوەی مێژوونووسیی حیزبی هۆکاری سەرەکی رووخانی کۆمار، بۆ چونیەتیی وەزعی ناوخۆیی کورد و قەوارە نەتەوەییەکەی کورد دەگەڕێتەوە و لەو نیوەشدا هۆکاری سیاسەتی جیهانی ئەگەر نەخرێتە پەراوێزەوە لە باشترین حاڵەتی خۆی دا بە هۆکارێکی لاوەکی دەژمێردرێ. بە واتایەکی تر لە مێژوونووسیی حیزبی دا هۆکارەکانی رووخانی کۆمار بە دوو بەش پۆلین دەکرێن.

هۆکارێکی سەرەکی و هۆکارێکی لاوەکی. هۆکاری سەرەکی بەگوێرەی دیتنی روانگەی مێژوونووسیی حیزبی بۆ نەمانی کۆمار دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی وەزعی ناوەوەی کۆمار و لەو نێوەشدا ئاماژە بە کۆمەڵێک بواری جۆراوجۆر دەکرێ.

لە هەمبەر هۆکاری دەرەکیش کە لە مێژوونووسیی حیزبی دا بە هۆکاری لاوەکیی رووخانی کۆمار دەژمێردرێ، ئاماژە بە سیاسەتی "چەوتی دەرەوەی سەردەمی ستالین"و دژایەتیی "ئەمریکا و ئنگلیستان" لەگەڵ کۆمار دەکرێت.

بەڵام لە کاتی ئەم جیاکردنەوەیەدا گەورەترین گرفتی مێژوونووسیی حیزبی لێرەدا ئەوەیە، ئەوەی دەبێ بەهۆی سەرەکی رووخانی کۆمار لە قەڵەم بدرێ، خۆی لە خانەی هۆکاری لاوەکی دا دەبینێتەوە. واتە لۆژیکی مێژوونووسیی حیزبی لۆژیکێکی بەرئاوەژووە. لە جێگای ئەوەی رووخانی کۆمار لە رەوشی سیاسەتی جیهانی و دەسپێکی شەڕی ساردی دووبەرەی دژ بە یەکی جیهان دا، تاوتۆ بکات کە بە هیچ جۆرێک هەلی مانەوەی کۆماریان بۆ کورد نەدەرەخساند، کۆمەڵێک گرفتی لاوەکی بە هۆکاری سەرەکی شکستی کۆمار لەقەڵەم دەدا.

لەم بارەیەوە لە راپۆرتی کومێتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی سێهەم هاتووە:

"دیارە هۆی ئەسڵیی تێکچوونی کۆماری کوردستان و شکانی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە ساڵەکانی 1324- 1325دا کزی ناوخۆی حیزب و بەڕێوەبەرایەتیی جووڵانەوەو حکوومەتی میللی بوو". [2]

بۆ نیشاندانی "کزی ناوخۆی حیزب و بەڕێوەبەرایەتیی جووڵانەوە"کەش لە گوتاری مێژوونووسیی حیزبیدا ئاماژە بە هۆکاری جۆراوجۆری نێوخۆیی دەکرێ. لەم لێکدانەوەیەدا زیادەڕۆیی و لە هەمان کاتیشدا سادە کردنەوەی هۆکاری رووخانی کۆمار بەوپەڕی خۆی دەگا. بۆ وێنە دەگوترێ:

"ئەوانەی کە بەڕێوەبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون، بە گشتی نە تاقی کردنەوەی تێکۆشانی سیاسییان هەبوو، نە تاقی کردنەوەی رێکخستنی تەشکیلاتی و، نە فێری هەڵسووڕاندنی کاروباری دەوڵەتی بوون". [3]

"پەرەئەستاندنی توندی جووڵانەوە و سەرکەوتنی بەخێرایی تەرکیبێکی نالەباری لە بەریوەبەری دا پێک هێنابوو... ناچار بەریوەبەرییەک پێک هاتبوو کە پایەی تێگەیشتن و تاقی کردنەوەی سیاسی لە رادەی ئەو مەسئوولییەتەی کە هاتبووە ئەستۆی نزمتر بوو". [4]

"ئەو کزبوونە لە هەموو بارەکانی ژیانی حیزب و حکوومەت دا خۆی دەنواند. لە حیزب دا کزی سیاسی بەریوەبەری بەرچاو بوو.

نووسراوەکانی ئەو وەختە لە رۆژنامەی کوردستانەوە بگرە هەتا نووسراو و گۆڤارەکانی دیکە لەگەڵ ئەوەی بڵاوکردنەوەیان سەرکەوتنێکی گەورەی گەلی کورد بوو، بەڵام پایەی هێندێ وتارە سیاسییەکانیان کە دەبوایە رێ نیشاندەری کۆمالانی خەڵک بن، نزم بوون". [5]

"سەلماندنی ئوسولی تەشکیلاتی لەناو حیزبدا تێکۆشانێکی زۆری دەویست. بەداخەوە دامەزراندنی ئوسولی تەشکیلاتی لە بارێکی تریشەوە دژوار بوو. نەک هەر ئەم ئوسوولە لەلای گەلی کورد خۆشەویست نەبوو، بەڵکوو بەڕێوەبەرایەتی خۆی لە ئوسوولی تەشکیلاتی شارەزا نەبوو. لە پاش تێک چوونی کۆماری کوردستان بە چاکی دەردەکەوت کە کزی کاری تەشکیلاتی سەردەمی کۆماری کوردستان تا چ رادەیەک بوو". [6]

"بێجگە لەوە حیزب لە باری ئیدەئۆلۆژیشەوە کز بوو. ... تەنانەت یەکێتیی فیکریش لەسەر بەرنامەیەکی روون بە تەواوی پێک نەهاتبوو. جووڵانەوە تازە دەستی پێکردبوو و بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی لە کوردستان وای کردبوو کە تەنیا لایەنگری لە مافی نەتەوایەتی بۆ بەشدار بوون لە جووڵانەوە و تەنانەت بۆ گەیشتن بە بەڕێوەبەریش بەس بوو". [7]

"کزبوونی حیزب لە باری سیاسی و تەشکیلاتی و ئیدئۆلۆژیی‌یەوە لە کەم بوون و یا نەبوونی بە یەکجاری کادری تێگەیشتوو و پێگەیشتوو لە ریزەکانی حیزب دا دیار بوو. بەراستی نوختەی هەرە کزی جووڵانەوەی ساڵەکانی 1324-1325 نەبوونی کادر بوو... دەتوانین بڵێین کە یەکێک لە هۆیەکانی هەرە ئەساسیی تێکچوونی کۆماری کوردستان نەبوونی کادری کارزان و شارەزا بوو."[8]

"کزبوونی سەرۆکایەتی و نەبوونی کادری پێگەیشتوو بوو بە هۆی ئەوە کە وەزعی سیاسی لە ژوورەوە پتەو نەکرا، دەزگای حکومەت چەسپاو نەبوو، هێزی میللیی کوردستان سەر و سامانێکی رێک و پێکی پەیدا نەکرد."[9]

دوکتور قاسملوو بۆ چەسپاندنی ئەم روانگەیە لە کورتەمێژووی رێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا دەنووسێ:

ئەو وەختە کە من ئەوانم ناسی لە واقیعدا لە ساڵەکانی دەورانی موسەدیق دا بوو کە دووبارە فەعالییەتی حیزب دەستی پێکردبۆوە. راستی

ئەوەیە زۆرم پێ سەیر بوو کە ئەو کەسانە وەختێک بەڕێوەبەر بوون و، لەورووەوە هیچ سەیرم نەهاتە بەرچاو کە ئەو جووڵانەوەیە سەرنەکەوت. ... ئەوانەی کە لە زەمانی حکوومەتی دوکتور موسەدیق دا ئێمە دیتمانن و ماوەیەکیش لە حەوزەیەک دا بە ناوی حەوزەی کۆنە دێمۆکراتەکان تێکۆشانیان هەبوو، هەر چەند زۆربەیان لە وەختی خۆی دا وەزیر بوون و ئەندامی کومێتە ناوەندی بوون، بەراستی و بەبێ موبالەغە دەتوانم بڵێم بە قەد کادرێکی دەرەجە چواری ئێستای ئێمە نە زانیاریی حیزبی و نە زانیاریی سیاسییان نەبوو.

لە دوای ریز کردنی هەموو ئەوانە کە لە نەزەر مێژوونووسیی حیزبییەوە بەهۆی سەرەکی رووخانی کۆمار دادەندرێ، نۆرە دەگاتە ریفورمی کۆمەڵایەتیو دەگوترێ:

"هیچ گۆڕانێکی قوڵی کۆمەڵایەتی پێک نەهێنا و زیاتر لە چوارچێوەی جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتی دا مایەوە. لە ناو بردن و یا هەر نەبێ کەمتر کردنی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان و هەنگاو هەڵێنان بە قازانجی جووتیاران دەیتوانی جووتیارانی کوردستان واتە زۆربەی گەلی کورد بکا بە پشتیوانی جیددی کۆماری کوردستان. لەم بارەیەوە کۆماری کوردستان لە حکوومەتی میللی ئازەربایجان لەدواتر بوو. لە کاتێکدا کە لە ئازەربایجان دا ئیسلاحاتی ئەرزی دەکرا و زەویی دەرەبەگەکان لە ناو جووتیاران دا دابەش دەکرا، لە کوردستان پاشکەوتووتر بوونی کۆمەڵی کوردەواری و بەهێز بوونی باری نەتەوایەتی جووڵانەوە رێگای گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆی نەدەدا، بەم جۆرە جووتیارانی کوردستان لە کۆماری مەهاباد دا لە ناوچوونی چەوسانەوە و یا تەنانەت کەمتر بوونی زوڵم و زۆری دەرەبەگەکان و خاوەن مڵکە گەورەکانیان بەدی نەدەکرد و نەبوون بە پشتیوانی جیددیی ئەو کۆمارە". [10]

بەم جۆرە لە ئاکامی ریز کردنی مەسەلەگەلێکی وەک:

"نەبوونی کادری پێگەیشتوو و تێگەیشتوو" و "نەبوونی تاقی کردنەوەی پێویستی بەڕێوەبەریی حیزب"و "لاوازیی ئیدئۆلۆژی"و "ئەنجام نەدانی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی"و ... مێژوونووسیی حیزبی دێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە تەنانەت بڵێ:

"دەبێ ئەو راستی‌یە بگوترێ کە هەر لە بنەڕەتەوە زەمینەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە تەواوی ئامادە نەکرابوو. واتە کۆماری کوردستان سەرئەنجامی خەباتێکی درێژخایەن و ئاکامی رەوتێکی تەبیعی رووداوەکان و نەخشەی لەمێژەوە دارێژراو نەبوو... بێگومان هان دانی یەکیتی سوڤیەتی تەئسیری خۆی هەبوو و ئەو وەعدە و پەیمانە کە دران، بەریوەبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان زیاتر تەشویق کرد کە هەرچی زووتر کۆمار دابمەزرێنن. بەڵام واقعییەت ئەوە بوو کە زەمینەی عەینی، هەل و مەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وڵات بە هیچ جۆر بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەتەواوی ئامادە نەبوو. تەنانەت زەمینەی زەینییش کە بریتی لە هێزێکی سیاسی کە بتوانێ دەزگایەکی رێک و پێکی دەوڵەتی دابنێ بەتەواوی ساز نەببوو... . دەکرێ بڵێین کە کۆماری کوردستان تا رادەیەکی زۆر کوت و پڕ پێک هات و ئەو لە نەکاو پێکهاتنە بوو بە هۆی زۆر لەو گیروگرفتانە کە ئەو کۆمارە لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا تووشیان بوو. بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە لەنێو جەرگی کۆماری کوردستان یەکێک لە هۆیەکانی تێکچوونیشی چاندرابوو". [11]

ئەوەی تا ئێستا خرایە بەرچاو روانگە و روانینی مێژوونووسیی حیزبی بوو بە مەبەستی تاوتۆ کردنی ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی رووخانی کۆماری کوردستان. بڕۆکەیەک وردبوونەوە لە هەر کام لەو تەوەرانەی لە مێژوونووسیی حیزبی دا بە هۆکاری هەرەسی کۆمار هاتۆتە هەژماردن، بە خێرایی ناڕاست بوونی ئەو تێڕوانینە دەدات بەدەستەوە. بەر لە هەر تشت با ئەوە بڵێین بەپێچەوانەی ئەوەی لە مێژوونووسیی حیزبی دا هاتوە، کۆماری کوردستان ئاکامی بڕیارێکی کتوپڕی یەک شەوە نەبووە. لە پشت ئەو قەوارەیە، نزیک بە چوار ساڵ کار و تێکۆشانێ بێوچان نوستبوو. هەر لە دامەزرانی ژێکافەوە تا لەدایک بوونی حیزبی دێمۆکرات گشت هێز و هەنگاوەکان بۆ ئەوە تەرخان کرا کورد وەک نەتەوە خۆی لە قەوارەیەکی نەتەوەیی دا ببینێتەوە. ئەم پرۆسەیە هەوراز و نشێوی جۆراوجۆری بڕی. هەر لە کارو تێکۆشانی دیپلۆماسی‌یەوە بگرە تا وریاکردنەوە و سازمان دانی خەڵک و بونیاتنانی جۆرە یەکیەتی‌یەکی

روحی و نەتەوەیی لەنێو ئەندامانی نەتەوە، هەموو ئەوانەش بە مانای دروست کردنی ئەو زەمینەیە بوو کە لە رۆژی 2ی رێبەندان دا کورد پێویستی پێبوو. هەڵبەت لێرەدا مەبەست لە نکۆڵی کردن لە گرفت و کەمایەسی‌یەکانی کۆمار نیە. بێگومان هەموو قەوارەیەکی نەتەوەیی لە سەرەتای کار و دەمی پشکوتنی دا، ناتوانێ بێ‌گرفت و کەمایەسی بێ. بەڵام مەسەلەی باس لێرەدا ئەوەیە هیچ کام لەو گرفتانەی لە مێژوونووسی حیزبی دا ریزکراون، هۆکاری سەرەکیی رووخانی کۆمار نەبوون. لەو سەردەمەدا ئەگەر بەشێک یا خۆ ناوەندێک لە سیاسەتی جیهانی پشتیوانی لە کۆمار بکردایە، تەنانەت بە هەموو ئەو گرفتانەی کە لە مێژوونووسیی حیزبی دا هەوڵی زەقکردنەوەی لەرادەبەدەری دراوە، پرۆسەی بەدەوڵەت بوونی کورد لە نیوەڕێدا نەدەوەستا.

ئاوڕدانەوەیەک بۆ بەشێکی زۆری ئەو دەوڵەتانەی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک دەوڵەتی نەتەوەیی دروست کران، باشترین بەڵگەیە بۆ نیشان دانی ئەو راستی‌یە. بەشێکی زۆری دەوڵەتی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (لەوانە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان) بەرهەم و ئەنجامی پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کولتوریی ئەو وڵاتانە نەبوون. بەڵکوو زۆربەیان لە ئاکامی فاکتەری دەرەکی و ئاکامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی‌یەوە دروست بوون. شکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەو شەڕەدا، هەلی ئەوەی بۆ بریتانیا و فەرانسە و ئیتالیا رەخساند بەپێی بڕیار و بەرژەوەندیی خۆیان، ژمارەیەک دەوڵەت لەو وڵاتانە دابمەزرێنن. کەچی بەپێچەوانە لە کەیسی کوردی دا لەگەڵ ئەوەی لەدایک بوونی کۆمار بە تەواوی بەرهەمی ئیرادەی نەتەوەیی کورد بوو، بەڵام لەبەر نەبوونی فاکتەری لاکەرەوەی دەرەکی بۆ پاراستنی، نەیتوانی درێژە بە ژیانی خۆی بدا و هەڕەشەکانی دەرەکی بۆ رووخانی لە خۆی دوور بخاتەوە.

راگەیاندنی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لە ساڵی 2008ی زایینی دا وێنەیەکی زیندووی هەرە گرینگی ئەو راستی‌یەیە. وێنەی کۆسۆڤۆ ئەو راستی‌یە نیشان دەدا فاکتەری دەرەکی لە ژیانی ئەو نەتەوانەی تا ئێستا نەیانتوانیوە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دابمەزرێنن تا چ رادەیەک هۆکارێکی

چارەنووس‌سازە. ئەم فاکتەرە لە ژیان و چارەنووسی کۆماریش دا هەر هەمان رۆڵ و کارتێکەریی هەبوو. بەڵام بەو جیاوازییە کە نە تەنیا هیچ فاکتەرێکی دەرەکی نەبووە پاڵپشتی، بەڵکوو هەموو زلهێزەکانی جیهانی و دەوڵەتانی ناوچەکە بە یارمەتیدانی تاران، چوونە خانەی دژبەریی کۆمارەوە.

جگە لەوەش لە هەمبەر ئاستی وشیاری و ئەزموون و تاقیکردنەوەی بەڕێوەبەریی حیزب و بەرپرسانی کۆماریش لە گوتاری مێژوونوسیی حیزبی دا، تێگرتن و زیادەڕۆیی تێدا دەبینرێ. چاوخشانێ بەسەر کۆی بڕیار و ئەو هەنگاوانەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە ناویەتی بە سانایی دەریدەخا کە تاقیکردنەوەی سیاسی و هەڵسووڕاندنی کاروباری دەوڵەتی‌یان لە رادەی ئەو بەرپرسایەتیەدا بووە کە خرابووە ئەستۆیان. ئەو بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی ئەو 11مانگەدا گەلێک بڕیار و فەرمانی گرینگی دا بۆ ریفۆرم و چاکسازی لە گەلێک بواری ژیانی کولتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دا. بەڵام بۆ رەواندنەوەی هەڕەشەی سەر مان و مەجوودییەتی قەوارەی کۆمار، تەنیا پشت بەستن بە وشیاری و خوێندنەوەی دروستی رەوتەکان لەلایەن ئەو رێبەرایەتی‌یەوە کیفایەت نەبوو، بەڵکوو هێزێکی بەرنگاربوونەوەی بەکردەوەش پێویست بوو کە خۆ لە قەرەی چەند زلهێزی جیهانی بدا کە ئەوەش مەسەلەیەک بوو لە مەیدانی کردەوەدا بۆ بەڕێوەبەریی سیاسەتی کوردی نەدەلوا.

## ''سیمبول و کاریزمای نەتەوەخوازیی کورد لە گوتاری مێژوونووسی حیزبی دا''

بەشێوەیەکی گشتی لە گشت بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازی دا، ئایدیای مێژوو رۆڵێکی هەرە گرینگی بینیوە. مێژوو لەلایەک یارمەتیدەر بووە بۆ دۆزینەوەی غروری نەتەوە و زیندووکردنەوەی یادەوەری‌یەکانی نەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە لە گەلێک بڕگەی مێژوویی‌دا نەتەوەخوازی و نەتەوە لە رێگای سیمبولەکانیەوە خۆی بینیوەتەوە و لە خەون و ئاواتەکانی دواوە. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین پێوەندیی نێوان سیمبولەکانی نەتەوەخوازی و

نەتەوە، پێوەندی‌یەکی زیندوو و ئۆرگانیکە. ئەگەر لەلایەک ئەوە نەتەوەیە دەبێتە داهێنەر و بەرهەمهێنەری سیمبولەکانی نەتەوەخوازی، لە هەمان کاتییش دا نەتەوە بە هۆی ئەو سیمبولانەوە دەتوانێ مانا بە ژیان ببەخشێ و وێنەی خۆی لە وێنەی ئەودا وێنا بکا.

"بە لای نەتەوەخوازەکانەوە هەروەک لای خێزانە "ناکۆکەکانی ڤێرۆنا"وە گوڵەباخێک بە هەر ناوێکی ترەوە ناو ببردرێت، بۆنەکەی هێندە خۆش نابێ. هەروەکو چۆن ململانەکەی ئەم دواییەی لەسەر ناوی مەقدۆنیە Macedonia بەڕوونی بیری هێناینەوە. ناوی گونجاو هەڵدەبژێرین، یان لە رابردوو وەردەگیرێن تا دەربڕی تایبەتمەندێتی و پالەوانێتی و هەستی یەک چارەنووسی نەتەوە بێت و بۆ ئەوەی ئەم سیمایانە لەناو ئەندامانی نەتەوەدا دەنگ بدەنەوە. هەر بەم جۆرە ئاڵای نەتەوەیی بەرەنگ و شێوە و نەخشیەوە و سرودی نەتەوەیی Anthems بە ئاواز و وشەکانیەوە سیما تایبەتیەکانی نەتەوە پێک دەهێنن و شێوازە ساکار و ریتمەکەی هەوڵی گەیاندنی پەیامی مێژووی ئاوازە و هاوچارەنووسی لەنێوان دانیشتواندا بڵاو دەکەنەوە."[12]

گرینگی و رۆلی بنەڕەتی ئەو سیمبولانە لە رەوتی نەتەوەخوازیی نەتەوەکان "ئانتونی دی سمیس" وەک یەکێک لە گەورەترین تیئۆریسیەنەکانی ئەم سەردەمە دێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە بنووسێ:

"بێگومان ناکرێت کە سیمبولیزمی نەتەوەیی هەروەک بزووتنەوە نەتەوەیی‌یەکان لە ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازی جیا بکرێتەوە. ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی هێزو ئاراستە دەبەخشێتە سیمبول و بزووتنەوەکان. بە هەمان شێوە سیماکانی سیمبول و زمانی نەتەوەخوازی بەو رولە دیار دەکرێن کە ئەمانە دەیگێڕن لە روونکردنەوە و قووڵ کردنەوەی ئایدیالەکانی نەتەوە و ئەو ئامانجانەی کە ئایدولۆجی نەتەوەخوازی دیاری کردوون."[13]

گرنگیی رەمزە نەتەوەیی‌یەکانیش خۆ لە مەودایەکی فرە چەشن و فرە رەنگ دا دەبیننەوە. وەک ئاڵا، وەک پارەی نەتەوەیی، وەک موزەخانە و کتێبخانە و هەیکەلی نەتەوەیی و مارشی سەربازی و سوێند خواردنی نەتەوەیی... بەڵام وەنەبێ سیمبولەکانی نەتەوەخوازی تەنیا لە بابەتی

بێگیان و رەمزی دا پێک هاتبێتن. بەڵکوو قارەمانانی نەتەوە و رێبەرانی نەتەوەش کە نوێنەرانی خەون و پێداویستییەکانی نەتەوەکەیان گرتۆتە ئەستۆ، بەشێکی هەرە گرینگی سیمبولیزمی نەتەوەخوازین.

بۆ نەتەوەی کورد پێشەوا قازی محەمەد سیمبولی هەرە گەورەی نەتەوەخوازیی کوردە. قسە کردن لە بیرو کردەوەکانی قازی محەممەد، قسە کردن لەسەر کەسایەتێکی ئاسایی نیە، بەڵکوو رۆچوونە بۆ نێو وەرزێکی گرینگ لە مێژووی نەتەوەخوازیی کورد.

بەڵام ئەگەر لە ناسیۆنالیزمی تورکیدا، کەماڵ مستەفا وەک سیمبولی نەتەوەخوازیی تورک بە پلەی پەرستن دەگەیەندرێ و نازناوی باوکی تورکان(ئاتا تورک)ی بۆ هەتا هەتا پێ دەبەخشرێت، یاخۆ لە ناسیۆنالیزمی فارس دا "رەزا خانی قەزاق" بۆ ئاستی "مێعماری ئێرانی نوێ" هەڵدەکێشرێ، کەچی لە گوتاری مێژوونووسیی حیزبی دا ئەو کەسەی یەکەم کۆماری مێژووی کۆن و نوێی کوردی بونیات نا تا ئاستی دامەزرێنەری سوننەتی ئاشبەتاڵ دادەبەزێندرێ.

نەتەوەخوازیی فارس هەوڵ دەدا بە درۆ و ساختەکاری مێژووی پڕ لە شانازیی 2500 ساڵەی شاهەنشاهی بۆ خۆی چێ بکات، کە چی لە گوتار و بەیانی مێژوونووسیی حیزبی دا یەکەم سەرۆک کۆماری کورد بە دامەزرێنەری رێورەسمی ئاشبەتاڵ" و بە کەسایەتییەکی بێمتمانە بەخۆ دەنرخێندرێ.

لە فاکتی یەکەم دا هاتووە:

"بەڵام راستییەکی بەرچاو هەیە کە ناکرێ چاوپۆشیی لێ بکەین. بەربەرەکانی لەگەڵ لەشکری شا بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان ئەگەر سەریش نەکەوتبا هەر نەبێ رێورەسمی خراپی ئاشبەتاڵی دانەدەمەزراند و گیانی خەباتگێریی بەهێز دەکرد و بێگومان ئاسەوارێکی شۆڕشگێڕانەی لەسەر دوارۆژی جووڵانەوەی دێمۆکراتی و نەتەوەیی گەلی کورد بەجێ دەهێشت."[14]

گەڕان بە دوای دۆزینەوەی ژێرخانی فیکری رەخنەی مێژوونووسیی حیزبی بەرانبەر بە پێشەوا وەک سیمبولی نەتەوەخوازیی کورد هێندە کارێکی دژوارو ئاستەم نیە. رەخنەی چەکی مێژونووسیی حیزبی، ئاکام و

بەرهەمی کارتێکەریی بیرو کولتوری چەپئاژۆییە. کولتوری رەخنەی تا سەر ئێسقان "بە موتلەق گرتنی هۆکارە نێوخۆییەکان"و "بەهێند نەگرتنی هۆکارە دەرەکی‌یەکان" لە شکان و سەرکەوتن، لە پێشکەوتن و دواکەوتن، رەهەندگەلێکی گرینگی بنەما فیکری‌یەکانی ئەو رەوتە فیکریەن. بەگوێرەی روانین و هزری ئەو رەوتە، هەموو شۆڕشێک لە ئاکامی تەقینەوەی ناکۆکی و ناتەبایی‌یەکانی نێوخۆیی‌یەوە سەرهەڵدەدەن و گەشە دەکەن و پێدەگەن. رۆلی فاکتەرە دەرەکی‌یەکان لە دەزگای ئەم بیرەدا لە باشترین حاڵەتی خۆیدا رۆڵێکی یارمەتیدەرە. لە کات و دەمی شکان و نسکۆش دا هەر بە هەمان شێوە.

بەڵام تاقیکردنەوەکانی ژیانی راستەقینە نیشان دەدا، وەرگرتنی ئەو یاسایە بۆ تاوتوێ کردن و شی کردنەوەی گۆڕانکاری‌یەکان، دەچێتە خانەی روانینێکی یەک لایەنە و لە زۆر کاتدا ناتوانێ وەڵامدەر بێ. رووخانی کۆمار یەکێک لەم بوارانەیە کە بە کەڵک وەرگرتن لەو میتودە ناتوانێ وەڵامێکی پڕ بەپێست بێنێتە ئاراوە. بەڵام ئەگەر لە فاکتی یەکەمدا باس لە "رێورەسمی خراپی ئاشبەتاڵ" کرا، لەم فاکتەی ئێستادا "متمانە بەخۆنەبوونی رێبەرایەتیی کۆماریش"ی لێ زیاد دەکرێ‌و دەنووسرێ:

"نەبوونی هێزێکی کارامە و پۆشتە و پەرداخ و بەتوانای چەکدار کە بتوانێ بەرامبەر بە پەلاماری سوپای ئێران راوەستێ و پارێزگاری لە کۆمار بکا، نەبوونی بناخەیەکی پتەوی ئابووری و ماڵی، قایم نەبوونی بەرەی نێوخۆیی و بوونی هێندێک هێ زو عەشیرەت کە تەنانەت لە دەورانی دەسەڵاتی کۆماریشدا پێوەندی‌یان بە دەسەڵاتی مەرکەزی‌یەوە هەبوو، بەرتەسکیی مەڵبەندی نفووزی حکومەتی کوردستان و لەویش زیاتر ئامادە نەکردنی تەنانەت ئەو بەشەش کە لە ژێر کۆنترۆلی کۆمار دابوو، رووخانی لە نەکاو و بێ‌بەربەرەکانی تەنیا هاوپەیمانێکی نیزیکی کۆمار، واتە حکومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان، بێ توانایی بەرەی یەکگرتووی هێزە سیاسی‌یەکانی ئێران و لە سەرووی هەموویانەوە حیزبی توودە کە هیچیان بۆ پشتیوانی لە دوو حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان لەدەس نەهات و پاش هەمووی ئەمانەش متمانە بەخۆنەبوونی رێبەرانی کۆمار."[15]

کاتێ کە نووسەری رەخنەگر باس لە هۆیەکانی رووخانی کۆمار دەکا، واقعییەتەکان لە کات و مەکانی خۆی رادەگوێزی و خەیاڵاتی خۆی لە جێی دادەنێ. ئەو، دەرەتان و ئیمکانی ئەمرۆیی و لەشکری خوێندەوارانی ئەم سەردەمە و کەرەسەی دیفاعیی ژێردەسەڵاتی رەخنەگر دەخاتە بەردەستی رێبەرایەتی کۆمار و تاوانباری دەکا کە نەیتوانیوە کەڵکیان لێوەر بگرێ. بەلام ئەوە هەر خەیاڵە و واقعییەت ناگۆڕێ. هەر رووداویک دەکرێ سەتان هۆی هەبی کە پێکیان هێناوە، بەڵام پشکنەر و دادوەر لە نێو ئەو هەموانەدا لە هۆی سەرەکی دەگەڕێ. لەو باسەی ئێمەش‌دا تەنیا هۆی سەرەکیی هەرەسی کۆمار دژایەتی دەرەکی و گونجاونەبوونی هەلومەرجی جیهانی بووە کە بوو بە کۆسپی سەر رێ و بەربەستکردنی رەوتی پەرەئەستاندنی سیستمی حکومەتیی کۆمار. بەڵام لەمەر نوقسانیی رێبەرایەتی کۆمار لە روانگەی نووسەرەوە مەسەلەکە راست بە پێچەوانە بووە. کارنامەی 11 مانگ حکومەتی رێبەرایەتی کۆمار ناراستیی ئەو ئیددیعایە دەخاتەروو و چرژاویی شووشەی تەنکی بەڵگەکە نیشان دەدا. ئەوەش شابەیتی ئەو پەسنوێژانەیە کە دەیانەوێ خۆیان بە شێوەیەکی باو لە لایەنێک‌دا دەرنەخەن. بێ ئینسافی‌یە کە دامەزرێنەری حکومەتێک بە بێ ئیرادەیی و بێ متمانەیی پێناسە بکرێ. لە مێژووی کوردو هیچکام لە رێبەرانی نەتەوەکانی دەوروبەردا رێبەرێکی سیاسیی ئاوا متمانە بەخۆ نابیندرێ کە بووبێتە رەمزی متمانە بەخۆیی و ئوستوورەی ئازادیخوازیی کورد. متمانە بەخۆیی و خۆڕاگریی سەرکۆمار بوو کە متمانەی بە وەچەکانی دوارۆژ بەخشی کە رێگەی ئەو بەرنەدەن. ئەو بوو بە هێماو رەمزی لەبیرنەکراو لە زەینی مێژوویی کورد دا.

بە مەبەستی نیشان دانی خوێندنەوەی ناتەواوی گوتاری مێژوونووسی حیزبی لە بەشی دواتری ئەم لێکۆڵینەوەدا هەوڵ دەدرێ قسە لەو نەزم و رەوشە جیهانی‌یە بکرێ کە لە چوارچێوەی ئەودا هیچ جێگایەکی بۆ مانەوەی کۆمار نەدەدا و کوردیش تەنیا بەپشت بەستن بە هێزی خۆی نەیدەتوانی مانەوەی کۆمارەکەی بپارێزێ.

## بارو دۆخی ئێران لە دوای داگیرکردنیدا

"لەو کاتەوە کە ڕەزاشا لێخرا تا ئەو کاتەی کار و باری وەزارەت بە ئەحمەد قەواموسولتەنە سپێردرا، ئێران لە نائارامییەکی سیاسیی بەردەوام دا بوو. وەزارەت دائەنرا پاش ماوەیەک لێئەخرا، بێ ئەوەی توانیبێتی هیچ یەکێ لە گیروگرفتە ئاڵۆزەکانی وڵات چارەسەر بکا."[16]

"مەحمود جەم، مەتین دەفتەری، عەلی مەنسوور (مەنسوورولمولک)، محەمەدعەلی فروغی، عەلی سوهەیلی، ئەحمەد قەوام سەلتەنە، دووبارە عەلی سوهەیلی، محەمەد ساعید مەراغەیی، مورتەزا قولی بەیات، ئیبراهیم حەکیمی، موحسین سەدر، دووبارە ئیبراهیم حەکیمی، ئینجا قوامی سەلتەنە، بەڕیز بە دوای یەکدا ئەهاتن و ئەڕۆیشتن، هەندێکیان لە چەند حەفتەیەک زیاتر نەیان ئەتوانی لەسەر کار بمێننەوە."[17]

"بەپێی ماددی 5ی پەیمانی 3 قۆڵیی: ئێران، روسیا، بەریتانیا 9ی11ی1329 ئەبو لە دوای بڕانەوەی جەنگ تا ماوەی 6 مانگ هاوپەیمانەکان هێزەکانی خۆیان لە ئێران ببەنە دەرەوە. لە 20ی گەلاوێژی 1324دا دوەمین جەنگی جیهانی بەرەسمی دوای خۆبەدەستەوەدانی بێمەرجی ژاپۆن، کۆتایی هات. سەرانی دەوڵەتانی هاوپەیمان کە لە پۆتسدام بۆ ڕێکخستنەوەی دنیای دوای جەنگ کۆبونەوە، ئەو بەڵێنەی خۆیان سەبارەت بە چۆلکردنی ئێران دوای بڕانەوەی جەنگ دابویان، دووبارە کردەوە. لە 21ی خەرمانانی 1324دا حکومەتی ئێران 3 یاداشتی دا بەسەفارەتەکانی 3 دەوڵەتە زلەکە: یەکێتی سۆڤیت، بەرتیانیا و ئەمریکا لە تاران، گفتەکانی خۆیانی لە بارەی بەجێهێشتنی ئێرانەوە بە بیر هێنا بوونەوە. هێزەکانی ئامریکا لە نیوەی یەکەمی ساڵی 1324دا و هێزەکانی بەریتانیاش تا کۆتایی هەمان ساڵ هەموو هێزەکانی خۆیان لە ئێران کێشایەوە. یەکێتی سۆڤیت مابو گفتەکانی خۆی بەجێ بهێنێ و ئەویش هێزەکانی لە ئێران بباتە دەرەوە، بەڵام یەکێتی سۆڤێت ئەیویست لە نرخی چۆلکردنی ئێران دا ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی سەروی ئێران وەربگرێ". [18]

لەو کاتەدا پۆستی سەرۆک وەزیرانی ئێران لە ئەستۆی حەکیم ئەلمولک بوو. "لە کاتێکدا هێزەکانی دێمۆکرات پادگانەکانی تەورێزیان گەمارۆ دابوو، حکومەتی ناوەندی ویستی لە تارانەوە هێزی ئەرتەش بۆ یارمەتی یان بنێری. ئوردوی سوور لە نزیک قەزوین رێگەیان پێگرت و گێڕایانەوە دواوە. سەرووەزیری ئێران "حکیم الملک" لەم بارەیەوە پەیامێکی بۆ سەرانی 3 دەوڵەتە گەورەکە نارد لەم ماوەیەدا دوەمین دانیشتنی کۆنفرانسی وەزیرانی دەوڵەتانی سەرکەوتوو لە مۆسکۆ ئەبەسترا. حکیم الملک ویستی بچێتە پایتەختی سۆڤیێتی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ وەزیرانی دەرەوە. کرملین گوێی نەدایە ئەم ویستە". [19]

ئەم دژکردەوەیە بە نۆرەی خۆی " حەکیم ئەلمولک "ی ناچار کرد لە رۆژی 1ی رێبەندانی 1324دا دەست لەکار بکێشێتەوە. لە رۆژی 6ی رێبەندانی 1324 مەجلیسی شورای میللی "ئەحمەدی قەوامی" بە سەرۆک وەزیری ئێران هەڵبژارد. لە هەڵبژاردنی "قوام" بۆ پلەی سەرووەزیری دەنگی نوێنەرانی حیزبی تودە لە ژێر کارتێکەریی کاربەدەستانی رووس رۆڵێکی یەکلاکەرەوەیی بینی.

لە جەریانی ململانەی نێوان "قەوام السلطنە"و "مؤتمن الملک" بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیری لە مەجلیسی شورای میللی دا لە مەر راسپاردەی کاربەدەستانی رووسی، فراکسیۆنی حیزبی تودە، دەنگی بە قەوام دا و لە ئاکامدا قەوام توانی بەسەر رەقیبی خۆی دا سەرکەوتن بەدەس بێنێ.

ئیرەجی ئەسکەندەری لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ:

"سەرنج راکیش ئەوەیە قەوام توانی تەنیا بەهۆی دەنگێکی زیاتر زۆرایەتیی پێویست بۆ سەرۆک وەزیری بەدەس بێنێ، بەڵام ئەو دەنگە چارەنووس ساز بوو... لەو کاتەدا رادمنش لە تاران نەبوو و لە گیلان بوو. دەسبەجێ تلگرافمان بۆ کرد کە بە زووترین کات خۆی بگەیەنێ. چونکە مەسەلەیەکی زۆر گرینگ لە ئارا دایە. رادمنیش دەس بەجێ حەرەکەتی کرد. راست لەو کاتیدا لە مەجلیس دەیانهەویست دەس بە دەنگ وەرگرتن بکەن، گەیشتێ." [20]

بۆ حیزبی تودە سیاسەتی پشتیوانی کردن لە قەوام خۆی لە چەند پینەوپەڕۆی تیئۆریکی دا دەبینیەوە. لەم پیوەندی‌یەدا لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی تودەدا هاتووە:

"... قەوام لە تەک گشت کاربەدەستانی تری دوای خەرمانان فەرق و جیاوازیی گرینگی هەبوو. چونکە ئەو نەتەنیا نەیویستووە سیاسەتی ئیستیعماری لە ئێران بەهێز بکات، بەڵکوو بە دژیشی راوەستاوە. لە راستیدا هەر ئەوەشە ئاغای قەوام لە کاربەدەستانی تر لە ئێران هەڵدوێرێ و ئازادیخوازان بۆ لای قەوام رادەکێشێ". [21]

لە سەرکەوتنی سناریۆکانی قەوام دا، فاکتۆرێکی تریش دەورێکی گرینگی هەبوو. ئەویش کێشە و رقەبەریی نێوان بنەماڵەی شاو قەوام بوو. قەوام توانی پێشینەی ئەو کێشەیە بکاتە دەسمایەیەکی گەورە بۆ بەدەس هێنانی دەسکەوتی سیاسی بەرچاو بۆخۆی. بەرانبەرەکانی قەوام هەموو پێیان وا بوو ئەو دەیهەوێ بەرە بەرە لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێراندا دەسەڵات بە شای ئێران لێژ بکات و لە سیاسەتی ئێراندا وەرچەرخانێکی نوێی دیکە بەرهەم بێنێ. هەر بۆیە لە هەڵسەنگاندنی کاراکتێری سیاسیی ئەودا تووشی زیادەرەویی گەورە هاتن و ریاکاریی ئەویان بە"حسن نیت" لە قەڵەم دا.

لە حاڵێکدا کێشەی نێوان قەوام و شا، کێشەیەکی بە تەواوی بنەماڵەیی نێوان دەسەڵاتداران بوو لەسەر لووتبەرزی و بەدەسهێنانی دەسەڵاتی زۆرتر، ئەم رقەبەری‌یە ململانەی نێوان دوو جۆر سیاسەت بۆ بەڕێوەبەریی وڵات و دەسەڵات و لاکردنەوە لە ویست و داخوازەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی دانیشتووی ئێران نەبوو. لەو رۆژگارەدا کە تەواوەتیی ئەرزیی ئێران بەرەو ئەوە دەچوو بە تەواوی لە گرێژنە بچێ، قەوام و شا هەموو چەشنە رەکەبەرایەتی‌یەکیان وەلا نا.

## قەوام کێ بوو؟

"قەوام کوڕی میزرا ئیبراهیمی موعتەمەد ئەلسەڵتەنەی ئاشتیانی بوو و لە ساڵی 1236ی هەتاوی لە تاران لەدایک بوو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە تاران کۆتایی پێدێنێ و دواتر دەس دەکا بە خوێندنی زمانی فەرانسەیی. لە تەمەنی حەڤدە ساڵی دا بۆ خوێندن دەچێتە ئۆرووپا. لە فەرانسە خوێندنی زانستی سیاسەت هەڵدەبژێرێ و دواتر بێ ئەوەی بتوانێ تەواوی بکا، وازی لێ دێنێ. لە گەڕانەوەی بۆ ئێران دەکەوێتە بەر سەرنجی مەزەفەرەدین شای قاجار و وەک "دبیر حضور" دیاری دەکرێ.
کاتی لە خەرمانانی 1320ی هەتاوی لەشکری رووس و ئینگلیز ئێرانیان داگیر کرد، ژیانی قەوامیش جارێکی تر بە تەواوی ئاوێتەی ناو جەرگەی سیاسەت بووەوە. ئەو لەو کاتەوە تا رۆژی مردنی سێ جار بە پلەی سەرۆک وەزیری گەیشت. جاری یەکەم لە ساڵی 1321 بۆ ماوەی حەوت مانگ، جاری دووهەم کە لە نێوان ساڵەکانی 1325 تا 1327 دابوو ماوەی یەک ساڵ و یازدەمانگ بوو بە سەرۆک وەزیرانی ئێران. دوایین جاریش کە لە ساڵی 1331 دا بوو بۆ ماوەی سێ رۆژ. لە هەر سێ جاردا سەردەمی بەدەستەوە گرتنی پۆستی سەرۆک وەزیری قەوام لە کاتێک دا بوو کە قەیران و ئاڵۆزی هەڕەشەی لە دەسەڵاتی سیاسیی ئێران کردوە."[22]
قەوام سیاسەتمەدارێکی زیرەک و پراگماتیست بوو. ئەو بۆ گەیشتن بە مەبەستی ستراتیژیکی و سەرەکیی خۆی، قایل بە پاشەکشەی کاتی و دانی ئیمتیاز لە حاند بەرامبەرەکانی بوو. ئەو دەیتوانی لە یەک کاتدا چەند شەخسیەتی دژ بە یەک بێ. لەژێرەوە لەگەڵ کاربەدەستانی مۆسکۆ لە کەین و بەین دابێ و خۆی لە بەرەی ئازادیخوازان دا ناونووس بکات. لە عەینی هەمان کاتیش لەگەڵ ئەمریکا و ئینگلیس بکەوێتە تەکبیر و راوە و بۆ گەڕانەوەی دیکتاتوری لە ئێران و هێرش بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان. لە هەمان رۆژیش دا لەگەڵ سەرانی فیرقە دابنیشێ و بە دانی وادە و بەڵێنی بە درۆ چەند مانگ سەرقاڵیان بکات. بۆیە بەڕاست زۆرمان نەگوتوە، گەر بڵێین: بە هەڵبژاردنی "قەوام" ئێران توانی لەو دۆزە

ئاڵۆزەدا و لە جەرگەی کایە سیاسییەکاندا بێتە هەڵگری دیپلۆماسێکی گەلێک ئاکتیو و چالاک. بۆ وێنە:

دوا بە دوای مۆر کردنی رێکەوتنامەی نێوان مۆسکۆ و تاران "سادچیکۆف" هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی رازی بکات کات وادەی هەڵبژاردنی خولی پازدەهەمی پارلمانی ئێران، پێش بخرێ. بەڵام قەوام بە بیانوی ئەوەی کە ئێران لە حاڵەتی داگیرکراوی دایە خۆی لە داواکارییەکانی مۆسکۆ دەدزیەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەش هەوڵی دا پیاوە گەورەکانی شیعەش بێنێتە نێو ئەو کایەیەوە و کڵاوێکی شەرعیش بۆ "سادچیکۆف" وەدووری.

"ئایەتوڵا حائری بروجردی" لە بیرەوەرییەکانی دا دەگێرێتەوە: "قەوام لە "ئایەتوڵا حائری بروجردی" راسپارد لە بەر ئەوەی ئێمە مەسەلەی ئازەربایجانمان هەیە، پێویستمان بەوەیە هەڵبژاردن بایکۆت بکات. ئاغای "بروجردی"ش نوێنەری بۆ گشت شوێنێکی دوور و نزیکی ئێرانی رەوانە کرد و داوای لە روحانیەت کرد تا ئەو کاتەی ئازەربایجان رزگار نەبووە دەوڵەت نابێ خۆ لە قەرەی هەڵبژاردن بدا."[23]

بڕبڕەی پشتی دیپلۆماسیی دەوڵەتی قەوام لەو رۆژانەدا پاراستنی یەکپارچەیی ئەرزیی ئێران و کشانەوەی هێزی هاوپەیمانان لە ئێران بوو. بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵی دەدا بە ئاشکرا و بەرەسمی لە سیاسەتی خۆبەستنەوە بە یەکێک لەو سێ دەوڵەتە خۆ بپارێزێ. قەوام وای دەنواند رێزی یەکسان لە بەرژەوەندییەکانی هەرکام لەو سێ زلهێزە بەبێ جیاوازی دەگرێ و قایل بە دروست کردنی پارسەنگێک لەنێوان بەرژەوەندییەکانی هەر سێ زلهێز دایە. لە ئاستی ناوخۆییشدا قەوام توانی بە خێرایی دامەزراوی سەرۆک وەزیری بکاتە سەنتەری سەرەکیی دەسەڵاتی سیاسی بۆ بەرەوپێش بردنی چالاکی و گەمە سیاسییەکانی.

دیارە لە خوێندنەوەی رەوتی رووداوەکان و رۆڵی کەسایەتییەکان نابێ زیادەرۆییش بکرێ و ئەوە لە بیر بکرێ قەوام لەگەڵ ئەوەی ئاکتەرێکی زۆر باشی کایە سیاسییەکان بوو و بە خێرایی دەیتوانی رەوتی رووداوەکان بخوێنێتەوە و لە کات و شوێنی لەباری خۆیدا مانۆری پێشڕەوی و پاشەکشە بدا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەش دەرباز بوونی

ئێران لە تەنگەژەی ساڵەکانی پاش شەڕ ناکرێ هەمووی بە حیسابی ئەو بنووسرێ. بۆ گەڕانەوەی سەروەریی ئێران و بۆ تێک شکاندنی هەر دوو قەوارەکەی کوردستان و ئازەربایجان وریایی و تەکبیر و شارەزایی لە بەند و بەستی پشتی پەردەی قەوام بە تەنیا وەڵامدەر نەبوو. بەبێ بوونی دوو زلهێزی دیکەی جیهانی واتە ئەمریکا و ئینگلیس قەوام هەرگیز نەیدەتوانی سەروەریی ئێران کە بە تەواوی لە گرێژنە چووبوو، سەر لە نوێ بگەڕێنێتەوە.

"حوسێنی فەردوست" لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ:

"لە راستیدا چ مەسەلەی دەرکردنی سوپای سور لە ئێران و چ رووداوەکانی دوای ئازەربایجان و کەوتنی حکومەتەکەی پیشەوەری زیاتر محمد رەزایان بەرە و ئامریکا پاڵ دەنا، رۆژێکیان دوو بەدوو بووین و پێی وتم: بەراستی ئەم ئەمریکایە زلهێزێکی عەجیبە و تەنیا بە پشت بستن بەوان ئازەربایجان لە چنگی شورەوی رزگاری بوو."[24]

لێکترازانی دەسەڵاتی سیاسی و نەبوونی هیچ چەشنە کۆنترۆلێکی تاران بەسەر گەلێک لە ناوچە و مەڵبەندەکانی لەو وڵاتە و بوونی هێزی هاوپەیمانان لە ئێران و لەوانەش گرینگتر پێکهاتنی حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان و مل نەدانی مۆسکۆ بۆ بەجێهێشتنی خاکی ئێران، هەموو نیشانەی ئەوە بوون دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران لەوپەڕی کزی و لاوازی و قەیران و ئاڵۆزیی خۆی دایە. کزو لاوازیی دەوڵەتی ئێران، بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەموو ئەو گرفتانە، ئامریکا دێنێتە سەر ئەو باوەڕە دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بەبێ پشتیوانیی ئامریکا هەرگیز ناتوانێ خۆی لێ دەرباز بکات. لەونێوەدا بەتایبەتی ملنەدانی مۆسکۆ بۆ بەجێهێشتنی هێزەکانی لە ئێران هاندەرێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی سیاسەتی ئامریکا بەرانبەر بە ئێران خۆی لە سیاسەتێکی گەڵاڵەکراوی روون و دیاردا بدۆزێتەوە.

لە دەسپێک و سەرەتای سەرۆک وەزیریی قەوام لە زستانی 1324 بڕیاردەران و کارگێرانی سیاسەتی ئەمریکا لەوە دەدوان کە راگرتنی سەربەخۆیی و تەواویەتیی ئەرزیی ئێران، تەنیا بە خۆتێهەڵکێشان و خۆ تێهەڵقوتاندنی رۆژئاواو بەربەرەکانی دەگەڵ مۆسکۆ دەکرێ و دەلوێ.

مەسەلەی ئازەربایجان و کوردستان رومایەکی روونکتری لە دەوری مێژووی ئەو لە بەربەرەکانی لەگەڵ کۆمۆنیزم دەدا بەدەستەوە. ئەو لاوازی‌یە کە لە بێهێزتر بوونی ئینگلیستان لە حاند شورەوی دەبینرا، ئەرکی پاراستنی سوود و بەرژەوەندیی رۆژئاوای دەخستە سەر ئەستۆی ئەمریکا. لەو روانگەیەوە، سیاسەتی ئەمریکا تەنیا دەربڕی سوودی هاوبەشی ئەو ولاتە لەگەڵ ئینگلیستان نەبوو. وەزعی روو لە کزی ئیمپراتۆری بریتانیا راستی‌یەکی دیکەشی بەدواوە بوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئەمریکا نەک هەر هاوپەیمان و پارێزەری ئینگلیستان بوو، بەڵکوو پارێزەر و ئاڵاهەڵگری نیزامێکیش بوو کە پاش شەڕ بەربەرەکانی لە بەرانبەر کومونیسم دا کرد و بنەمای سیاسەتی هێرشکارانەی خۆی بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ زاڵ بوونی شورەوی دا خستە کار. سیستەمێک کە سەرکەوتن تێیدا تەنیا لە ریگای دانانی سنوورێک بۆ پەل هاویشتنی شوورەوی‌یەوە دەلوا.

قەیرانی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان هاندەرێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی ئامریکا سیاسەتی خۆی لە سەرڕا داڕێژێتەوە. ئەم پێداچوونەوەیە هۆی خۆی لەو خاڵە دا نیشان دەدا کە جیهان پاش رووخانی نازی‌یەکان ببێتە مەیدانی گێرە و کێشە و رووبەڕوو بوونەوەی دوو بەرەی سەرمایەداری و سوسیالیزم مەترسیی پێشبینی نەکراوی لەگەڵ خۆی دا هێنابوو.

ئۆرووپا بەر لەوەی پێ راگەیشتبێ و پشوویەک بدا و دەرفەتی هەبێ بیرەوەریی شەڕ و کاول‌کارییەکانی بە زەینی مێژووی خۆی بسپێرێ،خۆی لە بەردەم گرفت و راستی‌یەکی حاشا هەڵنەگری تردا دیتەوە. کەرت بوونی وڵاتانی ئۆرووپایی و خۆ دیتنەوەی بەشێکی ئەو وڵاتانە لە بەرەی کۆمۆنیسم دا نەدیدەتوانی ئامریکا تووشی راچڵەکان و بەخۆدا هاتنەوە نەکات. لەنێو جەرگەی کەش و هەوایەکی وایە ئەمریکا بەرەو داڕشتنی سیاسەتێک کیشا کە بە دوکتورینی "ترومن" ناودێر کرا. دوکتورینێک کە جەوهەر و نێوەرۆکەکەی بریتی بوو لە خۆتەیار کردن بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پەلهاویشتنی دەسەڵاتدارەتیی شوورەوی. لەو گۆشەنیگایەوە ئێران دەچووە نێو یەکەمین تاقیکاری لە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ

مەترسیی روو لە گەشەی کومۆنیسم دا. سیاسەتێک کە ئاخر رۆژەکانی زستانی 1326 (1947) لەلایەن "ترومەن" سەرۆک کۆماری ئامریکا و لە پارلمانی ئەو وڵاتە بە رەسمییەتی تەواو گەیشت. ئامریکا لە ساڵانی دادێ بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتەی لەگەڵ گەڵاڵەیەکی دیکە تێکەڵ کرد کە بە ناوی گەڵاڵەی "مارشال" وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە ناودێر کرا. ئەم گەڵاڵەیە بەکارهێنای یارمەتیی نیزامی و ئابووری بەربڵاوی بۆ بوژاندنەوەی ئۆرووپای پاش وێرانییەکانی شەڕی دوەمی جیهانی لە خۆی دەگرت کە یونان و تورکیە و تا رادەیەکی دیاریکراو ئێرانیشی دەگرتەوە. بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتە رواڵەتی ئاشکرا و خوێندنەوەی تایبەتی دابەشکردنی جیهان بە دوو بەرەی دژبەر بوو کە بە شەڕی "کورە" لە ساڵی 1329 (1950)و پاشان دابەشکردنی ئالمان نیشانەی سەرەتایەکی پڕ لە مەترسی لە رەوتی ئاشتیی جیهان بە حیساب دەهات. بە پێکهاتنی دوو پەیمانی نیزامی "ئاتلانتیکی باکوری" و "وەرشۆ" لە ئاخرساڵەکانی دەیەی 1950ی زاییني دابەشکردنی جیهانی بە دوو بەرەی دژبەر قووڵ و بەرینتر کرد.

پشتیوانی و پشتگریی بێئەم لا و ئەولا و هەمەلایەنەی وڵاتانی رۆژئاوا و لە سەروی هەموانەوە ئامریکا لە شکاتی دەوڵەتی قەوام لە شورای هێمنی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەمەڕ بوونی هێزەکانی شوورەوی لە ئێران، سەرەتای رەوتێکی ئەوتۆ بوو.

بەپێی ئەوەی گوترا، لە گۆشەنیگای کێبەرکێی شوورەوی لە حاند ئامریکاش، بوونی هیزەکانی ئەرتەشی سوور و کەڵک وەرگرتنیان بە ناوی کەرەسەیەک بۆ وەدەس خستنی سود و قازانجی نەفتی شیمال، ناکرێ تەنیا لە گۆڕەپانی سودگەلی ئابووری دا بە دوای دا بگەڕێن. بەڵکو پێویستە لە روانگە و چوارچێوەیەکی گشتی تریش دا واتە لە مەیدانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەودا لە سنورەکانی باشوری خۆشی بێتە فام کردن. کاربەدەستانی مۆسکۆ لە بەدەس خستنی نەوتی باشووری ئێران، وێڕای وەبەرچاوگرتنی سوودی ئابووری حاشا لێنەکراوی، دەستەبەر کردنی هاوکێشی توانا و ئاڵوگۆر پێکردنی ئەو بە سوودی خۆی لە بەرامبەر رکەبەرەکانی دێرین بەحیساب دەهات، دەستەبەر کردنێکی کە لە روانگەی

مێژوویی‌یەوە سوننەت و بایەخێکی لەمێژینەی هەبوو. نیگەرانی و دڵەڕاوکێی بەردەوامی مۆسکۆ لە دەستێوەردانی ئینگلیس و پاشان ئەمریکا لە ناوچەی ژێر کاریگەریی خۆی دەورێکی زۆر چارەنووس‌سازی بۆ رێبەریی ئەو وڵاتە لەسەر مەسەلەی نەفتی باکور و پشتگیری لە کاریگەریی رۆژاوا هەبوو.

"جورج کینا"یش کارگێڕی سیاسیی باڵویزخانەی ئامریکا لە مۆسکۆ لە راپۆرتێک کە لە 7ی نوامبری 1944دا بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی ناردوە، هاندەری سەرەکیی سۆڤیەت تەنیا بە مەسەلەی نەوت نازانێ، بەڵکو بەدەس هێنانی ئاسایشی وڵاتەکەشی بە هۆکارێکی تر دەداتە قەڵەم و دەنووسێ:

"کرملین بۆ پاراستنی ئاسایشی سۆڤیەت، ئەو مەسەلەیە کە نابێ هیچ زلهێزێکی دەرەکی شانسی بەدەس هێنانی جێ پێیەکی لە باکوری ئێراندا هەبێ، زۆر بە گرینگ دادەنێ، لەوانەشە بێجگە لە کۆنترۆل کردنی هەرچی زیاتری کاروباری سیاسی و ئابووریی ئێران لەلایەن خودی سۆڤیەتەوە رێگەی دیکە بۆ دڵنیابوون لەو مەسەلەیە شک نەبا."[25]

**سیاسەتی قەوام**

سیاسەتی قەوام، گرتنە بەری سیاسەتی هەنگاو بە هەنگاو بوو. لەنێو ئەو هەنگاوانەش دا رازی کردنی کاربەدەستانی مۆسکۆ بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە ئێران لە پێشەوەی هەموو هەنگاوەکانی ترەوە بوو. بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش هەوڵی دەدا وا نیشان بدا بەوپەڕی پەرۆش و هەست بە بەرپرسایەتێکی تەواوەوە دەیهەوێ لە تەک بەرژەوەندی‌یەکانی مۆسکۆ لە ئێران هەڵسوکەوت بکات. هەڵبەت بەبێ ئەوەی درزێک بخاتە نێو پێوەندی‌یەکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئینگلیس. دیارە بەڕێوەبردنی گەمەی دیپلۆماسێکی لەم چەشنەش لەگەڵ ئەوەی لە پراکتیکدا کارێکی هاسان نەبوو، بەڵام بۆ گەڕانەوەی سەر لە نوێی سەروەریی ئێران، کارێکی پێویست بوو. قەوام لە رۆژی 18ی فێوریە لە کاتی پێشکەش کردنی بەرنامەی دەوڵەتەکەی بە مەجلیس رایگەیاند: "پێوەندی‌یەکانی

ئێران و سۆڤیەت دەبێ لەسەر بناغەی ڕێز دانان و متمانە پێکردنێکی بەرانبەر بونیات بنرێ". [26]

"هاوکات لەگەڵ تەئییدی کابینەی سەرۆک وەزیری قەوام لە مەجلیس، ستالینیش بە خێرایی پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ قەوام ڕەوانە کرد قەوامیش لە وەڵامی پەیامی پیرۆزبایی ستالین هیوای خواست بۆ وتوویژی نێوان ئێران و سۆڤیەت بچێتە مۆسکۆ. هەر هەمان ڕۆژ بانگهێشتنەکەی ستالین بەدەستی قەوام گەیشت و لە ماوەی 20 سەعات دا ڕۆیشتنی خۆی بۆ مۆسکۆ ڕاگەیاند."[27]

قەوام لە بەرەبەری سەفەری بۆ مۆسکۆ دەستی دایە یەکەم مانوڕی سیاسیی خۆی بۆ ڕاکێشانی دڵی کاربەدەستانی ڕوسی و هێنانە ئارای کەشوهەوایەکی پڕ لە متمانە و بۆ سەرکەوتن لە وتوویژەکاندا. لەو پێوەندییەدا گەلێک لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی حیزبی تودە (وەک ڕێبەر) کە مۆڵەتی بڵاوکردنەوەیان لێ ئەستاندراربۆوە، هەموو قەدەخە و قۆرغێکی لەسەر لا بردن و بەدەستووری ئەو قفلی دەرگا داخراوەکانی بارەگاکانی حیزبی تودە کرانەوە. بە گەیشتنی قەوام بۆ مۆسکۆ نێوەرۆکی وتوویژەکانی قەوام و کاربەدەستانی مۆسکۆ خۆی لە سێ تەوەرەدا دیتەوە.

تەوەری یەکەم مەسەلەی نەوت بوو. کاربەدەستانی مۆسکۆ بەر لە هەر شتێ پێوەندیی دۆستانەی نێوان سۆڤیەت و ئێرانیان لەوە دا دیتەوە کە ئیمتیازی نەوتی شیمالی ئێرانی پێ بدرێ.

مەسەلەی دووهەم هێنانە دەری هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران بوو. کاربەدەستانی ئێران و لەسەروی هەموان "قەوام" هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو کاربەدەستانی مۆسکۆ ناچار بکا کاتێک بۆ پاشەکشەی هێزەکانیان لە ئێران دیاری بکەن و کۆتایی بە داگیرکردنی ئێران بێنن.

سێهەم تەوەری وتوێژەکانش باس لە مەسەلەی ئازەربایجان بوو. لەو پێوەندییەدا تا ئەو جێگایەی بۆ سیاسەتی مۆسکۆ دەگەڕایەوە، مەسەلەی ئازەربایجان گرێدراوی مەسەلەی وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت بوو. جۆری وڵامی ئێران لە هەمبەر ئەو داوایە، جۆری دژکردەوەی ڕوسەکانی دیاری دەکرد. مەسەلەی پاشەکشەی هێزەکانیشی لە ئێران هەر بە هەمان شێوە بوو. واتە ئەویش بەسترابۆوە بە مەسەلەی وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی

باکور. له راستیدا هەر دوک مەسەله به وێنەی کارتێک بوون بۆ زەخت هێنانه سەر ئێران به مەبەستی ئیمتیاز وەرگرتن.

وتووێژی نێوان قەوام و کاربەدەستانی پایەبەرزی مۆسکۆ نزیک به سێ حەوتووی خایاند، بەڵام ئاکامێکی سەرکەوتوانەی لێنەکەوتەوە و نەیانتوانی به ئەنجامێکی هاوبەش بگەن. سەرنەکەوتنی قەوام له مۆسکۆ، ئەوی هان دا روو له گەمەیەکی دیپلۆماسیی تر بکات. بەرزکردنەوەی نارەزامەندیی ئێران لەمەڕ مانەوەی هێزەکانی روس له ئێران بۆ ئاستی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان نێوەرۆکی ئەو گەمه دیپلۆماسیيه بوو.

هەشت رۆژ دوای گەڕانەوەی قەوام له مۆسکۆ، "حوسین ئەعەلا" سەفیری ئێران له ئەمریکا و نوێنەری ئێران له رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان مەسەلەی مانەوەی هێزەکانی رووسی له ئێراندا دەوروژێنێ. لەم کاتانەدا دیپلۆماسیی ئێران زۆر بەئەسپایی و هەر لەو کاتەدا زۆر به وریایی کەڵکی لەو کارته له رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەردەگرت. لەو قۆناغەدا ئامریکا نەتەنیا دەبێته گەورەترین پشتیوان و پشتگری ئێران له رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵکوو دەبێته هاندەرێکی گەورەش بۆ ئەوەی تاران بێسڵ کردنەوە و دوو دڵی و رارایی داواکەی بێنێته گۆڕێ و پێی لەسەر دابگرێ.

قەوام لەو قۆناغەدا له هەوڵی پێکانی چەند مەبەست بوو: بەرزکردنەوەی نارەزایەتیی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان، مانەوەی هێزەکانی روس له چوارچێوەی کێشەی نێوان دوو وڵات دەرباز بکات و لایەنێکی نێونەتەوەیی پێ بدات و جێ پێی وڵاتانی تر بەتایبەتی ئەمریکا بێنێته مەیدان. له هەمان کاتیش دا دەرگای دیپلۆماسیی وڵاتەکەی بۆ پێک گەیشتنێک لەگەڵ مۆسکۆ هەروا به ئاواڵەیی بێڵێتەوە.

"یەک رۆژ پێش له هەڵوەشانەوەی پارلمانی ئێران، قەوام له کۆبونەوەیەکی پارلمانی ئێران دا، راپۆرتی سەفەری خۆی پێشکەش کرد. قەوام ددانی بەوە داهێنا که له وتووێژ لەگەڵ کاربەدەستانی مۆسکۆ

نەیانتوانیوە بە ڕێکەوتنێک بگەن، بەڵام هیواداریی خۆی دەربڕی بە هاتنی "سادچیکۆف" باڵوێزی نوێی مۆسکۆ سەر لە نوێ درێژە بە ڕەوتی وتووێژەکان بدرێ. بەڵام سەفەری قەوام ئەگەر نەیتوانی ڕێککەوتننامەیەکی هاوبەشی لێ بکەوێتەوە، لانی کەم بۆ لایەنی ئێرانی ئەو دەسکەوتەی هەبوو لە نزیکەوە گوێبیستی ویست و چاوەڕوانیی‌یەکانی مۆسکۆ بێ. بەگوێرەی ئەوەی قەوام لە ڕاپۆرتی سەفەرەکی دا لە پارلمانی ئێران دا دەیخاتە ڕوو، لە دوو لاوە کاربەدەستانی ئێران خاترجەم دەکا: یەکەم ئەوەیە کە مۆسکۆ بەهیچ جۆرێک چاوی تەماعی لە تەواویەتی ئەرزیی ئێران نەبڕیوە. مەسەلەی دووهەمیش مەسەلەی ئازەربایجان بوو کە بە ڕاشکاوی لەلایەن کاربەدەستانی مۆسکۆوە بە گرفتێکی نێوخۆیی لە قەڵەم دەدرێ کە دەبێ لەنێوان دەوڵەتی ئێران و سەرانی فیرقە بەهۆی وتوێژو دانوستانەوە هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێ."[28]

تەنیا مەسەلەیەکی کە لەو نێوەدا دەبێتە کۆسپی پێک گەیشتنێکی هاوبەش، مەسەلەی نەوتە. ستالین لە وتووێژەکاندا بەڕاشکاوی تەوەری نەوت دێنێتە نێو ناوەندی وتووێژەکانەوە، بەڵام قەوام بە گوتنی ئەوەی کە وتووێژ لەسەر مەسەلەی نەوت لە سەڵاحییەتی بەرپرسایەتیی ئەو دا نیە لەو قۆناغەدا داواکاریی کاربەدەستانی مۆسکۆ دەداتە دواوە.

لەو ساتەوەختانەدا دیپلۆماسیی ئێران لەسەر دووڕێیانێک ڕاوەستابوو: یا دانی ئیمتیازی نەوت یا خۆ ملکەچ نەکردن لە بەرامبەر ئەو داوایەی کاربەدەستانی مۆسکۆ.

بە دانی ئیمتیازی نەوت، دیپلۆماسیی تاران دوو دەسکەوتی بەدەس دێنا. لەلایەک کاتێک بۆ کشانەوەی هێزەکانی ڕووس لە ئێران دیاری دەکرا و لەلایەکی دیکەش دەستوباڵی بەتەواوی بۆ سەرکوت کردنی ئازەربایجان و کوردستان ئاواڵا دەبوو. قەوام لە دانیشتنێکی لەتەک "جورج ئالن"دا دەڵێ:

"مەسەلەی سەرەکیی ڕووسەکان مەسەلەی نەوتە. قەوام بە دڵنیایی‌یەوە بە "جۆرج ئالن" دەڵێ: ئەگەر ڕووسەکان ناچار بە هەڵبژاردنێک لە نێوان نەوت و مەسەلەی ئازەربایجان بکرێن، بۆ نەوت حازرن پشت لە ئازەربایجان بکەن."[29]

## دەس پێکردنەوەی سەرلەنوێی وتووێژەکان

بە هاتنی "سادچیکۆف" بۆ تاران و دەس پێکردنەوەی خولی دووهەمی وتووێژەکان دیپلۆماسیی ئێران لە نێوان ئەو دووڕێیانە، ڕێگای یەکەمی هەڵبژارد.

"لە 4ی ئاوریل قەوام و سادچیکۆف (باڵوێزی سۆڤیەت لە ئێران) پەیماننامەیەکیان ئیمزا کرد و ئەو خاڵانەی تێدا بوو:

1_ بەشەکانی ئەرتەشی سوور لە ڕێکەوتی 24ی مارسی 1947ەوە واتە یەکشەمە چواری خاکەلێوەی 1325 لە ماوەی مانگ و نیوێک تەواوی خاکی ئێران چۆل بکەن.

2_ ڕێکەوتننامەی دامەزرانی شیرکەتی دوولایەنەی نەوتی ئێران و سۆڤیەت و مەرجەکانی لە تاریخی 24ی مارس تا تەواو بوونی ماوەی حەوت مانگ بۆ پەسند کردنی مەجلیسی پازدەهەم پێشنیار دەکرێ.

3_ سەبارەت بە ئازەربایجان لە بەر ئەوەی ئەمرێکی ناوخۆیی ئێرانە، تەرتیبێکی هێمنانە بۆ ئیسلاحات بەپێی قەوانینی مەوجوود و بە گیانی خێرخوازی بەرانبەر بە خەڵکی ئازەربایجان لە نێوان دەوڵەت و خەڵکی ئازەربایجان دەدرێ."[30]

بە ئیمزا کردنی ئەو ڕێککەوتنامەیە هەوڵ و دیپلۆماسیی قەوام توانی لە گەیشتن بە سەرکەوتن نزیک ببێتەوە. ڕێککەوتننامەکە سێ تەوەری لەخۆدا جێ کردبۆوە کە هەر سێکیان بە قازانجی دەوڵەتی ئێران بوون. تەوەری یەکەم وەرگرتنی ڕەزامەندیی مۆسکۆ بوو بۆ بردنە دەری هێزەکانی لە ئێران. لە ڕوانگەی ئێرانەوە ئەم بەشە لەو بەڵگەنامەیە خاوەنی گرینگی‌یەکی تایبەتی بوو. دەوڵەتی ئێران بە جێبەجێ کردنی ئەم هەنگاوە جارێکی دیکە سەروەریی سیاسئی بۆ دەگەڕایەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بە نەمانی لەشکری ڕوس لە ئێران باشتر دەیتوانی بەرەنگاری ئازەربایجان و کوردستان بێتەوە. ئەم بەرەنگاربوونەوەش بەگوێرەی دەقی ڕێککەوتننامەکە بە مەسەلەیەکی نێوخۆیی لەقەڵەم دراوە و بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتیش هیچ لایەنێکی دەرەکی بۆی نەبوو لە کێشەی نێوخۆیی وڵاتان دا خۆی تێ هەڵقورتێنێ. لە بەرانبەر هەموو ئەو دەسکەوتانەی

ئێران بە گوێرەی ئەو رێککەوتننامەیە بەدەستی هێنابوو، تەنیا وادەیەکی دڵخۆشکەرانە بۆ مۆسکۆی تێدا دەبینرێ ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەتی ئێران لە سەریەتی دوای تێپەڕبوونی حەوت مانگ مەسەلەی وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت بباتە مەجلیس.

**وەرچەرخان لە سیاسەتی مۆسکۆدا**

بە ئیمزا کردنی ئەو رێککەوتننامەیە وەرچەرخانێکی گەورە لە سیاسەتی مۆسکۆ بەرانبەر بە ئازەربایجان و کوردستان هاتە ئاراوە. ئەگەر لەمەوبەر ئازەربایجان و کوردستان لە سیاسەتی کاربەدەستانی سۆڤیەت دا لایان لێ دەکرایەوە، لێرە بەدواوە بەرژەوەندیی مۆسکۆ لە بەندو بەست و سازان لەگەڵ تاران خۆی دەدیتەوە. واتە لەو قۆناغەدا جێگۆڕکێیەکی گەورە لە سیاسەتی مۆسکۆ دێنە گۆڕێ. سیاسەتی دیفاع و یارمەتی جێگای خۆی دا بە زەخت و فشارهێنان بە مەبەستی لکاندنەوەی ئازەربایجان و کوردستان بە دەسەڵاتدارانی تارانەوە. هێنانە خواری ئاستی داخوازەکان و پاشگەز بوونەوە لە بوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی هەر دوو قەوارەی کوردستان و ئازەربایجان کاکڵ و نێوەرۆکی ئەو زەخت و فشارەی پێک دێنا.

زەخت و فشاری کاربەدەستانی مۆسکۆ بۆ لکاندنەوە و گرێدانەوەی سەر لە نوێی کوردستان و ئازەربایجان بە ئێرانەوە، تەنیا بە مانای پاشەکشە لە ئامانج و ستروکتوری سەربەخۆی هەر دوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان نەبوو، بەڵکوو کردنەوەی دەلاقەی وتووێژ لەگەڵ تاران بە مانای مەشرووعییەت دانەوەی سەر لەنوێ بە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران لە کوردستان و ئازەربایجانیش بوو.

ئیتر لێرەوە پێوەندییەکانی نێوان سەرانی فیرقە و کاربەدەستانی سۆڤیەتی خۆ لە پانتاییەکی تردا دەبیننەوە. کاربەدەستانی مۆسکۆ لە دوای وەرگرتنی وادە و بەڵێنیی وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت لە قەوام، بەر لە هەموو شت هەوڵیان دا سەرانی فیرقە ناچار بکەن لە پلە و ئاستی ئامانج و

دەسکەوتەکانیان پاشەکشە بکەن و جارێکی تر خۆیان بە بەشێک لە ئێران بزانن و رابگەیەنن داواکانیان لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران دایە.

سەرانی فیرقە لە سەرەتاوە بە هیچ جۆرێک حازر نەبوون لە ژێر پاڵەپەستۆی دیپلۆماسی تازەی مۆسکۆ بۆ سیاسەتی لکاندنەوەی سەر لە نوێ بۆ تاران مل راکێشن. بەڵام لەو قۆناغەدا سیاسەتی مۆسکۆ بەرگری لە هەر چەشنە هەوڵ و کردەوەیەک بوو کە ناسەقامگیریی سیاسی و لەرزۆک بوونی دەسەڵاتی ناوەندی لە تارانی لێ بکەوێتەوە. لە وەرچەرخانی سیاسەتی مۆسکۆدا رۆژژمێری بۆ ئەوە دەکرا پارلمانی ئێران هەرچی زووتر دەس بەکار بکاتەوە و وادەی بەڵێنی دراوی قەوام سەبارەت بە دانی ئیمتیازی نەوتی ئێران بە رووس خێراتر پەسند بکات. بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی واش، سروشتی بوو لە دژی هەر چەشنە دژکردەوەیەک بوەستێتەوە کە دەیتوانی لە ئازەربایجان و کوردستان بێتە ئاراوە.

"پێنجەمی ئاوریل لە تەبرێز پیشەوەری، شەبستری، پادگان و جاوید لەگەڵ میرزا ئیبراهیمئۆف، حەسەن ئۆف، ئاتاکیشیف و کەریم ئۆف چاویان بە نوێنەرانی ئازاەربایجانی سوڤییەت دەکەوێت. دوکتور جاوید ڕایگەیاند کە شەوی ڕابردوو لە رادیوی سۆڤیەت لەسەر وتوێژەکانی "سادچیکۆف" و "قەوام ئەلسەڵتەنە" هێندێک خەبەری بیستووە. گۆیا لەم وتووێژانەدا باسی چارەسەرکردنی ئازەربایجان کراوە... لەمبارەوە "میرزا ئیبراهیم ئۆف" ڕایگەیاند: ئێستا هەلومەرجی سیاسیی جیهان و بەتایبەت بارودۆخی ئێران زۆر تێکچراوە. بۆیە هاوکات لەگەڵ سەقامگیرکردنی حکوومەتەکەتان، دەبێ بیر لە داهاتووش بکەینەوە. ئێوە دەبێ پێشبینیی رووداوەکانی ئایەندە بکەن،خۆتان بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ئەم رووداوانە ئامادە بکەن و لە هێندێک مەوردی دیاردا تەنانەت سیاسەتی خۆتان بگۆڕن. کێشە لەوەدایە کە پاش کشانەوەی هێزەکانی سۆڤییەت رەنگە قەوام ئەلسەڵتەنە پێشنهادتان پێ بکات لەسەر کیشەی ئازەربایجان وتووێژی لەگەڵ بکەن. بۆ پێشگرتن لە خوێنڕشتن و بە خاتری سەرکەوتنی کاری هاوبەشی ئیمە، ئێوە دەبێ لە کاتی پێویستدا هێنندێک لە خۆ بوردوویتان هەبێت. ئەم باسە پێوەندیی بە سیاسەتی

سۆڤیەت و وتووێژەکانی ئێستای نێوان حکوومەتی تاران و یەکێتی سۆڤییەتەوە هەیە. ڕێبەرانی ئێمە دەستووریان داوە کە را و بۆچوونی ئێوە لەمبارەوە بزانین و بەرە بەرە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین."[31]

"پیشەوەری لە نوینەرانی باکوو پرسیاری کرد: ئێوە بەوردی چ لە خۆبوردووییەک لەبەربەر قەوام ئەلسەڵتەنەدا پێشنیار دەکەن؟ "ئاتاکیشیف" و "میر ئیبراهیم ئۆف" لە سەر ئەوەی چ لەخۆبوردووییەک دەبێ ئەنجام بدرێت،هیچیان نەگوت. بەڵام پێشنیاریان کرد کە لە کاتی پێویستدا، حکوومەتی نیشتمانی دەبێ ئامادە بێ لە ئاست حکوومەتی تاراندا ئەوپەڕی لەخۆبوردن لە خۆی نیشان بدات."[32]

بۆ پیشەوەری کە رۆژگارێک شان بە شانی "میرزا کووچەک خان" خەباتی کردبوو کێشانەوەی هێزەکانی ئەرتەشی سوور تشتێکی دیکە جیا لە دووپاتکردنەوەی خەمهێنەری ڕووداوەکانی "گیلان" لە ساڵەکانی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی نەبوو. کارگێڕانی سیاسەتی مۆسکۆ لە رابردووشدا بە کێشانەوەی هێزەکانی خۆیان لە "رشت" بزووتنەوەی "جەنگەڵیان" کردە قوربانیی تێڕوانینەکانی دیپلۆماتیک و ئەم جارەش لە ئازەربایجان ئەم شێوە کارەیان کردەوە.

هاوچەشنی‌یەکی کە پیشەوەری لە نێوان بزووتنەوەی "گیلان"و "ئازەربایجان" سەرنجی دەدایە،سەرەڕای هەبوونی هێندێک جیاوازی، هێندەش لێک دوور و بێبنەما نەبوون. ستالین کێشانەوەی هێزەکانی بە لەبەرچاو گرتنی تێبینیەکانی لەمەڕ هەبوونی ئینگلیس و ئەمریکا لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان دا بەشێوەیەک دەڕازاندەوە و لینینش ئەم کارەی بەدەستەبەری دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ئینگلستان وەک پێویستی‌یەکی چارەنووس‌ساز بۆ یەکەمین ساڵەکانی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبری لەقەڵەم دەدا. ستالین هەموو سەرنجی خۆی دابووە سەر پەسندکردنی رێککەوتننامەی خاکەلێوەی 1325 (ئاوریلی 1946). لینینیش پەسند کردنی قەراردادەکەی مانگی رەشەمەی 1299 (فوریەی 1921)ی لەبەرچاو بوو، کە بزووتنەوەی گیلانی دەکردە قوربانیی ئەو رێککەوتنە. لە هاوچەشنی‌یەکی سەرسوڕهێنەردا قەوام لە هەر دووک سەردەم واتە چ لە سەردەمی بزووتنەوەی جەنگەڵ و چ لە سەردەمی مەسەلەی

ئازەربایجان و کۆماردا، هەر چەشنە سازان و سات‌وسەودایەکی بە مەرجی کێشانەوەی هێزەکانی شورەوییەوە دەبەستەوە.

"زەنجیرە ڕەخنەکانی پیشەوەری لە ئاست سیاسەتی سۆڤییەت لە مانگەکانی مارس - ئاوریل: ئاماژەی ئەو بە هەڵوێستی سۆڤییەت لە شۆڕشی گیلان لە ساڵی 1920، دڕدۆنگ بوون لە ئاست سیاسەتی سۆڤییەت و ئەوەی کە ڕێبەرانی شەورەوی فریویان داون، ببووە هۆی دڵئێشانی ستالین. هەشتی مانگی مای(18ی بانەمەڕی 1325) پێش تەواوبوونی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤییەت لە ئازەربایجان، ئەو(ستالین-ئەیووب‌زادە) نامەیەکی تایبەتیی بۆ پیشەوەری نارد."[33]

## نامەی ستالین بۆ پیشەوەری

نامەی ستالین بە نۆرەی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر ڕووناکایی دەخاتە سەر هێندێک لایەنی لێڵ و تەماوی. لە نامەی ستالین دا هەم وەرچەرخانی سیاسەتی مۆسکۆ لە دوای مۆر کردنی ڕێککەوتننامەی نەوت لەگەڵ تاران بە باشی دەبینرێ و هەم لەلایەکی دیکەشەوە زەختی سیاسەتی مۆسکۆ بۆ لکانەوەی ئازەربایجان بە تاران و دڵخۆش کردن بە ریفۆرم و ئیسلاحاتی قەوام، دێتە بەرباس. ستالین لە نامەکەدا دەنووسێ:

"لە ئێران قەیرانی بەهێزی شۆڕشگێڕانە نییە، ئێران لە حاڵەتی شەڕ لەگەڵ دوژمنانی دەرەوەدا نییە کە سەرنەکەوتنی ببێتە هۆی لاواز بوونی کۆنەپەرستی و قووڵبونەوەی قەیران. تاکوو سوپای سۆڤیەت لە ئێران هەبوو ئێوە دەرەتانی درێژەدان بە خەباتتان لە ئازەربایجان هەبوو و دەتانتوانی بزووتنەوەیەکی دیمۆکراتیک بە داخوازییەکی دوورودرێژ و فراوان ڕێکبخەن. بەڵام سوپای ئێمە دەبوایە لە ئێران بکشێتەوە کە کشایەوە،... ئێمە نەمانتوانی ئەوان زیاتر لە ئێران بهێڵینەوە. زۆرتر لەبەر ئەوە، مانەوەی سوپای ئێمە لە ئێران بنەڕەتی سیاسەتی ڕزگاریخوازانەی ئێمەی لە ئاسیا و ئۆرووپادا خەوشەدار کرد. ئەمریکایی و ئینگلیزییەکان بە ئێمەیان گوت کە ئەگەر سوپای سۆڤیەتی دەتوانێ لە ئێران بمێنێتەوە، بۆ دەبێ سوپای ئینگلیز نەتوانێت لە میسر و سوریا و ئەندەنۆزیا و یۆنان و،

سوپای ئەمریکاش لە چین و ئیسلەند و دانمارک دا بمێنێتەوە... ئێستاش لە ئێران ئێمە بەرەورووی چین؟ ئێمە تێکهەڵچوونی دەوڵەتی "قەوام"مان هەیە لەگەڵ لایەنگرانی ئینگلیز کە کۆنەپەرستترین داروودەستەن لە ئێران. رابردووی کۆنەپەرستانەی قەوام هەرچۆنێک بووە، ئێستا ئەو ناچارە لە بەرژەوەندییەکانی خۆی و، هەروەها پاراستنی دەوڵەتەکەی خۆی، هێندێک ریفورمی دیمۆکراتییانە بکات و بە دوای پاڵپشت لە ناو هێزە دێمۆکراتەکانی ئێراندا بگەڕێت... تاکتیکی ئێمە لەو کەین‌وبەینەدا دەبێ چی بێ؟ من وا بیر دەکەمەوە کە ئێمە دەبێ لەم تێکهەڵچوونەدا کەڵک وەرگرین بۆ ئەوەی قەوام پاشگەز نەکات، دەبێ پشتیوانی لێبکرێت تاکوو لایەنگرانی ئینگلیز وەلا بخرێن و بەم چەشنە هێندێک پێگە بۆ دێمۆکراتیزە کردنی ئێران پێک بێت."[34]

بەڵام گرتنە بەری سیاسەتێکی ئەوتۆ هەر تایبەت بە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ستالین نەبوو. قوربانی کردن و پشت کردن لە بزووتنەوەکانی رزگاریخوازانە لە بەرامبەر وەرگرتنی ئیمتیازگەلێکی ئابووری و بازرگانی دا، بوو بە بەشێک لە دوکتورینی سیاسەتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت و هەوڵ درا بخرێتە چوارچێوەیەکی تئۆریکی و بۆ خاپاندنی بیروڕای گشتی لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان.

ئەو چوارچێوە تئۆریکی‌یە کە لەلایەن تئوریسیەنەکانی مۆسکۆوە بەناوی تئۆریی گەشە کردنی غەیرە سەرمایەداری‌یەوە بە ساڵانێکی دوورودرێژ کات و کاری بۆ تەرخان دەکرا، راست هەر لە درێژەی ئەو رێبازە دابوو. لە ژێر کارتێکەریی ئەو تئۆرییە لە عێراق سیاسەتی سۆڤیەتی لە جێگای دیفاع لە مەسەلەی کورد، پشتیوانیی لە عبدالکریم قاسم کرد. لە سەردەمی رێژیمی شادا لە پێناوی فرۆشتنی چەک و چۆڵ بە ئێران و کێبەرکێ لەگەڵ ئامریکا بۆ دەس بەسەر داگرتنی هەرچی زیاتری دامەزراندنی پێوەندیی بازرگانی، رێژیمی شای بە "مترقی"و پێشکەوتنخواز لەقەڵەم بدا. لە غەنا، لە میسر، لە ئەندۆنزی و لە سەردەمی حکومەتی ئایەتوڵڵاکانیش هەر بە هەمان شێوە سیاسەتی دەرەوەی مۆسکۆ بەرژەوەندیی خۆی لە بەرەی ئەو دەوڵەتانەدا دیتەوە.

پیاده کردنی دەقی ئەو سیاسەتە لە دوو قۆناغی هەستیاری ژیانی سیاسیی فیرقەی ئازەربایجان بە باشی دەبینرێ. قۆناغی یەکەم قۆناغی دەسپێکی وتووێژەکانی فیرقە لە تاران بوو. قۆناغی دووهەمیش ئەو کاتە بوو کە قەوام بە بیانووی هەڵبژاردن هێزەکانی بۆ ئازەربایجان ڕەوانە کرد. "دوکتور نەسروڵا جەهانشالو ئەفشار" لە کاتی نووسینی بیرەوەرییەکانی دا دەگێڕێتەوە:

"لە یەکەم ڕۆژەکانی بانەمەڕەی 1325،حەوتوویەک پێش کشانەوەی دوایین سەربازی شەورەوی لە خاکی ئێران ،وتووێژی قەوام و پیشەوەری لە تاران دەستپێکرد. سەرەڕای ئەوەی کە پیشەوەری هیوایەکی بە سەرکەوتنی ئەم وتووێژانە نەبوو، بەڵام بەپێێ سیاسەتی مۆسکۆ خۆی بە ناچار لە بەشداریکردنیان دەدیت. لە تاران دووجاری ئاغای قەوام ئەلسەڵتەنە و دووجار لەگەڵ ئاغای سادچیکوف لە باڵوێزخانەی شۆرەوی و چەند جاریش لەگەڵ ئاغای موزەفەری فیرووز لە ماڵی خۆیدا لە جەوادیە(گەڕەکێک لە باشووری تاران- ئەیووبزادە)چاوپێکەوتنی ئەنجامدا."[35]

"چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئاغای قەوام ئەلسەڵتەنە دۆستانە بوو. کاتێک لە ناوبڕدا قاوەمان دەخواردەوە، ئاغای قەوام ئەلسەڵتەنە هەلیبۆ ڕەخسا و خۆی لەمن نزیککردەوە و گوتی جەنابی دوکتور ئێوە بەم ئیستێعدادەی کە هەتانە جێگاتان لای ئێمەیە نەک تەبریز... ".[36]

"کاتێک ئاغای پیشەوەری بە تامەزرۆییەوە باسی داخوازەکانی خەڵکی ئازەربایجانی دەکرد،ئاغای قەوام ئەلسەڵتەنە بزەی دەهاتێ و، مەبەستی ئەوە بوو کە ئەوانە داخوازیی ئێوەیە نەک خەڵکی ئازەربایجان. ئەم دیدارە بە سووکە هیوادارییەکەوە کۆتایی پێهات و درێژەی وتووێژەکە دانرا بۆ دیدارەکانی داهاتوو. ئاشکرا بوو کە ئاغای قەوام خەریکی کات کوشتن بوو."[37]

"پیشەوەری لە هەموو چاوپێکەوتنەکاندا گرژیی دەنواند. پێموایە هەر ئەو شەوەی دیداری یەکەم لەگەڵ ئاغای قەوام ئەلسەڵتەنە بوو کە سادچیکۆف ئێمەی بۆ باڵوێزخانەی سۆفییەت بانگهێشت کرد... لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاغای سادچیکۆف بەرێزان پیشەوەری و پادگان و

من هەر سێکمان بەشدار بووین...ئاغای عەلی ئۆف ئەندامی وەزارەتی دەرەوەی ئازەربایجانی شەورەوی و کارداری باڵوێزخانەی رووس لە تاران وەرگێرمان بوو.(ئەم عەلی ئوفە پاشان تا دەفتەری سیاسیی حیزبی کومونیستی سۆفییەت هەڵکشا و پاش لێکبلاو بوونی سۆڤیەت، بووبە سەرۆککۆماری ئازەربایجان و ناسیونالیستیکی تۆخ و دەسبەجێ رووی لە رۆژئاواکرد . پاش خۆی کورەکەی بووە سەرۆکۆماری ئازەربایجان-ئەیووبـزادە) ئاغای سادچیکۆف بە ئاشکرا گوتی ئەرتەشی ئێمە ئێستا خەریکی کشانەوە لە ئازەربایجانە. بێگومان هەلومەرجی ئێوە پاش کشانەوەی ئێمە زۆر دژوار دەبێ، بۆیە دەبێ لە وتوویژەکانتان لەگەڵ ئاغای قەوام ئەلسەڵتەنە و نزیکایەتی کردنی، لانیکەم مەودایەک بۆ پاراستنی خۆتان دەست بخەن. ئێمە تا ئێستا یارتمەتی ئیوەمانداوە و ئاغای قەوام ئەلسەڵتەنەمان رازی بە وتوویژ لەگەڵ ئێوە کردوە، ئێوەش دەبێ نەرمیەکی زۆر لە خۆتان نیشان بدەن. "[38]

"رۆژی پاشتر ئاغای موزەفەری فیرووز هاتە لامان و ئەوەی کە رۆژی پێش بە من و ئاغای پیشەوەریی راگەیاندبوو،بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لەحوزووری هەموومواندا دەری برێ. کەس قسە یا هەڵویستێکی نەگرت ،جگە لە ئاغای ئیبراهیمی کە ئەویش لە بەهۆی تێنەگەیشتنیەوە بوو...پاشان ئاغای فیرووز بەتەنیا لەگەڵ من قسەی کرد . ئەو بەمنی گوت کە سادچیکوف لە ئاغای پیشەوەری نارازییە. ئاغای ئیبراهیمیش تێبگەیەنن کە پاش رویشتنی ئەرتەشی شەورەوی، ئەرتەشی ئێران دێت بۆ ئازەربایجان، بۆیە هەموو هەوڵی ئێمە ئەوەیە کە لێخۆشبوونێکی گشتی بۆ ئازەربایجان لە مەجلیس وەرگرین و بە ئیمزای شای بگەیەنین."[39]

"دوو رۆژ پاشتر دیسان بۆ شەو سادچیکۆف ئێمەی بۆ سەفارەت بانگهێشت کرد. من و بەرێزان پیشەوەری، پادگان بوین. ئاغای سادچیکۆف تێلگرافی ستالین کە بۆ پیشەوەری ناردبوو پێداین. ناوەرۆکی تەڵگرافەکە بەم چەشنە بوو: شۆرش هەوراز و نشێوی هەیە و ئێستا دەبێ مل بەم نشێوە بدەن و خۆتان بۆ داهاتوو ئامادە بکەن. ئاغای سادچیکۆف تێلگرافەکەی لێوەرگرتینەوە."[40]

چاوپێکەوتنی جاری دووهەمی نێوان قەوام و پیشەوەری و هاوڕێیانی ئاکامێکی ئەوتۆی لێناکەوێتەوە، پیشەوەری لەو کۆبوونەوەیەش دا حازر بەوە نابێ هێزی چەکداری خۆی هەڵوەشێنێتەوە و لەو لاشەوە قەوام و کاربەدەستانی تارانیش بە هیچ جۆرێک قایل بەوە نابن لەگەڵ ئەو داوایە رەزامەندی نیشان بدەن. پێداگریی لە رادەبەدەری پیشەوەری بۆ هێشتنەوەی باسکی چەکداری فیرقە، بە ئاشکرا بێ‌متمانەیی ئەوی بەرانبەر بە کاربەدەستانی تاران دەگەیاند. کەچی لەگەڵ ئەوەش لە ژێر زەختی کاربەدەستانی مۆسکۆ، قایل بە کرانەوەی دەرگای وتووێژ لەگەڵ تاران کرا. هەرچەند کە دەیزانی ئەو رێگایە پتر لە پێوانی کوێرەڕێیەک نیە. بە واتایەکی تر رەنگە باشتر بێ بڵێین چەرخی کاری پیشەوەری لەو رۆژانەدا لە نێو کەلافێکی ئاڵۆز و تەماوی دا چەقی بەستبوو. نە دەیهەویست لە دەسکەوتەکانی پاشەکشە بکات و نە هێزی ئەوەشی هەبوو بۆ پاراستنی قەوارەکەی پێداگری بکات.

لە بەرەبەری کشانەوەی هێزەکانی رووس لە ئێران، قەوام دەستی دایە کۆمەڵێک مانۆڕی هەڵخەڵێنەرانەی تر. پێک هێنانی رێکخراوێکی سیاسی کە نوێنەرایەتیی سیاسەتەکانی قەوام بگرێتە ئەستۆ، یەکێک لەو مانۆرانە بوو. لەو رۆژانەدا کۆنەڕێوی پیری ناسیۆنالیسمی فارسیش چووبوو دەکەوڵی بە ڕواڵەت لایەنگری لە دێمۆکراسی‌خوازی‌یەوە و ناوی حیزبەکەشی نابوو، حیزبی دێمۆکرات... مەبەستی سەرەکیی قەوام لەو هەنگاوەش، بەر لەهەر شتێ جۆرە هەوڵدانێک بوو بۆ چەک کردنی سیاسیی حیزبی توده. بۆ ئەم مەبەستەش کاکڵ و نێوەرۆکی حیزبەکەی بە جۆرێک لە ماف خوازی و دێمۆکراسی‌خوازی ئاخنی بوو کە ئەگەر لە حیزبی توده پێش نەکەوێ لانی کەم لەویش جێ نەمێنێ. هاوکات لەگەڵ ئەوەش لە هەوڵی ئەوە دابوو، بۆ جارێکی تر کاربەدەستانی مۆسکۆ لەوە دڵنیا بکاتەوە، سیاسەتی ئەو سیاسەتی ریفورم و دمکراتیزە کردنی ئێرانە. بەڵام دروست کردنی "حیزب" دوایین وێستگەی گیرسانەوەی مانۆرەکانی قەوام نەبوو.

لە رۆژی 10ی گەلاوێژی 1325 رێگای دا سێ وەزیری تودەیی لە کابینەکەی دا جێ بکاتەوە. قەوام لەم بارەیەوە بە ئەمریکایی‌یەکان دەڵێ:

"ئەم هەنگاوە دوایین کارم دەتوانێ ببێ بۆ بەدەس هێنانی رەزامەندیی مۆسکۆ و خاترجەم کردنیان". [41]

قەوام بەو هەنگاوەشی دوو مەبەستی گرینگی تریشی پێکا. لە رواڵەت دا مەبەستی بەجێهێنانی زۆرترین چاوەڕوانیەکانی مۆسکۆ لەلایەک و راکێشانی پشتیوانیی گەورەترین حیزبی سیاسیی ئەو کاتەی ئێران بۆ لای خۆی لە لایەکی تر بوو. واتە کابینەی هاوبەش بۆ قەوام هەم مەسرەفی دەرەکی هەبوو،هەم ناوخۆیی. لە بواری دەرەکی دا ئاراستەی هەنگاوەکەی ئاشکراو دیار بوو. قەوام دەیهەویست بڵێ بەکردەوە و بۆ جێبەجێ کردنی چاوەڕوانیەکانی مۆسکۆ لە هەوڵ دا دەبێ و بەرژەوەندییەکانی دەپارێزرێ. بەڵام لە پشتی ئەو هەنگاوە قەوامیش مەبەستی شاراوە و نەدرکاوەی خۆشی هەبوو.

"حیزبی تودە لەو رۆژگارەدا توانیبووی لە رێکخراوە کرێکارییەکانی ئێراندا پێگەیەک بۆ خۆی بەدەس بێنێ، بەتایبەتی لە وەڕێ خستنی مانگرتنی کرێکارانی سەنعەتی نەوتی خوزستان دەوڵەتی قەوام و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئینگلیستانی خستبوە مەترسییەوە. ئەم بزووتنەوەیە ئینگلستانی تا ئەو رادەیە تەنگەتاو کردبوو هێزی سەربازی لە "بەسرە" دابەزێنێ. لە کەش و هەوایەکی ئاڵۆز و قەیرانیی وا دا بە هێنانە گۆڕی بیرۆکەی کابینەی هاوبەش لەگەڵ حیزبی تودە، قەوام هەوڵی دا پێگەی کۆمەڵایەتیی حیزبی تودە بقۆزێتەوە و حیزبێکی کە تا ئەو کات رۆڵی هاندەرانە و رێکخەرانەی لە نێو کرێکاران دا دەگێڕا، لە سەر داوای قەوام پوزیسیۆنی نێوبژیکەرانەی لە نێوان دەوڵەت و کرێکارانی پێئەسپێردرا بۆ ئارام کردنەوەی وەزعەکە." [42]

بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو ئەو هەنگاوانەی قەوام پتر هەنگاوگەلێکی "کاتی" و "تێپەڕ"و "تاکتیکی" بوون و وەک شانۆسازییەکی بیرلێکراوەیی دەستکرد و بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ قەیرانەکان دەهاتنە ئاراوە، بەخێراییش دەخرانە دواوە. هەر بۆیە کابینەی هاوبەشیش نەیتوانی پتر لە 75 رۆژ زیاتر تەمەنی هەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش و هەر لەو ماوە کورتەدا قەوام توانی ئەوپەڕی کەڵکی پێویستی خۆی لێوەربگرێ.

## لە خولی دووهەمی وتووێژەوە بۆ دانی فەرمانی داگیرکردنەوە

شکست و سەرنەکەوتنی خولی یەکەمی وتووێژەکانی نێوان تەورێز و تاران بە مانای کۆتایی هاتنی هەوڵەکان نەبوو. لە پشتی پەردە جموجۆڵی دیپلۆماسی بۆ وەگەڕخستنەوەی خولێکی تر لە گفتوگۆ و دانوساندن هەر بەردەوام بوو. سادچیکۆف و موزەفەری فیروز هەر لە کەینوبەین دابوون. بەرژەوەندییەکانی ئێران و مۆسکۆ لەو رۆژانەدا لە هەموو کاتێک زیاتر لە خانەیەکی هاوبەش دا دەگیرسانەوە. هەر دوو لە هەوڵی ئەوە دابوون مەسەلەی ئازەربایجان، رێککەوتنی نێوان مۆسکۆ و تاران لەگەڵ گرفت رووبەروو نەکات و کار نەکاتە سەر ئەو وادە و بەڵێنییانەی بە یەکتریان دابوو.

بۆیە لە ئاکامی ئەو هەوڵانەدا وتووێژی بە ئاکام نەگەیشتووی تاران و تەورێز، سەر لە نوێ بە هاتنی شاندێکی دەوڵەتی قەوام بە سەرۆکایەتیی "موزەفەر فیروز" بۆ تەورێز دەستی پێکردەوە. وتووێژەکانی ئەم جارە زۆری نەخایاند و سەرئەنجام لە 23ی جۆزەردان ئیمزای رێککەوتننامەیەکی دوو قۆڵیی هاوبەشی لێکەوتەوە. نێوەرۆکی رێککەوتننامەکە 15 ماددەی لەخۆ دەگرت، بەڵام کاتێ لە کۆی ئەو 15 ماددەیە دەروانی کەمتر ماددەیەکی هەیە "تەبسرە"یەکیشی پێوە نەلکابێ. بەشی زۆری ئەو "تبصرە"انەش بۆ بێنێوەرۆک کردنی ماددەکانی پەسندکراوەکە بوون. کە بەروالەت دەبوایە لە خولی پازدەهەمی پارلمانی ئێران پەسند کرابایە. گرینگترین ماددەکانی ئەو رێککەوتننامەیە کە لێرەدا پێویست بکات هەڵوێستەیەکیان لەسەر بکرێ، ئەمانەن:

"1_ سەبارەت بە مادەی 1ی راگەیاندنەکەی حکومەت، سەرۆکی دارایی بە پێشنیاری ئەنجومەنی ئەیالەتی و پەسند کردنی حکومەتی ناوەندی دائەنرێ.

2_ ئەنجومەنی ئەیالەتی چەند کەس بۆ ئوستانداری دیاری دەکات و وەزارەتی کیشوەر یەکێکیان لێ هەڵدەبژێرێ.

3_ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییانە لە ئازەربایجان دا هاتوونەتە گۆڕێ، مەجلیسی میللی ئازەربایجان وەکو ئەنجومەنی ئەیالەتی

دەناسێ و لە دوای دامەزراندنی مەجلیسی پانزدەهەم دانانی قانوونی تازەی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ولایەتی کە لە لایەن حکومەتەوە پێشنیار دەکرێ، بەگوێرەی ئەو یاسایە ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجان هەڵدەبژێردرێ.

4_ بۆ دیاری کردنی چارەنووسی هێزەکانی ئازەربایجان و فەرمانەکانیان بەگوێرەی ئەو رێککەوتننامەیە دەبنە بەشێک لە ئەرتەشی ئێران. بۆ ئەم مەبەستەش کومسیۆنێکی هاوبەش لە نوێنەرانی دەوڵەتی قەوام و ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجان دادەمەزرێ و رێگا چارەسەرەکانی خۆیان بۆ پەسند کردن پێشنیار دەکەن.

لە ماددەی 12هەم دا هاتوە: "لە قوتابخانەی ناوەندی و بەرز خوێندن بە دوو زمانی فارسی و ئازەربایجانی دەبێ بە پێی وەزارەتی فەرهەنگ. ماددەی سێزدەهەمی رێککەوتننامەکە بۆ باس لەسەر کوردە و نووسراوە "حکومەت موافەقەت دەکات کوردەکانی ئازەربایجان لە (مەزایای) ئەم رێککەوتنە کەڵک وەربگرن و تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بە زمانی خۆیان بخوێنن".[43]

لە هەر روویەکەوە لە کاکڵ و جەوهەری رێککەوتننامەکە بڕوانی ئەوەی دەبینی دەستی باڵای هەیە دەسەڵاتی تارانە. ئەوەی لە ماوەی ئەو چەند ساڵە دا پێکەوە نرابوو، بە وتووێژێک پاشەکشەی لێکرا، بۆ وێنە: "پارلمانی ئازەربایجان هەڵوەشێنرایەوە و ئەنجومەنی ئەیالەتی جێگای گرتەوە. پیشەوەری دەبوو وەک سەرۆک وەزیری حکومەتەکەی دەستی لەکار بکێشایەوە و لە جێگای ئەو "سەلام ئەڵای جاوید" وەک ئۆستانداری ئازەربایجان جێ گرتبایەوە."[44]

کەچی سەیر ئەوە بوو دوابەدوای ئیمزا کردنی ئەو رێککەوتننامەیە: "لێپرسراوانی تەورێز و رۆژنامەکانی ئازەربایجان دەستیان بە پێداگرتن لەسەر ئەو مەسەلەیە کرد کە: ئازەربایجان هەمیشە بەشێکی جوێ نەبووە لە ئێران بووە...".[45]

"بۆ تاران پاشەکشەی ئازەرییەکان لەو قەوارەیەی کە پێکیان هێنابوو، بۆ ئاستی ئەنجومەنی ئەیالەتی، سەرکەوتنێکی گەورە بوو. ئەم سەرکەوتنە چ لە قسەکانی "مەزەفەر فیروز" کە لە رادیۆی ئازەربایجانەوە بڵاو کرایەوە و چ لە وتەکانی قەوام بەباشی دەبینرێ."[46]

بەگوێرەی وتەی "مظفر فیروز" "کۆتایی هێنان بە ئاژاوەی سەربەخۆییخوازی" یەکەم هاندەری دەوڵەتی قەوام لە وتووێژەکان بوو."[47]

هەڵەی گەورەی سەرانی فیرقە ئەوە بوو هەموو دۆزی نەتەوەکەیان لە یاسایی کردنی داخوازەکانیان دا دەدیتەوە و لایان وا بوو بە یاسایی کردنی کۆمەڵێک داخوازی کولتوری و ئیداری، دواڕۆژی سیاسییان مسۆگەر دەبێ. بەبێ ئەوەی بیریان لە بوونی هێزی پاراستنی ئەو کۆمەڵە ئیمتیازانە کردبێتەوە.

بەڵام دەسکەوتەکانی قەوام هەر بە تەنیا ئەوانە نەبوون. هەوڵدان بۆ تێکدانی پێوەندییەکانی نێوان کورد و ئازەر یەکێکی تر لەو مەبەستانە بوو کە دەوڵەتی قەوام بە خشکەیی لە هەوڵی بە ئەنجام گەیاندنی دابوو. بەپێی ڕێککەوتننامەیەکی کە لە نێوان کورد و ئازەری دا لە مانگی ئاپریلی 1946 بەسترابوو بڕیار درابوو: "هەرکاتێک پێویست بێ لەگەڵ حکومەتی تاران قسە بکرێ دەبێ بە موافقی نەزەری حکومەتی میللی ئازەربایجان و حکومەتی میللی کوردستان بێ". بەڵام سەرانی فیرقە بێ لەبەرچاو گرتنی خاڵەکانی ئەو پەسند کراوە لەگەڵ کۆمار، نزیکترین هاوپەیمانی خۆیان خستە ژێر زەختو پەراوێزەوە.

لە سەرێکی دیکەشەوە ئاکامی ئەو ڕێککەوتنە ئەو قازانجەشی بۆ تاران لەگەڵ خۆی هێنا، خێراتر بە دوای جێبەجێ کردنی دوایین سناریۆی خۆی بکەوێ. ئەم کارئاسانییە مرۆڤ کاتێ پتر هەستی پێ دەکات کە لە دواهەنگاوەکانی قەوام وەرد بینەوە. ئیتر لێرەوە قەوام لە دوای ئەو ڕێککەوتننامەیە بە شێوەیەکی یاسایی مافی ئەوەی هەبوو بە بیانووی پارێزگاری کردن لە هەڵبژاردنەکانی خولی پازدەهەمی پارلمانی ئێران هێزەکانی تاران بۆ ئازەربایجان ڕەوانە بکات و لە ژێر ئەو دەمامکە دەسەڵاتدارێتیی داگیرکەرانەی تاران جارێکی تر بسەپێنێتەوە.

کاتێک لە 30ی گەلاوێژی 1325، شاندێکی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان پێک هاتوو لە "شبستری، دوکتور جاوید و سادقی پادگان" بۆ وتووێژ دەچنە تاران، لە دوای 2 مانگ مانەوە لەوێ توانیان لە بوارگەلێکی دیاریکراودا لەگەڵ تاران بە جۆرە ڕێککەوتنێک بگەن.

یەکێک لەو بوارانە پاشەکشە کردنی هێزەکانی فیرقە لە شاری "زنجان" بوو.

"ئازەربایجان بە قەبوول کردنی ئیدیعاکانی دەوڵەت لە سەر ئەوەی کە ویلایەتی خەمسە(پێنجەم-ئەیووبزادە) لەباری دابەشکردنی دەوڵەتیێەوە بەشێک لە ئازەربایجان نییە، رازی بە کشانەوە لە زەنجان و تەحویل دانی بەحکوومەتی ناوەندی بوو، بەو مەرجەی دە رۆژ پاش گەڕانەوەی زەنجان بۆ حکوومەتی ناوەندی،شارۆچکەکانی تێکاب و سەردەشت بخرێنە سەر ئازەربایجان."[48]

لەگەڵ ئەوەی زنجان بەگوێرەی رێککەوتننامەیەکی دوو قۆڵی نێوان سەرانی فیرقە و کاربەدەستانی تاران لەلایەن فیرقەوە دوو دەستی تەحویلی تاران درا، بەڵام: " هەر پاش چوونە ژووری لەشکەری ئێران و بەکرێگیراوانی زولفەقاری بۆ ئەم شارە قەڵاچۆکردنی خەڵک و تاڵان دەستیپێکرد."[49]

دەست بەسەر داگرتنەوەی زنجان لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە، سەرەتایەک بوو بۆ دەسپێکردنی هێرشێکی یەکجارەکی بۆ سەر ئازەربایجان. هەر بۆیە دوابەدوای گرتنی زنجان، نورەی خۆسازدانی هێرشێکی یەکلاکەرەوی سەرانسەری بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستانیش نزیک دەبۆوە. قەوام لەمێژ بوو لە هەل و دەرفەتی لەبار دەگەڕا. بە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەتی لە ئێران و راکیشانی پشتیوانیی ئامریکا و ئینگلیس، کۆسپ و تەگەرەی هەرە گرینگ بۆ سەرکوتی ئازەربایجان و کوردستان وەلا نرابوون. ئێستا ئیتر نورەی ئەوە هاتبوو دەمامکی فریودەرانە و شانۆسازییەکانی قەوامیش بێنە کۆتایی.

هەر بۆیەش لەگەڵ پاشەکشەی هێزەکانی روس لە ئێران، بەرەبەرە شانۆسازیيەکانی قەوامیش دێنە قوتاربوون. ئەگەر تا لەمەوبەر دروشمی چارەسەرکردنی هێمنانەی مەسەلەی ئازەربایجانی بەرز کردبۆوە و لە پێویستیی رێفۆرم و چاکسازی لە ئێران دەدوا و، لە کابینەکەی دا سێ وەزیری حیزبی تودەی جێ کردبۆوە و ژمارەیەک لە نەیارانی سیاسەتی مۆسکۆی لە ئێران وەک "سەید زیا، ئەرفع، تاهیری و کاشانی" بۆ رازی

کردنی کاربەدەستانی رووس زیندانی کردبوو، لە قەڵەمبازێک دا خۆی لە هەموو ئەو هەنگاوانە دزی‌یەوە.

لکاندنەوەی ئازەربایجان و کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لە گەڵ تاران، پاشەکشەیەکی رواڵەتی و کاتی نەبوو. لە دڵی ئەو لکاندنەوەیەدا بەخێرایی رچە بۆ شکان و نەمانی حکومەتی ئازەربایجان خۆش کرا. جارێکی دیکە هێزو رەوایی بە دەوڵەتی داگیرکەری تاران درایەوە و فیرقە لە گەلێک دەسکەوتی گەورەی نەتەوەیی کە تا ئەو کات وەک قەوارەیەکی نەتەوەیی بەدەستی هێنا بوو، پاشگەز بۆوە. ئیتر لێرەوە هەوڵ دان بۆ خۆ تەیار کردن بەمەبەستی پاراستنی دەسکەوتەکان، جێگای خۆی بە سیاسەتی چاوەڕوانی و کات کوشتن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ تاران دا.

لە پێوەندی دەگەڵ فەرمانی گەڕاندنەوەی لەشکری تاران بۆ ئازەربایجانیش بە هەمان شێوە لە ئاکامی نەخشە و پلانێکی لەپێش دا داڕێژراو بوو. لە کەشبەو هەوای سیاسیی ئەو کاتدا گەلاڵەیەکی وا نەی‌دەتوانی بڕیارێکی یەکشەوە بێ. ئەو بڕیارە پشتیوانی و رەزامەندیی دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ئینگلیس و سۆڤیەتی گەرەک بوو.

لەپێوەندی لەگەڵ راکێشانی پشتیوانیی ئەمریکاو ئینگلیس بۆ دانی بڕیاری شەڕ بە دژی ئازەربایجان، قەوام پێویستی بە خۆماندوو کردنێکی ئەوتۆ نەبوو. بەرژەوەندیی هەردووک زلهێز، بەهێز کردنەوەی دەوڵەتی ناوەندی و لابردنی هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانە بوو کە بەجۆرێک لە جۆرەکان ببوونە لەمپەرێک لەسەر رێی سەقامگیریی دەسەڵاتی سیاسی لە تاران. هەر بۆیە هەر دوو زلهێز بۆخۆیان بەشێک بوون لە کۆی ئەو هاوپەیمانەتی‌یە.

"لە هەمبەر دژکردەوەی مۆسکۆش، قەوام لەسەر ئەو باوەڕە بوو بەڵێنی وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت، دەتوانێ مۆسکۆ بە تەواوی بێ‌دەنگ و چاولێکەر بکات."[50]

"لە بەڵگە نهێنی‌یەکانی ئەو سەردەمەدا وا دەردەکەوێ کە دوای ئەوەی ئەمریکا بۆ ماوەیەک شا و قەوامی هاندەدا کە بە پشتیوانی ئەمریکا هێرش بەرنە سەر ئازەربایجان. دەوڵەت و ئەرتەشە شپڕێوەکەی پێنج مانگ دوای وەدەرکەوتنی سوپای سوور لە ئێران هێشتا ورەی شەڕ کردنیان نەبووە.

"ئالن" لە بروسکەی 8ی نوامبری بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نووسی کە لە دیداری خۆی لەگەڵ قەوام لەو ڕۆژانەدا پێی گوتوە کە: "ئەمریکا لە سیاسەتی خۆی بۆ پاراستنی تەواویەتی خاکی ئێران هیچ شل نەبۆتەوە، بەڵام ئێرانیش دەبێ وەک ئەمریکا شێلگیر بێ لەو مەسەلەیەدا. قەوام بە سەفیری گوت کە سوورە لەسەر ئەوەی هەتا دە ڕۆژی دی زنجان بگرێ، ئەگەر پێویست بێ بەشەڕ، سەفیری ئەمریکاش پیخۆش بوونی خۆی دەربڕی و بە قەوامی گوت کە گرتنەوەی زەنجان بەس نییە، بەڵام بە لانی کەمەوە دەست پێکردنێکە. قەوام گوتی: مەبەستی ئەوەیە کە بەرەبەرە بۆ پێشەوە هەنگاو بنێ."[51]

"ڕۆژی 21ی نوامبر بەرابەر بە (30ی خەزەڵوەر) قەوام بەڕەسمی ڕایگەیاند بە مەبەستی پاراستنی نەزم و ئاسایش لە کاتی هەڵبژاردنی حەوتمی دیسامبر 1946 (16ی سەرماوەزی 1325) هێزەکانی دەوڵەتی بۆ هەموو شوێن و ناوچە و مەڵبەندەکانی وڵات دەنێرێ. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو بڕیارە سەرانی فیرقە لە سەرووی هەمووان پیشەوەری زۆر بەتوندی بەگژ ڕاگەیاندراوی قەوام دا چوونەوە و لەو پێوەندی‌یەدا پیشەوەری لە وتارێکدا بەتوندی لە بەرانبەر گەڕانەوەی لەشکری ئێران بۆ ئازربایجان هەڵوێستی گرت."[52]

لەو کاتەدا ڕێبەرانی فیرقە بەهۆی نووسینی نامەیەک دەستی یارمەتی بۆ کاربەدەستانی مۆسکۆ ڕادەکێشن. لە بەشێکی ئەو نامەیەدا هاتوو:

" ئێمە هەشت مانگی ڕەبەقە کە بەپێچەوانەی هەستی خەڵکەکەمان، بەپێچەوانەی ئاوات و خواستی ئەندامان و چالاکانی فیرقە، بەمەبەستی چوونە پێشیی کارەکان و چارەسەریی هێمنانەی ناکۆکی‌یەکان، بە لەبەر چاوگرتنی سیاسەتی جیهانی و دۆستی گەورەمان یەکێتی سۆڤییەت و بە سەرنجدان بە ناوبژیوانیی دەوڵەتی شۆرەوەی، هەوڵمانداوە سیمای قەوام دێموکراتیک و پێشکەوتوو نیشان بدەین و تەنانەت هیندێک جار بە پێچەوانەی بیروباوەڕی خۆمان،بە شان و باڵێدا هەڵمانداوە.مەبەستیش ئەوە بووە کە کارەکان لە لایەن ئیمەوە تەگەرەیان تێ نەکەوێت. تەنانەت کاتێک کە فیداییانی ئێمە توانای گرتنی قەزوێن،ڕەشت و تارانیان هەبوو، ئێمە لە ئیعتباری خۆمان کەڵکمان وەگرت و پێشمان پێگرتن تاکوو بیانوویەک

بەدەستیەوە نەدەین. ئەم لەخۆبوردوویەی ئێمە هەمووخەڵکی جیهان دەیزانن و ئێوەش زۆرتر له هەموو ئاگاداری هەن. ئێمە بۆ جێیەجێ کردنی ئەو رێککەوتنامە، حکوومەتی نیشتمانیی خۆمان هەڵوەشاندەوە، مەجلسی نیشتمانیمان کردە مەجلسی ئیالەتی، هێزەکانی فیدائی‌مان کردە سازمانی نگابان،ئامادە بووین ئیختیار و فەرماندەریی قشوونی نیشتمانیمان بدەینە دەستی ئەوان و دەستمان کردە تەحویلدانی داهاتی خۆمان بە خەزانەی ئەوان واتا بانکی میللی. هەموو ئەمانە بۆ ئەوە بوو کە بیانوویەکمان نەدابێتە دەستیانەوە. "[53]

"قەوام بە دیتنی ئەم داشکاندنەی ئێمە هەموو رۆژێک داخوازەکانی خۆی زیادکرد و سەرەنجام گەیشتوەتە ئەو رادەیە کە دیهەوێ بە هێرشێک بەتەواوی کۆتایی بە ئازادی بێنێ. ئەو پرسی نەوتی بۆیە هێناوەتە ئاراوە کە کشانەوەی ئەرتەشی سووری پێ دەستەبەر بکات و بزووتنەوەی نیشتمانیی ئازەربایجانی پێ تێکرمێنێ."[54]

"گەلی ئازەربایجان،رێبەری ئەو گەلە واتا فیرقەی دێموکرات و رێبەرانی فیرقە دوو چاوەروانی‌یان لە دەوڵەتی سۆڤییەت هەیە، یەکەم:مادام کە سنوورەکانمان کراوەن و دەسەلاتی نیشتمانیمان لە سەرپێ‌یە، هێندێک چەک و تەقەمەنی‌مان پێ بدەن....

دووەم: ئێستا کە قەوام شەڕی دەسپێکردوە و دەستی داوەتە رشتنی خوێنی برایانی ئیمە،ئیزن بدرێ ئێمەش لە هەموو لایەکەوە زەختی بخەینە سەر، تا لەم رێگەوە بواری راپەرینی ئازادیخوازانی هەموو ناوچەکانی ئێران خۆش ببێ و بزووتنەوەیەکی گەورە لە سەرانسەری ئێران دا دەستپێبکەین و بە رووخاندنی حکوومەتی کۆنەپەرستی تاران، حکوومەتێکی دێموکراتیک لە جێگەی دانێین. ئەگەر ئەمەش بە سەلاح نازانن، با هەموو پێوەندیەکانمان بپچرێنین و حکوومەتی نیشتمانیی خۆمان پێک بێنین. خەڵکی ئێمە زۆرتر حەزیان لەم رێگەچارەیە..." "[55]

کاربەدەستانی موسکو نەتەنیا بە پیر داواکاری‌یەکانی سەرانی فیرقەوە نەهاتن، بەڵکوو ئەوەی تەنیا بیریان لێ دەکردەوە، قازانجو بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان بوو. "ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلتێری"و "هەستی هاوچارەنووسی لەگەڵ بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی" لە دەزگای فیکری

حیزبـو رێبەرانی ئەو وڵاتە، تەنیا تا ئەو کاتە شیاوی بایەخ و ئاوڕلێدانەوە بوو کە بەشێوەیەکی راستەوخۆو سەرەکی لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە دابن.

واتاگەلێکی وەک: "ئەنترناسیۆنالیزمی پرۆلتێری"و "هەستی هاوچارەنووسی لەگەڵ بزووتنەوە رزگاریخوازەکان" لە دەزگای فیکریی حیزبـو رێبەرانی ئەو وڵاتەدا، میوەجاتێکی گەلار بوو، بۆ خاپاندن و چەواشەگەریی بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی. ئەم دەمامکە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا تەنیا تا ئەو جێگایە شیاوی بایەخ و ئاوڕلێدانەوە بوو، کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە بکات. هەر بۆیە بە کردەوە بەتەواوی دەستی شای ئێران و قەوامیان ئاوەڵا کرد بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو لە ئامانجەکانیان نزیک ببنەوە.

لەو نێوەدا سەیر ئەوە بوو قەوام تەنانەت لە ئاخرین رۆژەکانیش دا لە هەوڵی ئەوە دا دەبێ مەبەستی راستەقینەی خۆی بۆ داگیرکردنەوەی ئازەربایجان و کوردستان بشارێتەوە و کوردستان و ئازەربایجان لە گومان و دوودڵی دا بێڵێتەوە. "هەر بۆیە لە راگەیانراوێکی رەسمی دا رایگەیاند مەبەستی ناردنی هێزەکانی دەوڵەتی بەهیچ جۆرێک لایەنی لەشکرکێشی نیە، جگە لە چاوەدێری بەسەر ئاسایشی سەندووقەکانی دەنگدان دانەبێ."[56]

لە هەمان رۆژ واتە لە 19ی 9ی 25 سەرئەنجام قەوام دەستووری لەشکرکێشی بۆ سەر ئازەربایجان دەدا، لەگەڵ حەرەکەتی هێزەکانی دەوڵەت بۆ ئازەربایجان لە شاری میانە شەڕ دەستی پێکرد. لەم شەڕەدا کە ببوو بە دوو قۆڵەوە، دەوڵەت دەتوانێ لە سەنگەرەکانی بەشی جنوبی سەرکەوتن بەدەس بێنێ بەڵام لە قۆڵی شیمالەوە تووشی شکان و پاشەکشە هات و هاوکات لەگەڵ ئەوەش دەستەکانی پارتیزانی فیدایی سەر بە ئازەربایجان توانییان خۆ بگەیەننە ئێزگەی "قەرەبولاغ" لە نێوان شارەکانی زەنجان و تاکستان و پردی ڕێی ئاسنی "قەرەبوڵاغ" بتەقێننەوە.

"پیشەوەری هەم بە قسەو هەم بە کردەوە دەیەویست هێزی فیدایی دەست بکاتەوە و وەک سەردەمی شۆڕشی مەشرووتە تارانیش بگرن و ئازادی بکەن. رۆژی 11ی سەرماوەز رۆژنامەی ئازەربایجان دەنگی فیرقە نووسی: "مردنی بە شەرافەت لە ژیانی کۆیلەتی و بەمەینەت

باشترە." رۆژی 12ش رۆژنامە رایگەیاند کە ئەو جار بە یەکجاری بەرەنگاری داگیرکەران دەبین و "ئاخر قسەی خەڵکی ئازەربایجان ئەوەیە: مردن هەیە گەڕانەوە [بۆ ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت نییە]". پیشەوەری لە میتینگێکی گەورە لە تەوریز گوتی: "حکومەتی تاران حکومەتێکی جینایەتکار و پەرپوتە، ئێمە ئەو حکومەتە لەناو دەبەین و حکومەتێکی میللی لە جیاتی وی دادەنێین... دوژمن لە بەرانبەر گەلی ئێمەدا تێکدەشکێ..."[57]

"بەڵام لە رۆژی 11ی دیسامبری ساڵی 1946 (20ی سەرماوەزی 1325) "قولی‌یۆف" جێگری کونسولی لە شاری تەوریز نامەی ستالین دەگەیەنێتە دەستی پیشەوەری و باقی سەرانی فیرقە. لەو نامەیەدا هاتووە: قەوام وەک سەرۆک وەزیری ئێران لەو مافە بەهرەمەندە بۆ گشت ناوچە و شوێنێکی ئێران و هەروەها بۆ ئازەربایجانیش هێز رەوانە بکات. لەو رووەوە درێژەی شەڕی چەکدارانە نە بە قازانج و نە بە پێویست دەزانرێ. وا باشە رابگەیەنن کە بۆ پاراستنی هێمنایەتی لە کاتی هەڵبژاردن، بە دژی هاتنی هێزەکانی دەوڵەتی بۆ ئازەربایجان نین. ئێوە ئەو کارەی خۆتان وەک هاوپێوەندی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بۆ ئازادی و سەربەخۆیی لێک گرێ بدەن."[58]

بە گەیشتنی ئەو بڕیارەی ستالین، کونسولگەری شورەوی لە تەورێز، پتر لە هەمیشە زەختی بۆ رێبەرانی فیرقە هێنا کە بیر لە بەرەنگاریی عەسکەری نەکەنەوە و لە بەرانبەر زەخت و فشاری کاربەدەستانی مۆسکۆ، رێبەرانی فیرقە رێگای چەک دانان و راکردنیان گرتە بەر. بەم بریارە خۆ بەدەستەوەدەرانەی سەرانی فیرقە، ناسیۆنالیزمی چاو لەبەری فارس گیانی لوتبەرزانە و داپڵۆسێنەرانەی هاتەوە بەرو لە هیچ چەشنە جنایەتێک دەستی نەپاراست.

"یازدەی دێسامبر (20 سەرماوەز 1325)کۆبوونەوەی نائاسایی رێبەرایەتی فیرقە و سەرکردەکانی حکوومەت پێکهات. لەم کۆبوونەوەدا مانەوەی پیشەوەری و پادگان لە ڕیبەرایەتیی فیرقە بە سەڵاح نەزانرا. پیشەوەری کە دژی خۆبەدەستەوەدان لە بەرابەر ئەرتەشی ئیران بوو، هەستی دەکرد لە هەلومەرجێکی لەچار نەهاتوودا گیری کردوە. ئەو

سەبارەت بەربەرەکانێ نەکردن بۆ چالاکانی حیزب، فەرماندەکانی هێزی نیزامی و سەرکردەکانی فیدایی هیچ بڕیارێکی بڵاو نەکردەوە و تەنیا بە هەڵبژاردنی ڕێبەرانی نوێ بۆ فیرقە قەناعەتی کرد. موحەممەدی بیڕیا وەک سەرۆکی کاتیی فیرقە... هەڵبژێردرا. هەر ئەم رۆژە ئەنجومەنی ئیالەتیی ئازەربایجان سەبارەت دەستهەڵگرتن لە خۆڕاگری و پێشنەگرتن بە چوونە ژووری لەشکری ئێران بۆ نیو ئازەربایجان بڕیارێکی دەرکرد کە لەلایەن "شەبستەری" و "جاوید"ەوە واژۆ کرابوو . ئەم بڕیارە بۆ شا و قەوام نێردرا. بە رەچاوکردنی ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی ئیالەتی، ئازەربایجانیەکان دەستیان لە چالاکیی نیزامی هەڵگرد و کاتژمێر چواری پاشنیوەرۆی هەر ئەو رۆژە لەمبارەوە باکۆیان ئاگادار کردەوە."[59]

"پاش ڕاگەیاندنی بەربەرەکانێ نەکردنی ئازەربایجانیەکان،هێزەکانی ئەرتەشی ئێران بۆ چوونەناو شارە گەورەکان هیچ پەلەیان لەخۆ نیشان نەدەدا. سەرەتا هێزی ئینتیزامی و دەستەکانی بەکرێگیراوی مڵکدارە کۆنەپەرستەکان و ژاندارمە بە جلوبەرگی سیڤیلەوە کەوتنە ڕێگە. رادیوی تاران و رۆژنامەکانی ئێران ئەم داروەستانەیان کە لەژێر فەرمانی ئەفسەرانی ئەرتەشدا بوون، "نیشتمانپەروەرانی ئێران"ناوزەد کرد. "[60]

"ئەرتەشبود حوسینی فەردوست لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: لە رۆژی 22ی سەرماوەزی 1325ی هەتاوی لەسەر بڕیاری شا بە تەیارە گەیشتینە تەورێز... ساختومانی فرۆکەخانە هێشتا دەسووتا. بە ماشێن چووینە ناو شار... لە قەراخ شەقامەکان تەرمی ئێعدام کراوەکان زۆر دەبینرا. ژمارەی نزیک بە 2 تا 3 هەزار کەسیان ئێعدام کردبوو."[61]

" لە تەبرێز و شارە گەورەکانی ئازەربایجان، قەڵاچۆکردن بەمانای ڕاستەقینەی وشەکە دەستیپێکرد بوو. یەکەمین دادگای سەحرایی نیزامی دەستی بەکار کرد. سەرهەنگ زەنگەنە کە لە دڵڕەقیدا ناوبانگی هەبوو، کرا بە دادستانی نیزامی تەبرێز. هێشتا ئەو کردارەی کە منداڵی سەرلانکەی دێموکراتەکانی لە تەنوور هاویشتبوو لەبیر نەکرا بوو. لە زیندانەکانی تەبرێز ئیتر جێگە نەمابوو، بۆ کردنەوەی شوێن بۆ گیراوانی نوێ، دەستە دەستە چالاکانی فیرقەی دێموکراتیان گولەباران دەکرد. سەدان ئەفسەر و سەربازی "قوشوونی نیشتمانی" و فیدایی لەسەر بڕیاری

دادگای سەحرایی ئیعدام کران. بەماوەی چەند رۆژ رادەی گولەباران کراوان گەیشتبووە سێ هەزار کەس. "[62]

شکستی ئازەربایجان و گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی پاشایەتی بۆ ئازەربایجان تەنیا بەرهەمی باڵادەستیی عەسکەریی هێزەکانی تاران نەبوو لە بەرەی شەڕدا. هەر بەهەمان شێوە ئەو سەرکەوتنە لە ئاکامی ورەی بەرز و هێزی پۆشتە و پەرداخی هێزەکانی سەرکوتی دەوڵەتی پاشایەتیش نەهاتە دی. ئەم شکستە پتر شکستێکی سیاسی بوو تا عەسکەری. گوێڕایەڵی بۆ سیاسەتی چەوتی مۆسکۆو نەبوونی سەربەخۆیی سیاسی و فیکریی سەرانی فیرقە، هەنگاو بە هەنگاو ئەوانی لە چارەنووسێک نزیک کردەوە کە ئاکامەکەی جگە لە شکست نەیدەتوانی شتێکی تر بێ. ملکەچ کردنی سەرانی فیرقە لە هەمبەر زەخت و فشاری مۆسکۆ بۆ لکاندنەوەی دۆزەکەیان بە تارانەوە گەرای ئەو شکستەی لە هەناوی خۆیدا پەروەردە کرد.

## کەش‌و هەوای سیاسی دوای دامەزرانی کۆمار

کۆمار هەڵکەوتوو لە دورگەیەکی بەتاق کەوتوو، هەڵبڕاو لە کارتێکەرییەکانی دەوروبەرەکانی نەبوو. بە پێچەوانە، هەڵکەوتەی کۆمار بۆخۆی لەدایک بووی ئەو دۆخە سیاسییە بوو. دەسپێک و ئاکامی هەموو جووڵە و کێشە و ململانەکان بەجۆرێک لە جۆرەکان کاریگەرییان لەسەر داهاتووی کۆمار دادەنا. لەونێوەدا کرانەوەی دەرگای وتووێژی نێوان مۆسکۆ و تاران کە بە سەفەری قەوام بۆ ئەو وڵاتە دەستی پێکرد، بوو بە دەسپێکی سەرهەڵدانی کەش و هەوایەکی نالەبار بە زیانی کۆمار.

ئەگەر تا ئەو کات هەڵوێست و ململانەی نێوان زلهێزەکان بە گشتی و ئاسۆی گرفتەکانی مۆسکۆ و تاران بەتایبەتی بە نادیاری مابوونەوە، بە چوونی قەوام تروسکاییەک لە پێوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە بۆ پێک گەیشتن بە دیارکەوتن و بەستەڵەکی پێوەندییەکانی هەر دوو لا بەرە و توانەوە ملیان نا. سەفەری قەوام بۆ مۆسکۆ لە 29ی ریبەندان دابوو. راگەیاندنی کۆماری کوردستانیش لە رۆژی دووهەمی هەمان مانگی ئەو

ساڵەدابوو. واتە کورد تەنیا 27 رۆژ بوو کۆماری ڕاگەیاندبوو، هێشتا بەتەواوی بناغەکانی دەسەڵاتەکەی و دامودەزگا ئیدارییەکانی دانەمەزراندبوو، کەچی بەتەواوی خۆی لە حاند کەش و هەوایەکی دیکە دا دیتەوە. نەتەوەیەکی زۆرلێکراو لە دوای پێوانی دەیان ساڵ ژێردەستی و کۆیلەتی 27 ڕۆژ بوو تام و چێژی سەربەستی و ڕزگاریی لە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تارانی تاقی دەکردەوە، کەچی لە وەرچەرخانێکی سیاسیدا خۆی لەبەر ئاڵۆزترین گەمەی دیپلۆماسی چەند زلهێزی دەوڵەتی دا دیتەوە، کە لە ناوەندی بەرژەوەندییەکانی ئەواندا دۆزی کورد و کۆمار جێگایەکی بۆ نەبوو.

لە جیهانی سیاسەت دا گۆڕانی بەرژەوەندییەکان کارێکی ڕۆژانەی ئاسایییە، بەتایبەتی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەمە بەشێکە بە بەردەوامی کار بۆ دەستەبەرکردن و بەرهەمهێنانەوەی هەرچی زیاتری ڕۆژانەی دەکرێ. بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا دەتوانێ نائاسایی بێتە بەرچاو، جیاوازیی کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئەو بەرژەوەندییە لەنێوان ئەو نەتەوەیە کە لە مێژساڵە توانیویەتی دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆی پێک بێنی لەگەڵ ئەو نەتەوەیەی کە تازە چەند ڕۆژێکە سەروەریی سیاسیی خۆی بەدەس هێناوە.

لە مودێلی یەکەم دا نەتەوەی خاوەن دەوڵەتی لەمێژ ساڵە، ئەوپەڕی خەسار و زیانی لە بوارگەلێکی ئابووری و بازرگانی دەگیرسێتەوە. بەڵام لە وێنەی دووهەم دا ئەوە کارەساتێکی گەورەی نەتەوەیییە. سنووری ئەو کارەساتەش تەنیا لە بواری خەساری ئابووری و بازرگانی دا قەتیس نامێنێتەوە. بەڵکوو هەموو قەوارە و ژیانی نەتەوە دەخاتە مەترسییەوە. بۆ کۆماری کوردستانیش گۆڕانی سیاسەتی مۆسکۆ بەرانبەر بە دەوڵەتی ئێران، ڕۆڵێکی وەهای بینی بوو. مۆسکۆ لەنێوان سێ زلهێزی ئەو سەردەمە، تەنیا لایەنێک بوو بە شێوەیەکی سنووردار و لە بەر خاتری بەرژەوەندییەکانی خۆی ئاوڕێکی لە کورد دەداوە، بەوەرچەرخانی ئەو سیاسەتە، هەر چەشنە فاکتەری یارمەتیدەر لە ئاستی دەوڵەتان دا لە کورد بڕا.

له کاروانی خەبات و تێکۆشانی ئەو نەتەوانەی لە دروست کردنی دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیان دا وەدرەنگی کەوتوون بۆ بەدەوڵەت بوون، دوو هۆکاری یارمەتیدەری سەرەکی هەیە. یەکیان "مەعنەوی"یە، واتە ئەوە "ویستە" کە جۆری کارەکە دیاری دەکات. ئەوی تریشیان "ماددی"یە و بە فاکتەری هێز پرۆسەی ئەو کارە پراکتیزە و دەستەبەر دەکات. لە ژیانی نەتەوەی بێدەوڵەت بۆ بەدەوڵەت بوونی، پێوەندیی نێوان "ویست"و "هێز" پێوەندیی زیندوو و لێک دانەبڕاوە. نەتەوەیەک هەر ئەندازە هەلی لەباری بۆ هەڵکەوێ یاخۆ خاوەنی ژێرخانێکی بەهێزی ئابووری و کۆمەڵایەتیش بێ، بەبێ بوونی "ویستی"ی بەدەوڵەت بوون، ناتوانێ ببێتە خاوەن دەوڵەت.

لەم پانتایی‌یە دا گەلێک جار "ویست" هاندەرە و خوڵقێنەری دەرفەتە، کار بۆ رەخساندن و قۆزتنەوەی هەلی لەبارو گۆڕانی دۆخی نالەباری داسەپاو دەکات. لەو نێوانەدا بوونی "ویست" لە ژیانی نەتەوەکاندا بۆ بەدەوڵەت بوون، یارمەتیدەرێکی گەورەیە بۆ ئەوەی بیری بەدەوڵەت بوون لە خەون و خەیاڵەوە بۆ قۆناغی عەقڵی و لە قۆناغی عەقڵێشەوە بۆ قۆناغی پراکتیزە کردن رێگە ببڕێ و بکەوێتە رێ. واتە دەمانهەوێ بڵێین لە زۆر بڕگەی مێژوویی‌دا لە ژیانی نەتەوەگەلی "بێدەوڵەت" دا "ویست" دەبێتە خوڵقێنەری هێزو رەخساندنی دەرفەت.

بەڵام لێرەدا کاتێ قسە لە گرینگی و رۆڵی هاندەرانەی "ویست" بۆ "هێز" دەکرێ، مەبەست ئەوە نیە بڵێین "ویست" خودی "هێز"ە. ململانە و سەرکەوتن لە پێناوی "دان پێدانان بە من" و "خۆ رزگار کردن لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانەی ئەوی تر دا" تەنیا بەرهەمی ویست نیە، بەڵکوو توانایی و دەسەڵاتی پراکتیزە کردنیشی گەرەکە، ئەم دەسەڵاتەش لێرەدا بە مانای هێزە. "هێز" لەگەڵ ئەوەی پێناسەیەکی دیاریکراوی رەهای بۆ نیە و لەگەڵ گۆڕانی کات و شوێنی دیاریکراودا ئەویش بێ نێوبڕ لە گۆڕان دایە، بەڵام تا ئەو جێگایەی بۆ بەستێنی کاری ئێمە لێرەدا دەگەڕێتەوە، بە مانای دەستەبەر کردنی هێزی مانەوەیە. لێرەدا مەبەست لە هێز، ملکەچ پێکردنی ئەوەی ترو یەکەی پراکتیزە کردنی ویستە.

لە کەیسی کۆماریشدا مەسەلەی "ویست" کە خۆی لە بەدەوڵەت بوونی کورددا دەدیتەوە، پرۆژەیەکی هەردەم زیندووی پێشەوا و ژێکاف بوو. لەو قۆناغەدا تایبەتمەندیی هەرە گرینگی فکریی رێبەرایەتیی کورد و عەقڵ و روحی کوردی گەیشتبووە ئاستی ئەوپەڕی لەخۆتێگەیشتن و خۆناسین و بەدوای مۆدێلێک لە دوا چارەسەری دەگەرا کە تەعبیر لە بوون و کەسایەتیی نەتەوەیی ئەو بکات، ئەوەی لەم بەستێنەش دا دەیتوانی تەعبیر لە بوون و کەسایەتیی نەتەوەیی کورد بکات، بە توند و تۆڵی بەسترابۆوە بە دەوڵەتی نەتەوەیی. هەر بۆیە کەش و هەوای لەباری دوای بڕانەوەی شەڕ، هیچ کات بە تەنیایی بۆ راگەیاندنی جمهوری نەیدەتوانی بڕیادەر بێ. بۆ کەڵک وەرگرتن لە کەش و هەوای لەبار، فەلسەفە و تامەزرۆیی "ویست"یش گەرەک بوو.

لەم جۆرە کاتانەدا "ویست"ی بەدەوڵەت بوون فانتازیا و خەوی گەورەی نەتەوەیی، بۆ ئەندامانی نەتەوە دەورووژێنێ. بەمەبەستی گەیشتن بە خەوی گەورە، گرفت و بەرژەوەندییە گچکەکان دەخرێنە پەراوێز و خانەی فەرامۆشییەوە. هەربۆیەش بوو کورد توانی بەخێرایی ریزەکانی خۆی رێک بخا. لەوەش گرینگتر بەهەڵبژاردنی پێشەوا وەک رێبەری بزووتنەوەکە، کۆتایی بە هاتنە ئارای قەیرانی پێشەوایەتی هێندرا. شان بە شانی ئەوانە، بەرەو بەدەوڵەت بوون هەنگاوی ناو بۆ دروست کردنی دەزگاو دامەزراوی دەوڵەتی هەموو وزە و هێزی خۆی خستە کار. لە ماوەیەکی کەم دا دیوی ناوەوەی جمهوری بەرەو گەشانەوە و سەقامگیری دەڕۆیی.

کورد لە ماوەی ئەو یازدە مانگەدا نیشانی دا دەتوانێ کاری دەوڵەتدارەتی و بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی بەئەستۆوە بگرێ. بەپێچەوانەی روانگەی مێژوونووسیی حیزبی هۆکاری سەرەکیی هەرەسی جمهوری هۆکاری نێوخۆیی نەبوو. ئەوەی لەو نێوەدا بەشێوەیەکی سەرەکی تەمەنی جمهوریی بەرەو کۆتایی برد، هەڵکردنی زریانێکی دەرەکی بوو. زریانێک کە قەوارەیەکی ساوای 11 مانگە، تەنیا بە پشت بەستن بە هێزی خۆی و بێ هیچ فاکتەرێکی یارمەتیدەر و لاکەرەوەی دەرەکی، نەیدەتوانی لە خۆی دوور بخاتەوە یاخۆ بە گژی دا بچێتەوە.

گرفتی کورد لەو قۆناغەدا گرفتی هێز بوو. هێزی بەرەنگاربوونەوە نەتەنیا لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران، بەڵکوو لەگەڵ چەند زلهێزی جیهانی و چەند دەوڵەتی ناوچەیی کە بە شێوەی دیار و نادیار یارمەتییان بە تاران دەکرد. "ویست"و "تامەزرۆیی" کوردی لەهەر ئاستێک بایە، "هێز"ی ئەوەی نەبوو پراکتیزەی ویستی مانەوەی کۆمارەکەی بکا، هەروەک چۆن بۆ لەدایک بوونی کۆمار بوونی "ویست" و "کەش و هەوای لەبار" پێویست بوو، لەهەمبەر ململانەیەکی واش کۆمار پێویستی بە "هێز"ی پێویست بوو کە بتوانێ مانەوەی خۆی دەستەبەر بکات.

بەڵام سەرەڕای ئەم کەش و هەوایە لە دەسپێکی کاری کۆماردا، پێشەوا لە بڕینی هەنگاوەکانی شلوێ نەبوو، کار کردن بۆ جێخستنی بیچم و نێوەرۆکی قەوارەکە و هەوڵ دان بۆ پتەو کردنی بناغەکانی لە زمرەی گرینگترین غەم و کارەکانی پێشەوا بوون.

بە دەسپێکردنەوەی خولی دووهەمی وتووێژەکانی نێوان تاران و مۆسکۆ کە هەر دوو لا توانیان رێککەوتننامەیەکی هاوبەش مۆر بکەن، مەترسییەکانی بەردەم کۆمار چوونە خانەیەکی هەرە جیددییەوە. ئەگەر بمانەوێ لە گۆشەنیگای کورد و پەنجەرەی ماڵی کوردەوە جارێکی دیکە بۆ ئەو کاتە بگەڕێینەوە و لە کۆی ئەو رێککەوتننامەیە بڕوانین، جگە لە دەسپێکی رۆژانێکی مەترسیدار بۆ کورد و قەوارەکەی شتێکی تری تێدا لێ بەدی ناکرێ. هەموو ئاماژەکان لەوە دەدوان، مەترسییەکان بۆ سەر کۆمار روو لە زیاد بوون دایە.

لەو نێوەدا لە دوو قۆڵەوە دەتوانین ئاماژە بە سیاسەتی ئەو قۆناغەی کاربەدەستانی رووس بکەین. قۆڵی یەکەم ئەو کاتە بوو کورد دەیویست پەلاماری ئەو شار و ناوچانە بدا کە بەدەست تارانەوە مابوون.

"هاشمۆف" کونسولی رووس لە ورمێ، لە گوندی "سەرا"ی نێوان بۆکان و سەقز چاوی بە پێشەوا و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی کۆمار کەوت و وتی:

"واز لە هێرشەکەیان بهێنن، ئەگینا لەوانەیە تووشی رووبەروو بوونەوە ببن لەگەڵ هێزی بەریتانی. چونکە بەریتانیا قازانجی ژیانی لە نەوتی کرماشان دا هەیە، ئەگەر تووشی رووبەڕوو بونەوە ببن لەگەڵ

هێزی بەریتانی، ئەوا ناتوانن حیساب لەسەر پشتیوانی روس بکەن و ناشتوانێ رێگا لە ئەرتەشی ئێرانی بگرێ ئەگەر لە قۆلیکی ترەوە پەلاماری حکومەتی کوردستان بدات."[63]

قۆڵی دووهەمیش ئەو کاتە بوو دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران بەبیانوی هەڵبژاردن داگیرکردنەوەی کوردستانی خستە بەرنامەی کاری خۆیەوە.

"لەسەرەتای مانگی دسامبر شاندێکی حکومەتی کوردستان چاوی بە "هاشمۆف" کونسولی سۆڤیەتی لە شاری رەزاییە کەوت. "هاشمۆف" شاندە کوردییەکەی دلنیا کرد کە دەوڵەت تەنیا هێزێکی زۆر کەم بۆ پاراستنی هێمنایەتی هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران دەنێرێ و لە دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکە ناوچەکە جێ دەهێڵێ."[64]

لەم نێوەدا لە هەموو شتێ سەیرتر جۆری روانگەی مێژوونووسیی حیزبیی‌یە سەبارەت بە رۆڵی سیاسەتی مۆسکۆ لە دوارۆژەکانی کۆمار دا. لەم بارەیەوە بەسەرسوڕمانەوە دەخوێنینەوە:

"راستی‌یەکی تریش دەبێ لێرەدا بگوترێ یەکیەتیی سۆڤیەتی چۆن لە کۆماری کوردستان دیفاعی کردبا؟ ئەگەر کۆماری کوردستان خۆی بەربەرەکانی لەشکری کۆنەپەرەستی ئێرانی کردبا و ئەو بەربەرەکانی‌یە ماوەیەکیش درێژەی هەبا، ئەو وەختە لەوانە بوو یەکیەتیی سۆوێتی یارمەتیی کۆماری کوردستان بدا."[65]

بەپێچەوانەی خوێندنەوەی مێژوونووسی حیزبی وەک دەبینین لە هەر دوو وێنەدا سیاسەتی مۆسکۆ نەتەنیا پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تارانە بەڵکوو لەو نێوەدا بەدانی زانیاریی ناراست هەوڵ دەدەن هەر چەشنە ئامادەکاری و خۆ تەیار کردنێکی کۆمار لەبار بەرن. کەچی لە بەرانبەردا و لە دوای مور کردنی رێککەوتننامەی نێوان قەوام و سادچیکۆف گرژی و ئاڵۆزی‌یەکانی پێوەندی‌یەکانی مۆسکۆ و تاران بەخێرایی جێگای خۆی دا بە ئاسایی بوونەوە. ئیتر لێرەوە مانەوەی کۆمار نەتەنیا خزمەتێکی بە بەرژەوەندییەکانی مۆسکۆ نەدەکرد، بەڵکوو راستییەکەی ئەوەیە جۆرە کۆسپێکیش بەحیساب دەهات. بەگوێرەی رێککەوتننامەی نێوانیان، سۆڤیەت بەڵێنی دا لە ماوەی یەک مانگ و نیو دا گشت هێزەکانی لە ئێران

بکشێنێتەوە. ئەمەش بۆ تاران بە مانای گەورەترین دەسکەوت و سەرکەوتنی سیاسی بوو، شا و قەوام تەنیا بە کشانەوەی هیزەکانی رووس بوو دەیانتوانی بیر لە هێرش بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان بکەنەوە. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە قوولایی سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی مۆسکۆ، تەنیا بە راوەستان لەسەر کشانەوەی هێزەکانی لە ئێران ناتوانێ خاڵی کۆتایی ئەم باسە بێ.

وەرچەرخانی سیاسەتی مۆسکۆ تەنیا لە بازنەی سازانی خۆی لەگەڵ کاربەدەستانی تاران نەگیرسایەوە، هەوڵ دان بۆ لکاندنەوەی سەرلەنوێی مەسەلەی ئازەربایجان بە تارانەوە، بەشێکی تری ئەو سیاسەتە بوو. لە ناخی ئەو سناریۆیەش دا هێندەی دیکە یارمەتی بە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران کرا، بۆ ئەوەی دەس بەسەر ئازەربایجان و کوردستاندا بگرێتەوە.

تەسلیم بوونی رێبەرانی ئازەربایجان بۆ لکاندنەوەی سەرلەنوێی کێشەی نەتەوەکەیان بە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تارانەوە، پێشەوای لەسەر دوورێیانێکی سەخت و دژوار دا دانابوو. ڕێگای یەکەم درێژەدان بە سیاسەتی پاراستنی قەوارەی سەربەخۆیی کۆمار لە تاران و هەوڵدان بۆ پتەوتر کردنی بناخەکانی ئەو دەسکەوتە مێژوویی‌یە بوو. رێگای دووهەمیش لکاندنەوەی سەرلەنوێی مەسەلەی کورد بە تارانەوە بوو کە بە ناچاری کورد دەبوایە لەگەڵێک لە دەسکەوتەکانی کە تا ئەو کات بەدەستی هێنابوو ماڵئاوایی بکات.

لە کەش‌وهەوایەکی وادا بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی هەر چەشنە پاشقول و بەند و بەستێکی نێوان تاران و تەورێز لە هەمبەر دۆزی کورد و مافە رەواکانی، پێشەوا سەردانی تاران دەکات و دوو جار لەگەڵ قەوام چاوپێکەوتنی دەبێ. بەڵام بەبێ ئەوەی چ ئاکامێکی لێ بکەوێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان. "خاڵی لێک جیاکەرەوەی نێوان ئازەربایجان و کوردستان لێرەدا ئەوە بوو ئەگەر سەرۆک وەزیرانی حکومەتی میللی ئازەربایجان و مەجلیسی میللی ئازەربایجان بۆخۆی و بەدەستی خۆی و بە شێوەیەکی فەرمی دوای تێپەڕ بوونی شەش مانگ لە تەمەنی خۆی هەڵوەشاندەوە و بۆ ئاستی ئەنجومەنی ئەیالەتی دابەزێندرا و پیشەوەری

پۆستی سەرۆک وەزیرانی بۆ "جاوید" وەک ئەستانداری ئازەربایجان جێهێشت، لە کەیسی کۆمار دا ئەمە راست بە پێچەوانە بوو."[66]

واتە نە هیچ رێککەوتننامەیەک ئیمزا کراو نە کۆماریش هەڵوەشانەوەی خۆی راگەیاند. کۆمار تا دوایین رۆژی خۆی، هەر بە هەمان ناو و ستروکتور مایەوە کە لە رۆژی ئیعلامی جمهوری دا بۆی دەس نیشان کرابوو.

پێشەوا لەو قۆناغەدا بە تیژی چاو دەبڕێتە رەوتی ئاڵوگۆڕەکان و هەنگاوەکانی تەنیا لە جەمسەرێکی دیاریکراوی تایبەتی قەتیس ناکاتەوە. قازی وەک مێشک و بیرکەرەوەی کۆمار، بەخێرایی لە مەترسییەکانی ئەو قۆناغە تێدەگا. لەونێوەشدا بەتایبەتی چۆنیەتیی هەل و مەرجی سیاسەتی نێونەتەوەیی بە وردی دەخاتە ژێر نەزەر و لەم بارەیەوە لە یەکێک لە نامەکانی پێشەوادا بۆ حەمە رەشید خان فەرماندەری بۆکان و ناوچەوی سەرا هاتووە:

"هەر کارێکی جوزئی ئەلئان دەبێ لەگەڵ ئەوضاعی بەینەالمللی تەطبیق بکری چە جای کاری مە کە کوللیە لەبەر ئەوەی ئەمە مەجبوورین لە ریی صولحەوە تا مومکین بی ناتوانین بەری دی دابرۆین. ئەو تاخیرە هی وەیە دەنا ئەمن لە تۆ بەپەلەترم". [67]

هەرەشەی پێک گەیشتنی تاران و مۆسکۆ پێشەوا هان دەدا بۆ رەواندنەوەی مەترسییەکانی سەر قەوارەکەی، روو لە تێکۆشانێکی دەس پێشخەرانەی دیپلۆماسی تر بکات. بۆ ئەم مەبەستەش لە دەرگای دیپلۆماسیی ئامریکا دەدا و پیوەندی بە "دوهر" جێگرێکی کونسولی ئەمریکاوە لە تەورێز دەکات. "لەم چاوپێکەوتنەدا قازی محەممەد دەریدەبرێ کە ئەو زۆر حەز دەکا بزانی کە سروشتی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد چیە. بەڵام "دوهر" وەڵامی دایەوە کە ئەمریکایەکان ناخوازن دەست لە کاروباری ناوخۆی ئێران وەردەن. لەگەڵ ئەوەشدا قازی هەر سوور بووە لەسەر ئەو باوەڕەی کە ئەگەر ئامریکاییەکان ئەم هەنگاوە بهاوێژن ئەوا رێزی ئەمریکییەکان لای کوردەکان زیدە دەبێ، بەڵام ئەو بۆچوون و خواستەی قازی بەپێی قسەی "دوهر" سەرسوڕهێنەر بوو."[68]

"لەهەمان کاتدا بەپێی سەرچاوە بریتانییەکان قازی محەمە دەیخواست کە ئەمریکییەکان پشتگیری بکەن لە کۆماری کوردستان بەتایبەتی لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵ و فێر کردن دا". [69]

"جێگەی سەرنجە کە قازی محەممەد ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ "دوهر" لە بارودۆخێکی سایکۆلۆژی و سیاسی تایبەت دابووە. لە بەرواری چاوپێکەوتنەکە کە کۆتایی مانگی ئاپریل (نیسان)ە، دیارە کە قازی مەحممەد و سەرکردایەتی کۆماری کوردستان ئا لەم کاتەدا هەستیان کردوە بەوەی کە لە یەکتر نزیک بوونەوەی چڕ و بەپەلە هەبووە لە نێوان مۆسکۆو تاران بۆ گەیشتن بە پەیمانێک و خۆکێشانەوەی هێزەکانی سوڤیەت لە ئێران. دیارە ئەم ترسە بووتە هۆی ئەوەی کە بە لای قازییەوە گرنگ بێت، گەرچی ئیشارەتێکی کەمی یارمەتی و دەستگرتنیش بێت لەلای ئامریکاییەکانەوە، ئەوا ئەوە وەکو یارمەتیدەرێک دەبێ بۆ زامنکردنی مانەوەی کۆمار... کەچی لەلایەکی ترەوە "دوهر" وا دەزانێ کە خۆ نزیک کردنەوەی قازی لە ئامریکاییەکان هۆکەی دەگەڕایەوەی بۆ هەستی سەرکردایەتی کۆماری کوردستان بەوەی کە سۆڤیەتەکان پەیمانی خۆیان بە یارمەتی دانی کۆمار بە چەکی قورس بەجێ نەگەیاندوە...". [70]

## کۆماری کەم خایەن

### "نەوت و شەڕی سارد خەونی سەربەخۆیی کورد لە بار دەبەن"

ئامریکاو بەریتانیا لە بنەڕەت را لە دژی کۆماری کوردستان بوون. ئەم دژایەتییەش بە هیچ جۆرێک لەبەر ئەوە نەبوو کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە نێوان هەر سێ زلهێزدا نزیکایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت هەڵبژاردبوو، بەڵکو بەر لە هەر شتێ چ بۆ ئامریکاو چ بۆ ئینگلیس گشت کیان و مافخوازێکی کوردیان بەهۆی پارچە پارچە کردنی تەواویەتیی ئەرزیی ئێران و تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا و عێراق و سوریا لەقەڵەم دەدا و هەر لەو سۆنگەیەشەوە سەرجەم دۆزی کوردیان بە هەڕەشەیەک بۆ سەر قازانج و ستراتیژییەکانی خۆیان دا ئەنا. بۆ وێنە:

" لە 1320 (1941) لە دوای تێک شکان و خۆبەدەستەوەدانی هێزەکانی ئێران لە بەرامبەر هێرشی هاوپەیمانان، چەرچیل وتی: شادمانم بەوەی کە لە کاتی سەرکەوتنی ئێمەدا سەربەخۆیی ئێرانیش پارێزرا."[71]
یاخۆ "دیوید مک داول" لە بارەی سیاسەتی بریتانیا بەرانبەر بە کورد دەنووسێ:
"تشتێک کە بریتانیا خوازیاری نەبوو، پشت کردنی کورد لە ناسنامەی ئێرانی بوون و گەیشتن بە جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی بوو. گرێدراوێکی عەسکەریی بریتانیا دەیوت: ئەگەر کوردەکانی ئێران بە یارمەتیی ئێمە بە ئۆتۆنۆمی‌یەکی ناوچەیی بگەن، ئەوسا عەرەبی خوزستان و خوا ئەزانێ چ گرووپگەلێکی تریش داوایەکی وا بەرز نەکەنەوە. لە هەموو شتێ خراپتر ئەوە بوو، مەسەلەیەکی ئەوتۆ دەبووە هاندەرێکی گەورە بۆ قەبیلەکانی عێراقی و ئاژاوەگێرانی ناسیۆنالیستی سولەیمانی و کەرکوک و ئەمەش بە مانای روودانی کارەساتێکی گەورە بوو. جگە لەوەش بریتانیا زۆر بەباشی ئەوەشی دەزانی کە تورکیە بەهۆی لایەنگری کردنی لە ئاڵمان، بە تەواوی لەوە دەترسا کە هاوپەیمانان ببنە هاندەری کوردەکان بۆ مەسەلەی ئۆتۆنۆمی. ئەوەش دەبووە هۆی ئاڵۆزیی پترو کوردستانی تورکیەشی بەرەو راپەڕین دەبرد. هەر لەبەر ئەوە بریتانیا خوازیاری ئەوە بوو هێزو نیزامی ئێران بە هەمان شێوە کە بوو، (بەڵام بەدەر لە توند و تیژی سەردەمی رەزاشا) هەروا بپارێزرێ."[72]
هەر بۆیەش کاتێ ئێران هێرشی بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان دەس پێکرد، ئامریکا و ئینگلیستان نە تەنیا هیچ چەشنە رەخنە و ناڕەزامەندی‌یەکیان بەرز نەکردەوە، بەڵکوو بە کردەوە هاوکاری و پشتیوانی‌یان لە تاران کرد و داگیر کردنەوەی ئازەربایجان و کوردستانیان بە مافێکی ئاسایی دەسەڵاتی داگیرکەری تاران لەقەڵەم دا.
"جرج ئالن لە 6ی سەرماوەز بەرامبەر بە 27ی نوامبر لە وتووێژێکی دا دەڵێ: هەروەک تا ئێستا زۆر جار راگەیاندراوە سیاسەتی ئامریکا بە دایم پشتیوانی کردن بووە لەسەربەخۆیی و تەواویەتی ئەرزیی ئێران، هەر لەو رووەوە بڕیاری دەوڵەتی ئێران بۆ ناردنی هێزەکانی بە مەبەستی پاراستنی هێمنایەتی بۆ گشت ناوچە و مەڵبەندەکانی ئێران و هەروەها ئەو

شوێنانەی کە ئێستا لە کۆنترۆلی دەوڵەتی ئێران دانین، بە باوەڕی من کارێکی بە تەواوی ئاسایی و بەجێیە". [73]

هەر بۆیە لە کەش و هەوایەکی سیاسیی وا دا هەوڵە دیپلۆماسی‌یەکانی پێشەواش لەگەڵ ئەوەی ئەوپەڕی هەستیاری و وریایی پێشەوای لە خوێندنەوەی مەترسی‌یەکانی دەگەیاند بەڵام دیسانیش نەیدەتوانی سەرکەوتن بەدەس بێنێ. لە ناوەندی سیاسەتی ئامریکا و ئینگلیس دا، جێگایەک بۆ لاکردنەوە لە دۆزی کورد نەبوو. دیارە ئەم سیاسەتەش بۆ پێشەوا شتێکی نامۆ نەبوو. کاتێ "ڕۆزڤێلت" وابەستەی سەربازی لە سەفارەتی ئامریکا لە تاران سەردانی پایتەختی کۆمار دەکا و لە نزیکەوە چاوی بە پێشەوا دەکەوێ، پێشەوا لە چەند ڕستەی کورت بەڵام بەنێوەرۆک و ڕاشکاودا بەرووی ڕۆزڤێلت دا دەداتەوەو دەڵێ:

"ئەگەر ئامریکا لە جیاتی ناردنی شەست هەزار سەرباز بۆ ئێران، تەنها سەد مامۆستایان بۆ ئەم وڵاتە بناردایە چ دەبوو؟ بەڵام ئامریکاییەکان لە بڕی یارمەتیدانی ئێمە، یارمەتیی دوژمنانی ئێمەیان دا. بۆ نمونە یارمەتیی تورکەکانتان دا لە ڕێی پێدانی چەک و کەلوپەلەوە بەوان، بۆ سەرکوتکردنی کوردەکانی ئێمە. دواتر وتارێکی کورتی دا بۆ سەرزەنشتکردنی ئینگلیزییەکان و کارە جۆراوجۆرەکانی ئەوانی بژارد کە بە درێژایی دەیەکانی ڕابردوو بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕانی کورد کردوویانە."[74]

"کوردەکان ناچارن کۆمەک لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت قەبوولی بکەن. بەڵام ناچنە ژێر باری دەسەڵاتی هیچ کەسێک. ئێمەی کورد سکالایەکمان بەرز کردەوە لەسەر بنەمای شکاتکردن لە سێ دەوڵەتی سەرکەوتووی بەشدار بوو لە کۆنفرانسێکی ئۆرووپایی (پۆتسدام) بەڵام بەریتانیا و ئامریکا ئاوڕیان لێ نەدایەوە هەموو کوردەکان ئومیدوار بوون کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا یارمەتی کورد بدات بۆ زاڵ بوون بەسەر دواکەوتییەکەیاندا."[75]

"جگە لەوەی کە ئەمریکییەکان فشاری زۆریان خستە سەر یەکیەتی سۆڤیەت ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ کشانەوە لە ئێران، ئەوان (واتە ئەمریکییەکان) ڕاستەوخۆ پشتگیری ئێرانیان کرد لە هەڵمەتی کۆتایی

هێنانی بوونی کۆماری کوردستان. بۆ نمونە سەفیری ئەمریکا لە تاران جورج ئالن رۆڵێکی گرینگی بینی لە رێکخستنی چاوپێکەوتنێک لە نێوان سەرۆک وەزیرانی ئێران "قوامالسلطنه"و "عەمەرخانی شکاک" (کە کەسایەتێکی گرنگی لەشکری کۆمار بوو خێڵەکەشی هێزێکی پشتگیری گرنگ بوو بۆ کۆمار)، بە مەبەستی ئەوەی کە عەمەرخان هەر زوو واز بێنێ لە کۆمار بەر لە دەستپێکردنی هەڵمەتی سەربازی". [76]

"ئەوە بوو هەر زوو کە هەندێ عەلامەتی کەوتنی ئازەربایجان دەرکەوتن خێڵی شکاک و هەکی وازیان لە کۆمار هێنا". [77]

بەڵام گرفتی کوردو پێشەوا تەنیا ئەوە نەبوو لە خوێندنەوەی هیچ کام لە سێ زلهێزەکانی ئەو کاتەی ئێران نەدەچووە خانەی بەرژەوەندییەکانیانەوە، بەڵکوو لە ئاستی سیاسەتی دەوڵەتانی ناوچەکەش دا بە قەدرایی کونە دەرزییەک ترووسکەی رووناکایی بەدی نەدەکرا. بارودۆخ و هەڵکەوتی جوغرافیایی و جیوپۆلیتیکی رۆژهەڵاتی کوردستان چ فەرق و جیاوازییەکی لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان نەبوو. دەوڵەتەکانی عێراق، تورکیە و سوریە بوونی کۆماریان بە هەڕەشەیەکی راستەقینە دادەنا بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتەکانیان و لەو رووەوە نە تەنیا ئەو وڵاتانە نەیاندەتوانی پشتی جەبهەیەک بن بۆ کۆمار بەڵکوو بەپێچەوانە هێزی ئەو دەوڵەتانە هێزێک بوو بۆ دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران. لەو رۆژگارە تاریک و ئەنگوستە چاوەدا تەنیا لایەنێک کە کورد دەتوانی هیوای پێ بێ، حکومەتی میللی ئازەربایجان بوو. ئازەربایجان لە زۆر بارەوە لە کۆمار پۆشتە و پەرداختر بوو. هێزی نیزامی و جۆری چەک و خەزێنەی ماڵی، بە چەند قات لەسەرەوەی کۆمارەوە بوو. شکست و تەسلیمی لەنەکاو و چاوەڕوان نەکراوی ئازەربایجان لە بەرانبەر گەڕانەوەی هێزەکانی تاران، هێندەی دیکە کۆماری خستە ناو گەمارۆی دوژمنانییەوە. لە راستیدا بە دوای تەسلیمی حکومەتی ئازەربایجان پشتێندی گەمارۆی کۆمار لە گشت لاوە تەنرابوو. بەشێک لەو سنوورەی کە لەلایەن حکومەتی میلليی ئازەربایجانەوە بووە لەمپەرێک لە بەرانبەر هێرشی هێزەکانی تاران، ئێتر بە هێزی دوژمن پڕ کرایەوە و ئاڵقەی گەمارۆی کۆمار هەتا دەهات تەنگتر دەبۆوە. لە باری سایکۆلۆژیشەوە

شکستی ئازەربایجان لە کوردستان شوێنەوارێکی زۆر خراپی دانا. کورد لە هەموو بارێکەوە هەستی بە تەنیایی دەکرد و هیوای هەر چەشنە خۆڕاگرێکیشی لە کوردستان کز کرد.

کاتێک هەموو نیشانە و دیاردەکان لەوە دەدوان کە مانەوەی کۆمار بەر لە هەر تشتێ بە چۆنیەتیی پێگەو جێگەی کورد بە پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانەوە گرێ دراوە و لە پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانیشدا هیچ دەرفەتێک بۆ مانەوەی کۆمار لە ئارا دا نەبوو، کوردیش ئەو هێز و توانایەی نەبوو وەک ئاکتەرێکی سەربەخۆو پشت ئەستوور بە هێزی تاقانەی خۆی رووبەڕووی دژایەتیی چەند زلهێزی جیهانی و دەوڵەتی ناوچەکە ببێتەوەو ئازەربایجانیش بەو شێوەیەی کە باسی کرا، خۆی دا بەدەستەوە، دیوی ناوەوەی جمهوریش تووشی قەڵشت و لێک ترازان هات. بیرتەسکی و کورت بینی و نەبوونی هیچ زهنیەتێکی مێژوویی، ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی هان دا خۆ لە بەرەی هێزی داگیرکەردا ببیننەوە.

هەڵس و کەوتی ئەو ژمارەیە لە سەرۆک عەشیرەتەکان لە حاند کۆمار بەگوێرەی نرخاندن چۆنیەتیی پارسەنگی هێزەکان بوو. کاتێ هەستیان بەوە کرد دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران تا دێ روو لە گەشەیە، هەنگاوەکانی ئەوانیش بۆ نزیک بوونەوە لە دەسەڵات و دژایەتی کردن لەگەڵ دەسەڵاتی خۆماڵی خێراتر بوو.

کاک کەریمی حیسامی ژمارەیەک لەو کەسانە بەم شێوەیەی خوارەوە گوڵ چین دەکات:

"قەرەنیاغای مامەش تا مرد و پاشان کوڕ و تایفەشی دەستیان لە خزمەتی عەجەم هەڵنەگرت و وازیان لە دژایەتی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد نەهێنا. عەلیاغای حاجی ئیلخانی و کوڕەکانی لە جیاتی بەشداری لە جووڵانەوەی کورد خزمەتی حکومەتی تارانیان هەڵبژارد. عەولای مەحمودئاغا هەر بە رەسمی بوو بە چڵکخۆری حکومەتی تاران و دژی جووڵانەوەی کورد وەستا. حکومەتی ئێران کە لە کوردستان دا دەسەڵاتێکی نەمابوو ئەم جارەش خەریک بوو بە هۆی نۆکەرە کوردەکانی خۆیەوە جێ پێی خۆی لە کوردستان بکاتەوە.

عەلیاغای حاجی ئیلخانی کرد بە حاکمی شاری مەهاباد. بەڵام وریایی کۆمەڵانی خەڵک... رێگای نەدا پیاوی حکومەتی تاران بەسەر خەڵکدا حاکم بێ. عەلیاغا لە فەرمانداری کەوت و کار و باری شار کەوتە دەست خەڵک."[78]

مامۆستا هەژاریش ئەنگوستی تاوان بۆ هێندێکی تر رادەکێشێ:

"حەمەدەمین ئاغا دەستی بۆ سۆپە را داشت، گوتی "هەموو رۆژێ گوزارشیکم نوسیوە، رەنگە پڕ بەو سۆپە ببن. من هەواڵی دەوڵەت بووم". قاسم ئاغاش گوتی: ئەگەر قازی نەفەوتابا ئێمە هەموومان دەفەوتاین."[79]

لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیش دا هاتووە:

"بە شانازی دەزانم قسەکانی زۆر سەرنجراکیشی قاسم ئاغای ئیلخانیزادەی عەشیرەتی دێبوکریتان سەبارەت بە وەزعی کوردستان پێ رابگەیەنم. ئەو دوێنێ چاوی بە من کەوت... قاسم ئاغا بە گشتی گوتی کاروباری حکومەتی نیشتمانی کوردستان، لە قوڕ چەقیوەو چ پارەیەکی [بۆ راپەراندنی کار و بار] بەدەستەوە نیە... ئەو گوتی داوای یارمەتی لە سەرتیپ همایونی، فەرماندەی ئێرانی لە سەقز کردوە، بەڵام سەرتیپ بە ساردی وڵامی داوەتەوە... ئەو رایگەیاند ئەگەر دیبوکرییەکان لەلایەن بریتانیا را برێکیان یارمەتی پێ کرابایە، دەیانتوانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و گشت بزووتنەوەی نیشتمانی ئەو دواییانە تەنانەت بەر لەوەش کە دەست پێبکا تێک برووخێنن."[80]

بە هاتنە ئارای ئەو دۆخە پاراستنی کۆمار وەک قەوارێک لە رێگای هەڵبژاردنی شەڕی چەکدارییەوە، کارێکی غەیرە مومکین بوو، راوەستان بە مەبەستی پارێزگاری لە پێتەختی کۆمار و باقی شار و ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی کۆمار، کوردی دەخستە ناو بازنەی شەڕی جەبهەیی‌یەوە. بۆ شەڕی جەبهەییش کەرەسە و جبەخانەی چەکی قورس پێویست بوو، کە ئەویش بۆ کۆمار نەیدەتوانی دابین ببێ.

ئێستا ئیتر پشتێندەی گەمارۆی کۆمار و پێشەواکەی بەجۆرێک تەنراوە، لە هیچ لایەک بروسکەیەکی رووناکایی بەدی نەدەکرا. لە هیچ ئاستێکدا فاکتۆرێکی یارمەتیدەر لە ئارادا نەمابوو، بۆ ئەوەی پێشەوا

کۆمارەکەی خۆ لە شەڕێکی سەر و ماڵ دا تێوەگلێنن. ئەم راستی‌یانە، پێشەوا دێنێتە سەر ئەو باوەڕە شەڕێکی وا، شەڕێکی نابەرانبەرە و کورد ناتوانێ بێ هیچ هێزێکی یارمەتیدەر تەنیا بەهێزی خۆی لە شەڕێکی وا وەگلێ.

بەگوێرەی هەموو سەرچاوەکان تەنانەت ئەوانەی بە پێنووسی دوژمنانی گەلی کوردیش نووسراوە، پێشەوا هەر لە رۆژی یەکەمەوە لە دادگای نیزامیی دەزگای جەورو ستەم دا، نە تەنیا هەموو بەرپرساریەتێکی خستە سەر شانی خۆی، بەڵکوو بەوپەڕی بوێری و ئازایەتی‌یەوە پارێزگاریی لە کۆمار و ویستی رەوای خەڵکی وڵاتەکەی کرد.

ئەمە نە ئاشبەتاڵ بوو نە خۆ بەدەستەوە دان و متمانە بەخۆنەبوون. هیچ کام لەو دەستەواژانە شیاوی پێشەوای هەردەم زیندوو نین. ئەم بڕیارە پێش هەموو شتێک بەراوردێک بوو لە چۆنیەتیی پارسەنگی هێزەکان، نەبوونی هیزی پێویست بۆ پاراستنی کۆمار پێشەوا دێنێتە سەر ئەو باوەڕە کورد بە هۆی شەڕەوە ناتوانێ و لە توانای دانیە کۆمار بپارێزێ.

بەڵام بڕیاری شەڕ نەکردنی بە مانای راکردن و پاشگەز بوونەوە لە ئامانجە رەواکانی نەتەوەخوازیی کورد نەبوو. پێشەوا تا ئەو کاتەی گڵەبانی چاوی کرا، بەو ئامانجە وەفادار مایەوە. لەو ساتەوەختانەدا هەموو غەمو پەژارەی پێشەوا دەبێتە ئەوەی کە: ئەگەر ناتوانێ مەوجوودییەتی کۆمارەکەی بپارێزێ بە هۆی شەڕەوە، لانی کەم بە مانەوەی خۆی لە نێو خەڵکی وڵاتەکەی سنوورێک بۆ زیان و تێداچوونی پتر دابنێ. ئەو بە پێی خۆی بەرەو پێشوازی مەرگ چوو، بۆ ئەوەی نەتەوەکەی لەوە زیاتر تووشی خەسارو زیان نەبێ.

پێشەوا دەیزانی هێنانە خواری ئاڵای ئێران و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و ئیعلامی جمهوری و پێکەوەنانی دەوڵەت و دروست کردنی هیزی پێشمەرگە و پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە بۆ نیزامێکی کە بەردی بناغەکەی لەسەر نکۆڵی کردن لە ناسنامەی کورد دامەزراوە لێبوردنی بۆ نابێ.

کوشتن و لە سێدارەدانی رێبەرانی کورد لە بارەگای حکومەتەکانی ئێرانی بۆ پێشەوا شتێکی نامۆ نەبوو. پێشەوا زۆر باش ئەو کولتورەی

دەناسی و دەیزانی کە سێدارە چاوەڕوانیەتی. پێشەوا زۆر جار لە ئاخافتنەکانی دا لەمەڕ کولتوری گەندەڵ فەلی و تۆڵەئەستاندنەوەی حکومەتەکانی ئەو وڵاتە بەرانبەر بە کورد و رێبەرانی کوردی پێ وشیار کردبۆوە و لە یەکێک لە سوخەنرانیی‌یەکانی راست لەو باسە دەدوێ و دەفەرمێ:

"کێ بێ نەی بیست بی کە بە چ فێل و نامەردییەکی دە زەمانی قەجەراندا جعفر ئاغای شکاک لە تەوریزی کوژرا، کوشتنی حمزەئاغای مەنگور و هەزاران ئەمثالی وایان نەبیست بێ؟ کی بێ نەیبیستبێ کە چ ناجەوانمەردییەکی قشونی رەزا خانی پەهلەوی چۆن دە وەختێک دا کە ئاڕاڕاتی گەرمی شەڕێ لەگەڵ تورکان بوون چ ناپیاوانە و ناجەوانمەردانە وەنێو ژن و منداڵی کوردان کەوتن... جەلالی چۆن هەموو بار کردن و دەگەڵ هەزاران مالی کوردی لای وان هەر یەکەی بۆ نوقتێکی ئێرانێ بران..."[81]

بەڵام وێڕای زانینی هەموو ئەو مەترسی‌یانە، پێشەوا بڕیاری مانەوە دەدا و تەنیا شتێکی لەو نێوەدا بیری لێ ناکاتەوە، پاراستنی گیانی خۆیەتی. ئەو دەیویست ژیان و گیانی خۆی لە پێناوی ئەسپاردەیەکدا بتاوێنێتەوە. پێشەوا بە مانەوەی خۆی لەنێو خەڵکی وڵاتەکەی و بە دیفاعی ئازایانە و لێبڕوانەی لە ئامانجەکانی کۆمار لە گرتووخانەی دوژمن دا، هەم لەلایەک وەفادارییی خۆی بەو سوێند و پەیمانە دووپات کردەوە کە لە رۆژی راگەیاندنی کۆمار دا بەڵێنی دابوو، هەم لەلایەکی دیکەشەوە کولتوری خۆنەویستی، کولتوری قەبول کردنی بەرپرسایەتی لە شکان و رۆژی لێقەومان بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێ هێشت.

قازی هەروەک لە رۆژی 2ی رێبەندان دا قایل بەوەبوو شان بداتە بەر قەبوول کردنی بەرپرسایەتێکی مێژوویی دۆزی ئاڵۆزی نەتەوەیەکی دابەشکراو، بە هەمان شێوەش لە رۆژە سەختەکانیشدا و لەو رۆژانەی دەیزانی سێبەری مەرگ بەخێرایی لێ نزیک دەبێتەوە، بەڵام لە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی هەڵنەبڕاند و خوازیارانە بە پێشوازی مەرگەوە چوو.

وێ دەچێ لەم کاتانەدا ئەو هۆنراوەیەی سیف لە هەموو شتێ زیاتر گەورەترین کارتێکەریی لەسەر پێشەوا دانابێ کە دەڵێ:

سەرچونی تەخت: رۆینی سەر داری پێدەوێ
خۆشیمە لەم شەهادەی شێخانە نێوبەنێو"[82]

مامۆستا هێمن کە لەو رۆژانەدا هەمیشە لە خزمەت پێشەوا دا دەبێ، لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: "دەمدیت پەشۆکابوو. بەڵام نەک لە ترسان، بەڵکوو لە داخان و لەبەر ناهومێدی". [83]

لەو چرکەساتانەدا، کۆمار و کورد لە هەموو کاتێک زیاتر، قەوارە و نەتەوەیەکی نەبیسراو و لەبیر کراوە بوون. نە رەوشی سیاسەتی جیهانی لای لێدەکردەوە و نە بە تەنیاش و بەبێ هیچ هێزێکی یارمەتیدەر دەیتوانی مەوجودیەتی کۆمارەکەی بپارێزێ و پرۆسەی بەدەوڵەت بوونی خۆی بە ئاکامی سەرکەوتوانە بگەیەنێ. لەو دۆخەدا بە ناوی پارێزگاری سەرداری نەتەوەییەوە، هەموو کارئاسانی و پشتیوانییەک کرا بۆ ئەوەی سەرداری نەتەوەیی دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس سەر لە نوێ باڵی رەشی بەسەر کوردستاندا بکێشێتەوە و ناسیۆنالیسمی بەرزەفڕی فارس جارێکی تر بتوانێ درێژە بە سیاسەتی داگیرکردنەوەی کوردستان بداتەوە.

کورد لەو سەردەمەدا لە هیچ کام لەو دوو بەرەیەی رۆژئاواو رۆژهەڵاتدا، نەدەخوێنرایەوە، هەر دووک بەرە بە یەک چاو لە دۆزی کوردیان دەڕوانی. پرسی کورد لە جێگیریی هاوسەنگی و بەرژەوندەیی هیچ لایەکیان دا جێگایەکی بۆ نەبوو. پێشەوا بەدرێژایی هەموو ئەو ماوەیە، بەوپەڕی ژیری و لێهاتوویییەوە هەوڵی دا بە مەبەستی شکاندنی ئەو گەمارۆیە و بۆ کرانەوەی کەلێنێک بۆ دەرباز بوون لە ژیانی ژێردەستەیی لە هەموو دەرگاکانی سیاسەتی نێونەتەوەیی بدا، بەڵام تەمەنی کۆمار دەسپێکی شەڕی سارد بوو. لە سەردەمی شەڕی ساردیش چەمکی سەروەری بەتەواوی بەستراوەی بیر و بەرژەوەندیی دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتان بوو. تێگەیشتن لە چەمکی سەروەری بە شێوەیەکی رەها و موتڵەق دەمامکێک بوو بۆ سەرکوت و داپڵۆسینی خەباتی نەتەوە زۆرلێکراوەکان. بەتایبەتی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی و سەرهەڵدانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان رەوایەتی نێودەوڵەتیی بە پرەنسیپی یەکسانیی دەوڵەتان لە سەردارێتی دراو سەرکوت و خاشەبڕ

کردنی بزووتنەوەکانی رزگایخوازیی بەخێرایی دەیتوانی رەوایەتی نێودەوڵەتی وەربگرێت.

بە درێژایی سەدەی بیستەم بزووتنەوەکانی کورد تووشی گەورەترین زیان و کارەسات هاتن. دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان چەمکی یەکسانی سەرداریی دەوڵەت و دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیان کردە پاساو و بیانوویەکی یاسایی و شەرعی بۆ خنکاندنی گشت مافخوازییەکی کورد و بێ هیچ پرینگانەوەیەک سیاسەتی قڕ کردنی کوردیان گرتبووە بەر. تا قوتاربوونی شەڕی سارد سەروەری نیشتمانی و نەتەوەیی دەوڵەت ئەو دەمامکە بوو کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لەژێر سێبەری هەموو مافخوازێکی کوردیان سەرکوت دەکرد و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش هەر بەو پاساوە، بێ هیچ چەشنە دژکردەوەیەک و بە سانایی وەک گرفتێکی نێوخۆیی کە هیچ پێوەندییەکی بە ئاسایش و سیاسەتی نێونەتەوەییەوە نەبوو، بەلایدا تێدەپەڕین.

"لەو کاتەدا چەمکی سەروەری بە یەکێ لە گرینگترین تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەوڵەت لە بواری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دادەندرا. ئەو پرەنسیپە بەجۆرێکی ئەوتۆ سەیر دەکرا کە وەک دیاردەیەکی پیرۆز و نەگۆڕ لێی بنواڕدرێ. ئەگەر چەند نمونەیەکی وەکو پاکستان و دروست بوونی ئیسرائیلی لێدەرچێ، دەبینین لەو کاتەدا گۆڕانێک لە نەخشەی سیاسیی جیهاندا رووی نەدا و سەروەریی دەوڵەتان بەدەس لینەدراوی مایەوە. لەو خوێندنەوەیەدا بۆ چەمکی سەروەری، مافەکانی مرۆڤ و قەلاچۆ کردنی نەتەوەکان، بە بابەتێکی ناوخۆیی دادەنران و بە شیاوی ئەوەی نەدەزانران بە هۆی ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە بەدوا دا چوونیان لەسەر بکرێ. بەبێ ئەوەی بمانەوێ پەسندبێژی و پاکانە بۆ دنیای پاش شەڕی سارد بکەین، کورد لە سەردەمی شەڕی سارد دا تووشی گەورەترین کارەساتی ژیانی نەتەوەیی خۆی هاتووە و هەر لە سەرەتای دەسپێکی شەڕی ساردەوە کرایە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی جیهانی دووجەمسەری. کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول نموونەی هەرە زیندووی ئەو راستیەن". [84]

## دوایین وتەی نووسەر :

سوپاس و پێزانین بۆ ماڵپەری هەڵوێست بۆ بڵاوکردنەوەی زەنجیرەیی "له ژ.ک بۆ کۆمار" و ئارشیو کردنی. هەروەها سپاسی زەحمەتەکانی کاک خەلیل غەزەلی، هێژای دەست رەنگین دەکەم که له ماوەی بڵاوکردنەوەیدا، به وردبینییەوە به رێنووسی تیکستەکەداچووەتەوە و به دڵسۆزییەوە ئەو فاکتانەی که لەبەشی چواردەی کتێبەکەدا به فارسیی هاتبوون، کردنی به کوردی. ئاواتمە نموونەی کەسانی دڵسۆزی وەکو ئەو زۆر بن.

ئەیووبی ئەیووبـزاده

## سەرچاوەکانی فەسڵی چاردەهەم :

1. مامۆستا حەسەنزادەو پۆلیمیکی سیاسی؟! لە نووسینی کاک حەسەنی ئەیوبزادە. ناسراو بە مامۆستا گۆران.
2. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 32 رێبەندانی 1352 فیوریەی 1979 بڕوانە وتاری چەند دەرسێک لە مێژوو.
3. چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی دا. دوکتور قاسملوو. ل59
4. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 32 رێبەندانی 1352 فیوریەی 1979 بڕوانە وتاری چەند دەرسێک لە مێژوو.
5. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 32 رێبەندانی 1352.
6. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 32 رێبەندانی 1352 فیوریەی 1979 بڕوانە وتاری چەند دەرسێک لە مێژوو.
7. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 32 رێبەندانی 1352 فیوریەی 1979 بڕوانە وتاری چەند دەرسێک لە مێژوو.
8. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 32 رێبەندانی 1352 فیوریەی 1979 بڕوانە وتاری چەند دەرسێک لە مێژوو.
9. راپۆرتی کومێتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) بۆ کۆنگرەی سێهەم
10. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 32 رێبەندانی 1352 فیوریەی 1979 بڕوانە وتاری چەند دەرسێک لە مێژوو.
11. چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی. لە نووسینی دوکتور قاسملوو ل 58
12. ئەنتۆنی سمیس. نەتەوەخوازی. تیۆری و ئایدۆلۆجیو مێژوو. لە وەرگێڕانی کاک هوشیار عەبدورحمان سیوەیلی ل 17

13. ئەنتۆنی سمیس. نەتەوەخوازی. تیۆری و ئایدۆلۆجیو مێژوو. لە وەرگێڕانی کاک هوشیار عەبدورحمان سیوەیلی ل 17
14. چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی. لە نووسینی دوکتور قاسملوو ل 67
15. بەیاننامەی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی شەستەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە قەڵەمی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە
16. حکومەتی کوردستان. نەوشیروان مستەفا ئەمین. چاپی دووهەم. ل 261
17. حاج مخبرالسلطنه هدایت، خاطرات و خطرات. ل 439 به نەقل لە کتێبی حکومەتی کوردستان، کورد لەگەمەی سۆڤێتی دا، لە نووسینی نەوشیروان مستەفائەمین ل 261
18. نەوشیروان مستەفا ئەمین. حکومەتی کوردستان. چاپی دووهەم، لاپەرەکانی 267و 268
19. حکومەتی کوردستان. کورد لە گەمەی سۆڤیەتی دا.. لە نووسینی نەوشیروان مستەفا ئەمین لاپەڕە 261
20. خاطرات ایرج اسکندری. موسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی ل 197.
21. سخنرانی قاسمی یکی از رهبران حزب توده ایران، "رهبر" 10 شهریور 1325
22. هەموو ئەو زانیاری‌یانە لە کتێبی: ایران بین دو انقلاب. یرواند آبراهامیان وەرگیراوە. چاپ دوم 1378 تهران نشر مرکز، ترجمە کاظم فیروزمند، حسن شمس آوری. محسن مدیر شانەچی.
23. حبیب‌الله لاجوردی. مصاحبه با مهدی حائری یزدی. وەرگیراو لە کتێبی در تیر رس حادثه زندگی سیاسی قوام‌السلطنه، حمید شوکت، چاپ اول 1385. ص 217.
24. ظهور و سقوط سلطنت پهلوی جلد اول. خاطرات ارتشبد سابق حسین فردوست، انتشارات اطلاعات تهران 1374 ص.149
25. ایران و قدرتهای بزرگ در جنگ جهانی دوم ص224 بر پایه گزارش جرج کنان
26. فراز و فرود فرقه دمکرات...
27. بڕوانە فرازو فرود فرقه دمکرات آذربایجان . لە نووسینی جمیل حسنلی ترجمە منصور همامی.

28. بروانه سخنان قوام‌السلطنه در مجلس شورای ملی. پیرامون گزارش سفر به مسکو. وەرگیراو لە کتێبی از زندان رضاخان تا صدر فرقه دمکرات آذربایجان. علی مرادی مراغه‌ای. تهران .1981
29. بڕوانە: فراز و فرود فرقه دمکرات آذربایجان به روایت اسناد محرمانه اتحاد شوروی. لاپەڕەکانی 187و 188
30. بڕوانە گزنگ ژماره 13 وتاری دوکتور ئەمیری حەسەنپور بە ناوی ستالین قەیرانی شۆڕش‌و رووخانی کۆماری ئازەربایجان‌و کوردستان.
31. فراز و فرود فرقه دموکرات آذربایجان به روایت اسناد محرمانه آرشیو های اتحاد جماهیر شوروی. جمیل حسنلی. ترجمه منصور همامی. نشر نی . لاپەڕەکانی 161و 162.
32. فراز و فرود فرقه دموکرات آذربایجان به روایت اسناد محرمانه آرشیو های اتحاد جامهیر شوروی. جمیل حسنلی. ترجمه منصور همامی. نشر نی . ل .163
33. فراز و فرود فرقه دموکرات آذربایجان به روایت اسناد محرمانه آرشیو های اتحاد جماهیر شوروی. جمیل حسنلی. ترجمه منصور همامی. نشر نی . ل .176
34. ئارشیوی وەزارەتی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت. نامەی ستالین بۆ پیشەوەری، وەرگێڕان لە رووسییەوە ئەفراسیاب حەلیمی. چاپ کراو لە گزینگ ژمارە 13. پاییزی 1375 هەتاوی1996 زایینی
35. ما و بیگانگان ل 335
36. ما و بیگانگان. دکتر نصرت‌الله جهانشاهلو افشار. ل .226
37. سرگذشت ما و بیگانگان... ل .336
38. سرگذشت ما و بیگانگان دکتر نصرت‌الله جهانشاهلو افشار . ل 338
39. سرگذشت ما و بیگانگان دکتر نصرت‌الله جهانشاهلو افشار . ل .338
40. سرگذشت ما و بیگانگان دکتر نصرت‌الله جهانشاهلو افشار . ل .339
41. فراز و فرود فرقه دمکرات آذربایجان... ل .186
42. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەوە بڕوانە: کارنامەی حزب توده و راز سقوط مصدق. عبدالله برهان. جلد اول.
43. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە کتێبی: زندگی سیاسی و اجتماعی شاهزاده مظفرالدین میرزا فیروز. به قلم همسرش مهین دولتشاه فیروز. لاپەڕەکانی 209 تا .212
44. بۆ زانیاریی بروانە کتێبی : 12 شهریور تاریخچه نهضت دمکراتیک آذربایجان. انتشارات بابک. ل 165 قرار مجلس ملی آذربایجان

45. کۆماری کورد لە نووسینی "ویلیام ایگلتون"و وەرگێڕانی سید محمد صمدی. یاخۆ بۆ زانیاریی پتر لەم بارەوە بڕوانە کتێبی 12 شهریور تاریخچه نهضت دمکراتیک آذربایجان. انتشارات بابک.
46. بڕوانە : زندگی سیاسی و اجتماعی مظفر فیروز. لاپەڕەکانی 206 تا 217.
47. بڕوانە زندگی سیاسیو اجتماعی شاهزاده مظفرالدین میرزا فیروز. بر پایەی یادداشتهای خود او و به قلم همسرش مهین دولتشاه فیروز. لاپەڕی 189
48. نصرت‌الله جهانشاهلو. ص 249
49. سلام‌الله جاوید بڕوانە فرقه دمکرات آذربایجان: از تخلیه تبریز تا مرگ پیشەوری. ترجمه، تحقیق و تدوین: شاهرخ فرزاد. انتشارات اوحدی تهران 1386 ص 657.
50. فراز و فرود فرقه دمکرات آذربایجان- به روایت اسناد محرمانه آرشیوهای اتحاد شوروی. جمیل حسنلی. ترجمه منصور همامی ص 187 و 188.
51. ستالین، قەیرانی... رووخانی کۆماری ئازەربایجانو کوردستان. د. حەسەنپور، بڕوانە گۆڤاری گزینگ ژمارە 13ی پاییزی 1375 ل.22
52. رۆژنامەی ئازەبایجان ژمارە 68.
53. نامه رهبران نهضت دمکراتیک آذربایجان به رهبران شوروی. بروانه http//:www.azer-online.com
54. یک سند نویافته: نامه رهبران جنبش ملی_ دمکراتیک آذربایجان به رهبران اتحاد شوروی http//:www.azer-online.com
55. یک سند نویافته: نامه رهبران جنبش ملی_ دمکراتیک آذربایجان به رهبران اتحاد شوروی http//:www.azer-online.com
56. بروانە "داد" ژمارە 901 رێکەوتی 18ی 9ی ساڵی 1325 هەتاوی.
57. د. ئەمیر حەسەنپور، ستالین، قەیرانی... رووخانی کۆماری ئازەربایجانو کوردستان، گزنگ ژمارە 13 پاییزی ساڵی 1375 هەتاوی.
58. فراز و فرود فرقه دمکرات... لاپەری 203
59. فراز و فرود فرقه دمکرات... لاپەری 204
60. فراز و فرود فرقه دمکرات... لاپەری 206
61. اسناد و دیدگاەها. حزب توده ایران از آغاز پیدایی تا انقلاب بهمن 1357، تهران 1360 لاپەری 410.
62. فراز و فرود فرقه دمکرات... لاپەرەکانی 206 تا 208
63. "ئیگلتن لاپەری 97"

64. ویلیام ایگلتون. جمهوری کوردستان. چاپ یەکەم . ترجمه سید محمد صمدی ص.204
65. کوردستان ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی ... ژمارە .32
66. بڕوانە کتێبی : دوازدهم شهریور. به مناسبت دومین سالگرد فرقه دمکرات آذربایجان، نشریه شعبه مرکزی تبلیغات تبریز ص .165
67. یەکێک لە نامەکانی پێشەوا بە خەتی خۆی کە بۆ حەمەرەشید خانی نووسیوە. لەم بارەیەوە بڕوانە کتێبی: جەمهوری کوردستان لە نووسینی کاک مەحمود مەلا عێززەت، سلێمانی 2001 دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ل .346
68. کۆماری کوردستان لە پەیوەستگەی پەیوەندیە نیونەتەوەیەکاندا. لە نووسینی د. بورهان یاسین. بڵاوکراوە لە گۆڤاری هاڤیبوون. ژمارە 6 ساڵی .1999
69. کۆماری کوردستان لە پەیوەستگەی پەیوەندیە نیونەتەوەیەکاندا. لە نووسینی د. بورهان یاسین. بڵاوکراوە لە گۆڤاری هاڤیبوون. ژمارە 6 ساڵی .1999
70. کۆماری کوردستان لە پەیوەستگەی پەیوەندیە نیونەتەوەیەکاندا. لە نووسینی د. بورهان یاسین. بڵاوکراوە لە گۆڤاری هاڤیبوون. ژمارە 6 ساڵی .1999
71. ایران و جنگ سرد... لوئیس فاوست. ص .306
72. تاریخ معاصر کرد. دیوید مک داول. ابراهیم یونسی، چاپ اول 1380 تهران ص.396
73. اطلاعات. تهران 27 نوامبر 1946، 6 آذر .1325
74. کورد لە یادداشتەکانی ئارچی رۆژڤێلت دا. وەرگێڕانی لە فارسییەوە کارزان مەحمەد.
75. کورد لە یادداشتەکانی ئارچی رۆژڤێلت دا. وەرگێڕانی لە فارسییەوە کارزان مەحمەد.
76. کۆماری کوردستان لە پەیوەستگەی پەیوەندیە نیونەتەوەیەکاندا. لە نووسینی د. بورهان یاسین. بڵاوکراوە لە گۆڤاری هاڤیبوون. ژمارە 6 ساڵی .1999
77. کۆماری کوردستان لە پەیوەستگەی پەیوەندیە نیونەتەوەیەکاندا. لە نووسینی د. بورهان یاسین. بڵاوکراوە لە گۆڤاری هاڤیبوون. ژمارە 6 ساڵی .1999
78. کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان یان خودموختاری. کەریم حیسامی ل 41
79. مام هەژار، چێشتی مجێور ل84
80. رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا. وەرگێرانی لە ئینگلیسییەوە ئەنوەر سوڵتانی. شوێنی چاپ سولەیمانی. ساڵی 2005 بروانە لاپەرەکانی 227 تا 285

81. "کوردستان" ژمارە 50 ساڵی یەکەم، نوتقی حەزرەتی پێشەوای کوردستان لە میتینگی رۆژی 21.2.1325دا.
82. کوردستان بڵاوکراوەی بیری حزبی دێمۆکراتی کوردستان ژمارە 8 ساڵی یەکەم رێبەندانی ساڵی 1324 بڕوانە وتاری بە موناسەبەتی یەکەمین ساڵی وەفاتی ابوالحسن سیف قاضی.
83. بڕوانە پێشەکیی دیوانی تاریکو روونی مامۆستا هێمن.
84. گرنگیو پێویستی هەریمی پاراستنو دژەفڕین لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە نووسینی ئەیوب ئەیوبزادە. 30.8.2005.